




# بابەت و وەرگێڕاوەکانی

## هاوڕێ ڕێبوار مەعرووف زادە

---

کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی

سەرچاوە
Serchawe

# پێڕست

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٢ .................. لاپەڕەی: ٦


١- کوردستانی سوور، داخی گرانی کوردەکانی یەکیەتیی سۆڤییەت ............................................ (وەرگێران)

٢- قورئان، ئەفغانستان و ئەمریکا...

٣- تاوانی کیمیابارانی هەڵەبجە و بە ژێنۆسایدکردنی پرسی کورد...

٤- ساڵی ١٣٩٠ بۆ کۆماری ئیسلامی ساڵی قەیرانەکان بوو ................................... ڕەحمان سەلیمی (وەرگێران)

٥- لە پەراوێزی پەیامی نەورۆزی ئۆباما‌دا ................................................ ڕەحمان سەلیمی (وەرگێران)

٦- قازی محەممەد، پێشەوای مرۆڤی کورد...

٧- مرۆڤی ژمارە ١٣٥٤٩٠٦٤٨، زیندانی دەسەڵات و ئەدەبیاتی زیندان

٨- ئامانجدارکردنی یارانەکان، خاڵی هەرە لاوازی دەسەڵات ................................. ڕەحمان سەلیمی (وەرگێران)

٩- مرۆڤ و گڵۆباڵیزم، ئەقڵانییەتی نەتەوەیی و کێشەی بان نەتەوەیی...

١٠- هونەر و خەبات (هونەری خەباتکردن و خەباتی هونەرمەندان)...

١١- کۆسۆڤۆ، مافی جیابوونەوەی کەمایەتییە نەتەوەییەکان و مافی سەروەریی وڵاتان...

١٢- ئێعدامی چالاکانی مەدەنیی عەرەب لە ئێران...

١٣- عێراقی دووهەم و کوردستانی دووهەم...

١٤- ناسیۆنالیزمی ئێرانی و مافی مرۆڤ .................................................. بێهنام دارایی‌زادە (وەرگێران)

١٥- کۆچ، سەفەر لە ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو ڕۆژئاوا...

١٦- پیاو کۆژانی کوشکی فیروزە»، چیرۆکێک لە تاوان و سزاکان ............................. ڕوئیا حەکاکیان (وەرگێران)

١٧- پێناسەی چەمکی پێشمەرگە لە مەیدانێکی نیشتمانی‌دا...

١٨- هەڵبژاردن، لە نێوان ئۆپۆزیسیۆن و پۆزیسیۆندا...
١٩- ژینۆساید، دیپلۆماسیی جیهانی، کورد و ئەرکە جیهانییەکان...

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٣ ...................... لاپەڕەی: ٩٥

٢٠- یادێک لە ڕاپەڕینە جەماوەرییەکەی ١٣٧٧ی خەڵکی کوردستان ............................ ڕەحمان سەلیمی (وەرگێڕان)
٢١- هەڵبژاردنی خولی ١١ی سەرکۆماریو ڕوانگەی کورد...
٢٢- هەڵبژاردنی ٩٢ بەردەوامیی دەسەڵاتی کۆنەپارێزان...
٢٣- دوو ڕووی دراوێک، لووتبەرزیو تێکشکانی سیاسی...
٢٤- میسری ٢٠١٣، ئەلجەزایری ١٩٩٢...
٢٥- پێشکەوتنی ژنان وەک ڕێبەرانێکی سیاسی ................................................. وەرگێرانی لە ئینگلیزیەوە
٢٦- رووحانی و دەوڵەتی بنکە فراوان!...
٢٧- قەیرانی سووریە و پرێستیژی جیهانی ئەمریکا...
٢٨- گرێی دیپلۆماسی کۆماری ئیسلامی...
٢٩- خەبات، حیزب و گەل...
٣٠- کورد و بەشداری لە دەوڵەتی رووحانی...
٣١- راپۆرتێکی کانالی CNN ئەمریکا لە ئامادەکردنی مەت اسمیت کێری : ئەمریکا لەئاست ئێران "کوێر" یان "گەمژە" نیە ڕێکەوتنی ئەتۆمیی ژنێڤ(وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە)...

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٤ .................. لاپەڕەی: ١٣٨

٣٢- منداڵانی شیناوێ و شینی ڕۆژهەڵاتی کوردستان...
٣٣- یەکگرتنەوە لەگەڵ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان...
٣٤- باوکی مافی مروڤی کوردستان و ٢ی ڕێبەندان...
٣٥- پەروەردە بە زمانی دایکی...
٣٦- تێگەیشتن لە بەردەوامی شۆرشی ١٩٧٩ی ئێران لە فەزای سیاسەتی نێودەوڵەتیدا...
٣٧- ڕێکخراوەندکردن لەپێناو پشوودرێژکردنی نارەزایەتی...



سەرچاوە
Serchawe

٣٨- پێنج سەربازی ئێرانیو پرسی سیستان و بەلووچستان...

٣٩- مافی پەنابەران...

٤٠- بەراوردی دوو کەمپەین...

٤١- کوردو دابەشکردنی ناوچەیی ئێران...

٤٢- چارەنووسی لێکگرێدراو: حکوومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق و کوردستانی سووریا...

٤٣- چەپ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان...

٤٤- سیاسەت و میدیا...

٤٥- زانکۆ وەک شوێنی فێربوون...

٤٦- جیابوونەوە باشترە...

٤٧- نەبوونی باڵانس لە سیاسەتی دەوڵەتی رووحانی دا...

٤٨- سیستمی پیاوسالاری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان...

٤٩- ئەسید پێداکردن وەک لێکەوتەی بە پیروزکردنی توندوتیژی بە دژی ژنان...

٥٠- حیجاب، ئایین و پیاوساڵاری...

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٥ .......................... لاپەڕەی: ١٩٨

٥١- ئەقڵانییەتی وتووێژ لە سیاسەتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان...

٥٢- عەرەبستان، نەوت و ئیسلامی سیاسی...

٥٣- پرسی ئەتۆمی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست...

٥٤- بە بیانووی بڵاوبوونەوەی کتێبی زمانی کوردی لە قوتابخانەیەکی شاری سەقز...

٥٥- دەوڵەتی ڕانتی...

٥٦- پرۆسەی ناتەواوی نەتەوەسازی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەراست...

٥٧- میدیا و پیاو سالاری...

٥٨- سیاسەت و بەجیهانی بوون...

٥٩- کورد و پرسی هەڵبژاردن...

٦٠- دێموکراسی نێوخۆیی و حیزبایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان...

٦١- پەروەردە بە زمانی کوردی لە ئێران دا...

٦٢- زانکۆ وەک شوێنی فێربوون...

٦٣- بانگدان لە ئیسلامدا (سکۆلاریزەکردنی فەزای گشتی لە هەرێمی کوردستان)...

٦٤- کارکردی خەبات بە دژی گەندەڵی لە نێو کۆماری ئیسلامی ئێراندا...

٦٥- ئێعدامی کەمینەکان، بەشداری چالاک، بێدەنگی و گومان...

٦٦- لە نێوان کوردبوون و تورک بووندا (لە پەراوێزی دووبارەبوونەوەی هەڵبژاردنی پارڵمانی تورکیە)...

٦٧- ورمێ و کوردایەتی...

٦٨- میرە کوردەکان: جۆغرافیا و ژیئۆپۆلیتیک...

٦٩- ئەمنیەتی نەتەوەیی لە بەرامبەر ئەمنیەتی مرۆیی‌دا...

٧٠- هەڵبژاردن و جەمسەرەکانی ناو بزووتنەوەی کورد...

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٦ ...................... لاپەڕەی: ٢٧٢

٧١- ژنان و بەشداری لە هەڵبژاردندا...

٧٢- کوردایەتی کردن لە فەزای هەڵبژاردندا...

٧٣- هەڵبژاردن و کۆتایی سیاسەتی چاوەروانی...

٧٤- قۆناغی دووەمی هەڵبژاردنی پارڵمانی ئێران...

٧٥- قۆناخی دووەمی هەڵبژاردن و ئەرکی پارڵمانتارانی کورد...

٧٦- بێ ئاکامی بێئەملاوئەولای بەڵگەنامەی ئاسۆی ٢٠ ساڵەی ئێران .................... موختار نەقشبەندی (وەرگێڕان)

٧٧- روسیە و دیپلۆماسی گاز...

٧٨- کەبوودوەند، فەرزادێکی دیکە...

٧٩- دەرفەت و مەترسی‌یەکان بۆ ئابووریی ئێران دوای لاچوونی گەمارۆکان .................. رۆبێرت هۆرماتس (وەرگێڕان)

٨٠- سیاسەتی نەوتی ئیران دەگاتە هەرێمی کوردستان ......................................... بیژن خواجە پور (وەرگێڕان)

٨١- پاش ساڵێک، روحانی هەروا رێککەوتنی ئەتۆمی بە خەڵکی ئێران دەفرۆشێ ............... ئارەش کەرەمی (وەرگێڕان)

٨٢- بۆ ئێران لە کاتی رووداني کوودتاکەی تورکیە بەخێرایی پشتگیری ئەردۆغانی کرد؟ ..... سەعید جەعفەری(وەرگێڕان)

# بابەتەکانی ساڵی: ۲۰۱۲

-----------------------------------------

## کوردستانی سوور، داخی گرانی کوردەکانی یەکیەتیی سۆڤییەت

### وەرگێڕان بۆ کوردی

#### بەشی یەکەم

بەرایی: ئەو وتارە زۆرتر ڕاپۆرتێکە داستانی و دیارە پشت ئەستوور بە گفتوگۆ لەگەڵ چالاکانی بزووتنەوەی کوردی لە یەکیەتیی سۆڤیەت و کۆمارەکانی سەربەخۆی دوای رووخانی یەکیەتیی سۆڤیەت.

نووسەر کە خۆی لە رۆژنامە نووسان وچالاکانی دانیشتووی قەفقازە بە هێنانەوەی کۆرتەیەک لە تێکۆشانی کوردەکان لە کاتی شۆڕشی ئۆکتۆبر و دامەزراندنی کۆماری کوردستانی سوور لە ناوچەی لاچین، کە لنینیش رەزامەندی لەسەر بووە، ئاوڕ لە گۆڕانکاری یە سیاسی یەکان و تێکۆشانی کوردەکان لە پێناو گەیشتن بە مافە مرۆیی یەکانی خۆیان دەدا.

#### پێشەکی

پاش شۆڕشی ۱۷ی ئۆکتۆبر بۆ ئەو نەتەوانەی کە لە رووسیە، ئاسیای نێوەڕاست و قەفقاز دەژیان هیوای رزگار بوون پەیدا بوو. لەو نیشتمانە کە بەشێکی گەورە لە جۆغرافیای جیهان لە خۆ دەگرێ، خەڵکێک لە تەواوی نەتەوەکانی جیهان دەژیان. هاوکات لەگەڵ شۆڕشی ۱۷ی ئۆکتۆبر بۆ ئەو نەتەوانەی کە لەوێ نیشتەجێ بوون دامەزراندنی کۆمار و بۆ بیانییەکان، ئەوانەی دواتر بۆ ئەو نیشتمانە کۆچیان کردبوو، مافی ئۆتۆنۆمی و خۆبەڕێوەبەری نەتەوەیی و کلتووری دەستنیشان کرا. یەکێک لە باشترین نموونەکان کە نیشان دەدا ئەو نیشتمانە فرەنەتەوەیە، قەزاقستانە کە لەوێ ۱۰۲ نەتەو پێکەوە دەژین. دیارە کورد یەکێک لەو نەتەوانەیە.

#### داستانی کۆچی کوردەکان بە سێ قۆناخ لێکدەدرێتەوە:

بە پێی وتەی هێندێک کەس یەکەم قۆناخی کۆچ لە سەردەمی حکوومەتی تزارەکاندا بووە. لە پەنا ئەودا، ئەو نەتەوانەی

کە لە سەردەمی شەڕەکانی عوسمانی و رووسیە هاتوون بۆ ئێرە دەکەونە چوارچێوەی ئەو قۆناخەی کۆچ. دیارە سەرەڕای نەبوونی مێژووییەکی نووسراو لەو بووارەدا، ئەوکەسانەی کە خۆیان لەو سەردەمەدا ژیاون، ئەو سەردەمە بەمجۆرە هەڵدەسەنگێنن.

قۆناخی دووهەمیش پاش شۆڕشی ١٧ی ئۆکتۆبر و پێکهاتنی سنوورەکانی مانەوەی ئەو گرووپە لەو نەتەوانەی کە لە نێو ئەو سنوورانەدا مانەوە. ئەو نەتەوانە سەرەڕای ئەوەی بە پێی خواستی خۆیان نەبوو چوونەتە ژێر دەسەڵاتی هێندێک لەو کۆمارانە. بە پێی وتەی خەڵک سێهەمین قۆناخی کۆچیش بۆ سەردەمی «شۆڕشی ئاگری» لە باکووری کوردستان دەگەڕێتەوە کە هێندێک کورد کۆچیان کردەوە و سەرەتا لە رووسیەی تزاری و دواتر لە یەکیەتی سۆڤییەت نیشتەجێ بوون، بە دوای شۆڕشی ١٧ی ئۆکتۆبر بوونە خاوەنی «پشکێک».

«پشکێک» کە بە دوای شۆڕشی ١٧ی ئۆکتۆبر لەگەڵ درووشمی «ئازادیی نەتەوەکان» هاتە ئاراوە، وەبەر ئەو کوردانە کە لە سۆڤییەت دژیان کەوت. ئەو پشکە »ناوچەی خۆدموختاری کووردستانی سوور» بوو کە لە ساڵی ١٩٢٣بە پێتەختی «لاچین» لە شوێنێک راگەیەندرا کە ئێستاکە بەشێکە لە خاکی ئازەربایجان. دیارە کوردستانی سوور کە هەتا ئێستا هۆکاری رووخانی بە تەواوەتی روون نییە تەمەنێکی درێژی نەبوو، سێ ساڵ دواتر واتە لە ساڵی ١٩٢٦ تێکشکا.

### تەرخانکردنی ٤٠ میلیۆن رووبل لە بوودجە بۆ کوردستانی سوور لە لایەن لنینەوە:

کوردستانی سوور کە بە ناردنی کوردەکانی دانیشتووی قەفقاز بۆ لاچین دامەزرابوو، بە وتەی هێندێک لەو کەسایەتییە کوردانەی هەتا ئێستا لەگەڵیان دانیشتووین، لە ئاکامی هەوڵەکانی دوژمنکارانەی «نویمان باقروف» سکرتێری گشتی ئەوکاتی حیزبی کۆمونیستی ئازەربایجان، لە نێو چوو. دیارە ئەوەی هەتا ئێستا بە پێی بۆچوونی خەڵکی ناوچە و کەسانی دیکە وەک هۆکاری سەرەکی تێکشکانی کوردستانی سوور پێشاندراوە، ئەو پێوەندییانەیە کە لە نێو رێبەرانی ئازەربایجان، ئەرمەنستان و رێبەری پێشووی یەکیەتی سوڤییەت «ژۆزف ستالین» هەبووە. بە پێی ئەو بوچوونە، کە لە دەستنووسەکانی لنینیش دا هەیە، لنین پێش لە دامەزراندنی کوردستانی سوور ٤٠ میلیۆن رووبل بوودجەی بۆ تەرخان دەکا، بەڵام دوای مردنی لنین، ئیستالین ئەو بوودجەیەی کە بۆ بەشی تێکنۆلۆژی، پیشەیی و ئامووزشی کوردستانی سوور دیاری کرابوو وەک زیادی لە بوودجەی ئەرمەنستان لە قەڵەم دا.

بە دوای ئەوەدا لە بەرامبەر چارەسەری کێشەی سنووری نێوان ئازەری و ئەرمەنییەکان کوردستانی سوور قوربانی دەکرێ. بە دوای تێکشکانی کوردستانی سوور، کوردەکان تا ماوەیەک درێژەیان بە خەبات دا، ٨ ساڵ بە دوای تێکڕووخانی کوردستانی سووردا، گۆڤارێک بە ناوی «رێگای نوێ» لە ئێرەوان پێتەختی ئەرمەنستان بڵاو دەکرێتەوە.

دەگەینە سەردەمێک کە ئەگەری دەستپێکردنی شەڕی دووهەمی جیهانی بە تەواوەتی هەست پێدەکرێ. لەو هەلومەرجەدا رێبەرانی سۆڤییەت دەکەونە داوی ئەو بیرە هەڵەیە کە ئەگەری ئەوە هەیە، ئەو کەمینە نەتەوەییانەی کە لە سنوورەکانی

تورکیە و ئێران دەژێن لەگەڵ دووژمن بکەون و خیانەت بکەن. وەزیری نێوخۆی شوورەوی «لاورنتی بریا» بە فەرمانی ستالین کە سکرتێری حیزبی کۆمونیست و ڕێبەری سۆڤییەت بووە، تێکڕای ئەو نەتەوانە تا ٢٠٠ کیلومیتر بەرەو ناوچەکانی ناوەند پاڵ پێوەنا و کۆچێکی پڕ ئازاری بەسەردا سەپاندن. ئەو کوردانەی کە لەو کۆچەدا لە قەفقاز بەرەو ئاسیای نێوەڕاست کۆچ دران، لەوێش هەر درێژەیان بە خەباتی خۆیان دا. کوردەکان تەنیا دوای مردنی ئیستالین توانیان بۆ قەفقاز بگەڕێنەوە. لەو سەردەمەدا لە تەنیشت گۆڤاری «ڕێگای نوێ›› کە لە ساڵی١٩٣٧ دەستی بە بڵاو کردنەوە کرد، رادیو ئێرەوانیش لە ساڵی ١٩٥٧ دەستی بە وەشان کرد و ئەنیستیتۆی زمانی کوردییش دامەزرا کە تا دووساڵ درێژەی بە چالاکییەکانی دا.

هەروەها شاهیدەکان دەڵێن ئەو کوردانەی کە بۆ ئەرمەنستان گەڕانەوە، هەوڵیاندا تا هێندێک دامەزراوە پێکبێنن، ئەو کوردانەش کە لە ئاسیای نێوەڕاست مانەوە بۆ زیندووکردنەوەی کوردستانی سوور دەستیان دایە تێکۆشانێکی بەرفراوان. پێشڕەوی ئەو هەوڵانە کە هەروا لە باکۆ دەژی «محەممەد بابیۆف» بوو کە لەگەڵ هەیئەتێکی ٩ کەسی پێکهاتوو لە کەسانێک وەک تەیموور عەلی، حوسێن نەبوو، محەممەد ئەمین عەزیز، حوسێن سادقۆف و چرکەز بەکۆ سەردانی مۆسکۆیان کرد. ئەوان چاویان بە مونشیی ڕێبەری یەکیەتیی سۆڤییەت «خرۆشچۆف» کەوت و خواستەکانی خۆیان بە ئاگاداری ئەوان گەیاند. مونشی یەکەمی خرۆشچۆف کە لەگەڵ دوو راوێژکاری خرۆشچۆف بە ناوەکانی «وادر» و «شومونسکی» دانیشتێنیان لەگەڵ هەیئەتی کوردی قەبووڵ کرد رایانگەیاند کە سکرتێری گشتی ناتوانێ ئەوان ببینێ. بەم هۆیە هەیئەتی کورد نامەیەکیان کە ئامادە کردبوو دایە دەستی مونشیی خرۆشچۆف و هەروەها خۆشیان خواستەکانی خۆیان بۆ ئەوان شی کردەوە. دوکتور «حوسێن سادقۆف» کە لەو هەیئەتە ٩ کەسییەدا بوو، بە نیسبەت سەردانی خۆیان لە مۆسکۆ دەڵێ: «ئێمە لەگەڵ مونشی لە پێوەندی لەگەڵ کۆچی زۆرەملی و ئەوەی کە نەتەوەیەکین کە زمان، کولتوور، مێژوو و شۆناسێکی تایبەتمان هەیە، قسەمان کرد. باسی ئەوەمان کرد کە لەگەڵ ئێش و ئازارێکی زۆر ڕووبەڕوو بووینە و لە ساڵی ١٩٢٣ ناوچەیەک بە ناوی «کوردستانی سوور» بۆ ئێمە دامەزراوە، بۆ پێشگرتن لە پارچەپارچە بوونی نەتەوەکەمان، و پاراستنی خۆمان و دەستکەوتەکانمان دەمانهەوێ بۆ جارێکی دیکە کوردستانی سوور دابمەزرێنینەوە هەتاکوو خەڵکەکەمان لەو تێکشکانەی کە تووشی هاتوە رزگار بکەین. «سادقۆف» وتی کە پاش ئەو سەردانە، مۆسکۆ هیچ وەڵامێکی بە ئێمە نەداوە و بە بێ هیچ ئاکامێک گەڕاینەوە.

محەممەد ئەمین عەزیز کە هەر لەو هەیئەتەدا بووە دەڵێ، چووین و بێ دەستکەوت گەڕاینەوە. ئەو سەردانەکەی خۆی بەمجۆرە بە کورتی باس دەکا. محەممەد ئەمین عەزیز کە ئێستاش هەر لە شاری «ئالمائاتا» ی قەزاقستان دەژی، بەگریانەوە، ئاوا باسی ئەو ڕۆژانە دەکا: ئێمە داواکارییەکانمان بە ئەوان راگەیاند. بە جوانی گوێیان لە قسەکانمان گرت بەڵام دواجار وتیان : «ئێمە پێدانی ئۆتۆنۆمی کلتووری بە ئێوەمان قەبوولە. واتە مافی دامەزراندنی ٦ ناوەندی کلتووری بە ئێوە بدەین، یەکێکیان لە قرقیزستان، سێیان لە قەزاقستان، یەکێکیان لە ئازەربایجان و یەکدانەش لە ئەرمەنستان». بابیۆف لەو پێوەندییەدا وتی کە: »ئێمەش لە چۆنیەتی و جۆری ناوەندە کلتوورییەکان ئاگاداریمان هەیە، بەڵام ئەوانە پێویستییەکانی سەرەکی ئێمە نین. ئێمە پێویستیمان بە ناوچەیەک هەیە کە بتوانین لەوێدا لەگەڵ خەڵکەکەمان پێکەوە بژین.



سەرچاوە
Serchawe

پێویستیی سەرەکیی ئێمە ناوەندی کلتووری نییە، بەڵکوو وڵاتە. مونشیی خرۆشجۆف کاتێک ئەو قسانەی بیست و دیتی کە ئێمە لەسەر خواستەکانمان سوورین کوتی: «وتە و خواستەکانتان بە ئاگاداریی سەرۆکی حکوومەت دەگەیەنین. خواستەکانی ئێوە زۆر جیددین، دەبێ سەبارەت بە وان بیر بکەینەوە. ئەو ناوچانەی کە داوای دەکەن خاکی ئازەربایجان بە ئەژمار دێن. کوتی کە بۆ ئەو ناوچانە ناتوانن گوشار بخەنە سەر ئازەربایجان و بۆ چارەسەری دەبێ حیزبی کۆمونیست و پارلەمانی ئازەربایجان ئاگادار بکەینەوە.» بەمجۆرە سەردانەکەمان کۆتایی پێهات. محەممەد ئەمین عەزیز بە زەردەخەنەیەک،کە دەرخەری ئێش و ئازارێکی فراوان بوو، دەڵێ: «ئێمەش دەبینین ئەوکەسانەی ئەوکات واتە ٤٢ ساڵ بەر لە ئێستا وتیان دەبێ بیر بکەینەوە، ئێستاش هەر بیر دەکەنەوە.‹‹ هەروەها دەڵێ : «نە ئەو و نە منداڵەکانیشی بڕیارێک کە مۆسکۆ دەبوو بیدا نەیاندیتەوە و نایبینن. »

لە ساڵی ١٩٦١ لە مۆسکۆوە وەڵامێک دێ. وەڵامەکە شتێک نییە کە چاوەڕوان دەکرا. واتە هەمان شت کە لە یەکەم دانیشتن بەوانیان ڕاگەیاند. بەم هۆیە ئەوانەی کە لە ڕێگەی پێکهێنانی کوردستانی سوور خەباتیان دەکرد، تێگەیشتن کە کارەکەیان زۆر سادە نەبووە و بەمجۆرە ماوەیەک بێ دەنگ بوون. کوردەکان کە هێندێک بە هۆی کردەوەکانی خرۆشچۆف، کە تا ڕادەیەک ئازادیخواز دەهاتە بەرچاو، بوێر ببوون و وەجوش و خرۆش کەوتبوون، بەڵام بە بێ هیچ دەستکەوتێک گەڕانەوە. چاوەڕوانی ئەو دەرفەتانە دەکەن کە ڕەنگە لە داهاتوودا بخوڵقێ و لەو سەردەمەدا درێژە بە پێوەندییەکانیان دەدەن. دوای خرۆشچۆف، لە کاتی حکوومەتی «برژنێف» دا بوو کە کۆمیتە هەروا هەلومەرجەکەی گوونجاو نەدەدی، هەر بۆیە هەروەها چاوەڕوان مایەوە. ئەو چاوەڕوانییە دووروودرێژە تا بە دەسەڵات گەیشتنی «گورباچۆف» بەردەوام دەبێ.هاوکات لەگەڵ ئەو چاکسازی یانەی کە گورباچۆف دەستی پێ کرد و لە ئاکامی شەڕێک کە لەهەمبەر ناوچە کوێستانییەکانی قەرەباغ هاتە پێش، کۆمیتەی زیندووکردنەوەی کوردستانی سوور دیسان وەکار کەوت.

## کۆمیتە دیسان دێتە مەیدان

ستراتیژی سەرەکیی کۆمیتە کە هەتا شەڕی ئەرمەنستان و ئازەربایجان لەسەر قەرەباغ چاوەڕوان کردنی کاتیی گونجاو بوو، لەو ماوەیەدا لە نێو کوردەکان ڕێکخستن دەکەن. ڕێبەری گرووپ «بابیۆف» لە ساڵی ١٩٨٨ - ١٩٨٩ لە کاتی شەڕی قەرەباغ بۆ جارێکی دیکە دێتە مەیدان. بابیۆف کە لەو بڕوایەدا بوو کە تاکە ڕێگەی گەیشتنی کوردەکان بە کوردستانی سوور شەڕە، لە سەر هاوکاریکردنی ئازەربایجان جەخت دەکا. بەم هۆیە لە نێو کوردەکانی قەفقاز و ئاسیای نێوەڕاست مشتومڕی جیددی دێتە ئاراوە. هێندێک لە ئەندامەکانی کۆمیتە دژی ئەو بۆچوونەی بابیۆف دەبن و هێندێکیش بێ دەنگ دەمێننەوە. بابیۆف کە تا ڕادەیەک پشتگیریی خەڵک و ڕووناکبیران بەدەست دێنی، دیسان بیر لە هێرشی ئەرمەنییەکان بۆ سەر ئەو کوردانەی کە لە خاکی ئەرمەنستاندا دەژین دەکاتەوە. لە نێو ئەندامەکانی دیکەی کۆمیتەکەش کە دژی بۆچوونی بابیۆف لە پێوەندی لەگەڵ «ڕێکاری نیزامی و شەڕ» بوون جیاوازیی فیکری دێتە گۆڕێ. هێندێک لە ئەندامەکان دەڵێن پێویستە دیسان سەردانی مۆسکۆ بکەین. هێندێکیشیان پێشنیار دەکەن کە بە جێگەی شەڕ بۆ بەشێک لە ئازەربایجان کە زێدی باو و باپیریان نییە، باشترە لە شەڕێک کە pkk لە کوردستان دەستی پێ کردووە، بەشداری بکەن.



سەرچاوە
Serchawe

## مشتومڕ لە سەر هەڵپەرستی لە دۆڵەکانی ئاڵمائاتا

ئەو کۆبوونەوانەی کە لە لایەن «بابیۆف» بەڕێوە دەچن، هەرچەند جارێک دەبنە مەیدانی مشتومڕێکی توند. باسی سەرەکی ئەوەیە : خەبات لە پێناوی کوردستانی سوور لە ڕێگەی شەڕ دەکرێ یان ئاشتی؟ بەڵام ئەمجارە باسەکان بە شێوەیەکی دیکە بەڕێوە دەچن : بەجێگەی شەڕ لە تەنیشت ئازەربایجان، پێویستە بۆ نیشتمان بڕۆین و لە ریزەکانی pkk دا شەڕ بکەین. لە لووتکەی ئەو باسە جیددیانەش «ئازلخان مستەفا ئۆف» دەردەکەوێ کە نەوەد ساڵ لە تەمەنی گوزەراوە و لە بریندارەکانی شەڕی دووهەمی جیهانییە. مستەفا ئۆف لەو بڕوایە دایە کە لە ساڵەکانی ١٩٨٠ بەملاوە لە باکووری کوردستان شەڕێک هاتۆتە ئاراوە کە هەتا ئێستاش هەر بەردەوامە، سەرەڕای ئەوە، ئەوان لە دۆڵەکانی ئاڵمائاتا دا خڕ بوونەتەوە  و مشتومڕ دەکەن و ئەوەش شتێک نییە جگە لە هەڵپەرستی. مستەفا ئۆف کە لە ئاڵمائاتا دەژی، دەڵێ: بە بابیۆف کە ڕێبەری ئێمە بوو وتم: لە وڵاتی ئێمە شەڕێکی ئازادیخوازانە لە ئارا دایە کە ئاگرەکەی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ بڵێسە دەستێنێ، ئێمە بە جێگەی ئەوەی کە لە شەڕدا بەشداری بکەین، لێرە دانیشتووین و لەسەر ئەو بابەتانە قسە دەکەین. بەڵام ئەوانەی کە لە بەرامبەر پێداگری بابیۆف کە لەو بڕوایەدا بوو کە دەبێ لە شەڕی ١٩٨٩ نێوان ئازەربایجان و ئەرمەنستان کەڵک وەربگرین و مافەکانی خۆمان بە دەست بێنین، دژایەتیان دەکرد و بۆ جارێکی دیکە پێشیان بە ڕێککەوتنی بابیۆف لەگەڵ ئێمە گرت و بۆ جارێکی دیکە ڕێگەیان لەوە گرت کە هەوڵەکانمان کە زۆر جار بۆ کەسانی دیکە بە کارمان هێناوە، لە قازانجی خۆمان تەرخان بکەین.

## ئەرمەنییەکان دەیانویست کوردەکان دەشەڕ گلێنن

«حوسێن نەبوو» کە لە ئەندامانی کۆمیتە و شاهیدانی ئەوکاتە، ئاماژە بە ئامانجی ئەرمەنییەکان بۆ بە شەڕدانی کوردەکان لەگەڵ ئازەربایجان دەکا. نەبوو دەڵێ ئەرمەنییەکان زیاتر لە بابیۆف، هەوڵەکانی خۆیان خستە گەڕ تا کوردەکان بێننە نێو شەڕ. من بە هۆی ئەوەی ئەوکات لە بەشێکی گرینگ لە دەوڵەت کارم دەکرد، لەو بابەتانە ئاگادار بووم. ئەرمەنییەکان قسەی زۆریان دەکرد، بۆ نموونە دەیانکوت کوردستانی سوور لە ئازەرییەکان دەستێنن و بە کوردەکانی دەدەین. بەشێک لە ئەندامانی کۆمیتە لەو دۆخە ئاگادار بووین، کایەکەمان تێکدا و بۆ جارێکی دیکەش ئەرمەنییەکان زیاترین هێرشیان کردە سەر کوردەکان.

ئەو بارودۆخە زۆر بە زیانی کوردەکان تەواو بوون، چونکە بووە هۆی ئەوەی کوردەکان ناچار بن لە ئەرمەنستان کۆچ بکەن. «نەبوو» لە درێژەدا دەڵێ : ئەگەر ڕێگەمان لە بەشداریی کوردەکان لە شەڕدا نەدەگرت، خەساری گەورەی لێدەکەوتەوە. ئەو دەڵێ یەکێک لە فەرماندەکانی ژێردەریایی یەکی یەکیەتی سۆڤییەت، کە ئەوکات هاوڕێم بوو بە منی وت: «حسێن بەهەر جۆرێکە دەبێ ڕێگە لە بەشداریی کوردەکان لەو شەڕەدا بگرن، ئەگینا کۆمەڵکوژییەکی گەورە روو دەدا.»

## نووکی هێرشەکانی ئەرمەنییەکان کوردەکان دەگرێتەوە.

کاتێک کە ئەو باسانە لە نێو کوردەکان درێژە دەکێشن، ئەرمەنییەکان کە ئازەرییەکانیان لە وڵاتی خۆیان دەر کردبوو، بۆ ئەوەی ئەرمەنستان بکەنە وڵاتێک کە تەنیا ئەرمەنییەکان لەوێدا ژیان بکەن، هێرشەکانی خۆیان بەرەو لای کوردەکان وەرسووڕاند.

«حەسەن حاجی سولەیمان» یش هۆکاری هێرشی ئەرمەنییەکان بۆ سەر کوردەکان بەمجۆرە باس دەکا: «ئەرمەنییەکان دەیانهەویست تۆڵەی کۆمەڵکوژیی ئەرمەنییەکان لە ساڵی ١٩١٥ لە ئێمە بستێننەوە.« حاجی سولەیمان لە لایەنگرانی بۆچوونی بابیۆف لە پێناو شەڕدا بوو. ئەو لەو بڕوایە دایە کە هێرشی ئەرمەنییەکان بۆ سەر کوردەکان، لە ئاکامی هەوڵی ئەو کەسانە هاتە ئاراوە کە دەیانهەویست لە نێو نەتەوەکان دوژمنایەتی درووست بکەن. حاجی سولەیمان دەڵێ ئەرمەنییەکان لەو ساڵانەدا ماڵی کوردەکانیان وێران کردوە و لە نێوەڕاستی شەقامەکان تاوانیان دەرهەق بە ئەوان ئەنجام داوە، لە درێژەدا دەڵێ: «تەنیا یەک کار مابوو کە ئەنجامی بدەین ئەویش دەرچوون لە ئەرمەنستان بوو. یا دەمانکوشت و یا دەکوژراین،بەڵام لە شتێک چاوپۆشیمان نەدەکرد، ئەویش کوردستانی سوور بوو. ئێمە ئەو کردەوانەمان ئەنجام دا و لەو ساڵانەدا لە ئەرمەنستان دەرچووین و لەو ڕۆژانەوە تا ئێستا لە ئاڵمائاتا دەژین.»

## سکرتێری گشتیی حیزبی کۆمونیست پەرە بە دوژمنایەتی دەدا

بۆ دیتنی کاریگەریی شەڕی ئازەربایجان و ئەرمەنستان بۆ سەر کوردەکان، ڕای دوکتور «قنیاس میرزۆیۆف» زمانناسی کوردمان وەرگرتوە. ئەو دەڵێ: «ئەرمەنییەکان دەستیان کرد بە تۆڵە ستاندنەوەی کۆمەڵکوژییەک لە ئێمە کە تورکیە دەرهەق بە ئەرمەنییەکان ئەنجامی دابوو.»

سەرچاوە: سید محمد اورنی، گۆڤاری ڕۆژەف - ژمارەکانی ١١ و ١٢ و ١٣ - بەهار، هاوین و پاییزی ١٣٨٨

لە ژمارە ٥٧٥ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٩ی جانێوێری ٢٠١٢

------------------------------------------------

**بەداخەوە بەشی دووهەم ئەم بابەتە دەست نەکەوت**

---------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## کوردستانی سوور، داخی گرانی کوردەکانی یەکیەتیی سۆڤییەت

## (بەشی سێیەم و کۆتایی)

### کوردەکان بەرەو مۆسکۆ دەچن

کوردەکان لە سەرەتای مانگی مەی لە کۆمارەکان وەڕێکەوتن و بەرەو مۆسکۆ ڕۆیشتن. «گلچک سەیدۆف» کە لەو ڕۆژانەدا لەگەڵ کوردەکانی قەزاقستان بۆ مۆسکۆ هاتبوو دەڵێ: «دەتگوت مۆسکۆ لە لایەن کوردەکانەوە دەستی بەسەردا گیرابوو». هەزاران کورد لە ڕووناکبیرەوە تا گوندی، لە شوانەوە تا پسپۆڕ، لە هونەرمەندەوە تا کرێکار بەرەو مۆسکۆ وەڕێکەوتن. «هوتێلی ڕووسیا» لە مۆسکۆ پڕ بوو لە کوردەکان، هەموو شوێنێک پڕ بوو لە کوردەکان. «بارزانی یوسفۆف» کە ئەوکات لەو نوێنەرانە بوو کە لە قرقیزستانەوە هاتبوو، دەڵێ: «تەواوی ئەو کوردانە کە دەبا هاتبان ڕۆژی ٥ی مەی هاتبوونە مۆسکۆ، بەڵام پێموانەبوو ئەو هەمووە کەسە دێن». یسفۆف دەڵێ: «کومیتەیەک کە لە محەممەد بابیۆف، عەلی عەبدولڕەمان، خاتوو سەیدۆف، دوکتور قنیاس میرزۆیۆف، وەلی مستەفا ئۆف، حوسێن نوبوو، ئەشخانە ئەسلان و ڕۆستەم برۆیۆف پێکهاتبوو، ویستیان لەگەڵ حکوومەت دانیشن بەڵام چوونکە حکوومەت قبووڵی نەکرد بڕیاریان دا کە ئەو چالاکییانەی کە پەسندیان کردبوو، دەست پێبکەن».

### یەکەمین میتینگی کوردەکان لە مۆسکۆ

کاتێک وەڵامێک بە داواکاری کوردەکان نەدراوە، ئەو کوردانەی بەرەو مۆسکۆ ڕۆیشتبوون بە بەڕێوەبردنی میتینگێک هێزی خۆیان نیشاندا. پاش میتینگێک کە ڕۆژی ٧ی مەی بە بەشداری دوو هەزار کەس لە پارکی «سمائیل ئەفسکی» بەڕێوەچوو، دانیشتنەکان لەگەڵ حکوومەت دەستی پێکرد، کاتێک دانیشتنەکان بێ ئاکام مانەوە، ئەو کوردانەی کە چووبوونە مۆسکۆ دیسان چالاکییەکانی خۆیان دەست پێکردەوە. ئەوجار بە مانگرتن لە یەکێک لە ناوەندەکانی مۆسکۆ بە ناوی مەیدانی پوشکین درێژەیان بە چالاکی دا. لە پێنجەمین ڕۆژی مانگرتن، چالاکانی کورد لەگەڵ هێرشی پۆلیسی یەکیەتی سۆڤییەت ڕووبەڕوو بوونەوە. »گلچک عەبدوڵڵا« کە یەکێک لەو کوردانەیە کە ئەوکات لە قرقیزستانەوە بەرەو مۆسکۆ هاتبوو، هێرشەکانی بەمجۆرە باس دەکا: «ئێمە خۆمان لێرە بێگانە دەدی، بەڵام مادام ئێمە لە ساڵی ١٩٢٦ ئەو بارودۆخەمان قبوول نەکرد و شوێنێک بۆ ژیانی ئێمە تەرخان کراوە کەوایە دەبێ بۆ شوێنێک کە بۆ ئێمە دیاری کراوە خەبات بکەین. ئێمە هاتبووین تا بە دێموکراتترین شێواز مافەکانی خۆمان بستێنینەوە. کاتێک هیچ وەڵامێکیان بە ئێمە نەداوە، بڕیارمان دا تا وەرگرتنی وەڵامێک لە حکوومەت درێژە بە مانگرتن بدەین. هەزاران مرۆڤ بە بێ ئەوەی بۆ کەسێک گرفت درووست بکەن، لەوێ دانیشتبوون، بەڵام پۆلیسی یەکیەتی سۆڤییەت ئەوەی لە ئێمە قبووڵ نەکرد و هێرشێکی دڕندانەی دەستپێکرد. ئێمە هیچ کردەوەیەکی توندوتیژمان ئەنجام نەدا، بەڵام ئەوان لە بەرامبەر ئێمەدا زۆر زاڵمانە جووڵانەوە. »بەڕێرە



سەرچاوە
Serchawe

مووسا»ش کە یەکێک لەو نوێنەرانە بوو کە لە قەزاقستان هاتبوون، دەڵێ: «ژنانی رووس لە بەرامبەر هێرشی پۆلیس دا دڵیان بە ئێمە سووتاوە. کار لە کاران ترازابوو، چیدیکە نەدەکرا بەرەو دواوە گەڕاوە. هەروەک بڕیار درابوو، تا ڕێگەچارەیەک پەیدا نەبێ و بەرپرسانی حکوومەت بەڵێن نەدەن، هیچ کەس نەگەڕێتەوە. ئێمە هاتبووین تا چاومان بە سەرۆکی حکوومەت بکەوێ، بەڵام بە بێ دیتنی سەرۆکی حکوومەت یا راوێژکارەکانی و گرتنی بەڵێنییەک نەماندەتوانی لە مۆسکۆ بڕۆین و هەر واشمان کرد». لەو بەینەدا سەرەڕای هێرشەکانی پۆلیس، مانگرتنی هەزاران کەس لە مەیدانی پووشکین درێژە دەکێشێ.

لە هەشتەمین رۆژی مانگرتن یەکێک لە راوێژکارەکانی گۆرباچۆف بە ناوی «گاوریک پۆپۆف» داواکاری دانیشتنی هەیئەتێکی کوردی قبووڵ کرد. هەیئەتێک کە بە نوێنەرایەتی پۆپۆف بوو، پاش ئەوەی جارێکی دیکە گوێی لە داواکارییەکانی هەیئەتی کورد بوو، بۆچوونی فەرمی حکوومەتی راگەیاند. پۆپۆف بە هەیئەتی کورد دەڵێ کە لە ئێستادا لە نێوان ئەرمەنی و ئازەرییەکان شەریک لە ئارادایە و بۆ ئەوەی شەڕێکی دیکە دەست پێ نەکا و بۆ چارەسەری کوردستانی سوور، کۆمیسیۆنێک پێکدەهێنن. هەروەها دەڵێ کە لە رۆژانی داهاتوودا لەگەڵ هەیئەتی کوردی بۆ لاچین دەڕۆن و لە پێوەندی لەگەڵ بارودۆخەکە لێکۆڵینەوە دەکەن و بۆ چارەسەرییرسەکە بڕیار دەدەن. کوردەکان خۆشحاڵ لە سەرکەوتنی بەدەستهاتوو لە خەباتەکەیان، «کرێملین»یان جێهێشت.

کومیتە سەرەتا بە باسکردن لەنێو خۆیاندا و دواتر بە باسکردن لەنێو مانگرتووان بەو ئاکامە دەگەن کە جگە لە چاوەڕوان کردن ڕێگەیەک نییە و بەمجۆرە مۆسکۆ جێدێڵن.

## چاوەڕوانی بوو بە چارەنووس

کوردەکان پاش بەڵێنییەکانی پۆپۆف لە ڕێکەوتی ١٩ی مەی ١٩٨٩ بۆ پێکهێنانی کومیتەیەک لەپێناو چارەسەری پرسەکە بۆ ماڵەکانی خۆیان دەگەڕێنەوە و چاوەڕوان دەکەن. کاتێک ئەو چاوەڕوانییە بە ئاکام نەگەیشت و هێندێک جموجۆڵ لەنێو گەلانی یەکیەتی سۆڤییەت درووست بوو و هەروەها بەدوای ئەو هیرشانەی کە لە قرقیزستان، تورکەمەنستان، ئازەربایجان و ئوزبەکستان بۆسەر کوردەکان ئەنجام درا، کوردەکان دیسان ڕێگەی مۆسکۆیان گرتەبەر. حوسێن نوبوو دەڵێ لە ساڵی ١٩٩١ بۆ جارێکی دیکە ناچار بوون بۆ مۆسکۆ بێن. سەبارەت بەو رۆژانە دەڵێ: «دوا جار کە هاتین هیچ ئومێدێکمان نەبوو، چونکە یەکێتی سۆڤییەت خەریک بوو تێکدەڕووخا و گۆرباچۆف بۆ پێشگرتن لە تێکشکانی هەوڵی دەدا. ئێمە سەرڕای ئەوەی کە دەمانزانی ناتوانین گۆرباچۆف ببینین هاتینە مۆسکۆ. ئەوجار تەنانەت نەماندەتوانی چاومان بە پۆپۆفیش بکەوێ. هەر چۆن هاتبووین، هەر ئاواش گەڕاینەوە. ئیدی تەنیا شتێک کە بۆمان مابۆوە، مافی پێکهێنانی دامەزراوەکانی ئۆتۆنۆمی کلتووری بوو! لە هێندێک شوێن، بۆ نموونە لە قەزاقستان، ئەو دامەزراوانەی کە هەیە بپارێزین و بەهێزیان بکەین و لە شوێنێک کە دامەزراوەمان نییە چەند دامەزراوەیەک پێکبێنین. ماوەیەک دواتر یەکیەتی سۆفییەت رووخا. زۆرێک لە نەتەوەکان بەشی خۆیان لەو رووخانە بە شێوەی پێکهێنانی وڵاتیکی سەربەخۆ لەو ناوچانەی کە لێی نیشتەجێن بە دەست هێنا. بەشی ئێمەش ئەوە بوو کە بە جێگەی کوردستانی سوور کە سەرەڕای ئەو هەموو هەوڵە نەمانتوانی

دایبمەزرێنین، بە مافی ئۆتۆنۆمی کلتووری گەیشتین. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەوانە ئێمە لە خەباتەکەماندا لەسەر هەق بووین. ئەگەر ئەمڕۆکە دەرفەت بڕەخسێ، دیسان خەبات بەڕێوە دەبەین.

سەرچاوە: گۆڤاری ڕۆژەف، ژمارەکانی ١١، ١٢، ١٣- بەهار، هاوین و پاییزی ١٣٨٨

لە ژمارە ٥٧٧ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٩ی فێبریوێری ٢٠١٢

--------------------------------------------------

## قورئان، ئەفغانستان و ئەمریکا

سووتاندنی قورئان لە ڕۆژی ٢١ی فێورییەی ٢٠١٢ لە بنکەی نیزامی بەگرام، گەورەترین بنکەی نیزامی ئەمریکاییەکان لە ئەفغانستان، خەڵکی ئەفغانستانی تووڕە کرد. بە دوای نارەزایەتی و خۆپێشاندانی خەڵکی ئەفغانستان لە هەمبەر هێزەکانی ئەمریکا، ئەفغانییەکی زۆر کوژران و بریندار بوون. دیارە دوو ئەفسەری ئەمریکاییش لە ڕۆژانی دواییدا لە نێو وەزارەتی نێوخۆی ئەفغانستاندا کوژران کە تالیبان بەرپرسیارەتی کوشتنی ئەوانی وەئەستۆ گرتوە. بەربڵاوتربوون و توندتربوونی نارەزایەتییەکانی ئەفغانستان بەرپرسانی نیزامی و سیاسیی ئەمریکای، لە سەروویانەوە ئۆبامای، ناچار کرد داوای لێبوردن لە خەڵکی ئەفغانستان بکەن. ئەمریکاییەکان ئاماژە بە ئەنقەست نەبوونی سووتاندنی قورئان دەکەن و ئەو کردەوەیە بە هۆی ناشارەزایی یەکێک لە ئەفسەرەکانیان بەو دەقانە دەزانن، لە بەرامبەردا ئەفغانییەکان ئەو کردەوەیە بە بێ ڕێزی بە پیرۆزییەکانیان لە قەڵەم دەدەن. لە لایەکی دیکە حکوومەتی کەرزای لە ڕێگەی دانیشتن لەگەل سەرۆک عەشیرەتەکان و مامۆستایانی ئایینی هەوڵیداوە کە خەڵک ئارام بکاتەوە، بەڵام هەتاکوو ئێستا ڕەوشی ئەو وڵاتە هەر ئارام نەبۆتەوە. ڕەنگە کەسانێک، بە تایبەتی ئەوەی نوێی دەرەوەی جوغرافیای ئەفغانستان، نارەزایەتی و خۆبەکوشتدانی ئەفغانییەکان لە پیناو کتێبێکدا بە سووک و بەوپەڕی دواکەوتوویی و تەنانەت بە توندڕەویی ئایینی لە قەڵەم بدەن. دیارە هەرمرۆڤێک، بە ئەمریکایی و ئەفغانییەوە، گیانی خۆی خۆشدەوێ و درووستبوونی لۆژیکی کوشتن و خۆبەکوشت دان پرۆسەیەکی درێژخایەن و دژوارە. بۆ ئەوەی بزانین ڕۆڵی قورئان لە کۆمەڵگەی ئەفغانستاندا چییە و جۆری پێوەندی ئەمریکا - ئەفغانستان چ جۆرە پێوەندییەکە و دواجار بۆ ئەوەی بە بیرکردنەوەیەکی بەرفراوان ڕووداوەکانی ئەفغانستان لێکبدەینەوە، پێویستە بە قەت تەمەنی ئەو نەوە نارازی و تووڕەیەی ئێستای ئەفغانستان، ئاور لە مێژووی سیاسی - کۆمەڵایەتی ئەفغانستان و چەشنی پێوەندی ئەفغانستان - ئەمریکا بدەینەوە:

١- قورئان لە ئەفغانستان: کۆمەڵگەی ئەفغانستان لە باری ئیتنیکی، زمانی و ئایینی کۆمەڵگەیەکی پارچەپارچەیە و ئیتنیکەکانی هەزارە، ئوزبەک، پەشتوون و... لە ئەفغانستان بوونی هەیە. هەتاکوو ئیستاکەش پیشەی زۆربەی خەڵکی ئەو وڵاتە هەر وەرزێرییە و سیستمی ئامووزشی نیشتمانی، نە لە ئاستی کارامەیی پێویست دایە و نە توانیوێتی هەموو جوغرافیای ئەو وڵاتە بگرێتەوە. دەوڵەت دەسەڵاتی بە سەر بەشیک لە ناوچەکان، بە تایبەتی شوێنی نفووزی تالیبان و ناوچەکانی هاوسنوور لەگەڵ پاکستاندا نییە. لە لایەک حکوومەت لەگەڵ گەندەڵییەکی ئیداری و سیاسی بەربڵاو بەرەورووە و لە لایەکی دیکە زیاتر لە نیوەی خەڵکی ئەو وڵاتە بە دەست بێکاری و هەژاری دەناڵێنن. بەو پێیە کۆمەڵگەی ئەفغانستان بە پێچەوانەی میسر و توونس و تا رادەیەک سووریە و... نەچۆتە نێو فازی یەکەمی بەجیهانی بوون، بەو واتایە کە هەتاکوو ئێستاش لە کۆمەڵگەی ئەفغانستاندا ناکرێ قسە لە سەر شارنشینی، میدیا، خزمەتگوزاری پەروەردەیی و ئینتێرنێتی نیشتمانی، چینی مامناوەندی و...بکەین. بەو پێیە پێوەندی و بەستراوەیی کۆمەڵگەی ئەفغانستان بە جیهانی مۆدێرن نەک پێوەندییەکی لاوازە، بەڵکوو پێوەندییەکی نێگاتیڤیشە. خەڵکی ئەو وڵاتە ئەزموونگەلێکی تاڵیان هەیە کە بریتییە لە داگیرکاریی یەکیەتیی سۆڤییەت(١٩٧٩- ١٩٨٩)، شەری نێوخۆیی و حکوومەتی تاڵیبان تا ساڵی ٢٠٠١ و دواجار هێرشی ئەمریکا بۆ سەر ئەو وڵاتە بە بیانووی بوونی بن لادەن و خەبات بە دژی تێرۆریزم لە ساڵی ٢٠٠١ تاکوو ئێستا. پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە تەنیا لە ئاکامی هێرشی ئەمریکادا لە ساڵی ٢٠٠١ تا ٢٠١١ دا، بە وتەی خۆدی ئەمریکاییەکان، زیاتر لە ٣٠٠٠٠ کەس لە خەڵکی مەدەنیی ئەفغانستان کوژراون. بەو پێیە کۆمەڵگەی ئێستای ئەفغانستان لە نەوەیەکی پارچەپارچە، هەتیو، هەژار، بەجێماو لە جیهان و دواجار لە نەوەیەکی توورە و بێ هیوا لە جیهانی مۆدێرن پێکهاتووە. لە کۆمەڵگەیەکدا کە پشکی خەڵک لە جیهانی پێشکەوتوو تەنیا ئەو چەکە پێشکەوتووانە بووە کە لە دەست تالیبان و بە تایبەتی لە دەست سەربازانی ئەمریکایی دایە و بە هۆی ئەو چەکانەوە مالوێران بوون، قۆرئان رۆڵی سارێژکەرەوە و رۆحی نیشتمان دەگێرێ.

٢- ئەفغانستان - ئەمریکا: لە دۆخی شەری ساردا یەکیەتی سوڤییەت و ئەمریکا خەریکی دابەشکردن و لەتکردنی جوغرافیای جیهان بە سەر رۆژهەڵات و رۆژئاوا، کۆمۆنیسم و کاپیتالیزم، پەیمانی وەرشۆ و پەیمانی ئاتلانتیکی باکوور، ئورووپای رۆژهەڵات و ئورووپای رۆژئاوا، ئاڵمانی رۆژهەڵات و ئاڵمانی رۆژئاوا، کۆریای باکوور و کۆریای باشوور، شەڕی ئەفغانستان و شەڕی ڤیتنام و...بە گشتی خەریکی شەڕی ژئۆپۆلێتیک بوون. لە ساڵی ١٩٧٩دا یەکیەتیی سوڤییەت لە هەمبەر جۆغرافیای ئەفغانستاندا دەستپێشخەری کرد و هێرشی کردە سەر ئەو وڵاتە. دیارە ئەو هێرشە تا رادەیەکیش بە هۆی روودانی شۆرشی ئیسلامی لە ئێران و هاوسنووری ئێران لەگەڵ ئەفغانستان و ترس لە پەرەسەندنی شۆڕشی ئیسلامی بوو. ئەمریکا لەو هەلومەرجەدا بە دژی ئەو سیاسەتەی یەکیەتیی سوڤییەت بە هاوکاریی عەرەبستان و پاکستان، ئیسلامییەکانی ئەفغانستانی بێ هیچ تێبینی و پێشمەرجێک، لە باری نیزامی و ئابوورییەوە تەیار کرد. لە راستیدا تالیبان تا رادەیەکی زۆر بەرهەمی سیاسەت و دژکردەوەی ئەمریکا لە بەرامبەر یەکیەتیی سوڤییەت و کۆمۆنیسم دایە. ئەو کات نە پرسی دێموکراسی و مافی مرۆڤ لە گۆڕێدا بوو نە پرسی ئیسلامی سیاسی و تیرۆریزم. هێزەکانی سوڤییەت لە ساڵی ١٩٨٩

ناچار بوون ئەفغانستان چۆڵ بکەن و ئەوە نیشانەیەکی گەورە لە رووخانی جەمسەری رۆژهەلات و سۆڤییەت بوو. لەو هەلومەرجەدا هاوکات لەگەڵ ئەوەدا کە جیهان لە شکلی دوو جەمسەری تێدەپەڕی، بەردەوامی و درێژەکێشانی پەیمانی ئاتلانتیکی باکوور و بە تایبەتی بەردەوامی گوتار، ئیستراتژی، هەژمۆنی و شەڕی ژئۆپۆلێتیکی ئەمریکا دەکەوتە ژێرپرسیارەوە. ئەو سەردەمە واتە دەیەی ئەوەدی سەدەی بیستەم فازی یەکەمی بەجیهانی بوون دەستی پێکردبوو. هاتنەئارای دەوڵەتە خۆشبژێوەکانی ئورووپای رۆژئاوا، ماهوارە، میدیا، شارنشینی، رووخانی دیواری بێرلین و بەهێزتربوونی ئایدیای یەکیەتیی ئورووپا و... بەستێن و جوغرافیای ئابووری جیهانیان بەرفراوان کردەوە و پێویستی و جوغرافیای شەڕیشیان بچووک کردەوە. دەکرێ بڵێین لە فازی یەکەمی بەجیهانی بووندا هاوکات هێزی فاکتەری نیزامی بەرەو داکشان و هێزی فاکتەری ئابووری بەرەو هەڵکشان رۆیشت. لە سەردەمی ئیدئۆلۆژییەکان و زاڵبوونی فاکتەری نیزامی و شەڕدا دابەشکارییەکی رەها لە نیوان چەپ و راست، براوە و دۆڕاو، سەربەخۆ و بەستراوە، رێبەر و ژێردەستە هەبوو، بەڵام گەشەسەندنی فاکتەری ئابووری پێوەندی و هاوکاریی بەربڵاوتر کرد و مەودای چەپ و راست، مەودای رێبەر و ژێردەستەی کەم کردەوە. لەو دۆخەدایە کە ئەمریکا پرسی ئیسلامی سیاسی و تیرۆریزم بە قەت جەمسەرێک، بە یەکیەتیی سۆڤییەت، گەورە دەکاتەوە و هەروەها «ئیسلامی سیاسی» و «تیرۆریزم»، «ئەمنییەتی جیهانی» و «شەڕی دادپەروەرانە» (شەڕ بە دژی تیرۆریزم) لێک گرێ دەدا. دواجار کۆماری ئیسلامیی ئێران، سووریە، ئەلقاعیدە، تاڵیبان، حیزبوڵلای لوبنان و... وەک بەرەی تیرۆریزم ناوزەد دەکا. دیارە دابینکردنی ئەمنییەتی جیهانی و شەڕ بە دژی تیرۆریزم بە هەوڵدان بۆ دێمۆکراسی و مافی مرۆڤ دەکرێ، ئەوە لە حاڵێکدایە کە شەڕی ئەمریکا نە بۆ دێموکراسی بووە نە بۆ مافی مرۆڤ. کەڵکوەرگرتنی ئەمریکا لە چەمکەکانی «ئیسلامی سیاسی»، «تیرۆریزم» و «ئەمنییەتی جیهانی» لە خزمەت شەڕی ژئۆپۆلێتیک و بە تایبەتی لە خزمەت زاڵبوون بە سەر جوغرافیای رۆژهەلاتی نێوەڕاستدا بووە نەک پەرەدان بە دێموکراسی. لە هێرش بۆ ئەفغانستانیشدا بوون و مانەوەی بنکە نیزامییەکان و زاڵبوون بە سەر جوغرافیای ئەفغانستان پڕبایەخە نەک ویستی خەڵکی ئەو وڵاتە. لێرەدا پێویستە سەرنج بدەینە ئەو بابەتە کە لۆژیکی فەندەمێنتاڵیزم(شەڕی پیرۆز) و لۆژیکی شەڕی ژئۆپۆلێتیکی (شەڕی دادپەروەرانە) ئەمریکا یەک لۆژیکن. فەندەمێنتاڵیزمەکان هەوڵ دەدەن پێوەندی نێوان قورئان و فەرمانبەرداری نیشان بدەن و جەخت لە سەر پێویستی شەڕ بە دژی کافرەکان بکەن. ئەوان جەخت لە سەر هێندێک ئایەت وەک ئەو ئایەتەی قورئان دەکەن کە دەڵێ: «ان الذین کفروا بعد ایمانهم ثم ازدادوا کفرا لن تقبل توبتهم و اولئک هم الضالون» (ئاڵی عومران - ٩٠) ئەو کەسانەی پاش ئیمان هێنان کافر بوون و بەردەوام بە کفرەکەیان زیاد کرد، تۆبەکەیان قبووڵ ناکرێ و ئەوان هەمان بە لاڕێدا چووانن. ئەوە لۆژیکی فەندەمێنتاڵیستەکانە کە ئازادی لە خەڵک زەوت دەکەن.

ئێستا سەرنج بدەنە ئەو دەقەی خوارەوە: »ئێوە لەگەڵ ئێمەن، بەڵام ئەگەر لەگەڵ ئێمە نین کەوایە دوژمنی ئێمەن.»

ئەوە وتەکان و لۆژیکی جۆرج بووشە لە کاتی هێرش بۆ ئەفغانستان. لە راستیدا خەڵکی ئەفغانستان لە نێوان شەڕی ژئۆپۆلتیکی ئەمریکا، حکوومەتێکی گەندەڵ و تاڵیبانێکی بناژۆخوازدا گرفتارن.

**سەرچاوەکان:**

١- ئیسلام و گلۆبالیزم، محەممەد ئارکون
٢- نقد اسلام ازاد است، جلال ایجادی
٣- بررسی بحران افغانستان از منظر ژئوپولتیک، عبدالحکیم سلیمی
٤- www.drabdullah.af
٥- www.ghurjistan.com

لە ژمارە ٥٧٨ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٣ی مارچی ٢٠١٢

---------------------------------------------------

## تاوانی کیمیابارانی هەڵەبجە و بە ژینۆسایدکردنی پرسی کورد

لە کاتژمێر ١١ و ٢٠ دەقیقەی بەیانیی ١٦ مارسی ساڵی ١٩٨٨، ٥٠ فرۆکەی حیزبی بەعسی عێراق کە هەر یەکەیان چوار بۆمبی (٥٠٠ کیلۆیی) پێبوو پەلاماری شاری هەڵەبجەیان دا. دووکەڵێکی سپی بڵاو بۆوە و دوانیوەرۆی ئەو رۆژە خەڵک هەستیان بە بۆنی سێو کرد و لە کیمیابارانی هەڵەبجە ئاگادار بوون. لەو پەلامارەدا زیاتر لە ٥٠٠٠ کەس لە خەڵکی سڤیلی ئەو شارە شەهید و زیاتر لە ١٠٠٠٠ کەس بریندار بوون. دیارە سەرەڕای تێپەڕینی ٢٤ ساڵ بە سەر تاوانی کیمیابارانی هەڵەبجە، هەتاکوو ئێستاکەش خەڵک و خاکی ئەو شارە بە دەست ئاسەوارەکانی چەکی کیمیایی دەناڵێنن.

بێ گومان پێویستە لە بەستێنە مێژوویی و سیاسی یەکانی ئەو کاتی جیهان، کە ئەو تاوانەی تێدا ئەنجام درا، تێبگەین بەلام نەک بۆ ئاسایی نیشاندان و پاساوهێنانەوە بۆ تاوانەکە، بەڵکوو لە پێناو خستنە ژێر پرسیاری سیاسەت و ئەخلاقی ئەو کات و ئێستای مرۆڤایەتی و جیهان. ئاخۆ ئەو مرۆڤانەی ئەو کردەوەیەیان ئەنجام دا چ کەسانێک بوون؟ ئەو مرۆڤانەی بە چاوی خۆیان رەشەکوژی خەڵکیان دەدی چیان کرد؟ ئایا کۆمەڵکوژیی خەڵکی هەڵەبجە بۆتە سەرمایەیەکی گشتی مرۆڤایەتی؟

١- کیمیابارانی هەڵەبجە و کوردستان: شەڕی کۆماری ئیسلامی و سەددام لە ٢٢ی سپتامبەری ١٩٨٠ دەستی پێکرد و تا ١٧ی جووڵای ١٩٨٨ درێژەی کێشا. بەو پێیە کیمیابارانی هەڵەبجە لە دۆخی شەڕی نێوان ئێران و عێراقدا روویدا. هێزەکانی یەکیەتیی نیشتمانی و کۆماری ئیسلامی بە هاوکاری یەکتر لە هەوڵی پاشەکشە بە هێزەکانی ئەرتەشی عێراق لە شاری

هەڵەبجە بوون. ڕۆژی ١٥ی مارس ١٩٨٨ لە ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستانەوە هەواڵی ئازادکردنی هەڵەبجە و ناوچەکانی دەوروبەری وەک سەرکەوتنێکی گەورە بۆ کۆمەڵانی خەڵک خوێندرایەوە. سەیر ئەوەیە کە ڕاگەیاندنی کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەو سەرکەوتنەی بە ناوی عەمەلیاتی وەلفەجری ١٠ دەخوێندەوە و هەرا وهوریایەکی گەورەی نایەوە کە پاسدارەکانی ئەوان گەیشتوونەتە لێواری سەدی دەربەندیخان و تا ٨٠٠ کیلومتر لە نێو خاکی عێراقدا پێشڕەوییان کردوە. دیارە زاڵبوونی کۆماری ئیسلامی بە سەر سەدی دەربەندیخان، کە نزیکەی چوار ملیارد میتری سێجا ئاوی تێدا بوو و ئەو ئاوە بەشی نوقمکردنی پارێزگای دیالە و بەغدا و پارێزگاکانی باشووریشی دەکرد، ترس و قینێکی گەورەی لە لای ڕژێمی بەعس دروست کرد. لە بەیانی ١٦ی مارس هێزی ئاسمانیی بەعس بە بومبارانکردنی شاری هەڵەبجە بە چەکی کیمیایی تراژێدییەکی مرۆییان خوڵقاند. دیارە کیمیابارانی هەڵەبجە بەشێک بوو لە هەڵمەتەکانی ئەنفالی ڕژێمی بەعس لە دژی کورد کە لە سەرەتای ١٩٨٧ دەستی پێکرد و تا سێپتەمبەری ١٩٨٨ درێژەی کێشا. لە کاتی ڕوودانی تراژێدییەکەدا هێزەکانی کوماری ئیسلامی لە نزیک ڕووداوەکە بوون، هەر بویە بەشێکی زۆر لە نەخۆشەکان بۆ چارەسەری بەرەو تاران بەڕێ کران. هەروەها ئەو کات وەفدی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕێگەی سنوورەکانی ئێران سەردانی شاری هەڵەبجەیان کرد. دیارە هەڵوێستی ئەو کاتی کۆماری ئیسلامی هەڵوێستێکی سیاسی و بە دژایەتی لە گەڵ حیزبی بەعس بووە، بەڵام هەڵوێستی مرۆڤانەی خەڵکی مەدەنیی ئێران(ڕۆژنامەنووسان، وێنەگران، تیمەکانی فریاکەوتن و دوکتۆرەکان) هەتاهەتایە شایانی ڕێزگرتنە. لێرەدا سەرنج بدەنە وتەکانی یەکێک لەو دوکتۆرە ئێرانییانە: »ئاغای کازمی دەڵێ سەدان بریندارمان گواستەوە بۆ ناوەندەکانی چارەسەری پزیشکی، لە کاتی کارەکانمدا دیمەنێکی مەرگ هەژێنم بینی. ژنێکی تەمەن ٣٢ ساڵان کە دووهەمساڵی شووکردنی بوو، بە دژواری بریندار کرابوو، ژنەکە دووگیان و لە حاڵەتی منداڵبووندا بوو. دوکتورەکان هەوڵیاندا منداڵەکە لە زگی دەربهێنن، بەڵام ژنەکە ڕێگەی نەدا. ژنەکە وتی: « من دەمرم بۆیە ڕێگە نادەم منداڵەکەم بێبەش بێ لە سۆزی دایکایەتی» پاش کەمیک وتی: « من دەمرم بۆیە نەشتەرگەریم بۆ بکەن، بەڵکوو کوڕێکم ببێ ببێتە پێشمەرگە بۆ گیانی جاشەکان»، من ئەو کات نەمدەزانی (جاش) چییە، منداڵەکەیان لە زگی دەرهێنا، منداڵەکەی کوڕێک بوو. هەر لەوێدا ناوی نا (تۆڵە)، ژنەکە کاتێک منداڵەکەی بینی خەندەیەک کەوتە سەر لێوەکانی، دیار بوو ئەوە دوا بزەی ژیانی دەبێ چۆنکە بە دژواری پێکرابوو. ڕەنگە ئێزرائیل هەر بۆ لە دایکبوونی منداڵەکە گیانی ژنەکەی نەستاندبێ، ئەگینا ڕادەی بەرکەوتنی ژنەکە یەکجار مەترسیدار بوو. بەداخەوە دوای خەندەی سەر لێوەکانی بۆ هەتاهەتایە دڵی لە لێدان کەوت، ئێستا نازانم تۆڵەی کوڕی لە کوێیە، هەموو هیوام بینینی تۆڵەیە و هیوادارم هەر لە ژیاندا بێ.»(هاوکار محەممەد، شایەتحاڵانی ئێرانی چیرۆکی هەڵەبجە دەگێڕنەوە)

دیارە شوێنپەنجەی هەڵەبجە لە نێو ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەیەی هەفتای هەتاوی دەردەکەوێ. خوێندکارە کوردەکان بۆ ڕەخساندنی مەجاڵی چالاکی و بەخشینی شۆناسی نەتەوەیی بە بزووتنەوەی خوێندکاریی کوردی هەوڵ دەدەن لە تاوانی کیمیابارانی هەڵەبجە کەڵک وەربگرن. لە ڕاستیدا تاوانی هەڵەبجە توانی هاوبەشییەکی گەورە لە نێو خوێندکارانی کورد لە زانکۆکانی تاران، تەورێز، هەمەدان، ورمێ، کرماشان و... دروست بکا. هەر بۆیە لە ئێستادا نزیک بە دوو مانگ پێش لە ١٦ی مارس خوێندکارە کوردەکان هەوڵی وەرگرتنی ئێزنی بەڕێوەچوونی ساڵیادی هەڵەبجە دەدەن. بەو پێیە هەڵوێستی نەتەوەیی ئەو خوێندکارانە لە هەمبەر کیمیابارانی هەڵەبجە، دەرفەتێکی هاوبەشی نەتەوەیی لە نێو زانکۆکان و بۆ بزووتنەوەی خوێندکاری ڕەخساندوە. هەروەها هاوبەشییەکی مرۆڤی و نەتەوەیی گەورە لە نێوان بەرکەوتووانی کیمیابارانی

شارِی هەڵەبجە و سەردەشت هەیە، هەموو ساڵێک خەڵکی ئەو دوو شارە لە ڕێورەسمەکانی یەکتردا بەشداردەبن و هاوکاریی یەکتر دەکەن. دیارە هەر بزووتنەوەیەکی نەتەوایەتی پێویستی بە هەبوونی بۆنە، هێما و مەجاڵی هاوبەش هەیە. بوونی ئەو بۆنە، هێما و مەجاڵە هاوبەشانە یارمەتیی ئەوە دەدەن کە گۆتاری نەتەوایەتی، سایکۆلۆژی و ئیرادەی مرۆڤی کورد، بەهێزتر و یەکگرتووتر بێ. پێویستە سەرنج بدەینە ئەوەی کە کیمیابارانی هەڵەبجە کارەساتێکی مرۆڤی گەورەیە، بەڵام دەرفەتێکی گەورەشە. ئەو دەرفەتە بەمجۆرە دەخوڵقێ کە ئەحزابی کوردی تاوانی کیمیابارانی هەڵەبجە بۆ ئاستێکی سیاسی باڵا بەرز بکەن و بیکەنە دەروازەیەک بۆ قسە کردن لە سەر مافی نەتەوەیی کورد و پرەنسیپە مرۆڤایەتییەکان.

٢- کیمیابارانی هەڵەبجە و جیهان: دیارە شکستی حکوومەتی بەعسی عێراق لە ڕەوتی شەڕدا، لە بەرامبەر هێزە کوردییەکان و هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە شارِی هەڵەبجە، ترس و قینێکی گەورەی دروستکرد، بەڵام ئەوەی کە ئەو ترس و قینە بە چەکی شیمیایی پشتئەستوور کرابوو بابەت و دەروازەیەکە بۆ ئاگادار بوون لە هەڵوێستی ئەو کاتی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و دواجار خستنە ژێر پرسیاری سیاسەت و ئەخلاقی ئەو کات و ئێستای جیهان. بۆ ئەم مەبەستە پێویستە وڵامی ئەو سێ پرسیارە بدەینەوە:

ئەڵف) ئایا مێژووی بە کارهێنای چەکی شیمیایی بۆ پەلاماری حکوومەتی بەعس بۆ شارِی هەڵەبجە دەگەرێتەوە؟
ب) ئایا تاوانی کیمیابارانی هەڵەبجە و ژینۆساید لە جیهانی ئەمرۆدا هێزی نەماوە؟
ج) چ بکەین هەتاکوو تاوانی کیمیابارانی هەڵەبجە و ژینۆسایدی کورد، ببێتە سەرمایەیەکی نەتەوەیی و سەرمایەیەکی مرۆڤایەتی؟

ئەڵف) چەکی شیمیایی بۆ یەکەمجار لە رۆژی ٢٢ ئاوریلی ١٩١٥ لە رەوتی شەڕی یەکەمی جیهانیدا بەکار هات. لەو رۆژەدا سەربازەکانی ئاڵمانی لە ناوچەیەک هەڵکەوتوو لە سنووری بەلژیک بە کەڵک وەرگرتن لە ٦ هەزار سیلەندری هەڵگری گازی کۆلۆر، گازی ژەهراویان بە دژی سەربازەکانی هاوپەیمانان بە کار هێنا. ئەو ڕووداوە بووە هۆی گیان لە دەست دانی زیاتر لە ٥٠٠٠ هەزار و بریندار بوونی زیاتر لە ١٥٠٠٠ کەس. دە ساڵ دواتر لە ساڵی ١٩٢٥ ڕێککەوتننامەی ژێنێڤ یان، قەدەغە کردنی کەڵک وەرگرتن لە چەکی شیمیایی و خنکێنەر لە شەڕدا، واژۆ کرد. ئەو ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییە بووە سەرمایەیەکی مرۆڤایەتی و بەربەستێک بۆ پێشگرتن لە کەڵک وەرگرتن لە چەکی شیمیایی لە شەڕی دووهەمی جیهانیدا. دیارە عێراق و ئێرانیش ئەو ڕێککەوتننامەیان واژۆ کردبوو، بەڵام عێراق لە ڕەوتی شەڕدا ئەو ڕێککەوتنەی پێشێل کرد. سپای عێراق بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٨٢ چەکی شیمیایی لە دژی هێزەکانی ئێران بە کار هێنا. سپای عێراق بە شێوەیەکی بەربڵاو لە کاتژمێر چوار و نیوی پاش نیوەڕۆی ٢٨ ژوئەنی ساڵی ١٩٨٧، واتە هەشت مانگ بەر لە کیمیابارانی هەڵەبجە، چەکی شیمیایی بە دژی شارِی سەردەشت بە کار هێنا. لەو هێرشەدا ١١٠ کەس لە خەڵکی مەدەنی سەردەشت کوژران و نزیک ٨٠٠٠ کەس بریندار و ژەهراوی بوون. دیارە لە ڕەوتی شەڕی ئێران و عێراقدا هەر چوار زلهێزی جیهان واتە ئەمریکا، بریتانیا، فەرانسە و یەکیەتیی سۆڤییەت پشتیوانی سەددام بوون، هەر بۆیە پێشێل کردنی یاساکانی نێودەوڵەتی و بە کارهێنانی چەکی شیمیایی لە لایەن سپای عێراق پەردەپۆش دەکرا. ئەو بێ هەڵوێستی و کەمتەرخەمیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە بەرامبەر کیمیابارانی سەردەشت بەستێنی دروستکرد تا تاوانی کیمیابارانی هەڵەبجە و کۆمەڵکوژیی کورد

دیسان ئەنجام بدرێ. هەروەها پێویستە سەرنج بدەینە ئەو بابەتە كە دیكتاتۆریی سەددام بە بێ یارمەتی تەكنۆلۆژی ڕۆژئاوا نەیدەتوانی تاكە نارنجۆكێكی ژەهراوی دروست بكا، چ بگا بە ئەوەی بۆمبی شیمیایی بەرهەم بێنێ. بەو پێیە تاوانی كیمیابارانی هەڵەبجە و ژینۆسایدی گەلی كورد بەرهەمی هاوپێوەنیەدی نێوان قین، دواكەوتوویی و فاشیزمی بەعس بوو لە گەڵ تەكنۆلۆژی، زانست و مۆدێرنەی ڕۆژئاوا. دیارە لەو هاوپێوەندی نامرۆڤانەیە دەوڵەتی ئاڵمانی ڕۆژئاوا پشكی شێری بەر دەكەوێ. كارگە و كۆمپانیاكانی ئاڵمان لە فرۆشتن، دامەزراندنی بنیاتەكانی چەكی شیمیایی و ڕاهێنانی موهەندیسەكاندا هاوكاری دەوڵەتی عێراق بوون. كەڵك وەرگرتنی سۆپای عێراق لە چەكی كیمیایی بووە هۆی ئەوەی كە لە ڕێكەوتی ١٢ - ٤ - ١٩٨٤ لە نێو پارلمانی ئاڵمانیشدا مشتومڕ بێتە گۆڕێ. ئەندام پارلمانی سەر بە پارتی سۆسیاڵ دێموكرات(ڤینسل) كە ئەو كاتە لە ئۆپۆزسیۆن دا بوون لە دوكتور مێرتس وەزیری پارتی دێموكرات مەسیحییەكان(پارتی دەسەڵاتدار) پرسیار دەكا: « ئایا بە كاردانەوەیەكی گونجاوی نازانی كە لە بەر بەرژەوەندی و ئابرووی ئاڵمان لە بەردەم ڕای گشتی و هەروەها لە پێناو قەدەغەكردنی بەكارهێنانی چەكی شیمیایی، حكوومەتی ئاڵمان مۆڵەتی ئیقامە لە كارگە ئاڵمانی و بیانییەكانی دروستكەری فرۆكەی سەربازیی بۆ عێراق و فرۆكەوانە عێراقییەكان كە ماوەیەكە بۆ فێربوونی پیشەكەیان لە كارگەیەكی گەورەی ئالمان دان بستێندرێتەوە، هەتاكوو دڵنیا بین كە عێراق دیسان پەنا ناباتە بەر بەكارهێنانی چەكی قەدەغەكراو؟ دوكتور مێرتس وەڵام دەداتەوە: »ئەمەی تۆ دەیڵێی بە واتای سزادان دێ. من ئەوەی بە باش و گونجاو نازانم.» پارلمانی ئاڵمان لە مارسی ٢٠٠٣ ش ئامادە نەبوو یادداشت نامەیەك سەبارەت بەو كارگە و كۆمپانیایەی كە كەرەسە و پێداویستیی دروستكردنی چەكی كیمیاییان بە عێراق فرۆشتوە وەربگری. هەروەها داوای قەرەبووكردنەوەی قوربانیانی كیمیاباران، لە لایەن حكوومەتی ئاڵمان، ڕەتكرایەوە. هەر بۆیە پێویستە هەر تاكێكی كورد هەموو ساڵێك لە ١٦ مارسدا، بە ئەنجامدانی خۆپێشاندان، هاوپەیمانێتی ڕۆژئاوا و فاشیزمی بەعس وەبیر جیهان بێننەوە.

ب) لێرەدا بۆ ئەوەی نیشان بدەین كە ژینۆساید لە پێوەندی نێودەوڵەتی ئێستادا هەر پرباپەخە دوو نموونە دێنینەوە:

١- **ژینۆسایدی ئەرمەنییەكان**: ئەرمەنییەكان لە شەری یەكەمی جیهانیدا بە دەستی ئیمپراتۆری عوسمانی و توركە لاوەكان ژینۆساید كران. بە هۆی قبووڵنەكردنی ژینۆسایدی ئەرمەنییەكان لە لایەن دەوڵەتی توركیە زیاتر لە ١٩ ساڵە(لە ساڵی ١٩٩٣ وە) كە سنوورەكانی ئەرمەنستان-توركیە بە داخراوی ماوەتەوە. نزیك بە ١٠٠ ساڵ لە ژینۆسایدی ئەرمەنییەكان تێدەپەڕی، بەڵام هەوڵی ئەوان بۆ بە فەرمی ناسینی ژینۆسایدەكەیان هەروا بەردەوامە. لە ژێر كاریگەریی ئەرمەنییەكان و بە تایبەتی دیاسپۆرای ئەرمەنی پارلمانی فەرانسە لە ڕۆژی ٢٢ دێسامبەری ٢٠١٢، لە پێوەندی لە گەڵ ژینۆسایدی ئەرمەنییەكان، یاسایەكی پەسند كرد كە بە پێی ئەو یاسایە هەر كەسێك نكۆڵی لە ژینۆسایدی ئەرمەنییەكان بكا ڕووبەڕوی یەكساڵ زیندان و دانی غەرامەی ٤٥ هەزار یۆرۆیی دەكرێ.

٢- **هۆلۆكاست**: ژینۆسایدی یەهوودییەكان لە شەڕی دووهەمی جیهانی بە دەستی نازییەكانی ئاڵمان ئەنجام درا. ئەو ژینۆسایدە لە سەر دروستكردنی هەوڵێكی نێودەوڵەتی لە پێناو بوونی وڵاتێك بۆ سەقامگیری و ئاسایشی یەهوودییەكان ڕۆڵێكی سەرەكی گێڕا. ژینۆسایدی یەهوودییەكان نەك لە ڕابردوودا كاریگەر بووە، بەڵكوو ئێستاكەش هەر پڕبایەخە. لە كۆتاییەكانی ساڵی ٢٠٠٥، لە دژكردەوە بە قسەكانی ئەحمەدی نیژاد لە پێوەندی لە گەڵ نكۆڵی كردنی هۆلۆكاست، كۆڕی

گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان بە دەرکردنی بڕیارنامەیەک هۆڵۆکاستی وەک ڕووداوێکی مێژوویی پەسند کرد و ١٩٢ وڵاتی جیهان، ٢٧ ژانوییەیان وەک ڕۆژی نێونەتەوەیی هۆڵۆکاست دەستنیشان کرد.

ج) دەبینین کە ژینۆسایدی ئەرمەنییەکان و هۆڵۆکاست سەرمایەیەکی نەتەوەیی ئەوان و سەرمایەیەکی گشتی مرۆڤایەتییە. نەتەوەی کورد بە ئەنفاڵ و کیمیابارانی هەڵەبجە، کۆمەڵکوژیی دەرسیم، کۆشتاری قارنێ و قەڵاتان و کیمیابارانی سەردەشت، کۆشتاری شاری ئاموودا و... بۆ ئەوەی ئەو تراژدییە نەتەوەییانە بکاتە سەرمایەیەکی نەتەوەیی و سەرمایەیەکی گشتیی مرۆڤایەتی.

١- هەموو ئەحزابی کوردی ئاستی سیاسی ئەنفاڵ و تاوانی کیمیابارنی هەڵەبجە بەرز بکەنەوە و ڕۆژی ١٦ی مارس وەک ڕۆژێکی فەرمی و نەتەوەیی دەستنیشان بکەن. هەروەها هەوڵ بدەن هەتا ١٦ی مارس وەک ڕۆژی جیهانیی قەدەغەکردنی چەکی کیمیایی دیاری بکرێ.
٢- هێزە سیاسی و مەدەنییەکانی کورد هەوڵی بە فەرمی ناسینی هۆلۆکاست، ژینۆسایدی ئەرمەنییەکان، بۆسنییەکان و ... بە گشتی هەوڵی بەفەرمی ناسینی کۆمەڵکوژی هەموو گەلانی ژینۆسایدکراو بدەن.

٣- سەرجەم ئەحزاب و چالاکانی مەدەنیی کورد و هەر مرۆڤێکی کورد هەوڵی پێکهێنانی ڕێکخراوی گەلانی ژینۆسایدکراو بدەن. سەردەمی ئێستا واتە سەردەمی بەجیهانیبوون، پێویستی بە خێرابوون و هاوکارییەکی بەرفراوان هەیە کە ئەو تایبەتمەندییانە لە ڕێگەی ڕێکخراوەکانی جیهانی دابین دەکرێ. زلهێزەکان لە ڕێگەی ڕێکخراوە جیهانییەکان پەرە بە بیر و کولتوورە لیبراڵەکەیان دەدەن و دەرفەتی مودێرنیتەی جیهان پەیدا دەکەن. جێگەی سەرنج ئەوەیە کە کوردەکان بەردەوام پەنا و هانایان بۆ کۆمەڵگەی جیهانی بردوە و هەموو هەوڵەکەیان لە پێناو ئەوەدا بووە کە لە دامەزراوە، چەمک و پێناسەکانی ڕۆژئاوایی، لە بەرژەوەندی خۆیاندا کەڵک وەربگرن. بە واتایەکی دیکە دەرکەوتن و ڕۆڵی کورد لە جیهاندا لە نێوان "لێقەوماوەکانی جیهان" یان "سەربارەکانی جیهان"دا بووە. لە ڕاستیدا پەنابەریی کوردەکان تەنیا بەو هەزاران کۆچبەرە کوردەی کە بە جیهاندا بڵاوبوونەتەوە کۆتایی پێنایەت، بەڵکوو پەنابەریی گەورەتری کوردەکان پەنابەرییەکی یاسایی و کولتوورییە لە ئاستی جیهاندا. بەم پێیە شوناس و کەسایەتیی جیهانیی کوردەکان شوناسێکی ناسەقامگیر، بچووک و شیاوی بەزەیی یە. دیارە ئەم دۆخە شتێکی خوازیار و جێگەی پەسند نییە. بەم هۆیە کوردەکان پێویستیان بە ڕوڵێکی چالاک، زیندوو و داهێنەرانە لە ئاستی جیهاندا هەیە کە لە لایەک بتوانن بابەتی گفتوگۆ بۆ جیهان دروست بکەن و لە لایەکی دیکە مێژوو، کولتوور، شوناس و خواستەکانی خۆیان لە نێو دامەزراوە، چەمک و بەهاکانی زاڵی جیهاندا جێ بکەنەوە. لەو پێوەندییەدا کوردەکان پێویستە هەوڵی دامەزراندنی "ڕێکخراوی گەلانی ژینۆسایدکراو" بدەن. بەو پێیە ئەرکی هەر تاکێکی کوردە کە لە هەر گۆشەیەک لە جیهاندا کە دەژێ بابەتی پێکهێنانی ریکخراوی گەلانی ژینۆسایدکراو لە گەڵ گەلانی ئەرمەنی،بۆسنی،یەهوودییەکان و... بێنێتە بەر باس، هەروەها بابەتی دامەزراندنی ئەو ڕێکخراوەیە ڕووبەڕووی نەتەوەیەکگرتووەکان، پارلمانی ئوروپا، یونسکۆ و... بە تایبەتی ڕووبەڕووی هەموو ئەو وڵاتانەی کە حەشیمەتێکی بەرچاو لە دیاسپۆرای گەلانی ژینۆسایدکراو لە خۆدەگرن، بکەنەوە. دیارە گەلانی ژینۆسایدکراو دەتوانن لە هەنگاوەکانی دواتردا سەبارەت بە پێکهاتە، ئەرک و ئامانجەکانی "ڕێکخراوی گەلانی ژینۆسایدکراو" دانیشتن و ڕێککەوتن بکەن.



سەرچاوە
Serchawe

سەرچاوەکان:

١- دوکتور سالار حەمەسور باسیرە، تراژدیای هەڵەبجە لە سەر ئاستی نێوخۆ و نێودەوڵەتی
٢- یوسف دزەیی، ئەنفال(کارەسات، ئەنجام و رەهەندەکانی)
٣- خەلیل سەرکانی، ئەنفال(لە یادەوەری پێشمەرگەیەکدا)
٤- www.kurdocide.com
٥- www.dengekan.info

(لە ژمارە ٥٧٩ی رۆژنامەی کوردستان بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی مارچی ٢٠١٢

---------------------------------------------------

## ساڵی ١٣٩٠ بۆ کۆماری ئیسلامی ساڵی قەیرانەکان بوو

**رەحمان سەلیمی**

**وەرگێڕان**

ساڵی نەوەد بۆ ئێرانییەکان هەڵگری رووداوی گرینگ بوو کە بە ناوزەدکردنی ئەو ساڵە بە » جیهادی ئابووری» لە لایەن رێبەری نیزامەوە دەستی پێکرد و بە نۆمایشی گاڵتەجاڕانەی لێ پێچینەوەی سەرۆک کۆمار لە لایەن نوێنەرانی شووڕای ئیسلامی کۆتایی پێهات. دەکرێ ساڵی نەوەد بە یەکێک لە قەیراناویترین ساڵەکانی تەمەنی سیاسیی کۆماری ئیسلامی لە قەڵەم بدەین. ساڵێک کە ئەو رێژیمە لەگەڵ قەیرانی جۆراوجۆر رووبەڕوو بووە وەک قەیرانی سیاسی، ئابووری، ئەمنییەتیی و...

لەو وتارەدا هەوڵ دەدرێ جەخت لە سەر گرینگترین رووداوەکانی ساڵی نەوەد بکرێ و بە بێ چوونە نێو وردەکارییەکان، چاوێک لە هەلومەرج و پێگەی کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆ و دەرەوەی ئێران بکرێ.

## قەیرانی سیاسی

پاشهاتەکانی هەلبژاردنیی پڕەدنگۆی سەرکۆماری ساڵی ١٣٨٨ بۆ ساڵی نەوەدیش درێژەی کێشا و سنووربەندی سیاسی تازە و کەلێنی تازەی لە نێو بەرەکانی دەسەلات دا پێکهێنا. لە حاڵێکدا کە ڕێبەرانی ناڕازی بە ئاکامەکانی هەڵبژاردنی سەرکۆماری هەروا لە نێو ماڵدا دەستبەسەر کراون زیاتر لەوەی لە بیری داهاتووی بزووتنەوەی نارەزایەتیی و هێنانەئارای ڕێگەچارەی نوێ بۆ دەستەبەرکردنی داواکارییەکانی خەڵکدا بن، تووشی گۆشەگیری و پاسیڤی بوون کە ئەو بابەتە بووە هۆی هاتنەئارای گرفت و دووبەرەکی لە نێو ریزەکانی بزووتنەوەی سەوزدا و لە لایەکی دیکەوە لایەنگرانی بزووتنەوەی نائۆمێد کرد و هەروەها بەستێنی سەرکۆتی بەربلاوی ناڕازییان لە لایەن هێزە ئەمنییەتییەکانی رەخساند. ساڵی نەود دەکرێ ساڵی نوشستی سیاسی ڕێفورمخوازەکانیش ناوزەد بکەین. ڕێفۆرمخوازەکان بەرەبەرە لە دەسەلات دوور کراونەوە و مەیدانیان بۆ کۆنەپارێزەکان چۆل کرد. ئەحزابی سەرەکی ڕێفۆرمخواز نا قانوونی راگەیەندران و چالاکە ناسراوکانیان کەوتنە راونان و دەستبەسەرکردن و گوشاری جۆراوجۆر. هەروەها بلاوکراوەکانی سەر بە ئەوان یەک لە دوای یەک داخران و کەوتنەبەرهێرشێکی بەربلاوی راگەیاندنەکانی سەر بە حکوومەت. دەسەلات و دەستڕۆیشتوویی دەزگا نیزامی و ئەمنییەتییەکان بەتایبەتی سوپا زۆر زیاتر لە پێشوو بوو.

بە لە پەراوێزخستنی ڕێفورمخوازەکان لە گۆڕەپانی سیاسی، بەرەی کۆنەپارێزەکان کەلێنی کەوتێ و دوو رەوتی جیاواز لە نێویاندا دەرکەوت. رەوتێک کە زۆرتر خۆی بە لایەنگری خامنەیی لە قەڵەم دەدا و لە پشتگیری بەیتی ڕێبەری و فەرماندە پایە بەرزەکانی سوپا بەهرەمەند بوو و لەو لاوە رەوتێک بوو کە بە بازنەی لایەنگرانی ئەحمەدی نیژاد ناسراو و ئیسفەندیاری رەحیم مەشایی بەرپرسی دیوی کاری ئەحمەدی نێژاد و هاوڕێی ئەشکەوتی ئەو وەک تیۆریدارێژی ئەو رەوتە لە قەڵەم دەدرا. مەشایی کە لە پشتگیری بێ ئەملاوئەولای ئەحمەدی نیژاد بەهرەمەند بوو هەوڵی دا بە گەڕانەوە بۆ مێژووی کۆنی ئێران، جەخت لە سەر لایەنی ئێرانی بوون و شانازییە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان بکا و بەو جۆرە هەستی نەتەوایەتی ئێرانییەکان زەق بکا و رایانبکێشێ. شیمانەی ئەوە دەکرێ کە مەشایی لە هەڵبژاردنی خولی داهاتووی سەرکۆماری بە پاڵپشتی ئەحمەدی نیژاد بیهەوێ خۆی بەربژێر بکا کە ئەو بابەتە دەتوانێ هەڵسوکەوتەکانی ئەو روون بکاتەوە. گرینگتر لە هەمووی ئەمانە ئەوەیە کە ساڵی ١٣٩٠، ساڵی تێکشکانی قورسایی، پێگە و بە واتایەکی دیکە ساڵی تێکشکانی پیرۆزی ولایەتیی فەقیە بوو. خامنەیی کە زۆرتر خۆی تێکەڵ بە کێشە سیاسییەکانی بەرەکانی دەسەلات نەدەکرد و لانیکەم لە رەواڵەتدا وای دەنواند کە لە دەرەوەی باندەکانی نێو دەسەلات، ڕێبەری خەڵکی ئێرانە و رۆڵێکی باوکانە و پاشایانەی هەیە و لە هیچ باندێک بە دژی باندێکی دیکە پشتگیری ناکا، بە کردەوە کەوتە نێو هاوکێشەی باندەکانی دەسەلات. بە تایبەتی کاتێک کە فەرمانی دا وەزیری ئیتلاعاتی لە سەر کار لابراو لە لایەن ئەحمەدینیژادەوە بۆ سەر کاری خۆی بگێڕێتەوە کە ئەو هەڵوێستە، بایکۆتی ١١ رۆژەی ئەحمەدینیژادی لێکەوتەوە و کۆشکی سەرکۆماری بە هۆی نارەزایەتی بە نیسبەت دەستێوەردانی وەلی فەقیە بۆ ماوەی ١١ رۆژ سەرکۆماری لێ نەبوو کە رووداوێکی بێ وینە لە مێژووی کۆماری ئیسلامی لە قەڵەم دەدرێ. ئەو رووداوە کەلێنی نێو کۆنەپارێزەکانی گەورە کردەوە و دژکردەوەی توندی هێندێک لە نوێنەرانی پارلمان، فەرماندەرانی سوپا و کەسایەتیە سیاسییەکانی لێکەوتەوە و بە نزیکبوونەوە بۆ کاتی بەڕێوەچوونی

هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی، فەزای سیاسی ئێران ئاڵۆزتر بوو. هەروەها بۆ یەکەمجار هەڵبژاردنەکانی پارلمان لە ئامادەنەبوونی ڕیفۆرمخوازەکاندا دوو جەمسەری بوو. کۆنەپارێزەکانی لایەنگری خامنەیی و کۆنەپارێزەکانی لایەنگری ئەحمەدینژاد لە بەرامبەر یەکتردا ڕاوەستان. هەوڵەکانی مەراجعی تەقلیدی نزیک لە خامنەییش نەیتوانی ڕێکەوتنێک لە نێو کۆنەپارێزەکان لە سەر پێشکەشکردنی لیستێکی یەکگرتوو بۆ هەلبژاردنەکان کە گرووپە جۆراوجۆرەکانی کۆنەپارێزەکانی تێدا بێ پێکبێنێ و دواجار چەند لیستی هەڵبژاردن لە نێو کۆنەپارێزەکان هاتەدەرێ و کەوتنە ململانێ.
سالی ١٣٩٠ بۆ سیاسەتی دەرەوەی ئێرانیش ساڵێکی خراپ بوو، گۆڕانکاری گرینگ بە پێچەوانەی ویستی ڕێبەرانی ڕێژیم لە ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست ڕوویدا. شۆڕشەکانی ولاتانی عەرەبی و ڕاپەرینی خەڵک بە دژی سەرەڕۆیی و دیکتاتۆری لە وڵاتانی عەرەبی و بەهێزبوونی گوتاری دێمۆکراسیخوازی و دژایەتی لەگەڵ سەرەڕۆیی و دیکتاتۆری ترسێکی گەورەی خستە دڵی دەسەلاتدارانی کۆماری ئیسلامی، ترس لە بلاوبوونەوەی شەپۆلی ئازادیخوازانە و هاتنی ئەو شەپۆلە بۆ ئێران. ڕاپەرینی خەڵکی سووریە و لەق بوونی کۆڵەکەکانی حکوومەتی بەشار ئەسەد وەک هاوپەیمانی ستراتژیکی کۆماری ئیسلامی، وتووێژ و دواجار ڕێککەوتنی حەماسی فەڵەستین لەگەڵ فەتح و هاتنەئارای ناکۆکی نێوان تورکیە و ئێران لە سەر پرسی سووریە و... ئەو کۆمەڵە ڕووداوە ناخۆشەی ساڵی نەوەد بۆ کۆماری ئیسلامین.

## قەیرانی ئابووری

ساڵی نەوەد ساڵێکی دژوار بۆ گوزەرانی خەڵک دێتە ئەژمار. هەلاوسان، بێکاری، هاتنە خوارەوەی بەهای دراو و ناسەقامگیری بێ وێنەی بازار لە گرینگترین تایبەتمەندییەکانی ئابووری ساڵی ڕابردوو بوو. ساڵێک کە بڕیار بوو بە پێی وتەکانی ڕێبەری ئێران بە «جیهادی ئابووری» خەڵک و بەرپرسان ببێتە هۆی باشتر بوونی گوزەرانی خەڵک. بەڕێوەبردنی ناپسپۆرانەی قانوونی ئامانجدار کردنی یارانەکان و چوونەسەری بەهای سەرچاوەکانی وزە و بەخشینی یارانەی نەغدی بە خەڵک و زیادبوونی (نقدینگی) بۆتە هۆی چوونەسەری بەهاکان و لە لایەکی دیکە ئاسەوارێکی خراپی زۆری بۆ یەکەکانی بەرهەمهێنان، پیشەیی و وەرزێری داناوە و لە لایەکی دیکە توانایی کڕینی توێژی کەم داهاتی هێناوەتە خوارێ و گوزەرانی ئەوانی دژوار کردوە.

لە درێژەی زیادکردنی گوشار بۆ سەر بەرنامەی ناوکی و پێشلکردنی مافی مرۆڤ، بایکۆتی زیاتری ئابووری لە لایەن کۆمەڵگەی جیهانی، وڵاتانی ئەمریکا، یەکیەتی ئورووپا، کانادا، ئوسترالیا، ژاپۆن، کۆریای باشوور و... دانراوە. بە هۆی ئەو گەمارۆیانەوە ژمارەیەکی زۆر لە ڕێکخراوە داراییەکانی، کۆمپانیاکانی وەبەرهێنەر و هەروەها کەسایەتییەکانی بەستراوە بە سوپای پاسداران کەوتنە لیستی گەمارۆکان. نەکڕینی نەوتی ئێران لە لایەن یەکیەتیی ئورووپا و بایکۆتی بانکی ناوەندی لە لایەن ئەمریکا و یەکیەتی ئورووپا، گرینگترین و کاریگەرترین بایکۆتەکان بوون کە لە ساڵی ١٣٩٠ دا بە دژی کۆماری ئیسلامی بەڕێوەچوو و کاریگەریی ئەوان بە سەر ژیانی ئێرانییەکان هەست پێکراو بووە. بە دوای ئەو گەمارۆیانە بازاری (ارزی) ئێران بە جیددی تووشی گرفت بوو، تا ئەو جێگەیە کە بەهای هێندێک لەو (ارزە) سەرەکییە بیانییانە وەک دولار، پۆند و یۆرۆ لە ماوەی دوو مانگدا تا سەد لە سەد زیادی کرد و دەوڵەتی ناچار بە بەڕێوەبردنی سیاسەتی تەک ژمارەیی کردنی (ارز)، گوشار خستنە سەر سەرافەکان بۆ فرۆشتنی ئەرز بە بەهای دەوڵەتی و دواجار ناچار بە بردنەسەری

سوودی بانكی كرد، بۆ ئەوەی بتوانێ قەیرانی ئەرز ی چارەسەر بكا. بەڵام بە گرتنەبەری هەمووی ئەو ڕێوشوێنانەش لە ڕۆژانی كۆتایی ساڵی ١٣٩٠ شاهیدی ئەوەین كە بەهای دەلار دوو قاتی بەهاكەی لە سەرەتای ساڵ دایە. ڕووداوی گرینگی دیكەش لە ساڵی ١٣٩٠، ڕوویداوە كە هەموویان بوونەتە هۆی گوشاری زیاتر بۆ سەر توێژی كەم داهاتی كۆمەڵگە، بە پێی پێوەرە نێونەتەوەییەكان زۆرینەی خەڵك لە ژێر هێڵی هەژاری دان و لەگەڵ دژواری گوزەران ڕووبەڕوون و لە دابینكردنی لانیكەمی پێداویستییەكانی ژیان بێبەش ماون. ئەوە لە حاڵێكدایە كە كۆمپانی گەورە ئابوورییەكان كە لە چنگ كەسانێكی تایبەت وەك دەزگا نیزامی و ئەمنییەتییەكان و سوپای پاسداران دان، زۆربەی سەرمایەی ئێرانیان پاوان كردوە و بە تامەزرۆییەكی بێ وێنە لە هەوڵی زاڵبوون بە سەر ناوەندە ماڵی و ئابوورییەكان دان. گەندەڵی ماڵی و ئیداری و خراپ كەڵكوەرگرتنی بەربڵاو لە سەرمایەی خەڵك لە ساڵی ١٣٩٠ دا یەكێك لە پڕدەنگۆترین ڕووداوەكانی ساڵ بوو. هەواڵی دزی ٣ میلیارد دۆلاری كە وەك گەورەترین دزی مێژووی كۆماری ئیسلامی ناوزەد كرا و زۆرێك لە بەرپرسانی پایەبەرزی حكوومەتی دەستیان تێیدا هەبوو، بەشێكی بەرچاو لە فەزای ڕاگەیاندنی چ لە ئاستی نێوخۆ و چ لە ئاستی نێودەوڵەتی تایبەت بە خۆی كرد.

## قەیرانی ئەمنییەتی

گرتنەبەری سیاسەتێكی چەوت و دەستێوەردانی كۆماری ئیسلامی لە ئاستی ناوچە و جیهان لە تەنیشت سیاسەتە نێوخۆییەكان، ئێرانی زیاتر لە جاران بۆ كۆمەڵگەی جیهانی كردە هەڕەشە و مەترسی. لەو مەیدانەشدا قوربانیانی سەرەكی هەر نەتەوەكانی ئێران بوون. لە ساڵی ١٣٩٠ دا چەندین جار شاهیدی هەڵوێستی توندی بەرپرسانی ڕۆژئاوایی و بە تایبەتی ئەمریكا و ئیسرائیل لە هەمبەر ئەگەری هێرشی نیزامی بۆ سەر ئێران بووین. ئەو هەڕەشانە ئاكامی سیاسەتی دەستێوەردان و دوژمنایەتیی كۆماری ئیسلامی لە دژی دەوڵەتانی ڕۆژئاوایی و ناوچە و بە تایبەتی ئیسرائیل بوو. هەڕەشەی ئیسرائیل بە سڕینەوەی لە سەر گوێ زەوی، پاڵپشتی ماددی و ڕۆحی لە گرووپە تیرۆریستییەكانی وەك حەماس و حیزبوڵلا، هەوڵ بۆ ڕاگرتنی بەشار ئەسەد لە سەر دەسەڵات و بەشداری لە سەركوتی دڕندانەی خەڵكی ئەو وڵاتە، هەوڵ بۆ تیرۆری باڵوێزی عەرەبستانی سعوودی لە ئامریكا و بە گشتی گرتنەبەری سیاسەتێكی كێشەخوڵقێن، ئێرانی ڕووبەڕووی هەڕەشەی نیزامی جیددی كردۆتەوە. لە لایەكی دیكەوە ڕێبەرانی ڕێژیم لەو هەڕەشانە لە پێناو دوورخستنەوەی كێشە و گرفتە نێوخۆییەكان و داپۆشینی سیاسەتی سەركوت و دواجار پاراستنی نیزام كەڵكیان وەرگرتووە. ئەوان نارازییانی نێوخۆییان بە بیانووی پێوەندی لەگەڵ دوژمنان، لایەنگری لە ئیستكبار، هەڵخەڵەتێنراوانی شەیتانی گەورە و تاوانی لەم جۆرە تاوانبار و بەرەو بەندیخانەكان بەڕێ دەكەن. لە حاڵێكدا بەرەوپیری ساڵی نوێ دەچین كە سێبەری گەمارۆكان، هەڕەشە نیزامییەكان، كێشەكانی نێو دەسەڵات و... گەیشتۆتە دۆخێكی قەیراناوی و ڕەنگە ساڵی ١٣٩١ وەك ساڵی قووڵبوونەوەی قەیرانەكان و تەریككەوتنەوەی هەرچی زیاتری كۆماری ئیسلامی و ڕووبەڕوو بوونەوەی زیاتر لە گەڵ كۆمەڵگەی جیهانی و دواجار ساڵی لاوازبوونی ڕێژیم لە هاوكێشەكانی ناوچە بێ.

(لە ژمارە ٥٧٩ی ڕۆژنامەی كوردستان بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی كوردستان و كورد - ڕێكەوتی: ٢٣ی مارچی ٢٠١٢



سەرچاوە
Serchawe

# لە پەراوێزی پەیامی نەورۆزی ئۆبامادا

ڕەحمان سەلیمی

وەرگێڕان

هەموو ساڵێک بە هاتنی نەورۆز، ڕێبەرانی زۆرێک لە وڵاتەکان روو بە خەڵک و حکوومەتی ئێران پەیامگەڵێک دەنێرن. گرینگترین پەیامێک کە هەموو ساڵێک دژکردەوەی جۆراوجۆری لێدەکەوێتەوە و لە لایەن راگەیەندنە جیهانییەکان بە شێوەیەکی بەربڵاو بایەخی پێ دەدرێ، پەیامی سەرۆک کۆماری ئەمریکایە. ئەو پەیامە کە زۆرتر بە شێوەی ڤیدیۆیی بڵاو دەبێتەوە هەڵگری روانگەی سیاسیی ئەمریکا و هەڵوێستی ئەو وڵاتە لە بەرامبەر ئێران دایە. ئەمساڵیش هەر وەک ساڵانی پێشوو باراک ئۆباما لە پێگەی سەرۆک کۆماری ئەمریکادا بەو بۆنەوە پەیامێکی پێشکەش کرد کە هەڵگری هەندێک خاڵی گرینگ و جێگەی سەرنج بوو.

پەیامی ئۆباما لە گەڵ ئەوەدا کە وەرچەرخانێکی بەرچاوی بە بەراورد لەگەڵ پەیامی ناوبراو لە یەکەم نەورۆزی سەرۆک کۆمارییەکەی تێدا بووە و لە گۆتاری پێکەوەسازان و دوستایەتیی چوار ساڵ پێش تا رادەیەکی زۆر دوور کەوتۆتەوە و چێدیکە باسێک لە رێزی دووڵایەنە و پێوەندیی تەندروست نەبوو، بەڵام لە روانگەی هەندێک لە رەخنەگران پارادۆکسگەلێکیشی تێدا بوو کە لە درێژەدا تاوتۆیان دەکەین.

ئۆباما لە سەرەتای سەرۆک کۆمارییەکەیدا کە بە دروشمی «گۆڕان» و کردنەوەی قۆناخێکی نوێ لە پێوەندییەکانی ئەمریکا لە گەڵ وڵاتانی دوژمن یەک لەوان ئێران رێگەی بۆ کۆشکی سپی پەیدا کردبوو، لە یەکەمین پەیامی نەورۆزیی خۆیدا روو بە رێبەرانی ئەو وڵاتە کوتی کە وەرن ناکۆکییەکانمان وەلا بنێین چۆنکە هەوڵ بۆ پێکهاتنی پێوەندیی دووبارە بە هەرەشە نایەتە ئاراوە و هەروەها لە پەیامەکەیدا هاتبوو کە ئێمە بە شوێن پیوەندییەکین کە راستگۆیانە و بە پێی رێزگرتنی دوو لایەنەیە. »من بە بۆنەی ساڵی تازەی ئێوە، لە ئێوە خەڵک و کاربەدەستانی ئێرانی دەمهەوێ کە لەو داهاتوویەی کە ئێمە خوازیارین تێبگەن، ئەوە داهاتوویەکە کە لەودا پێوەندییەکانی نێوان خەڵکی ئێمە و دەرفەتگەڵێکی گەورەتریش بۆ پێکەوە کارکردن و بازرگانی دەست پێدەکاتەوە و هەروەها ئەمنییەت و ئاشتییەکی زیاتر دابین دەکرێ.» شێوازی پەیامی نەورۆزیی ئۆباما لە گەڵ شێوازی پەیامی نەورۆزیی بووش تەواو جیاواز بوو. بووش بە زمانی هەرەشە لە گەڵ رێبەرانی ئێران قسەی دەکرد. بۆ نموونە لە یەکێک لە پەیامەکانی نەورۆزیی خۆیدا بەو جۆرە دەڵێ «ئەگەر ئاخۆندەکان دێموکراسی قبوول نەکەن دەبێ رژیمەکەیان بگۆردرێ.»

دیارە گۆڕینی بەرچاوی سیاسەتی ئەمریکاییەکان نەک بەرهەمی گۆڕینی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە پێوەندی لە گەڵ

بابەتەکانی جێگەی کێشە وەک پشتگیری لە تیرۆریزم، پەرەپێدانی چەکە ئەتۆمییەکان و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، بەڵکوو بە دوای سەرنەکەوتنی دەوڵەتی ئەمریکا لە پێشگرتن بە دەستێوەردانی ڕژیمی ئێران لە وڵاتانێک وەک عێراق و ئەفغانستان و هەوڵی ئەمریکا لە سەر جۆرێک ڕێکەوتن لە گەڵ ئێران هاتەئاراوە. دەوڵەتی تازە بە دەسەڵاتگەیشتووی دێموکراتەکان لەو ڕاستییە ئاگادار بوون کە ئێران بە دەستێوەردانەکانی خۆی لە دوو وڵاتی دراوسێی واتە عێراق و ئەفغانستان دەتوانێ پێش لە پێکهاتنی سەقامگیری و ئاسایش لە ناوچەکە بگرێ.

بە چاوخشاندنێک بە پەیامی نەورۆزیی ئەم ساڵی ئۆباما بە ڕوونی دەردەکەوێ کە دەوڵەتی ئەمریکا ناکارامەیی سیاسەتەکانی پێشووی بۆ دەرکەوتوە، نێوەرۆکی ڕژیمی ئێران بە جۆرێکە کە توانای پەیوەستبوون و بەرپرسیار بوون بە پێوەرەکانی پەسندکراوی کۆمەڵگەی جیهانیی نییە. ماوەی سێ دەیەیە کە ناوەندیتیی سەرجەم سیاسەتەکانی دژ بە کۆماری ئیسلامی لە سەر بابەتی تیرۆریزمی نێودەوڵەتی و بەرنامەی ناوکی بووە و خواستە ئازادیخواز و دێمۆکراسیخوازەکانی خەڵکی ئێران لە هەڵوێستەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرامبەر بە ڕژیمی ئێران هیچ بایەخێکی نەبووە. بەو پێیە ئەو سیاسەتانە قەت ڕووبەڕوی پێشوازیی چالاکانی سیاسی و مەدەنیی ئێران نەبۆتەوە و لەو پوتانسیەڵە گەورەیە بۆ گۆشار خستنە سەر ئێران بۆ بەرێوەبردنی پەسندکراوەکانی نێودەوڵەتی کەڵک وەرنەگیراوە. ساڵانێک پرسی جێگەی ناکۆکیی ئێران لە گەڵ کۆمەڵگەی جیهانی، بەرنامەی ئەتۆمی بووە و بابەتی مافی مرۆڤ(مافی ژنان، نەتەوەکان و کەمینەکانی ئایینی و ئازادییە بنەڕەتییەکان و ...) بە تەواوەتی لە یاد کراوە.

بەو هۆیە بزووتنەوەی دێموکراسیخوازی لە ئێران بە کردەوە لە هەر جۆرە پشتگیرییەکی نێودەوڵەتی بێبەش بوو، کە نموونەی بەرجەستەی ئەو بابەتە دەکرێ لە نارەزایەتی دەربرینە میلیۆنییەکانی خەڵک بە دوای هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە ساڵی ١٣٨٨دا ببیندرێ. نارەزایەتییەک کە لە لایەن کۆمەڵگەی جیهانی گرینگی پێ نەدرا و لە گەڵ ئەوەدا کە تێچوویەکی زۆری دا سەرکوت کرا و بوو بە قوربانی سیاسەتە تەک ڕەهەندی و کۆنەپارێزەکانی کۆمەڵگەی جیهانی و بە تایبەتی ئەمریکا.

لە چەند ساڵی ڕابردوودا و بە تایبەتی پاش بێ ئاکامیی بزووتنەوەی نارەزایەتی دەربڕین لە نێوخۆی ئێران، ڕوانگەی بایەخدان بە مافی مرۆڤ لە هەڵوێست گرتن بەرامبەر بە ڕژیمی ئێران بەرجەستەتر بووە کە ئەو بابەتە لە پەیامە نەورۆزییەکانی لانیکەم سێ ساڵی ڕابردووی سەرۆک کۆماری ئەمریکادا بە جۆرێک ڕەنگی داوەتەوە. پەیامی نەورۆزیی ساڵی ١٣٩٠ی ئۆباما بە شێوەیەکی کەم وێنە جەختی لە سەر بابەتی مافی مرۆڤ کرد و بەردەنگی سەرەکیی ئەو، خەڵکی ئێران بوو نەک حکوومەتی ئێران و لەو پەیامەدا پرسی بەرنامەی ئەتۆمی و بابەتەکانی دیکەی پێشێلکردنی پەسندکراوە نێودەوڵەتییەکان بە گشتی لە پەراوێزی پرسی پێشلکردنی مافی مرۆڤدا بوو.

### ناتەبایی لە پەیامی نەورۆزیی ئەم ساڵی ئۆبامادا

ئۆباما بەشێکی زۆر لە پەیامی ئەم ساڵی خۆی بۆ بابەتی پێوەندییەکان و ئاڵوگۆڕی ئازادی زانیاری و گرینگییەکەی

تەرخان کردوە. ئۆباما لە گەڵ ئاماژە کردن بە شکۆمەندیی نەورۆز و کلتووری ئێرانی، باسی لە زیادکردنی لەمپەرەکانی پێوەندیگرتن لە لایەن دەوڵەتی ئێران کرد و کوتی کە حکوومەتی ئێران بە سانسۆر و کۆنترۆڵی ئەمواجی ماهوارەیی، خەڵک لە دەستراگەیشتن بە تەکنۆلۆژیی نوێ بێبەش دەکا کە دەبێ خەڵک بە توانا بکەن بەڵام بە پێچەوانە لە ئاراستەی سەرکۆتی ئەوان کەڵکی لێ وەردەگیرێ. ئۆباما بە هێنانەئارای ئەو بابەتە کە رژیمی ئێران پەردەی ئەلکترۆنیکی بە دەوری ئێراند کێشاوە، بەڵێنی دا کە لە پێناو هەڵگرتنی ئەو لەمپەرانە، هەندێک خزمەتگۆزاری بۆ دەستراگەیشتنی ئاسانتر بە ئینتێرنێت لە ئێران دابین بکا. بەشی سەرەکیی پەیامی ئۆباما جەخت کردنە سەر گرینگیی رۆڵی راگەیاندن و ئینتێرنێت و مافی خەڵکی ئێران لە بەهرەمەندی لەو خزمەتگۆزارییانە بوو. ئەو بابەتە بە تایبەتی پاش گۆرانەکانی جیهانی عەرەبی و رۆڵی بێ وێنەی ئاڵوگۆری زانیاری و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی ئینتێرنێتی زیاتر لە جاران گرینگی پێ دراوە. ئۆباما رژیمی ئێرانی وەک پێشێلکەری مافی مرۆڤ ناساندوە و لە کۆتاییدا ئاماژەیەکی کورتی بە بەرنامەی ئەتۆمی کردوە. ئۆباما دەڵێ: «ئەرکی دەوڵەتی ئێرانە کە رێز لەو مافانە بگرێ هەر وەک ئەرکییەتی بەرپرسیارەتییەکانی لە بارەی بەرنامەی ئەتۆمی ئەنجام بدا.»

بەشی باس هەڵگری پەیامی نەورۆزیی ئۆباما ئەو بەشەیە کە دەڵێ: «رێگەم بدەن دیسان بڵێم کە ئەگەر دەوڵەتی ئێران رێگەیەکی بەرپرسیارانە بگرێتەبەر جارێکی دیکە لە کۆمەڵگەی وڵاتان پێشوازی لێ دەکرێ و خەڵکی ئێران دەرفەتگەلێکی گەورەتریان بۆ سەرکەوتن دەبێت.» ئەو بەشە لە پەیامەکە زۆرێک لە دژبەرانی کۆماری ئێسلامیی رەنجاندوە. دژبەرانی کۆماری ئیسلامی لەو بڕوایە دان کە ئۆباما بە بەفەرمی ناسینی کۆماری ئیسلامی و ئاماژە کردن بەو لە تەنیشت خەڵکی ئێران و بە هێشتنەوەی دەرگای دیپلۆماسی لە بەرامبەر ئێراندا، دەرفەتێکی زیاتر بە دەسەڵاتدارانی ئێران بۆ پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و پەسندکراوە نێودەوڵەتییەکان دەدا. دەوڵەتی ئەمریکا لە لایەک کۆماری ئیسلامی بە رژیمێکی نابەرپرسیار، پێشێلکەری پەسندکراوە نێودەوڵەتییەکان، تێکدەری ئەمنییەتی جیبهانی، تیرۆریست و... لە قەڵەم دەدا و لە لایەکی دیکە دەرگای دیپلۆماسی روو بە رژیم دەکاتەوە و رەوایی پێ دەدا. لە لایەک راستەوخۆ رادەگەیەنێ کە لە نارەزایەتی دەربڕینی خەڵکی ئێران ئەگەر خوازیارین، پشتگیری دەکا و گرینگی نەدان بە خۆپێشاندانەکانی ساڵی ١٣٨٨ و بزووتنەوەی سەوز بە بەرهەمی خوازیارنەبوونی ئەوان دەزانێ و لە لایەکی دیکە لە کۆماری ئیسلامی لە ئەگەری گرتنی رێگەیەکی بەرپرسیارانە پێشوازی دەکا!

ئەو سیاسەتە دووانەیەی ئەمریکا هەم لە سەر ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی وڵات و هەم لە سەر چالاکانی مافی مرۆڤ لە نێوخۆی وڵات کاریگەریی نەرێنی داناوە و تێچوویەکی زۆری رووبەڕوی ئەوان کردۆتەوە.

لە ژمارە ٥٨٠ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٤ی ئەپریلی ٢٠١٢

# قازی محەممەد، پێشەوای مرۆڤی کورد

مێژووی مرۆڤایەتی ململانێ و ناتەباییەکی بازنەییە لە مرۆڤەوە بۆ مرۆڤ، کە لە ئاستی ورد و تاکەوە لە نێوان هزر و کردەوەی مرۆڤەکانەوە بەرەو ئاستی فرە و کۆمەڵگەکانەوە هەڵدەکشێ و لە نێوان ئایین، ئایدیۆلۆژی و نەتەوەکان لە سەر خاک، دەریا و سامان و دەسەڵات بەرجەستە و سەر لە نوێ ڕووبەڕوی مرۆڤ دەبێتەوە. لە کات و شوێنی جیاجیادا لە سەر بابەتێک لێدوان، نووسین و کرداری جیاواز هاتۆتە ئاراوە و دواجار "هەقیقەت"ی جیاوازیش بەرهەم هاتوە. هەقیقەتی مێژوو بریتییە لە ڕووبەڕوبوونەوە و بە نێو یەکداچوونێکی بەردەوامی نێوان خوا و مروڤ، ئاسمان و زەوی، خاک و دەریا، ئایین و زانست، ئەخلاق و سیاسەت، داگیرکەر و ڕزگاریخواز، دەسەڵاتخواز و ئازادیخواز، مرۆڤکوژ و مرۆڤدوستەکان. لە مێژووی نەتەوەی کورددا بە شوێن هەقیقەتی قازی محەممەد دەکەوین، سەر لە نوێ دادگایەک دروست دەکەین، بە شوێن ئەوە دەکەوین کە ئاخۆ کەسایەتی، بەرپرسیارەتی و ئەخلاقی قازی محەممەد، هزر و کرداری، شێوازی ژیان و مەرگی چ جۆرە "بوون"ێکە؟ ئەو "بوون"ە لە کوێدا دەست پێدەکا و لە کام پێگەدا جێ دەگرێ و دواجار بە پشتبەستن بە ڕێبازەکەی سیمای مرۆڤی کورد دەستنیشان دەکەین.

قازی محەممەد لە ١١ی بانەمەڕی ساڵی ١٩٠٠ لە دایک دەبێ. لە خزمەت باوک و مامی بیرمەندی فێری زانست، یاسای شەرع و جوامێری دەبێ. بە هەوڵی خۆی لە هەڵومەرجی پارچەکراو و لاوازکراوی کوردستاندا فێری زمانی فارسی، عەرەبی و تورکی دەبێ. هەروەها لە هەڵومەرجی نفووزی زلهێزەکان بە سەر ئێراندا شارەزایی بە سەر ئینگلیسی و فەڕانسەی و رووسی پەیدا دەکا. لە ساڵی ١٩٢٣ تا ١٩٢٥ بەرپرسی ئیدارەی ڕۆشنبیری و ئەوقافی مهاباد لە ئەستۆ دەگرێ. ساڵی ١٩٢٦ لە دوای دەست لە کارکێشانەوەی مامی"میرزا ئەبولقاسمی سەیفولقوزات" دەبێتە بەرپرسی فێربوون و پەروەردەی شار. لەو پێگەیەدا یەکەمین خوێندنگەی کچانەی شار دەکاتەوە. لێرەدا قازی محەممەد لە تاک و گەنجێکی بلیمەت و جوامێر کە سەرقاڵی ئەنجامدانی بەرپرسیارەتی کۆمەڵایەتییە سەرتر نییە، ئەو لێرەدا لە فەزایەکدا بەرپرسیارەتی ئەنجامدەدا، لە فەزایەکدا دەبینێ و قسە و هەڵسووکەوت دەکا، کە نە لەگەڵ دەسەڵاتی شا و نە لەگەڵ نەتەوەیەکی ژێردەست خۆی ڕووبەڕو ناکاتەوە، بەڵکوو بەرپرسیارەتی ئەو لێرەدا تەنیا لە نێوان تاکەکەسی خۆی و خەڵک دایە. لە ڕاستیدا قازی محەممەد لەو دۆخەدا دەستیی بە ئەنجامدانی بەرپرسیارەتی و دیالۆگێکی کۆمەڵایەتی کردوە کە لەودا هەر تاکێک خۆی و خەڵک بوونی هەیە. لە ساڵی ١٩٣٦ی زایینی لە نێو سەربازەکانی پادگانی شاردا، بە زمانی کوردی لە سەر دۆخی ئەو کاتی وڵات ڕەخنە و گازندەی دەسەڵات دەکا، ئەو کارە تووڕەیی ڕەزاشای لێ دەکەوێتەوە و قازی محەممەد لە سەر پۆستەکەی لادەبردرێ و ئەو سزایە تاکوو ٢٥ی ئاگۆستی ساڵی ١٩٤١، کە هێزە هاوپەیمانەکان هێرش دەکەنە سەر ئێران و شا بۆ دورگەی موریس دووردەخرێتەوە، درێژە دەکێشێ. لێرەدا قازی محەممەد بەرپرسیارەتی کۆمەڵایەتی بۆ بەرپرسیارەتی سیاسی و نەتەوەیی بەرفراوان دەکاتەوە واتە لە فەزایەکدا قسە و هەڵسووکەوت دەکا کە هەم دەسەڵاتی پاشایەتی و هەم نەتەوەیەکی ژێردەست بوونی هەیە. ئەو بە وتن و هەڵسووکەوتی خۆی ڕووبەڕوی زوڵمی شا و سستی نەتەوەکەی دەبێتەوە. لێرەدایە کە قازی محەممەد دەست بە ئەنجامدانی بەرپرسیارەتی و دیالۆگێکی نەتەوەیی و سیاسی دەکا،بەڵام لەو دۆخەشدا

قازی محەممەد هەر وەک تاکێکی هوشیار بەرپرسیارەتی سیاسی و نەتەوەیی، لە دەرەوەی هەر جۆرە گرووپ و پێکهاتەیەکی سیاسی و نەتەوەی، بە ئەنجام دەگەیەنێ. دیارە کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد"ژ.ک" کە ڕێکخراوێکی ناسیۆنالیستی بوو، لە ساڵی ١٩٣٨وە بە شێوەیەکی نهێنی چالاکی دەکرد، جۆرە فۆرم و بناخەیەکی سیاسی و نەتەوەیی دژبەر و جیاواز لە دەسەڵاتی پاشایەتی دامەزراندبوو. لە ساڵی ١٩٤١ کە سپای یەکیەتی سۆڤییەت لە بەشێک لە خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان جێگیر دەبێ، لە پێناو پاراستنی ئاسایشی ناوچەکە سی کەس لە سەرۆک عەشیرەت و دەرەبەگ و کەسایەتییەکان بۆ باکوو بانگهێشت دەکرێن کە قازی محەممەد یەکێک لەو کەسایەتییانە دەبێ. لەگەڵ ئەوەدا کە قازی لەو کاتەدا ئەندامی کۆمەڵە(ژ.ک) نەبووە، بەڵام بە هۆی کەسایەتی بەرزی، لە سەر خۆیی و بوێری و هەروەها شارەزایی بە سەر زمانی رووسیدا بە کردەوە سەرۆکایەتی وەفدەکە لە ئەستۆ دەگرێ. لەو دۆخەدا قازی محەممەد بەرپرسیارەتییەکی زۆر گەورەتر لە جاران لە ئەستۆ دەگرێ چونکی لە رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ نەتەوەیەکی دیکەدا(رووسەکان) نوێنەرایەتی ویست و شوناس و کەسایەتی خەڵکەکەی دەکا. پاش گەڕانەوەیان خەڵکی شار شووڕایەک پێکدێنن کە بەرپرسیارەتی ئەو شوورایە بە قازی محەممەد دەسپێرن. بە دوای ئەو دەستنیشانکردنەدایە کە قازی محەممەد ناچار دەبێ بەردەوام دیالۆگێکی کۆمەڵایەتی لەگەڵ خەڵک بکا واتە ڕێنوێنیان بکا و راوێژیان لێوەرگرێ. لەو دۆخەدا چیدیکە ئەو وەک تاکەکەسێک ، بە پێی ویست و روانگەی خۆی، بەرپرسیار نییە، بەڵکوو لە بەرامبەر ئاسایش و ژیانی خەڵک دا بەرپرسیار دەبێ. هەر ئەو بەرپرسیارەتی و پێگە جەماوەرییە بەهێزە و کارامەیی قازی محەممەد، ڕێبەرایەتی کۆمەڵە ناچار دەکا داوای ئەندامەتی لەو بکەن و دواجار قازی محەممەد لە ساڵی ١٩٤٤ ڕێبەرایەتی کۆمەڵە لە ئەستۆ دەگرێ. دواتر لە کۆتاییەکانی مانگی سێپتەمبەری ١٩٤٥ قازی محەممەد بۆ جارێکی دیکە سەردانی باکوو دەکا، بەڵام ئەمجارەیان وەک سەرۆکی کۆمەڵەی ژ.ک بە هاوڕێیەتی ئەندامانی ڕێبەرایەتی کۆمەڵە سەردانی کۆماری ئازەربایجان دەکا و چاوی بە باقرۆف دەکەوێ. لە دوای گەڕانەوەیان لە باکوو لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٩٤٥دا لە راگەیەندراوێکدا، کە بە واژۆی ٧١ کەس لە کەسایەتییەکان و ئەندامانی کۆمەڵە(ژ.ک) دەگا، دامەزرانی حیزبی دێموکرات رادەگەیەنن. لە یەکەمین کۆبوونەوەی حیزبدا ٤٣ کەس وەک کۆمیتەی ناوەندی و قازی محەممەدیش وەک بەرپرسی کۆمیتەکە هەڵدەبژێردرن. لە ٢ی ڕێبەندانی هەمان ساڵدا بە پشتگیری و لایەنگری ٢٠ هەزار هاووڵاتی، پێکهاتوو لە عەشایر و روناکبیران و خەڵکی کوردستان، حکوومەتی کۆماری کورستان دادەمەزرێ و قازی محەممەدیش وەک سەرۆک کۆماری کوردستان دەستنیشان دەکرێ. لێرەوە قازی محەممەد بەرپرسیارەتییەکی سیاسی و نەتەوەیی وەئەستۆ دەگرێ، بەڵام جیاوازییەکە لێرەدا ئەوەیە کە ئەو پێگەیە واتە سەرکۆماری کوردستان، کە لەودا دیالۆگ،قسە و هەڵسووکەوت دەکا، دەبینێ و دەنووسێ و بڕیار دەدا پێگەیەکی شەخسی نییە کە خۆی دروستی کردبێ، بەڵکوو پێگەیەکی گرووپی و خەڵکییە. پێگەیەکە کە خەڵک لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا پێیان ئەسپاردوە و هەر خەڵکیش دەتوانن لێی بستێننەوە. لەو فەزایەدا قازی محەممەد شەخسییەتێکی حقووقییە کە هەر چی بکات بە حیسابی میللەتێک دەنووسرێ. بە هێنانەوەی چەند نموونەیەک لە نووسین و کردار و بڕیاری سەرکۆماری کوردستان هەوڵ دەدەین شێوازی ئەنجامدانی بەرپرسیارەتی قازی محەممەد لە ئاست هاووڵاتیانی، لە ئاست نەتەوەکانی دیکە، لە ئاست دەسەڵاتی پاشایەتی و زلهێزەکان و دواجار لە ئاست ئەو کات و سەردەم نیشان بدەین:

١- سەرۆک کۆماری کوردستان و هاووڵاتیان: لە سەردەمی کۆماری کوردستان چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە و گۆڤار بە شێوەیەکی دامەزراوەیی و لە ژێر ئامانجێکی درێژخایەن و هەمەلایەنە ئەنجام درا. لە بڵاوکراوەکانی ئەو کات دەکرێ ئاماژە

بە دەرچوونی رۆژنامەی کوردستان، هاوار، نیشتمان و گروگاڵی منداڵان( یەکەمین بڵاوکراوەی تایبەت بە منداڵان لە مێژووی کورددا) و ... بکەین. قازی محەممەد سەرکۆماری کوردستان لە وتاری خۆیدا لە رۆژی دامەزراندنی کوماری کوردستاندا لە ٢ی رێبەندانی ساڵی ١٩٤٥ دا بەمجۆرە باس لە ئامانجی خۆیان لە چاپ و بڵاوکردنەوە دەکا: " چەند قوتابخانەی کچان و کورانمان کردەوە، قوتابخانەی شەوانەمان دایر کرد و کتێب بە زمانی کوردی وەرگێران. کچ و کور و پیاوی گەورە لە قوتابخانەکاندا شەو و رۆژ بە زمانی کوردی دەرس دەخوێنن لە جیاتی ئەوەی شەش حەوت ساڵ خەریکی خوێندن و فێربوونی فارسی بن لە مانگێک و دوو مانگدا دەبنە خوێندەوار و هەموو شتێک دەخوێننەوە و دەنووسن. بۆ ناساندنی لیاقەتی میللی و دەرخستنی ژیانی ئەدەبی و فەرهەنگیی کورد و بۆ ڕاگەیاندنی هاواری خۆمان بە گوێی دنیای بەشەرییەت و عەدالەت پێویستیمان بە وەسیلەی چاپ و بڵاوکرنەوە بوو، چاپخانەی زۆر چاک دانرا، لە شاری خۆماندا بە زمانی خۆمان، بە چاپخانەی خۆمان گۆڤار و رۆژنامە دەردەچێ و بیر و هەست و داخوازی ئێمە لە دنیادا بڵاو دەکاتەوە."

لە راستیدا لە کۆمەڵگەیەکدا کە چاپ و بڵاوکردنەوە بوونی نییە، لە کۆمەڵگەیەکدا کە خەڵک نەخوێندەوارن و توانایی نووسین و خوێندنەوەیان نییە، مرۆڤ ئامادەبوونیکی بەرتەسک و لاوازی هەیە و نەتەوەش هەر بوونی نییە. ئەگەر کەسێک نەتوانێ بخوێنێتەوە و بنووسێ، بەو واتایەیە کە لە جوغرافیای ماڵ و عەشیرە و گەڕەک و شارەکەی، خۆی بەند کردوە و قەتیس ماوەتەوە، فراوانتر و دوورتر و سەرتر لەو شوێن و کاتە بەرتەسک و دیاریکراوەی کە تێیدایە نە دەتوانێ ببینێ و نە دەتوانێ قسە بکا و نە دەتوانێ خاوەنی ویست و شوناس بێ. لە کۆمەڵگەیەکدا کە قوتابخانە و چاپ و بڵاوکردنەوە بوونی هەبێ، تاکێک دەتوانێ بیر و هەست و ویستی خۆی بۆ هەزاران کەس بنووسێ و هەزاران کەس دەتوانن دۆخ و ویستی یەکتر ببینن، هەر تاکێک مەجاڵی دیالۆگ و بەشدارییەکی نەتەوەیی پەیدا دەکا و هەمووان دەبنە خاوەنی پێگەیەک، بناغەیەک و مێژوویەکی هاوبەش و نەتەوەیی. ئەوەی کە سەرکۆماری کوردستان دروستی دەکا بریتیە لە مەجالێک بۆ دیالۆگێکی نەتەوەیی و مەجالێک بۆ بوون بە "هاووڵاتی"، هەوڵێک بۆ دروستکردنی بناخە و مێژوویەکی نەتەوەیی. بەرهەمی ئەو هەوڵە ئەوەیە کە ئێمە دەتوانین بگەڕێینەوە بۆ زیاتر لە ٦٥ ساڵ لەوە پێشوو و بزانین کە لە جیهانی ئەمرۆدا بۆ چی کورد بێ وڵات و بێ دەوڵەتە. بەرهەمی ئەو هەوڵە ئەوەیە کە کردەوە و هزرێک بە تێپەرینی کات لە نێو ناچێ و مێژوویەکی هاوبەش دروست دەبێ.

ئەوەی کە سەرکۆماری کوردستان دروستی دەکا بریتیە لە مەجالێک بۆ دیالۆگێکی نەتەوەیی و مەجالێک بۆ بوون بە "هاووڵاتی"، هەوڵێک بۆ دروستکردنی بناخە و مێژوویەکی نەتەوەیی

٢- سەرکۆماری کوردستان و نەتەوەکانی دیکە:" لە حەوتووی یەکەمی ساڵی ١٩٤٦ دا کاتێک قازی محەممەد لە بە سەرکردنەوەیەکی ناوچەکانی باکووری رۆژئاوای ورمێ سەردانی شاری ورمێی کرد، هەوڵیدا چاوی بە قەشەی کڵێسای ئاشوورییەکان بکەوێ و تێی بگەیەنێ کە کوردەکان لایەنگری مافی ئاشوورییەکانن و رێگە نادەن تراژێدییەکانی پێشوو دووبارە بێتەوە و قەشەی دڵنیا کردەوە و پێی گووت" سەردەمی ترس بە سەر چووە."

پێویستە سەرنج بدەینە ئەو بابەتە کە دەکرێ کەسێک ساڵانێک سەرکۆمار بێ، ساڵانێک سکرتێر بێ، بەڵام قەت ڕێبەر نەبێت. لێرەدا سەرۆک کۆماری کوردستان ڕێبەرە، چۆنکە لە گەڵ ئەوەدا کە هاوپێوەندی نێوان دوو قۆناخی بزووتنەوەی نەتەوایەتی دەبینێ، هەوڵ دەدا بە سەر هەڵەکانی رابردوودا بچێتەوە و بزووتنەوەی نەتەوایەتی بباتە نێو قۆناخێکی نوێ. تێدەکۆشێ کە پێوەندی نێوان کورد و ئاشووری سەر لە نوێ دابڕێژێتەوە و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد بکاتە بزووتنەوەیەکی ئازادیخواز، بزووتنەوەیەک کە سەرتر لە ئازادی خاک دەڕوانێ و مەبەستی دابینکردنی ئاسایش و ئازادی بۆ نەتەوەکەی و بۆ مرۆڤەکانە.

٣- سەرکۆماری کوردستان و زلهێزەکان: " لە دیکومێنتی یەکیەتی سۆڤییەتدا لە زمانی ڕۆژنامەی(اطلاعات)دا هاتووە: پیشەوەری و قازی لە باکوو بوون، پیشەوەری و کاربەدەستانی دەرەوە سوور بوون لە سەر ئەوە کە کوردستان ببێتە بەشێک لە ئازەربایجان و سەر بە ئەوێ بێت، بەڵام قازی محەممەد بە توندی دژی ئەو هەڵوێستە راوەستایەوە و بڕیاری لە سەر نەداوە و رایگەیاندوە ئەگەر کوردستان بڕیارە سەر بە تەورێز بێت باشتر وایە سەر بە دەوڵەتی ناوەندی تاران بمێنێتەوە."

لێرەدا سەربەخۆیی و خەڵکیی بوونی سەرکۆماری کوردستان و بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد دەردەکەوێ. بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕ بزووتنەوەیەکە، سەرچاوەگرتوو و پشتئەستوور بە ویست و هێزی خەڵک، کە نوێنەرایەتی ویستی خەڵکەکەی لە بەرامبەر هێزەکانی دیکە دەکا نەک ئەوەی کە ببێتە بە بازرگان و دەڵاڵی نێوان خەڵکەکەی و زلهێزەکان. پێویستە سەرنج بدەینە ئەوە کە سیاسەت شەڕی دەسەڵاتە، بەڵام شۆڕشگێڕی خەباتە بۆ ئامانجی گشتی و خەڵک. کەسێک دەتوانێ سیاسەت بکا بە بێ ئەوەی تووشی خەساری جیددی بێ، بە بێ ئەوەی ڕووبەڕوی کوشتن ببێتەوە بەڵام ئەو کەسە قەت شۆڕشگێڕ نییە. ئەو دۆخە کاتێکە کە کەسایەتییەک ڕەهەندی ئەخلاقی کەمڕەنگ دەبێتەوە و لۆژیکی بازاڕ و قازانج بە سەریدا زاڵ دەبێ. لەو فەزایەدا سیاسەتکردن خاوەنی ئەخلاق و بەرپرسیارەتی لە بەرامبەر خەڵکدا نییە، بەڵکوو سیاسەتکردن پیشەیەکە هەر وەک دووکانداریێتی و بازرگانی کردن.

کۆماری کوردستان بە چەند هۆیەک، لەوانە کشانەوەی هێزەکانی یەکیەتی سۆڤییەت لە ئێران، رووخانی کۆماری ئازەربایجان لە ١٣ی دێسامبەر کە لەودا ڕێبەرانی کۆماری ئازەربایجان لە سەرووبانەوە پیشەوەری بۆ سۆڤییەت هەڵاتن و هەروەها بە هۆی خیانەتی سەرۆک عەشیرەتەکان، لە ١٧ی دێسامبەری ساڵی ١٩٤٦ پاش ١١ مانگ رووخا. قازی محەممەد وەک سەرکۆماری کوردستان بۆ دوایین جار لە ٦ی دێسامبەر لە مزگەوتی عەبباس ئاغا لەگەڵ کاربەدەستانی کۆمار و سەرۆک عەشیرەتەکاندا کۆ دەبێتەوە. لەو کۆبوونەوەیەدا قازی محەممەد و سەدری قازی باس لە بەرگری کردن لە بەرامبەر سپای شادا دەکەن، بەڵام سەرۆک عەشیرەتەکان دژی ئەو بوچوونە رادەوەستن. دواجار خەڵک دەستبەرداری ئازادی و دەستکەوتەکانی کۆماری کوردستان و لە راستیدا دەستبەرداری کەسایەتی هاووڵاتی بوونیان دەبن. بەو پێیە هێزەکانی شا لە ٢٦ سەرماوەزدا مهاباد داگیر دەکەنەوە. لێرەدا چیدیکە قازی محەممەد سەرۆک کۆماری کوردستان نییە و هیچ جۆرە بەرپرسیارەتییەکی حقووقی نییە. ئەوەی کە قازی محەممەد دەمێنێتەوە و هەڵنایەت، بەرپرسیارەتییەکی حقووقی نییە چۆنکە لە هیچ قانونێکدا، لە کاتێکدا کە خەڵک خۆیان بەرگری ناکەن، داوا لە سەرۆک کۆمارەکەیان ناکەن کە لە ئەگەری کوشتندا هەڵنایەت و بمێنێتەوە. بەوپێیە لێرەدا مانەوەی قازی محەممەد بەرهەمی بەرپرسیارەتی و ئەخلاقێکی شەخسییە.



سەرچاوە Serchawe

دیاره له دادگایی کردنی قازی محەممەددا ١٢ تاوان وەک بانگهێشتکردنی بێگانه بۆ وڵات، دروستکرنی نەخشەی کوردستانی گەورەی، ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی حکوومەتی کوردستان و داگیرکردنی بەشێکی گەوره له خاکی ئێران به ناوی خاکی کوردستان و... ڕووبەڕوی دەکەنەوه. ئەوان چاوەڕوانیان نەدەکرد قازی محەممەد بمێنێتەوه، بەڵام که مابووه هەوڵیاندا کەسایەتی سەرۆک کۆماری کوردستان له نێو ببەن. لەو فەزایەدا جەستەی قازی محەممەد هەڕەشەی کوشتنی لێدەکرێ، بەڵام ئامانج لەو هەڕەشەیه کوشتنی هزر و کەسایەتی سەرۆک کۆماری کوردستانه. بەو پێیه قازی محەممەد ڕووبەڕوی هەڵبژاردنێکی زۆر دژوار دەبێتەوه، هەڵبژاردن له نێوان مردن و ژیان، جەسته و هزر، ڕۆح و مادده. دیاره مرۆڤ هەم له جەسته و هەم له هزر پێکهاتووه واته ناکرێ مرۆڤێک هەبێ به بێ ئەوەی خاوەنی جەسته بێ. لێرەدایه که قازی محەممەد سەرتر له ئەخلاقی مرۆڤ دەڕوا و دەست دەکا به دیالۆگکردن له نێوان هزر و ئازادی، دەست دەکا به فیداکردنی جەسته له پێناو پاراستنی هزر و کەسایەتی سەرۆک کۆماری کوردستان. له دنیادا زۆر ڕێبەر هەن که ژیانی خۆیان بەختی ئازادی کردوه، بەڵام مردنیان به دەست خۆیان نەبووه. قازی محەممەد خودای کورده چونکی نەک هەر ژیانی، بەڵکوو مردنی جەستەشی له چنگ خۆی دەگرێ و بەختی ئازادی و سەربەستی کوردی دەکا. خوداوەندی کورد بنیاتنەری ڕێبازێکه که لەودا ژیان و جەستەی مرۆڤ دەچێته خزمەت هزری ئازادییەوه.

**سەرچاوەکان**:


١- بەختیار عەلی، ئەخلاق له کوێوه سەرهەڵدەدات؟

٢- ژۆرژ پۆلیتسێر، بنەماکانی فەلسەفه، وەرگێران بۆ کوردی: هادی محەممەدی

٣- د.ئەفراسیاو هەورامی، ڕۆژهەڵاتی کوردستان له سەردەمی شەڕی دووەمی جیهانیدا

٤- محەممەد ڕەزا سەیف قازی، نهێنییەکانی دادگاییکردنی قازی محەممەد، وەرگێران بۆ کوردی: عەلی ئەکبەر مەجیدی

٥- حیزبی دێموکراتی کوردستان، یادی ٦٠ ساڵەی شەهیدبوونی پێشەوا و هاوڕێیانی

٦- بەدرەدین ساڵح، سەرۆک کۆماری کوردستان له بەردەم دادگای ئێراندا


سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٣ی ئەپریلی ٢٠١٢

----------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## مرۆڤی ژمارە ١٣٥٤٩٠٦٤٨، زیندانی دەسەڵات و ئەدەبیاتی زیندان

«بێ هۆش دەبووم و دوای سەعاتێک لە ژووری ئینفرادی دیسان زیندوو دەبوومەوە و شعرێک بانگی دەکردم» ⁕

«لە دایکبوونی منالم دیوە، بۆیە دەزانم قیژە و لنگ کوتان یەکەم نیشانەی لە دایکبوونە» ⁕⁕

مرۆڤ و زیندان، ئازادی و زیندان، دەسەڵات و زیندان، هونەر و زیندان پێوەندییەکی نزیک و نادیاریان پێکەوە هەیە کە جۆری ئەو پێوەندییەش، واتە نزیکی و نادیاری، بۆ جەوهەری زیندان دەگەڕێتەوە. زیندان بریتییە لەو دیوارە بڵیندانەی کە بۆیە ئاوا بڵیند دروست کراون کە گاڵتە بە باڵای مرۆڤ بکەن، زیندان بریتییە لەو دابڕانە ناچارەی نێوان مرۆڤ و کۆمەڵگە، بریتییە لەو ژوورە تاریکانەی بو ئەوە ئاوا تاریک دروست کراون، دووری لە فەزای گشتی و دووری لە هەتاو و رەمزی ژیان بکەن بە نزیکییەکی رۆژانە و ترسناکی مرۆڤ لە بێ دەنگی و مردنی خۆی. بۆ نزیکبوونەوە لە مردن مەرج نییە راستەوخۆ تامی مردن بکەین، بەڵکوو زور جار دیتنی گیاندانی کەسێک دەتوانێ ترسێکی گەورەی مردن دروست بکا.

هەروەها ململانێی بەردەوامی کۆمەڵگە و دەسەڵات نیشانیداوە کە دواجار هێزی کۆمەڵگە بە بەراورد لە گەڵ هێزی ئیمپراتۆری و دەوڵەت و ئەرتەش و چەکدا باڵادەستە واتە سەقامگیریی پێوەندی نێوان مرۆڤ و کۆمەڵگە هەمیشە لە سەقامگیریی پێوەندی نێوان مرۆڤ و دەسەڵات زیاترە. ئەوە لە حاڵێکدایە زیندان کۆمەڵگەیەکی دەستکردە کە لەودا ناهاوسەنگییەکی ترسناک لە نێوان پێوەندیی مرۆڤ و دەسەڵات پێک دێ. ئەگەر بیرەوەرییەکانی ژیانی کەسێکی ئاسایی کۆمەڵگە بخوێنینەوە لەو نووسراوەیەدا مەوداکانی منداڵی و پیری، شەو و رۆژ، پێکەنین و گریان، ژیان و مردن مەودایەکی ئاساییین بەڵام لە نمایشی سەربردەی زیندانییەکاندا، لە هونەر و ئەدەبیاتی زیندان دا مەوداکانی نێوان پێکەنین، هەناسەهەڵمژین، برسێتی و هاوار و مردن بە تێکرا دەشێوین، تەنانەت زیندان مانای خۆدی مەوداش دەشێوێنێ. دواجار زیندانەکان بۆ ئەوە دروست کراون کە مەودای ژیان و مردنی مرۆڤ، واتە ئازادیی مرۆڤ، لە نێو ببەن و مرۆڤی مردوو دروست بکەن.

رەنگە کەسانێک بڕوایان بەوە هەبێ کە زیندانەکان رۆلی ئەرێنیشیان هەیە و زور جار زیندان شوێنی ئەو کەسانەیە کە دەستدرێژی دەکەنە سەر ماف و ئازادیی کەسانی دیکە، بەڵام مێژووی زیندان نیشانیداوە کە زیندان ئەوەندەی کە دامەزراوەیەکە بۆ زەوتکردنی ئازادیی خەڵک ئەوەندە لە خزمەت دابینکردنی ئاسایشی خەڵکدا نییە. ئەو بابەتە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زیندان لە جەوهەری خۆیدا ئەوەندە کە توانا و بەستێنی پێشێلکردنی ئازادی مرۆڤی هەیە توانای دابینکردنی ئاسایشی مرۆڤی نییە. زیندان بە تاریکی، بێ دەنگی، دیوار، زنجیر، ئەشکەنجە و تەنیاییەوە زیندانە، ئەوەندەی کە لە تاریکی و تەنیایی و شەودا دەستدرێژی دەکرێتە سەری قەت لە رۆژدا، لە رووناکی و لە پێش چاوی خەڵک دا دەستدرێژی ناکرێتە سەر مرۆڤ، هەر بۆیە زیندان ئەوەندە کە پێویستییەکی دەسەڵاتە قەت پێویستییەکی مرۆڤ و کۆمەڵگە نییە.



سەرچاوە
Serchawe

ێ ئەوەی پێوەندیی زیندان، وەک دامەزراوەیەکی دەسەڵات، لە گەڵ مرۆڤ نیشان بدەین مرۆڤی ژمارە ٨٤٦٠٩٠٤٥٣١ی زیندانی ئێڤین، فەرزادی کەمانگەرمان، هەڵبژاردوە. ئەو هەڵبژاردنە لە بەر ئەوەیە کە لە ڕووبەڕووبوونەوەی فەرزاد و دەسەڵات دا، دەسەڵات لەوپەری هێزی زیندان کەڵک وەردەگرێ، بەڵام دواجار هێزی مرۆڤ سەردەکەوێ. ئەوەی دەسەڵاتی زیندان پێکدێنێ بریتییە لە تاریکی، زنجیر، ئەشکەنجە و ئێعدام، بەڵام هێزی فەرزاد لە خۆراگری، بوێری، مرۆڤدۆستی، دیالۆگ، خەندە و لە ڕاستیدا لە نامەکان و ئەدەبیاتی زیندانی فەرزاد دایە. ئەدەبیاتی زیندان بەرگریی مرۆڤە لە مرۆڤبوونی خۆی. ئەدەبیاتی زیندان هونەری بەرهەمهێنانەوەی ڕەخنە، دیالۆگ، بوێری، ئازادی و دواجار هونەری بەرهەمهێنانەوەی مرۆڤایەتیی مرۆڤە لە بەرامبەر دەسەڵاتی زیندان دا.

**لێرەدا با سەرەتا لە ڕێگەی نامەکانی فەرزادەوە تێگەیشتنێکی بەرفراوانتر لە زیندان پەیدا بکەین:**

«چەند مانگە کە لە زیندانم، زیندانێک کە بڕیاربوو ئێرادەم، خۆشەویستیم و مرۆڤبوونم تێک بێشکێنێ. زیندانێک کە دەبا وەک «بەرخێکی بەستزمان» ئارام و ڕامی کردبام، چەند مانگێکە ئەسیری زیندانێکم کە بەرزایی دیوارەکانی بە قەت درێژایی مێژوویە. ئەو دیوارانەی بڕیار بوو مەودایەک بێ لە نێوان من و خەڵکەکەم کە خۆشمدەوێن، مەودایەکی هەتاهەتایی بێ لە نێوان من و منالانی وڵاتەکەم، بەڵام من هەموو ڕۆژێک لە درزی سلوولەکەم هەتا شوێنە دوورەکان دەڕوێشتم و خۆم لە گەڵ ئەوان و وەک ئەوان هەست دەکرد و ئەوانیش زامەکانی خۆیان لە منی زیندانیدا دەدیتەوە و زیندان لە نێوان ئێمەدا پێوەندییەکی قووڵتر لە جارانی دروست کرد. بڕیار بوو تاریکی مانای خۆر و ڕووناکی لە من بگرێ، بەڵام من لە زیندان دەرکەوتنی وەنەوشەم لە نێو تاریکی و بێ دەنگی دا بینی. بڕیار بوو زیندان مانا و بەهای کاتم لە بیر بباتەوە، بەڵام من لە دەرەوەی زیندان ژیانم کردوە و خۆم بۆ هەڵبژاردنی ڕێگایەکی نوێ بۆ جارێکی دیکە بە دونیا هێناوەتەوە.«

ئەگەر لەو چەند ڕستەیەی فەرزاد وردبینەوە و تەماشای پێوەندیی کۆمەڵایەتی و سیاسیی وشەکان بکەین بۆمان دەردەکەوێ کە فەرزاد بە وشەکانی تاریکی، بێ دەنگی، لە یادکردن، دیوار و مەودا باسی زیندان و پێناسەی زیندان دەکا. فەرزاد لەو دەقەدا بە سێ دەستەواژەی «لە یادکردن»، «مەودایەکی هەتاهەتایی» یان «دیوارێک بە درێژایی مێژوو» باسی زیندان دەکا. ئەو بە هۆی پێوەند دان و لکاندنی ئەو وشانە بە زیندانەوە باس لە ڕۆلێکی سەرەکی و نەرێنیی زیندان دەکا. کاتێک تاکەکەسێک تووشی ڕووداوێکی ناخۆش دەبێ هەوڵ دەدا ئەو ڕووداوە ناخۆشە لە یاد بکا. لە ئاستێکی سەرتردا دەسەڵاتیکی نادێموکراتیک و سەرەڕۆش، لە نەبوونی پشتگیریی خەڵکی دا، تووشی سەرکوتکردنی خەڵک دەبێ، هاوکات ئەو دەسەڵاتە پێویستی بە لە یادکردن و سڕینەوەی ئەو سەرکۆت و کارەساتانە لە یادەوەریی خەڵک دا هەیە. بەم پێیە زیندان دەزگایەکە بۆ سڕینەوەی تاوان و سەرکوتە دەوڵەتییەکان لە یادەوەری و هۆشیاریی خەڵک و نەوەی نوێ دا. لە لایەکی دیکە نووسینی شێعر، نامە و کتێب لە لایەن زیندانییەکان، چ لە نێو زیندان و چ دوای ئازادبوون، واتە بەرهەمهێنانی ئەدەبیاتی زیندان پاراستنی مێژوویەکی ڕاستەقینە و بەرگرییەکی درێژخایەنی مرۆڤە لە بەرامبەر سیستمی لە یادکردن و زیندانەکانی دەسەڵاتدا.

خودی فەرزاد لە سەرەتادا، هەر وەک دەیان چالاکی مەدەنی و سەدان زیندانیی سیاسی دیکە، خەباتکارێکی ئاسایی بوو. هەروەها بوونی فەرزاد بە هێمایەکی ئازادیخوازی و مرۆڤدۆستی نەک بەرهەمی زیندانی بوونەکەی، تەنانەت بەرهەمی ئێعدام بوونیشی نییە. هەموو هەرمان و گەورەیی فەرزاد لەو نامانە دایە کە لە ڕووبەڕووبوونەوەی لە گەڵ زیندان، ئەشکەنجە و ئێعدام دا نووسیویێتی. نامەکانی فەرزاد لە ڕیزی ئەو چەشنە لە ئەدەبیاتی زیندان دایە کە بە هەست و هزری بەرزی مرۆڤایەتی بارگاوی کراوە. ئەدەبیاتی فەرزاد پڕە لە گەڕان بۆ ئازادیی مرۆڤ. فەرزاد بە شێوەیەکی زۆر هونەرمەندانە هزر و تێڕوانینی نوێی خۆی، لە بارەی چۆنییەتیی چارەسەری پرسی کورد، دەخاتە نێو نامەکانییەوە.

### فەرزاد و پرسی کورد

فەرزاد لە یەکێک لە نامەکانی دا لە ژێر سەردێری «نسل سوخته« هەموو فەوتانی خۆی وەک مرۆڤێکی کورد ڕێک بە فەوتانی منداڵییەکەی دەزانێ. هەروەها زیندوو بوونەوە و ئازادیی خوێشی هەر لە گەڕانەوە بۆ منداڵی دەزانێ.

لە نامەکانی خۆیدا زۆرترین ڕووبەر بۆ منداڵان تەرخان دەکا. ئەو نە تەنیا لە زۆربەی نامەکانیدا باس لە منداڵی دەکا، بەڵکوو چەند نامەش ڕاستەوخۆ ڕوو بە منداڵان دەنووسێ. دەکرێ بڵێین منداڵەکان پاڵەوان و تۆخمە سەرەکییەکانی ئەدەبیاتی زیندانی فەرزاد پێک دێنن

«منداڵیی من(و منداڵیی نەوەی ئێمە) بە جۆرێک بووە کە کاریگەرییەکی قووڵی بە سەر هەموو لایەنەکانی ژیانمان داناوە. من شێعرێکم لە منداڵیی خۆم لە بیر نییە. لە ڕاستیدا هیچ شێعرێکیان فێری ئێمە نەکرد. تازە ئێستا لە دەیەی سێهەمی ژیانم تێگەیشتووم کە دەبوو توپی یارییم وەک خەڵات لە باوکم وەرگرتبا و دەبوو قاچەکانم درێژ کردبا تا دایکم چیرۆکی «اتل متل»ی بۆ کوتبام. مامۆستاکان دەبوو فێریان کردباین کە بۆ هەتاو و ئاسمان شێعر بهۆنینەوە، دەبوو لە گەڵ درەختەکان باڵامان کردبا، دەبوو لە گەڵ ڕووبارەکان ڕێ کەوتباین، دەبوو لە گەڵ پەپووڵەکان ئاسمانمان بڕیبا و دەبوو و دەبوو و دەبوو...

بەڵام موسیقیی ئێمە مارشی نیزامی بوو، شێعری ئێمە بۆ تفەنگ و سەنگەر بوو و لە ترسی هێلیکوپتێر نەماندەوێرا سەیری ئاسمانیش بکەین. لە دەیەی سێهەمی ژیانم تێگەیشتم کە چیرۆکێک نازانم، نەمدەزانی کە منداڵ دەبێ لە گەڵ خەون و ئاواتەکانی بژێ و لە گەڵ ئەوان گەورە بێ. ئاخر چیرۆکەکانی منداڵیی ئێمە ئەژماری کوژراوەکان لە فلان کوێستان یان شەڕە قورسەکان لە فلان شاخ دا بوو. بڕوا بکە نەیانهێشت منداڵ بین ڕەنگە هەر بەم هۆیانە بێ کە ئێستاش لە تەمەنی سی و چەند ساڵیدا حەزم لێیە کایەی منداڵان بکەم. کایە، خۆشی و چێژیان لە نەوەی ئێمە ستاند، هەر بۆیە شتێکم لە سەردەمی منداڵی لە یاد نییە. ئێستا تۆ بە من بڵێ، ئەگەر لە شێعری تۆ دەنگ، هاوار و خۆشەویستی بسڕنەوە، چ دەمێنێ؟ ئەگەر لە سروشت بەهار و لە شەو، مانگ و ئەستێرە بدزن چ دەمێنێ و ئێستا تو بە من بلێ ئەگەر لە مرۆڤێک منداڵییەکەی بستێنن لەو کەسە چ دەمێنێتەوە؟»



سەرچاوە
Serchawe

لەو رستانە دا بۆمان دەردەکەوێ کە فەرزاد فەوتانی هەموو ژیان، ئازادی و مرۆڤایەتیی مرۆڤ، بە تایبەتی فەوتانی ئازادیی مرۆڤی کورد، بە فەوتانی منالی دەزانێ. بەو پێیە بۆ تێگەیشتن لە روانگەی فەرزاد لە بارەی ئازادی مرۆڤی کوردەوە پێویستە بۆ مانای منالی لە نێو ئەدەبیاتی فەرزاددا بگەرێین.

## فەرزاد و منالی

جێگای تێرامان ئەوەیە کە فەرزاد، وەک تاکێکی کورد کە سالانێک لە زیندان و لە ژێر ئەشکەنجەدا بووە وبڕیاریشە ئێعدام بکرێ، لە نامەکانی خۆیدا زۆرترین رووبەر بۆ منالان تەرخان دەکا. ئەو نە تەنیا لە زۆربەی نامەکانیدا باس لە منالی دەکا، بەڵکوو چەند نامەش راستەوخۆ روو بە منالان دەنووسێ. دەکرێ بڵێین منالەکان پالەوان و تۆخمە سەرەکییەکانی ئەدەبیاتی زیندانی فەرزاد پێک دێنن. بۆ نموونە فەرزاد بە بۆنەی سالی نوێ نامەیەک لە ژێر سەردێری « ئەو فریشتانەی کە دووشەممەکان پێدەکەنن» بۆ منالان دەنووسێ کە دەکرێ بڵێین پڕبایەخترین نامەی فەرزادیشە. ئەو لەو نامەیەدا هزری قووڵی خۆی لە بارەی مانای منالی، پێوەندیی مرۆڤ و منالی دەخاتە روو.

«دووهەمین جار بوو کە قوڵبەست دەکرا، جاری یەکەم بە یەکسال زیندان مەحکووم کرابوو، هەموو جۆش و خرۆشەکەی ئەوە بوو کە منالەکان رۆژی دووشەممە سەردانی دەکەن. رۆژی چاوپێکەوتن بە بێ ئەوەی گرینگی بە کەسانی دەوروبەریان بدەن، لە پێش چاوی دایک و باوک و لە نێو میز و سەندەلییەکان سەرموقلاتیان لێ دەدا و لە سەر دەستیان دەرۆیشتن تا باوکیان بەرەوپێشچوونیان لە وەرزشدا ببینێ. باوک سەرمەست و سەربەرز لە هەڵبەز و دابەزی منالەکان خەندەیەک دەکەوتە سەر لێوی و دایکیش بە رۆخسارێکی بێ گۆناهانەوە لە حالێکدا هەولی دەدا دەردی تەنیایی و چاوەروانییەکەی بشارێتەوە، بە نیگایەکی گەش، هاوسەر و بە نیگایەکی دیکەش ئاشقانە خۆشحالیی منالەکانی تەماشا دەکرد. منیش کە چەند مانگ بوو لە فەزای منالان و قۆتابخانەکان دوور ببووم نوقمی تەماشای زارا و پەریا دەبووم و لە بارەی ئەوان بۆ دایکم قسەم دەکرد. یەکێک لە کاریگەرترین ئەو ساتانەی کە وەک تابلۆیەک لە زەینم دا نەخشی بەستوە، ساتی دیداری ئەو بنەمالەیە لە گەل یەکتر بوو. دەتکوت لە بۆشایی، لە رۆیا و ئاسمان و لە شوێنێک لە دەرەوەی ئەو دنیایە و لە نێو هەر ئەو بەستراوەییانەدا لە دەوری یەک خڕ دەبوونەوە، هیچ کەس لە دەوروبەریان نەبوو. بە بێ گرینگی دان بە نیگابان و دیوارەکان و زیندانییەکانی دیکە، خەندە و شادییان لە گەل یەکتر دابەش دەکرد. هەمیشە خۆزگە دەخواست بنەمالەی زارا و پەریام لە دەرەوەی زیندان دەدیت یان خۆزگەم دیدارەکە نیو کاتژمێر زیاتری دەخایاند. کاتی مالاواییش هەولم دەدا چاویان لێ هەلنەگرم تا شکۆ و نەمریی دیدار و پێکەوەبوونیان لە زەینم بە هەمان شێوە نەمر بمێنێتەوە. ئەو کچە جوانانە دەتکوت بە هەر سەرموقلاتێک کە لێیان دەدا بە زمانی بێ زمانی خەندە و گالتەیان بە دنیای دەستکردی دەوروبەری باوکیان دەهات.»

لێرەدا منال لە چاوی فەرزاد دا بە خەندە دەناسرێتەوە. ئەو نە تەنیا هەموو مرۆڤەکان لە خەندەدا هاوبەش و یەکسان دەبینێ، بەڵکوو مرۆڤایەتیی مرۆڤی بە بوونی خەندە دەبەستەوە. ئەو نەک بە سەرسامییەوە باس لە منال دەکا، بەڵکوو دەیهەوێ ببێ بە منال و بتوانێ گالتە بە زیندان بکا. توانای خەندە دەتوانێ مرۆڤ لە دۆخە ترسناکەکان تێپەرێنێ،



سەرچاوە Serchawe

چۆنکە هیچ دەسەڵاتێک نەیتوانیوە بە خەندە خەڵک بچەوسێنێتەوە و خەڵک بەرەو گەمژەیی و گرژی بەرێ. کلتووری دیکتاتۆری، کلتوورێکی گرژە کە بەردەوام خۆ لە خەندە دەپارێزێ. هەر مرۆڤێک بەدەر لە ئیدئۆلۆژی، ئایین، نەتەوە، چین و ...لە زمانی منالێکەوە، لە خۆشەویستی و خەندەی منالێکەوە، هاوبەشن. گەورەترین هەوڵی زیندانی دیکتاتۆرەکانیش بەرهەمهێنانی گرژی و مونی و توورەیی و توندوتیژییە. منال ئەو رووبەرە پاک و بێگەرد و پڕ لە خەندە و خۆشەویستییەیە کە هەموو مرۆڤە گەورەکان بۆ دەستخستنی دووبارەی ئازادی و مرۆڤبوونی خۆیان پێویستە بۆی بگەڕێنەوە. ئەوانەی لە زیندان دان، ئەوانەی چەک بە دەست دەگرن و ئەشکەنجەی کەسانی دیکە دەکەن، ئەوانەی دەبن بە دیکتاتۆر، هەموویان گەورەکانن و هیچیان منال نین. لە جارنامەی مافەکانی مرۆڤدا هاتووە کە هەموو مرۆڤەکان بە ئازادی لە دایک دەبن، بەڵام دروست ئەوەیە کە بڵێین هەموو مرۆڤەکان بە منالی لە دایک دەبن. هەر بۆیە فەرزاد لە نامەکانی دا نمایشی نەتەوەیەکە کە بۆ منالی و خەندە و ئازادی دەگەرێ.

سەرچاوەکان:
١- نامەهای زندان از فرزاد کمانگر
http://davidiranazad3.blogspot.com/2010/05/blog-post_22.html
٢- زندان و ادبیات، منیره برادران
http://www.radiozamaneh.com/library
٣- تولد زندان در غرب، گردآورندە: زینب باب الخانی
http://monadianesolh.persianblog.ir/post/22
٤- درباره مارکس و هنر، مقالات عباس گویا
٥- عشق، پرندەای ازاد و رها - نویسندە: اشو، مترجم: مسیحا برزگر

تێبینی:

* شێعری دەستپێکی وتار بەشێکە لە شێعرێکی فەرزاد بە ناوی «شێعر، شلاق، شکنجە» کە لە زیندان نووسیوێتی.
** ئەوە شێعری ماموستا ع.پەشێوە کە فەرزاد لە شعرەکەیدا بە کاری هێناوە.

لە ژمارە ٥٨٢ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی مای ٢٠١٢

-----------------------------------------



سەرچاوە Serchawe

# ئامانجدارکردنی یارانەکان، خاڵی هەرە لاوازی دەسەڵات

ڕەحمان سەلیمی

وەرگێڕان بۆ کوردی

لە مێژووی سێ دەیە دەسەڵاتدارێتیی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا گرفتی سیاسی، ئابووری، نیزامی و ئەمنییەتیی زۆرمان بینیوە. هەر لە ڕووداوەکانی سەرەتای شۆڕشی ١٣٥٧ وە تا شەڕی ئێران-عێراق و ناڕەزایەتییەکانی خەڵک و... بەڵام بە دڵنیاییەوە دەکرێ بڵێین گەورەترین گرفتێک کە ڕووبەڕووی کۆماری ئیسلامی بۆتەوە خراپیی دۆخی ئابوورییە کە لە یەکساڵی ڕابردوودا بۆتە کێشەیەکی گەورە و گوشارێکی زۆر بۆ سەر دانیشتووانی ئێران بە تایبەتی چینی کەم داهاتی کۆمەڵگە هێناوە.

قەیرانی ئابووریی ئێستای ئێران قووڵتر لەوەیە کە بەرپرسانی باڵای کۆماری ئیسلامی و تەنانەت ڕێبەری ئێرانیش، کە بەردەوام دەیانهەوێ گرفتە نێوخۆییەکان بشارنەوە، بتوانن ئەم دۆخە لەبەر چاو نەگرن و نکۆڵی لێ بکەن. بە چاوخشاندنێک بە ناودێرکردنی ساڵەکانی ١٣٩٠ و ١٣٩١ لە لایەن ڕێبەری کۆماری ئیسلامی، کە لە ژێر سەردێری «ساڵی جیهادی ئابووری» و «ساڵی بەرهەمهێنان و پشتگیری لە کار و سەرمایەی ئێرانی» بووە، دەتوانین تێبگەین کە ئابووریی ئێران لەو ماوەیەدا دۆخێکی دژوار تێدەپەڕێنێ.

ئاڵۆزیی و دەستێوەردانەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و هەروەها تەریککەوتنەوەی زیاتری ڕێژیم و سزا و گەمارۆ ئابوورییەکان لە لایەن وڵاتانی بەهێز و جەمسەرەکانی ئابووری لە فاکتەرەکانی کاریگەر لە پێکهاتنی دۆخی خراپی ئابووری ئێستایە، بەڵام ڕەنگە بتوانین فاکتەری سەرەکیی قووڵتربوونی ئەو قەیرانە بە هۆی پرۆژەی ئامانجدارکردنی یارانەکان لە قەڵەم بدەین. لە ماوەی زیاتر لە یەک ساڵ کە لە بەڕێوەچوونی پرۆژەی ئامانجدارکردنی یارانەکان لە لایەن دەوڵەتی ئەحمەدی نژادەوە تێدەپەڕێ بە نرخی زۆربەی کەلوپەلە سەرەکییەکان زیاتر لە ١٠٠% زیاد بووە، بە نرخی دراوی نیشتمانی تا نیوەی نرخی پێشووی خۆی دابەزیوە، یەکە پیشەسازی و بەرهەمهێنەرەکان بە توندی خەساریان دیتوە، ڕادەی هاوردەکردنی کەلوپەل، بێکاری، هەڵاوسان و زیادی کردوە.

هەر چەند کە پرۆژەی نازانستیی ئامانجدارکردنی یارانەکان لەگەڵ هوشداری ئابووریزانەکان ڕووبەڕوو بووە، بەڵام دەوڵەت ڕێک بە بەڵێنی گەشەی ئابووری و پڕکردنی سفرەی هەژارەکان ئەو پرۆژەیەی بەڕێوە برد. فازی یەکەمی ئەو پرۆژەیە لە حاڵێکدا کۆتایی پێدێ کە دەوڵەت پێداگری لە سەر ئەوە دەکا کە بە خێرایی فازی دووهەمی یارانەکان بەڕێوە بەرێ و لە لایەکی دیکە مەجلیسی شووڕای ئیسلامی بە توندی لەگەڵ ئەو کارە دژایەتی دەکا. کێشەی دەوڵەت و پارلمان لە سەر

چۆنیەتیی بەڕێوەچوونی ئەو پرۆژەیە لە لایەن دەوڵەتەوەیە و نوێنەرانی پارڵمان باس لەوە دەکەن کە دەوڵەت لەو بارەوە قانوونی پێشێل کردوە، پرۆژەیەک کە دەبوو لە ماوەی ٥ ساڵدا و بەرەبەرە بەڕێوە چووبا و بە نرخی «حامل» (هەڵگر)ەکانی وزە گەیشتبایە نرخی واقعی لە بازارەکانی جیهانیدا، بەڵام دەوڵەت لە بەڕێوەبردنی دا قانوونی پێشل کردوە.

ئاسەواری هەڵاوسان، کە بەرهەمی ئامانجدارکردنی یارانەکانە لە سەر ژیانی رۆژانەی زۆربەی ئێرانییەکان بەرچاوە، بە جۆرێک کە توانای کڕین و ئاستی خوشبژێویی خەڵکی دابەزاندوە.

دانی یارانەی نەغدی بە هەموو بنەماڵەکان، تەرخاننەکردنی یارانە بۆ بەشی بەرهەمهێنان و پیشەسازی و گرینگینەدان بە گەشەی خوشبژێوی کۆمەڵایەتی لە دیارترین ئەو گرفتەکانە کە بەهۆی بەڕێوەچوونی ئەو پرۆژەیەوە بینیومانە. داهاتێکی یەکجار زۆر کە بە دوای گرانکردنی بەهای کەلوپەلە یارانەییەکان کەوتۆتە دەست دەوڵەت، بە شێوەی یارانەی نەغدی دراوەتە دەست خەڵک و بە پێی بەراوردەکان دەبوو ئەو داهاتە جگە لە یارانە نەغدییەکان بۆ بەشی بەرهەمهێنان و پیشەسازییش تەرخان کرابا تا پێش بە تێکشکانی یەکە بەرهەمهێنەرەکان بگرن. دەوڵەت لە فازی یەکەمی ئامانجدار کردنی یارانەکان نە تەنیا نەیتوانی لە ڕێگەی داهاتی لابردنی یارانەکان پشتیوانی لە بەشی بەرهەمهێنان و پیشەسازی بکا، بەڵکوو بۆ دانی یارانە نەغدییەکانیش لە بانکی ناوەندی و هێندێک لە وەزارەتخانەکان یارمەتی وەرگرت. ڕژاندنی زیاتر لە ١٠٠ هەزار میلیارد تمەن پارەی نەغدی بە بازار بە شێوەی ئەو یارانە نەغدییانەی کە بە خەڵک دراوە، بازاڕی تووشی ڕاچڵەکینێکی گەورە کردوە و گرانییەکی بێ وێنەی لێکەوتۆتەوە.

کۆماری ئیسیی ئێران هەر لە سەرەتای بە دەسەڵات گەیشتنییەوە سەلماندوویەتی کە هیچ بەرپرسیارەتییەک لە بەرامبەر گرفت و داواکارییەکانی خەڵکدا قبووڵ ناکا و تەنیا لە هەوڵی پاراستنی دەسەڵاتی ئۆلیگارشیی مەزهەبیی خۆی و بە جێگەیاندنی دروشمی «هەناردەی شۆڕش»دا بووە. ئەو گوشارانەی کە هەنووکە ڕووبەڕووی چینە هەژارەکانی کۆمەڵگە بۆتەوە ژیانی لە ئەوان دژوار کردوە، تەنانەت هاواری یەکیەتیی ماموستایانی ئایینیی قومیشی بەرز کردۆتەوە. ئەو دامەزراوەیە کە لە ڕێبەری کۆماری ئیسلامی نزیکە لەم دواییانەدا لە نامەیەکدا هوشداری داوەتە دەوڵەت کە پێش بە چوونەسەری لە ڕادەبەدەری هەڵاوسان بگرێ و لە پشێویی بازار کەم بکاتەوە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران زیاتر لە ٣٠ ساڵە کە بە سیاسەتی نابەرپرسیارانە و هەروەها دژایەتی لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە ڕێگەی پەرەدان بە تیرۆریسم، هەوڵدان بۆ دروستکردنی چەکی کۆمەڵکوژ، پشتگیری لە گرووپە توندڕەوە مەزهەبییەکان و ... کۆمەڵگەی ئێرانی لە بواری جۆراوجۆر و بە تایبەتی لە باری ئابوورییەوە تەریک خستۆتەوە. هەروەها بە دووپاتکرنەوەی بەردەوامی هەڕەشەی بیانییەکان و پیلانی دوژمنان بە دژی ئێران هەوڵی داوە قەیرانە نێوخۆییەکانی پەردەپۆش بکا و داواکارییە واقعییەکانی خەڵک چەواشە بکا. پێدەچێ لە سەرەتای دەستپێکردنی فازی دووهەمی ئامانجدار کردنی یارانەکان، ڕێبەری ئێران بۆی دەرکەوتبێ کە گرفتەکانی ژیانی خەڵک و گوشارە ڕوحییەکانیان بۆتە هەڕەشەیەکی ئەمنییەتی جیددی بە دژی دەسەڵاتداران و لە ئەگەری بەردەوامی ئەو دۆخە هێزی سەرکوتکراوی خەڵکی ئازادیخوازی ئێران

وەگەڕ دەکەوێ و کۆماری ئیسلامی لەگەڵ گرفتی جیددی ڕووبەڕو دەکەن. دیارە ئەگەر ئۆپۆزیسیۆن هوشیار بێ دەرفەتێکی بێ وێنە لە خزمەت ئەو پوتانسیەلە خەوتووە دەکەوێ و وەک بزووتنەوەیەکی گشتگیر بە دژی دەسەڵاتی ویلایەتی فەقیهە دەردەکەوێ و دواجار پەردە لە ڕەوایی درووینی نیزام لادەدا و دەیەی چوارەمی شۆڕش بۆ ڕێبەرانی ئایینیی ڕێژیم و پیاوانی ئەوان تاڵ دەکا.

هەروەها ئەگەر ناکۆکییەکانی نێو حکوومەت بەو گرفتانەی سەرەوە زیاد بکەین ئاسۆی دەسەڵاتدارانی کەمینەی زاڵ بە سەر ئێران ڕەشتر لەوەیە، کە لە سەدەی سەرهەڵدانی دێموکراسییە ساواکان و سەدەی شۆڕشەکانی وڵاتانی عەرەبی - ئیسلامی دا، ئەو سیستمە بتوانێ بەردەوام بێ.

قەیرانی ئابووریی ئێستای ئێران، کەلێن لە ئاستی سەرەوەی ڕێژیمدا، لێبراویی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ گوشارخستنی زیاتر بۆ سەر کۆماری ئیسلامی و گرینگتر لە هەمووی ئەوانە چوونەسەری ئاستی وشیاریی سیاسی و کۆمەڵایەتی خەڵکی ئێران بۆتە »پاشنەی ئاشیلی» ئۆلیگارشیی ئایینیی زاڵ بە سەر ئێران، کە بە لەبەر چاوگەرتنی جەوهەری ئیدئۆلۆژیکی ڕێژیم و لێکترازانی کۆلەکەکانی بە هۆی کێشە نێوخۆییەکان و پێکهاتنی دامەزراوە بەهێزەکانی وەک مافیای سیاسی- ئابووریی سپای پاسداران، تێپەراندنی ئەم دۆخە تێچوویەکی زۆر هەڵدەگرێ هەر بۆیە دەربازبوون لەم هەڵومەرجە گەلێک ئەستەمە.

لە ژمارە ٥٨٢ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی مای ٢٠١٢

---------------------------------------------

## مرۆڤ و گلۆبالێزم، ئەقڵانییەتی نەتەوەیی و کێشەی بان نەتەوەیی

هەڵبژاردنەکانی فەڕانسە بە سەرکەوتنی فرانسوا ئۆلاند بەربژێری پارتی سۆسیالیست کۆتایی پێهات. ئەو هەڵبژاردنە فەزایەکی ڕەخساند کە تێیدا نە تەنیا کێشە نێوخۆییەکانی فەڕانسە، بەڵکوو کێشەکانی نێوان فەڕانسە و یەکیەتیی ئوروپاش دەربکەوێ. لەو هەڵبژاردنەدا خەڵکی فەڕانسە، بە هۆی ئەو قەیرانە ئابوورییەی کە لە ساڵی ٢٠٠٨وە دەستی پێکردوە، دەنگیان بە گۆڕینی نیکۆلا سارکۆزی دا و فرانسوا ئۆلاندیان نەک وەک ئالتەرناتیڤێک لە بەرامبەر بەرەی ڕاست دا، بەڵکوو وەک ئالتەرناتیڤێک لە بەرامبەر شەخسی سارکۆزیدا هەڵبژارد.

پێویستە سەرنج بدەینە ئەو بابەتە کە لە دوای دەستپێکردنی قەیرانی ئابوورییەوە ئاکامی زۆربەی هەڵبژاردنەکانی ئورووپا بریتی بووە لەوە کە لە نێوان ئۆپۆزیسیۆن و پۆزیسیۆن جێگۆڕکێ کراوە. سۆسیالیستەکانی سوئێد کە زیاتر لە ٦٥ ساڵ حکوومەتیان بە دەستەوە بوو لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٦ دا دۆڕاندیان و لە هەڵبژاردنی پارلمانی ٢٠١٠شدا شکستێکی گەورەتریان خوارد. حیزبی کرێکاری بریتانیا کە پارتێکی چەپە پاش ١٣ ساڵ حکوومەتکردن (١٩٩٧ - ٢٠١٠) جێگەی خۆی بە حکوومەتێکی هاوبەشی پارتی کۆنەپارێزەکان و پارتی لیبراڵ دێموکرات دا. هەروەها لە هەڵبژاردنی پارلمانی یونانیدا کە لە ٦ی مەی ئەمساڵدا بەڕێوە چوو، دوو حیزبی سەرەکیی ئەو وڵاتە کە لە دەورانی دیکتاتۆری نیزامیی ساڵی ١٩٧٤ وە هەتاکوو ئێستا بە نۆرە حکوومەتیان لە دەستدا بووە هەنووکە بە هەر دووک پارتەوەش، بە هۆی ئەوەی لە کۆی ٣٠٠ کۆرسیی پارلمان تەنیا ١٤٩ کۆرسییان بە دەست هێناوە، ناتوانن حکوومەت پێک بێنن. هەموو ئەو نموونانە هەڵگری راستییەکی گەورەن ئەویش ئەوەیە کە دێمۆکراسی پارلمانی واتە دیمۆکراسیی لە جۆغرافیای وڵاتێکدا دەرەقەتی ئەو کێشانە نایەت کە کێشەی سەرتر لە جۆغرافیای هەر یەک لەو وڵاتانەن. بە واتایەکی دیکە جۆغرافیای کێشەکان زۆر بەرفراوانترە لە جۆغرافیای دێموکراسییەکان.

هەروەها رەوتە توندڕەوەکان لە زۆربەی وڵاتانی ئورووپاییدا جەماوەریان پەیدا کردوە. بۆ نموونە لە سوئێد کە سەمبۆلی دەوڵەتی خۆشبژێو و کۆمەڵگەی فرەکلتوورییە پارتی دێموکراتەکان، کە سیاسەتی سەرەکی، دژایەتی لەگەڵ بیانییەکان و بە تایبەت دژایەتی لەگەڵ موسڵمانەکانە، بۆ یەکەمجار لە مێژووی ئەو وڵاتەدا لە ساڵی ٢٠١٠ دا بە دەستەبەرکردنی ٢٠ کورسی چووە پارلمان. مارین لوپن کاندیدی سەرۆک کۆماری پارتی بەرەی نەتەوەیی فەڕانسە لە خوڵی یەکەمدا ١٧.٩ % دەنگەکانی هیناوە. ئەوە لە حاڵێکدایە مارین لوپن بە توندی دژی وەرگرتنی پەنابەران و بەستنی پەیمانی نێوان فەڕانسە و یەکیەتیی ئوروپا بوو. لەو چەند میلیۆنەی کەدەنگیان داوە بە مارین لوپن بەشێکی بەرچاویان بێکاران و کرێکارانی فەڕەنسیی بوون. ئەوانە هەموو ئاماژەیەکن بۆ پەرەگرتنی توندرەوی لە ئورووپا، بەڵام ئەو پەرەگرتنە تەنیا لە ئاستی هاتنە مەیدانی کۆمەڵێک پارتی توندڕەودا بەرجەستە نەبۆتەوە، بەڵکوو لە ئاستی کۆمەڵایەتی و لە کردەوە تاکەکەسییەکانیشدا رەنگی داوەتەوە. بۆ نموونە ئاندرێس برینگ بروئیکی نۆروێژیی لە مانگی جوولای ٢٠١١ دا لە دژکردەوە بەرامبەر بە بوونی بیانییەکان و موسڵمانان دەیان هاووڵاتی نۆروێژی کوشت. لە مارسی ئەمساڵیشدا موحەممەد مەراح، کە گەنجێکی موسڵمانی ئەڵجەزایری بوو، لە تۆلوزی فەڕانسە دا سێ منداڵی جوولەکە و سێ سەربازی فەرانسەیی کوشت. لە فەڕەنسەی زیاتر لە پێنج میلیۆن موسڵمان دەژین و ئایینی ئیسلام دوای مەسیحییەت دووهەمین ئایینی فەڕانسەیە. دەرکەوتنی توندرەوی لە ئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا نیشاندەری ئەوەیە کە وڵاتانی ئورووپایی لە گەڵ کۆمەڵە گرفتێک رووبەڕوون کە یان چارەسەرێکیان بۆ ئەو کێشانە نییە یان چارەسەری کێشەکان بە دژوار دەزانن چونکە توندڕەوی لە کاتێکدایە کە ئەقڵانییەت و هزر و توانای مرۆڤ لە بەرامبەر کێشەکانیدا تووشی دەستەوەستان بووە.

هەر بۆیە هەڵبژاردنەکان و کردەوە توندڕەوەکانی ئەم چەند ساڵەی دوایی ئورووپا کۆمەڵێک پرسیاری جیددیی هێناوەتە ئاراوە. ئەو پرسیارانە بریتین لەوە کە ئایا پلۆراڵیزمی سیاسیی لە ئاستی جیهان و بە تایبەتی لە ئاستی ئورووپا تووشی قەیران بووە؟ ئایا خەڵک، لە دەرەوەی چەپ و راست، لە نەبوونی رێگە چارەیەکی روون دەنگ بە



سەرچاوە
Serchawe

«گۆڕان» دەدا ؟ ئایا گەورەتر لە قەیرانی ئابووریی جیهان قەیرانێكی سیاسی و فەلسەفی لە ئارا دایە؟ ئایا سەرتر لە گرفتی دابەزینی توانایی كڕینی خەڵك توانایی هەڵبژاردنی خەڵكیش دابەزیوە؟

زۆربەی بیرمەندان لە سەر هەبوونی ئەم پرسیارانە كۆكن، بەڵام توانای وڵامدانەوە بەو پرسیارانەشیان نییە. وڵامی ئەو پرسیارانە نەک زۆر دژوارە، بەڵكوو ئەو پرسیارانە لە پرسیارە بێ وڵامەكانی ئێستای جیهانە. لە ڕەوتی هەڵبژاردنەكانی فەڕانسەدا، گەنجێكی فەڕانسەیی پرسیاری دەكرد كە بۆ دەبێ ئێمە بەهای قەیرانی ئابووریی یونان بدەین؟ لە ڕەوتی هەڵبژاردنەكانی یونانیشدا گەنجێكی یونانی پرسیاری دەكرد كە كومیسیۆنی ئورووپا بۆ ڕێگەچارەیەک بۆ بێكاری ئەوان نادۆزێتەوە؟ ئەو پرسیارانە ئاماژە بە ڕاستییەكی گەورە دەكەن ئەویش ئەوەیە كە ئابووریی فەڕانسە و یونان ئابوورییەكی لێكگرێدراوە، بەڵام كۆمەڵگەی یونان و فەڕانسە كۆمەڵگەیەكی هاوپێوەند نییە. بە واتایەكی دیكە ڕەوتی لێكگرێدرانی وڵاتانی یەكیەتیی ئورووپا لە سەر بنەمایەكی تاک ڕەهەندی ئابوورییەوە ئەنجامی گرتوە، بەڵام بە كۆمەڵگەبوونی یەكیەتیی ئورووپا یان شوناسێكی هاوبەشی ئورووپایی شكڵی نەگرتوە.

لە ڕاستیدا بۆ وڵاتانی یەكیەتیی ئورووپا هەبوونی شوناسێكی هاوبەش پێویستییەكی سەرەكییە. سەرنج بدەنە ئەو وێنەیە كە وڵاتێک هەیە ٢٧ پارێزگای بە ناوەكانی ئاڵمان، فەڕانسە، یونان، ئێسپانیا و... هەیە. ئەگەر لەو وڵاتەدا پارێزگای یونان تووشی قەیرانی ئابووری بێ، ئایا ئەركی هەموو وڵات نییە كە یارمەتیدەری باشتربوونی دۆخەكە بێ و قەیرانی ئەو پارێزگایە بە قەیرانی خۆی و قەیرانی وڵاتەكەی بزانێ؟ دیارە ئەو وێنەیە نە تەنیا گرفت و چارەسەری یەكیەتیی ئورووپا نیشان دەدا، بەڵكوو لە ئاستێكی گەورەتردا گرفت و چارەسەری جیهانییش نیشان دەدا. بە واتایەكی دیكە پرۆسەی بەجیهانیبوون جوغرافیای جیهانی لێک گرێداوە، لێكگرێدانی جوغرافیای جیهانیش جوغرافیای وڵاتەكان واتە بەستێنە ئابووری، كلتووری و كۆمەڵایەتییەكانی وڵاتەكانی لێک گرێ داوە، هەر بۆیە زۆرێک لە كێشەكانی ئێستای وڵاتە پێشكەوتووەكان كێشەی بان نەتەوەیین بەڵام سیستمی ئیداری، سیستمی هەڵبژاردن، سیستمی یاسادانان، بكەرە سیاسییەكان واتە دەوڵەتەكان و... هەروا نەتەوەیین. سیستمی پارڵمانی، سیستمی ئێداری، دەوڵەتەكان و... هێزی مرۆڤ لە بەرامبەر تەكنۆلۆژی و ژینگەی مرۆڤدا پێشان دەدەن. بەو پێیە خودی مرۆڤ لە پرۆسەی بەجیهانیبوون دا دواكەوتوە و مرۆڤ لە جیهانێكی لە دەست دەرچووودا دەژێ. مرۆڤ بە دامەزراوە نەتەوەییەكانی لە جوغرافیایەكی بان نەتەوەییدا دەژێ، هەر بۆیە لە نێوان توانایی مرۆڤ، گەشەی تەكنۆلۆژی و بەرفراوانبوونی شوێنی ژیاندا ناهاوسەنگی و ناتەباییەكی گەورە دروست بووە.

وڵاتانی ئەندامی یەكیەتیی ئورووپا لە دوایین دانیشتنی خۆیاندا كە لە ٢ی مارسی ئەمساڵدا بەڕێوە چوو پەیمانێكی ماڵی تازەیان واژۆكرد. ئەو پەیمانە كە جگە لە بریتانیا و چێک لە لایەن هەر ٢٥ ئەندامی دیكەوە واژۆ كراوە باس لەوە دەكا كە پێویستە دەوڵەتەكانی ئەندام ڕێگە نەدەن ڕادەی قەرزەكانیان لە ڕادەیەک كە دیاری كراوە زیاتر بێ. هەروەها دەوڵەتێک كە ئەو دیسپلینە ماڵییە بەڕێوە نەبا لە لایەن دیوانی ئورووپاوە دادگایی و سزا دەدرێ. بە واتایەكی دیكە زۆرێک لە ڕێوشوێنەكان پێشتر دیاری كراون و فەڕانسە ناچارە بەڕێوەیان بەرێ. فرانسوا ئۆلاندیش تەنیا دەتوانێ لە چۆنییەتی بەڕێوەچوونی ئەو پەیمانەدا دەسەڵاتی هەبێ. بەو پێیە بۆ فەڕانسەیەک كە ئەندامێكی گرینگی یەكیەتی ئورووپا

و ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانە، هەڵبژاردنی فرانسوا ئۆلاند چارەسەرێکی ئێستراتژیک نییە. ئەگەر تەماشای کێشەکانی یەکیەتی ئورووپا و جیهان بکەین توانایی بچووکی هەڵبژاردنی فەڕانسەمان چاکتر بۆ دەردەکەوێ.

١- کێشە و چارەسەری یەکیەتی ئورووپا: یەکیەتیی ئورووپا لە ساڵی ١٩٥١ لە چوارچێوەی «کۆمەڵگەی خەڵووز و ئاسن» دا لەلایەن ٦ وڵاتی فەڕانسە، ئاڵمان، ئیتالیا، لوکزامبورگ، هولەند و بلژیک لە پاریس پێکهات. دواتر لە ساڵی ١٩٩١ بە پەسند کردنی پەیمانی ماستریخت یەکیەتیی ئورووپا جێگەی کۆمەڵگەی ئورووپای گرتەوە. ڕەوتی گەشەی یەکیەتیی ئورووپا لە دوای ڕووخانی بلۆکی یەکیەتیی سوڤییەت و لاچوونی دیواری برلین خێراتر بووە هەتاکوو لە ساڵی ٢٠٠٤ دا دە وڵاتی دیکە بەو یەکیەتییە پەیوەست بوون و ئەو یەکیەتییە بوو بە ٢٥ وڵات.

لە ساڵی ٢٠٠٤ دا وڵاتانی نێو یەکیەتیی ئورووپا لە چوارچێوەی پەیمانی لیسبۆن لە سەر ئەوە ڕێککەوتن کە سەرجەم ئاییننامە و پەسند کراوەکان کۆ بکەنەوە و دواتر لە چوارچێوەی یاسای بنەڕەتیی یەکیەتیی ئورووپادا پەسندی بکەن. دیارە ڕەوتی پەسند کرانی یاسای بنەڕەتیی ئامادەکراو دوابەدوای دەنگی نەرێنیی خەڵکی فەڕانسە ڕاوەستا. هەروەها بریتانیا لەگەڵ لابردنی ئاڵا و سروودی وڵاتەکان و دەستنیشانکردنی کەسێک وەک وەزیری دەرەوەی یەکیەتیی ئورووپا لە نێو یاسای بنەڕەتی ئامادەکراو دژایەتی هەبوو. بەو پێیە چارەسەری گرفتی خێرا نەبوون و ناسەقامگیریی یەکیەتیی ئورووپا پێویستی بە یاسایەکی بنەڕەتیی هاوبەش هەبوو بەڵام پرسیار ئەوە بوو کە ئەو یاسایە دەبێ لەسەر بنەمای شوناسی نەتەوەکان یان شوناسێکی ئورووپایی بنیات بنرێ؟

سێ وڵاتی ئاڵمان، فەڕانسە و بریتانیا، سێ وڵاتی سەرەکیی نێو یەکیەتیی ئورووپان. ئەو سێ وڵاتە خاوەنی مێژوو، ئابووری، زمان، فەرهەنگ و... دواجار بەرژەوەندی تایبەت بە خۆیانن. هەروەها لە نێوان مێژوو، ئابووری، فەرهەنگ و بەرژەوەندی ئەو سێ وڵاتەدا بەستراوەیی و بە نێو یەکداچوونێک هەیە. دیارە هەر سێ وڵات بەرژەوەندی تایبەت بە خۆیان لە هەبوونی یەکیەتیی ئورووپادا هەیە بەڵام خاڵە جیاوازەکانیان ڕێگرە لەوە ئەو یەکیەتییە ببێتە یەکەیەکی سیاسی، ئابووری، نیزامیی و... (دەوڵەتێکی مەزن). هەنووکە ئاماژە بەو شوناسە جیاوازە و بەرژەوەندییە هاوبەشەی ئەو سێ وڵاتە لە نێو یەکیەتیی ئورووپا دا دەکەین.

بریتانیا لە نێو یەکیەتیی ئورووپادا: بریتانیا لە وڵاتانی دامەزرێنەری یەکیەتیی ئورووپا نەبووە. ئەو وڵاتە بە دوای شکلگرتنی کۆمەڵگەی ئورووپا و بازاری هاوبەش لە پێناو وەچنگ خستنی بەرژەوەندی ئابووریی زیاتر لە ساڵی ١٩٦١ داوای ئەندامەتی دەکا بەڵام ئەو داواکارییە ڕووبەڕووی دژایەتی توندی ژێنراڵ دۆگۆل و فەڕانسە دەبێتەوە. ژێنراڵ دۆگۆل لە پێوەندی لەگەڵ بریتانیادا دەیگوت «بریتانیا ئەسبی تێرۆوای ئەمریکایە لە ئورووپادا». دیارە هەتاکوو ئێستاکەش ئەو وتەیەی دۆگۆل هەر ڕاستە. لە ڕاستیدا لە دوای شەڕی دووهەمی جیهانییەوە هێزی ئابووری، سیاسی و نیزامیی بریتانیا لە نێوان ئەمریکا و یەکیەتیی ئورووپادا دابەش بووە. ئەو هەڵکەوتنەی بریتانیا لە نێو ئەمریکا و یەکیەتیی ئورووپادا لە ساڵی ٢٠٠٣ دا بە ڕوونی دەرکەوت کاتێک ئەو وڵاتە بە پێچەوانەی هەڵوێستی یەکیەتیی ئورووپا و بە هاوبەشی لەگەڵ

ئەمریکادا هێرشیان کردە سەر عێراق. هەروەها بریتانیا هەتاکوو ئێستاکە پەیماننامەی شێنگێنی (لابردنی سنووری نێوان وڵاتانی ئورووپایی) واژۆ نەکردووە و نەچۆتە نێو ناوچەی یۆرۆ. لە دوایین پەیمانی ماڵیی یەکیەتیی ئورووپاشدا تەنیا دوو وڵات پەیمانەکەیان واژۆ نەکردوە کە ئەو دوو وڵاتە بریتانیا و چێکە. لە ڕاستیدا ڕوانینی بریتانیا بۆ یەکیەتیی ئورووپا ڕوانینێکی ئابوورییانەی تاکە ڕەهەندییە، بەم هۆیەوە ئەو وڵاتە نەیتوانیوە ڕۆڵێکی داهێنەرانە لە نێو ئەو یەکیەتییە دا بگێڕێ. هەروەها گرتنەبەری ئەو ئیستراتیژییە تاک ڕەهەندییە وایکردوە ئامادەیی بریتانیاییەکان بۆ تێپەڕین لە دەمارگیری نەتەوەیی بەرەو شوناسێکی هاوبەشی ئورووپایی نەک زیاد نەکا بەڵکوو بەردەوام کەم بێتەوە. سەلمێنەری ئەم ڕاستییە ئەوەیە کە ساڵی پێشوو ١٢٢ هەزار هاووڵاتی بریتانیایی بە واژۆکردنی نامەیەک داوایان لە پارلمان کردوە کە بۆ هاتنە دەرەوە یان مانەوەی بریتانیا لە نێو یەکیەتیی ئورووپادا ڕێفراندۆم بەڕێوە بچێ.

ئاڵمان لە نێو یەکیەتیی ئورووپادا: یەکێک لە فاکتەرەکانی بوون بە هێزێکی جیهانی هەبوونی هێزی نیزامییە. ئاڵمان نە چەکی ئەتۆمی و نە هێزی نیزامی هەیە. بەم پێیە ئەو وڵاتە بۆ بەرەوپێشبردنی دیپلۆماسییەکەی لە ئاستی جیهاندا ناتوانێ لە پشتگیری هێزی نیزامی کەڵک وەربگرێ. هەروەها ئاڵمان لە نێو ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەندامی هەمیشەیی نییە و مافی ڤێتۆی نییە. دەرئەنجام ئاڵمان لە پێناوی بوون بە هێزێکی جیهانی، یەکیەتیی ئورووپا وەک پێویستییەکی ئیستراتیژیکی نیزامی . یاسایی لە قەڵەم دەدا. ئاڵمان لە ئێستادا گەورەترین و بەهێزترین ئابووریی یەکیەتیی ئورووپایە. ڕوودانی قەیرانی ئابووری بە جۆرێکیش دەرفەتێکی بۆ ئاڵمان ڕەخساندوە تا بە پشبەستن بە توانایی ئابوورییەکە ڕێبەری ئورووپا بکا و لە ڕێبەری جیهانییشدا ڕۆڵێکی گەورەتری هەبێ.

فەڕانسە لە نێو یەکیەتیی ئورووپادا: ئەو وڵاتە لە ساڵی ١٩٦٦ بەملاوە لە ناتۆ دا بەشداریی نیزامی نەکردووە. دیارە هۆکاری بەشداری نەکردنی نیزامیی فەڕانسە لە ناتۆدا بۆ ئەوە دەگەڕاوە کە ئەو وڵاتە داوای فەرماندەیی بەشێک لە هێزەکانی ناتۆی دەکرد بەڵام ئەمریکا لەگەڵ ئەو بابەتە دژایەتی هەبوو. فەڕانسەوییەکان ڕۆڵی فیکری ـ سیاسیی خۆیان لە جیهاندا لەگەڵ ئەمریکادا بەراوەرد دەکەن. ترۆپکی ئەو بەراوردکردنە لە بەراوردی شۆڕشی فەڕانسە و شۆڕشی ئەمریکادا دەبینرێ. بەو پێیە فەڕانسە لە پێناوی بوون بە هێزێکی جیهانی، یەکیەتیی ئورووپا وەک پێویستییەکی ستراتژیکی سیاسی ـ نیزامی تەماشا دەکا. لە لایەک ڕوانین و پێگەی جیهانیی جیاوازی ئاڵمان، فەڕانسە و بریتانیا وایکردوە کە ئەو وڵاتانە نەتوانن ستراتێژییەکی فرەڕەهەند و هەمەلایەنە لە هەمبەر گەشەی یەکیەتیی ئورووپا بگرنەبەر تا ئەو یەکیەتییە ببێ بە دەوڵەتێکی مەزن لە ئاستی جیهاندا، لە لایەکی دیکە هەبوونی ستراتێژییەکی فرەڕەهەند و هەمەلایەنە پێویستییەکی سەرەکی جیهانی ئێستایە.

٢- کێشە و چارەسەری جیهان: بە هۆی شۆڕشی پێوەندییەکان هەموو ڕەهەندەکانی جیهانی مۆدێرن هاوکات ئاوێتەی یەکتربوون، گەشەیان کرد و گۆڕانیان بە سەردا هات. لە ڕاستیدا شۆڕشی پێوەندییەکان و گڵۆباڵیزم پێکەوە لە دایک بوون. تەلەفۆن، ماهوارە، کامپیوتێر و ئینتێرنێت و فەیس بووک نە تەنیا پێوەندییە فیکری، کلتووری، ئابووری و سیاسییەکانی مرۆڤی خستە نێو جوغرافیا و نیشتمانێکی گەورەتر و سەرتر لە دەسەڵاتی دامەزراوەکانی مۆدێرن بە تایبەتی سەرتر لە دەسەڵاتی «دەوڵەت-نەتەوە»کان، بەڵکوو گرفتە مرۆییەکانیشی زۆرتر و ئاڵۆزتر کردووە. دیارە تەکنۆلۆژی و ئابووری بە

هۆی ئەوەی کە نە شوناسیان هەیە نە ئایین، زیاتر و خێراتر لە رەهەندەكانی دیكەی مۆدێرنە پەرەیان ئەستاند و بەجیهانی بوون. ئەمڕۆكە لە لایەک بە پێكهاتنی كۆمپانیا یان نەتەوەییەكان، سندووقی نێودەوڵەتیی دراو، بانكی جیهانی، گرووپی G20، كەڵک وەرگرتن لە یۆرۆ و... بە تەواوەتی هەست بە بەجیهانیبوونی ئابووری دەكەین. لە لایەكی دیكە كۆمپانیا یان نەتەوەییەكان دەسەڵات و كاریگەریان بە سەر بەستێن و پرسە گشتییەكان، ئەو پرسانەی كە پێوەندیدارن بە هەمووی هاووڵاتیان وەک سیستمی تەندروستی و خزمەتگوزاری، هەیە بە بێ ئەوەی هەڵبژێردراوی خەڵک بن. لەو پێوەندییەدا خەڵک لە وڵاتانی جۆراوجۆر نارەزایەتی دەردەبڕن، بەڵام چارەسەركردنی پرسەكە لە توانا و دەرەقەتی «دەوڵەت - نەتەوە»یەک بەدەرە.بەو پێیە پرۆسەی گلۆباڵیزم بە جۆرێک پرۆسەی بەجیهانیبوونی سەرمایەدارییە.

هەروەها بە جیهانیبوون لە ریگەی بە جیهانیكردنی بەرهەمهێنان و بە جیهانیكردنی دراو، دەوڵەت ـ نەتەوەی لاواز كردوە و سیستمی بانكداریی جیهانی بەهێز كردوە. بۆ نموونە ئەگەر دەوڵەتی فەڕانسە فلانە بانک یا سەرمایەدار بخاتە ژێر گوشارەوە و هەوڵ بدا ماڵیاتێكی زیاتر لەو سەرمایەدارە یا بانكە بستێنێ، ئەوان دەچن بۆ شوێنێكی دیكە وەک هیند، چین، ئەفریقا و...

كەوایە هەر دەوڵەتێک لە جوغرافیای حوكمڕانیی خۆی دا دەتوانێ كاریگەریی لە سەر بازار و ئابووری هەبێ بەڵام ئەو كاریگەرییە بە چەشنێک نییە كە بتوانێ پارێزگاری لە خزمەتگوزار بوون یا خۆشبژێوبوونی دەوڵەت بكا. بەم شێوەیە نەبوونی هاوپێوەندیی نێوان دەوڵەت ـ نەتەوەكان دەبێتە هۆی دەرەقەت نەهاتنی دیموكراسیی پارلمانی (دیموكراسی سنووردار لە باری جوغرافیاییەوە) لە بەرامبەر سیستمی بانكداریی جیهانی دا. دواجار دیموكراسیی پارلمانی بە هۆی بەجیهانیبوونی ئابووری و بە تایبەتی بە هۆی سیستمی بانكداریی جیهانی ناتوانێ پارێزگاری لە خۆشبژێویی هاووڵاتان بكا.

ئەو بابەتە بە واتای دەستبەرداربوونی مرۆڤ لە دێموكراسیی پارلمانی نییە، بەڵكوو بە واتای تێگەیشتن لە پێویستیی دێموكراسییەكی جیهانییە. لە راستیدا لە گەڵ بەرفراوانبوونی جوغرافیاكان ئەقڵانییەتی مرۆڤەكانیش دەبێ گەورەتر بێ. یەكیەتیی ئورووپا سەرەرای هەموو گرفتەكانی پێویستییەكی ئورووپایە هەر وەک چۆن نەتەوەیەكگرتووەكان سەرەرای هەموو گرفتەكانی پێویستییەكی جیهانە چونكە یەكیەتیی ئورووپا گەورەترین ناوەندی دیالۆگی ئورووپا و نەتەوە یەكگرتووەكانیش گەورەترین ناوەندی دیالۆگی جیهانە. لە راستیدا لێكگرێدانی جوغرافیاكان ناچارمان دەكا فەزای هاووڵاتیبوون و فەزای دیالۆگ و هاوكاریكردنیش بەرفراوان بكەینەوە.

سەرچاوەكان:

١- زوال طبقه متوسط، خطری برای اینده دموکراسی - فرانسیس فوکویاما
٢- ئاسۆ جیهانییەكان، ئانتۆنی گیدێنز - وەرگێر: عەتا جەماڵی

٣- ناتۆ، مطالعات اروپا و امریکا، غلامرضا خادمی
٤- تجدد و تشخص، انتونی گیدنز، ترجمه: ناصر موفقیان
٥- گفتگوی شهلا بهاردوست با جلال ایجادی و جمشید اسدی
٦- قەیرانی یەکیەتی ئوروپا لە نێو جیهانێکی «لە دەست دەرچوو»، ڕێبوار مەعروف زادە
٧- مسئلەی چپ در ایران و جهان، گفتگو با شیدان وثیق

لە ژمارە ٥٨٣ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی مای ٢٠١٢

---------------------------------------------------

## هونەر و خەبات (هونەری خەباتکردن و خەباتی هونەرمەندان)

پێوەندی نێوان هونەر و مرۆڤ، هونەر و سیاسەت، هونەر و کۆمەڵگە لەو کاتەوە مانا پەیدا دەکا کە مرۆڤ لە کۆیلایەتی ئاسمان و مێتافیزیک ڕزگاری دەبێ و بە سەر سروشت و چارەنووسی خۆی دا زاڵ دەبێ. تا پێش لەم کاتەش جوانی هەبووە، بەڵام ئەم جوانییانە نەک بە ناوی کەسێک بەڵکوو بە ناوی ئیمپراتۆرییەکان و سەردەمەکان تۆمار کراون. لە گەڵ چوونی مرۆڤ بۆ ناوەندی جیهان، لە گەڵ جێگیربوونی حکوومەتی یاسا و مافی دەنگدان، لە گەڵ سەقامگیریی مافی خاوەندارێتی و ئۆتۆنۆمیی تاک، «هونەری هونەرمەند»یش پەیدا دەبێ.

هونەر بریتییە لە توانای مرۆڤ لە گواستنەوەی مانا بە شێوازێکی جوان، بریتییە لە نیشاندان و بەرجەستەکردنی ئایدیا و خەیاڵ بە سەر واقیعدا. کەوشەنی هونەر لە مەودای نێوان فانتازیا (subjective) و واقیعدا(objective) هەڵکەوتوە، کە پانتاییەکەی لە فولکلۆرەوە تا نیگارکێشی و پەیکەرسازی و...، لە ڕومان و شێعرەوە تا سروود و گۆرانی، لە موسیقا و فیلمەوە تا سینەما درێژ دەبێتەو. بەڵام نە بە تەواوەتی سەر بە هەست و فانتازیایە نە بە تەواوەتی سەر بە واقیعە. جەوهەری سەربەخۆیی و بێ سنووری هونەریش هەر لەوەرا سەرچاوە دەگرێ کە دەتوانێ لە گرمەی شەڕێکی وێرانکەردا سروودی ژیان و ئاشتی بڵێ و دەشتوانێ لە بێ خەمیی ژیانی رۆژانەی مرۆڤدا تابلۆیەکی تاریک نمایش بکا. لە ڕاستیدا لە گەڵ گۆڕانی سیستمی بیرکردنەوە و دۆخی ژیانی مرۆڤ، هونەریش کەم تا زۆر گۆڕانی بە سەردا هاتوە. هونەر لە گەڵ گەشەی مرۆڤ گەشەی کردوە و بە دابەشبوونی مرۆڤیش لە جیهانی مۆدێرن دا، دابەشبوونی بە سەر ئیدئۆلۆژی، ئایین، چین و گرووپەکان و...، هونەریش بە سەر خواست و هونەری هونەرمەندەکاندا دابەش بووە. هەروەها بە دوای ڕووبەڕوبوونەوەی مرۆڤ لە گەڵ ئاڵۆزی و دیاردەکانی جیهانی مۆدێرن، لە گەڵ بەرفراوانبوونی دەسەڵاتی بازار و بە ماشێنی بوون و تەنانەت بە کاڵا بوونی مرۆڤ، هونەریش ڕووبەڕوی بە کاڵایی بوون بوتەوە. ئەوپەڕیی خراپەی جیهانی



سەرچاوە
Serchawe

تێکنۆلۆژی و سەرمایەدارییش هەر ئەوەیە کە لە ڕێگەی بە کالا کردنی هونەر، لە ڕێگەی گرتنی دوایین وێستگەی هەست و نەستی مرۆڤ، مرۆڤی تووشی ساردی و خۆکۆژییەکی کۆمەڵایەتی و سیاسیی گەورە کردوە. زاڵبوونی زانست بە سەر جیهان هەموو نەریت، هەموو پیرۆزی و هەقیقەتەکانی ورد وخاش کردوە، لۆژیکی قازانجی بە سەر پێوەندییەکانی مرۆڤدا زاڵ کردوە و مرۆڤی خستۆتە نێو دەریایەک لە گۆمان و پرسیار. هەر بۆیە هونەر لە جیهانی ئەمڕۆدا ڕۆلی دوایین کانگای ڕۆحیی نەفرۆشراو، ڕۆڵی دوایین پەناگەی ئومێد و جوانی مرۆڤ دەگێڕێ.

بۆ ئەوەی پێوەندیی هونەری کوردی لە گەڵ دۆخی سیاسی، کۆمەڵایەتی و مێژوویی کورد نیشان بدەین، بۆ ئەوەی قسە لە سەر کۆمەڵناسیی هونەری کوردی، خەباتی هونەرمەندان و هونەری خەباتکردن بکەین، لە پێنج گەنجی ڕۆژهەڵاتی، کە تەمەنیان لە نێوان ٢٣ تا ٣٥ ساڵ دایە، داوامان کردوە تا ناوی چەند هونەرمەند لە گەل بەرهەمەکەیان، کە لە ڕوانگەی ئەوانەوە بەرهەمی ئەو هونەرمەندانە(سروود و گۆرانییەکەیان) خەباتگێرانەیە، ناو ببەن. دیارە پێشوەخت هیچ پێناسەیەک لە هونەر و خەباتگێریمان نەداوەتە دەست ئەو کەسانە، تا بە پێی ئەو پێناسەیە وڵام بدەنەوە، چونکە دەمانهەوێ لە ڕێگەی وڵامەکانی ئەوانەوە باس لە سەر تایبەتمەندی هونەر و خەباتی کورد بکەین. وڵامی ئەو پێنج کەسەمان کردۆتە خشتەیەک تا لە ڕێگەی ئەو خشتەیە قسە لە سەر سروود و گۆرانیی کوردی، وەک بەشێک لە هونەری کوردی، بکەین.

پێش لەوەی باس لە تایبەتمەندیی نێو خشتەکە و ئەو وێنەیە بکەین کە خشتەکە دروستی کردوە دەبێ بڵێین فورم یان ئەو چوارچێوەیەی کە وێنەکە، وێنەیەک لە بەرهەمی خەباتگێرانە، تێیدا دروست بووە بریتیە لە نیگا و ڕوانگەی ئەو گەنجە ڕۆژهەڵاتیانەی کە لە نێوان ساڵانی ١٩٩٠ تا ٢٠٠٠ گوێیان لە گۆرانیی کوردی گرتوە. چونکە ئەگەر تەماشای مەودای تەمەنیان بکەین(٢٣ تا ٣٥ ساڵ)وای دابنێین کە هەر یەک لەوان لە تەمەنی ١٤ یان ١٥ ساڵی بەملاوە توانیویانە بە شێوەیەکی ورد و بە هوشیارییەوە گوێ لە گۆرانی بگرن، بەو مانایە کە خۆیان جیاوازیی بەرهەمەکان دەستنیشان بکەن و لە نێوانیان دا هەڵبژاردن بکەن، ئەو خشتەیە پۆختەیەک لە بەرهەمە خەباتگێرییەکانی زاڵ و کاریگەر لە نێوان ساڵانی ١٩٩٠ تا ٢٠٠ مان پێشکەش دەکا. بەو پێیە تایبەتمەندیی نێو خشتەکەش زۆرتر تایبەتە بە هونەر و خەباتی کورد لەو ماوە زەمەنییەدا.

### ١- سوورریالیستی بوونی(surrealist)هونەری کوردی

ئەگەر تەماشای وڵامی ئەو گەنجە ڕۆژهەڵاتیانە بکەین دەبینین کە ئەوان لە هەموو پارچەکانی کوردستان هونەرمەندیان ناو بردوە. ئەوە لە حاڵێکدا ئەو سەردەم و ئێستاش سیاسەتی کوردی لە هەر پارچەیەک دا بە سەر ئەدەبیات و سیاسەتی حیزب یان چەند حیزبێکدا دابەش بووە. لێرەدا جیاوازیی هونەری خەباتگێرانە و سیاسەتی کوردیمان بۆ دەردەکەوێ کە سروود و گۆرانی خەباتگێرانەی کوردی توانیوێتی لە جوغرافیایەکی بەرفراوانتر گوێگر و بەردەنگ پەیدا بکا. دیارە ئەو تایبەتمەندییە لە بنەڕەتەوە بە هۆی ئەوە نییە کە ئەو بەرهەمانە لە ڕێگەی سیدی یان ڕادیۆ و... توانیویانە سنوورەکان ببرن، بەڵکوو ئەوە زمانی ئەو بەرهەمانەیە کە سنووره دەستکردەکانی بڕیوە. تایبەتمەندیی هونەری خەباتگێرانەی کوردی ئەوەیە کە زمانی سروود و گۆرانییەکان کوردستانییە واتە ئەو شوێن، باس، هێما و پەیامانەی لە بەرهەمەکاندا بە کار هاتوون تایبەت بە پارچەیەک نییە. پێویستە سەرنج بدەینە ئەوە کە ئەگەر لە گۆرانییەکدا شوێن، هێما، بابەت و پەیامی



سەرچاوە Serchawe

بەکارهاتوو بەرتەسک بێ بەو واتایەیە کە توانا و جوغرافیای دیالۆگ کردنی بەرهەمەکەش بەرتەسکە. بۆ نموونە زور جار خەڵک بۆ زەماوەندی خۆیان کەسێکی دەنگخۆش بانگ دەکەن تا ئەو کەسە هەم شاییەکان برازێنێتەوە و هەمیش یادەوەری ئەو شاییە، لە ڕێگەی تۆمارکردنی دەنگ و فیلمەکە، زیندوو بمێنێتەوە، بەڵام لێرەدا قەت هونەرێکی نەتەوەیی یان خەباتگێرانە بەرهەم نەهاتوە چونکە کەسانێکی دیکە هەر لەو نەتەوەیەی ناتوانن لە گەڵ بەرهەمەکە پێوەندی دروست بکەن و ببنە گوێگر و بەردەنگ. بەو پێیە زمانی هونەری کوردی بە بەراورد لە گەڵ زمانی سیاسیی کوردیی سوورئالیستە(بان واقیعگەرایە) یان ئەوەی کە زمانی سیاسی کوردی زور رئالێستە واتە هەر وەک چون کوردستان لە نێوان چوارپارچەدا دابەش بووە لە هەر یەک لەو پارچانەشدا ئەدەبیاتێک و زمانێکی سیاسی ئامادەیە نەک ئەوەی زمانێکی سیاسی بۆ هەمووی کوردستان هەبێ. ئەوە لە حالێکدا هەرچەند لە واقێعدا کوردستان بە سەر چوار وڵات دابەش بووە بەڵام زمانی هونەری کوردی و خەباتی هونەرمەندان ، بە پێچەوانەی ئەو واقیعە، بۆ هەموو کوردستان بووە.

### ٢- رئالیست بوونی(realist)هونەری کوردی

ئەگەر دیسان تەماشای خشتەکە بکەین دەبینین کە ئەو خشتەیە سیمایەکی پیاوانەی هەیە واتە رادەی هونەرمەندانی ژن لە کەمترین ئاستدایە و لە نێوان ١٠ کەسدا تەنیا دوو کەسیان(مەرزیە و شێریڤان) ئافرەتن. لێرەدا سیمای هونەری کوردی وێکچوونێکی گەورەی لە گەڵ سیمای خەباتی کورد هەیە. هەر وەک چون بەشداریی ژنان لە خەباتدا کەمتر لە پیاوان بووە، سیمای شۆڕشی کورد سیمایەکی پیاوانە بووە، بە هەمان شێوە بەشداریی ژنان لە هونەری خەباتگێرانەی کوردیشدا هەرە لاواز بووە. ئەو گەنجانە زور جار ناوی گۆرانییەکەشیان بە تەواوەتی نەزانیوە بەڵام بەشێک لە گۆرانییەکەیان نووسیوە. ئەگەر تەماشای وشە و دەستەواژەکانی نێو خشتەکە بکەین چاومان بە وشە و دەستەواژەکانی پێشمەرگە، شۆرش، شەڕ، چەک، شەهید، قەندیل(شاخ)، کوردستان و... دەکەوێ. ئەو دەستەواژانە رێک فەزای خەباتی چەکداریان دروست کردۆتەوە. بۆ نەوەیەک کە لە سەردەمی ئێستادا لە دایک بووە ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە کە لە نێوان پێشمەرگە و هونەری خەباتگێرانەی کوردیدا کامیان سەرەتا تەقەی کرد؟ لە راستیدا جەوهەر و نێوئاخنی هونەری خەباتگێرانەش دووپاتبوونەوەی هەمان فەزای شەڕ و خەباتی چەکدارانە بووە. ئەگەرچی زمانی هونەری کوردی بە بەراورد لە گەڵ زمانی سیاسیی کوردی بەرفراوانتر و یەکگرتووتر بووە، بەڵام جەوهەری ئەو زمانە بە هەمان چەمک و مانا و فەزای خەباتی چەکداری بارگاوی کراوە. لە راستیدا سیستمی ئەقلی هونەری کوردی نە تەنیا جیاواز لە ئەقلانییەتی سیاسی کورد نەبووە، بەڵکوو هونەری کوردی ئامرازێک بووە کە بەدەر لە ئەقلانییەتی سیاسی هیچ بوون و ئێرادەیەکی نەبووە. بەو پێیە زمانی هونەری کوردی ئەوەندە رئالیستە کە خوێن و چەک و فیشەکەکانیش دەباتە نێو شێعر و گۆرانییەکەی. ئاخۆ هونەر و گۆرانییەک پڕ بێ لە چەک و فیشەک دەتوانێ لە نێو نەتەوەکانی دیکە و جیهاندا گوێگر و بەردەنگ و دوست پەیدا بکا؟

لێرەدا سەرەتا بۆ ئەوەی نیشان بدەین کە هونەری خەباتگێرانەی کوردی هونەرێکی تەواو رئالیستی بووە، ساڵی تۆمارکرنی بەرهەمەکانیش لە خشتەیەکی دیکەدا نمایش دەکەین.

ئەگەر سەرنج بدەینە ئەو خشتەیە بۆمان دەردەکەوێ کە کۆی ئەو بەرهەمانە لە نێوان ساڵەکانی ١٩٧٩ تا ٢٠٠٠ بەرهەم هاتوون. بە واتایەکی دیکە لە نێوان ساڵی ٢٠٠٠ تا ٢٠١٢ یان هیچ بەرهەمێکی خەباتگێرانە بەرهەم نەهاتوە یان

ئەگەریش بەرهەمهاتبێ لە لایەن کۆمەڵگەوە وەک بەرهەمێکی خەباتگێرانە قبوول نەکراوە. خۆدی رئالیستبوونی لەرادەبەدەری هونەری خەباتگێرانەی کوردی بە واتای ئەوە بووە کە هونەر، سەربەخۆیی پێویستی لە واقیع و فەزای خەباتی چەکداری ئەو سەردەم نەبووە، جیاواز و سەرتر لە سیاسەتی کوردی هیچ ئیرادە، هەوێن، بیرکردنەوە و مانایەکی نەبووە. سەربەخۆیی هونەری کوردی بە واتای نەبوونی پێوەندی و دابڕان لە کۆمەڵگەی کوردی نییە، بەڵکوو بە مانای ئەوەیە کە هونەر بە شوێن، کات و ئاراستەیەکی دیاریکراو نەبەستریتەوە. سەربەخۆیی هونەر ئەوەیە نەبێتە پاشکۆی ئیرادەی سیاسی و لە خواست و ئیرادەی هونەرمەند سەرچاوە بگرێ. ئەگەر خۆدی هونەر، هەڵگری ئیرادەی خۆی نەبێ، سووژە نەبێ توانای خوڵقاندنی فەزا و مانای نابێ.

ئەرکی راستەقینەی هونەریش ئەوەیە کە لە نێوان هێز (power) و توندوتیژی(force) مەودایەک بێ بۆ ئازادی. ئەوەی کە گورانیی خەباتگێرانەی کوردی نەیتوانیوە لە نێو فارس، تورک و عەرەب و نەتەوەکانی ناوچە و جیهان گوێگر و بەردەنگ پەیدا بکا ئاماژەیەکی گەورەیە بۆ ئەوەی کە زمانی هونەری کوردی مانا و وێنەیەک دروست ناکا لە نێوان کورد و نەتەوەکانی دیکە، لە نێوان کورد و جیهاندا، بەڵکوو وێنەیەک دروست دەکا لە نێوان کورد و کوردستان. ئەگەر کەسانێک لە نێو کوردەکان دەبنە گوێگر و بەردەنگی داریۆش و شاملوویەکان نەک بە هۆی ئەوەیە کە ئەو کەسانە فارسی دەزانن، بەڵکوو بە هۆی ئەوەیە کە زمانی هونەری ئەو کەسانە کورد و فارس وەک یەک دەکاتە بەردەنگ. زمانی هونەری کوردی دەبێ بە مانا و عەقڵانییەتێک تەیار بێ، ئەگەر بە هەر زمانێکی دیکە دوبلەت کرد، بتوانی لە نێو هەر خاک و نەتەوەیەکدا قسە و دیالۆگ بکا.

**سەرچاوەکان:**


١- مانای هونەر، هێربرت رێد، وەرگێرانی: سەربەست خوسرەو عارف
٢- کۆمەڵناسیی هونەر، فەرزاد حەسەنزادە
٣- رەخنەی مارکسیستی، فەروخ نێعمەتپوور، گۆڤاری قەڵەم ژمارە دوو
٤- جامعەشناسی هنر، انسیە ملکیان
٥- مدرنیتە، زیبایی شناسی و هنر، رامین جهانبگلو، انجمن فلسفی اگورا


**تێبینی:**

* بە هۆی ئەوەی هیچ کتێبێک نەبووە کە ساڵی تومارکردنی ئەو بەرهەمانەی پاراستبێ، ساڵی دەرچوونی بەرهەمەکان بە هاوکاری بەرێز جەمال رەزازی و هیوا مەحموود(تۆمارگەی دابان-کۆیە)نووسراون.

لە ژمارە ٥٨٤ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٤ی جوونیی ٢٠١٢



سەرچاوە
Serchawe

## کۆسۆڤۆ، مافی جیابوونەوەی کەمایەتییە نەتەوەییەکان و مافی سەروەریی وڵاتان

حکوومەتی خۆدموختاری کۆسۆڤۆ لە ١٧ی فێوریەی ساڵی ٢٠٠٨ بە شێوەیەکی یەکلایەنە سەربەخۆیی ڕاگەیاند و داوای لە وڵاتانی جیهان کرد تا دان بە جیابوونەوەو سەربەخۆیی کۆماری کۆسۆڤۆ بنێن. زورێک لە وڵاتانی جیهان بەتایبەتی ئەمریکا، فەرانسەو بریتانیا وڵاتی تازەی کۆسۆڤۆیان بە فەرمی ناسی، بەڵام رووسیە و سێربستان ئەو راگەیەندنەیان بە نایاسایی لە قەڵەم دا و سکاڵای خۆیان ئاراستەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان کرد. ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەو پرسیارەی ئاراستەی دادگای لاهە کرد کە ئاخۆ راگەیاندنی یەکلایەنەی سەربەخۆیی لەلایەن حکوومەتی خودموختاری کۆسۆڤۆ لە گەڵ یاسا نێونەتەوەییەکان ناکۆکی هەیە یان نا؟

دیارە لە رەوتی مێژوودا لە نێوان مافی سەروەریی وڵاتانو مافی دیاریکردنی چارەنووسی خەڵک و کەمایەتییەکان ململانێ هەبووە و ئەو دادگایەش نموونەیەک لە ململانێی نێوان مافی دیاریکردنی چارەنووسی کەمایەتییەکان و مافی سەروەریی وڵاتان بوو. مێژووی ئەو ململانێیە لە ئاستی نێونەتەوەییدا بۆ ساڵی ١٩٢١ دەگەڕێتەوە، کاتێک کە دانیشتووانی سوئێدی زمانی دوورگەی ئالاندی فەنلاند بە شێوەیەکی یەکلایەنە داوای جیابوونەوە لە وڵاتی فەنلاندیان کرد. دیارە وڵاتی فەنلاند دژایەتی لەگەڵ ئەو جیابوونەوەیە دەکردو وڵاتی سوئێدیش پشتگیریی جیابوونەوەی خەڵکی ئالاندی دەکرد. شووورای «کۆمەڵەی نەتەوەکان» لە رەوتی هەلسەنگاندنی داواکاری خەڵکی ئالاند بەو ئاکامە گەیشت کە، چونکە مافە مرۆڤییە بنەرەتییەکانی خەڵکی ئالاند لە لایەن دەسەڵاتداریتیی فەنلاندەوە بە شێوەیەکی بەرچاو و تایبەت پێشل نەکراوە، جیابوونەوە شتێکی رەوا نییە، بەڵام لە دابینکردنی مافی خودموختاریی خەڵکی ئالاند پشتگیریی کرد. ئەوە لە حالێکدایە دادگای نێونەتەوەیی لاهە لە رەوتی وڵامدانەوە بە بابەتی راگەیاندنی یەکلایەنەی سەربەخۆیی لە لایەن حکوومەتی خودموختاری کۆسۆڤۆ ئەو کردەوەیەی بە ناتەبا لە گەل یاساکانی نێونەتەوەیی نەزانی.

ئەزموونی کۆسۆڤۆ لە پێناو تێگەیشتن لە جیاوازیی نێوان مافی دەستێوەردان و مافی سەروەریی وڵاتان و هەروەها جیاوازیی نێوان مافی جیابوونەوەی کەمایەتییەکان و مافی سەروەریی وڵاتان ئەزموونێکی پڕبایەخە.

لە نێو پێوەندیی جیهانیدا ئەگەر نەتەوەیەک خاوەنی دەوڵەتی خۆی نەبێ ناتوانێ لە ئاستی ماف و سەروەریدا بە نەتەوەکانی دیکەی خاوەن دەوڵەت بگا، بەڵام خۆدی دروستبوونی خواستی دەولەتیش، هەبوونی ماڵێکی سیاسیی پارێزراو بۆ نەتەوەیەکیش، لە چوارچێوەی مێژوویەک لە رووبەڕووبوونەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کلتووری شکڵ پەیدا دەکا. ئەگەر مێژوویەک لە ژێردەستی و سەرکوتی سیاسی، کۆمەڵایەتی و کلتووریی نەتەوەیەک بە دەستی نەتەوە و دەسەڵاتێکی دیکە نەبێ، پێویستیی ئازادیی نێگێتیڤی (Freedom from) نەتەوەیەک و هەروەها ئەگەر هوشیاری و ئیرادەی خەڵکانێک کە هەڵگری شۆناسێکی جیاوازن نەبێ پێویستیی ئازادی پۆزێتیڤی (Freedom to)نەتەوەیەک نایەتە ئاراوە.

## مێژووی کۆسۆڤۆ

وڵاتی کۆسۆڤۆ لە ناوچەی باڵکان هەڵکەوتوە و دراوسێکانی بریتین لە: وڵاتەکانی مونتێنێگرۆ، سێربستان، مەقدوونیە و ئالبانییە. ژمارەی دانیشتوانی نزیکەی دوو ملیۆن و نیوە کە نەوەد لە سەدی دانیشتوان لە ئاڵبانیەکان پێکدێ. لە ساڵی ١٣٨٩ میلادی لە دەشتی تووکای لە نێوان ئیمپراتۆری عوسمانی و سپای سێربەکان کە پێشەنگایەتیی سپای مەسیحییەکانیان دەکرد، شەڕێکی سەخت ڕووی دا. لە ئاکامی ئەو شەڕەدا سپای سێربەکان تێک شکا و کۆسۆڤۆ کەوتە ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریی عوسمانی. ئەوەی کە هەنووکە زۆربەی خەڵکی کۆسۆڤۆ موسڵمانن و ئایینی فەرمیی ئەو وڵاتە ئیسلامە بەرهەمی ئەو دەورانەیە.

لە شەڕی یەکەمی جیهانی و لە ساڵی ١٩١٢ دا هاوپەیمانێتیی یونان و سێربستان و مونتێنیگرۆ توانی سپای تورک تێک بێشکێنێ و کۆسۆڤۆش لە نێوان سێربستان و مونتێنگرۆ دابەش کرا. لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی لە ساڵی ١٩٢٩ پاشایەتی یوگوسلاوی بە ناوەندێتیی سێربەکان پێکهات. کاتێک لە ڕەوتی شەڕی دووهەمی جیهانیدا ئالمانی نازی دەستی بە سەر پاشایەتیی یوگوسلاویدا گرت، ژێنراڵ تیتۆ توانی بە شێوەیەکی نادێموکراتیک و بە هۆی شەڕعیبیەتی شەڕ لە گەڵ نازییەکان تەواوی باڵکان لە قالبی کۆماری فێدرالی یوگوسلاوی یەک بخا. ژێنراڵ تیتۆ لە پاش شەری دووهەمی جیهانی تا کۆتاییەکانی دەیەی هەفتای میلادی ئەو ڕۆڵە توتالیتێرییەی گێڕا کە مستەفا کەماڵ و ڕەزا خان لە سەردەمی شەڕی یەکەمی جیهانی لە بنیاتنانی تورکیە و ئێرانێکی ناوەندگەرا و نادێموکراتدا گێڕایان. کۆماری فێدراڵی یوگوسلاوی لە هەرێمە فێدراڵییەکانی سێربستان، مونتێنگرۆ، کوروواسی، بۆسنیو هەرزێگۆڤین، مەقدوونیە، ئێسلۆوێنی و هەرێمی خودموختاری کۆسۆڤۆ پێک دەهات. دیارە دوو جەمسەری بوونی جیهانیش ڕۆڵێکی نێگێتیڤی گەورەی لە پێناو کپکردنی دەنگی گەلان لە جیهان و بە تایبەتی لە نێو کۆماری فێدراڵی یوگوسلاویشدا گێرا. لە دەیەی هەشتای زایینی بەملاوە بزووتنەوەیەکی مەدەنییانەی بەهێز لە نێو ئالبانییەکانی کۆسۆڤۆ سەری هەڵ دا کە داوای ئەوەی دەکرد کە یا سەربەخۆ ببێ یان ببێتە بەشێک لە وڵاتی ئالبانی. ناسیۆنالیزمی سێربیش توندوتیژتر بوو بە جۆرێک کە لە لایەک لە ساڵی ١٩٨٩ سێربەکان نە تەنیا ئۆتۆنومیی پەسندکراوی ساڵی ١٩٧٤ کۆسۆڤۆیان هەڵوەشاند، بەڵکوو زمانی ئالبانیشیان لە خوێندن و تەلەڤیزیۆنەکاندا قەدەغە کرد. لە لایەکی دیکە هەر لەو ساڵەدا کۆمەڵەی کۆسۆڤای دێموکراتیک بە ڕێبەرایەتیی ئیبراهیم ڕاگووا پێکهات. رووخانی بلۆکی سۆڤیەت و دیواری بێرلین و بە تایبەتی بە دوای ڕاگەیەندرانی یەکلایەنەی سەربەخۆیی لە لایەن کۆمارەکانی ئێسلۆوێنی، کورواسی و مەقدونیە و بوسنیوهێرازێگۆڤین لە ساڵی ١٩٩١، کە بووە هۆی هاتنەئارای شەڕێکی خوێناوی لە نێو سێربەکان و ئەو کۆمارانە، هەرچی زیاتر ویستی جیابوونەوەی لە نێو بزووتنەوەی مەدەنی کۆسۆڤۆ بەهێز کرد. ئالبانییەکانی کۆسۆڤۆ کە نەوەد لە سەدی دانیشتوانی کۆسۆڤۆیان پێکدێنا لە ڕێفراندۆمێکدا کە هەر لەو ساڵەدا بەرێوەی برد دەنگیان بە جیابوونەوە و سەربەخۆیی دا. ئەو ڕێفراندۆمە لە لایەن سێربەکان قبوول نەکرا و بە هۆی هێورنەبوونەوەی پێوەندییەکانی ناسیۆنالیزمی کۆسۆڤیی و سێربیی لە ساڵی ١٩٩٦ سپای رزگاری کۆسۆڤۆ پێکهات و شەرێکی خوێناوی لە نێوان سێربەکان و ئالبانییەکان هاتەئاراوە. لە ئاکامی وێککەوتنی ناسیۆنالیزمی پاوانخوازی سێربی و بزووتنەوەی مافخوازی کۆسۆڤۆ زیاتر لە ٣٠٠٠٠٠ ئالبانی کوژران و بە سەدان هەزاران کۆسۆڤۆیی دیکە ئاوارەی وڵاتی

ئالبانی بوون. لە ساڵی ١٩٩٨ و ١٩٩٩ ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کۆتایی هێنان بە ڕەشەکوژی لە کۆسۆڤۆ بڕیارنامەکانی ژمارە ١١٦٠، ١١٩٩ و ١٢٠٣ی دەرکرد. ئەنجومەنی ئاسایش لەو بڕیارانەدا داوای چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کۆسۆڤا، قەدەغەکردنی فروشتن و ناردنی چەک بۆ دوو لایەنی شەر، دیاریکردنی لێژنەیەک بۆ بە دواداچوونی ڕەوشی کۆسۆڤۆ و کشانەوەی سپای سێرب لە کۆسۆڤۆی کرد و دواجار ئەو دۆخەی کۆسۆڤۆی بە هەڕەشە بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی جیهانی لە قەڵەم دا. لە بەهاری ساڵی ١٩٩٩ ناتۆ هێرشی کردە سەر بیلگراد و ئاسایشی کۆسۆڤۆی پاراست.

## لە بە نێونەتەوەیی بوونی پرسی کۆسۆڤۆ هەتا پێکهاتنی وڵاتی کۆسۆڤۆ

ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ١ی ژووئەنی ساڵی ١٩٩٩ بڕیارنامەی ژمارە ١٢٤٤ی دەرکرد کە بە پێی ئەو بڕیارنامەیە هەرێمی کۆسۆڤۆ کەوتە ژێر دەسەڵاتی نەتەوە یەکگرتووەکان و وەک ناوچەیەکی پارێزراوی نێونەتەوەیی دەستنیشان کرا. ئەو بڕیارنامەیە سەرەتا و دەروازەیەکی گرینگ بوو بۆ ئەوەی کەمایەتی ئالبانیی نێو یوگوسلاوی لە لایەک دەرفەتی ئازادبوون لە چنگ سەرکوتی دەسەڵاتداریێتیی یوگوسلاوی (Freedom from) و لە لایەکی دەرفەتی دامەزراندنی دەسەڵاتێکی یاسایی، ئیداری و ئابووری لە جوغرافیای کۆسۆڤۆدا پەیدا بکا (Freedom to).

ئەنجومەنی ئاسایش لەو بڕیارنامەیەدا لە دوو لایەنی مەدەنی و سەربازییەوە ئەرکی بەڕێوەبردنی کۆسۆڤۆی بە نەتەوە یەکگرتووەکان ئەسپارد. لایەنی مەدەنی ئەو بڕیارە جەختی لە سەر ئەنجامدانی چەند خاڵێک دەکرد کە گرینگترینیان بریتی بوو لە:

١- بەردەوامیی پرۆسەی سیاسی لە کۆسۆڤۆ تا ئەو کاتەی پێگەی یاسایی کۆسۆڤۆ دیاری دەکرێ.
٢- پشتیوانی لە بنیاتنانی ئابووری
٣- پارێزگاری لە یاسا و هەروەها دروستکردنی هێزی پولیسی نێوخۆ بە کەڵک وەرگرتن لە پولیسی نێونەتەوەیی
٤- گەڕاندنەوەی پەنابەرە دەرکراوەکان بۆ کۆسۆڤۆ و هتد.

لایەنی سەربازیی ئەو بڕیارەش جەختی لە سەر ئەنجامدانی چەند خاڵێک دەکرد کە دەکرێ بەم جۆرە ئاماژەیان پێ بکەین:

١- چەک داماڵینی سۆپای ڕزگاریی کۆسۆڤۆ و هەموو گرووپێکی چەکداری ئالبانی
٢- چاوەدێریی سنوورەکان
٣- بەرپرسیارەتیی لابردنی مین
٤- ڕەخساندن و پارێزگاری لە سەفەری نەتەوە یەکگرتووەکان و ریکخراوە مرۆییەکان و هتد.

بە گشتی لە نێوان ساڵی ١٩٩٩ تا ساڵی ٢٠٠٨، کە کۆسۆڤۆ بە شێوەیەکی یەکلایەنە سەربەخۆیی ڕاگەیاند، لە کۆسۆڤۆ



سەرچاوە
Serchawe

کۆمەڵێک هەنگاو هەڵگیران کە دەکرێ ئاماژە بە بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی پارلمانی لە ساڵەکانی ٢٠٠١ و ٢٠٠٧، گۆڕینی دراو، دانانی سیستمی گومروک و ڕێگەدان بە هاتنی نوێنەرایەتیی دەوڵەتانی دیکە و ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان و گۆڕینی یاساکانی پێشووی بێلگراد بکەین. ئەو هەنگاوانە وایانکرد کە بابەتی جیابوونەوە و سەربەخۆیی کۆسۆڤۆ شتێکی بێ گەرانەوە بێ. لە ساڵی ٢٠٠٥ هەوڵی مارتی ئاهتیساری نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنێک لە دانیشتنەکانی نێوان حکوومەتی سێربستان - مونتێنگرو و کۆسۆڤۆ بێ ئاکام مایەوە. هەروەها بەڕێوەچوونی ڕێفراندۆم لە ساڵی ٢٠٠٦ لە مونتێنگرو وایکرد کە مونتێنگرۆش لە سێربستان جیا ببێتەوە و چێدیکە دەسەڵات و وڵاتێک بە ناوی یوگوسلاوی بوونی نەبێ. هەر بۆیە لە ساڵی ٢٠٠٨ کە کۆسۆڤۆ بە شێوەیەکی یەکلایەنە سەربەخۆیی ڕاگەیاند سێربستان و رووسیە ئەو ڕاگەیاندنەیان بە پێچەوانەی یاساکانی نێونەتەوەیی و بە تایبەتی بە پێچەوانەی مەنشووری نەتەوە یەکگرتووەکان لە قەڵەم دا.

پێویستە سەرنج بدەینە ئەو بابەتە کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان خاوەنی مەنشوورێکە کە لە ساڵی ١٩٤٥ لە سانفرانسیسکۆ پەسند کراوە و لە ساڵەکانی ١٩٦٥ و ١٩٦٨ و ١٩٧٣ هێندیک چاکسازیی تێدا ئەنجام دراوە. لەو مەنشوورەدا ئامانج، ئەرک و دامەزراوەکانی پێوەندیدار بە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و هەروەها دەستووری کاری ئەو ڕێکخراوەیە دیاری کراوە. لە فەسڵی یەکەم ماددەی دووهەم برگەی ٤ی ئەو مەنشوورەدا هاتوە کە:

«تەواوی ئەندامان لە پێوەندییە نێونەتەوەییەکانیان دا لە هەڕەشەکردن لە ڕێگەی بەکارهێنانی زۆر یان کەڵک وەرگرتن لە زور بە دژی تەواوییەتی ئەرزی یا سەروەریی سیاسیی وڵاتێک یان هەر شێوازێکی دیکە کە ناتەبا لە گەڵ ئامانجەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بێ، خۆ بە دوور بگرن.» دیارە سێربستان و ڕووسیەش هەر بە پێی ئەو پرەنسیپە لە مەنشووری نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کۆسۆڤۆیان بە نایاسایی لە قەڵەم دەدا. ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ڕوونکردنەوەی بابەتی یاسایی بوون یا یاسایی نەبوونی جیابوونەوەی کۆسۆڤۆ داوای لە دادگای لاهە کرد کە لەو بابەتەدا ڕای حقووقی و ڕاوێژکارانەی خۆی ڕابگەیەنێ. دادگای لاهە بە ئەندامانی نەتەوە یەکگرتووەکانی ڕاگەیاند کە ئەو دەوڵەتانەی دەیانهەوێ دەتوانن ڕای خۆیان بە نیسبەت بابەتی ڕاگەیاندنی یەکلایەنەی سەربەخۆیی کۆسۆڤۆ ڕابگەیەنن، هەر بۆیە کۆمەڵێک دەوڵەت وەک ڕووسیە، چین، ئیسپانیا و بە تایبەتی کۆماری ئیسلامی ئێران بە دژی ئەو ڕاگەیەندنە قسەیان کرد و ئەو بابەتەیان بە لەژێرپێنانی «پرەنسیپی تەواوەتی ئەرزی و سەروەری وڵاتان» لە قەڵەم دا.

دواجار دادگای نێونەتەوەیی لاهە لە ٢٢ ی جوولای ٢٠١٠ دا ڕایگەیاند کە ڕاگەیاندنی یەکلایەنەی سەربەخۆیی کۆسۆڤۆ لە سێربستان لەگەڵ یاسا نێونەتەوەییەکان ناتەبا نییە. هەروەها ڕایگەیاند کە پرەنسیپی تەواوییەتی ئەرزی و سەروەریی وڵاتان لە چوارچێوەی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان دایە. بە واتایەکی دیکە یاسا نێونەتەوەییەکان لە ژێرپێنانی تەواوییەتی ئەرزیی وڵاتێک لە لایەن دەوڵەتێکی دیکەوە قەدەغە کردوە، بەڵام جیابوونەوەی کەمایەتی یان کومەڵێک لە خەڵکی وڵاتێکی قەدەغە نەکردوە.

بە گشتی کۆمەڵێک ئەزموونی وەک هەرێمی کوردستان، کۆسۆڤۆ، بوسنی، ڕواندا، دارفور و تەیمووری خۆرهەڵات و...

وایکردوە کە جیهانی ئەمڕۆ لە ژێر هیچ بیانوو و پاساوێکدا ژینۆساید و ڕەشەکوژیی خەڵکانێک بە دەستی دەوڵەتەکانیان قبووڵ ناکا و دەوڵەتەکان خاوەنی مافی سەرکوتی هەمەلایەنە و ئەستاندنی گیانی کەمایەتی و خەڵکەکەیان نین، بەڵکوو لە ئاست خەڵکەکەیان بەرپرسیارن. واتە دەسەڵاتداریتی بە سەر خاک و خەڵکانێک بۆ دەوڵەتەکان ئیمتیاز نییە، بەڵکوو بەرپرسیارەتییە. هەروەها یاسا و پێوەندییە نێونەتەوەییەکان، مەودایەکی زۆریان لە گەڵ واقعییەت و هەقیقەتی ئازادیی نەتەوەکان هەیە، هەر بۆیە لە هەمبەر پێناسەی گەل و کەمایەتییە نەتەوەییەکاندا، ڕوانینێکی سیاسیی نادادپەروەرانە بە سەر یاسا و پێوەندییە نێونەتەوەییەکاندا زاڵە. بۆ نموونە خەڵکانێکی ئازەری بە کەمتر لە ٩ میلیۆن کەس لە جوغرافیای وڵاتی ئازەربایجاندا نەتەوەیە، بەڵام لە جوغرافیای ئێراندا نزیک ١٥ میلیۆن یان زیاتر لە خەڵکی ئازەری قەومن، نزیک ٥ تا ٦ میلیۆن کورد لە جوغرافیای وڵاتی عێراقدا نەتەوەیە، بەڵام زۆر زیاتر لەوە لە جوغرفیای ئێراندا ، لە ڕوانگەی یاسا و دەسەڵاتی زاڵ بە سەر ئێراندا، بە قەوم لە قەڵەم دەدرێ.

سەرچاوەکان:


١- پێگەی یاسایی هەرێمە بە نێودەوڵەتی کراوەکان، فەرسەت سۆفی عەلی
٢- تحولات ژئوپلیتیک و بحران کوزوو، دکتر بیژن رحمانی
٣- قبض و بسط مفهومی حق تعیین سرنوشت در حقوق بین الملل، دکتر علی امیدی
٤- منشور ملل متحد، ترجمەی محمد علی طالقانی و هوشنگ زندی
٥- مداخلەی بشردوستانە، نقض قاعدە یا استثناء سوم، دکتر سید فضل الله موسوی
٦- وردەکارییەکانی بڕیاری دادگای لاهە لە بارەی سەربەخۆیی کۆسۆڤۆوە، دوکتور ئاسۆ حەسەنزادە، ژمارەی ٥٤٠ ڕۆژنامەی کوردستان



لە ژمارە ٥٨٥ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی جوونی ٢٠١٢


--------------------------------------------------



سەرچاوە Serchawe

## ئێعدامی چالاکانی مەدەنیی عەرەب لە ئێران

لە ٢٩ جۆزەردانی ئەمساڵ دا، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەواڵی لە سێدارەدانی چوار چالاکی عەرەبی بە ناوەکانی تەها حەیدەریان، عەبدولرەحمان حەیدەریان، عەباس حەیدەریان(هەر سێک برا) و عەلی شەریفی بە بنەماڵەی ئەو کەسانە راگەیاند. ئێعدامی ئەو چوار چالاکە عەرەبە لە نێو رای گشتی و میدیاکاندا رەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو، بەڵام خودی ئەو رەنگدانەوەیەش بە شێوەیەکی یەکدەست نەبوو. رای گشتیی عەرەبەکانی ئێران و بە گشتی نەتەوەکانی ژێردەستی ئێران لە ڕێگای ئەنجامدانی خۆپێشاندان لە وڵاتانی ئوروپایی ئێعدامی ئەو چوار کەسەیان بە توندی مەحکووم کرد، بەڵام پان ئێرانیستەکان نە تەنیا ئەو چوار کەسەیان بە چەتە و یاخی لە قەلەم دا، بەڵکوو بە هوی بڵاوکردنەوەی هەواڵی لە سێدارەدانی ئەو کەسانە بە توندی رەخنەیان لە میدیا فارسی زمانەکانیش گرت. ٦٠ کەس کە خۆیان وەک چالاکانی سیاسیی و فەرهەنگیی نێوخۆ و دەرەوەی وڵات ناساندوە بە بڵاوکردنەوەی نامەیەک رەخنەیان لە میدیا فارسی زمانەکان بە تایبەتی BBC و VOA گرت کە بە بڵاوکردنەوەی هەواڵی ئێعدامی ئەو چوار کەسە و دانی مەجاڵی قسەکردن بە چالاکانی عەرەب بەستێنی لێکهەڵوەشانی ئێران خوش دەکەن. ئەو ٦٠ کەسە باسیان لەوە کردوە کە دوژمنانی ئێران مافی مرۆڤیان کردوە بە بیانوویەک تا کێشەی «تیرەکانی ئێران» زەق بکەنەوە.

لێرەدا پێویستە پرسیار بکەین کە ئاخۆ لە پشت ئەو هەڵوێستە جیاواز و ناکۆکەی کۆمەڵگەی ئێران بە نیسبەت ئێعدامی عەرەبەکان چ راستییەک خۆی حەشار داوە؟ ئاخۆ رەوایی دان بە پەردەپۆشکردنی ئێعدامی چالاکانی خووزستان بەرهەمی کام عەقڵانییەتە و چۆن پاشەکشە بەم عەقلانییەتە دەکرێ؟ بۆ وڵامدانەوە بەو پرسیارانە تێفکرین لە سەر سێ بابەتی ئێعدام، عەرەبستانی ئێران و عەقڵانییەتی ناوەندگەرا پێویستە.

### ١- ئیعدام لە کۆمەڵگەی ئێراندا:

لە هەر سیستمێکی یاسایی و لە هەر کۆمەڵگەیەکدا لابردنی سزای ئیعدام رادەیەک لە شارستانییەت و رەچاوکردنی مافی مرۆڤ نیشان دەدا. کاتێک سیستم و عەقڵانییەتێک لە سزای ئێعدام کەڵک وەردەگرێ بە واتای ئەوەیە کە ئەو سیستمە بە شێوەیەکی رەها مرۆڤ وەک جەستە دەبینێ و بڕوای بە توانای عەقڵی و پێکهێنانی گۆڕان لە مرۆڤدا نییە. لە راستیدا بەڕێوەچوونی سزای ئێعدام لە هەر کۆمەڵگەیەکدا دەرخەری کۆتایی هێنان و مەحکوومکردنی مرۆڤە بە جەستەکەی و بەرجەستەکردنی لایەنی حەیوانیی مرۆڤە. چونکە سزای ئیعدام پشت گوێخستنی لایەنی روحی و عەقڵیی مرۆڤەکە و لە نێوبردنی جەستەکەی دەکاتە ئامانج. ئەوانەی سزای ئێعدام بەڕێوە دەبەن، ئەوانەی تەماشای بەڕێوەچوونی ئەو سزایە دەکەن و دواجار ئەوانەی بێ دەنگن لە ئاست ئێعدامکردنی مرۆڤەکانی دیکە، بەشدارن لە بەرهەمهێنانەوەی عەقڵانییەتێک کە ئامانجی لە نێوبردنی مرۆڤە و ئەو لە نێوبردنە بە یاسا و بە دەستی خۆدی مرۆڤ ئەنجام دەدرێ. سەرەڕای هۆڤانەبوونی جەوهەری سزای ئێعدام، دادگایی و ئێعدامی ئەو چوار عەرەبە بە شێوەیەکی نهێنی ئەنجام درا کە وایە رەوتی دەرکردنی و

بەڕێوەبردنی سزایەکی هۆڤانەش نادادپەروەرانە بووە. زۆرێک لە حوکمەکانی دادگای ڕێژیم لە دۆخێکی نهێنی و بە دوور لە چاوی خەڵک دەردەچن چونکە ئەو سزایانە لە خزمەت خەڵکدا نین، بەڵکوو لە خزمەت ترساندن و کۆیلەکردنی زیاتری خەڵک و کۆمەڵگە دان. بە گشتی دەرچوونی حوکمی ئێعدامی چالاکانی سیاسیی و فەرهەنگیی نەتەوەکانی بندەستی ئێران بە بەراورد لەگەڵ فارسەکان ئاسانتر و بە چەند قات بەڕێوەدەچێ کە ئەوەش نیشاندەری ئەوەیە کە سیستمی ناوەندگەرا زورترین ستەمیش هەر دەرهەق بە ناوچە هەژار و پەراوێزخراوەکان ئەنجام دەدا. ئەوەش بەشێکی لەبەر ئەوەیە کە عەقڵانییەتی ناوەندگەرا مرۆڤەکانی ئەو ناوچانەی پەراوێز خستوە و لە پلەی یەکەمدا خۆی بە پارێزەری خاکی ئەو ناوچانە دەزانێ و دەزگای ئێعدامیش لە خزمەت پاراستنی خاک دایە نەک خەڵک. لەو عەقڵانییەتەدا خەڵک وەک هەڕەشە بۆ سەر خاک لە قەڵەم دەدرێ و گیانی خاک لە گیانی خەڵک ڕەنگینترە.

## ٢- عەرەبستانی ئێران:

هەر وەک چون لە جیهاندا وڵاتی عەرەبستان بە نەوت دەناسرێ لە ئێرانیشدا شوێنی ژیانی عەرەبەکان (عەرەبستانی ئێران) هەر بە نەوت دەناسرێتەوە. زۆرینەی نەوتی ئێران لەو ناوچانە دەردەهێنرێ کە عەرەبەکان لەوێ دەژین. هەڵبەت ناوبردنی ناوچەکانی عەرەبنشینی ئێران بە عەرەبستانی ئێران لەبەر ئەوە نییە کە ئەو ناوچانەش هەر وەک عەرەبستان سەرچاوەی سەرەکیی نەوتن، بەڵکوو بە هۆی ئەوەیە کە تایبەتمەندیی گرووپیی ئەو خەڵکە لە خەڵکی ناوچەکانی دیکەی ئێران جیاوازە. ئەو خەڵکە سەرەڕای جیاوازیی زمانی، خاوەنی کولتوور و بۆنەی تایبەت بە خۆیانن. لە عەرەبستانی ئێراندا هەموو ساڵێک لە ساڵرۆژی سەرهەڵدانی مەدەنیی ١٥ی ئاوریلدا خەڵک خۆپێشاندان دەکەن. لە ساڵی ٢٠٠٥ دا بە دوای ئەوە کە نامەی بەرپرسی دەفتەری سەرۆک کۆماری ئاشکرا بوو، کە لەودا باس لە پێویستیی گۆڕینی پێکهاتەی دێمۆگرافیی پارێزگای خووزستان کرابوو، خەڵکی عەرەبی ئەو پارێزگایە کە زۆرینەی دانیشتووانی پارێزگاکە پێک دێنن دەستیان دایە خۆپێشاندانێکی جەماوەری کە ماوەی دوو هەفتە بەردەوام بوو و چەندین بریندار و کوژراوی لێکەوتەوە. ئەو چوار کەسەش بە هۆی بەشداری لە یادکردنەوەی ١٥ی ئاوریل لە ساڵی ٢٠١١ دا دەستبەسەر و دواتر بە ئێعدام مەحکووم کران. هەر بۆیە مەحکوومکردنی ئەو چوار کەسە بەشێکە لە مەحکوومییەتێکی گەورەتر و لەمێژینەتر کە ئەویش مەحکوومییەتی نەتەوەی عەرەبە لە نێو ئێراندا. عەرەبەکانیش هەر وەک کوردەکان کەمترین بەشدارییان لە سیستمی ئیداری و بەڕێوەبردنی ناوچەکانیان دا هەیە، لە مافی خوێندن بە زمانی زگماکی بێ بەشن، لە باری ئابوورییەوە بە بەراورد لەگەڵ ناوچەکانی ناوەند هەژار و دواکەوتوون، لە بواری پەرەدان بە کولتوور و زمانی خۆیان لە ڕێگەی تەلەڤیزیۆن و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە، گۆڤار و... مەجالێکی کەمیان هەیە و ئەوەندەش کە هەیە لە ژێر گوشاری ڕوانینێکی ناوەندگەرا و ئەمنییەتیی دەسەڵات دایە. لە سیستمی سیاسی، ئیداری، ئابووری و کولتووری و... ناوەندگەرای ئێستا عەرەبەکانی ئێران بە قەت ئیمارات و قەتەر و عەرەبستان لە تاران بێگانەن. ئەوەی ئەوان بە ئێران گرێ دەداتەوە سەرکوت و ئێعدام و هەژارییەکە کە دەسەڵاتدارانی ئێران دەتوانن بە سەر عەرەبەکانی ئێرانی دا بسەپێنن بەڵام ناتوانن بە سەر ئەو وڵاتانەی دیکەی دا بیسەپێنن. ڕێگەی پاشەکشەکردن بەو عەقڵانییەتە ئەوەیە کە هاوپێوەندیی نەتەوەکانی ژێردەست بگاتە ئەو ئاستە کە هێژمونیی نەتەوەی دەسەڵاتدار کەمرەنگ بکاتەوە. بە واتایەکی دیکە چارەسەری سیستمی ناوەندگەرا لە ڕێگەی دانانی سیستمێکی مێژوویی، سیاسی، زمانی، کولتووری، ئابووری و... فێدراڵەوە دەبێ. لە بیرکردنەوەی ئێرانییەکی

فێدراڵدا، مێژووی ڕەزاخان و ناوندگەرایی، مێژووی ستەمکارییبە و پێویستی بە سەر لە نوێ دارشتنەوە هەیە. عەقلانییەتی ناوەندگەرا لە ئێراندا زور لە سیستمێکی ئیداری و سیاسی ناوەندگەرا بەرفراوانترە و دەکرێ قسە لە سەر مێژووی ناوەندگەرایی و کولتووری ناوەندگەرایی بکەین. ئەگەر سینەما وەک مالێکی مودێرن و گەورەی کولتوور دەستنیشان بکەین، عەقلانییەتی ناوەندگەرا لە ئێراندا پشتئەستوورە بە سینەمای ئێرانیش. لە سینەمایەکی ناوەندگەرا و فارسیزەدا کە تورک بە شێوەیەکی بەردەوام چاپیەز و سووژەی گاڵتەجاڕی بێ، ڕۆڵی کورد بە شێوەیەکی بەردەوام سنووردراری غەیوور بێ و...، لە سینەمایەکدا کە بە شێوەیەکی بەردەوام وێنەیەک لە نەتەوەکانی بندەستی ئێران بڵاو بکرێتەوە کە وێنەیەکی سووک و پەروایزخراوی کۆمەڵگەیە بە واتای ئەوەیە کە ناوەندگەرایی ڕەگی لە کلتووری زاڵی ئەو وڵاتە دا کوتاوە و پێویستی بە فێدرالیزمێکی فرەڕەهەند هەیە. لەو ساڵانەی دواییدا کۆمەڵێک ڕێکخراوی سیاسی توانیویانە هاوپێوەندییەک بە ناوی «کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ» دابمەزرێنن. هەرچەندە کە ئەو کۆنگرەیە تاکوو ئێستا نەیتوانیوە لە مەیدانی پراکتیک و لە ئاستی نێوخۆدا (بۆ نموونە لە ڕۆژی زمانی زگماکی دا) کارێک بکا، بەڵام وەک بیرۆکە بیرۆکەیەکی زور باشە. کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ بۆ داهاتووی ئێران هەنگاوێکی دروست و پێویستە بەو مەرجەی بتوانێ لە نێو ڕێکخراە سیاسی و فەرهەنگییەکانی نەتەوەکانی بندەستی ئێران بەشدارییەکی بەرفراوانتر دروست بکا.

لە ژمارە ٥٨٧ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی جوولای ٢٠١٢

-----------------------------------------------

## عێراقی دووهەم و کوردستانی دووهەم

وڵاتی سووریە لە پلەی یەکەمدا نەک لەسەر بنەمای ئێرادەی خەڵکەکەی، بەڵکوو لە سەر بنەمای ئیرادەیەکی نادێموکراتیکی زلهێزەکانی جیهان پێک هێنراوە. سنوورەکانی سووریە بەرهەمی شەری یەکەمی جیهانییە نەک بەرهەمی ئیرادەی خەڵکی ئەو جوغرافیایە. دیکتاتورییەتی سەدام و ئەسەدیش پشتئەستوور بە هاوپەیمانێتی لەگەل زلهێزەکان بووە. رووخانی سەددام و ئەسەدیش دەربڕی کوتایی هاتنی جۆری ئۆتۆریتەی زلهێزەکان بە سەر روژهەلاتی نێوەراست و جیهانە. بە هەموو ئەو جیاوازیانەی کە لە گۆرانکارییەکانی جیهانی عەرەبی دا هەبووە و هەیە، بەلام هەنووکە کاتێک باس لە سووریە و جیهانی عەرەبی دەکەین دەبێ یەک فاکتەرمان کە فاکتەری بالادەستە لە یاد نەچێ کە ئەویش بریتییە لە فاکتەری نێوخۆیی و ئیرادەی خەڵکی سووریە. لە هەموو خوپێشاندانەکانی جیهانی عەرەبی وێنەیەکی هاوبەش دەبینرا، ئەو وێنەیە وێنەیەک بوو کە لە سەری نووسرابوو »الشعب یرید اسقاط النظام».



سەرچاوە Serchawe

پێکهاتەی سیاسی و کۆمەڵایەتی وڵاتی سووریە پێکهاتەیەکی یەکدەست نییە، هەر بۆیە ئێرادەی خەڵکی سوورییەش ئێرادەیەکی یەکدەست نییە. زیاتر لە ٧٠ لە سەدی دانیشتووانی عەرەبی سوننین و ئەو بەشە لە ساڵانی ڕابردوودا لە بواری فیکری و سیاسییەوە سەرچاوەیان لە ئیخوان الموسلمینیان وەردەگرت و ئێستاش تورکیە بە هاوپەیمان و مودێلی سیاسیی خۆیان وەردەگرن. عەلەوییەکان کە کولەکەی سەرەکیی دەسەڵاتی ئەسەد پێکدێنن ١٠ لە سەدی خەڵکی سووریەن، ئەوان لە بواری ئابووری، هێزی مرۆیی و بە تایبەتی لە بواری ئەزموونی حکوومەتدارییەوە لە بەشەکانی دیکەی سووریە بەهێزترن. هێزی سێهەم کوردەکانن کە نزیک ١٠ لە سەدی دانیشتووانی سووریە پێکدێنن، بەڵام لە بواری سیاسی، ئابووری، هێزی مرۆیی و ... لە سوننیەکان و عەلەوییەکان لاوازترن. ئەو سێ بەشە چونکە پێوەندییەکی لەمێژینەیان لە نێوان خەڵک و خاکەکەیاندا هەیە ئێرادەی دوای دیکتاتۆرییەتی ئەسەد، دیکتاتۆرییەتێک کە ئەو پێکهاتە کومەڵایەتی و سیاسییە فرەچەشنەی سووریەی لە فورمی ئێرادەی حیزبی بەعس کۆکردبۆوە، بە سەر سێ جۆغرافیادا دابەش دەکەن. خۆدی ئەو سێ بەشەش بۆ پتەوکردنی هێزەکەیان هەوڵی دروستکردنی پێوەندی لە ئاستی ناوچە و جیهاندا دەدەن. لە لایەکی دیکە هێزە ناوچەیی و جیهانییەکانیش بۆ بەرفراوانکردنی جۆغرافیای نفووز و دەستەبەرکردنی بازار هەوڵ دەدەن. لە ئاستی ناوچەدا وڵاتانی تورکیە، عەرەبستان، قەتەر، عێراق، ئیسرائیل، ئێران، ئۆردۆن و لوبنان هەم کاریگەریان بە سەر قەیرانی سووریە هەیە و هەمیش کاریگەری وەردەگرن.

**هەوڵ دەدەین بە کورتی ڕوانگەی سێ وڵاتی تورکیە، ئیسرائیل و ئێران بە نیسبەت گۆڕانەکانی سووریە شرۆڤە بکەین:**

## سیاسەتی تورکیە:

حیزبی AKP کە هەنووکە لە تورکیە دەسەڵاتی بە دەستەوەیە لە پلەی یەکەمدا توانیویەتی ئابووری تورکیە بەهێز بکا، هەر بۆیە بۆ ڕاگرتنی ئەو لایەنە لە بەهێزی خۆی پێویستی بە پەیداکردنی بازاری تازە و سەقامگیریی وڵاتەکەی هەیە. لاوازبوونی وڵاتانی ناوچە لە بەرژەوەندی تورکیە دایە بەو مەرجەی ئەو لاوازییە ئەمنییەتی ناوچە نەخاتە مەترسییەوە، بە واتایەکی دیکە تورکیە لە هەبوونی وڵاتێکی لاوازی دراوسێ وەک سووریە، کە بۆ ئاوەدانکردنەوە و دابینکردنی زۆربەی پێداویستییەکانی خەڵکەکەی پێویستی بە وڵاتانی دیکە و بە تایبەتی وڵاتانی دراوسێ هەبێ، نە تەنیا بەهرەمەند دەبێ بەڵکوو هەوڵی دروستکردنی ئەم دۆخەش دەدا. تورکیە وەک سەرەکیترین بنکەی ئۆپۆزیسیۆنی سووریە ڕۆڵێکی گەورەی لە گۆڕینی ئاراستەی نارازەیەتییەکان گێڕا. تورکیە بە پەنادان بە نیزامییەکانی نارازیی سووری، بەستێنی پێکهاتنی «ئەرتەشی ئازادی سووریە»ی دروست کرد. ئەرتەشی ئازادی سووریەش هەم خۆپێشاندانی خەڵکی شێواند و هەمیش دروستی و پێویستیی هاوکاریی جیهانیی خستە ژێر پرسیارەوە. تا پێش لە پەیدابوونی ئەرتەشی ئازاد فەزا و ڕەوشی سووریە بەو جۆرە بوو کە خەڵکی مەدەنی لە بەرامبەر ڕێژیم، خۆپێشاندان لە بەرامبەر تۆپ و تانگدا بوو. هەر بۆیە لە ڕوانگەی کۆمەڵگەی جیهانییەوە شەڕی ئەسەد لە شەقامەکان پاساوهەڵنەگر و هاوسۆزی و هاوکاریی جیهانی پێویستییەکی بێ ئەملاوئەولا بوو. تورکیە لە ڕێگەی ڕەخساندنی بەستێن بۆ پێکهێنانی ئەرتەشی ئازادی سووریە، شەقامی لە خەڵک چۆڵ کرد و ڕۆڵی خەڵکی لە گۆڕانەکانی ئەو وڵاتە کەم کردەوە. لە هەمووی گرینگتر پێکهاتنی ئەرتەشی ئازادی سووریە ڕەوایی دەستێوەردانی مرۆڤدوستانەی لە نێو برد و دەستی هێزەکانی ئەرتەشی لە کوشتنی خەڵک و ئەنجامدانی شەڕێکی نێوخۆیی

ئاوەلا کرد. ئەوەی تورکیەش لێی دەترسێ هاتنەئارای دۆخێکە کە هاوپەیمانییەک لە نێوان کورد و عەلەوییەکانی سووریە لە گەڵ ئیسرائیل و ئێران بە دژی هاوپەیمانێتی سوننیەکانی سووریە لەگەڵ تورکیە و عەرەبستان و قەتەر پێکبێ.

**سیاسەتی ئیسرائیل:**

ئەگەر ڕێژیمی ئەسەد لە ئەنجامی شۆڕشێکی خەڵکی و مەدەنیی خەڵکی سووریەدا رووخابا بەستێنی دێموکراتیکبوونی ئەو وڵاتە و سەقامگیریی سیاسی، ئابووری و ... سووریە دەرەخسا. ئەو بابەتە لە سەر گۆڕینی وێنەی عەرەب لە جیهاندا کاریگەری دەبوو، واتە توانای راکێشانی پشتگیریی بیروڕای جیهانیی بۆ پرسی فەلەستین زیاد دەکرد، کە ئەوەش لە کێشەی فەلەستین_ئیسرائیل دا بە دژی ئیسرائیل دەشکایەوە. بوونی وڵاتی ئیسرائیل لە رۆژهەڵاتی نێوەراست لە سەر بنەمایەکی نیزامی و ئەمنییەتییە. پێوەندیی ئیسرائیل بە رۆژهەڵاتی نێوەراست و بە تایبەتی بە وڵاتانی عەرەبی بە شەڕی شەش رۆژە دەناسرێتەوە کە هەتا ئێستاکەش شەڕێکی سارد لە نێوان ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبی درێژەی هەیە. ئیسرائیل بۆ ئەوەی بالادەستیی نیزامی و ئەمنییەتی خۆی بە سەر ناوچەکەدا رابگرێ پشتگیری لە پارچەپارچەبوونی سیاسیی سووریە و بوونی کێشەی نێوخۆیی بە بێ تێکچوونی سنوورەکانی ئەو وڵاتە دەکا. لە بەرژەوەندی ئیسرائیل دایە کە لە بەرامبەر تورکیە و سوننیەکانی سووریەدا یارمەتیی عەلەوی و کوردەکان بدا.

**سیاسەتی ئێران:**

ئێران لە رێگەی جوغرافیای سووریەوە رێگە بە جیهانی عەرەبی پەیدا دەکا. هاوپەیمانێتیی ئێران، سووریە و حیزبوللای لوبنان هاوپەیمانەتیی شیعەیە لە ناوچەکە کە بە دژی هاوپەیمانەتی سوننی واتە تورکیە و عەرەبستان و ... . لە راستیدا قوولایی ئیستراتژیکی ئێران بە جوغرافیای سووریە بەستراوەتەوە. کەوایە لاچوونی ئەسەد و دابەشبوونی ئێرادەی سیاسیی سووریە گۆڕانێکی نەرێنیی گەورە لە توانای ژئۆپۆلێتیکی ئێران پێک دێنێ. توانای ئێران لەو شەڕە ئەمنییەتی و نیزامییە گەورەیەی کە تا ئێستا لە دەرەوەی سنوورەکانی وڵاتەکەی بە دژی وڵاتانی ناوچە بەڕێوەی بردوە دادەبەزی و ئێران تووشی گەورەترین تێکشکان لە مێژووی سیاسەتی دەرەوی خۆی دەبێ. هەر جۆرە ئاڵۆگۆڕێک لە سووریە بە خەسارێکی گەورە بۆ رێژیمی ئێران لە قەڵەم دەدری، بەلام لە ستراتیژی ئێراندا کەمبوونەوەی هاوپەیمانێکی گەورەی ناوچەیی دەبێ بە واتای زیادبوونی کێشەیەکی گەورە و درێژخایەنی ناوچەیی دیکە بۆ رۆژئاوا بێ(عێراقێکی دووهەم بۆ رۆژئاوا). بەوپێیە ئێران لەم قۆناخە لە قەیرانی سووریەدا هەوڵ دەدا تێچووی سیاسی، ئابووری و... سەرکەوتنی رۆژئاوا و وڵاتانی ناوچە لە سووریە زیاد بکا. ئەو سیاسەتەش بە واتای پشتگیری ئێران لە ئەسەدی لە حالی رووخان و کوردەکانی سووریە لە بەرامبەر سوننیەکانی سووریە دایە.

دیارە جگە لە تورکیە، ئیسرائیل و ئێران هێندێک وڵاتی دیکەش وەک عەرەبستان و قەتەر و... ، بە تایبەتی لە رێگەی تەرخانکرنی سەرمایەی ماددی، هەوڵ دەدەن لە قەیرانی سووریەدا رۆل بگێرن. شەڕی عەرەبستان و قەتەر و... لە سووریە

ئەوەندەی شەڕێکە بۆ لێدانی بەرژەوەندییە ناوچەییەکانی ئێران، شەڕێک نییە بۆ دەستەبەرکردنی بەرژەوەندی زیاتر بۆ خۆیان.

لە ئاستی جیهانیدا دوو بەرەی رۆژئاوا و بەرەی رۆژهەڵات (رووسیە و چین) بە نیسبەت قەیرانی سووریە لە ئارادا بووە. بەرەی رۆژئاوا بۆ بەرفراوانکردنی جۆغرافیای نفووزی خۆی و دەستەبەرکردنی بەرژەوەندی زیاتر پشتگیری لە لاچوونی ئەسەد و پێکهاتنی گۆڕانکاری لە سووریە کردوە، بەرەی رۆژهەڵاتیش بۆ پاراستنی جۆغرافیای نفووز و بازاری چەکوچۆلی خۆی هەوڵیداوە لەگەڵ هەر چەشنە دەستیوەردانێکی نیزامی لە سووریەدا دژایەتی بکا. لێرەدا لە شەڕی بەرژەوەندییەکانی ناوچەیی و جیهانی لە سەر خاکی سووریەدا پێویستە سەرنج بدەینە چەند خاڵێک:

١- هەرچەند کە لە ئاستی جیهانیدا لە نێوان بەرەی رۆژهەڵات و بەرەی رۆژئاوا شەڕی بەرژەوەندییەکان لە ئارادایە، بەڵام هەر دووک لایەن بە تایبەتی ئەمریکا و رووسیە بە نیسبەت قەیرانی سووریە لە یەک خاڵدا هاوڕا و هاوکار دەبن. ئەو خاڵە هاوبەشە ئەوەیە کە بەرەی رۆژهەڵات و رۆژئاوا کارێک بکەن کە تورکیە لەو رۆڵە گەورەیەی کە لە قەیرانی سووریەدا گێڕاویەتی تووشی خەسار بێ بۆ ئەوەی تایبەتمەندییەکانی بوێربوون، ریسککردن و لێبراوەیی لە دیپلوماسیی تورکیەدا گەشە نەکا. بە واتایەکی دیکە هەر دووک بەرە لە سەر ئەوە هاوڕان کە دیپلۆماسیی تورکیە جگە لەو دەسکەوتانە کە لە سووریە بە دەستیی دێنێ، رووبەڕوی خەسارێکی نەخوازراویش بکرێتەوە.

٢- ئازادبوونی بەشێکی دیکە لە خاکی کوردستان دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی سیاسەتکردنی کورد. تا پێش لە ئازادبوونی بەشێک لە ناوچە کوردنشینەکانی رۆژئاوای کوردستان ئەگەر داوودئوغلوو وەزیری دەرەوی تورکیە بە هەڵکەوتیش سەردانێکی هەرێمی کوردستانی کردبا دەمانکوت وڵاتانی ناوچە لە ئاستی سیاسیدا خەریکە دان بە کورد دا دەنێن، ئێستا بە بێ ئەوەی چاوەڕێی سەردانی وەزیری دەرەوەی تورکیە بکەین خۆی بە پەلە سەردانی هەولێر دەکا. بێ گۆمان کوردەکان بە دوای ئامادەبوونی کورد لە جۆغرافیایەکی بەرفراوانتردا مەجالی سیاسەتکردن لە ئاستێکی بەرفراوانتریش پەیدا دەکەن. تەقینەوەی پرسی کورد لە رۆژئاوای کوردستان پرسی کورد لە ئاستی ناوچەدا بەرجەستەتر دەکا و کورد بۆ وڵاتانی ناوچە لە پرسێکی ئەمنییەتیەوە دەبێتە ئەکتەرێکی سیاسیی بچووکی ناوچە. دیارە ئەوەی ناروونە ئەوەیە کە ئاخۆ کورد لە گۆڕەپانێکی گەورەتری سیاسیدا پڕدەستکەوت دەبێ یان نا؟ بەڵام ئەوەی کە روونە ئەوەیە کە کایەکردن لە مەیدانێکی سیاسیی گەورەتردا پێویستی بە عەقڵێکی سیاسی گەورەتر هەیە.

لە ژمارە ٥٨٨ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی ئاگۆستی ٢٠١٢

---------------------------------------------

# ناسیۆنالیزمی ئێرانی و مافی مرۆڤ

بێهنام دارایی‌زادە

وەرگێڕان بۆ کوردی

دامەزراوەی دەسەڵات لە ئێران دەزگایەکی سەرکۆتکەرە و ڕێز لە سەرەتاییترین ماف و ئازادییە مەدەنییەکانیش ناگرێ.
ئاخۆ ناسیۆنالیستە ئێرانییەکان توانیویانە خۆیان لە سیاسەتە سەرکۆتکەرەکانی ئەو دامەزراوەیە بە دوور بگرن؟ ڕۆڵی دەوڵەتی ناوەندی لە بەهێزترکردن و پەرەگرتنی هەستە ناسیۆنالیستییەکان لە ماوەی ئەو چەند ساڵەی دوایی‌دا چ بووە؟
ئاخۆ لایەن و هێزە ناسیۆنالیستییەکان بە پشت بەستن بە بڕوا بنەڕەتییەکانی خۆیان دەتوانن مرۆڤی ئێرانی لەو دۆخەی تێی کەوتووە ڕزگار بکەن؟ لە بنەڕەتەوە هزری ناسیۆنالیستی چ پێوەندییەکی لەگەڵ مافی مرۆڤ هەیە؟

ئاخۆ بیرۆکە ناسیۆنالیستییەکان دەتوانن یارمەتیدەری باشتربوونی دۆخی کار، ژیان، خۆشبژێوی، ئاشتی، هێمنی و لابردنی هەڵاواردن بن؟

## سیستێمی ئیسلامی و ناسیۆناڵیزم

هەموو ئەو پرسیارانەی لە سەرەوەدا هاتوون ئاماژە بە هەلومەرجی زاڵ بە سەر ئێراندا دەکەن. زیاتر لە سێ دەیە لە تەمەنی دەسەڵاتداریتی کۆماری ئیسلامی بە سەر ئێراندا تێدەپەڕێ. لە یەکەم دەیەی دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی، لەگەڵ ئەوەدا کە کۆماری ئیسلامی لە شەڕێکی دژوار لەگەڵ دراوسێ «عەرەب»ەکەی خۆیدا بوو، بەڵام بە دەگمەن ئامادە بوو لە پوتانسیەلی بە قەول نەتەوەیی - نیشتمانی لە پێناو ڕەوایی دان بە سیاسەتەکانی خۆی کەڵک وەربگرێ.

کۆماری ئیسلامی لە دەیەی شەستدا، لە سەر بنەمای بەها جەوهەری و ئیدئۆلۆژیکییەکانی خۆی ئەوەندەی دەسەڵات و کاریزما هەبوو کە پێویستییەکی بە سیاسەت یان ڕێکارە تەبلیغاتییەکان نەبێ. کۆماری ئیسلامی لە ساڵانی شەست دا، خۆی لە دۆخێکی بەهێزدا دەدی و لە پێوەندی لەگەڵ سەرکوتی بەردەوامی هێزە سیاسییەکان و گۆشارە دەرەکییەکانیش نیگەرانییەکی کەمی هەبوو. هەر ئەوەش دەبووە هۆی ئەوەی کە، لە هێنانە گۆڕی دروشم یان سیاسەتە تاکتیکی و درێژخایەنەکانی، ترسێکی نەبێ.

کردەوە و بڕیارگەلێک وەک درێژەدانی شەڕ، کوشتنی بە کۆمەڵی زیندانیانی سیاسی، تیرۆرەکانی دەرەوەی وڵات، دەرکردنی فتوای کوشتنی سەلمان ڕوشدی و... هەر هەموویان دەتوانین لە چوارچێوەی ئەو جۆرە تێگەیشتن و لۆژیکەدا ئانالێز بکەین.

پێدەچێ کە نکۆڵی کردنی نەتەوەگەرایی و وەلاتانی هەستی نەتەوەیی - نیشتمانییش، وەک سیاسەتێکی عەقڵانی و داڕێژراو، هەر لە چوارچێوەی ئەو جۆرە متمانە بە خۆبوونەدا لێک بدرێتەوە. سیستمێکی سیاسی کەمتر ئامادە دەبێ لە دۆخی شەڕدا، پەرە بە هەستی ناسیۆنالیستی نەدا، بە تایبەتی ئەگەر ئەو ڕێژیمە ڕێز لە پرەنسیپەکانی دێموکراسی نەگرێ و ڕەوایی خۆی لەو ڕێگەوە دەستەبەر نەکا، بەڵام کۆماری ئیسلامی تا ڕادەیەکی زۆر ئەو کارەی کرد. خۆمەینی و لایەنگرەکانی گومانێکیان لە نکۆڵی کردنی نەتەوەگەراییدا نەبوو و بیروبڕوای ناسیۆنالیستییان بە پێویست نەدەزانی. ئەوان نەتەوەگەراییان بە بەشێک لە ئیدئۆلۆژیی فەرمیی حکوومەتی پەهلەوی دەزانی کە دەبێ بە دژی خەبات بکرێ. ئەو ڕەوتە، هەرچەند لە ساڵەکانی دواتردا هێندێک کاڵ ببووە، بەڵام کەم تا زۆر تا نیوەی دەیەی هەفتا، بەشێکی گرینگ لەو بوچوونە بە لانیکەم لە چوارچێوەی سیستمی ئاموزش و سیاسەتە فەرهەنگییەکاندا دەبینرا. لە بەرامبەر ئەو سیاسەتانەدا، بەها و بڕوای ناسیۆنالیستی لە بەستێنی گشتیدا بوون بە پەناگەیەک کە بەشێک لە چینی مامناوەندیی ئێران بتوانێ بە کەمترین تێچوو، «شۆناسی جیاواز»ی خۆی لە دەسەڵاتداریتیی ئیسلامیدا دەربخا. شۆناسێک کە هەرچەند ئاسان بە دەست دەهات و تێچوویەکی سیاسیی تایبەتی هەڵ نەدەگرت، بەڵام بۆ زۆرێک لە خەڵک وەک بەڕێوەبردنی ئەرکی کۆمەڵایەتی بوو و دەیتوانی مەرهەمێک بێ بۆ برینەکانی دەیەی شەست.

چینی مامناوەندیی ئێران گەورەترین قوربانی دەیەی شەست بوو، چینێکی بێ پەنا کە بەها و بڕواکانی لە هەموو لایەکەوە، لە لایەن دەسەڵاتداریتی کۆنەپەرستی‌یەوە نکۆڵی لێکرا و بژاردە سیاسییەکانیش یان وەبەر سەرکوت کەوتن یان کۆچ و ئاوارەییان هەڵبژارد.

## ناسیۆنالیزم و چینی مامناوەندیی ئێران

لە ساڵەکانی نێوان دەیەی ١٣٦٠ و ١٣٧٠دا کردەوەگەلێکی بچووک و سادە وەک هەڵبژاردنی ناوی ئێرانی بۆ منداڵان یان لایەنگری لە ئامۆژگارییەکانی ئایینی - ئەخلاقیی زەردەشت، بەرچاو بوو. خەڵک بە شێوەیەکی جیددی ڕێورەسمەکانی چوارشەممەسووری، جەژنی سەدە، مێهرگان و ...ی بەڕێوە دەبرد، ڕێورەسم گەلێک کە ڕێورەسمی «ئێرانی» بوون و بەڕێوەبردنیان جۆرێک «لاساری» بەرامبەر بە دەسەڵاتداریتی دەهاتە ئەژمار. بایەخدان بە مێژووی پێش ئیسلام یان ئەوەی وەک «گەورەیی ئیمپراتووریی ئێران» و «دەسکەوتەکانی کورووشی مەزن» ناویان لێ دەبرد بەشێکی دیکە لەو بایەخ دانە بوون. واپێدەچێ کە لە دەیەکانی دواییدا، نەتەوەگەرایی و گرینگی دان بە بەها نەتەوەیی - نیشتمانییەکان وەک شێوازێکی شۆناسخوڵقێن دەرکەوتوە کە لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ سیاسەتە کولتووری_کۆمەڵایەتییەکانی دەسەڵاتدا، جۆرێک لە دانی «پەیامی سیاسی» یان «نارەزایەتی دەربڕین» بێ.

تایبەتمەندیی دیاری ئەو کردەوە گرووپییانە ئەوەیە کە یا لە بنەڕەتەوە تێچوویەکیان نییە یان کەمترین تێچوو هەڵدەگرن. لە نێو پێکهاتە سیاسییەکانی داخراودا کە مەجالی سەرهەڵدانی ئاشکرای دژایەتیی سیاسی بوونی نییە، ئەو جۆرە دژایەتییانە یان ئەو جۆرە لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ نوێنەرانی دەسەڵات، بەرجەستە دەبێ و خەڵک ڕوو دەکاتە بە کارهێنانی بەها یان هێماگەلێک کە دەسەڵات کێشەی لەگەڵیان دا هەیە یان بە گشتی ئەو هێمایانە ڕەت دەکاتەوە.

هەڵبەت هەمیشە مەجالی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ سیاسەتەکانی دەسەڵاتدارێتیدا نییە. سەرەڕای ئەوەی کە هەستی ناسیۆنالیستی هەستێکی بەهێزە و دەبێ بە هێمنی مامەڵەی لەگەڵ بکەین، ئەو جۆرە هەستانە بۆ پێکهاتە تۆتالیتێرەکانیش دەتوانن بەسوود بن. ئەو جۆرە هەستانە، لەو ڕوانگەوە کە جەماوەرێکی بەرین دەگرێتەوە، بە باشی دەتوانن لە چوارچێوەی سیاسەتە پۆپۆلیستییەکانی دەسەڵاتە تۆتالیتێرەکاندا جێ بگرن. کۆماری ئیسلامی لە سەردەمی دەوڵەتی ڕەفسەنجانی و خاتەمیدا، لانیکەم لەو بەشانەی دەسەڵات کە پێوەندییان بە دەوڵەتەوە هەیە، نەیدەویست نیشان بدا کە مەودایەکی زۆری لەگەڵ بەها نەتەوەییەکاندا هەیە. لە سەردەمی ڕەفسەنجانیدا هەوڵ درا کە لایەنی ئابووری، ئاوەدانکردنەوە و پرۆژە عومرانییەکانی وڵات قەبە بکرێتەوە. دەوڵەتی خاتەمیش هەر لە بنەڕەتەوەو بەشێک لە بوون و ڕەوایی خۆی، قەرزداری هێزە نەتەوەییەکان و هێنانەئارای هێندێک دروشمی وەک « ئێران بۆ هەموو ئێرانییەکان» و... یە، بەڵام لە سەردەمی ئەحمەدی نێژاد ئەو بابەتە ئالوگۆڕی بە سەردا هات و شکڵێکی جیددیتری بە خۆیەوە گرت. وا پێدەچی لە کاتی ئاشکرابوونی بەرنامەی ناوکی ئێرانەوە، کۆماری ئیسلامی هەوڵ دەدا تا هاوکات لەگەڵ پاراستنی «پرەنسیپە سیاسییەکانی» خۆی، بە شێوەیەکی سیستماتیک پەرە بە هەستی ناسیۆنالیستی بدا. ئەو سیاسەتە لە دەوڵەتەکانی نۆیەم و دەیەم و لە سایەی ناکۆکی باڵە نێوخۆییەکانی نیزام گەیشتۆتە ئەوپەڕی خۆی.

بایەخ دان بە بابەتگەلێک وەک «مەکتەبی ئێرانی» یان ڕێزگرتن لە فەردەوسی و نۆمایشکردنی ئوستوورەی کورووش و ناودانانی ڕۆژێک بە ناوی ڕۆژی کەنداوی فارس و... هەموویان بەشێکی بچووک لەو پرۆژە بە ڕەواڵەت گەورەیەن. ناکۆکی ئێستا لەگەڵ دەوڵەتی ئیمارات، بەداواداچوون بۆ پرۆژەکانی وەک پێکهێنانی پارێزگای کەنداوی فارس بە پێتەختی دوورگەی ئەبووموسا یان تەنانەت گۆڕینی ناوی عەرەبی ئەو دوورگەیە و... هەتا ئێستاکەش سوودێکی بەرچاویان لە بواری تەبلیغاتییەوە بۆ بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی هەبووە. هەوڵ بۆ چارەسەری «قەیرانی ڕەوایی» تەنانەت ئەگەر بە شێوەیەکی ڕێژەیی و تاکتیکیش بێ، بۆ بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی پێویستییەکی سەرەکییە.

کۆماری ئیسلامی لە ڕەوتی ڕووداوەکانی ساڵی ١٣٨٨دا بەشێکی بەرچاو لە ڕەوایی خۆی، تەنانەت لەو بەشەی کە هەمیشە پشتیان پێ دەبەست، لە دەست داوە. پەرەدان بە هەستی ناسیۆنالیستی، ئەویش لە بەرامبەر عەرەبەکاندا کە بە ئاسانی دەتوانێ دژە عەرەبەکان و شۆڤێنیستەکانی ئێرانی لەگەڵ خۆی بخا، دەرفەت و هەلومەرجێکی باشی بۆ سیاسەت داڕێژەرانی کۆماری ئیسلامی ڕەخساندوە تا بیروڕای گشتی لە ناوەند و شوێنە سەرەکییەکانی قەیرانە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان دوور بکەنەوە. ئەوەی ڕوونە ئەوەیە کە قسە لەسەر بەرژەوەندی نەتەوەیی نییە. چۆنیەتیی بەستنی پەیماننامە نەوتییەکان و تەنازۆل لە سەر دیاریکردنی ڕێژیمی حقووقی دەریای خەزەر و... بە باشی «بایەخدانی» بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی بە نیسبەت بەرژەوەندی و مافەکانی خەڵک دا نیشان دەدا. واپێدەچێ کە خواستی بوونی ئێرانێکی گەورە و لە باری نیزامییەوە بەهێز، تا ئەو ڕادەیە لە نێو ناسیۆنالیستە ئێرانییەکان جیددی و بەهێزە کە بیر لە چۆنیەتیی نوێنەرایەتی کردن و ئەوە کە چ ڕێژیمێک لە ئاستی نێونەتەوەییدا بیناسێنی، ناکەنەوە. بۆ زۆرێک لە ئێرانییەکان، خۆدی دەستراگەیشتنی وڵات بە چەکی ناوکی، ڕووداوێکی گرینگ و جێی شانازییە کە دەتوانێ کەموکۆڕییەکانی ئابووری، پیشەسازی، بەڕێوەبەرێتی و دیپلۆماسیی ئێرانی لە بەرامبەر عەرەبەکانی خەلیجی فارسدا بشارێتەوە.

## ناسیۆنالیزمی نەزۆک

پرسیاری سەرەکیی ئەو وتارە دووبارە دەکەینەوە: ناسیۆنالیزمی ئێرانی چ پێوەندییەکی لەگەڵ مافی مرۆڤ هەیە؟

ئاخۆ بیرە ناسیۆنالیستییەکان دەتوانن یارمەتیدەری دەستەبەربوونی داواکارییە مەدەنییەکان لە ئێران بن؟ ئایا بە پشتبەستن بە بیری ناسیۆنالیستی بە ئاشتی، دادپەروەری و خۆشبژێوی دەگەین؟

پێدەچێ وڵامدانەوە بەو جۆرە پرسیارانە تا رادەیەکی زۆر نەرێنی بێ. راستییەکەی ئەوەیە کە هزرە ناسیۆنالیستییەکان کەمترین پێوەندییان لەگەڵ سێکۆلاریزم، تاکگەرایی، لابردنی هەڵاواردن، تۆلێرانس، فرەچەشنیی کولتووری_سیاسی، ئازادیی رادەربڕین و... هەیە. قەرار نییە لە نێو هزری ناسیۆنالیستی دا سێکۆلاریزم لە دایک بێ، بە تایبەتی ئەگەر ئەو ناسیۆناڵیزمە بە جۆرێک لەگەڵ بڕوا و ئامۆژگارییە ئایینییەکانیش یەکی گرتبێ. ناسیۆنالیزم لە بەستێنی گشتییشدا کەمتر شۆناسی تاکەکەسی یان شێوازەکانی جیاوازیی ژیان بە فەرمی دەناسێ. نموونەگەلێکی «رەسەن و کۆن» بوونی هەیە کە پێویستە ئەوان لەبەرچاو بگرین. فرەچەشنیی کولتووری دیاردەیەکی پەسند نییە. هەڵاواردنی قەومی، نژادی، زمانی و کولتووری ئەگەر بە هۆی یاساش قەدەغە بکرێ، دیسان لە ئاستەکانی خوارەوەی کۆمەڵگەدا دەتوانن بەهێز بن. لە لایەکی دیکە، هزرە ناسیۆنالیستییەکان رێک لە شوێنێکدا جێ دەگرن کە لە لایەن دەسەڵاتە تۆتالیتێرەکان کەڵکیان لێ وەردەگیرێ. دەسەڵاتە تۆتالیتێرەکان هەوڵ دەدەن «قەیران» بەرەو دەرەوە بەرن، بەرژەوەندی نەتەوەیی لە مەترسیدا نیشان بدەن و بارودۆخەکە لە رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ «دوژمنی دەرەکی» دا پێناسە بکەن. ئەو «دوژمنە» دەتوانێ ئەمپریالیزم، بناژۆخوازیی ئیسلامی، جیهانی عەرەبی و لە مانا گشتییەکەی «بیانییەکان» بێ. ئەو بیانیانەی چاویان لە «بەرژەوەندی نەتەوەیی» بڕیوە، «تەواوەتی ئەرزی» لە مەترسی دەهاون و هەوڵی خەوشدارکردنی شۆناسی نەتەوەیی - مێژوویی دەدەن.

«قەیرانی رەوایی» لە سیستمی کۆماری ئیسلامیدا بابەتێکی جیددی و بەرهەستە، بەڵام پێدەچێ ئەو قەیرانە، لە هەلومەرجی ئێستادا بە پەرەدان بە هەستی ناسیۆنالیستی، دەکرێ تا رادەیەک قەرەبوو بکرێتەوە. لە بواری تیۆریکیش هزری ناسیۆنالیستی کەمترین پێوەندی لەگەڵ بنەما فیکرییەکانی کۆمەڵگەی ئازاد، دادپەروەرانە و دوور لە هەڵاواردن هەیە. بەوپێیە هۆکارێک نییە بۆ ئەوەی کە تێچوو و هێزە کۆمەڵایەتییەکان کۆمەڵگە بۆ ئەو جۆرە بڕوا و هزرانە تەرخان بکرێ.

پێدەچێ ئەگەر بژاردەکانی چینی مامناوەندی لە ئێران، لە هەلومەرجی ئێستادا کە هەستی ناسیۆنالیستی لە کۆمەڵگەدا پەرەی سەندوە، نەتوانن هاووڵاتیان لە تێکەوتن لە داوی ناسیۆنالیزمی پۆپۆلیستی و حکوومەتی هوشیار بکەنەوە، دەبێ چاوەروانی تێکشکان یان وێکەوتنی گۆرزێکی دیکە لە بزووتنەوەی ئازادیخوازی و روناکبیریی سەربەخۆی ئێران بن.

سەرچاوە: http://www.radiozamaneh.com/society/humanrights/2012/05/04/14000

لە ژمارە ٥٨٩ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی ئاگۆستی ٢٠١٢

-------------------------------------------

## کۆچ، سەفەر لە رۆژهەڵاتەوە بەرەو رۆژئاوا

گەر نیشتمانم منی ناوێ، منیش ئەوم ناوێ. دنیا بەرفراوانە

هۆگۆ گروتیووس*

ئاخۆ ئەوانەی کۆچ دەکەن ناچارن وڵاتەکەیان بە جێ بێلن یان بە کۆچکردن، وڵاتێکی دیکە بۆ خۆیان هەڵدەبژێرن؟ ئایا کۆچبەر بەو بیرە کە رۆژێک لە رۆژان بگەڕێتەوە، بڕیاری جێهێشتنی وڵاتەکەی دەدا؟ ئایا مرۆڤ بە کۆچکردن چەمکی نیشتمان و پێویستی مرۆڤ بە بوونی وڵات دەخاتە ژێر پرسیار یان نیشتمان بە قەت هەموو دنیا بەرفراوان دەکاتەوە؟ دواجار ئایا کۆچکردنی مرۆڤ مانای ئەوەیە کە ژیان گرینگتر و بەرفراوانترە لە نەتەوە و نیشتمان؟ پێوەندی ژیان، کۆچ، نەتەوە و نیشتمان لەگەڵ یەکتر چییە، ئەو چەمکانە لە کوێدا یەک دەگرن و لە کوێدا لێک هەڵدەبڕین؟

### کۆچ لە پێناو پەیداکردنی خواردن

مێژووی کۆچ پێ بە پێی مێژووی مرۆڤایەتییەوە هاتوە و لەگەڵ گۆڕانی جیهانی مرۆڤایەتیش گۆڕانی بە سەردا هاتوە. تا پێش لە جێگرتنی مرۆڤ لە شوێنێک هەر هۆزێک بە شوێن پەیداکردنی خواردن لە گەڕانێکی بەردەوامدا بووە. لەگەڵ پەیدابوونی وەرزێری و نیشتەجێ بوونی مرۆڤ لە جوغرافیایەک، قۆناخی کۆچی رۆژانە یان کۆچ لە پێناو پەیداکردنی خواردن، وەک فۆرمێکی گشتگیری کۆچ، کۆتایی پێ دێ. بە رامکردنی ئەسب، بە دروستکردنی شەمشیر و پاپۆری سەفەر، کۆچی مرۆڤ پێ دەنێتە نێو قۆناخێکی نوێ. بەرە بەرە ئیمپراتۆرییەکان بیچم دەگرن و مرۆڤ جگە لەوەی دەتوانێ سەفەر بکا دەتوانێ خەڵکێکی دیکەش ناچار بە کۆچ و سەرهەڵگرتن بکا. لە راستیدا لە سەردەمی ئیمپراتۆرییەکان، سەردەمی شەڕە گەورەکان، کۆچ لە پێناو سزادانی مرۆڤ کەڵکی لێ وەردەگیرێ. یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ئیمپراتۆرییەکان ئەوە بوو کە ناوچەی دەسەڵاتداری و توندوتیژی نواندنیان سنوورێکی دیاریکراوی نەبوو، واتە دەسەڵات هەر وەک ئایین پابەندی جوغرافیا و چوارچێوەیەک نەدەکرا، هەر بۆیە تاڵانکردن و راونانی خەڵکیش بەشێکی ئاسایی ژیانی ئەوان ئەژمار دەکرا. لە ئیمپراتۆرییەکان زۆربەی هەرە زۆری کۆچەکان کۆچی بە کۆمەڵ و زۆرەملێ بوون. بە گشتی

کۆچ لە سەردەمی ئیمپراتۆرییەکاندا بە شێوەیەکی رەها دوور بووە لە مانای سەفەر، چونکە جەوهەری سەفەر پشتئەستوورە بە ئیرادەی مرۆڤ بۆ رۆیشتن و بۆ گەڕانەوە. ئەوە لە حالێک دایە ئامانجی کۆچ لە سەردەمی کوندا دوورخستنەوە و تووڕدانی ئەو کۆمەڵە مرۆڤە بووە لەو جوغرافیایە کە تێیدا شارەزا و دەستڕۆیشتوو بوون. واتە رۆڵی کۆچ کۆنترۆڵ و داگیرکردنی جوغرافیای ژیانی ئەو خەڵکە بووە.

بەو پێیە سووژەی سەرەکیی کۆچ لە سەردەمی کۆندا، لە سەردەمی ئیمپراتۆرییەکاندا، داگیرکردنی خاک بووە نەک خەڵک. کۆچ، سەفەر لە رۆژهەڵاتەوە بەرەو رۆژئاوا لە سەردەمی مۆدێرندا واتە لە سەردەمی پەیدابوونی دەوڵەت - نەتەوە، دەزگای چاپ، دراو، شارنشینی، مافی خاوەنداریتی و... ئامانج و شێوازی کۆچکردنیش گۆڕانی بە سەردا دێ. دەکرێ دەستپێکی مودێرنە بۆ شۆڕشی پێشەسازی لە سەدەی ١٨ بگەڕێنینەوە. لە سەدەی ١٨وە هەتا ئێستا خۆدی مۆدێرنەش گەشەی کردوە و لە شۆڕشی پیشەسازییەوە بەرەو شۆڕشی زانیاری و پێوەندییەکان پێشڤەچووە. لە مەودای زەمەنی نێوان شۆڕشی پیشەسازی تا شۆڕشی پێوەندییەکان جیهان بە سەر دوو بەشی خۆرهەڵات و خۆرئاوا دابەش بووە. جیهانی خۆرهەڵات جیهانێکە کە نەیتوانیوە لە سەردەمی نەریت بەرەو سەردەمی مۆدێرن بڕوا و جیهانی خۆرئاواش جیهانێکە کە نەتەنیا قۆناخی کۆنی تێپەڕاندوە، بەڵکوو گەیشتۆتە قۆناخی دووهەمی مۆدێرنەش کە وەک قۆناخی مودێرنەی دوایین یان پۆست مودێرنە دەناسرێ. بەو پێیە کۆچیش لە سەردەمی مۆدێرن دا دوو قۆناخی بڕیوە:

## ١- کۆچ لە سەردەمی مۆدێرندا

لە سەردەمی مۆدێرندا، بەدەر لەوەی خەڵک لە کاتی شەڕی یەکەم و دووهەمی جیهانی یان ژینۆسایدی گەلان بۆ پاراستنی گیانیان ناچار بە کۆچکردن دەبن، بەڵام کۆمەڵێک تاک لە وڵاتانی جیاجیادا لە رۆژهەڵات و رۆژئاوای جیهاندا لە پێناو پاراستن یان پەرەدان بە هزر و بیروڕایان نیشتمانی خۆیان جێ دێڵن. هەوڵی مرۆڤ لە نێو رۆژهەڵاتدا ناتوانێ عەقڵانییەتی زانستی، مافی پرسیار و گومانی قووڵ و هەمەلایەنە، لە جێگەی عەقڵانییەتی ئایینی جێگیر بکا، بەڵام لە رۆژئاوا پاشەکشەیەکی گەورە بە دەسەڵاتی کڵیسا دەکرێ. هەروەها ناسیۆناڵیزم لە رێگەی دوو چەمکی نەتەوە و نیشتمان هەوڵ دەدا یەکیەتیی زمانی، کلتووری، جوغرافیایی، روحی و... خەڵکێک لەگەڵ یەکیەتیی سیاسی، واتە لە چوارچێوەی بنیاتنانی دەوڵەت - نەتەوەیەکدا، یەکبخا. لێرەدا مانای کۆچیش بە شێوەیەکی بنەڕەتی دەگۆڕێ. ناسیۆنالیزم هەوڵ بۆ بنیاتنانی دەوڵەتی نەتەوەیی وەک هەوڵ بۆ بەختەوەریی نەتەوەکە دەنوێنێ. ناسیۆنالیزمی تورک، عەرەب، فارس، کورد و ... دەبێتە هۆی ئەوەی کە کۆچکردن وەک پشتکردن لە نەتەوە نیشان بدرێ. هەر بۆیە زۆرێک لە کۆچبەران لە سەردەمی مۆدێرندا بە لانیکەم لە باری روحی و ویژدانییەوە خۆیان بە قەرزداری نەتەوە و نیشتمانەکەیان دەزانن. سەردەمی مۆدێرن تا پێش لە بەجیهانیبوونی سەردەمی هێزگرتنی ناسیۆناڵیزمە، هاوکات سەردەمی رووبەڕوو بوونەوەی ناسیۆناڵیزمی تورک، عەرەب، فارس، کورد و ... لەگەڵ یەکترە. لەو هەلومەرجەدا پێوەندی پێچەوانە لە نێوان کۆچ و ناسیۆناڵیزم دروست دەبێ، کۆچکردن وەک کردەوەیەکی نێگەتیڤ و نەتەوەگەرایی وەک بەهایەکی پۆزێتیڤ جێدەگرێ. لەو فەزایەدا هەرچی خەڵک زیاتر کۆچ بکەن مانای ئەوەیە یەکگرتوویی نەتەوەیی کەمتر و چەمکی نیشتمان چەمکێکی لاوازترە.

## ٢- کۆچ لە سەردەمی گڵۆباڵیزم

گڵۆبـالیزم لەگـەڵ لـە دایکبـوونی شۆڕشـی پێوەندییـەکان لـە دایـک دەبـێ. لـە سـەردەمی گڵۆبـاڵیزمدا پێوەنـدی و رووبـەڕوو بوونەوەی رۆژهەڵات و رۆژئاوا، نەریت و مۆدێرنە، ئایین و زانست، هەژاری و خۆشبژێوی، داخراوەیی و کراوەیـی کۆمەڵایـەتی و... وێککەوتنێکی رۆژانـە و بـەربڵاوە. کـۆچ لـە سـەردەمی بەجیهانیبوونـدا بەرهـەمی رووبەڕوبوونـەوە و وێککـەوتنی مرۆڤـی رۆژهەڵاتی و مرۆڤی رۆژئاوایی‌یە. هەنووکە میـدیای جیهـانی و لـە راسـتیدا میـدیای رۆژئـاوایی وایکـردووە مرۆڤـی رۆژهـەڵاتی ببێتە بینەرێکی چاوبرسی کە رۆژانە بە دەریایەک لە تێکنۆلۆژی، هونەر، سەرمایە، چێژ و ئاسایشی رۆژئاوا سەرسام دەبـێ. میدیا دوو جیهانی دروست کردوە جیهانێکی بەهەشتی کە رۆژئاوایە و جیهانێکی چەقیو کە رۆژهەڵاتە.

هەروەها میدیا مرۆڤی رۆژهەڵاتی بەو پرسیارە گەمارۆ داوە کە ئایا دەیهـەوێ بـە کـۆچکردن لـە رۆژهەڵاتـەوە بـەرەو رۆژئـاوا دەرفەتی گەشە و ژیان بە خۆی بدا ؟ لەو دۆخەدا توانای سەفەرکردن لـە رۆژهەڵاتـەوە بـۆ رۆژئـاوا وەک توانـای سـەفەرکردن لە دێهاتەوە بـۆ شـار دەنوێنـێ. لـە سـەردەمی گڵۆبـاڵیزمدا پێناسـەیەکی جیهـانی بـۆ ژیـان دروسـت بـووە کـە لـەو پێناسـەیەدا توانای ژیان بریتییە لە توانای گەشەکردن. گەشەی مرۆڤیش لە بەهرەمەندی لە زانست، چێژ و سەرمایەدا خۆی دەبینێتـەوە. لە سەردەمی ئێستادا چیدیکە ناسیۆناڵیزمی رۆژهەڵاتی ناتوانێ بـە خـەونی بەختـەوەری خـەڵک سـەرخۆش بکـا، چۆنکـە لـە لایەک ئەزموونی زیاتر لە سەد ساڵی پێشووی ناسیۆناڵیزمی رۆژهەڵات ئەزموونێکی تێکشکاوە و لە لایەکی دیکە کۆچ بـەرەو رۆژئاوا وەک دەروازەیەک بەرەو دەستەبەرکردنی رێژەیەک لە بەختەوەری و پێشکەوتن ئامادەیە. بـەو پێیـە لـە ئێسـتادا کـۆچ زیاتر لەوەی جێهێشتنی نیشتمان بێ هەڵبژاردنی ئەو قەناعەتەیـە کـە رێکـەوتی لـەدایکبوون لـە شـوێنێک نـابێ بـەو شـوێنە بمانبەستێتەوە.

**سەرچاوەکان**:

١- سەفەری رەش، ئیسماعیل تەنیا
٢- کۆچ و سەفەر، ئاسۆ جەبار
٣- دیاردەگەرایی تاراوگە، رێبوار سیوەیلی
٤- ناسیۆناڵیزم و سەفەر، مەریوان وریا قانیع

*Hugo Grotius مافزان و سیاسەتمەداری هولەندی سەدەی هەفدە. گروتیوس بە ناچار دە ساڵ لە پاریس ژیا و بـە دوور لە نیشتمان بە ناوبانگترین کتێبی خۆی «یاساکانی شەڕ و ئاشتی»ی نووسی.

لە ژمارە ٥٩٠ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی سێپتەمبەری ٢٠١٢



سەرچاوە
Serchawe

## پیاوکوژانی کوشکی فیرووزە»، چیرۆکێک لە تاوان و سزاکان

**روئیا حەکاکیان**

**وەرگێران بۆ کوردی : رێبوار مەعروفزادە**

٢٠ ساڵ لەمەوبەر رێبەرانی کورد لە رێستورانێک لە بێرلین دەدرێنە بەر رەگباری گوڵلە. روئیا حەکاکیان شوێنپێی هەقیقەت و دادپەروەریی لەو تاوانەدا هەڵگرتوە. پیاوکوژانی کوشکی فیرووزە چیرۆکێکی راستەقینەی تاوانێکی رێکخراوی دەوڵەتییە کە لە لای ئێرانییەکان، بە هۆی ناوی ئەو رێستورانەی کە تاوانەکە لەوێدا ئەنجام درا، بە تاوانی میکۆنووس ناوبانگی دەرکردوە.

کتێبەکە بە رووداوی سەرەکیی چیرۆکەکە دەست پێدەکا. لە رێستورانی میکۆنووس لە بێرلین، ٨ کەس پێکهاتوو لە رێبەرانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و دژبەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە بۆ خواردنی شام و قسەکردن لەو رێستورانە کۆ ببوونەوە، لەگەڵ خاوەنی رێستورانەکە وەبەر دەسرێژی دوو پیاوی چەکداری دەمامکدار دەکەون. چوار کەسیان، رێبەری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، دوکتور سادقی شەرەفکەندی و دوو هاوکارەکەی، فەتاح عەبدولی و همایوونی ئەردەڵان کە بۆ بەشداری لە کۆنگرەی نێونەتەوەیی حیزبە سۆسیاڵ دێموکراتەکان هاتوونەتە بێرلین و هەروەها نووری دێهکوردی، یەکێک لە دژبەرانی ئێرانیی دانیشتووی ئاڵمان، دەکوژرێن. خاوەنی رێستووران، عەزیز غەففاری، بریندار دەبێ و چوار کەسی دیکە بە سەلامەت دەرباز دەبن. پەرویز دەستماڵچی، فەرهاد فەرجاد، مێهدی ئیبراهیمزادە، چوار چالاکی سیاسی و دژبەری کۆماری ئیسلامیی ئێران دەربازبووانی ئەو هێرشە تێرۆریستییەن.

سەیر ئەوەیە کە ئەو هێرشە رێک لە کاتێکدا روودەدا کە سەرۆک کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئەکبەری هاشمی رەفسەنجانی بە بەڵێنی لێبووردەیی و سازان، داوا لە ئێرانییەکانی دەرەوەی وڵات دەکا کە بگەرێنەوە وڵات.

چیرۆکەکە هەر لە سەرەتاوە بە گرێ دەست پێ دەکا. دەزانین کە دوو ئێرانی و چوار لوبنانی لەو تاوانەدا بەشدار بوون. عەبدوڵرەحمانی بنی هاشمی، رێبەری عەمەلیاتەکە، بۆ ئێران رادەکا.

کەسێک کە قوربانییەکان دەداتە بەر دەسرێژی گوڵلە و جنێوی سووک، کازمی دارابیی ئێرانییە. عەبباسی رائیل گوللەی کۆتاییان لێ دەدا و یوسف ئەمین دوستی ئەو، کە چاوەدێریی دەرگای پێش رێستورانەکە دەکا، هەر دووک ئەندامی حیزبوڵلای لوبنانن و لە شاری رەشتی ئێران لە و سپای پاسداران بۆ ماوەی شەش مانگ ئامووزشی تێرۆریستییان دیتووە. بکوژی ئێرانی و چوار لوبنانی قۆڵبەست دەکرێن.

چیرۆکەکە ڕێک لەو شوێنە کە واپێدەچێ هەموو شتێک تەواو بووە،واتە پاش کوژرانی کەسەکان، دەست پێدەکا. لەمەوبەدوا کاری کتێبەکە، دۆزینەوەی ئەو نهێنییانەیە کە وەک چیرۆکی هەزارویەک شەو لە پاش کۆبوونەوەی کەسایەتییەکان و ڕووداوی چاوەڕواننەکراو لە کەشوهەوایەکی پڕ لە دڵەخورپە دا بەرەبەرە لە ئێمە ڕوون دەبنەوە. لە نێو ئاڵۆزیی شیمانە و گومان و بۆچوونی جۆراوجۆردا، هەر لە پەنابەرانی ئێرانی، کە هەر لە یەکەم ساتەکانەوە تاوانەکە بە کاری کۆماری ئیسلامیی ئێران لە قەڵەم دەدەن، هەتا دەگاتە سیاسەتمەدار و بەڕێوەبەرانی دەوڵەتیی ئێران و ئاڵمان، کە ئەو تاوانە بە بەرهەمی ململانێ و ئالۆزییە نێوخۆییەکانی کوردەکان دەزانن، هەقیقەت دەبێ وردە وردە و هەنگاو بە هەنگاو بدۆزرێتەوە و وەک چنینی فەرشی ئێرانی لە تەنیشت یەکتر دابنرێ تا بتوانرێ پێشکەش بە فریشتەی دادپەروەری بکرێ.

ئەگەر تایبەتمەندیی کتێبی باش ئەوەیە کە خوێنەر لە خوێندنەوەی هیلاک نەبێ و بە واتایەکی دیکە کتێبەکە لە ڕووی ناچاری نەخوێنێتەوە، بێ گومان ئەو جۆرە لە ڕۆژنامەنووسیی نوێ یان ڕۆژنامەنووسیی لێکۆڵینەوەیی لە ڕیزی کتێبە «باشەکان»دا لە پلەیەکی بەرزدا جێ دەگرێ. کتێبی «پیاوکوژانی کوشکی فیرووزە» لە لایەک لەگەڵ هەموو چیرۆکە جینایییەکانی دیکە جیاوازی هەیە. هەموو ڕووداو و کەسایەتییەکانی واقعین و خوێنەر ئەگەرچی هەموو وردەکارییەکانی نازانێ، بەڵام تا ڕادەیەک هەموو چیرۆکەکە، بە تایبەتی سەرەتا و کۆتایی چیرۆک، دەزانێ و لەگەڵ ئەوەشدا کتێبەکە وەلا نانێ. پێشتر لە ڕوئیا حەکاکیان، نووسەری کتێبی پیاوکوژانی کوشکی فیرووزە، کتێبێکی شێعر و دواتریش کتێبی سەربردەی ژیانی بە ناوی {سەفەر لە وڵات «نا»} مان خوێندۆتەوە. بەڵام ئێستا لەگەڵ نموونەیەک لە ڕۆژنامەنووسیی ئەدەبی و چیرۆکێکی سیاسی جنایی ڕووبەڕووین.

**لە وتووێژێکدا کە لە گەڵ ڕوئیا حەکاکیان کردوومە لێی دەپرسم:**

*** چۆن بوو کە دەستت دایە نووسینی ئەو شێوازە لە چیرۆک، هەڵبەت ئەگەر بکرێ ناوی چیرۆکی لێ بنرێ؟**

**ڕوئیا حەکاکیان**: لە دوای بڵاوکردنەوەی بیرەوەرییەکانم، ناشر(بڵاوکەرەوە) دەیویست کە من بەرگی دووهەمی ئەو کتێبە بنووسم کە پێوەندیی بە ژیانی دەرەوەی وڵاتم واتە لە ساڵی ١٩٨٤ بەولاوە هەبوو. بەڵام من هەستم دەکرد کە ڕەوتی ژیانم لە ١٩٨٤ بەملاوە شتێکی تێدا نییە کە بایەخی بوون بە کتێبی هەبێ. بە هۆی ئەوەی حەز بە مێژووی هاوچەرخی ئێران و سەربردەی ژیانی ئێرانییەکان لە ٤٠ ساڵی پێشوودا دەکەم هەستم کرد کە ئەو کتێبە بە جۆرێک درێژەی بە سەرهاتی خۆمە. واتە دروستە کە ئەو کتێبە بە سەرهاتی خۆم نییە، بەڵام ڕووداوێک کە لە ڕێستوورانێک لە بێرلین بۆ چەند ئێرانییەک هاتە پێش دەکرا بۆ هەموو ئێرانییەکانی دەرەوەی وڵات کە لە پێوەندی لەگەڵ ئێران و پرسەکانی ئەو وڵاتەن پێش بێ. واتە دەکرا ئێمەش لە کۆبوونەوەیەکی هاوشێوەدا بەشدار بین. هەستم کرد کە لەگەڵ تێمەکان و فیکری من دەگونجێ و بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ درێژەی کتێبی یەکەمی منە. واتە بە جۆرێک چیرۆکی ژیانی ئێرانییەکانی دەرەوەی وڵاتە.

*** ئەو بابەتەت بۆ هەڵبژارد؟**

**ڕوئیا حەکاکیان**: تەنیا بەو هۆیە کە ٦ - ٧ ساڵ پێش لەگەڵ پەرویزی دەستماڵچی ئاشنا بووم کە یەکێک لە ڕزگاربووەکانی ئەو تاوانە بوو. لە ڕەوتی ناسینی دەستماڵچی لەگەڵ ڕەهەند و لایەنەکانی ئەو چیرۆکە ئاشنا بووم کە نەمدەناسی و هەروەها هەستم دەکرد چ ئێرانی و چ کەسانی دیکە ئاگاداری ئەو بابەتە نین. مەسەڵەی میکۆنووس بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ڕەهەند و لایەنەکانی قەت بە تەواوەتی نەکۆتراوە و نەنووسراوە. هەروەها ئەو ڕووداوە بۆ گێرانەوەش گرینگ و سەرنجڕاکێش و پڕ لە هەوراز و نشێو بوو. لە ڕەوتی پێشڤەچوونی چیرۆکەکە ڕووداوی لەناکاو دێتە پێش کە چیرۆکەکە سەرنج ڕاکێشتر دەکا. جگە لەمە ئەگەرچی پێش لە میکۆنووس چەند تیرۆری دەوڵەتیی دیکەش لە دژی ئێرانییەکانی دەرەوەی وڵات ڕوویان دابوو، بەڵام دەرئەنجامی میکۆنووس لەگەڵ تیرۆرەکانی دیکە بە شێوەیەکی بەرچاو جیاواز بوو. بۆ یەکەم جار وڵاتێکی درەکی قامکی تاوانی بۆ لای ئێران ڕاداشت و بەرپرسانی یەکەمی ئێرانیان مەحکووم کرد. ئەو جیاوازییە ئەوەندە بەرچاو و مێژوویی بوو کە شایانی پێشکەش کردن بە جیهان بوو.

## ژانری کتێب

کتێبی «پیاوکوژانی کوشکی فیرووزە» لەگەڵ ئەوەدا کە جۆرێک لە ڕۆژنامەنووسیی لێکۆڵینەوەیییە، بە هۆی ئەوەی بابەتەکە بە شێوەی چیرۆک نووسراوە و کەسایەتییەکانی نێو چیرۆک و هەروەها جۆری دروستکردنی دڵەراوکێ و چاوەڕوانییەکان لە شێوەی ڕۆمانە جنایی - پۆلیسییەکان دەچێ. لەگەڵ ئەوەشدا کتێبەکە لە سەر بنەمای کۆمەڵێک وتووێژ و نەوار و ئارشیوی دەوڵەتی و ژمارەیەکی زۆر دەستنووسی شەخسی نووسراوە. نووسەر کە خۆی خەڵکی ئەمریکایە بۆ بە دەستهێنانی ئەو بەڵگانە سەفەری بۆ ئاڵمان و وڵاتانی دیکە کردوە.

**ڕوئیا حەکاکیان بە نیسبەت ژانری کتێبەکە دەڵێ**: «ئامانجی من لە هەڵبژاردنی ئەو شێوازە لە نووسین سەرەڕای ئەوەی کە خۆم حەزم لە لێکۆڵینەوە و وتووێژە، بەڵام بەلامەوە گرینگ بوو کە کتێبەکە بە جۆرێک بێ کە تەنیا بە کەلکی کارناسانی سیاسی نەیەت و خەڵکی ئاسایی و غەیرە ئێرانییش ڕابکێشێ. ڕەنگە بڕوا نەکەن، بەڵام تەنیا وەسەر یەکخستنی چوارچێوەی چیرۆکەکە زیاتر لە یەک ساڵی خایاند. ئەو کاتە نیوەی ئەو ماوەیە بوو کە ناشر بۆ نووسینی کتێبەکە بە منی دابوو. لەو ماوەیەدا بە تەواوەتی سەرقاڵی ئەوە بووم کە چیرۆکەکە فێر بم چونکە زۆر ئاڵۆز و قەرەباڵغ بوو. چیرۆکەکە هەر وەک بازاری ڕۆژهەڵات کە پڕن لە مرۆڤ و دوکان و شتومەکی ڕەنگین و... ئاڵۆز بوو. هەم ئەو کەسایەتییانەی کە ڕۆڵ دەگێڕن زۆرن و هەم بابەتەکە لە لایەنی حقووقی، سیاسی و... زۆر ئاڵۆزە.

من بۆ ئەوەی بتوانم بڕیار بدەم کە لە کەسایەتییەکان کامیان هەبێ و کامیان نەبێ و لە تێمەکان کامیانم دەوێ و کامیانم ناوێ چیرۆکەکەم بە شکڵی شەجەرەنامەیەک لە سەر دیوار کێشاوە. هەموو هەوڵم ئەوە بوو کە هەموو ئەو وردەکارییانەی کە خوێنەری ئاسایی گێژ و سارد دەکا لابەم و بایەخ بە گرینگترین و سەرەکیترین ڕووداو و بابەتەکان بدەم. هەڵبەت لابردنی بەشێک لە وردەکارییەکانی کتێب هەڵبژاردنێکی دژوار بوو. پەیداکردنی ئێسکەپەیکەر و کێشانەوەی شەجەرەنامەی چیرۆکەکە کاتێکی زۆری خایاند.



سەرچاوە Serchawe

## کاراکتێرەکانی کتێب

کاراکتێرە سەرەکییەکانی ئەو کتێبە لەگەڵ کتێبەکانی دیکە جیاوازییەکی بەرچاویان هەیە. «هەقیقەت» و «دادپەروەری» دوو کاراکتێری سەرەکین کە ڕووداوەکانی نێو کتێب لە پێناو چۆنیەتیی گەیشتن بەو دووانە ڕۆڵ دەگێرن. دادستانی فێدراڵی ئاڵمان، برۆنۆ یوست، دادوەری ڕاستگۆ و ماندوونەناس، گەڕان و دیتنەوەی «هەقیقەت» وەئەستۆ دەگرێ و گۆشارە سیاسی و دیپلۆماسییەکان، کە بۆ بەلارێدا بردنی ڕەوتی پێڕاگەیشتن بە دۆسییەکە ئەنجام دەدرا، لەبەرچاو ناگرێ. فریتیۆف کوبش، بە وەئەستۆ گرتنی سەرۆکایەتیی دادگای میکۆنووس، ئەرکی دانانی ئەم هەقیقەتە لە تەرازووی دادپەروەریدا و دەرکردنی بڕیاری ڕەوا کە بزەی سەرکەوتن دەخاتە سەر لێوەکانی دادپەروەری، وەئەستۆ دەگرێ. سەرۆکی دادگای میکۆنووس بۆ ماوەی پێنج ساڵ، بە تێرامان و وردبینییەکی تەواو، ڕەهەند و لایەنەکانی ئەو دۆسییەی لێک دایەوە.

کوژراوەکان و بنەماڵەکانیان، تیمی تیرۆر و سەربردەی ژیانی زۆربەی ئەندامانی،بڕیاردەرانی ئەو تیرۆرە، بەرپرسانی ئاڵمانی، ڕۆژنامەنووسانێک کە ئەو هەواڵەیان بۆ ماوەی پێنج ساڵ لە زەینی خۆیاندا ڕاگرتبوو، شاهیدانێک وەک ئەبولقاسمی میسباحی و ئەبولحەسەنی بەنی سەدر، تەنانەت لەوحی یادەوەرییەک کە بە یادی ئەو ڕووداوە لە سەر دەرکی ڕێستوورانی پێشووی میکۆنووس دانرا، هەموویان کەسایەتییەکانی چیرۆکەکەن. بەڵام کتێبی ڕوئیا حەکاکیان تەنیا گێرانەوەیەک بە یارمەتیی دیکۆمێنت نییە. ئەگەر مێژوو لەگەڵ شرۆڤەکردنی ڕووداوەکان و کردەوەی دەسەڵاتداران لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا ڕووبەڕوویە، بەڵام ڕۆمان ژیان و هەستی تاک تاکی مرۆڤەکانیش لەو دۆخ و زەمەندا نیشان دەدا. ئەوەی ئەو کتێبە سەرنج ڕاکێشتر دەکا ڕوانینی مرۆڤانەی نووسەرە بۆ چارەنووسی کەسەکان چ ئەوانەی بە خواستی خۆیان (بکۆژە بەکرێگیراوەکان) و چ ئەوانەی بە بێ خواستی خۆیان (کوژراوان و بنەماڵەی کوژراوان و بکوژەکان) لەو ڕووداوەدا، ڕۆڵیان هەبووە.

نووسەر کەسایەتی و دۆخی ڕۆحی و هەستی مرۆڤەکان وێنا دەکا و ڕۆخساری مرۆڤانەی ئەو کەسانە پێشان دەدا. بۆ نموونە پەرویزی دەستماڵچی ڕۆژی دوایی ئەو شەوە ترسناکە و پاش ئەوەی لە مردن ڕزگاری بوو چی کرد و چ هەستێکی هەبوو؟ شوهرەی خێزانی نووری دێهکوردی، کە پاش پێوەندییەکی ئاشقانە زەماوەندیان کردبوو و بە تەبابییەکی فیکری و سیاسیی تەواو لەگەڵ یەکتر دەژیان، چۆن بەرگەی ساتەکانی «بێ ئەوی»ی دەگرت؟ کاریگەریی ئەو ڕووداوە لە سەر ئەو دوو کچە بچووکەی نێو چیرۆکەکە، سارا دێهکوردیی پێنج ساڵە و سالوومەی هەشت ساڵە، چۆن بووە؟ لە حالێکدا کە سالوومە باوکی لە ڕووداوێک کە بە سەری نەهاتوە ڕزگاری بووە، خەریکە دڵی لە لێدان بکەوێ و بە پرسیاری زۆر سەبارەت بەو شەوە و ئەو ڕووداوە بابی هەراسان دەکا، ساراش کە باوکی کوژراوە، نە دەپرسێ و نە دەیهەوێ بزانێ و نە دەیهەوێ گوێی لە هیچ بێ. دەڵێی دەیهەوێ بە پرسیارنەکردن نکۆڵی لە ڕووداوەکە بکا.

ڕوئیا حەکاکیان دەڵێ: «هۆکاری بایەخ نەدانی سارا بە مردنی باوکی غەمباربوونی ئەو بووە. هەوڵی دەدا بە لە یادکردنی ڕووداوەکە کەمتر خەسار ببینێ، بەڵام ئێستا پێچەوانەی ئەو کات هەڵسوکەوت دەکا. هەنووکە سارا لە لاوانی چالاکی

بواری مافی مرۆڤی ئاڵمانە. کاری ڕێکخستن و بەرنامەدانان و ڕێبەری ئەنجام دەدا و و وا دێتەبەرچاو کە درێژەدەری ڕێگەی باوک و دایکی بێ.»

هەر وەها دردۆنگی و گومان لەو بارەیەوە کە کام یەک لەو ٩ کەسە سیخوڕییان کردوە؟ لە راپۆرتی چیرۆکەکەدا هاتوە کە سیخۆڕەکە ئەو شەوە لە ڕێستووران بووە و لەوێرا تەلەفونی کردوە. هەروەها ئەو کەسە لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش پێوەندیی هەبووە. ئەو شەوە کاتژمێر نزیکەی دەی شەو، چ کەسێک بە تەلەفون هەواڵی ئامادەبوونی ڕێبەرانی کوردی بە بکوژەکان داوە؟

ئەویش سەبارەت بە چاوپێکەوتنێک کە ڕێکەوتەکەی بە هۆی هەماهەنگ نەکردنی دروستی کاتەکەی (زۆرێک لە میوانەکان شەوی هەینی (هەینی لە سەر شەممە)یان لەگەڵ هەینی شەو (پێنجشەمە لە سەر هەینی) بە هەڵە گرتبوو و نەهاتبوون. دەستماڵچییش لەگەڵ ئەو کەسانە بوو کە لە دوا ساتەکان و بە پرکێشیی نووری دێهکوردی ڕێگەی ڕێستوورانی گرتەبەر، هێندێک کەس تووشی هەڵە بوون.

مەگەر جگە لەو ٩ کەسە کە یەکێکیان عەزیز، خاوەنی ڕێستووڕانەکە کە جێگەی متمانەی ئەوان بوو و یەک دوو موشتەریی ئاڵمانی کە تا درەنگانی شەو لە سالۆنی گشتیی ڕێستووران دانیشتبوون چ کەسێک لەوێ بوو ؟ چ کەسێک ئەوانی ڕێک بۆ دیوی پشتەوە کە شوێنی بەڕێوەچوونی ڕێستوورانەکە بوو ڕێنوێنی کردبوو ؟ هێندێک جار پانتایی گومانەکان تا ئەو جێگەیە بەرین دەبۆوە کە خۆدی بەرکەوتووانیشی دەگرتەوە، بەڵام زیاتر لە هەمووان گومان لە عەزیزی غەففاری خاوەنی ڕێستوورانەکە دەکرا. ئایا بە راستی ئەو سیخۆڕەکە بوو ؟ نووسەر ڕۆخساری عەزیزی غەففاری بە شێوەیەکی تەواو راستەقینە وێنا دەکا.

ڕوئیا حەکاکیان تەنانەت لە باسکردنی مرۆڤکوژەکانیش بە شێوەیەکی بێ لایەنانە پەردە لە کەسایەتیی ئەوان لادەدا. وێنەی کەسایەتیی یوسف ئەمین، کەسێک کە لە کاتی تیرۆرەکەدا لەبەر دەرکی ڕێستووران نیگابانی دەدا، یەکێک لە سەرنجراکێشترین و جوانترین کەسایەتییەکانی چیرۆکەکەیە. گەنجێکی لوبنانی کە بە هیوای بە دەستهێنانی پوول و ژیانێکی باشتر لە ئەنجامدانی تاوان دا بەشداری دەکا، بەڵام لە غەمی خێزانی دووگیانی دایە و ئاواتی دیتنی کورە نەبینراوەکەی هەیە.

بەشێکی دیکەی کتێبەکە کە گرینگییەکی تایبەتی هەیە پێوەندیی بە چارەنووسی میسباحی و ڕۆڵی سەعیدی ئیمامی، لە هەڵاتنی ئەو لە ئێران و ڕۆیشتن بۆ ئامادەبوون لە دادگای میکۆنووسەوە، هەیە.

**ڕونیا حەکاکیان دەڵێ**: «دەزانن کە خۆدی میسباحییش قوربانییە. ژنەکەی سیخوڕی بۆ فەللاحیان دەکرد. فەللاحیان ناچاری کردبوو بە دژی مێردەکەی بۆ وەزارەتی ئیتتلاعاتی فەللاحیان سیخۆڕی بکا.

* بۆ چی؟ مەگەر میسباحی خۆی ئیتتلاعاتی نەبوو؟ بۆچی فەللاحیان گومانی لە سەر ئەو و سەعیدی ئیمامی هەبوو؟

**رونیا حەکاکیان دەڵێ**: راستە، بەڵام لە دەورانێکدا فەللاحیان لەگەڵ میسباحی و سەعیدی ئیمامی دەکەوێتە شەڕی دەسەڵات. فەللاحیان دەیویست ئەوان لە مەیدانی دەسەڵات وەدەر بنێ. ئەو شەڕی دەسەڵاتە بۆ میسباحی بە نرخی لە دەستدانی بنەماڵە و پیشە و وڵاتەکەی و بۆ سەعیدی ئیمامییش بە بەهای لە دەستدانی گیانی تەواو بوو. سەعیدی ئیمامی میسباحی ئاگادار دەکاتەوە کە گیانی لە مەترسی دایە، بەڵام بێ ئاگایە کە خۆیشی لە ژێر چاوەدێری دایە. پێی وابوو کە مەسەلەکە بە هەڵاتنی میسباحی کۆتایی پێ دێ.

میسباحی جەختی لە سەر ئەوە دەکرد کە بکوژ نەبووە و کاتێک داوای لێ دەکەن پلانی کوشتنی خورسەندی دابنێ، چونکە دژی توندوتیژی نواندن بووە کارێک دەکا کە هادی خورسەندی دەرباز بێ و چیرۆکەکە لە نێو کتێبەکەدا دەخوێنیەوە. هەر ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە پۆلیس متمانەی پێ بکا. حەکاکیان کێشەی فەللاحیان و میسباحی بۆ هەبوونی بیروڕای جیاواز، بە نیسبەت شێوازی کارکردن، دەگەڕێنێتەوە:

**رونیا حەکاکیان**: «میسباحی سەر بەو نەوە تازەیە لە ئیتلاعاتییەکان بوو کە پێیان وابوو بە کەڵکوەرگرتن لە ئامرازەکانی مۆدێرنی زانیاری و سیخوڕی دەتوانن لە شەڕی دەسەڵاتدا سەرکەتن بە دەست بێنن. ئەوان مێتۆدی فەللاحیانیان بۆ لە مەیدان بەدەرکردنی دژبەران قبووڵ نەبوو و دەیانویست بە باڵادەستیی فیکری و ئیدئۆلۆژیک دژبەرانیان بە قەناعەت بگەیەنن.»

## تیرۆریزمی دەوڵەتیی ئێران یان قەتڵە زنجیرەییەکان

قەتڵە زنجیرەییەکان لە دەرەوەی وڵات لیستێکی ٥٠٠ کەسی بوو کە دەکوترا لە سەردەمی خومەینی و بە رەزامەندیی ئەو ئامادە کراوە و بە دادگای میکۆنووس کۆتایی پێ هات. لیستێکیش لە قەتڵە زنجیرەییەکان بۆ نێوخۆی وڵات ئامادە کرابوو کە لە هاوینی ١٣٧٦وە بە شێوەیەکی بەردەوام بەڵام تا رادەیەک بە بێ دەنگی، بە شێوەی مردنە ناروون و کوتوپڕەکان، بێ سەروشوێن بوونی کەسانێک کە هیچ کات نەدیترانەوە، تەسادوف لەگەڵ ماشێن و کامیۆن کە لە کولتووری کوشتن دا وشەی تازەی «کامیۆنی بوون»ی بۆ دروست کرا، کوژران بە چەقۆ و خنکان بە تەناف و... ، جێبەجێ دەکرا.

ئەو کەسانەی دەکوژران زۆرتر لە روناکبیران، جیابیران، کەسانێک کە تازە ببوونە مەسیحی و کەسانێک کە سەر بە ئیتنیکەکان بوون، بەڵام گرووپێک لە ماموستایانی ئایینی و کەسانی سەر بە خۆیانیش لە نێو کوژراوەکاندا هەبوون. هەر لە ئایەتۆڵلا لاهووتییەوە هەتا ئەحمەدی خومەینی. هۆکاری ئەو کوشتنانە قەت بە روونی رانەگەیەندران. تەنیا لە دوای کوژرانی تارادەیەک هاوکاتی پەروانە و داریووشی فروهەر و دوو نووسەر، محەممەدی موختاری و محەممەد جەعفەری پوویەندە کە لە سەرەتای دەوڵەتی خاتەمیدا دەوڵەت بە فەرمی «هێندێک لە کەسانی سەرەڕۆی وەزارەتی ئیتتلاعات»ی وەک تاوانباری ئەو کوشتنانە راگەیاند. کەسانێک یەک لەوان سەعیدی ئیمامی، قۆڵبەست کران و لێکۆلینەوەیان لێ کرا،

بێ ئەوە کە بڕیاردەرانی ئەو تاوانانە قەت لە بەرامبەر دادپەروەری دا وەڵامدەر بن. فەللاحیان کە خۆی ئەندامی گرووپی بڕیارڕ بوو هەرەشەی دەکرد کە ئەگەر دادگایی بکەن ناوی کەسانی پایەبەرز ئاشکرا دەکا. سەعیدی ئیمامی، جێگری ئەمنییەتی وەزارەتی ئیتتلاعات، پاش لێپێچینەوەیەکی دوورودرێژ لە زیندان گیانی لە دەست دا. هۆکاری مردنی «خۆکوشتن لە ڕێگەی خواردنی دەرمانی خاوێنی»(واجبی) ڕاگەیەندرا. ئەو لە لێکۆڵینەوەکاندا وتبووی کە تەنیا بەڕێوەبەری بڕیارەکانی تایبەت بە کۆمیتەی کوشتنەکان بووە. لە نێوخۆی وڵاتیش تەنیا لە دوای مەحکووم کردنی چوار تاوانی کوشتن کە بە قەتلە زنجیرەییەکان ناویان دەرکرد، زنجیرەی ئەو تاوانانە پسا.

**ئەبولقاسمی میسباحی یان شاهیدی C**

**ڕوئیا حەکاکیان** بە نیسبەت ئەبولقاسمی میسباحی دەڵێ: «سەربردەی ژیانی ئەبولقاسمی میسباحی زۆر سەرنجراکێش و سەیرە کە بە تەنیا دەکرێ ببێتە بابەتی کتێبێک».

*** چۆن؟**

**ڕوئیا حەکاکیان**: «ئەو کەسێکی وریا بە تواناییەکی سەرسوورهێنەر بوو. لە تەمەنی ٢٣ ساڵی دا دەبێتە بەرپرسی عەمەلییاتیی ئەمنییەتی لە ئورووپا. بە ڕۆژ لە زانکۆی سوربۆن دەخوێنێ و شەوانیش پلانی عەمەلییاتی سیخوڕی دادەڕێژێ. بۆ من زۆر دژوار بوو کە، سەرەڕای ئەو هەموو هۆگرییەی کە بە چارەنووسی ئەوم هەبوو، بڕیار بدەم کە بە کورتی باسی ئەو بکەم.

*** ئێستا دۆخی ئەبولقاسمی میسباحی، کە ئەو کات بە شاهیدی C ناوبانگی دەرکرد، چۆنە؟**

**ڕوئیا حەکاکیان**: «ئەو لەو دۆخە ناڕوونە کە هەیەتی یەکجار دڵگرانە، چونکە ناچار بوو ڕوخسار و شوناسی خۆی بگۆڕێ. خۆگونجاندن لەگەڵ ژیانی تازە زۆر بۆی دژوار بوو. هەستی بە تەنیاییەکی زۆر دەکرد. ئەوەندە پێویستی بە قسە کردن هەبوو کە بە جێگەی ئەو ٤ - ٣ کاتژمێرەی کە بۆ وتووێژ لەگەڵ ئەو تەرخانم کردبوو، سێ چوار ڕۆژ قسەی کرد.

*** دڵگرانییەکەی لە چییە؟ هەر ئەو ناخۆشییانەی پەنابەرانی دیکە هەیانە؟ وەک دوورکەوتنەوە لە نیشتمان و دوستان و غوربەت و...؟**

**ڕوئیا حەکاکیان**: «جگە لەمانە دەستی لە درێژەدان بە ژیانی کاریی خۆی لە ئێران هەڵگرتوە، لەگەڵ ئەوەدا کە ئێستاش بە خوێندنەوە سەرقاڵە، بەڵام ناتوانێ لە ژیانی دا کەڵکیان لێ وەرگرێ و چالاکیی هەبێ. کاتێک ئەوم دیت زۆر غەمبار بووم.»

* چ بەشێک لەو کتێبە بە پێی بەڵگەی مێژوویی و راستەقینە ئامادە کراوە و چ بەشێکی لە لایەن خۆتەوە زیاد کراوە؟ بۆ نموونە لە بارەی شیکردنەوەی هەستی دەروونیی کەسایەتییەکان وەک ئەو وایە کۆ خۆتان لەوێ بوون و ئاگاداری دۆخی دەروونی ئەوان بوو. ئەو کەسایەتییانەی دروستت کردوون چەندە بە پێی خەیاڵی خۆتان بووە؟

**رونیا حەکاکیان**: «هەست یان ئەو وشانەی لە بارەی کەسایەتییەکان نووسراون هی من بووە، بەڵام من هیچ یەک لە ڕووداوەکانم دروست نەکردوون. هەروەها هەڵبژاردن، لابردن یان جەختکردنە سەر ڕووداوێک کاری من بووە.»

* کتێبی ئێوە زۆر سەرنج ڕاکێشە تەنانەت خوێنەر لەگەڵ ئەوەشدا کە لە تاوان و دادگا و دەرئەنجامەکەی ئاگادارە هەر بۆ خوێندنەوەی رادەکێشرێ. هۆکارەکەی چییە؟

**رونیا حەکاکیان**: «من دەمویست کتێبێکی چاک بنووسم کە بەختەوەرانە هەر واش بوو. دەمویست کتێبەکە بە جۆرێک نەبێ کە تەنیا خوێنەرێک کە ئاگاداری پرسەکانی تایبەت بە ئێرانە بتوانێ بیخوێنێتەوە. واتە کتێبێکی سیاسی نەبێ. لەگەڵ ئەوەشدا کتێبەکە هەم سیاسییە و هەم سیستمی دادوەرییش نیشان دەدا. خوێنەرانی ئەو کتێبە لە گرووپی جۆراوجۆر پێکدێن کە هەر لە بنەڕەتەوە لە یەکتر جیاوازن. جگە لە ئێرانییەکان و بە تایبەتی کوردەکان و کەسانی سیاسی، زۆرێک لە خوێنەرانی ئەو کتێبە کەسانێکن کە هۆگری ژانری جینایین. زۆربەیان هەر لە بنەڕەتەوە ئێران ناناسن. زۆربەیان حەزیان لە کاروباری سیاسی نییە و بە گشتی کەسانی ئاسایی بە ئەژمار دێن و ئەوەش بۆ من جێی دڵخۆشییە. بە بڕوای من هۆکارێکی دیکەی سەرنج ڕاکێشبوونی کتێبەکە ئەوەیە کە خاوەنی نەخشەیە. کێشانی نەخشە یان پێکهاتەی کتێبەکە زیاتر لە ساڵێکی خایاند. بۆ من گرینگە کە لە نێو چیرۆک دا ڕووداو ڕوویدا. هەموو هەوڵی من لە کۆی ئەو بەرهەمەدا ئەوە بوو کە هەوراز و نشێوی چیرۆک لە نێو پێکهاتەکەی ڕەنگ بداتەوە نەک تەنیا لە نێو کەسایەتییەکان دا.»

* بۆ نووسین و ئامادەکردنی ئەو کتێبە چەندت کار کردوە؟

**رونیا حەکاکیان**: «یەکجار زۆر، من لە ژێرزەمینی ماڵەکەم بە قەت موزەیەک لە بارەی ئەو تاوانە و دادگاکەی بابەتەم هەیە. جگە لە نەواری وتووێژەکانی خۆم، بیرەوەری و دەستنووسی کەسانی دیکە چیرۆکەکەشم هەیە. بۆ نموونە بیرەوەرییەکانی شوهرە بەدیعی کە بە نیسبەت ڕەوتی دادگا و دۆخی خۆی نووسیویەتی یان دەستنووسەکانی پەرویزی دەستماڵچی. ئەو بابەتانە ئەوەندە زۆر بوون کە ببوونە مایەی بارگرانیی بنەماڵەکەم. مناڵە دووانە (جمک) کانم تازە لە دایک ببوون و شوێنی ڕوودانی تاوانەکە و هەموو کەسانی پێوەندیدار لە ئاڵمان بوون. من بۆ لێکۆڵینەوە و وتووێژ ١٢ - ١٠ جار سەفەرم کرد، بەڵام بە هۆی مناڵەکان زۆر نەدەمامەوە. تەنانەت جارێک توانیم مناڵەکانیش لەگەڵ خۆم ببەم کە ئەو سەفەرە نزیکەی مانگێکی خایاند. من بۆ لێکۆڵینەوە و وتووێژ جگە لە بکوژەکان لەگەڵ لە سەدا نەوەدی کەسانی نێو کتێبەکە قسەم کرد و ئەو کارە کاتێکی زۆری خایاند. فێربوونی لایەنە جۆراوجۆرەکانی چیرۆک، هەروەها ناسینی سیستمی دادوەریی ئاڵمان کە لەگەڵ سیستمی دادوەریی ئەمریکا جیاوازییەکی زۆری هەیە، دیتنەوە و فێربوونی ئەو جیاوازییانە و وردەکارییەکانی دیکەی چیرۆک چوار ساڵێکی خایاند.»



سەرچاوە Serchawe

* چ جیاوازییەکیان هەیە؟

**ڕۆنیا حەکاکیان**: «دادگای ئاڵمان هەیئەت مونسیفەی نییە. سەرکەوتنی دادگای میکۆنووس بە هۆی سیستمی دادوەری و سزادانی ئاڵمان بوو. سیستمی دادوەریی ئاڵمان باشترین سیستمی دادوەری لە نێو وڵاتانی ئوروپایی دایە. دادگا بە هۆی نەبوونی هەیئەت مونسیفە، کە لە کەسانی ئاسایی و ناشارەزا و ناودار پێکدێ، بە باشترین شێوە بەڕێوەچوو. ئەگەر دادگا هەیئەت مونسیفەی هەبا بە هۆی بوونی کەسانی ناشارەزا مەجالی هێنانەئارای زۆرێک لە بەڵگەنامە و شاهیدەکان نەدەبوو، چونکە هەیئەت مونسیفە توانای دادوەری کردنی نییە. لە دادگای ئاڵمان مەجالی هاتنەئارای هەموو جۆرە بەڵگەنامە و شاهیدێک هەیە. جیاوازیی دیکە ئەوەیە کە لە ئاڵمان دادوەرەکان لە لایەن سیاسەتمەداران هەڵنابژێردرێن. ئەوە لە حاڵێک دایە کە لە ئەمریکا دادوەرانی پایەبەرز و فێدراڵ لە لایەن سەرۆک کۆمار دیاری دەکرێ. لە ئاڵمان سیاسەت بە تەواوەتی لە دەزگای دادوەری جیایە، هەتا دادوەر و دادگاکان لە ژێر گۆشاری سیاسەتمەداران و کۆنەپارێزانی تایبەت بە دەسەڵات دا نەبن. لە دادگای میکۆنووس گۆشارە سیاسییەکان هەم لە لایەن دەوڵەت و بازرگانەکانی ئاڵمانی و هەم لە لایەن دەوڵەتی ئێران زۆر توند بوو، بەڵام دیتمان کە ئەو گوشارانە کاریگەرییان لە سەر بڕیاڕی دادگا دانەنا.

* ڕۆڵی میسباحی یان هەمان شاهیدی C لەو دادگایەدا چ بوو ؟ ئایا ئەو ئاگاداری پلانی تیرۆرەکە بوو؟ هەر لە بنەڕەتەوە قسە و شەهادەتی ئەو تا چ ڕادەیەک بۆ دادگا جێگەی بڕوا بوو؟

**ڕۆنیا حەکاکیان**: «گرینگیی ئەو زۆرتر بە هۆی ئاشکرا کردنی سیستمی دەسەڵاتدارێتیی کۆماری ئیسلامی بوو کە بە چ شێوەیەک لەبارەی ئەو تیرۆرانە بڕیار دەدا. لە ڕاستیدا ئەو پێکهاتەی سیستمی تیرۆر وێنا دەکا. وەک ئەوە ێ کە بڕیارەکان بە چ شێوەیەک و لە لایەن چ کەسانێکەوە دەدران، چۆن جێبەجێ دەکران و پلانی تیرۆر قۆناخ بە قۆناخ چۆن بەرەو پێش دەچوو، لە هەر قۆناخێکدا بەرپرسیارەتییەکان لە ئەستۆی چ کەسانێک بوون و کارەکان چۆن دابەش دەکران. بەڵام سەبارەت بە تێرۆری میکۆنووس، بۆ خۆی لە ڕەوتی ئەو پلانەدا نەبووە و دەیکوت کە لە تاران چاوی بە بەنی هاشم، واتە ڕێبەر و بەرپرسی سەرەکیی تیرۆری میکۆنووس کە توانی رابکا و لەو کاتەدا بۆ ئێران گەڕابووە، کەتوە و لە زمانی ئەو هێندێک شتی بە نیسبەت میکۆنووس بیستووە.»

* چ بەڵگەیەکی نیشان دا کە دادگای ئاڵمان متمانەی بە قسەکانی کرد؟

**ڕۆنیا حەکاکیان**: «بە پێی ئەو زانیارییە تایبەتانەی کە پێشکەش بە دادگای کرد. بۆ نموونە وردەکاریی تیرۆری هادی خورسەندی باس کرد کە تەنیا پۆلیسی ئێسکاتلەندیارد ئاگاداری ئەو بابەتە بوو.»

حوسێن مووسەویان کە، لە دەستپێکی دادگای میکۆنووس تا کۆتایی دادگاکە کە دەرکردنی باڵوێزی ئێران لە ئاڵمانی لێکەوتەوە، باڵوێزی ئێران لە ئاڵمان بوو لە کتێبێکدا کە بە ناوی «پێوەندیی ئێران و ئاڵمان» بڵاو بووە باس لە ڕۆڵی چالاکانەی میسباحی لە ئاڵوگۆڕکردنی بارمتە ئاڵمانییەکان لەگەڵ فرۆکە رفێنە لۆبنانییەکانی ئەندامی حیزبوڵلا (برایانی

رەحمانی) و دانیشتنی میسباحی لەگەڵ بەرپرسانی ئاڵمانی دەکا. بە وتەی مووسەویان، میسباحی لە ساڵی ١٣٦٣ تا کاتێک کە لە لایەن دەوڵەتی فەرانسە لەو وڵاتە دەرکرا، وەک بەرپرسی ئورووپای ئەمنییەتی کۆماری ئیسلامی لە فەرانسە بوو.

* لە رۆئیا دەپرسین: ئێستا کە ناوی خورسەندی هاتە پێش، کتێبی ئێوە بە نووسینێکی هادی خورسەندی دەست پێ دەکا. جگە لەمە تا کۆتایی کتێبەکە لە سەرەتای هەر بەشێکدا وتەیەکت لە هادی خورسەندی کە رێک لە بارەی تیرۆر و دادگای میکۆنووس دایە هێناوەتەوە. لە حالێکدا کە خۆدی کتێبەکە زۆر جیدی و هێندێک جار تراژیکە، بۆچی هەر بەشێکت بە تەنز دەست پێکردوە؟

**رونیا حەکاکیان**: « لە راستیدا ئەوە هەڵبژاردنێک بوو بۆ شێوازی نووسینی کتێبەکە. لە لایەک دەمویست چیرۆکی خورسەندی و فتوای تیرۆری ئەو و پێوەندییەکەی لەگەڵ میسباحی باس بکەم، لە لایەکی دیکە ئەگەر راستەوخۆ وردەکارییەکانم بە شێوەیەکی ئاسایی باس کردبا هەم کتێنەکە درێژ دەبووە و هەم دەبا چەند کەسی دیکەی جیاوازم هێنابا نێو کتێبەکە و بە پێی ئەو قەرەبالغییەی کە کتێبەکە لە رووداو و کەسایەتییەکان دا هەیبوو نەمدەتوانی ئەو کارە بکەم. هەر بۆیە هەتا کۆتایی کتێبەکە کە خۆدی خورسەندی دێتە نێو چیرۆکەکە لە نوکتەکانی کەڵکم وەردەگرت.

هەروەها تەنز بە جۆرێک نیشاندەری شێوازی نووسینی من لە ئینگلیسی دایە. کتێبی یەکەمیشم تەنزێکی زۆری هەیە. بە تایبەتی بە نیسبەت ئەو کتێبە دەمویست کە تاڵیی کتێبەکە بە بەکارهێنانی تەنز قەرەبوو بکەمەوە. پێموایە لە هەر کارێکی جیددی دا هەمیشە رادەیەک لە گاڵتەوگەپ پێویستە. ئەوە هونەرێکە کە ئێمە ئێرانییەکان تێیدا شارەزاین و بەردەوام کەڵکی لێ وەردەگرین. بۆ نموونە کاتی شەڕ کە دەنگی ئاژیری مەترسی دەهات بە جێگەی ئەوەی بچینە پەناگە دەچووینە سەربان. هەڵبەت تا ئەو کات شەڕ بۆ تارانییەکان زۆر جیددی نەبوو، بەڵام شەڕ لە ئارادا بوو. لە حالێکدا مەترسیی بۆمب و دەنگی ئاژیری سوور و رۆشنکەرەوەکان لە ئاسماندا بوو، خەڵک لە سەر سەربانان نۆکتەیان بۆ یەکتر دەگێڕاوە و نۆکتەی «گربە نرە» (ناوێک کە ئێرانییەکان بۆ ئایەتوڵلا مونتەزیرییان دۆزیبۆوە. وەرگێڕ) و ئەو جۆرە شتانەیان باس دەکرد. ئەوە وێنەیەکی راستەقینەی نەتەوەیەک و هەلومەرجی رووبەڕووبوونەوەی نەتەوەیەک لەگەڵ تالی و دژوارییەکانە.

### کاراکتێرەکان لە دوای تەواوبوونی کتێب

* وا پێ دەچێ کە بە نیسبەت کاراکتێرەکانی دیکەی چیرۆک دواتر لە ژیانی واقعی خۆیاندا بە شوێنیان کەتووی؟

**رونیا حەکاکیان**: «بەڵێ، لەم دواییانەدا نۆربێرت زیگمۆندم لە بێرلین دیت. ئەو رۆژنامە نووسێک بوو کە بە جۆش و خرۆشەوە ٥ ساڵی رەبەق تاوانی میکۆنووسی بۆ ئاڵمانییەکان باس کرد و زیندووی راگرت. هەروەها نۆربێرت دەیهەوێ بە بۆنەی بیستەمین ساڵی تاوانی میکۆنووس لە سێپتامبەری ئەمساڵدا بەرنامەیەکی تایبەت بەڕێوە ببات. دیارە منیشی بۆ ئەو

بەرنامەیە بانگهێشت کردوە.

حەمیدی نۆوزەری و هاوڕێیانی درێژە بە چالاکییەکانیان دەدەن. وەک دەزانن کە ڕێستوورانی میکۆنووس پاش ئەو ڕووداوە بە ڤییەتنامییەکان فروشرا و ناوەکەی بۆ ڕێستوورانی سایگۆن گۆڕدرا. شارەوانی بە نیشانەی ڕێزدانان بۆ کوژراوانی میکۆنووس لەوحێکی لەوێ دانابوو. دیارە ڤییەتنامییەکان ڕێزیان بۆ ئەو یادە و پلاکە هەبوو و بەردەوام خاوێنیان دەکردەوە. پاش وەرشکستبوون و ڕۆیشتنی ئەوان پلاکەکە زۆر پیس بوو. ڕۆژێک حەمید لەگەڵ هاوڕێیانی چووە ئەوێ و لەوحەکەیان خاوێن کردەوە.«

ئەو پلاک(لەوح)ە یادەوەرییە، خۆی یەکێک لە کاراکتێرەکانی چیرۆکەکەیە، چۆنیەتیی ئامادەکردن و دانانی ئەو، بەشێکی سەرنجراکێش لە کتێبەکە پێکدێنێ. پلاکێک کە هەر بە تەنیا قەیرانێکی لە پێوەندی نێوان ئاڵمان و ئێران دا دروست کرد، تا ئەو جێگەیە کە ئەحمەدی نژاد، شارەداری ئەو کاتی تاران هەڕەشەی کرد کە ئەگەر ئەو پلاکە دابنرێ، شارەداریی تارانیش بە تۆڵەی ئەو کارە پلاکێکی یادەوەری بۆ هێرشی شیمیایی بۆ سەر ئێران لە بەرامبەر باڵوێزخانەی ئاڵمان لە تاران دادەنێ و ناوی ئاڵمانیش لە ریزی یەکەمی ئەو ئەو وڵاتانە دا دەنووسن کە چەکی شیمیاییان بە عێراق فروشتوە. خاتوو مونیکا تیمێن شارەداری ناوچەی بێرلین گوێی بەو هەڕەشانە نەدا.

ڕوئیا حەکاکیان بە نیسبەت کاراکتێرەکانی دیکەی کتێب دەڵێ: «لە سەفەرێک کە بۆ ئاڵمان هەمبوو بۆ ناساندنی برۆنۆ یووست وەک کاندیدی وەرگرتنی خەڵاتی «بوێری»ی ئاڵمان فۆرمێکم پڕکردەوە. ئەو خەڵاتە بەو ئاڵمانییانە دەدرێ کە لە کردەوەیەکی مرۆڤدوستانەدا بوێرانە جووڵاونەتەوە. هەروەها بەردەوام شوهرە و سارا دەبینم، هەر دووکیان درێژە بە چالاکییە سیاسییەکانیان دەدەن.ساڵوومەش ئێستا ئەکتەرێکی زۆر سەرکەوتوویە و حەوتووی داهاتوو نمایشێکی شانۆی ئەو پێشکەش دەکرێ.»

دادگای میکۆنووس دادگای میکۆنووس لە ساڵی ١٩٩٢ هەتا ساڵی ١٩٩٧ بۆ ماوەی پێنج ساڵ درێژەی کێشا. ساڵی یەکەمی دادگا تەنیا بۆ کۆکردنەوەی زانیاری تەرخان کرا. دادگا لە ٢٨ی ئوکتوبری ساڵی ١٩٩٣ دەستی بە کارەکانی کرد و لە ١٠ی ئاوریلی ١٩٩٧ کۆتایی پێ هات. عەلی ئەکبەری ویلایەتی وەزیری دەرەوەی ئەو کاتی کۆماری ئیسلامی، پێش لە ڕاگەیاندنی بڕیاری دادگا هەرەشەی کرد کە ئەگەر تەنانەت یەک ئێرانیش لەو دادگایە مەحکووم بێ، ئاڵمان نرخێکی گران دەدا.

بەم حالەش دادگا لە بڕیاری کۆتایی خۆیدا دەوڵەتی ئێرانی وەک بەرپرس و هۆکاری کوژرانی نارازییان لە دەرەوەی وڵات و بەکارهێنانی تیرۆریزمی دەوڵەتی مەحکووم کرد. لە ڕەوتی دادگادا، عەلی فەللاحیان وەزیری ئیتتلاعات کە بەڕێوەبردنی تاوانەکان بە ڕێکخراوی ئەو سپێردرابوو، بۆ شایەدیدان لەدادگا بانگ کرا. بەڵام دواتر بە هۆکاری جۆراوجۆر ئەو بڕیارە جێبەجێ نەکرا.



سەرچاوە Serchawe

ئەو دادگایە رایگەیاند کە لە دوای مردنی خومەینی ئەرکی لە نێوبردنی فیزیکیی کەسانێک کە لە لیستی پێنسەد کەسیدا بوون، بە کۆمیتەیەک بە ناوی کۆمیتەی کاروباری تایبەت ئەسپێردرا کە لە عەلی خامنەیی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی، ئەکبەری هاشمی رەفسەنجانی سەرۆک کۆماری ئەو کات، عەلی ئەکبەری ویلایەتی وەزیری دەرەوە و عەلی فەللاحیان وەزیری ئیتتلاعات پێکهاتبوون. ئەو کەسانە کۆبوونەوەکانی خۆیان لە کۆشکی فیروزەی تاران دەگرت. دادگای میکۆنووس ئەو کەسانەی وەک بڕیاردەرانی تیرۆرەکان راگەیاند.

ئەو دادگایە ٣ ملیۆن دۆلاری خەرج هەڵگرت و ١٧٦ شاهید لەوێدا ئامادەبوون و بەڵگەنامەکانی لە ١٨٧ بەرگ(مجلد) دا کۆ کرانەوە. هەروەها بە بڕیاری دادگا، کازمی دارابی (ئێرانی) و عەبباسی رائیل (لوبنانی) بە زیندانی هەتاهەتایی، یوسف ئەمین و محەممەد ئیدریس لە هاووڵاتیانی لوبنانی هەر یەکە بە ١١ و ٥ ساڵ زیندان مەحکووم بوون. گومانلێکراوەکەی دیکە، عەتا ئەیاد، بەبێ تاوان ناسرا.

**کۆتایی هاتنی تیرۆری نارازییان لە دەرەوەی وڵات، ئاکامی دادگای میکۆنووس**

*** ئاکامەکانی دادگای میکۆنووس چ بوون؟**

**رۆئیا حەکاکیان**: «گرینگترین ئاکامی ئەوە بوو کە لە ساڵی ١٩٩٧ بەم لایەوە، لانیکەم هەتا ١٠ ساڵ دواتر هیچ تاوانێکی دیکەی هاوشێوە دووبارە نەبۆوە. پاش ئەو دادگایە یەک دوو دانە مردنی گوماناویی کەسایەتییە سیاسییەکانی ئازەربایجانی رووی داوە کە کۆماری ئیسلامی بە تاوانبار لە قەڵەم دەدرێ. دوای ئەو دادگایە بۆ ماوەیەکی زۆر ئەمنییەت پێک هات و رەوتی ئەو کوشتنانە راوەستا. ڕێژیم تێگەیشت کە چیدیکە ناتوانێ وەک پێشوو بە ئاشکرا و تەنانەت بە بێ شەرم و بە شانازییەوە دەست بۆ ئەو تاوانانە ببا. فەللاحیان تا پێش دادگای میکۆنووس لە تەلەڤیزیۆندا نەتەنیا ئەو کارەی نەدەشاردەوە، بەڵکوو شانازیی پێوە دەکرد و لە ریزی باشترین کارەکانی حکوومەتی دادەنا.»

**دوای دادگای میکۆنووس: دارابی و مووسەویان**

باڵوێزی ئێران لە ئاڵمان لە ساڵی ١٩٩٠ تا کۆتایی کاری دادگا حوسێنی مووسەویان بوو. دوای ئەو بڕیارە، ئاڵمان و ئێران باڵوێزەکەی خۆیان لەو دوو وڵاتە بانگ کردەوە. ئاڵمان چوار دیپلۆماتە ئێرانییەکەی لەو وڵاتە دەرکرد و سەرجەم وڵاتانی ئەندامی یەکیەتیی ئورووپاش باڵوێزەکانی خۆیان بانگ کردەوە. ئێرانیش لە کاردانەوە بەو کردەوەیەی یەکیەتیی ئورووپا باڵوێزەکانی خۆی لە وڵاتانی ئەندامی ئەو یەکیەتییە بانگ کردەوە و پێوەندیی ئێران و وڵاتانی ئورووپایی تووشی قەیرانێکی گەورە بوو. ئەو قەیرانە تا کاتی سەرکەوتنی محەممەدی خاتەمی لە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری دا درێژەی هەبوو.

کتێبی «پیاوکوژانی کوشکی فیرووزە» چیرۆکەکەی تا کۆتایی دادگا درێژە پێداوە. لە بەشی کۆتایی کتێبەکەشدا چاوێکی

خشاندوە بە سەر ئەو گۆڕانەی لە دە ساڵی دوای دادگادا، تا نووسینی کتێبەکە، بە سەر هێندێک لە کەسانی چیرۆکەکەدا هاتوە. بەڵام ئەوەی کە دەبێ لەوانەی زیاد بکەین ڕووداوی ئازادبوونی کازمی دارابی لە ساڵی ٢٠٠٧ دایە کە پاش تێپەڕاندنی پازدە ساڵ و دوو مانگ لە زیندانییە هەتاهەتاییەکەی ئازاد کرا و یەکسەر بۆ ئێران دیپۆرت کراوە. دیارە لەگەڵ ئەوەدا کە بە پێی یاسای ئاڵمان، کەسێک کە دوو لەسەر سێی زیندانییەکەی تەواو کردبێ دەتوانێ داوای پێداچوونەوە بکا، بەڵام لە بڕیاری دادگای میکۆنووس دا جەخت لەسەر ئەوە کرابوو کە دارابی بۆ داوای ئازادبوون دەبێ بە لانیکەم ٢٥ ساڵ لە زیندانییەکەی تێپەڕاندبێ. بنەماڵەی دێهکوردی و هێندێکی دیکە لە خەساردیتووانی میکۆنووس بە نیسبەت ئازادیی دارابی نارەزایەتیان دەربڕی و ئەو ئازادییەیان بە ئاکامی کەینەوبەینەی نێوان دەوڵەتی ئاڵمان و کۆماری ئیسلامی لە قەڵەم دا. ئەوان لە بەشێک لە نامە کراوەکەی خۆیاندا بەو جۆرە نارەزایەتییان دەربڕی:

« ئەو کردەوە فێڵبازانەی کە لە لایەن وەزارەتەکانی نێوخۆ و دادگوستەریی ئاڵمان بە مەبەستی ئازادکردنی تاوانباران داڕێژراوە، نەک هەر زەبرێک لە خەساردیتووانی میکۆنووس، بەڵکوو زەبرێک بۆ سەر هەموو ئازیخوازانی ئێران بوو. ئامانجی ئێمە تۆلەسەندنەوە نییە، بەڵکوو گەیشتن بە دادپەروەرییە. هاوکات نارەزایەتی ئێمە بە نیسبەت هەڵسوکەتی دوو لایەنەی دەوڵەت و دادوەریی ئاڵمانە، چونکە لەوە دڵنیاین کە ئەگەر کۆژراوانی ئەو تیرۆرە، ئاڵمانیی ڕەسەن بان بێگومان بکوژەکان دوای تێپەراندنی دوو لەسەر سێی زیندانییەکەیان بۆ وڵاتی خۆیان، ئەویش ئەو وڵاتەی بڕیاری تیرۆری داوە، نەدەنێردرانەوە!

ئاکامی ئەو کردەوەیە بۆ ئێمە هەستکردن بە تووڕەیی و بێ توانایییەکی دوو لایەنەیە. لە لایەک لە بەرامبەر دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامیی ئێران و لە لایەکی دیکە لە بەرامبەر دەوڵەتی ئاڵمان کە سالانێکە باس لە خەبات بە دژی تیرۆریزمی نێونەتەوەیی دەکا (بۆ نموونە سەرنجی ئێوە بۆ بەرنامەی ئەمنییەتیی دژە تیرۆری بەڕێز شۆیبلە وەزیری نێوخۆی ئاڵمان ڕادەکێشین کە ڕێک لەو سەروبەندەدا نووسراوە و هاتۆتەئاراوە) ئەو کاتەی بەرژەوەندی سیاسی - نەتەوەیی ئاڵمان دێتە گۆڕێ، چێدیکە پابەندی بەڵێنەکانی خۆیان نابن و بە شێوەیەکی دیکە هەڵسوکەوت دەکەن!»

هەواڵدەرییەکان ئازادیی کازمی دارابییان بە جۆرێک لە ساتوسەودای دەوڵەتەکانی ئێران و ئاڵمان و ڕەزامەندیی ئێران بۆ ئازادکردنی دونالد کلاین، هاووڵاتی ئاڵمانی کە کاتی ماسیگرتنلە ئاوەکانی کەنارەکانی باشووری ئێران قۆلبەست کرابوو، دەزانی. ئەو پاش ساڵێک گیران، لە مانگی مارسی هەر ئەو ساڵەدا ئازاد کرا.

کازمی دارابی ٤٣ ساڵە ڕۆژی سێشەممە ٢٠ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٨٦ لە نێو پێشوازیی ئەندامانی بنەماڵەکەی و عەلی باقێری جێگری ئورووپا و ئەمریکای وەزارەتی دەرەوە هاتە فڕۆکەخانەی ئیمام خومەینیی تاران و یەکسەر هەر لە فرۆکەخانە خۆی بێ تاوان ڕاگەیاند. ئەو لە دادگای میکۆنووس کارمەندی وەزارەتی ئیتتلاعات و ئەندامی سپای قودسی پاسداران ناسێندرابوو. ئایا دوای گەڕانەوەی بۆ سەر کارەکەی گەڕاوە؟

لە ڕەوتی دادگای میکۆنووسدا ئەبولحەسەنی بەنی سەدر وتی: «من لیستێکی ١٣ کەسیم هەیە کە لە بە ناوبانگترین

تیرۆرەکانی ڕژێمدا بەشدار بوون. تەواوی ئەو کەسانە بەرپرسیارەتییان لە ئاستی سەرەوەی ڕژێمدا وەرگرتوە. بۆ نموونە کوروشی فوولادی کە لە ئینگلستان بە دوازدە ساڵ زیندان مەحکووم کرابوو، دوای ئازادی و گەڕانەوە بۆ ئێران بوو بە نوێنەری پارلمان. هەروەها میهردادی کەوکەبی کە بە تاوانی سووتاندنی کتێبفرۆشییەکی ئینگلستان مەحکووم کرابوو، ئێستا وەک راوێژکاری پایەبەرز لە وەزارەتی خوێندنی باڵا کار دەکا».

حوسێنی مووسەویان باڵوێزی ئێران لە ئاڵمانیش لە ساڵی ١٩٩٧ بۆ ئێران گەڕاوە. ئەو کە ئەکبەری هاشمیی رەفسەنجانی پشتیوانی بوو، لە سەردەمی خاتەمیدا بوو بە جێگری بەرپرسی شوورای بەرزی ئەمنییەتی نەتەوەیی (حەسەن روحانی) و هەروەها ئەندامی باڵای هەیئەتی وتووێژی ناوکیی ئێران بوو و ساڵی ١٣٨٦ لە حالێکدا جێگری ناوەندی لێکۆڵینەوەی ستراتژیکی مەجمەعی تەشخیسی مەسلەحەتی نیزام بوو بەڵام لە دەوڵەتی ئەحمەدینژاددا تەختی بەختی وەرگەڕا. بە تاوانی سیخوڕی بۆ بیانییەکان قۆڵبەست کرا، بەڵام دوای چەند ڕۆژ بە حوکمی زیندانی تەعلیقی و پێنج ساڵ بێبەشبوون لە چالاکیی دیپلۆماتیک ئازاد کرا. مووسەویان دوای ئازادبوون چووە زانکۆی پرینستۆن و ئێستاکە لەو زانکۆیە سەرقاڵی خوێندنە.

کتێبی «پیاوکوژانی کوشکی فیرووزە» سێپتامبەری ئەمساڵ لە سایزی گیرفاندا بڵاو دەکرێتەوە. نیوزویک ئەو کتێبەی لە ریزی دە کتێب کە پێویستە بخوێندرێنەوە دانا و رۆیتێرزیش وەک باشترین کتێب هەڵی بژارد. هەروەها گۆڤاری «هەلسەنگاندنی کتێبی کیرکۆس» ئەو کتێبەی لە ریزی باشترین کتێبەکانی ساڵی ٢٠١١ دا ناو برد.

**رونیا حەکاکیان**: لە پێشوازییەک کە لە کتێبەکەی کراوە دڵخۆشە، بەڵام لەوەش گرینگتر لە کاردانەوەی کوردە ئێرانییەکان بە نیسبەت کتێبەکەی رازییە: »ڕێبەرانی کوردەکان لە ئوروپا لەگەڵ من دیداریان کرد. زۆر دەستخۆشیان کرد و داوایان کرد کە لە یادی بیست ساڵەی تاوانی میکۆنووسدا بەشداری بکەم. سەرەڕای چێژێک کە لە خۆدی نووسین دایە، دوستایەتی و ڕێزی کۆمەڵگەی کورد بۆ من خەڵاتێکی دیکە بوو کە بە نووسینی ئەو کتێبە دەستم کەوت و بۆ من جێگەی شانازییە.»

سەرچاوە: نازی عەزیما - دەنگی ئەمریکا

ماڵپەڕی: ایران امروز

ئەم وتارە بە تایبەتی بۆ ڕاگەیاندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان و ڕۆژنامەی "کوردستان"(ژمارەی تایبەت بە یادی ٢٠ ساڵەی د.شەرەفکەندی و هاوڕییانی) نووسراوە.

لە ژمارە ٥٩١ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی : ١٦ی سێپتەمبەری ٢٠١٢



سەرچاوە Serchawe

## پێناسەی چەمکی پێشمەرگە لە مەیدانێکی نیشتمانیدا

کاتێک لە باری تئوری‌یەوە پێناسەی چەمکێک دەکەین بەو واتاییە کە دەمانهەوێ لە مەیدانی واقعی‌دا سنووری کردەوە دیاری بکەین. کە وایە لە پێشکێشکردنی پێناسەی چەمکی پێشمەرگە دەبێ وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەینەوە کە: چ کەسانێک پێشمەرگەن؟ چون دەتوانین پێشمەرگە بین؟ ئایا پێشمەرگە شۆڕشگێڕێکی چەکداری بە بیروباوەڕە؟

"هەر کەسێک کە لە پێناو پاراستن و پێشڤەچوونی نەتەوەکەی هەوڵی بردنە سەری توانایی خۆی دەدات پێشمەرگەیە"

**کەوایە:**

١- پێشمەرگەبوون بە شوێن نەبەستراوەتەوە. ئیرادەی خزمەتکردن بە نەتەوە دەتوانێ لە هەر شوێنێک بە ئەنجام بگا. بۆ نموونە محەممەد سدیقی کەبوودوەند سەرۆکی رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان لە بەندیخانەی ئێوینەوە دەنگ هەڵدەبرێ و بە نووسینی نامەیەک تێرۆریسمی دەوڵەتی کوماری ئیسلامی مەحکووم دەکا. بەم پێیە لێرەدا ئیرادەی کەبوودوەندە کە بەندی بەندیخانە دەپسێنێ و فازێکی نوێ لە خەباتی نێو زیندان دێنێتە ئاراوە.

٢- بۆ پێشمەرگەبوون، رەگەز گرینگ نیە. لەیلا زانا سیاسەتمەداری گەورەی کورد بۆ کۆمەڵێک لە خەڵکی کورد پێشەنگە و رێنیشاندەرە بۆ سەرجەم ژنانی کورد چۆنکە سەمبۆلێکە لە بڕوابەخۆبوون و هۆشیاری ژنی کورد.

٣- پێشمەرگەبوون بە نەژاد نەبەستراوەتەوە. هەر کەسێک لە هەر نەژادێک کە خۆی بە ئازادیخواز و مرۆڤدوست لە قەڵەم دەدا و خوازیاری ئاشتی و پێشکەوتنی جیهانە، دەتوانێ بەشداری لە بەدیهاتنی ئازادی و سەربەستی نەتەوەی کورد بکا. دیارە زۆر کەس لە نەژادی کۆرد نەبوونە بەلام خزمەتی بەرچاویان بە کۆرد کردوە کەسانێک وەک ئیسمائیلی بیشکچی،کریس کۆچێرا،میترانەکان و هتد.

٤- پێشمەرگایەتی تەمەنێکی دیاریکراوی نییە، پێوەندی نێوان پیشمەرگە و خەباتی نەتەوەی کورد پێوەندییەکی بێ پسانەوەیە بەو واتایە کە خەباتی گەڵی کورد قۆناغی جۆراوجۆر لە خۆ دەگرێ و بەم پێیە تاکی کوردی بە شێوەی جوراوجۆر، بەشداری لەو خەباتە دەکا.

بۆ نموونە کەسانێک کە ئاور لە پەروەردەی کوردی دەدەنەوە، لەو راستییە تێگەیشتوون کە بارهێنانی مندالانی بلیمەت، بەرهەمهێنانی خەباتێکی فرەرەهەند و بەرینتر لە دوارۆژ دایە.

دیارە ئەوەی لە سەرەوەدا هاتە بەرباس پێناسەیەکی لیبرالانەیە لە چەمکی پێشمەرگە، کە دەچێتە خانەی پێناسەکردنێکی نوێ و ئەورۆیی لە چەمکە نیشتمانییەکان، بەلام لە پێناو پێداچوونەوە بە چەمکە نیشتمانییەکان پێویستە لە ڕوانینێکی مێژوویی بە چەمکی پێشمەرگەدا ئاماژە بە دوو خالی گرینگ بکەین:

١- بە پێچەوانەی بۆچوونی باو، پێشمەرگە وەک بەرهەمی ناسیونالیزمی کوردی لە شار پێکهاتووە نەک لە شاخ، لێرەدا مەبەست لە ئاماژەکردن بە "شار"، ئاماژەکردن بەو رەوشە ئاسایی، گشتگیر و یاسامەندترەی شارە کە لەودا هێزی پێشمەرگە لە پێناو پاراستنی هاووڵاتییانی کوردستان دامەزرا.

٢- چەمکی پێشمەرگە، میوەی کۆماری کوردستانە نەک حیزب. لە دامەزرانی هێزی پێشمەرگە خەڵکی جوراوجۆر تەنانەت لە پارچەکانی دیکەی کوردستانیش بەشداربووون بە واتایەکی دیکە چەمکی پێشمەرگە چەمکێکی نیشتمانییە نەک حیزبی.

هەنووکە لە دەلاقەی ئەو دوو خاڵە مێژووییە سەبارەت بەچەمکی پێشمەرگە،رەخنەیەکی جیددی رووبەڕووی ئەحزابی کوردی دەکەین. دیارە رەنگە حیزبێک لە شاخ یان لە تاراوگە کەم تا زۆر خاوەنی شەرعییەتی شۆڕشگێری بێ،بەلام بێگومان خاوەنی شەرعییەتی نیشتمانی نییە چونکە شەرعییەتی نیشتمانی شەرعییەتێکە کە لە لایەن گشت هاووڵاتیانەوە قبوول بکرێ بە واتایەکی دیکە شەرعییەتی نیشتمانی شەرعییەتێکی گشتگیر،یاسایی و بەرهەمهاتوو لە فەزا و رێوشوێنێکی ئازاد و دێموکراتیکە.

بەم پێیە هەموو ئەو لایەنانەی لە دوای کۆماری کۆردستان ناوی پێشمەرگەیان لە سەر هێزی چەکداری خۆیان داناوە تووشی تێگەیشتنێکی خراپ و کەڵکوەرگرتنی نادروست لە مێژوو بوونە.دیارە ئەگەر هەندێک لایەن لە رووی هۆشیارنەبوون و بە پێی عادەت لەو چەمکە بۆ هێزی چەکداری خۆیان کەڵکوەردەگرن پێویستە ئەو هەڵەیان راست بکەنەوە.هەروەها ئەوانەی بە ئەنقەست چەمکی پێشمەرگە لە شوێن و لەهەمبەر کەسانێک بە شێوەی ناراست بەکاردەهێنن ئاوەژووکەری مێژووی نەتەوەکەیانن.

لێرەدا نامانهەوێ بوەستین، هەتاکوو لە دەلاقەی ئەو رەخنەوە رەخنەیەکی زۆر کاریگەرتر رووبەڕووی ئەحزابی کوردی بێینەوە. ئەویش بریتییە لەوەی کە ئەو لایەنانەی پاش هۆشیاربوونەوەش واتە پاش ئەوەی لە جیاوازی نێوان شەرعییەتی نیشتمانی و شۆڕشگێری لە پێوەندی لە گەڵ چەمکی پێشمەرگەدا ئاگاداربوونەوە، بەلام هەروا پێداچوونەوە بە خۆیاندا ناکەن، لە راستیدا ئەو هێزانە لە جیاتی خۆتەرخانکردن بە خەباتکردن، خۆیان بە یاخیبوون لە هێما،چەمکە نیشتمانی و نەتەوەییەکان و دواجار خۆیان بە یاخیبوون لە خەڵکەکەیان خەریک کردوە.

لێرەدا رەنگە خوێنەری حیزبی بە تەواوەتی هەڵچووبێ،بەلام ئەو بابەتەی کە باس کرا لە چوارچێوەی تاقیکردنەوەی هەمان بابەت دایە کە جاروبار بەرپرسانی حیزبی بە شێوەی جوراوجۆر دەیهێننە بەر باس.بو نموونە ئەو بەرپرسانە

دەڵێن:"ئیمە شەری براکوژیمان نەکردوە بەڵکوو شەری خۆکوژیمان کردوە یان باس لە ئاشتی نەتەوەیی دەکەن یان شەری خۆبەخۆ بە حەرام لە قەڵەم دەدەن."

لە پێناو تاقیکردنەوەی قسەی ئەو بەرپرسانە و دەرهێنانی ئەو قسانە لە دروشمێکی رووت، جیاکردنەوەی شەرعییەتی شۆڕشگێری و نیشتمانی (لە رێگەی جیاکردنەوەی چەمکی نیشتمانی و حیزبی) پێویستە. واتە هەر لایەنێک دەتوانێ بە شێوازی خۆی بەرەنگاری داگیرکەریی کوردستان ببێتەوە، بەلام تەنیا هێزێکی نیشتمانی، شەرعییەتی رووبەڕووبوونەوە لە گەڵ هاوولاتیانی کوردستانی هەیە.

لە راستیدا پرۆژەی جیاکردنەوەی چەمکی نیشتمانی و حیزبی بەستێن خۆشدەکا بۆ ئەوەی هەم خەڵکی کوردستان و هەم هێزە چەکدارەکانی سەرجەم هێزە سیاسییەکانیش بزانن کە رەوایی ئەوان لە بەرامبەر داگیرکەران دایە(رەوایی شۆڕشگێری) و هیچ چەشنە رەواییەیەکیان لە رووبەڕوو بوونەوە لە بەرامبەر هاوولاتیانی کوردستان دا نییە(رەوایی نیشتمانی).

**تێبینی:**

رەوایی نیشتمانی: رەوایی یەکی یاسامەند و گشتگیرە و بەرهەمی بەشداری هاوولاتیان لە رێوشوێنێکی ئازاد و دێموکراتیک دایە.

رەوایی شۆڕشگێری: ئەو رەوایی یە کە کۆمەلێک کەس بە هوی بەرەنگاری کردن لە بەرامبەر داگیرکەران بە دەستی دەهێن و لە لایەن بەشێک لە هاوولاتیانەوە پەسەندە و پشتیوانی لێدەکرێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی ئاگۆستی ٢٠١٢

---

## هەڵبژاردن، لە نێوان ئۆپۆزیسیۆن و پۆزیسیۆندا

**بابەتی هەڵبژاردن لە نێو پێکهاتەی سیاسیی ئێراندا یەکلاکەرەوەیە یا فۆرمالیتە؟**

دژبەرانی کۆماری ئیسلامی بوونی ولایەتی فەقیە، شوورای نیگابان و بەگشتی بوونی یاسای نادادپەروەر بە هۆکاری رووکەش بوونی هەڵبژاردن لە قەڵەم دەدەن. ئەوە لە حاڵێکدایە رێفۆرمخوازانی حکوومەتی ،تا پێش لە هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری خولی دەیەم، بایکۆتکردنیان بە واتای چوونە دەرەوە لە کایە سیاسی‌یەکانی ولات دەزانی و سیاسەتی بایکۆتکردنیان وەک

کەمتەرخەمی لە هەمبەر دواڕۆژی خەڵک و وڵات لۆمە دەکرد بەڵام، لە نێوان ئۆپۆزیسیۆن و پۆزیسیۆندا، روانینی دروست و ئەقلانی بە نیسبەت هەڵبژاردن چییە؟

١- هەڵبژاردن بەدەر لە ئازاد و دادپەروەرانە بوون، مکانیزمێکە بۆ شەرعیەت وەرگرتن. دروشمەکان، وتار و هەڵسوکەوتەکان لە رەوتی هەڵبژاردن پێکەوە بەشدار دەبن لە پێناسە کردن، هەڵسەنگاندن، چۆنیەتیی مان یا نەمان و... بە گشتی بەشدار دەبن لە دەستنیشان کردنی ئاسۆی حکوومەتکردن. دەستنیشانکرنی ئاسۆی حکوومەتکردن بەو واتایە کە لە کۆتایی هەڵبژاردنەکان دەسەڵات تووشی تێکشکانێکی زیاتر و خێراتر دەبێ یان لە قەیرانەوە بەرەو سەقامگیریی هەنگاو دەنێ. دیارە هەر مکانیزمێک و دواجار هەر هەڵبژاردنێک، کە پۆتانسیەلی سەقامگیری و شەرعیەت بەخشی هەبێ، توانایی خەوشدار کردن و قەیران دروستکردنیشی دەبێت. بەم پێیە هەر چەشنە هەڵبژاردنێک، بەهێزی یان لاوازی، رەوایی یان نارەوایی زیاتری دەسەڵاتی لێدەکەوێتەوە. دەرئەنجام کاتێک ڕێژیمێکی ئیدئۆلۆژیک لە ڕێوشوێنێک کەڵک وەردەگرێ تا بە خەڵکی نێوخۆ و جیهان نیشان بدا کە لە جوغرافیای سیاسیی ئێراندا خاوەن پێگەیە، خەڵک ناچار بە تەسلیم بوونێکی سیاسی و مەدەنی بکا، خەڵکی نارازییش دەتوانن وا بجووڵێنەوە کە ڕێژیم بەدەر لە هێزی چەک و مەچەک شتێکی دیکە شک نەبا. بە واتایەکی دیکە چۆنیەتیی چالاکبوونی خەڵک لە هەڵبژاردن دەتوانێ روخساری سەرەڕۆیانە و دژەمرۆڤی کۆماری ئیسلامی دەربخا. بەم شێوەیە پلان و ویستی خەڵکی نارازی لەو کاتەدا، لەو شوێنەدا، لەو ڕێوشوێنەدا و لە راستیدا لەو هەڵبژاردنەدا دەتوانێ لە بەرامبەر تێز و ئیستراتژیی «ڕێپێوانی حکوومەتی» ئانتی تێز و ئیستراتژی «خۆپیشاندانی نارەزایەتی» بەرهەم بێنێت.

٢- بەشداری لە هەڵبژاردن پرۆسەیە نەک پرۆژە. بەشداری لە هەڵبژاردن نەخشەیەکی دارێژراوی کورتخایەنی چوارچێوەدار بە دەرەنجامێکی دیاریکراو نییە. بەڵکوو، رەوتێکی درێژخایەنی گشتگیری چەند قۆناغیە بە دەرئەنجامێکی ناڕوون.

ئەگەر دەرئەنجام وەک ئاکامی هەڵبژاردن لێک بدەینەوە، سیستمی سیاسیی ئێران بە لەبەرچاوگرتنی ڕووداوەکانی دوای هەڵبژاردنی خولی دەیەمی سەرۆک کۆماری، نە لە روانگەی خەڵکی نێوخۆ و نە لە روانگەی بیروڕای جیهانی ، شەرعیەتی راگەیاندنی ئاکامی هەڵبژاردنەکانی نییە بەڵکوو، ئەوە فەزای شەقامە کە براوەی راستەقینە دیاری دەکا.

دیارە کاتێک دەسەڵات لە بەرامبەر شەپۆلی نارەزایەتی توندوتیژی و چەک بەکار دەهێنێ ڕێک بەو واتایەیە کە دان بە نەمانی حاکمییەتی سیاسی و یاسایی خۆیدا دەنێت. بەم هۆیەوە ڕێژیم کات، هێزی ماددی و ئینسانیی فراوان تەرخان دەکا تا لە پرۆسەیەکی ئەمنییەتیدا خۆی لە قەیرانی حاکمییەت دەرباز بکا. بەم شێوەیە بابەتی بەشداری لە هەڵبژاردن لە ئێراندا بە سێ هۆ پرۆسەیە:

الف) هەڵبژاردن بابەتێکی پرۆژە هەڵگرە: لە سێ قۆناغی جیاواز لە پێش هەڵبژاردن، رۆژی هەڵبژاردن، دوای هەڵبژاردن، پرۆژەی جۆراوجۆر لە شوێنە جیاجیاکانی وڵات لەلایەن دەزگاکانی حکوومەتی وەک شووڕای نیگابان، راگەیاندن، ئیتلاعات، بەسیج و ... ئەنجام دەدرێ.

ب) بەشداری لە هەڵبژاردن بابەتێکی گشتی و گشتگیرە: ڕێژیم پلان و نەخشەی رەنگاوڕەنگ لە هەموو شار و گوندەکانی وڵات بە مەبەستی بە چۆکداهێنانی سیاسی و مەدەنیی خەڵک بە کار دێنێ.

ج) هەڵبژاردن بابەتێکی درێژخایەن و کات هەڵگرە: هەر هەڵبژاردنێک لە هەڵبژاردنی خولی پێشوو تەئسیر وەردەگرێ، کاریگەری لە هەڵبژاردنی خولی داهاتوودا دەبێ.

بەم شێوەیە بابەتی هەڵبژاردن لە ماوەیەکی زەمەنی درێژخایەندا، جیگەی باس و مشتوومڕە بە واتایەکی دیکە ئەو بابەتە لە کۆمەڵگە زیندووە. پرۆسە بوونی هەڵبژاردن لە خولی دەیەمی سەرۆک کۆماری بە روونی دەرکەوت کاتێک خەڵکی ناڕازی لە « پرسیار لە دەنگی خۆ کردن» گەیشتنە «پرسیار لە مافی خۆکردن» .لە راستیدا لە رەوتی هەڵبژاردنەکاندا زۆر چەمکی وەک ئازادیی رادەربڕین، مافی تاکەکەسی، سێکۆلاریسم (کۆماری ئێرانی) و.. هاتنەئاراوە و گەشەیان کرد.

٣- خوێندنەوەی ئیدئۆلۆژیک بۆ هەڵبژاردن گەورەترین هۆکاری ناکارامەیی ئۆپۆزسیۆن:

ئۆپۆزیسیۆن بە هێندێک گریمانە و ئیدئالەکانی خۆی، بە بێ بوونی لە ناو ئەمری واقیع، بە بێ سنووربەندی لە نێوان خەڵکی نارازی و بێ لایەن رۆڵ دەگێڕێ. هەڵبەت رۆڵگێڕانی هێندێک لەو لایەنانە بە دەرکردنی یەک راگەیەندراوی بەشداری نەکردن کۆتایی پێدێ. گوتنی «نا بۆ هەڵبژاردن» لە سەرێڕا بە شێوەی فەرماندان، نەبوونی بەرنامە بۆ وردکردن و شی کردنەوەی ئەو « نا بۆ هەڵبژاردنە» لە نێو گرووپە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەدا، دەرگا داخستنی خەڵکی ناڕازی لە فەزای گشتی و شەقام (بایکۆتکردن بە شێوەی تاکەکەسی و لە فەزای شەخسی»، بە گشتی بە دەرفەت نەزانینی هەڵبژاردن و بە شێوەی پرۆسە هەڵسوکەوت نەکردن لەگەڵ ئەم بابەتە وایکردووە سنوورێک لە نێوان ناڕەزایەتی و کەمتەرخەمی نەمێنێت.دەرکردنی راگەیندراوی بایکوتکردن ئەحزابی کوردی کە پێدەچێ بەرەبەرە هەموویان بگرێتەوە،حێکایەتی ململانێیە بۆ ئەوەی کام لایەن خیراتر و زیاتر دەبێ بە پاشکۆی ئۆپۆزسیۆنی ناوەند،حێکایەتی سیاسەتکردنێکە بە بێ خەڵک و بەدەر لە ئاگایی و هەوڵدان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی ئاگۆستیی ٢٠١٢

---------------------------------------------------

## ژینۆساید، دیپلۆماسیی جیهانی، کورد و ئەرکە جیهانییەکان

رۆژی ٢٢ی دیسامبری ٢٠١١ فەرانسە لە پێوەندی لەگەڵ ژینۆسایدی ئەرمەنییەکان کە لە ساڵی ١٩١٥ بە دەستی "تورکە لاوەکان" ئەنجام درا، یاسایەکی پەسند کرد. بە پێی ئەو یاسایە هەر کەسێک نکۆڵی لە کۆمەڵکوژیی ئەرمەنییەکان بکا، رووبەڕووی یەک ساڵ زیندان و دانی غەرامەی ٤٥ هەزار یۆرۆیی دەکرێ. دیارە تورکیە ئەو هەڵوێستەی فەرانسەی بە توندی وەڵام دایەوە تا ئەو جێگەیە کە باڵوێزەکەی لە پاریس بانگ کردەوە، هاوکارییەکانی نیزامی راگرت و تەنانەت هەڕەشەی بایکۆتی پێوەندیی سیاسی و ئابووریی لە فەرانسە کرد. تێگەیشتن لە ژینۆسایدی ئەرمەنییەکان و رۆڵی ئەو ژینۆسایدە لە دیپلۆماسیی نێوان ئەرمەنستان، تورکیە، فەرانسە و بە گشتی لە نێو دیپلۆماسیی جیهانی دا پڕ بایەخە. دواجار کورد و ژینۆسایدی ئەرمەنییەکان ئەو بابەتەیە کە شیاوی هەڵوێستە کردنە.

١- ژینۆساید و ئەرمەنییەکان: ژینۆساید بریتییە لە ستاندنی مافی ژیانی گرووپە نەتەوەیی، ئیتنیکی، نەژادی و ئایینییەکان. وینستۆن چرچیل لە کاتی بینینی کۆمەڵکوژیی یەهوودییەکان بە دەستی نازییەکان، ئەو رووداوەی بە "تاوانی لە گوتن نەهاتوو" ناودێر کرد.

دواتر رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ٩ی دیسامبری ١٩٤٤ لە ژێر کاریگەریی رووداوی هۆلۆکاست و بە هۆی تێکۆشانی بێ وچانی یاسادانەری یەهوودی رافائیل لەمکین، تاوانی ژینۆسایدی ( کوشتن: cide + نەژاد: geno) وەک تاوانێکی نێونەتەوەیی پێناسە کرد. رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەو کردەوانەی بە مەبەستی لە نێوبردنی تەواو یا بەشێک لە گرووپێکی نەتەوەیی، ئیتنیکی، نەژادی یا ئایینی ئەنجام دەدرێ بە ژینۆساید لە قەڵەم دا. ئەو کردەوانە بریتین لە:

١- کوشتنی ئەندامەکانی گرووپ
٢- رووبەڕوو کردنەوەی خەساری جیددیی فیزیکی یان رۆحی بە ئەندامەکانی گرووپ
٣- سەپاندنی بە ئەنقەستی هەلومەرجێکی دژوار بەسەر گرووپ دا بە ئامانجی لە نێوبردنی فیزیکیی تێکڕا یان بەشێک لە ئەندامانی گرووپ
٤- سەپاندنی هێندێک یاسا بە مەبەستی پێشگرتن لە زاووزێی نێو گرووپ 5_ راگواستنی زۆرەملیی منداڵانی گرووپ بۆ نێو گرووپێکی دیکە.

دیارە بە پێی پەسند کراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و بە سەرنجدان بە سەربردەی ئەرمەنییەکان، کوشتاری ئەوان دەچێتە خانەی ژینۆساید. ئەرمەنییەکان بە هۆی هەڵکەوتن لە نێو جوغرافیای ئیمپراتووری عوسمانی،ئێران و رووسیا بەردەوام رووبەڕووی وێرانی، پارچە پارچە بوون و کوشتن بوونەتەوە.



سەرچاوە
Serchawe

ڤین و دوژمنایەتیی تورکەکان لە هەمبەر ئەرمەنییەکان جگە لە جیاوازیی نەژادی، لە سەر دوو هۆکاری بنچینەیی شکڵی گرتبوو:

١- حەشیمەتی ئەرمەنییەکان وەکوو دیوارێک کەوتبووە نێوان تورکە عوسمانی و قەفقازییەکان و بەدیهاتنی خەونی وڵاتی توووران خۆی لە رووخانی ئەو دیوارە مرۆییەدا دەدیتەوە.
٢- ئایینی ئەرمەنییەکان مەسیحی بوو. ئیمپراتوری عوسمانی کە لەسەر بنەمای ئایینی ئیسلام و مەزهەبی سوننی بنیات نرابوو، غەیرە موسڵمانەکانی بە هەڕەشە لە قەڵەم دەدا و ئەو مرۆڤانەی بە هیچ شێوەیەک شیاوی متمانە پێکردن و دۆستایەتی نەدەزانی.

دیارە ئیمپراتوری عوسمانی لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا چووە بەرەی ئاڵمان، بەڵام ئەرمەنییەکان بە هۆی ئەو ئەزموونە دووروردرێژەی کە لە زوڵم و زۆری تورکەکان هەیانبوو، پشتگیریی رووسیایان کرد. لە راستیدا لە روانگەی ئەرمەنییەکان سەرکەوتنی ئیمپراتوری عوسمانی چەوساندنەوەی زیاتری ئەوانی لێدەکەوتەوە، بەم پێیە هیوای ئازادی و سەربەستیی خۆیان، بە تێکشکانی عوسمانی و سەرکەوتنی رووسیا گرێ دا. ئیمپراتوریی عوسمانی لە رەوتی شەڕی یەکەمی جیهانیدا تووشی تێکشکانێکی گەورە هات تا ئەو جێگەیە کە لە نێوان ساڵانی ١٨٧٨ تا ١٩١٨، ٨٥ لە سەدی خاکەکەی لە دەست دا.

تورکە لاوەکان ( ئەنوەر پاشا، تەلعەت پاشا، جەماڵ پاشا) بە هۆی ئەم تێکشکانە گەورە سوڵتانی عوسمانیان خستە ژێر گوشارەوە، هەتاکوو لە هەلومەرجی ئاڵۆزی شەڕی یەکەمی جیهانی کەڵک وەربگرێ و هەوڵی سڕینەوەی ئەرمەنییەکان بدات. بەم پێیە هەموو ئەو ئەرمەنیانەی کە تەمەنیان لە نێوان ١٥ تا ٥٠ ساڵ بوو لە ماڵ و حاڵی خۆیان هەڵکەندران و خرانە ژێر بێگاری شەڕ بە دژی رووسیا یان لە گۆشەیەکدا بێ سەر و شوێن کران. هەروەها ئەو بەشەی دیکەی ئەرمەنییەکان کە لە منداڵ و ژن و پەککەوتوو پێکهاتبوون، بە بیانووی ئەوەی کە دەبێ ناوچەی شەڕ و پێکدادان چۆڵ بکرێ، بە زۆر بەرەو چۆڵەوارەکانی سووریە و مووسڵ بەڕێ کران. دیارە گەلێک بەڵگە ئەوە دەردەخەن کە لە ساڵانی شەڕی یەکەمی جیهانی دا نزیک بە ١/٥ میلیۆن ئەرمەنی بە دەستی تورکەکان بە شێوەی راستەوخۆ یان بە هۆی سەپاندنی هەلومەرجی دژوار ژینۆساید کراون. هەروەها لە رەوتی ئەو کارەساتە مرۆییەدا هەزاران ئەرمەنی ئاوارەی رووسیا، فەرانسە، لوبنان و... بوون.

٢- ژینۆساید و دیپلۆماسیی جیهانی: تا پێش لە دەیەی هەشتای چاخی بیستەم دیپلۆماسیی هەر وڵاتێک پشتی بە هێزی نیزامیی خۆی دەبەست واتە دیپلۆماسی بە ناوەندێتیی هێزی نیزامی رۆڵی دەگێڕا و چەشنێک لە دیپلۆماسی نیزامی لە ئارادا بوو.

روودانی دوو شەڕی جیهانی دەرکەوتی بەرهەستی ئەو چەشنە لە پێوەندی و دیپلۆماسی بووە. لە دوای رووخانی جەمسەری سۆڤییەت و روودانی شۆڕشی تەکنۆلۆژی و زانیارییەکان و پڕرەنگتر بوونی ئابووریی جیهانی، فاکتەری ئابووری لە دیپلۆماسی دا کاریگەرییەکی زیاتری پەیدا کرد. بە واتایەکی دیکە لە چاخی بیستەم دا شاهیدی گۆڕان لە دیپلۆماسی بە

ناوەندێتی هێزی نیزامی (دیپلۆماسی نیزامی) بەرەو دیپلۆماسی بە ناوەندێتی فاکتەری ئابووری (دیپلۆماسی ئابوورییانە) بووین. دیارە لە هەر دووک لەم چەشنە لە دیپلۆماسیی جیهانی دا مافی مرۆڤ لە پەراوێزدا بووە و گەلێک جار مافی گرووپە نەتەوەیی، ئیتنیکی و ئایینییەکان پێشێل کراوە تەنانەت زیادەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێین فیداکردنی مرۆڤەکان و پەردەپۆش کردنی تاوانە گەورەکان ببوو بە پێناسەی سەرەکیی دیپلۆماسییەکی کارامە. لەم بەینەدا ژینۆساید ئەو بابەتە گرینگ و هەستیارەیە کە کاریگەریی مافی مرۆڤی بە سەر دیپلۆماسی دا زیاد کردوە و خەریکە چەشنێکی دیکە لە دیپلۆماسی بە ناوەندێتیی مافی مرۆڤ (دیپلۆماسی مرۆیی) دێنێتە ئاراوە. لە درێژەدا ئەو ململانێیەی کە بابەتی ژینۆساید لە نێوان رەهەندی ئابووری و مافی مرۆیی دیپلۆماسی جیهانیدا دروستی کردوە، لە دیپلۆماسیی نێوان ئەرمەنستان - تورکیە و ئەرمەنستان - فەرانسە نۆمایش دەکەین.

**الف)** پێوەندیی ئەرمەنستان - تورکیە: ئەرمەنستان تا پێش ساڵی ١٩٩١ یەکێک لە کۆمارەکانی سۆسیالیستی یەکیەتی سۆڤییەت بووە. هەروەها وڵاتانی دراوسێی ئەرمەنستان بریتین لە تورکیە، ئازەربایجان، گورجستان و ئێران. دیارە لە حاڵێکدا کە رۆژانە گوێبیستی ئەوە دەبین کە لە جیهانێکی بێسنووردا دەژین سەرسوڕهێنەرە کە سنوورەکانی ئەرمەنستان ـ تورکیە نزیکەی ١٩ ساڵە (لە ساڵی١٩٩٣وە تا ئێستا) بە رووی یەکتر داخراوە. ئەرمەنستان بە هۆی نەبوونی سنووری کراوە لەگەڵ ئازەربایجان و تورکیە و هەروەها بە هۆی ئەو شەڕەی کە لە ساڵی ٢٠٠٨ لە نێوان روسیە و گورجستان هاتە ئاراوە و داخرانی ڕێگەی ئەرمەنستان - گورجستان ـ روسیەی لێکەوتەوە، لە ژێر گوشاری ئابووری دایە. دیارە داخراوەیی سنووری نێوان ئەرمەنستان ـ تورکیە بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە:

**١- کێشەی قەرەباغ**: زۆربەی دانیشتووانی ناوچەی قەرەباغ کە بەشێکە لە خاکی ئازەربایجان لە ئەرمەنییەکان پێک هاتوون. ئەرمەنییەکانی قەرەباغ لە ساڵی ١٩٨٨ خواستی سەربەخۆیی و جیابوونەوەیان لە ئازەربایجان هێنا گۆڕێ. بە دوای ئەو هەڵوێستەی ئەرمەنییەکانی قەرەباغ، کێشەی نێوان ئەرمەنستان و ئازەربایجان گەیشتە ترۆپکی خۆی. لە ساڵی ١٩٩١ لە ڕێفراندۆمێک کە لە قەرەباغ بەڕێوەچوو، زۆرینەی دانیشتووانی ئەو ناوچەیە دەنگیان بە سەربەخۆیی دا و بەم پێیە شەڕی نێوان ئەرمەنستان و ئازەربایجان دەستی پێکرد و هەتا ساڵی ١٩٩٤ درێژەی کێشا. لە ئێستادا بە هۆی هێزی ئەرمەنستان، ناوچەی قەرەباغ لە ژێر کۆنترۆڵی ئازەربایجان هاتۆتە دەرێ، بەڵام داخرانی سنوورەکانی نێوان ئەرمەنستان ـ ئازەربایجان و ئەرمەنستان - تورکیەی لێکەوتۆتەوە.

**٢- بە فەرمی نەناسینی ژینۆسایدی ئەرمەنییەکان**: ڕەنگە گەلێک کەس ئەو پرسیارە بێننە گۆڕێ کە، بە چ هۆیەک دەوڵەتی تورکیە دان بە ژینۆسایدی ئەرمەنییەکان دا نانێ؟ دیارە دەوڵەتی تورکیە چاک دەزانێ کە لە سەردەمی تەکنۆلۆژی و زانیاری دا چیدیکە ناتوانێ نکۆڵی لە کوشتنی ئەرمەنییەکان بکا، بەڵام هەوڵ دەدا بۆ ئەوەی مرۆڤی تورک لە قورسایی تاوانی ژینۆساید دەرباز بکا. ئەمرۆکە نەوەی نوێی تورک کاتێک لە شەقامەکانی ئانکارا و ئیستانبوڵ سەری بەرز دەکاتەوە چاوی بە تابلۆیەک دەکەوێ کە لە سەری نووسراوە Ne mutlu bir turkim,ben"بەختەوەری لەوەی کە تورکی"، بەڵام بێشک بە دوای بە فەرمی ناسینی ژینۆسایدی ئەرمەنییەکان چیدیکە گەنجی تورک، بەو شکۆ و قیت و قۆزییەی جاران

هەنگاو هەڵناگرێ. دیارە هەر وەک تاکێک پێویستی بە پێیەک بۆ ڕۆیشتن هەیە، هەر نەتەوە و وڵاتێکیش پێویستی بە مێژوویەکی ئەخلاقی، کۆمەڵایەتی و سیاسی هەیە.

لە ئێستادا ئەو مێژوو و پێیە، بە هۆی ئەوەی لە هەناوی خۆیدا هەقیقەتێکی لە پاکی و دروستیی مرۆڤی تورک هەڵگرتوە، بە تاک، کۆمەڵگە و سیاسەتی تورکیە دڵنیایی و هێز دەبەخشێ. وەئەستۆگرتنی بەرپرسایەتیی ژینۆسایدی ئەرمەنییەکان لە لایەن تورکیە دەروازەیەک دەکاتەوە بەرەو گومان خستن و پێداچوونەوەیەکی جیددی بە سەر مێژووی ئەو وڵاتە. لە دەلاقەی ئەو ژینۆسایدەوە لێکۆڵینەوەکان، مشتومڕەکانی نێو ڕاگەیەندنەکان و فەزای گشتی، پرسیار و لێپێچینەوەی نەوەی نوێ لە نەوەی کۆن و دواجار سەرەوژێرکردنی دروستی مێژوو و هەقیقەتی تورکیە دەست پێدەکات. بە فەرمی ناسینی ژینۆسایدی ئەرمەنییەکان فەزایەک دەخوڵقێنێ کە لەودا بۆ مرۆڤی تورک بەرەبەرە خەونەکان لە شیرینی، قارەمانەکان لە حەماسەت، سەربازەکان لە بوێری، گەنجەکان لە جۆش و خرۆش، سیاسەتەکان لە لێبراوەیی و سەرەکان لە بەرزی، دەکەون.

ب) پێوەندیی ئەرمەنستان ـ فەرانسە: فەرانسە لە نێو وڵاتانی ڕۆژئاوایی دا، زیاترین پێوەندیی ئابووری، سیاسی و فەرهەنگیی لەگەڵ ئەرمەنستان هەیە. ساڵانە زیاتر لە ٧٥٠ خوێندکاری ئەرمەنی دەچنە زانکۆکانی فەرانسە. هەروەها فەرانسە لە وتووێژەکانی نێوان تورکیە و ئەرمەنستان لە سەر ژینۆسایدی ئەرمەنییەکان و وتووێژەکانی ئەرمەنستان و ئازەربایجان لە سەر قەرەباغ، ڕۆڵێکی چالاکی هەبووە.

جێگەی ئاماژەکردنە کە زیاتر لە ٦٠٠ هەزار ئەرمەنی لە فەڕانسە نیشتەجێن. دیارە دیاسپۆرای ئەرمەنی لە بە فەرمی ناسینی ژینۆسایدی ئەرمەنییەکان لە پارلمانی فەڕانسە و سەرجەم پێوەندییەکانی نێوان فەڕانسە و ئەرمەنستان ڕۆڵێکی کاریگەری گێڕاوە. لەم بەینەدا کەسانێک هەڵوێستی فەڕانسە لە هەمبەر ژینۆسایدی ئەرمەنییەکان بەهۆی نزیکبوونەوە بە هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری ئەو وڵاتە و هەوڵەکانی سارکۆزی بۆ بەدەستهێنانی دەنگی ئەرمەنییەکانی فەڕانسە لێک دەدەنەوە. دیارە ئەو لێکدانەوەیە ڕاستە، بەڵام ڕاستییەکی گەورەتریش هەیە. ئەو ڕاستییەش ئەوەیە کە تێپەڕینی نزیک بە ١٠٠ ساڵ بەسەر ژینۆسایدی ئەرمەنییەکان نەتەنیا ئەو پرسەی لە ناوەندی گرینگایەتیی ئەرمەنییەکان نەخستۆە، بەڵکوو شوێن پەنجەی ئەوانی بەسەر دیپلۆماسیی فەڕانسەدا بەرجەستەتر کردوە. بەم پێیە بە هۆی هەوڵی دیاسپۆرای ئەرمەنی لە پێناو بە فەرمی ناسینی ژینۆسایدەکەیان، مافی مرۆڤ لە دیپلۆماسیی فەڕانسەدا شوێنێکی گرینگتری پەیدا کردوە.

٣- **کورد و ئەرکە جیهانییەکان**: لە دیپلۆماسیی فەڕانسەدا لە ژینۆسایدی ئەرمەنییەکان، پرسی فەلەستین و....، بەگشتی لە مافی مرۆڤ لە پێناو دروستکردنی پێوەندییەکی بەرینتر و گوشار خستنە سەر هێندێک وڵات کەڵک وەردەگیرێ. ئەوە لە حاڵێکدایە لە دیپلۆماسی تورکیەدا هەوڵ دەدرێ لە ڕێگەی ڕێککەوتنە نیزامی، ئابووری و سیاسییەکان مافی دیاریکردنی چارەنووسی کوردەکان، ژینۆسایدی ئەرمەنییەکان و.... پێشێل بکرێ. بەگشتی لە دیپلۆماسیی تورکیەدا هەوڵ دەدرێ لە ڕێگەی بەهێز کردنی ڕەهەندی نیزامی و ئابووری، ڕەهەندی مرۆیی دیپلۆماسی کەمڕەنگ بکرێ. دیارە لە ئێستادا زیاتر لە ٢٠ وڵاتی جیهان وەک لوبنان، فەڕانسە، ئەمریکا، کانادا، سوئێد و... پرسی ژینۆسایدی ئەرمەنییەکانیان بە فەرمی

ناسیوە. هەروەها پرسی فەلەستین لەم ساڵانەی دواییدا توانیویەتی لە پشتگیری یەکی جیهانی زیاتر بەهرەمەند بێ کە لەو پێوەندییەدا دەکرێ ئاماژە بە وەرگرتنی فەلەستین لە ڕێکخراوی یونیسکۆدا بکەین. دیارە جگە لە بابەتی ژینۆسایدی ئەرمەنییەکان و پرسی فەلەستین، پشتگیری و هاوکاریی جیهانی لە بەڕێوەچوونی ریفراندۆم لە سوودان و پێکهاتنی باشووری سوودان لە ساڵی ٢٠١١، دەرخەری جێکەوتنی زیاتری مافی دیاریکردنی چارەنووس و مافی مرۆڤ لە جیهاندایە. لە لایەکی دیکە جێکەوتنی زیاتری مافی دیاریکردنی چارەنووس و مافی مرۆڤ لە جیهاندا بە واتای پەرەسەندنی دیپلۆماسیی مرۆیی لە ئاستی جیهان دایە.

**لێرەدا لەو فەزایەدا، لە ململانێی نێوان دیپلۆماسی مرۆیی و دیپلۆماسی ئابووریانە لە ئاستی جیهاندا، ئەرک و بەرژەوەندی کوردەکان چییە؟**

هەرچەندە کە پشتگیریی جیهانی لە بە فەرمی ناسینی ژینۆسایدی ئەرمەنییەکان هێندێک هۆکاری سیاسیی لە پشتە، بەڵام بناخەی ئەو پشتگیرییە لە لایەن یەهودییەکانەوە، بەهۆی هەوڵەکانی ئەوان بۆ ناساندنی هۆلۆکاست و پێناسەکردنی ژینۆساید وەک تاوانێکی نێونەتەوەیی، دامەزرا. دیارە ئەوە لە حاڵێکدایە هۆلۆکاست لە شەڕی دووهەمی جیهانی و ژینۆسایدی ئەرمەنییەکان لە شەڕی یەکەمی جیهانی ڕووی دا. ئەو بابەتە دەرخەری ئەوەیە کە خەباتی هەر گرووپێکی نەتەوەیی، ئێتنیکی و ئایینی، پێوەندی و کاریگەریی بەسەر دەستەبەر بوونی مافی گرووپەکانی دیکەی جیهان هەیە و جیهان لە دەستکەوتەکانی خەباتی هەر گرووپێکی نەتەوەیی و ئایینی بۆ مافەکانی، بەشدار و بەهرەمەندە. لە ڕاستیدا پشتگیریی جیهانی و ئەرکە جیهانییەکان پێکبەستراو و لێکگرێدراوی یەکترن. بەم پێیە هەر گرووپێکی نەتەوەیی، ئێتنیکی و ئایینی بۆ ئەوەی جیهان لە خەباتەکەیدا بەشدار بکا و لە پشتگیری جیهانی بەهرەمەند بێ، پێویستە ئەرکە جیهانییەکان وەئەستۆ بگرێ.

دیارە یەکێک لە ئەرکە جیهانییەکانی کورد، بە فەرمی ناسینی ژینۆسایدی ئەرمەنییەکانە. لەو پێوەندییەدا پێویستە پارلمانی کوردستان، پارتی ئاشتی و دێموکراسی BDP، هێزە سیاسییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان، ڕووناکبیران و چالاکانی مەدەنیی کورد، هەوڵی بە فەرمی ناسینی ژینۆسایدی ئەرمەنییەکان بدەن.

**لە کۆتاییدا سەبارەت بە بایەخی وەئەستۆگرتنی ئەرکە جیهانییەکان لە لایەن کوردەکان، ئاماژە بە دوو خاڵی گرینگ دەکەین:**

١- کوردستان لە شوێنێک هەڵکەوتوە کە لە هەر چوار لاوە لەگەڵ دیپلۆماسیی نیزامی - ئابووریی وڵاتانی تورکیە، ئێران، سووریە و عێراق ڕووبەڕوویە. کوردەکان لە ڕێگەی وەئەستۆگرتنی ئەرکە مرۆیی یە جیهانییەکان دەتوانن لەگەڵ دیپلۆماسیی مرۆیی جیهان دا بەشداری و پێوەندی درووست بکەن و لە هێزی دیپلۆماسیی مرۆیی جیهان لە بەرامبەر دیپلۆماسی نیزامی - ئابووری ئەو چوار وڵاتە، بەهرەمەند بن.

٢- ڕێکەوتنی هێزە سیاسی و مەدەنییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان لە هەمبەر ئەرکە مرۆیی یە جیهانییەکان ئاسانتر ئەنجام دەدرێ. هاوکات خودی وەئەستۆگرتنی ئەرکە مرۆیی یە جیهانییەکان هاوبەشی و هاوهەڵوێستیی نێوان کوردەکان زیاد دەکا. بەم پێیە ڕاپەڕاندنی ئەرکە جیهانییەکان هاوکات لە خزمەت چالاکتر بوون و یەکگرتووتربوونی کورد دایە.

-----

فەیس بووک و ئەحزابی کوردی(فەیس بووک و یەکسانکردنی فەزای ئەندامەتی) Sunday, August 5, 2012 نووسەر: ڕێبوار مەعرووف زادە ئەحزابی کوردی بە بێ ویستی خۆیان و بە شێوەیەکی بەردەوام لە هەلومەرجێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی پچڕپچڕ، بە نیسبەت خەڵک و ئەندامەکانیان، ژیاون. بە واتایەکی دیکە ئەحزابی کوردی بەردەوام لە جۆغرافیایەکی پچڕپچڕ و لێکدابراو ژیاون و هەر لەو بەستێنەشدا سیاسەتیان کردوە. ئەندامانی نێوخۆ نەیانتوانیوە زانیاری پێویستان پێ بگا، ئەندامانی ئوروپا و ئەندامانی دانیشتووی باشوور کەمتر یەکتریان بینیوە، کەمتر دیالۆگیان لە گەڵ یەکتر کردوە و کەمتر یەکتریان هەڵسەنگاندوە. دیارە جۆغرافیا هەمان بەستێنی سیاسی و کۆمەڵایەتی یە و هاوکات هێندێک دەرفەت دەخۆلقێنێ و هێندێک سنووری سیاسی و کۆمەڵایەتیش دەستنیشان دەکا. بەو پێیە زیاتر لە نیو سەدە تێکۆشان لە نێو جۆغرافیایەکی پچڕپچڕ و لێکدوور، بەشداری نایەکسانی دروست کردوە. ئەندامێکی حیزبی کە لە قەندیل و باشوور حیزبایەتی دەکا قەبارەی زانیاری و ئاگادارییەکانی لە بارەی ئەندامانی دیکەی حیزبەکەی کە لە ئاڵمان، ئامریکا و... دەژین زۆر بچووکە و دەرەقەتی ناسین و هەڵسەنگاندن و بریارٍ دان لە سەر ئەو ئەندامانە نایەت. ئەندامانی باشوور تەنیا کەسانێک دەبینن کە هەڵبژێردراوی کۆنگرەن واتە ناتوانن بە شێوەیەکی بەردەوام چالاکی ئەندامانی دیکەی حیزبەکەیان کە دانیشتووی فلان وڵاتەن ببینن و بیخەنە ژێر چاوەدێری. بەو پێیە مەجاڵی ئەندام بۆ پرسیارکردن و وڵام وەرگرتنەوەی بەردەوام و رۆژانە بەرتەسکە. دیارە ئەو بابەتە، نەبوونی ئاگادارییەکی هەمەلایەنە و نەبوونی دەرفەتی دیالۆگ کردنێکی بەربڵاوی ئەندام، وایکردوە هەڵبژاردنی شایستەکان دژوار و "چاوەدێربوونی بەردەوامی ئەندام" دژوارتر بێ. جۆغرافیایەکی پچڕپچر وایکردوە پێوەندییەکی ستوونی لە نێوخۆی حیزبەکاندا هەبێ، لە حاڵێکدا لە نێو ئەندامانی حیزبێکی دێموکراتدا( هەر حیزبێک کە پابەندی ڕێوشوێنەکانی دێموکراتیک بێ) پێویستە پێوەندییەکی ئاسۆیی هەبێ. بۆ نموونە ئەگەر ئەندامێک لە ئوروپا، لە حیزب و بەرپرسی حیزبەکەی لە بریتانیا رەخنە دەگرێ مافی ئەندامانی دانیشتووی شوێنەکانی دیکەیە کە بتوانن بە شێوەیەکی راستەوخۆ گوێ لەو ئەندامە بگرن، ئەگەر ئەندامێکیش لە باشوور، لە کۆبوونەوەکانی نێوخۆیی حیزبەکەیدا، لە سکرتێری حیزبەکەی رەخنە دەگرێ مافی هەموو ئەندامانی دیکەی حیزبە کە قسەکانی ئەو ئەندامەیان وەک خۆی گوێ لێ بێ. ئەوە بە واتای یەکسانترکردن و بەرفراوانترکردنی فەزای ئەندامەتییە. پێویستە سەرنج بدەینە ئەو بابەتە کە لە لایەک بە بێ بوونی بەستێنی دیالۆگکردنێکی بەربڵاو و یەکسان، بە بێ بوونی دەرفەتی دیتنێکی هەمەلایەنە و بەربڵاو، بەشداری یەکسان و چاوەدێربوونی بەردەوامی ئەندام دژوارە و لە لایەکی دیکە نەبوونی بەشداری یەکسان و چاوەدێرنەبوونی بەردەوامی ئەندام پێشڤەچوونی پرۆسەی دێمۆکراتیکتربوون و کارامەتربوونی ئەحزابی کوردی ئەستەم کردوە. لەم سەردەمەدا بە کەڵک وەرگرتن لە فەیس بووک دەتوانیین جۆغرافیا و بەستێنێکی پچڕپچڕ بکەینە جۆغرافیایەکی لێکگرێدراو. لە جۆغرافیایەکی لێکگرێدراودا بەستێنی دیالۆگی بەربڵاو و بەشداری یەکسانتر دەرەخسێت. لەو پێوەندییەدا پێویستە ئەحزابی کوردی پەیجێکی فەرمی نێوخۆییان هەبێ کە ئەو پەیجە پەسەندکراوی

پێڵنۆم بێ و هەر ئەندامێکی حیزبی بتوانێ هەموو کۆبوونەوەکانی نێوخۆیی( کۆبوونەوەکانی باشوور و ئوروپا و...) وەک خۆی ببینێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی ئاگۆستی ٢٠١٢

--------------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

# بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٣

----------------------------------------

## یادێک لە ڕاپەڕینە جەماوەرییەکەی ١٣٧٧ی خەڵکی کوردستان

**ڕەحمان سەلیمی**

**وەرگێڕان بۆ کوردی**

چاوخشاندنێک بە سەر مێژووی خەباتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئاماژەکردن بە خاڵە بەهێز و لاوازەکانی ئەو بزووتنەوەیە، یارمەتیمان دەدا تا هەڵسوکەتی خەباتگێرانە لە قۆناخی جیاجیادا هەڵبسەنگێنین. هەرچەند کە مەجالی گەڕانەوە بۆ رابردوو و ئاماژە بە تەواوی رەوتی مێژوویی خەبات لەو وتارەدا ناگونجێ، بەڵام بە کورتی ئاماژە بە قۆناخە گرینگەکانی چەند دەیەی رابردوو دەکەم و لەو دەلاقەوە جەخت لە سەر راپەرینی خەڵک لە زۆرێک لە شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە کۆتایی ڕێبەندان و سەرەتای رەشەمەی ١٣٧٧، بە هۆی گیرانی عەبدوللا ئوجەلان ڕێبەری کوردەکانی کوردستانی باکوور، دەکەم.

بە هۆی دروستبوونی بۆشایی دەسەڵات لە سەردەمی شەڕی دووهەمی جیهانی لە رۆژهەڵاتی کوردستان کە لەو کاتەدا کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد ڕێبەریی هزر و خواستی نەتەوەیی دەکرد، هەروەها لەژێر کاریگەریی بزووتنەوەی نەتەوەیی لە کوردستانی باکوور، کۆماری کوردستان لە شاری مەهاباد دامەزرا. بۆ یەکەمجار لە مێژووی بزووتنەوە رزگاریخوازەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، کەسایەتییە روناکبیری، نەتەوەیی و تێکنۆکرات کە ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان دەکرد حکوومەتێکی ناوچەییان پێک هێنا. نەتەوەی کورد لە بەشێک لە رۆهەلاتی کوردستان بووە خاوەنی دامەزراوە و ڕێبەرانی کۆمار سەرەڕای هەموو گرفت و لەمپەرەکان توانیان ئیرادەی گرووپی کوردەکان بە باشترین شێوە رێک بخەن و خزمەتێکی پڕبایەخ بە گەشەی هزری دادپەروەری و نەتەوەیی بکەن. بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی دەیەی ٢٠ی هەتاوی کە بەرچاوترین دەسکەوتی نەتەوەیی بۆ کوردەکانی رۆژهەڵاتی کورستانی بەدی هێنا، دەکرێ لە ریزی بزووتنەوە کۆمەلایەتییە مۆدێرنەکان لە قەڵەم بدەین. رەهەندی ئەقڵانی داواکارییەکانی ئەو بزووتنەوەیە کە بە شوێن ئامانجگەلێکی دیار و بەرهەست بوو بە سەر رەهەندی رۆمانتیکی ئەو، کە لە زۆربەی بزووتنەوەکانی کون دەبینرا، زاڵ بوو. ئەو بابەتە بە تایبەتی لەو روویەوە گرینگە کە سەردەمی ئێدئۆلۆژییەکان و دوو جەمسەری بوونی جیهاندا روویدا. لە دوای ئەوەی کۆماری کوردستان بووە بو قوربانی بەرژەوەندییە نێوخۆیی و دەرەکییەکان و رووخا، شەپۆلێک لە دڵساردی هەموو کوردستانی گرتەوە. ساڵانێک کات



سەرچاوە Serchawe

پێویست بوو تا هەست و هزری نەتەوەیی توانی بۆ جارێکی دیکە خۆی ڕێک بخا و لە چوارچێوەی ڕێکخراوە سیاسی یەکاندا قۆناخێکی نوێ لە خەبات دەست پێ بکا.

شۆڕشی ١٣٥٧ دەرفەتێکی گۆنجاو بۆ هێنانەئارا و بەدواداچوون بۆ خواستە نەتەوەییەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو. هەر لەو پێوەندییەدا نوێنەرانی کورد هەوڵێکی زۆریان بۆ دەستەبەرکردنی ئەو مافانە دا، بەڵام بە هۆکارگەلێکی جیاواز بە تایبەتی بە هۆی دانپێدانەنانی ڕێبەرانی شۆڕش بە بوونی نەتەوەیەکی دیکە جێگە لە نەتەوەی فارس و مەزهەبێک جێگە لە مەزهەبی فارس، هەموو هەوڵە ئاشتیخوازانەکانی کورد بێ ئاکام مایەوە. بەڵام ئیرادەی نەتەوەیی خەڵکی کوردستان لە بەرامبەر هێرشی چەکدارانەی تازە بە دەسەڵات گەیشتووەکان خۆڕاگری کرد و بۆ جارێکی دیکە خەیاڵی ئێرانی تەک نەتەوەیی و شۆڤینیزمی فارس ی کردە بلقی سەر ئاو. بەرخۆدانی هێزە سیاسییەکانی کورد و بە تایبەتی حیزبی دێموکرات و کۆمەلە کە بە هێرشە چریکییەکانی خۆیان پەلاماری کۆماری ئیسلامی یان دەدا و لە پشتیوانی خەڵک بەهرەمەند بوون، لە نیوەی دەیەی حەفتا بە هۆی گۆڕانکاری لە ناوچە و دروستبوونی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەربەرە ڕاگیرا. رەنگە لە دوای ئەو قۆناغەیە کە یەکێک لە ناچالاکترین دەورانی بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەستی پێ کرد. ئامادەنەبوونی هێزە سیاسییەکان و هەروەها داخرانی زیاتری فەزای سیاسی، کولتووری و مەدەنی لە نێو کوردستان، ئەو بەشەی کوردستانی خستە پەراوێزەوە و بە جۆرێک کۆماری ئیسلامی سەرکەوت لەوەی کە خۆی وەک براوە بناسێنێ. کەمپنشینی هێزە سیاسییە بە نفووز و بە ئەزموونەکانی کورستان و کەلێن تێکەوتن لە نێوان ئەوان و خەڵک، دڵساردییەکی بڵاو کردبووە کە چاوەروانی هیچ کردەوەیەکی جەماوەری بەرین نەدەکرا. لە دۆخێکی لەو چەشنەدا بوو کە گیرانی ڕێبەری پارتی کرێکارانی کوردستان بە هۆی فیتنەگێرییەکی نێودەوڵەتی، سەرهەڵدانێکی بەرینی جەماوەری لێکەوتەوە و خەوی لە بەرپرسانی ڕێژیمی ئیسلامی تاراند. بڵاوبوونەوەی وێنەی دەستبەسەرکراوی ئوجەلان و نێشاندانی بێ دەرەتانی و بێ پشتیوانی گەلی کورد، دەرفەتێکی گونجاوی بۆ بە هێنانەئارای خواستە پەنگخواردووەکانی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان رەخساند. خەڵک لە زۆربەی شار و ناوچەکانی کوردستان رژانە سەر شەقام و بە نیشاندانی دووبارەی ئیرادەی گرووپی و نەتەوەیی خۆیان، لە لایەک هاوهەڵوێستی خۆیان لەگەڵ کوردەکانی باکووری کوردستان راگەیاند و لە لایەکی دیکە تووڕەیی و بێزاری پەنگخواردووی خۆیان لە زولم و تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی نیشان دا.

هەرچەند لە زۆربەی شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان نارەزایەتی جەماوەری بەرێوە چوو و هێندێک توندوتیژیشی لێکەوتەوە، بەڵام لووتکەی ئەو ڕاپەڕینە جەماوەرییە لە رۆژی سێی رەشەمەی ١٣٧٧ لە شاری سنە رووی دا. دیارە سنە لەو روویەوە بوو بە ناوەندی نارەزایەتییەکان کە لەوێدا هەم ژمارەی بەشداربووان بە تایبەتی کچان و کورانی گەنج زۆرتر بوو هەم داواکارییە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەیەکی روونتر و ڕێکخراوتر هاتە ئاراوە. لەو توندوتیژییانەی لە لایەن هێزە نیزامی و ئەمنییەتییەکانی ڕێژیم کە لە سێی رەشەمەدا رووی دا دەیان شارومەندی سنەیی دەستبەسەر، بریندار یان کوژران. رووداوی سێی رەشەمەی ١٣٧٧ کە کاریگەرییەکی گەورەی لە سەر شێوازی خەباتی جەماوەری لە رۆژهەڵاتی کوردستان و بە تایبەتی لە شاری سنە جێ هێشت، هەڵگری پەیامگەلێکی گرینگ بوو کە دەکرێ ئاماژە بەو خاڵانە بکەین:

١- کۆتایی خەباتی چەکدارانەی هێزە سیاسییەکانی کوردستان لە دەیەی هەفتا کە چەشنێک لە پاسیڤبوونی سیاسی لە

ڕۆژهەلاتی کوردستانی لێکەوتەوە، هەروەها بەڕێوەبردنی پیلانی یەک لە دوای یەکی ڕێژیم بۆ ئەوەی وا نیشاندان بدا کە ئیدی کوردەکان دەسەلاتدارێتی کۆماری ئیسلامییان قبوول کردوە و بە تایبەتی گەورە شارێکی وەک سنە لە کولتووری ناوەندەدا تواتەوە و چیدیکە توانای پێکهێنانی بزووتنەوەیەکی نارەزایەتی بە دژی دەسەلات نییە، ناراستی هەموو ئەو ئەگەر و بابەتانە لە دوای نارەزایەتی سێی رەشەمە بەرجەستە بووە. ئەو نارەزایەتییانە کە لە سەرەتادا تەنیا وەک هاودەردییەک لە باکووری کورستان دەرکەوت و دروشمەکانی لەو ئاراستەیەدا بوو، لە درێژەی خۆیدا بە تایبەتی لە شاری سنە بووە بە گۆڕەپانی بەرەنگاری دژی کۆماری ئیسلامی.

٢- ئەگەر هەر لە سەردەمی کۆماری کوردستانەوە ودواتر لە خەباتی چاکداری سالەکانی ٤٧ - ١٣٤٦ و تەنانەت لە رەوتی خەباتی چەکداری دەیەی شەست و هەفتا، ناوچەی موکریان وەک ناوەندی مافخوازی و نەتەوەگەرایی لە رۆژهەلاتی کوردستان لە قەلەم دەدرا و هەمیشە شارەکانی باشووریتر و بە تایبەتی سنە لە پلەی دووهەمدا جێیان دەگرت، رووداوەکانی سێی رەشەمە بۆ هەمیشە کۆتایی بەو روانینە هێنا. زوربەی پیلانەکانی رێژیم لە شارە گەورەکانی کوردستان وەک کرماشان و سنە بەرێوە دەچێ و هەوڵ بۆ تواندنەوەی کولتووری ئەو شارانە هەولێکی دژەمرۆییە کە هەلگری رەهەندگەلێکی فاشیزمی نەتەوەیی و ئایینی حکوومەتی تاران بووە.

لە ژمارە ٦٠٣ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بلاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٣ی جوونی ٢٠١٣

---------------------------------------

## هەڵبژاردنی خۆلی ١١ی سەرکۆماریو روانگەی کورد

هەلبژاردنی خولی یازدەی سەرکۆماری ئێران لە ٢٤ی جۆزەردانی ئەمساڵدا بەڕێوە دەچێ. هەلبژاردن لە نێو سیستمی کۆماری ئیسلامیدا هەر لە سەرەتاوە پرسیارهەلگر بووە. لە دوای شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ی ئێران مۆدێلێکی جیاوازو نوێی دەسەلاتداری، پێوەندییەک لە نێوان رەوایی سەرووخەلکی واتە بوونی «ولایت فقیه»و رەوایی خەلکی واتە بەرێوەچوونی هەلبژاردن، لە ئێراندا بووە بە واقعێکی سیاسی - ئیداری. ئەو پێوەندییە لە لایەک زەقبوونەوەی دەسەلاتو زالبوونی رووحانییەتە لە ژێر چەتری «ولایت فقیه»داو لە لایەکی دیکە وەرگرتنی رەوایی لە خەلکە لە ژێر چەتری هەلبژاردنی سەرکۆماری، پارلمانو شووراکاندا. تێروانین لە مێژووی ئەو پێوەندییە واتە مێژووی پێوەندیی «ولایت فقیه» - کۆمارییەت بەو هۆیەوە پڕبایەخە کە نیشان دەدا ئەو پێوەندییە سەرەڕای نادێموکراتبوونی پێوەندییەکی گۆڕانهەلگربووە. سەردەمی خۆمەینی سەردەمی بالادەستیی بێئەملاوئەولای ویلایەتی فەقیە لەو پێوەندییەدا بووە تا ئەو جێگەیە کە هێزی سیستمی ئیداری - بەرێوەبەری واتە دەوڵەت فەرمانبەرو ژێردەستەی هێزی کاریزمایی خومەینی وەک «ولیفقیە» بوو.

نموونەی هەرە بەرچاوی ئەو باڵادەستییەش ئەستاندنەوەی بەرپرسیارەتی لە ئەبولحەسەنی بەنیسەدر لە ساڵی ١٣٦٠دا وەک یەکەمین سەرکۆماری هەڵبژێردراوی ئێران بوو. ڕەوتی لاوازبوونی باڵادەستیی «ولایت فقیە»لە بەرامبەر سەرکۆماریدا ڕێک بە مردنی خومەینیو هاتنەسەرکاری خامنەیی وەک ڕێبەری کۆماری ئیسلامی دەستی پێکرد. خامنەیی خاوەنی ئەو پێگە کاریزماییو ڕەواییە ئایینییە نەبوو، بەڵکوو ئەو نموونەیەک بوو لەوە کە سەرکۆمار دەتوانێ ببێتە ڕێبەری کۆماری ئیسلامی. هەروەها پراکتیکی هەر دوو قۆناخی دەوڵەتداریی ڕەفسەنجانیو خاتەمی زیاتر بنەماکانی ویلایەتی فەقیهی لاواز کرد. بە هاتنە سەرکاری ڕەفسەنجانی دەورانێک لە دروستکردنەوەی ژێرخانە ئابوورییە نیشتمانییەکان، دەورانێک لە گەشەی ئابووریی وڵات، دەستی پێکرد. بەرفرەوانترکردنی خزمەتگوزاریگەلێک وەک دابینکردنی ئاوبەرقو مەدرەسەو ... پێوەندی و بەستراوەیییەکی ڕۆژانەی لە نێوان خەڵکو دەوڵەتدا دروست کرد. دواجار بە وتەی قالیباف، یەکێک لە پالێوراوانی ئەم خولەی سەرۆک کۆماری ئێرانو نزیک لە بەیتی ڕێبەری، «لە ئاکامی ئەو بەستێنانەدا کە دەوڵەتی ڕەفسەنجانی دروستی کرد ڕەوتی ڕیفۆرمخوازی هاتە سەر کار». دەبێ ئاماژە بەوەش بکەین کە لە پەنا قۆناخێک لە گەشەی ئابووری لە دەورانی ڕەفسەنجانیدا زنجیرەیەک تیرۆر لە ئاستی نێوخۆییو ئورووپادا ڕوویان دا. هەر بۆیە کاتێک ڕەفسەنجانی بۆ جاری دووهەم خۆی بۆ پۆستی سەرکۆماری بەربژێر کرد، خەڵکی کوردستان بە هۆی تیرۆری ڕێبەرانی کوردو بۆ دژایەتی لەگەل ڕەفسەنجانی دەنگیان بە ئەحمەدی تەوەککولی دا کە دواتر ڕەفسەنجانی لە یەکەم وتاری خۆی لە نوێژی هەینیی تاراندا ئەو کاردانەوەیەی خەڵکی کوردستانی بە لاسارییەکی منداڵانە دانا. ئەو وتەیەش ڕەنگە بەو هۆیە بووبێ کە ئەگەری سەرکەوتنی ئەحمەدی تەوەککولی لەو کاتەدا ئەگەرێکی لاواز بوو و دەنگدانی خەڵکی کوردستان بەو پالێوراوە گۆڕانێکی لەو بابەتەدا پێکنەدەهێنا. بە گشتی دەوڵەتی ڕەفسەنجانی بە پەرەدان بە پراگماتیزم ویلایەتی فەقیهی لاواز کرد، واتە بە گرتنەبەری سیاسەتێکی ئابووریو بەرێوەبەریی واقیعگەرایانە، پێویستیی کۆمەڵگەی ئێران بە هێزە ئایینیو کاریزماییەکانو توانای مانۆڕدانی کەم کردەوە.

سەردەمی ڕیفۆرمخوازان بە هاتنەئارای چەمکگەلێکی تازە لە ئاستی نێوخۆییو جیهانیدا دەستی پێکرد. ئەو دەورانە بە زاڵبوونی چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ئاستی نێوخۆییو زاڵبوونی وتووێژی نێوان شارستانییەتەکان لە ئاستی جیهانیدا دەناسرێ. هەرچەند لەو قۆناخەدا هێندێک جار دەزگاکانی دادوەریو پارلمانو بە تایبەتی دەزگا ئەمنییەتی-نیزامییەکانی سەر بە »ولایت فقیە«، دەوڵەتو سەرکۆماریان هەتا ڕادەی تەداروکاتچییەکی بێ دەسەڵاتی ئەو سیستمە دابەزاند، کە نموونەی هەرە بەرچاوی ئەو ڕووداوانە ڕووداوی گەڕەکی زانکۆی تاران لە ساڵی ١٣٧٨ دا بوو. بەڵام ئەو قۆناخە قۆناخێک لە گەشەی سیاسی - مەدەنیی کۆمەڵگەی ئێران بوو. واتە ڕادەی ڕۆژنامەو گۆڤار، ڕێکخراوە مەدەنییەکان، هۆشیاریی نەتەوەکانی ئێرانو ... بەرز بۆوەو بزووتنەوەگەلێکی وەک بزووتنەوەی خوێندکاریو ژنان ڕۆڵێکی گەورەتریان گێرا. دواجار قۆناخی چاکسازی داواکاریی بەشداریو کۆمارییەتی لە نێو خەڵکی ئێراندا زیاتر کردو ئەو ڕاستییەی کردە هۆشیارییەکی کۆمەڵایەتی کە «ولایت فقیە» هەروەک ڕێژیمی شای پێشوویە لە بەرامبەر چاکسازیدا.

قۆناخی دوای چاکسازی بە دەوڵەتداریی مەحموودی ئەحمەدینەژاد سەرکۆماری پۆپۆلیستی ئێرانو بە هاتنەئارای چەمکی «دادپەروەریی کۆمەڵایەتی» لە ساڵی ١٣٨٤دا دەستی پێکرد. ئەحمەدینەژاد لە ماوەی دەوڵەتداریی خۆیدا فەزای سیاسیی کپ کرد، دەزگا ئەمنییەتیو ئینتیزامییەکانی بەهێز کردو خەڵکی هەژارو لادێنشینی لە ڕێگەی یارانەکانەوە لە دەوری خۆی

کۆ کردەوە. لە دیپلۆماسیی ئێراندا بووە هۆی ئەوە کە دۆژمنانی کۆماری ئیسلامی لەسەر دژایەتیکردنی ئێران سوورتر و یەکگرتووتر بن. سەرەنجام دەوڵەتداریی ئەحمەدینەژاد گەمارۆیەکی ئابووریی وێرانکەری تووشی ئێران کرد. هەروەها لە خولی دووەمی بەریڤەبردنەوەی خۆی بۆ سەرۆک کۆماری لە ساڵی ١٣٨٨دا خامنەیی تووشی هەڵەیەکی مێژوویی کرد. دەستێوەردانی خامنەیی لە هەڵبژاردنەکان لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندی ئەحمەدینەژاددا ڕێبەری لە لای ڕیفۆرمخوازانی دەوڵەتی لە ڕێبەربوون خستو بەرپرسیارەتیی ڕووداوەکانی دوای ساختەکاری هەڵبژاردنی ساڵی ١٣٨٨ی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی خامنەیی کردەوە. خامنەیی بە دەستێوەردانی ڕاستەوخۆ لە ساختەکاریی هەڵبژاردنی خولی دووهەمی ئەحمەدینەژاددا ئەو دەرەتانەشی کە بۆ کۆمەڵێک لە بژاردەی سیاسی هەبوو تابتوانن لە ئاستێکی خوارتر لە بەرێوەبەریی وڵاتدا ململانێو بەشداری بکەن لە نێو برد. هەر بۆیە خامنەیی بۆ کۆمەڵێک لە بژاردەی سیاسی، کە لە سەقامگیریی ئەو نیزامەی ئەو تێیدا ڕێبەر بوو هاوکارو یارمەتیدەر بوون، بوو بە هەڕەشەیەک. هەڵگەڕانەوەی ئەحمەدینەژاد لە خولی دووەمی سەرکۆماری خۆیدا لە ڕێبەر، بە شێوەیەکی ئاشکرا لە هەوڵی ئەحمەدینەژاد بۆ گۆڕینی وەزیری ئیتتلاعات دەستی پێکردو خەساری ئەو هەڵەیەی خامنەیی دوو قات کرد. ئەو بابەتە ئەوەی دەرخست کە خامنەیی نە تەنیا وەک »ولی فەقیە« بەڵکوو وەک بەڕێوەبەرێکیش ئەو تواناو تێگەیشتنە سیاسییەی نیە کە لە نێوان ئەو بەشانەی لە چوارچێوەی سیستمی کۆماری ئیسلامیدا بەشداری دەکەن بالانس و هاوسەنگی دروست بکا. چاوخشاندن بە مێژووی هاوپێوەندیی «ولایت فقیە»- کۆمارییەتدا ئەوە نیشان دەدا کە ڕوانگەی کۆمەڵێک هێزی ئۆپۆزیسیۆنی پەراوێزخراو بە تەواوەتی نادروستە کە هەرچەشنە بەشدارییەک لە هەڵبژاردندا بە واتای ڕەواییبەخشینو سەقامگیرکردنی کۆماری ئیسلامی لە قەڵەم دەدەن. ئەو ڕوانگەیە هەر بەو ڕادەیە ئێدئۆلۆژیکو ساویلکانەیە کە خامنەییو قاڵبووەکانی نێو ویلایەت پێیان وایە هەر بەشدارییەکی خەڵک «مستێکە لە دەمی ئەمریکاو ئیستکباری جیهانی».

بۆیە هەر هێزێکی سیاسی، چ ئۆپۆزیسیۆنێکی نێوخۆیی بێو چ هێزێکی سیاسی نایاسایی کە ناوەندەکەی لە دەرەوەی ئێرانە، مادام دەیەوێ لە کایەسیاسییەکاندا کاریگەریی هەبێو خاوەنی ڕوانگەیەکی دروستو عەقلانی بە نیسبەت هەڵبژاردنەوە بێ، پێویستە ئەو خاڵانە لە بەرچاو بگرێ:

١- هەڵبژاردن بەدەر لە ئازادو دادپەروەرانەبوون، میکانیزمێکە بۆ شەرعییەتوەرگرتن. هەر میکانیزمێکو هەر هەڵبژاردنێک، کە پۆتانسیەلی ڕەواییبەخشینی هەبێ، توانای خەوشدارکردنو قەیراندروستکردنیشی دەبێ. دروشمەکان، وتارو هەڵسوکەوتەکان لە ڕەوتی هەڵبژاردندا پێکەوە بەشدار دەبن لەوەی کە ئاسۆی ئەو سیستمە سیاسییە دەستنیشان بکەن.

٢- بەشداری لە هەڵبژاردندا نەخشەیەکی دیاریکراوی کۆرتخایەن بە دەرئەنجامێکی دیاریکراو نیە. هەڵبژاردن پرۆسەیەکە کە ڕێژیم بە ڕوانگەیەکی ئەمنییەتی هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکا. ڕێژیم لە پرۆسەیەکی ئەمنییەتیدا کات، هێزی ماددیو میدیایی تەرخان دەکا بۆ ئەوەی خەڵک بە شێوەیەکی سیاسیو مەدەنی بە چۆکدا بێنێو بە خەڵکی جیهان نیشان بدا کە ئەو ڕێژیمە بە میکانیزمێکی مەدەنیو دیموکراتیک بە سەر خەڵکدا حکوومەت دەکا. بەڵام هیچ مسۆگەریش نیە کە ڕێژیم حەتمەن لەو پرۆسەیەدا سەرکەوتن بە دەست بێنێ. بۆ نموونە ئاکامی هەڵبژاردنی خولی دەیەم سەرتر لە بوونەوەی کەسێک



سەرچاوە
Serchawe

بە ناوی ئەحمەدینەژاد بە سەرکۆمار ئەوە بوو کە ڕاگەیاندنی سەرکۆمار لە لایەن نیزامەوە لە لایەن خەڵک قبووڵ نەکرا. واتە ڕێژیم دەسەڵاتدارێکی سیاسی - مەدەنی نەبوو.

## فەزای ئێستای هەڵبژاردن

ئێستا فەزای هەڵبژاردن لە نێوخۆدا بە سەر سێ گرووپی سیاسی بەیتی ڕێبەڕی، ڕەفسەنجانیو دەوڵەتدا دابەش بووە. بەیتی ڕێبەڕی لە لایەن چەند نوێنەرێکەوە وەک سەعیدی جەلیلی، حەدادی عادل، عەلی ئەکبەری ویلایەتیو سەردار قالیباف نوێنەرایەتی دەکرێ. بە ئەگەری زور ئەو گرووپە لە درێژەدا لە پێناو یەکگرتوویی زیاتری لە بەرامبەری گرووپی ڕەفسەنجانیو دەوڵەتدا تەنیا یەک یان دوو کەسیان لە گۆرەپانەکەدا دەمێننەوە کە سەعیدی جەلیلیو قالیباف شانسێکی زیاتریان هەیە.

گرووپی دووهەم گرووپی ڕەفسەنجانییە کە جگە لە کارگوزارانو لایەنگرانی دێرینی خۆی ئێستا لە پشتگیریی ڕێفورمخوازانیش بەهرەمەندە. هەروەها ڕەفسەنجانی، بە پێی ئەو ڕەنگدانەوی کە دوای ناونووسییەکەی بۆ بەشداری لە هەڵبژاردنی سەرکۆماریدا لە زور لە ماڵپەرە گرنگەکانی وەک تایمزو واشینگتون پۆستو ... دەرکەوت، لە لایەن ڕۆژئاواوە پشتگیریی لێدەکرێ چونکە پێیان وایە ئەو دەتوانێ قۆناخێکی هێورتری سیاسی لە ئاستی نێوخۆییو جیهانیدا دەست پێبکا.

گرووپی سێهەم گرووپی ئەحمەدینەژادە کە ڕەحیم مەشایی وەک کاندیدی خۆی ڕاگەیاندوە. ئەحمەدینەژاد لە ڕۆژی ناونووسیی مەشاییدا ڕایگەیاند کە مەشایی یانی ئەحمەدینەژادو ئەحمەدینەژادیش یانی مەشایی. ئەوەش بە واتای تەرخانکردنی هەموو توانای دەوڵەت بۆ سەرخستنی مەشاییو هەروەها بەردەوامیی تەمەنی دەوڵەتی ئەحمەدینەژاد لە فۆرمی دەوڵەتی مەشاییدا دێ. مودێلی ئەحمەدینەژاد - مەشایی نە تەنیا لە ڕووی هەوڵی ئەو دوو کەسە بۆ پاسدانی پۆستی سەرکۆماری بە یەکتر لە مودێلی پووتین - مێدیێدێڤ دەچێ، بەڵکوو لەو ڕووەوە کە ئەو گرووپەش بە هێنانەئارای «مەکتەبی ئێرانی» هەوڵی سڕینەوەی ڕووحانییەت لە سیستمی سیاسی دەداو دەیەوێ فەزای نیزامی - ئەمنییەتی توندتر بکا لە مۆدێلی پووتین - مێدڤێدێڤ دەچێ. هەرچەند ئەگەری پەسندکردنی سەلاحییەتی مەشایی لە لایەن شوورای نیگابان کەمەو بەرپرسەکانی دیکەی ئەو گرووپەش وەک محەممەدڕەزا ڕەحیمیو عەلی جەوانفیکر شانسی سەرکەوتنیان لە ململانێکانی هەڵبژاردندا کەمە. وەڵامدانەوە بەو پرسیارەش کە گرووپی دەوڵەت لە ئەگەری ڕێگەنەدانی شوورای نیگابان بە مەشایی بۆ بەشداری لە هەڵبژاردندا چ ئیستراتژی یان دژکردەوەیەکی دەبێ دژوارە.

کەوایە هەڵبژاردنی خولی یازدەی سەرکۆماری هەڵبژاردنێکی دیموکراتیکتر لە هەڵبژاردنەکانی پێشووتر نیە، بەڵام بە هۆی ئەوەی کە ستادی هەڵبژاردن لە نێوان دەوڵەتو کەسانی سەربەڕێبەریدا دابەش بووە ئەنجامدانی ساختەکاری دژوارترەو لە دۆخی ئێستادا بەکارهێنانی مافی ڤیتۆی ڕێبەڕ بۆ دیاریکردنی سەرکۆماریش ڕیسکێکی سیاسی گەورەیە.

## ئیستراتیژی کورد بۆ هەڵبژاردنەکان

بۆ هێزێکی سیاسیی کوردی کە بەدەر لە دروشمی ڕووخانی کۆماری ئیسلامی دەیەوێ لە ڕێگەی هەڵوێستەکەی لەو هەڵبژاردنەدا پێگەو دۆخی کورد باشتر بکا جگە لەو تێبینیو خاڵانەی ئاماژەی پێکرا، ئەم خاڵانەش گرنگن:

١- بە کۆتاییهاتنی تەمەنی کۆماری ئیسلامی لە ئێراندا مەسەلەی کوردو کێشەکانی ئەو نەتەوەیە کۆتایی پێنایە. لە ڕوانگەیەکی ستراتژیکەوە لە هەر دووک ڕێژیمی پاشایەتیو کۆماری ئیسلامیدا ناوەندێکی سیاسی، ئابووری، قانوونیو ئیداری بەهێزتر لە دەرەوەی جوغرافیای کوردستان هەبووە کە بە شێوەیەکی دیموکراتیکو وەک نەتەوەیەک هەڵسوکەوتی لەگەڵ کورد نەکردوە. دەکرێ هەر ئەو ڕستەیە بەو شێوەیەش بڵێین کە ئاکامی بزووتنەوەی کوردایەتی لەو بازنەیە لە مێژوودا ئەوە بووە کە کوردستان لە هێندێک ماوەی زەمەنیی کورتو پچڕپچڕدا ناوەندێکی سیاسی بووەو گەشەی سیاسیی کردوە، بەڵام بەو ڕادەیە نەبۆتە ناوەندێکی ئابووریو ئیداریو.... کەواتە بزووتنەوەی نەتەوایەتی لە بواری سیاسیدا توانیویەتی هاوسەنگییەک لە نێوان ناوەندیەتیی سیاسیی کوردستانو ناوەندیەتیی سیاسیی تاراندا دروست بکا، بەڵام نەیتوانیوە کوردستان بکاتە ناوەندێکی ئابووریو ئیداری کە توانای کاریگەریو گوشار بۆ سەر تارانی هەبێ. ڕەنگە نەتەوەیەک کە لە ئێراندا ڕەوتێک لە بەناوەندبوونی پێچەوانەی بە نیسبەت کوردستان بڕیوە نەتەوەی تورک بێ. تەورێز کە لە دەورانی مەشرووتەدا ناوەندێکی سیاسی بوو لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا بوو بە ناوەندێکی ئابووری-ئیداری. ئەگەر ئەو مانگرتنە جەماوەریو مەدەنییانەی لە کورستان بەڕێوە چوون، لە تەورێز بەڕێوە چووبان، ئەو مانگرتنە نەک پەیامێکی سیاسی سەمبۆلیک بەڵکوو پەیامێکی سیاسی - ئابووریی کاریگەر دەبوو. ئەوەی ئێستا بۆ ناسیۆنالیزمی کوردی دەبێ غەمی یەکەمو سەرەکی بێ بە ناوەندکردنی ئابووریی کوردستانو گەشەی ئابووریی کوردستانە.

٢- کەلکوەرگرتن لە چەمکی «خیانەت» بۆ پێناسەکردنی کردەوەی بەشداریکردن لە هەڵبژاردندا لە عەقلانییەتێکی سیاسییەوە سەرچاوە ناگرێ. شۆڕشگێڕێک پێویستە مێژووی نەتەوەکەی لە یاد نەکا، بەڵام هەڵەیەکی گەورەیە ئەگەر بڕیاری سیاسیی خۆی لە بازنەیەکی مێژوویی هەڵێنجێ. گۆمان لەوەدا نیە کە تیرۆری ڕێبەرانی کورد دەبێ بۆ هەمیشە لە یادنەکراوو مەحکوومکراو بێ، بەڵام لە سەر بنەمای ئەو تیرۆرانە ناکرێ کورد خۆی مەیدانی سیاسەت بە ڕووی خۆیدا تەنگ بکاتەوە. ڕەنگە باشترین نموونەش بۆ ئەو بابەتە پراکتیکی سیاسیی ڕێبەری نەمر دوکتور قاسملوو بێ. لە دەورانێکدا کە دوکتور قاسملوو لە کەسە هەرە دیارەکانی گۆڕەپانی سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو لە لایەن خومەینییەوە فتوا بە دژی خەڵکی کوردستان دراو لە لایەن ئەو کەسانەوە کە ئێستاش هەر لە مەیدانی سیاسەتکردنی ئەو ڕێژیمەدان پشتگیریی لێکراو بەڕێوە برا. ڕێبەری نەمر ئەو نەهامەتییەی بە سەر گەلی کورد هات لە یاد نەکرد، بەڵام دەرگای ئەگەری پێشڤەچوونی مەسەلەی کوردی بە بینینو خوێندنەوەی دووبارە بۆ کوردکوژانی دوێنێ کراوە هێشتەوە.

**تێبینی:**

ئەم وتارانەی لە لینکی" بیروڕای ئازاد" دا بڵاو دەبنەوە، تەعبیر لە راو بۆچوونی نووسەرەکانیان دەکەن و "کوردستانوکورد"



سەرچاوە
Serchawe

وەک ڕێز دانان بۆ بیروڕای ئازاد دەیانخاتە بەر نەزەریخوێنەران.

له ژماره ٦٠٨ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوه.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی مای ٢٠١٣

---------------------------------------------------

## هەڵبژاردنی ٩٢ بەردەوامیی دەسەڵاتی کۆنەپارێزان

شووڕای نیگابان لە ٦٨٨ کەس کە بۆ هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری ناونووسی‌یان کردبوو تەنیا ڕێگەی بە ٨ کەس دا لەگەڵ یەکتر بۆ بە دەستهێنانی پۆستی سەرکۆماری ململانێ بکەن. پێش ئەوەی بچینە سەر ئەو بابەتە کە ئەو ٨ کەسە چکەسانێکن‌و ئەو باسانە کە تا ئێستا هێناویانەتە ئاراوە چین، پێویستە هەڵوێستە لەسەر ئاکامەکانی ڕێگەنەدان بە بەشداریی ڕەفسەنجانی‌و رەحیم مەشایی بکەین.

### ڕەفسەنجانی ئالتێرناتیوێک بۆ نیزام‌و خامەنەیی

ڕەفسەنجانی، کە بە وتەی خۆی بە بێ رەزامەندیی ڕێبەر ناونووسیی نەکردوە، لە لایەن شووڕای نیگابانەوە ڕەت کرایەوەو ڕێبەریش هیچ پشتگیری‌یەکی لێنەکرد. دیارە باشتر وایە کە بڵێین ڕەفسەنجانی بە فەرمان‌و ڕاسپاردەی ڕێبەر ڕەت کرایەوە. یەکێک لە خەسارەکانی ڕەتکردنەوە ڕەفسەنجانی لە درێژخایەندا ئەوە دەبێ کە مردن یان نەمانی خامەنەیی وەک ڕێبەری ئێستای نیزام، کۆماری ئیسلامی تووشی قەیرانێکی زۆر گەورەتر لە مردنی خومەینی دەکاتەوە. ڕەتکردنەوەو دژایەتیی ڕەفسەنجانی لە لایەن کۆمەڵێک گرووپی نیزامی-ئیتتلاعاتیی سەر بە بەیتی ڕێبەری‌یەوە لە دوای مردنی خامەنەییش بەردەوام دەبێ. هەروەها ڕەفسەنجانییش نیشانی داوە کە ڕەگوریشەی لە نێو نیزامدایەو لە لایەن گرووپگەلێکەوە پشتگیری دەکرێ. ڕێگەنەدانی خامەنەیی بۆ دروستبوونی ئالتێرناتیوی ڕێبەری ڕاستە هەڕەشە لە سەر پێگەی کەسایەتیی خامەنەیی کەم دەکا بەڵام کێشەکانی دوای مردنی خامەنەیی قووڵترو گرووپەکانی سەر بە ڕەفسەنجانی‌و خامنەیی ڕووبەرووی یەکتر دەکاتەوە.

### پاکسازیی دەوڵەت

ئەحمەدی‌نەژاد کە لە ڕۆژی ناونووسیی مەشاییدا دەیگوت «مەشایی یانی ئەحمەدی نەژادو ئەحمەدی‌نەژادیش یانی مەشایی»، لە دوای ڕەتکردنەوەی مەشایی لە لایەن شووڕای نیگابانەوە، نەی‌توانی یان نەیویست کە هیچ نارەزایەتی‌یەک

دەرببڕێ. لە هەر دوو حاڵەتدا واتە چ نەیتوانیبێ و چ نەیویستبێ نارەزایەتی دەربڕێ، بە کۆتاییهاتنی ماوەی سەرکۆماریی ئەحمەدینەژاد پاکسازییەکی گەورە لە نێو دەوڵەتدا دەست پێدەکا. لە باشترین حاڵەتدا ئەحمەدینەژاد ڕووبەڕووی دادگا ناکرێتەوە یان چارەنووسێکی هاوشێوەی کەڕووبیو مووسەوی نابێ، بەڵام دەبێ مالئاوایی لە گۆڕەپانی سیاسەت بکا. ئەو پاکسازییە هێندێک لە بەرپرسانی دەوڵەتی ئێستا تووشی زیندان دەکا، هێندێکیان لە سەر کار لادەباو ڕەنگە کەسانێکیشیان ئاوارەی ئورووپا بکا. ئەوەش قۆناخێکی گرنگ لە هەڵوەرینی کەسانی دەوڵەتی لە نێو کۆماری ئیسلامیدا دەبێ.

## هەشت کاندیدو دوو گرووپ

لە نێوان ٨ کاندیدی پەسندکراو لە لایەن شووڕای نیگابانەوە دەکرێ دوو دابەشبوونی سیاسی یان دوو گرووپ دەستنیشان بکەین. گرووپی یەکەم کە خۆی بە ڕێفورمخوازانەوە دەبەستێتەوە، بریتین لە محەممەدڕەزا عارفو حەسەنی ڕووحانی. گرووپی دووهەم کە خۆیان بە بەرەی کۆنەپارێزانەوە دەبەستنەوە بریتین لە عەلی ئەکبەری ویلایەتی، سەعیدی جەلیلی، غولامعەلی حەداد عادل، موحەممەد باقر قالیباف، موحسن ڕەزاییو محەممەد غەرەزی.

## گرووپی یەکەم

نە محەممەدڕەزا عارفو نە حەسەن ڕووحانی نوێنەرێک نین کە لە لایەن بەرەی ڕێفورمخوازانو خەڵکی نارازییەوە متمانەیەکی گەورەیان پێبکرێ. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە تاکوو ئێستا ئەو دوو کەسە پشتگیرییان لە کەڕووبیو مووسەوی نەکردووەو ڕەخنەکانی خۆیان ڕووبەڕووی خامەنەیی نەکردۆتەوەو تەنیا ڕەخنەیان ئاراستەی دەوڵەت کردوە. بەو پێیە خودی کەسێتیو پێگەی ئەو دوو کەسە لەو ئاستەدا نیە کە بتوانن لە نێو خەڵکی ڕێفورمخوازو نارازیدا دەنگێکی زۆر بێننەوە. لە درێژەی ماوەی ململانێکانی هەڵبژاردندا چەند هۆکارێک دەتوانێ دەنگی ئەو دوو کەسە زیاد یان کەم بکاتەوە. یەکەم ئەو بابەتانەی خۆیان لە دیمانە تەلەڤیزیۆنییەکاندا دەیانهێننە بەر باس. تاکوو ئێستا ئەوان قسەیان لە باشترکردنی دۆخی ئابووریو گۆڕینی دیپلۆماسیی ئێران کردووەو ئەو قسانە نە توانیویانە جیاوازییەکی گەورە لە نێوان ئەوانو گرووپی دووهەمدا دروست بکاو نە توانیویانە فەزای هەڵبژاردن لە بەرژەوەندیی ئەوان گەرم بکەن. دووهەم پشتگیریی ڕەفسەنجانیو خاتەمی لەو دوو کەسەو کشانەوەی یەکێک لەو دوو کەسە دەتوانێ قورسایی ڕێفورمخوازان لەو هەڵبژاردنە زیاد بکا. تاکوو ئێستا هاوکاریو پلانێکی هاوبەش لە نێو عارفو ڕووحانیدا نابینرێو خاتەمیو ڕەفسەنجانییش پشتگیرییەکی ئاشکرایان لە هیچ کامیان نەکردوە. لە ڕاستیدا ڕەفسەنجانیو خاتەمی ئێستاش لە شۆکی ڕەتکردنەوەی سەلاحییەتی ڕەفسەنجانیدانو دەبێ چاوەڕێ بین کە ئایا لەمەودوا دەبێ لە مێژوودا بۆ ڕێفورمخوازان بگەڕێین.

## گرووپی دووهەم

گرووپی دووهەم بە سەر چەند کەسێکدا دابەش دەبێ کە لە نێوان ئەو پێنج کەسەدا دەکرێ لە ئێستاوە موحەممەد غەرەزی



سەرچاوە
Serchawe

وەلا بنێین چونکە ئەو هەڵبژاردنە بۆ ئەو تەنیا ئەو قازانجەی دەبێ کە زیاتر بناسرێ. سەعیدی جەلیلی یەکێک لەو پالێوراوانەیە کە لە نێو بەرەی کۆنەپارێزاندا شانسێکی زۆری هەیە. جەلیلی کە بە وتەی سادق زیباکەلام هەر ئەو مەحموودی ئەحمەدینەژادەیە کە لە دەورەی یەکەمی خۆیدا باسی لە ئیسلامی نابی موحەممەدیو فەلەستین و... دەکرد، ناوی گرووپی تەبلیغاتیی خۆی ناوە «ستاد حیات طیبە»و بە گۆتارێکی خەستی ئیسلامی هێزە هەرە توندڕەوەکانی نێو بەرەی کۆنەپارێزانی وەک ئەنساری حیزبوڵڵا بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە. هەلومەرجی جەلیلی لە دەوری یەکەمی هەڵبژاردندا باشتر دەبێ هەتا لە دەوری دووهەم چونکە سێ کەسی دیکەی نێو بەرەی کۆنەپارێزان حەشیمەتێکی دەنگدەریان نیە کە بە دڵنیایییەوە دەنگ بەوان بدەن، بەڵام جەلیلی دەنگی توندڕەوە ئیسلامییەکان بە بێ بەشکردن لەگەڵ کاندیدەکانی دیکە بە دەست دێنێ.

موحەممەدباقری قالیباف بە پێچەوانەی جەلیلی لە دەوری دووهەمدا شانسی زیاترە چونکە ئەگەر هەلبژاردن بچێتە دەوری دووهەم بەشێک لە دەنگی کاندیدە ڕیفۆرمخواز یان کۆنەپارێزەکان بۆ ئەو دەگەڕێتەوە. ئەو کە ئێستا شارەداری تارانە نیشانی داوە کە کەسێکی تێکنۆکراتەو هەوڵ بۆ باشترکردنی دۆخی ئابووریی وڵاتو دەرهێنانی دیپلۆماسیی ئێران لەو ئیفلیجییە کە تێی کەوتوە دەدا. قالیباف، ویلایەتیو حەدادی عادل ئەگەر یەکدانەیان بمێنێتەوەو دوو کەسەکەی دیکە پشتگیریی لە یەک کەس بکەن قورساییەکی یەکجار زورتریان دەبێ. عەلیئەکبەری ویلایەتی بە هۆی ئەوەی ماوەی ١٦ ساڵ لە دەورانی سەرکۆماری خامەنەییو ڕەفسەنجانیدا وەزیری دەرەوە بووە، توانای حکوومەتداریی هەیەو هەروەها ڕاوێژکاری خامەنەییەو لە پشتگیریی ئەو بەهرەمەندە. موحسین ڕەزایی یەکی دیکە لە کاندیداکانی بەرەی ڕیفورمخوازان هیندێک پشتگیریی لە نێو سپادا هەیەو لە نێو خەلکی بازاڕیو دەوڵەمەندیش هێندێک پێگەی هەیە، هەرچەند ئەو باسی جیاجیا تەنانەت باسی فێدرالیزمی ئابووریی هێناوەتە ئاراوە، بەڵام چونکە زیاتر وەک ڕۆخسارێکی سپاهی-ئابووری ناسراوە شانسی بۆ گەیشتن بە دەوری دووهەمیش کەمە. بە نیسبەت حەدادی عادل کە سەرۆکی پێشووی پارلمانی ئێران بوو دەنگدەرێکی ئەوتۆی لە ئاستی وڵاتدا لە نێو هیچ چین یان گرووپگەلێکدا نیە. باشترین کارێک کە حەدادی عادل دەتوانێ ئەنجامی بدا ئەوەیە کە لە بەرژەوەندی ویلایەتی یان قالیباف بکشێتەوەو بەم کارە هەم شانسی ئەوان بۆ سەرکەوتن بەرێتە سەرێو هەم شانسی خۆی بۆ وەرگرتنی پۆستێکی گرنگ لە دەولەتی داهاتوودا زیاتر بکا.

هەرچەند ڕەتکردنەوەی ڕەفسەنجانیو مەشایی بەرەی ڕیفورمخوزانو نارازییانی تا ڕادەیەکی زۆر لاواز کرد، بەڵام نەکشانەوەی کاندیداکانی بەرەی کۆنەپارێزانو زۆریی ئەوان شانسی دوو کەسی گرووپی ڕیفورمخواز زیاد دەکا.

لە ژمارە ٦٠٩ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی جوونی ٢٠١٣

---------------------------------------------------

## دوو ڕووی دراوێک، لووتبەرزیو تێکشکانی سیاسی

هۆکارو دەرئەنجامەکانی نارەزایەتی‌یەکانی زیاتر لە دوو هەفتەی ڕابردووی تورکیە چین؟ بە چ هۆیەک پارتی دادو گەشەپێدان کە براوەی هەڵبژاردنێکی دیموکراتیک بووەو ڕەوایی جەماوەریی هەیە، ڕووبەڕووی ڕەخنەو نارەزایەتیی توندی بەشێک لە جەماوەری تورکیە دەبێتەوە؟ دیارە ئەو نارەزایەتی‌یانە ئەگەر بەردەوامیش نەبنو نەشبنە بەهاری تورکی، هەر هەتا ئێرەش کاریگەری‌یان لە سەر پێگەی ئەردوغان لە نێو پارتەکەیو جێگەی ئەو پارتە لە نێو کایەی سیاسیی تورکیەو دواجار پێگەی ناوچەییو جیهانیی تورکیە لە ئاستی جیهانیدا دەبێ. رامانی ئێمە لەو نارەزایەتی‌یانە نەک هەر لەو ڕوانگەیەوە پێویستە کە تورکیە وڵاتێکی گرنگی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاستە، بەڵکوو لەو ڕوانگەیەوەش پرپایەخە کە زۆرترین حەشیمەتی کوردو خاکی کوردستان لە پراکتیکی سیاسیی ئێستادا لە تورکیە هەڵکەوتوون.

### هۆکارەکانی ئەو نارەزایەتی‌یانە

١- چالاکانی مەدەنیو ژینگەپارێز ئەو هەوێنو توانایەیان هەبوو کە پشتگیری‌یەکی هەمەلایەنەی بەرەی نارازی‌یانی پارتی دادو گەشەپێدان بە دەست بێنن. سەرەتا ژمارەیەکی کەم لە ژینگەدۆستانو چالاکانی مەدەنی بە نیسبەت کردنی پارکی گەزی ئیستانبووڵ بە ناوەندێکی بازرگانی نارەزایەتی‌یان دەربڕی. دیارە ئەوە ڕاستە کە ئەو نارەزایەتی‌یانە دوای ئەوەی ئەو ژمارە کەمە لە نارازی‌یان ڕووبەڕووی سەرکوتی توندی پۆلیسی تورکیە بوونەوە ڕەهەندێکی جەماوەریی بەرینی پەیدا کرد، بەڵام هۆکاری سەرەکیی پەرەسەندنی نارەزایەتی‌یەکان ئەوە بوو کە ئەوکارە لە لایەن هیچ یەک لە حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆنەوە ڕێک نەخرابوو. کۆمەڵگەی تورکیە لە نێوان حەشیمەتی کورد، عەلەوی‌یەکان، بڕوادارانی ئاتاتورکو حەشیمەتی موسوڵمانی تورک دابەش بووە، بەڵام ئەو دابەشبوونە ڕەهەندێکی سیاسیی بەهێزتری هەیە. دوو حیزبی MHP و CHP وەک دوو حیزبی ئۆپۆزیسیۆنی تورکیە بە هۆی نادیموکراتیکبوونیان حیزبی BDP یان لە خۆیان دوور کردۆتەوەو هەروەها بە هۆی نەبوونی هاوکاریی سیاسی لە نێوان خۆشیاندا پارتی ئەردوغانیان بەهێزتر کردوە. پارتی ئەردوغان لە تەنیشت ئەوەی کە پارتێکی براوەی هەڵبژاردنە، پارتێکیشە کە ڕکەبەرو هاوتایەکی سیاسیی لە تورکیە نیە. هەربۆیە نارەزایەتی لە پارتی دادو گەشەپێدان شتێکی تازە نیە، ئەوەی تازەیە ڕێککەوتنی نارازی‌یان لە سەردەستی ژینگەدۆستانو چالاکانی مەدەنی‌یە.

٢- گەشەکردنی ئابووریو پێویستیی گەشەکردنی زیاتری سیاسی

لە ساڵی ٢٠٠٢ وە کە پارتی دادو گەشەپێدان دەسەڵاتی لە تورکیە بە دەستەوە گرتوە، تورکیە لە بواری توورپسم، ڕاکێشانی سەرمایەی دەرەکی، گەڕاندنەوەی نیزامی‌یان بۆ پادگانەکانیانو دابینکردنی خزمەتگوزاریی گشتی‌دا، سەرکەوتنی گەورەی بە دەست هێناوە. ئەوەی پێویستە سەرنجی بدەینێ ئەوەیە کە ئەو گەشەکردنە ئابووری‌یە نە تەنیا قەرەبووی

گەشەنەکردنی سیاسیی ئەو وڵاتە ناکاتەوە، بەڵکوو پێویستیی گەشەی سیاسیی ئەو وڵاتە زیاتر دەکا. زۆر لەو کەسانەی ئێستا داوای لاچوونی ئەردوغان دەکەن لە دەورانی گەشەی ئابووریی توکیەدا گەورە بوونو دەورانی نیزامییەکانیان نەبینیوە. هەروەها دەبێ سەرنج بدەینە ئەوە کە ئەمڕۆ خەڵکێکی زیاتر کارمەندە، خوێندکارە، لە بازاڕی ئازادو کەرتی تایبەتدا کار دەکا واتە لەو قۆناخەدا چینی مامناوەندیی تورکیە گەشەی کردوە. ئەو بەشە لە کۆمەڵگەی تورکیە حکوومەتی تورکیە لەگەڵ دەورانی پێشووی تورکیە بەراورد ناکا، بەڵکوو لەگەڵ وڵاتانی ئورووپایی بەراورد دەکا. پارتی دادو گەشەپێدان لە ماوەی دەسەڵاتداری خۆیدا جگە لەوەی سەرکوتی هەمەلایەنەی کوردستانی کردوە، بوارەکانی ئازادیی میدیا، چاپەمەنیو ڕێکخراوە مەدەنییە تورکەکانیشی بەرتەسک کردۆتەوە. ئەژمارێکی زۆر لە ڕۆژنامەنووسانی تورکیەو بە تایبەتی کوردەکانی خستۆتە زیندان. هەنووکە ژمارەیەکی زۆر پارێزوان، بە هۆی تۆمارکردنی ناڕەزایەتیی قانوونی لە دژی توندوتیژییەکانی دوو هەفتەی ڕابردووی پۆلیس، ڕاپێچی زیندان کراون. ئەوەی کە دەڵێم گەشەی ئابووریی تورکیە پێوستی گەشەی سیاسیی ئەو وڵاتە زیاتر دەکا بەو هۆیەیە کە تورکیە لە سەر سفرەی نەوت ناژیو ڕۆیشتنی سەرمایەی دەرەکی گوشارێکی گەورە دەخاتە سەر دەوڵەت. ئەو ناڕەزایەتییانەی دوو هەفتەی ڕابردوو ئابووریی دوو شاری ستراتژیکی تورکیە واتە ئانکاراو ئیستانبووڵیان وەستاندوەو هەروەها ئەو وێنانەی لە تورکیە بۆ جیهان بەرێ کراون سەرمایەی دەرەکی لە تورکیە دوور دەکاتەوە. هەر بۆیە ئەردوغان دەبێ کۆتایی بەو نائارامییانە بێنێ، ئێستا کە زمانی هەڕەشەو تۆقاندن کاریگەر نیە، جگە لە نەرمی نواندنو پاشەکشە چارەیەکی نیە. ئەو هەزاران ناڕازییەی لە ئیستانبووڵ و ئانکاراو شارەکانی دیکە بە دژی ئەردوغان دروشم دەدەن کێشەکەیان تەنیا کردنی پارکی گەزی بە ناوەندێکی بازرگانی نیە، بەڵکوو ئەوان پارکی گەزی وەک دەرفەتێک دەبینین تا لووتبەرزیی ئەردوغان، کە لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا لە بەرامبەر خواستو ئیرادەی نزیک بە نیوەی حەشیمەتی تورکیە ڕاوەستاوە، داتەپێننو ڕەخنە لە دەرکەوتنی تورکیە وەک ئیمپراتۆریی عوسمانی لە ناوچەکە بگرن.

## ئاکامەکانی ئەو ناڕەزایەتییانە

١- ئەو ناڕەزایەتییانە پێگەی ئەردوغان لە نێو پارتی دادوگەشەپێداندا دادەبەزێنێ. لەو دوو هەفتەیەدا هەرچەند ئەردوغان بە لووتبەرزییەوە ڕووبەڕووی ناڕازییان بۆتەوە، بەڵام عەبدوڵڵا گول بە هێمنیو بەرپرسیارەتی لەگەڵ کێشەکە هەڵسوکەوتی کردوە. چەند کەسێک لەو ناڕازییانە گیانیان لە دەست داوەو خەڵکانێکی زۆریش بریندار بوون یان گیراون. هەر بۆیە ئەوە سووژەیەکی میدیایی درێژخایەن لە دژی ئا کە پەو بە تایبەتی لە دژی ئەردوغان دەبێ. دابەزینی ئۆتۆریتەی ئەردوغان ئەگەری زیاترکردنی دەسەڵاتی سەرکۆماریش کەم دەکاتەوەو هەروەها ئەو ناڕەزایەتییانە کارنامەی ئابووری ئاکپارتی لە نێو بیروڕای گشتیی نێوخۆیی کەمڕەنگ دەکاتەوە.

٢- مۆدێلی دێموکراسیی تورکیو دەوڵەتی ئیسلامیی دێموکرات نەک شکست بەڵام ڕووبەڕووی گۆمانێکی گەورەی ناوچەیی دەبێتەوە. بەشێک لەو خەڵکەی ڕژاونەتە سەر شەقامەکانی ئانکاراو ئیستانبووڵ، لە سیاسەتی دەستتێوەردانی تورکیە لە سووریە لە پێناو جێگیرکردنی دەسەڵاتێکی سوننی ناڕازین. ئەو کەسانە هەبوونی ناکۆکی لەگەڵ ئیسرائیلو وڵاتانی دیکەی ناوچە بە نادروستو خەسارهەڵگر لە قەڵەم دەدەنو داوای کارکردنی زیاتر بۆ ئەندامەتیی تورکیە لە یەکیەتیی ئورووپادا



سەرچاوە
Serchawe

دەکەن. لەو چەند ڕۆژەدا دەوڵەتی تورکیە لەلایەن ئەمریکاو یەکیەتیی ئورووپاوە ڕەخنەی توندی لێگیراوەو لەوەش گرنگتر بیرورای جیهانی ئەو سەرکوتانەی بە دژی خەڵکی مەدەنی مەحکووم کردوە. لە ڕاستیدا ئایدیای مۆدێلی ئیسلامیو دێموکراسیی تورکیە نەک هەر بە تەنیا بە هەوڵی خۆی، بەڵکوو بە پشتگیری‌یەکی میدیاییو سیاسیی ڕۆژئاوا لەو شوناسە ناوچەییو جیهانی‌یە بەهرەمەند بووە. هەر چەند خوێنی زیاتر بڕێژرێ ئەو ئایدیایە لە ئاستی ناوچەییو جیهانی‌دا سیمایەکی ناشیرینترو ناپەسندتر پەیدا دەکا.

### کوردەکان و نارەزایەتییەکانی تورکیە

لە حالێکدا ئەو نائارامییانە بۆتە هۆی ئەوەی میدیای جیهانی زووم بکاتە سەر تورکیە، پارلمانتارانی BDP بە شێوەیەکی سەمبۆلیک بەشداریان لەو نارەزایەتییانە کردوە، وەک خەڵکانێکی دێموکرات کە ئەنجامدانی توندڕەوەی بەرامبەر بە نارازیانی تورک بە نادروست دەزانن و مەحکوومی دەکەن. بەڵام لە قۆستنەوەی ئەو دەرفەتەدا تا ڕادەیەک کەمتەرخەم و بێ پلان جووڵاونەتەوە. دەکرا هەموو توانای کوردەکانی دانیشتووی ئانکارا و ئیستانبۆل ڕێکبخەن تاکوو لە هەر وێنەیەک و مێژوویەک کە ئەو نارەزایەتییانە دروستی دەکەن کورد پشکێکی هەبێ. ئەوە دەکرێ دەرفەتێک بێ بۆ ئەوەی سایکۆلۆژی تاک و کۆمەڵگەی تورک بە نیسبەت کوردەوە بگۆردرێ. هەر چەند قورسایی ئوردووغان لە گۆرەپانی سیاسی‌دا لاواز بێ، قورسایی کورد لەو بەینەدا زیاتر دەردەکەوێ و کاریگەری دەبێ.

لە ژمارە ٦١٠ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی جوونی ٢٠١٢

---

## میسری ٢٠١٣، ئەلجەزایری ١٩٩٢

* شۆڕشەکان، شەڕ و کوشتوبڕ و توندوتیژییەکان ڕەنگە لە هەلومەرجی قەیراناویدا وەک پێویستییەک دەربکەون، بەڵام مێژوو فێرمان دەکا کە ئاکامەکانی ئەو چەشنە کردەوانە بە دەگمەن ئەوە دەبێ کە چاوەروان کراوە، هیچ دڵنیایی و تەنانەت ئەگەرێک بە ڕادەی پێویست بوونی نییە کە ئەو کردەوانە دەبنە هۆی باشتربوونی دوارۆژ.* ئایزایا برلین

میسر زیاتر لە دوو ساڵە بۆتە سەرچاوەی گۆڕانکاری و ئاسۆی سەقامگیری ئەو وڵاتەش ناروونە. میسرییەکان لە ساڵی ٢٠١١ دا دیکتاتۆری حوسنی موبارەک، سەرۆک کۆمارێک کە ٣٠ ساڵ حوکمی میسری کرد، ڕووخاند. بەڵام لە ساڵی ٢٠١٣دا سەرۆک کۆماری براوەی تاکە هەڵبژاردنی دێموکراتیکی مێژووی وڵاتەکەیان تەنیا پاش ساڵێک لە پیلانێکی هاوبەشی بەرەی

نارازیان و ئەرتەش لە سەر کار لابرا. نەمانی مورسی لە سەر دەسەڵات و زیندانی کردنی لە نێو کارناسانی سیاسیدا بە دوو دەستەواژەی کوودەتا و شۆڕشی دووهەم پێناسە دەکرێ. گۆڕانکارییەکانی میسر لە سێ ڕەهەندەوە گرینگە : یەکەم ئەوەی کە ئەزموونی میسر نوێنەرایەتی چ چەشنە پێوەندییەک لە نێوان سیستمی دێموکراسی و ئیسلامی سیاسی دەکا. دووهەم بابەت ئەوەیە کە ئاکامە ناوچەیی و جیهانیەکانی ئەو گۆڕانکارییانە چ دەبێ. سێهەم ئەوەیە کە ئێستا پاش تێپەڕینی کات و دەرکەوتنی هێندێک لە ئاکامەکانی گۆڕانکارییەکانی میسر دەتوانین پێناسەیەکی باشتری شۆڕشی میسر بکەین.

## کوودەتا یان شۆڕشی دووهەم

بەڕەی نارازیانی مورسی کە لە سیکۆلارەکان و حیزبی نوور پێکدەهات ڕەوایی لابردنی سەرۆک کۆمارییان بۆ دوو هۆکار دەگەڕاندەوە. ئەوان ئاماژەیان بەوە دەدا کە دۆخی ئابووری میسر باشتر نەبووە و ولات لە قەیرانێکی ئابووری دایە. هەروەها باسیان لەوە دەکرد کە موحەممەد مورسی لە ڕێگەی پەسەندکردنی یاسایەکی نادێموکراتیک هەوڵی قۆرخ کردنی دەسەڵاتی داوە و گوێ لە دەنگی خۆپێشاندانی چەند میلیۆنی خەلک نەگرتووە. ئەو بەرەیە کردەوەی سۆپای وەک یارمەتیدانی خەڵک و دێموکراسی لە قەلەم دەدا. دیارە هەر دووک پاساوهێنانەوە لاوازن چونکە هیچ مسۆگەرییەک نییە کە ئەگەر ئەحمەد شەفیق ببایە سەرۆک کۆمار ئێستا وەزعی ئابووری باشتر ببا.

ئێستا کە چەند ڕۆژێک لەو کوودەتایە تێدەپەڕی میدیا ڕۆژئاواییەکان وازیان لەوە هێنا کە وەزعی ئابووری میسر خراپە. لە ڕاستیدا گۆڕانکاری و شۆڕشێک کە بە گۆڕەپانی تەحریر، میدیا و ئەرتەش بکرێ ناتوانێ ئالتێرناتیوێک بۆ هەڵبژاردن بێ. ئەوەی لە گۆڕەپانی تەحریر بە نیسبەت لابردنی مورسی کرا کوودەتای ئەرتەش، بە کەلک وەرگرتن لە توندووتیژی خەڵکی ناهۆشیار، لە دژی دێموکراسی بوو. موسلمانەکان و بە تایبەتی ئیخوانولموسلمین خاوەنی جەماوەر و ڕەواییەکی نیشتمانی بەرفراوانە و ئەگەر ئەو هێزە بەو قەناعەتە بگا کە هەڵبژاردن ناتوانێ زەمانەتی تێکۆشانی ئەوان بکا ڕادیکالیزمی ئیسلامی، ئەو وڵاتە تووشی دوو جەمسەری ئیسلام و سکۆلاریسم دەکا. بە پێی ئەوەی ڕۆژی سێشەممە 16ی جووڵای حکوومەتی کاتی بە بێ بەشداری ئیخوانولموسلمین پێکهات و ڕێبەرانیان ئەو گرووپە سەرکوت کران و عەبدولفەتاح سیسی سەرۆکی ئەرتەش و کوودەتا وەک جێگری سەرۆک وەزیران دیاری کرا، میسر بەرەو ناسەقامگیری زیاتر هەنگاو دەنێ. ئەوەی ئێستا لە میسر ڕوو دەدا و ڕەنگە ڕوو بدا زور لو کوودەتای ئەرتەشی ئەلجەزایر لە سالی 1992 لە دژی بەرەی ڕزگاری ئیسلامی ئەلجەزایر کە لە هەڵبژاردندا زۆرترین کورسی بە بەراورد لەگەڵ گرووپە سیاسییەکانی دیکە هێنابووە. ئەو کوووەدتا ئەلجەزایری تووشی شەڕێکی نێوخۆیی درێژخایەن و خوێناوی کرد. بە نیسبەت ئیخوانولموسلمین دەبێ ئەوەمان لە بیر بێ ئەگەرچی ئەو گرووپە لە ڕوانگەی گرووپە سیاسیەکانی دیکەی میسر بە توووندوتیژ پێناسە بکرێ، بەڵام زورترین جەماوەری هەیە و دێموکراسی و حکوومەتی میسر ناتوانێ بە بێ ئەو جەماوەرە لە ڕەوایی و کارامەیی پێویست بەهرەمەند بێ.

## ئاکامە ناوچەییەکانی نەمانی مورسی

دوو بەرە بە شێوەیەکی بەرجەستە دەستێوەردان لە گۆڕانکارییەکانی میسر دەکەن. یەکەم ولاتانی ئەمریکا، عەرەبستان،



سەرچاوە
Serchawe

کوویت و ئیمارارتە و گرووپی دووهەم تورکیە یە. ڕۆلی عەرەبستان، کوویت و ئیمارات بە هۆی دانی بوودجەیەکی ماددی یەکجار زۆر بە ئەرتەشی میسر بەرجەستە بۆتەوە و بێ گومان ئەو ولاتانە نایانهەوێ میسری ئیسلامی پێگەی ئەوان لاواز بکا. لە لایەکی دیکە خۆپاراستنی ئەمریکا لە بەکارهێنانی وشەی کوودەتا بۆ گۆڕانکارییەکانی میسر هەم هۆکاری ناوخۆیی هەیە و هەم هۆکاری ناوچەیی. بە پێی یاسای ئەمریکا، ئەو ولاتە دەبێ هاوکارریەکانی رابگرێ ئەگەر لە ولاتێک کوودەتا روویدا. هاتنی ویلیام بێرنز جێگری وەزیری دەرەوەی ئەمریکاش بۆ میسر، ڕێک پێش لە راگەیاندنی حکوومەتی کاتی، نیشاندەری گرینگی ناوچەیی میسر بۆ ئەمریکایە. ئەمنییەتی ناوچە و بە تایبەتی ئیسرائیل، بازاری میسر و پێشگرتن لە گەشەی ئیسلامی سیاسی لە ناوچەکە ئامانجی دەستێوەردانی ئەمریکا لە میسرە. هەروەها قسەکانی ویلیام بێرنز لە میسر بە بەروارد لەگەڵ وتەکانی ئوباما کە داوای ئازادی مورسی کردبوو، گۆڕانی گۆتاری سیاسی ئەمریکاش دەگەیەنێ چونکە ویلیام بێرنز هیچ ئاماژەیەکی بە ئیخوانولموسلمین نەکرد. گەورەترین زەرەرمەندی ناوچەیی کوودەتای میسر دەولەتی تورکییە کە ئێستا پاش سەرنەکەوتن لە سووریە، مەجالی هەبوونی دەولەتێکی سوننی دوستیشی لە ناوچەکە لە دەست دا. دیپلۆماسی تورکیە دوو ڕێگای لە پێش دایە یان هەر وەک چۆن سپای ئازادی سووریە پێکهێنا بیێتە بە ناوەندی سیاسی ئیخوانولموسلمینیش یان ئەوەی کە پێناسەیەکی نوێ بەدەر لە دەرکەوتنی وەک ڕێبەرێکی سیاسی - ئسلامی ناوچەکە بکا.

## شۆڕشی میسر

لە شۆڕشی عەرەبی و یەک لەوان ولاتی میسر میدیا و تورە کۆمەڵایەتییەکان رۆڵێکی گرینگیان گێرا. ئەوە جیاوازییەکی گەورەی ئەو شۆڕشە بە بەروارد لەگەل شۆڕشەکانی فەرانسە، ئەمریکا و ... بوو. جیاوزییەکی گەورەتر کە ئێستا زیاتر دەردەکەوێ ئەوەیە کە شۆڕشی میسر شۆڕشێکە بنچینە و ژێرخایەنی فیکری نییە. ئێمە لە شۆڕشی میسردا هەر بە شالاو خەلک دەبینین کە رژاوەتە سەر شەقام. ئەوە لە حالێکدایە لە پشت شۆڕشەکانی پێشووی جیهان فەیلەسووف، روناکبیر و کتێبی گەورە ئامادە بوون کە جۆرێک لە بەردەوامی زیاتر و ناتوندوتیژی کەمتریان بەو شۆڕشانە دەبەخشی. ئەوە ئەوە دەگەیەنێ کە لە جیهانی ئێستادا ئامرازی گۆڕانخۆلقێن زور لە پێش ئایدیای گۆڕانخۆلقێنە واتە بە زمانێکی ساکارتر شۆڕشی میسر لە جەوهەرێکی نالۆژیکی زیاتر و هەر بەو پێیەش لە جەوهەرێکی توندوتیژتر بەهرەمەندە.

* سرشت تلخ بشر - ایزایا برلین ( ص ٣٨، ترجمه لیلا سازگار)

تێبینی:

ئەم وتارانەی لە لینکی" بیروڕای ئازاد" دا بڵاو دەبنەوە، تەعبیر لە راو بۆچوونی نووسەرەکانیان دەکەن و "کوردستانوکورد" وەک رێز دانان بۆ بیرورای ئازاد دەیانخاتە بەر نەزەریخوێنەران.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی جوولای ٢٠١٣



سەرچاوە
Serchawe

# پێشکەوتنی ژنان وەک ڕێبەرانێکی سیاسی

**وەرگێرانی لە ئینگلیزی‌یەوە**

یەکی نوامبەری ٢٠١٠ دیلما ڕۆسێف وەک سەرکۆماری بەرازیل هەڵبژێردرا. ئەو، کچی کۆچبەرێکی بۆلغارییایی، پارتیزانێکی شۆڕشگێر لە دەیەی حەفتا بوو کە بۆ ماوەی سێ ساڵ زیندانی بوو و بۆ ماوەی ٢٢ ڕۆژیش بە کارەبا ئەشکەنجە کرا. هەنووکە ئەو ژنێکی ڕێبەر و یەکێک لەو چەند ژنەیە کە لەم دوایانەدا لە لایەن خەڵکەوە هەڵبژێردراون بۆ ئەوەی ڕێبەرێی ئەمریکای لاتین بکەن.

نموونەی دیکە میشێل بەشیلێتە کە لە ساڵەکانی ٢٠٠٤ هەتا ٢٠١٠ سەرکۆماری شیلی بوو. ئەو کە بە پێنج زمان بە ڕەوانی قسەی دەکرد دوکتۆر و پسپۆڕی نەخۆشیی مندالان و ئێپیدێمۆلۆژیست بوو. میشێل کاتێک لە دەسەڵات کشایەوە بە ڕێژەی ٨٤% لە پشتگیری جەماوەری بەهرەمەند بوو. لە ئەرژانتین کریستینا فێرناندز، بێوەژنی نێستۆر کیرچنێر، لە ساڵی ٢٠٠٦ەوە سەرکۆمار بووە. ئەو لە سەرەتادا بە هۆی مودێلی قژ و دەستڕاوەشاندنی بۆ خەڵک لەگەڵ ئێڤا پرۆن بەراورد دەکرا. ئەو سێ ژنە لە ناوچەیەکی جۆغرافیایی هاوبەش نوێنەرایەتیی سەرکەوتووترین و پێشکەوتووترین نەتەوەکانی باشووری ئەمریکا دەکەن کە ٦%ی جۆغرافیا و هەروەها ٦٠%ی حەشیمەتی قاڕڕەی ئەمریکا پێک دێنن. لەمدوایانەدا بەشێکی گەورەی نیوکورەی جیهان، خاتوونێکی وەک کەسی یەکەمی خۆی هەبووە و هەیە. بە نیسبەت بەشەکانی دیکەی جیهان چۆن؟ لە ئاستی نێونەتەوەیی‌دا ٢٧ ژن لە پۆستی سەرۆکایەتی‌دان.

١- ئانگێرلا مێرکێل سەرۆکی ئەڵمان
٢- ئانتۆنێلا مۆلارۆنی سەرۆکی حکوومەتی سان مارینۆ
٣- بۆرجانا کریستۆ سەرکۆماری بوسنی‌وهەرزەگوڤین
٤- کریستینا فێرناندز سەرکۆماری ئەرژانتین
٥- دالیا گریباسکایت سەرکۆماری لیتڤانی
٦- دیلما رۆسۆ سەرکۆماری بەرازیل
٧- دۆریس لووسێرد سەرکۆماری کۆنفێدراسیۆنی سۆئیس
٨- ئێلێن جانسۆن سیریف سەرکۆماری لیبێریا
٩- ئیڤێتا ڕادیکۆڤا سەرۆکوەزیری سلۆڤاکیا
١٠- جەدراندرا کۆسور سەرۆکوەزیری کرۆواسی
١١- جووهەننا سیگۆرۆداتێر سەرۆکوەزیری ئیسلەند
١٢- جوولیا گیلارد سەرۆکوەزیری ئوستورالیا

١٣- کاملا پێرساد سەرۆکوەزیری ترینیدادو توباگو
١٤- لۆرا چینچێلا سەرکۆماری کۆستا ریکا
١٥- لووئیس لێیل سەرپەرستی گشتیی ئانتیگوا و باربۆدا
١٦- مەری کیوینیمی سەرۆکوەزیری فینلاند
١٧- ماری مەکئەلیس سەرۆکوەزیری ئیرلەند
١٨- میشێل باچێلێت سەرکۆماری شیلی
١٩- پائۆلۆ کۆکس سەرۆکوەزیری بێرمودا
٢٠- پێرلێت لووئیزی فەرمانداری گشتیی سەنت لووسیا
٢١- پۆرشیٚ سیمپسۆن میللێر سەرۆکوەزیری جامایکا
٢٢- پراتیبها پاتیل سەر کۆماری ئیندیا
٢٣- دوکتور کوێنتین برایس فەرمانداری گشتیی ئوستراليا
٢٤- روزا ئۆتونبیاڤا سەرکۆماری قەرقیزستان
٢٥- سارا وێسکات- ویلیامز سەرۆکوەزیری سەنت مارتێن
٢٦- شیخ هەسینا واجێد سەرکۆماری بەنگلادیش
٢٧- تارجا هالونێن سەرکۆماری فینلاند.

بێگومان هەموو ئەو ژنانە بە شێوەیەکی دێموکراتیک دەنگیان پێ نەدراوە. بۆ نموونە لێرەدا سێ سەرپەرشتیاری گشتی Governor Generals لە لایەن پادشای بریتانیا وەک نوێنەری نێوان ئەو وڵاتانە و بریتانیا دانراون. دیارە ئەو کەسانە هێزێکی نەک واقیعی، بەڵام سەمبۆلیکیان هەیە. بە پێچەوانە خاتوون ئۆتونبایا سەرۆکایەتیی قەرقیزستانی لە ڕێگەیەکی توندوتیژانەوە بە دەستەوە گرتوە، هەرچەند ئەگەر دادپەروەرانە تەماشای بکەین لە هەڵبژاردنێکدا کە لە پێشدایە پشتیوانیی لێدەکرێ.

سەرەڕای ئەو نارونیيانەش ژمارەی ڕێبەرانی ژنی ئێستا بەرەوپێشڤەچوونێکی تازەیە. هیچ ژنێک هەتا ساڵی ١٩٨٠ وەک سەرۆکی نەتەوەکەی هەڵنەبژێردراوە. بۆ یەکەمجار ڤیگدیس فینۆبۆگوداتێر، بەڕێوەبەری تیئاتری ریکجاڤیک، وەک سەرکۆماری ئیسلەند هەڵبژێردرا. ئەو بە بردنەوەی سێ هەڵبژاردنی ئەو وڵاتە بۆ ماوەی ١٦ ساڵ کورسیی خۆی ڕاگرت. هەر وەک فرانکلین رۆزڤێلت کە لە ساڵەکانی ١٩٤٠ بەمڵاوە دوو جارِ بە بێ رکابەر هەڵبژاردنی بردەوە و لە جاری سێهەمیشدا ٩٥%ی دەنگەکانی بەدەست هێنا.

ڤیگدیس، ژنێکی جیابۆوە لە مێردەکەی و دایکی کچێک، سی ساڵ لەمەوە پێش دیواری ڕەگەزیی نێوان ژن و پیاوی شکاند. لە ساڵی ١٩٨٠ەوە ٥٦ ژن بۆ وەئەستۆگرتنی بەرپرسیارەتیی بەرزی وڵات دەنگیان پێدراوە. زۆر نەتەوە وەک ئیسلەند، ئەرژانتین، فینلاند، ئیندیا، فیلیپین و... زیاتر لە ڕێبەرێکی ژنیان هەیە. ئیرلەند هەنووکە دوو جارە بە دوای یەکدا بە تامەزرۆییەوە سەرکۆماری ژن هەڵدەبژێرێ . کاتێک ماری مەک ئالیسیان وەک سەرکۆمار هەڵبژارد، لە پێنج پاڵێوراوی

کۆتایی چواریان ژن بوون و تەنیا یەک کەسیان پیاو بوو.

زۆرینەی ئەو ٢٧ ژنە ڕێبەرەی لە سەرەوە ئاماژەیان پێکرا، لە دوو ساڵی ڕابردوودا بە هێنانەوەی ٥٠%ی دەنگەکەکان سەرۆکی گەلی خۆیانن. بە دەستەوەگرتنی دەسەلاتی سیاسی لە لایەن ژنانەوە بە خێراییەکی زیاتر بەرەوپێش دەڕوا. لە هەموو گۆشەیەکی جیهاندا ژنان بەرەو پۆستی سەرۆکایەتی هەنگاو دەنێن.

ئاخۆ ئەوە جیهانە دەگۆرێ؟ ئایا ڕێبەرانی ژن هەر جمکی ڕێبەرانی پیاون لە پێگەیەکی یەکساندا یان ئامانجەکانیان لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ پرسی پەروەردە، تەندروستی، ئابووری، کەلتوور، هێزی چەکدار، خۆشەویستی و خێزان، ئەوان بەرەو شێوازی چاوەڕواننەکراو پەلکێش دەکا؟ چ ڕوو دەدا ئەگەر هێزی سیاسیی ژنان لەگەڵ هێزی سیاسیی پیاوان لە ئاستی جیهاندا یەکسان بێ؟ ئاخۆ ئەو بابەتە ژیانمان بەرەو دۆخێکی باشتر یان خراپتر دەبا یان ئەوەی کە »پێوەری بەختەوەری« هەر وەک خۆی دەمێنێتەوە؟ ئەگەر ڕێوشوێنی درێژخایەنی زاڵی پیاوسالاری بە ناڵەناڵەوە بەرەو کۆتایی بڕوا، شارستانیەتیی هاوبەش چۆن دەبێ؟

لینکی وتارەکە: http://www.wfs.org/content/women-advance-political-leaders

لە ژمارە ٦١٣ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بلاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی ئاگۆستی ٢٠١٣

---------------------------------------------------

## رووحانی و دەوڵەتی بنکە فراوان!

حەسەنی رووحانی یازدەهەمین سەرۆک کۆماری ئێران ١٨ کەسی بۆ وەئەستۆگرتنی پۆستی وەزارەت بە پارلمانی ئێران پێشنیار کرد کە پارلمانی ئێران لە رۆژی دووشەممە ١٢ی ئاگۆستی ٢٠١٣ دەستی بە تاوتوێ لێوەشایی هەر یەک لەو کەسانە کردو دەنگی ئەرێنی بە ١٥ وەزیری پێشنیارکراوی رووحانیداو سێ وەزیری پێشنیارکراوی خوێندنی بالا، پەروەردەو لاوانی رەت کردەوە. ئەو ١٨ وەزیرە پێشنیارکراوە ئاوێتەیەکن هەم لە ناکۆکیو هەم لە رێکەوتنی سیاسی لە نێو باڵو کەسایەتییە کاریگەرەکانی نێو کۆماری ئیسلامی ئێران. تێرامان لە کارنامەی حکوومەتداریو رەوانگەی سیاسی ١٥ وەزیری پەسندکراوی رووحانی و ٣ وەزیری رەتکراوەی، یارمەتیمان دەدا کە بتوانین باشتر ئاسۆی سیاسی دەوڵەتو نیزامی سیاسی ئێران لە ئاستی نێوخۆیی و جیهانیدا وێنا بکەین.

خشتەی خوارەوە خاڵە هەر گرینگەکانی رابردووی کاریو سیاسی هەر ١٨ وەزیری پێشنیار کراوی لە خۆ گرتووە. ئەو خشتە جەخت دەکاتە سەر خاڵی پسپۆری، ڕابردووی بەڕێوەبەریو پێگەی سیاسی ئەو کەسانە لە نێو ململانێی نێوخۆیی نیزامدا.

١- محەممەد عەلی نەجەفی وەزیری ڕەتکراوەی وەزارەتی پەروەردەو فێرکردن: دەرچووی بیرکاری زانکۆی شەریف و دوکتورای بیرکاری لە زانکۆی ام.ای.تی ئەمریکا (Massachusetts Institute of Technology) وەزیری پەروەردە لە سالەکانی ١٣٦٧ تا ١٣٧٦ لە دەورانی سەرۆک وەزیری میرحەسێنی موسەوی و سەرۆک کۆماری رەفسەنجانی راوێژکار لە دەوڵەتی خاتەمی و سەرۆکی بەرنامە و بوودجە.بە هۆی بەشداری لە ستادی هەڵبژاردنی مێهدی کەروبی لە ساڵی ١٣٨٨ و دەربڕینی هاودەردی لەگەڵ بنەماڵەی قوربانیانی نارەزایەتی ساڵی ١٣٨٨ لە لایەن مەجلیس رەتکرایەوە.

٢- مەحموودی واعزی وەزیری ئیرتیباتات و فەناوەری: کارناسی بالای ئێلێکترۆنیک و دوکتورای پێوەندی نێودەوڵەتی سەرۆکی کۆمپانیای موخابیراتی ئێران لە ساڵی ١٣٥٨ تا ١٣٦٥. جێگێری سیاسی ئورووپا و ئەمریکای وەزارەتی دەرەوە لە ساڵی ١٣٦٨ تا ١٣٧٦. جێگری ناوەندی لێکۆلینەوە دەزگای تەشخیسی مەسلەحەتی نیزام لە ساڵی ١٣٧٨ تا گەیشتن بە وەزارەت.

٣- مەحموودی عەلەوی وەزیری ئیتتلاعات: دوکتورای لە بواری شەریعەتی ئیسلام لە زانکۆی فیردەوسی مەشهەد، سەرۆکی بەشی عەقیدەتی - سیاسی ئەرتەش لە ساڵی ١٣٧٩ تا ١٣٨٨ بە فەرمانی ڕێبەری نیزام، نوێنەری خۆلی یەکەم، دووهەم، چوارەم و پێنجەمی شوورای ئیسلامی

٤- عەلی تەیییب نیا وەزیری ئابووری: دوکتورای ئابووری لە زانکۆی تاران، ماموستای ئابووری زانکۆی تاران لە ساڵی ١٣٦٨ هەتا بوون بە وەزیر، لە ساڵی ١٣٧٣ تا ساڵی ١٣٩٢ بە شێوەیەکی بەردەوام لە دەزگا و کۆمیسیۆنەکانی پێوەندیدار بە ئابووری بەشدار بووە. بە هێنانەوەی ٢٧٤ دەنگی پارلمانی ئێران لە کۆی ٢٨٤ نوێنەری پارڵمان، بوو بە ریکورددراى هێنانەوەی زیاترین دەنگی نوێنەرانی مەجلیس لە دوای شۆڕشی ئێرانەوە.

٥- محەممەد جەوادی زەریف وەزیری دەرەوە: دوکتورای پێوەندی نێودەوڵەتی لە زانکۆی دونوری ئەمریکا University of Denver، بالوێز و نوێنەری ئێران لە رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ساڵی ١٣٨١ تا ١٣٨٦، لە ساڵی ١٣٨٤ بەملاوە لە گرووپی دانۆستانی ئەتۆمی کۆماری ئیسلامی وازی هێنا. ئەو کەسێکی نزیک لە رەفسەنجانی و لایەنگری باشترکردنی پێوەندی ئێران - ئەمریکایە

٦- حەسەنی قازی زادە وەزیری تەندروستی: دوکتورای پزیشکی لە بەشی چاو لە زانکۆی مەشهەد، سەرۆکی زانکۆ پزیشکی تاران لە ساڵی ١٣٨٤، بەرپرسی ئەنجومەنی چشم پزیشکی ئێران لە ساڵی ١٣٩٠ تا کاتی بوون بە وەزیر.

٧- عەلی رەبیعی وەزیری کار: دوکتورای مودیرییەتی ئیستراتژیک. راوێژکاری بەشی کۆمەڵایەتی خاتەمی بۆ ماوەی 8 ساڵ



سەرچاوە Serchawe

لە محەممەدی خاتەمی نزیکە.

٨- مەحموودی حوجەتی وەزیری کشتوکاڵ: دەرچووی کارناسی عومران لە زانکۆی ئیسفەهان. وەزیری ڕێگاوبان لە خولی یەکەمی سەرۆک کۆماری خاتەمی. وەزیری کشتوکاڵ لە خولی دووهەمی سەرۆک کۆماری خاتەمی حوجەتی لە خاتەمی نزیکە.

٩- موستەفا پوورمحەممەدی وەزیری دادوەری: دوکتورای جێی گۆمان لە بەشی شەریعەتی ئیسلام. جێگری وەزیری ئیتتلاعات لە ساڵی ١٣٦٠. وەزیری نیوخۆ لە دەوڵەتی ئەحمەدی نێژاد لە ساڵی ١٣٨٤ تا ١٣٨٦ وەک یەکێک لە بەرپرسانی کوشتاری بە کومەلی زیندانیانی سیاسی لە دەیەی ٦٠ دەناسرێ. لەم ساڵانەی دوییشدا وەک بەرپرسانی سەرکۆتی خەڵک ناسراوە.

١٠- حوسێنی دیهقان وەزیری هێزە چەکدارەکان: دوکتورای مودیرییەت لە زانکۆی تاران. سەرۆکی کاروباری جانبازان و ئیسارگەران لە دەوڵەتی هەشتەم و نوهەم. جێگری وەزارەتی هێزە چەکدارەکان لە دەوڵەتی حەوتەم و هەشتەم.

١١- عەباسی ئاخوندی وەزیری ڕێگا و بان: دوکتورای ئابووری سیاسی لە زانکۆی ڕۆیال هالووی لەندەن Royal Holloway, University of London. وەزیری مەسکەن لە ساڵی ١٣٧٢ تا ساڵی ١٣٧٦.

١٢- موحەممەد ڕەزا نێعمەت زادە وەزیری بازرگانی و پیشەسازی: لیسانسی مەهەندیسی ژێنگە لە زانکۆی بێرکلی ئەمریکا University of California, Berkeley. وەزیری سەنایع لە ساڵی ١٣٦٨ تا ساڵی ١٣٧٦.

١٣- جەعفەری میلی مەنفەرید: وەزیری ڕەتکراوی خوێندنی بالا دوکتورای موهەندیسی بەرق لە زانکۆی پاریس. جێگری بەشی لێکۆڵینەوەی زانکۆی ئەمیر کەبیر لە ساڵی ١٣٧٢ هەتا ساڵی ١٣٧٦. بۆ ماوەیەکی کاتی سەرپەرەستی وەزارەوتی علوم لە ساڵی ١٣٨٢ ئەو لە مورە سەرەکییەکانی ڕێفورمخوزان لە کابینەی ڕووحانی بوو کە ڕەتکرایەوە.

١٤- عەلی جەننەتی وەزیری کولتوور و ڕوشنبیری ئیسلامی: شەریعەتی ئیسلامی خوێندوە و روون نییە چ ئاستێکی لەو بوارەدا تەواو کردوە. ١- کوری ئەحمەدی جەننەتییە کە ئێستا سەرۆکی تەشخیسی مەسلەحەتی نیزامە ٢- باڵوێزی ئێران لە کویت لە ساڵی ١٣٧٧ تا کۆتایی دەوڵەتی خاتەمی لە ساڵی ١٣٨٥ تا ١٣٨٩ دیسان باڵوێزی ئێران لە کویت بووە.

١٥- عەبدولڕەزا ڕەحمانی فەزل وەیری نێوخۆ: دوکتورای جۆغرافیای لە زانکۆی تەربییەت مودەرریس. سەرۆکی دیوانی موحاسیباتی ئێران لە ساڵی ١٣٨٧ تا کاتی بوون بە وەزی. لە چەندیندەرەدا بەرپرسیارەتی جیاوازی لە بەشی دەنگ و ڕەنگی ئێران بووە. لە عەلی لاریجانی سەرۆکی ئێستای مەجلیس نزیکە.

١٨- بیژەنی نامداری زەنگەنە: وەزیری نەوت کارناسی باڵای بیناسازی لە زانکۆی تاران. وەزیری جیهادی سازەندەگی لە ساڵی ١٣٦٤ تا ١٣٦٨. وەزیری وزە ١٣٦٨ هەتا ١٣٧٦. وەزیری نەوت لە ساڵی ١٣٧٦ هەتا ١٣٨٤ کارامەترین وەزیری

کابینەی رووحانی.

١٧- حەمیدی چیت چیان وەزیری وزە: کارناسی بالای موهەندیسی میکانیک لە زانکۆی ئەمیر کەبیر. جێگری وەزیری وزە لە ساڵی ١٣٧٢ تا ١٣٨٤. فەرماندەی بەشی ئیتتلاعاتی سوپای پاسداران لە تەورێز.

١٨- مەسعوودی سولتانی فەر وەزیری رەتکراوی لاوان و وەرزش: کارناسی بالای زانستە سیاسییەکان. بۆ ماوەی ١٢ ساڵ وەک پارێزگاری گیلان، زەنجان و مەرکەزی کاری کردوە. بۆ ماوەی ٨ ساڵ جێگری سیاسی پارێزگار بووە لە پارێزگاکانی فارس، هەمەدان و هەرموزگان ئەو دەنگی نەهێناوە و وەک شوورای شاری تاران ماوە.

ئێستا بە سەرنجدان بەو خاڵانە دەتوانین ئاماژە بە خاڵ و تایبەتمەندییانە بە نیسبەت دەوڵەتی رووحانی بکەین:

١- دەوڵەتی ڕووحانی بەرهەمی ڕێکەوتنی خامنەیی، رەفسەنجانیو خاتەمییە. بۆ نموونە عەلی ڕەبیعی وەزیری کاری ڕووحانی گەورەترین بەرپرسیارەتی ئیجرایی لە دەورانی خاتەمیدا بووەو بۆ ماوەی ٨ ساڵ ڕاوێژکاری کۆمەڵایەتی خاتەمی بووە. کەسێکی وەک بیژەنی زەنگەنە نیزیکە لە رەفسەنجانیو لە دەورانی بەرپرسیارەتی ئەو لە وەزارەتی نەوت زۆرترین گرێبەستو پێوەندی لەگەڵ کۆمپانیا ڕۆژئاواییەکان دروست دەبێ. مستەفا پوورمحەممەدی کە وەک وەزیری دادوەری دەنگی هێناوە، بەو پێشینە ئەمنییەتییە کە هەیەتیو بەو پێیە کە وەک یەکێک لە پێشێلکەرانی نێو نیزام دەناسرێ تەنیا دەتوانێ کاندیدی خامنەیی بێ.

٢- کۆماری ئیسلامی دەیهەوێ پێوەندییەکانی دەرەوەو دۆخی ئابووری ئێران باشتر بکا. دانانی سێ وەزیری ئابووری، نەوتو دەروە ڕێک ئەو مانایەی هەیە کە کۆماری ئیسلامی ڕێگە دەدا دەوڵەت تا ڕادەیەک پێوەندی دەرەوەو دۆخی ئابووری باشتر بکا. محەممەد جەوادی زەریف کە لە ساڵی ١٣٨١ تا ١٣٨٦ باڵوێزی ئێران لە نەتەوە یەکگرتووەکان بووە بەوە دەناسرێتەوە کە لایەنگری باشترکردنی پێوەندی ئێران-ئەمریکایە. بیژەنی زەنگەنە وەزیری نەوتی ڕووحانی کەسێک بوو کە لە دەورانی وەزیری وزە بوونی لە دەورانی رەفسەنجانیو وەزیری نەوت بوونی لە دەورانی خاتەمی زیاترین گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیا ڕۆژئاواییەکان بەستووە. عەلی تەیب نیا وەزیری ئابووری کابینەی ڕووحانی کە دوکتورای ئابووری هەیە هەم لە بواری زانستیو هەم لە پراکتیکدا بەوە ناسراوە کە دەتوانێ هەڵاوسان چارەسەر بکا.

٣- رەتکردنی سێ وەزیری پێشنیارکراوی خوێندنی باڵا، پەروەردەو لاوان دەکرێ دوو مانای هەبێ. یەک مانای ئەوەیە ڕێژیم ئامادە نیە ئەو کەسانە لە پێکهاتەی دەسڵاتدا بەشدار بکاتەوە کە پێوەندیدارو پشتیوانی ناڕەزایەتی ساڵی ٨٨ ن. بۆ نموونە کاتێک لە مەجلیسی ئێران ڕەخنەیان لە موحەممەد عەلی نەجەفی وەزیری پێشنیارکراوی پەروەردە دەگرت ئاماژەیان بەوە دەدا کە نەجەفی سەردانی بنەماڵەی قوربانیانی ساڵی ٨٨ی کردووە هاودەردی لەگەڵ دەربڕیون. هەروەها ڕەخنەیان لە جەعفەری میلی مونفەرید ئەوە بوو کە لە لایەنگرانی دەفتەری تەحکیمی وەحدەتی زانکۆی ئەمیر کەبیر بووەو لە مانگرتنی ماموستایاندا بەشدار بووە. مانای دووهەمی ڕەتکردنەوەی ئەو سێ وەزیرە دەکرێ ئەوە بێ کە ڕێژیم ئامادە نیە

فەزای زانکۆکان، قۆتابخانەکانو بواری لاوان بکاتەوە. هەر لەو سێ وەزیرە بۆ وەزارەتگەلێک پێشنیارکرابوون کە پێوەندیدار بە لاوان بووو هەروەها هەر سێ کەسیان لە بەرەی تووندرەوانی نیزامدا نەبوون.

٤- زۆربەی ئەو وەزیرانە لە بواری زانستیو ئەزموونی کاری دەوڵەتی توانای بەرپرسیارەتی ئەو پۆستانەیان هەیەو ئەوەش هەماهەنگیو هێز دەبەخشێتە دەوڵەتی ڕووحانی. هەبوونی ئەزموون ڕادەی هەڵەکردنیان کەم دەکاتەوەو توانای تیپەڕاندنی ئەو دۆخەیان پێ دەدا.

لە کۆتاییدا بە سەنج دان بەو خاڵانەی سەرەوە ئاسۆی سیاسی دەوڵەتی ڕووحانی ئەوە دەبێ کە پێوەندی نێودەوڵەتیو دۆخی ئابووری باشتر دەبێو فەزای زانکۆکان، فەزای ئازادی بەیانو چاپەمەنی فەزایەک دەبێ لە ئاستێکی خوارتر لە فەزای خاتەمیو فەزایەکی باشتر لە فەزای دەوڵەتی ئەحمەدی نێژاد.

**سەرچاوەکان:**

لە ژمارە ٦١٤ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئاگۆستی ٢٠١٣

---------------------------------------------------

## قەیرانی سووریە و پرێستیژی جیهانی ئەمریکا

دوابەدوای بەکارهێنانی چەکی شیمیایی لە دژی خەڵکی سووریە لە ٢ی سێپتامبەری ٢٠١٣، قەیرانی ئەو وڵاتە رەهەندێکی جیهانی جیددیتری بە خۆیەوە گرتووە. ئەو هێرشە کە لە ناوچەیەکی دەمشق، کە لە ژێر کونترۆلی نارازیانی ئەسەد دایە، ئەنجام درا بە پێی میدیا جیهانییەکان گیانی زیاتر لە ١٤٠٠ سووری گرتووە. زۆربەی قوربانیانی ئەو هێرشە شیمیاییە، مندال و خەڵکی مەدەنی سووری بوون و نە چەکدارەکانی ئەسەد و نە چەکدارەکانی ئەرتەشی ئازاد زەرەرمەند نەبوون. هەنووکە سیاسەتمەداران و میدیای ئەمریکا رێبەری مانابەخشین و کاردانەوەی جیهانی بە نیسبەت هێرشی شیمیایی سووریەیان لە چنگ گرتووە و بەکارهێنانی هێزی نیزامی لە دژی دەوڵەتی ئەسەدیان کردۆتە رۆژەڤ. هەر لەو پێوەندییەدا پێویستە شرۆڤەی زیاتری پێوەندی قەیرانی سووریە و سیاسەتی ئەمریکا و زلهێزانی دیکەی ناوچەیی و جیهانی بکەین. دواجار وڵامدانەوە بەو پرسیارە کە ئاخۆ هێرشی نیزامی قەیرانی سووریە بەرەو چ ئاراستەیەک دەبا پڕبایەخە. لەو وتارەدا هەنگاو بە هەنگاو راستی ئەو بابەتانەی رۆژانە لە زمانی سیاسییەکان دەرخواردی خەڵک دەدرێ تاوتوێ دەکەین.



سەرچاوە Serchawe

١- کێ هێرشی شیمیایی کردوە؟ هێزەکانی ئەسەد یان نارازیانی ئەسەد؟ مەسەلەی سووریە و دەوڵەتی ئەسەد لەو قۆناخە لە قەیرانی ئەو وڵاتە ئەوە نەبووە و نییە کە خەڵک چاوترسێن بکا چۆنکە دەوڵەتی ئەسەد لە ئێستادا لەگەڵ هێزی نیزامی دژبەر ڕووبەڕویە نەک خەڵکی سیڤیل. ئەمریکا، فەرانسە، تورکیە و عەرەبستان ئاماژە بەوە دەکەن کە تەنیا دەوڵەتی ئەسەد توانای تێکنیکی ئەوەی هەیە کە ئەو چەشنە لە هێرشە شیمیایی ئەنجام بدا، بەڵام ئەوە ڕاست نییە. ئەرتەشی ئازادی سووریە، جبهەالنەسر و دەوڵەتی بیلادی شام و گرووپەکانی دیکەی نارازی سووری لە کوێیەوە چەکیان پێ دەدرێ؟ هەر ئەو دەوڵەتانەی ئەو چەکانەیان بۆ ئۆپۆزیسیۆنی سووریە دابین کردوە توانای ئەوەشیان هەیە سیناریۆی هێرشێکی شیمیایی لە نێو خاکی سووریە پراکتیزە بکەن. ئەگەر مەسەلەش هەڵسەنگاندنی ئەوەیە کە لە مەیدانی سیاسەتی نێونەتەوەییدا کێ ڕاستگۆیە و کێ درۆزنە، ئەوە بێ گومان ئەمریکا گەورەترین درۆزنە. لە ساڵی ٢٠٠٣ کاتێک بووش دەیویست بۆ هێرشکردنە سەر عێراق قەناعەت بە بیرورای نێوخۆیی و جیهانی بێنی لێبراوانە ئاماژەی بەوە دەکرد کە سەددام چەکی کۆمەڵکوژی هەیە و هەڕەشەیەکە بۆ سەر تەناهی ناوچەکە و جیهان. لە ئاکامی هێرشی ئەمریکا سەددام ئێعدام کرا و عێراق بوو بە وڵاتی تەقینەوەی ڕۆژانە، بەڵام هیچ چەکێکی کۆمەڵکوژ نەدۆزرایەوە. دیارە ئەو بابابەتە بە واتای ئەوە نییە کە نکۆڵی لەوە بکەین کە ڕێژیمی سەددام ڕێژیمێکی دیکتاتۆر بوو، بەڵام پێویستە جەخت لە سەر ئەوە بکەینەوە کە مەسەلە سیاسەتی ئەمریکا تەناهی و مافی مرۆڤ لە ناوچەکە نەبووە و نییە. ئەو کاتە کە ڕێژیمی سەددام چەکی شیمیایی لە دژی خەڵکی کورد لە هەڵەبجە بەکارهێنا و لە یەک ڕۆژ ٥٠٠٠ هەزار کەسی کردە قوربانی، ئەمریکا و ڕۆژئاوا کە دوستی سەددام بوون بێ دەنگیان نواند. هەر بۆیە بابەتی هێرشی نیزامی بۆ سەر سووریە پێشگیری کردن لە بەکارهێنانی چەکی شیمیایی نییە.

٢- ئایا هێرشی نیزامی بۆ سەر سووریە لە قازانجی خەڵکی سووریە دایە؟ بە پێی لێدوانەکانی ئۆباما سەرۆک کۆماری ئەمریکا و جان کێری وەزیری دەرەوەی ئەو وڵاتە ئەگەر هێرشێکی نیزامی بۆ سەر سووریە بکرێ، ئەو هێرشە تەنیا هەڵگری ئەو پەیامە دەبێ کە بەکارهێنانی چەکی شیمیایی لە لایەن جیهانەوە، لە ڕاستیدا لە لایەن ئەمریکاوە، بێ وڵام نابێ. ئەوە مانای ئەوەیە کە هێرشی نیزامی ئەمریکا بۆ سووریە ئەو هێرشە نیزامییە نییە کە ڕووخانی دەوڵەتی ئەسەدی لێبکەوێتەوە. لە ڕاستیدا مەسەلەکە ئەوەیە کە مادام ئەمریکا لە شوورای ئەمنییەت و دیپلۆماسی جیهانیدا بە شوێنێک نەگەیشتووە و نەیتوانیوە مودیرییەتی قەیرانی سووریە بکا دەبێ نیشان بدا کە بەو حالەش توانای کاریگەری دانان بە سەر ئەو قەیرانەی هەیە. لێرەدایە کە هێرشی نیزامی دوایین ڕێگەچارەی ئەمریکایە بۆ پاراستنی پرێستیژی دیپلۆماسی ئەمریکا. بە پێی لێدوانی بەرپرسانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان زیاتر لە ١٠٠٠ دوکتور و پەرەستار لە سووریە خەریکی پێشکەشکردنی خزمەتگۆزاری مرۆڤین. ئەگەر قەرار بێ هێرشی نیزامی بکرێتە سەر سووریە ئەو خزمەتگوزارییانە رادەوەستن. هەر ئێستاش کە ئەگەری هێرشی نیزامی ئەمریکا بۆ سەر سووریە میدیاکانی تەنیوەتەوە خەڵکی سووریە بۆ دابینکردنی بژێوی ڕۆژانە تووشی گرفتی زیاتر بوون. لە درێژخایەنیشدا بە سەرنجدان بەو هەڵسووکەوتانەی بەرەی نەسر و ئەرتەشی ئازادی سووریە لە ماوەی رابردوودا نیشانیان داوە لاوازکردنی ڕێژیمی ئەسەد لە قازانجی خەڵکی سووریە نییە. ئۆپۆزیسیۆن بۆیە لە دەولەتی ئەسەد خراپترە چۆنکە نەتەنیا بڕوای بە دێموکراسی نییە و سەرچاوەی هێزی لە دەرەوەی سنوورەکانی سووریە، هیچ چەشنە ئەزموونێکی حکوومەتداریشی نییە.

٣- ئاخۆ بابەتی قەیرانی سووریە لە ئاستی نێوخۆیی و لە ئاستی ناوچەیی دا پرسی بوونی دیکتاتۆرییەت و نەبوونی دێموکراسییە؟ ڕێژیمی ئەسەد دیکتاتۆرییەتی کەمینەی عەلەوی سووریە بووە بە دژی سوننییەکان و کوردەکانی ئەو وڵاتە. عەلەوییەکان کە نزیک ١٠ لە سەدی حەشیمەتی سووریە پێکدێنن لە دەرفەتی ئاموزشی، سیاسی و ئابووری ڕێژیمی ئەسەد بەهرەمەند بوون و ئێستاش بە هەموو توانا پشتگیری لێ دەکەن. سوننییەکان کە زیاتر لە ٧٠لە سەدی حەشیمەتی سووریە پێکدێنن ژێردەستەی عەلەوییەکان بوون و لە سالی ١٩٨٢ هەزاران سوننی لە شاری حەماء لە سەردەمی دەسەڵاتدارێتی حافیز ئەسەد کوژران. کوردەکان کە نزیک ١٠ لە سەدی حەشیمەتی سووریە پێکدێنن جەماوەرێکی بێ شوناس بوون و لە یاسای بنەڕەتی سووریە دانیان بە بوونیان نەنراوە. هەروەها زیاتر لە ٥٠٠ هەزار کوردی سووری بە بێ هەرچەشنە کارتی پێناسێک لە سووریا دەژیان. ئەگەر لە ئاستی ناوچەش تەماشا بکەین ئێران وەکوو سیستمی شیعە پشتگیری لە ئەسەد دەکا، تورکیە وەک ئیمپراتووری نوێ عوسمانی ئەرتەشی ئازادی سووریەی پێکهێناوە و پشتگیری لە بەرەی نیشتمانی سووریە دەکا کە هەمان سوننییەکانی سوورییەن. پ.ک.ک و پارتی دێموکراتی کوردستان سەرەڕای کێشەکانیان پشتگیری لە کوردەکانی سووریە دەکەن. هەر بۆیە قەیرانی سووریە قەیرانی نەسازانی عەلەوی، سوننی و کورد لە سووریە دایە. ئەو قەیرانە لە روانینێکی درێژخایەن و ئێستراتژیکدا چارەسەری نیزامی نییە و پێویستی بە جیابوونەوەی جۆغرافیایی-ئیتنیکی و جیابوونەوەی جۆغرافیایی-ئایینی هەیە و دیارە ئەو جیابوونەوەیە رەنگە لە هەنگاوی یەکەمدا نەکەوێتە جیابوونەوەیەکی جۆغرافیایی و ئەو سێ پێکهاتەیە سەرەتا دەسەڵاتی سیاسی و دواتر جۆغرافیا دابەش بکەن.

٤- ئایا هێرشی نیزامی بۆ سەر سووریە توانای سیاسەتکردنی ئێران لە ناوچەکە دادەبەزێنێ؟ لە ٢٠٠٣ کە لە لایەن ئەمریکا و بریتانیا هێرش کرایە سەر عێراق، ئێران و عێراق ڕابردوویەکی خویناویان لە شەڕی ٨ سالەی ئێران - عێراق لەگەڵ یەکتر هەبوو. دوای هێرشیش نە تەنیا ئێران لاواز نەبوو، بەڵکوو هەرچی زیاتر لەو ناچەیەی ئەمریکا شەری تێدا کرد و قوربانییەکی زۆری دا نفووزی کرد. کۆماری ئیسلامی نیشانی داوە کە ئەو لە مەیدانی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا دەتوانێ دوست و دوژمن بۆ خۆی پەیدا بکا، بەڵام ئەو دوست و دوژمنانە هەمیشەیی نین. هەروەها پێوێستە ئەو راستییە ببینین کە سەرەڕای ئەوەی دیپلۆماسی کۆماری ئیسلامی دیپلۆماسییەکی ئیدئۆلۆژیک و نەرێنی بووە، بەڵام خاوەنی تایبەتمەندی دەستپێشخەری بووە و توانیوێتی مەیدانی نوێ بۆ سیاسەتکردن دروست بکا. بۆ نموونە دروستکردنی هیلالی شیعە لە رۆژهەڵاتی ناوەراست یەکێک لەو دەستپێشخەرییانەیە لە ناوچەکە، هەر بۆیە تەنانەتی رووخانی دەوڵەتی ئەسەدیش ئەو وڵاتە تووشی قەیرانێکی گەورە لە دیپلۆماسی ناکا. لە لایەکی دیکەوە زۆربەی وڵاتانی رۆژئاوایی بە تایبەتی ئەمریکا و فەرانسە کە ئێستا باس لە دیکتاتۆرییەتی ئەسەد دەکەن پێش لە دەستپێکردنی نارەزایەتییەکانی ئەو وڵاتە، باشترین پێوەندییان لە گەل ئەسەد بووە. کەوایە دوژمنایەتی ئەمریکا یان بە گشتی رۆژئاوا لەگەڵ ئێران لە لایەک و پێوەندی دوستانەی سووریە و ئێران نەببوە هۆی تێکچوون یان گرژبوونەوەی پێوەندییەکانی سووریە و رۆژئاوا. لە ئێستادا گرینگترین بابەتی جێی ناکۆکی ئەمریکا و ئێران بابەتی بەرنامەی ئەتۆمی ئێرانە و رووخانی ئەسەدیش کاریگەرییەکی ئەوتۆی بە سەر ئەو بابەتە نییە. هەموو ئەو بابەتانە ئەوە نیشان دەدەن کە لە گۆڕەپانی ئالۆزی سیاسەتی نێودەڵەتی ئێستا چێدیکە ناکرێ لە دەلاقەی ئەو فورمولە سادە و کۆنەی سیاسەت کە "دوژمنی دوژمنی من دوستی منە" خاوەنی سیاسەتێکی کارامە بێ. پرێستیژی دیپلۆماسی ئەمریکا لە کۆتاییدا بەکارهێنانی چەکی شیمیایی ناتوانێ رەوایی ببەخشێتە هێرشی ئەمریکا بۆ سەر سووریە. بۆ یەکەم جار لە نیو سەدەی ڕابردوودا کە بریتانیا ناتوانێ هاورێیەتی ئەمریکا لە شەڕدا بکا و ئەوەش نیشان

دەدا کە بەکارهێنانی چەک بۆ پێشبردنی دەزگای دیپلۆماسی لە ئاستی جیهانیدا هەرچی زیاتر ئەو هێز و توانایەی خۆی لە دەست داوە. باراک ئۆباما جارلەگەڵ جارێ بە لێبراوەییەکی کەمتر بە نیسبەت هێرش بۆ سەر سووریە قسە دەکا و هەرچەند کە دوای پەسندکردنی بەرنامەی هێرش بۆ سەر سووریە لە لایەن کۆنگرێسی ئەمریکا، ئەو وڵاتە رەنگە هێرشێکی نیزامی ئەنجام بدا، بەڵام ئەو هێرشە، کە تەواو جیاواز دەبێ لە هێرشەکانی ڕابردووی ئەمریکا بۆ سەر ولاتانی دیکە تەنیا بۆ بە هاناگەیشتنی دیپلۆماسی ئەمریکا و پارێزگاریکردن لە پرێستیژی دیپلۆماسی ئەو وڵاتە ئەنجام دەدرێ. هەر بۆیە بۆ ئەمریکا ئەوەندەی نیشانەی تێکشکان و سەرنەکەوتن بێ ئەوەندە نیشانەی سەرکەوتن نییە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی سێپتەمبەری ٢٠١٣

------------------------------------------------

## گرێی نێو دیپلۆماسی کۆماری ئیسلامی

هیوای باشترکردنی دۆخی ئابووری ئێران سەرەکیترین هۆکاری هاتنەسەرکاری دەوڵەتی رووحانی بوو. هەر چەند کە رۆخساری رێفۆرمیستیو بایەخدان بە ئازادیی بەیان، چاپەمەنی و... لە هۆکارەکانی دیکەی دەنگ هێنانەوەی رووحانی بوون، بەڵام فاکتەری ئابووری سەرەکیترین داواکاری گرووپگەلی خواروو، مامناوەندیو سەروو بووە. ئەو دۆخە قەیراناوییەی ئێستای ئێران بۆ رێژیمی کۆماری ئیسلامی تەنانەت زۆر دژوارترە لە سەردەمی شەڕی ئێران - عێراق، چونکە ئەو کات شۆڕشی ئیسلامیی ئێران هەروا توانای قەناعەت هێنان بە بەشێکی زۆر لە خەڵکی ئێرانی هەبوو، بەڵام ئێستا هەم شۆڕشی ١٣٥٧ ئەو سەرچاوە مانا بەخشە نیەو هەم پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ئێران بە تەواوەتی گۆڕاوە. ئەوەی ئێرانی تووشی ئەو دۆخە ئابوریيە قەیراناوییەش کردوە، دیپلۆماسیی ئێران لە پێوەندی لەگەڵ رۆژئاواو بە تایبەتی لە پێوەندی لەگەڵ بەرنامەی ناوکی کۆماری ئیسلامییە. لێرەدا پێویستە هەڵوێستە لە سەر چەند پرسیارو خاڵی گرینگ بکەین: بەرهەمی دیپلۆماسی سەردەمی ئەحمەدی نیژاد چ بوو؟ ئاخۆ دیپلۆماسی دەوڵەتی رووحانی دەتوانێ گیانێکی تازە بداتە دۆخی ئابووری ئێران؟ ئاخۆ ئەو گۆڕانە جەوهەری کۆماری ئیسلامی دەگۆڕێ؟ کاریگەری دیپلۆماسی دەوڵەتی رووحانی لە سەر ئۆپۆزیسیۆن چ دەبێ؟

### دیپلۆماسی دەوڵەتی ئەحمەدی نیژاد

لە نێوان سیاسەتو هەلومەرجی نێوخۆیی لەگەڵ سیاسەتی دەرەوە پێوەندییەکی دوو لایەنە هەیە. ئەحمەدی نیژاد کە خۆی کەسایەتییەکی ناشارەزا لە حکوومەتداریو پێوەندیی نێودەوڵەتی بوو، کابینەیەکی لاوازیشی هەبوو. ئەو کە خۆی بە شێوەیەکی هەرەمەکی گەیشتبوە پۆستی سەرۆک کۆماری، لە نێو سیستمی کۆماری ئیسلامیدا بە قەول لە پرێکا ببوو بە کورێک! ئەو لە ئاستی نێوخۆییدا فەزای ئەمنییەتی زیاتر کردو ئەمنییەتیتر بوونی فەزای ئێران لە خۆلی دووهەمی

سەرۆک کۆماری ئەودا زیاتر بەرجەستە بوو چونکە هەڵبژاردنی ساڵی ١٣٨٨ لە ئاستی نێوخۆییو دەرەوەدا تا ڕادەیەکی زۆر بە نادێموکراتیکو ناڕەوا لە قەڵەم درا. بوونی ناکارامەییو ناڕەوایی سەرۆک کۆمار بووە هۆی ئەوەی کە پێویستی بە هێزی ئەمنییەتیو نیزامی زیاتر بێ. هەروەها ئەحمەدی نیژاد لە ئاستی نێودەوڵەتیش وتارگەلێکی پێشکەش کرد کە دەوڵەتانێکی زیاتر روویان لە ئێران وەرگێڕاو دەرفەتی زیاتریشی خستە بەردەم دەوڵەتی ئەمریکا کە شەرێکی ئابووری - سیاسی لەگەڵ ئێران دەست پێبکا. ئێران لەو ماوەیەدا دۆستایەتی لەگەڵ وێنێزۆئێلا، کووبا، سووریە، حیزبوڵلا و... پەرە پێدا و وڵاتانێکی وەک فەرانسە، کانادا، ئیتالیا، ئوسترالیا و... دەرگای دۆستایەتییان لێداخست. بریتانیاو کانادا بالوێزخانەی خۆیان لە تاران داخستو بە گشتی پێوەندییەکانی ئێران - رۆژئاوا تا کەمترین ئاستی خۆی دابەزی. ئەحمەدی نیژاد بە گوتنی قسەگەلێک وەک «ئێرانی هەستەیی»، «نکۆلی کردنی هۆلۆکاست»و باس کردن لە گۆڕینی بەڕێوەبەریی جیهانی و نەزمی نێودەوڵەتی، بەستێنی یەکگرتنی زیاتری وڵاتانی ئورووپایی و ئەمریکاشی لە دژی خۆی رەخساند. دەرچوونی چەند بڕیارنامە، ئەوەی ئەحمەدی نیژاد بە لاپەڕەی بێکەڵک ناوی دەبرد، سەپاندنی گەمارۆی ئابووری زیاتری بە دوای خۆیدا هێنا. ئەو کاتە کە ئەمریکا بڕیاری بایکۆتی بەشی نەوتو بانکی ناوەندیی ئێرانی دا ئەو گەمارۆیانە بە توندی کاریگەری لەسەر دۆخی ئابووری ئێران دانا. دیپلۆماسی ئەحمەدی نیژاد ئێرانی تەنانەت لە ناوچەکەش هەر تەریکتر خستەوە. بۆ نموونە لە پێش دەست پێکردنی گۆڕانکارییەکانی میسر، پێوەندیی ئێرانو میسر زۆر باش نەبوو. کاتێک مورسی وەک رێبەری بەرەی موسلمانان بوو بە سەرۆک کۆمار نەتەنیا ئەو پێوەندییە باشتر نەبوو، بەڵکوو بەرەو خراپتریش رۆیشت. هەربۆیە دیپلۆماسی ئەحمەدی نیژاد لە پێوەندیی نێودەوڵەتیدا دیاردەیەک بوو کە ئەگەر بمانهەوێ ئەو بابەتە شیبکەینەوە کە چۆن دیپلۆماسییەکی خراپ دەتوانێ وڵاتێک ئیفلیج بکا، ئەوا دەبێ دیپلۆماسی ئەحمەدی نیژاد وەک نموونە بهێنینەوە.

## دیپلۆماسی دەوڵەتی رووحانی

دەوڵەتی رووحانیو دەزگای دیپلۆماسیی ناوبراو بە ڕێبەری محەممەد جەوادی زەریف لە کەمتر لە ساڵێک لەگەڵ ئەو وڵاتانەی لە ئاکامی دیپلۆماسی ئەحمەدی نیژاد چوونە ریزی دوژمنانی کۆماری ئیسلامییەوە، پێوەندییەکی ئاسایی دادەمەزرێنێتەوە. بەکارهێنانی زمانێکی سیاسی ئەورۆپیانە لە پێوەندیی نێودەوڵەتیداو ئەستاندنەوەی بەشێک لەو پرۆژە ئابوورییانەی کە لە رووی دەمارگرژی دراونەتە رووسیاو چینو دانەوەیان بە وڵاتانی ئورووپایی گرفتی ئێران - ئورووپا دەتوانێ چارەسەر بکا. وڵاتانێک وەک ئاڵمان کێشەیەکی بنەڕەتییان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی نەبووەو ڕابردوویەکی خراپیشی لەگەڵ ئێران نەبووە، هەر بۆیە هاوکارییەکی سادەی بیژەنی زەنگەنە وەزیری نەوتو زەریف وەزیری دەرەوەی کابینەی رووحانی کە سیاسەتێکی نەرمیان بەرانبەر بە رۆژئاوا هەیە، دەتوانێ پێوەندی ئورووپا - ئێران چارەسەر بکا.

## پێوەندیی ئێران - ئەمریکا

بابەتی پێوەندیی ئێرانو ئەمریکا گرێی سەرەکی دیپلۆماسی ئێرانە. هەرچەند کێشەی ئێران و ئەمریکا ئێستاکە لە سەر بەرنامەی ناوکی ئێران چڕ بۆتەوە، بەڵام ئەو کێشەیە زۆر لەوە گەورەترە. ئەو کاتە کە جیهان دوو جەمسەری بوو، شای



سەرچاوە
Serchawe

ئێران پێوەندییەکی باشتری لەگەڵ ڕۆژئاواو بە گشتی لەگەڵ جەمسەری سەرمایەداری هەبوو. هەر بۆیە بە گشتی خەڵکی ناڕازی بەرەو ئایدیای چەپو جەمسەری یەکیەتیی سوڤییەت پەلکێش کران. ڕێبەریی جەمسەری سۆڤییەت هەمان رووسیا بوو، ئەمریکاش بەرە بەرە هەرچی زیاتر ڕێبەری جەمسەری سەرمایەداری لە چنگ گرت. ئەو کەلێنەی نێوان شاو خەڵک بەستێنی نفووزی چەپ لە ئێراندا و کولتووری دژە ئەمپریالیستی و لە راستیدا کولتووری دژە ئەمریکایی رەخساند. دواتر ئەو هێزانەی دوای شا هاتنە سەر دەسەڵات تەنانەت هێزە ئسلامییەکان ئەو روانینو کولتوورە دژە ئەمریکاییەیان هەر هەبوو. ئەو هاوبەشییەی نێوان هێزە ئیسلامیو چەپەکان لە دەستبەسەردا گرتنی بالوێزخانەی ئەمریکا بە روونی رەنگ دەداتەوە، چونکە هێزە چەپەکانیش کردەوەی کومەلێک خوێندکاری بڕوامەند بە خومەینی بە نیسبەت گرتنی بالوێزی ئەمریکایان بە دروست و چاک لە قەلەم دا. هەڵبەت ڕۆیشتنی شا بۆ ئەمریکا بە بیانووی ئەنجامدانی چارەسەری پزیشکی لە تەڤینەوەی ڤینی کەلەکەبوو لە دژە ئەمریکاییدا کاریگەر بوو. هاوکاری ئەمریکا لە گەڵ دەوڵەتی سەددام لە رەوتی شەڕی هەشت ساڵەی ئێران - عێراقدا بووە هۆی بەردەوامی دوژمنایەتی نێوان ئەمریکاو ئێران. پێویستە سەرنج بدەینە ئەو خاڵە کە لە ساڵی ٢٠٠٢وە دژایەتی ئێرانو ئەمریکا لە سەر بەرنامەی ناوکی چڕ دەبێتەوە. هەر بۆیە پێوەندیی ئێرانو ئەمریکا هەر خراپ بوو، بەڵام ئەو خراپییە ئەو جارە لە سەر بەرنامەی ناوکیی ئێران رەنگی دایەوە. بەرنامەی ناوکیی ئێران تاکوو پێش لە دەوڵەتی رووحانی لە لایەن سێ کەسەوە نوێنەرایەتی کراوە. خۆدی رووحانی لە سالەکانی ١٣٨٢ تا ١٣٨٤ لە سەردەمی دەوڵەتی خاتەمی بەرپرسیارەتی دانیشتنەکانی بەرنامەی ناوکی لە ئەستۆ بوو. ئەو نەیهێشت پەروەندەی ناوکی ئێران ببردرێتە شووڕای ئەمنییەتو غەنیسازی ئۆرانیۆمیشی ڕاگرت. لاریجانی لە ساڵی ١٣٨٤ تا ١٣٨٦ لە سەردەمی دەوڵەتی ئەحمەدی نیژادی بەرپرسایەتی وتووێژەکانی پێوەندیدار بە بەرنامەی ئەتۆمی لە ئەستۆ گرت. لەو دەورانەدا پەروەندەی ناوکی ئێران چووە شووڕای ئەمنییەتو سێ بڕیارنامە گەمارۆ لە دژی ئێران دەرکرا. لە ساڵی ١٣٨٦ هەتا هاتنەسەر کاری دەوڵەتی یازدەهەم، سەعیدی جەلیلی بەرپرسایەتی دانیشتنەکانی پرسی ناوکی لە ئەستۆ گرت. لەو ماوەیەدا چوارەمین بڕیارنامە لە مارسی ٢٠٠٨ لە دژی بەرنامەی ناوکی ئێران دەرکرا و هەروەها ئاژانسی ئناوکی ڕایگەیاند کە ئێران بە بێ ئاگاداری ئەوان هێندێک دامودەزگای ناوکی لە قوم هەیەو کاری غەنیسازی ئەنجام دەدا. هەر بۆیە کاتێک ئوباماش هاتە سەر دەسەڵاتو هەوڵی دا لە سەر بەرنامەی ناوکی لەگەڵ ئێران وتووێژ بکا، لایەنی بەرامبەری واتە سەعیدی جەلیلی باسی لە خۆڕاگری ئێران دەکردو نەیدەویست وتووێژ بکا. بە گشتی لە ئێستادا نەک بە هۆی دیمۆکراتیکبوونی سیستمی کۆماری ئیسلامی، بەڵکوو بە هۆی هەلومەرجی نالەباری ئابووریی ئێران، سیستمی کۆماری ئیسلامی بە قەوڵی خامنەیی پێویستی بە «نرمش قهرمانانه» هەیە. هەر بۆیە بەستێن بۆ سەرکەوتنی سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتی رووحانی تا ڕادەیەک ئامادەیەو خودی ئەو سەرکەوتنەش دەستی دەوڵەت لە کردنەوەی فەزای نێوخۆیی ئاوەڵاتر دەکا. دیارە ئەوەش بە واتای ئەوە نیە کە پێوەندی ئەمریکاو ئێران ئەوەندە باش دەبێ کە بۆ نموونە ئەمریکا وەک وڵاتانی دیکە باڵوێزخانەی لە ئێران هەبێ. یا وڵاتێکی وەک ئیسرائیل بالوێزخانەی لە ئێران هەبێ و وەک وڵاتانی دیکەی ناوچە پێوەندیی ئاسایی لەگەڵ ئێران ببەستن. سیستمی کۆماری ئیسلامی بۆ پاساودانو رەوایی دان بە سیاسەتە نێوخۆییەکانی خۆی واتە دەسەڵاتی ویلایەتی فەقیە بە لەسەر خەڵک، پێویستی بە هەبوون و تەنانەت دروستکردنی سیستمێکی نادادپەروەرانەی نێودەوڵەتی هەیە. ئەوەش بە زمانێکی ساکارتر بەو واتایە ئەگەر دوژمنێکی گەورەی وەک ئەمریکا نەبێ جەوهەری ئیسلامییەتی کۆماری ئیسلامی ئێران کە هەمان بوونی کۆمەلێک دامودەزگای ئاخوندی و ئاسمانییە لە نێو دەچێ.

## گۆتاری ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی

ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی بەو ئاسۆیە کە بە هاتنەسەرکاری دەوڵەتی رووحانی لە داهاتووی پێوەندی نێودەوڵەتی‌و نێوخۆیی ئێران لە ٤ ساڵی داهاتوودا چاوەڕوان دەکرێ، واتە چارەسەرکردنی پەروەندەی ناوکی، لاچوونی گەمارۆکانی رۆژئاوا و باشترونی دۆخی ئابووری ئێران دەبێ گۆتار و پرۆگرامێکی نوێی هەبێ. رەنگە هەڵسەنگاندنی لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی هەڵسوکەوتی ئۆپۆزیسیۆن لەگەڵ دەوڵەتی خاتەمی تا ڕادەیەک بۆ ئەوڕۆش هەر بە کەڵک بێ چونکە دەوڵەتی رووحانی نوێنەرایەتی ڕێفۆرمخوازان دەکا. بەسەرنجدان بەو راستییە کە ئەو ئەدەبیاتەی ئەحمەدی نیژاد لەگەڵ دنیا قسەی پێدەکرد یارمەتیدەری ئەوە بوو کە زۆر بە سادەیی دیکتاتۆرییەتی کۆماری ئیسلامی بۆ دنیای دەرەوە بسەلمێ. ئێستا ئەو زمانە سیاسییەش نەماوەو ئەگەری ئەوەش هەیە کە فەزای نێوخۆیی ئێرانیش تاڕادەیەک بکرێتەوە. لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە کە گۆتارو پلانی ئۆپۆزیسۆنی کوردی چ گۆرانێکی بە سەر دادێ؟

**سەرچاوەکان:**


١- روابط ایران و امریکا: سی و سه سال پس از گروگانگیری www.youtube.come
٢- مقایسەی کارنامه روحانی، لاریجانی و جلیلی در مذاکرات اتمی، سایت بی بی سی فارسی
٣- امریکا و مصدق، طراحی یک کودتا ، سایت بی بی سی
٤- صفحه ویژه روابط ایران و امریکا، سایت بی بی سی
٥- مناظره زیباکلام و کوچک زاده در گرماگرم انتخابات ریاست جمهوری www.youtube.come



لە ژمارە ٦١٦ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٩ی سێپتەمبەری ٢٠١٣


-------------------------------------------------



سەرچاوە Serchawe

# خەبات، حیزب و گەل

لە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا بە شێوەیەکی گشتی خەباتی ڕزگاریخوازانەی هاوچەرخ بە سەر دوو شێوازی چەکداری و مەدەنی دابەش بووە. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەوەی وەک خەباتی مەدەنی و چەکداری پێناسە دەکرێ پێ بە پێ مێژووی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە هاتووە. لە نێو حیزبی دێموکراتدا ئەو هاوتاگرتنەی کوردایەتی و خەباتی حیزب لە کتێبەکانی "چل ساڵ خەبات" و "نیو سەدە تێکۆشان" بەرجەستە کراوەتەوە. لەو فەزایەدا خەباتی چەکداری هەمان مێژووی خەباتی چەکداری حیزبی دێموکرات و کۆمەڵەیە. ئەگەر سەرنج بدەینە ئەدەبیاتی حیزبی دێموکراتیش، ئەوە بە بەردەوامی "حیزب و گەڵ" لە تەنیشت یەکتر دووبارە دەبێتەوە. کۆمەڵەش لە دوای تێکشکانی سیاسی بەرەی چەپ و بە تایبەتی لە دوای دیتنی هاوکاری ناسیۆناڵیزمی کوردی لە باشووری کوردستان لەگەڵ بەرەی سەرمایەداری و پێکهاتنی فەرمی هەرێمی کوردستان نەک بۆ لای مەیدانی کوردایەتی بایدایەوە، بەڵکوو هەوڵی دا تا ئەو شوێنەی بکرێ لە مێژووی خەبات بۆ یەکسانی، کوردایەتی هەڵێنجێنێ. ئەوەش نیشانەی خوێندنەوی واقعیتر بۆ ئێستای کۆمەڵگەی کوردستانە. هەر بۆیە لە ئێستادا کە جیاوازییەکانی کۆمەڵەکان و دێموکراتەکان کاڵتر بۆتەوە و هەموویان (جگە لە حیزبی کۆمۆنیست ئێران) کوردایەتیان ئامانجە و جەخت لە سەر فێدراڵیزم وەک چارەسەر دەکەنەوە. بەو پێیە لە ئێستای ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکرێ باس لە "حیزبەکان و گەڵ" بکەین.

ئەم هاوتاکردنەی "حیزب و گەڵ" لە خەباتی مەدەنیشدا بەدی دەکرێ. مەبەست لە خەباتی مەدەنی دانیشتنی ڕێبەرانی ئەو دوو حیزبە و کەسایەتییە دیارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی تاران بووە. لەو پێناسەکردنە بۆ خەباتی مەدەنی پشکی حیزبی دێموکرات بە لەدەستدانی دوو ڕێبەری لە کاتی هەوڵی دیپلۆماتیکدا، بەرجەستە دەکرێتەوە و کۆمەڵەش جەخت لە سەر کۆچی نارەزایەتی خەڵکی مەریوان وەک نموونەیەکی بەرجەستە لە خەباتی مەدەنی دەکاتەوە. مانای ئەو ڕستەیەش کە "ئێمە هەموو شێوازێکی خەباتمان بەکارهێناوە" هەمان ئەنجامی خەباتی چەکداری و وتووێژکردن لە گەڵ دەوڵەتی ناوەندییە. ئەگەر کوردایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە هەمان حیزبایەتی بووە بە ئەنجامدانی هەر دوو شێوازی خەباتی مەدەنی و چەکداری نەیتوانیوە سەربکەوێ و دەسەڵاتی کوردی دابمەزرێنێ، ڕێگەچارە چییە؟ هۆکاری سەرنەکەوتنی کوردایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چییە؟

## خەباتی چەکداری

بەختیار عەلی دەڵێ "ئەگەر ناچار بم لە نێوان ناشیرینی واقیع و چەک یەکێکیان هەڵبژێرم، ناشیرینی واقیع هەڵدەبژێرم، چونکە واقیع ناشیرین بێ باشترە لەوەی بە چەک بیگۆڕم و چەک تاوانێکی دیکە دەخاتە سەر تاوانەکانی دیکە". ئەوە بە واتای ئەوە دێ کە خەباتی چەکداری هەر لە بنەڕەتەوە نادروستە. ئاخۆ خەباتی چەکداری بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نادروست و ناڵۆژیکییە و ئەگەری سەرکەوتن زۆر ئەستەمە؟



سەرچاوە
Serchawe

١- ئەزموونی خەباتی چەکداری حیزبی دێموکرات نیشانی داوە کە زۆرینەی ڕەهای خەڵکی کوردستان پشتگیری لە خەباتی چەکداری ناکا.

حیزبی دێموکرات لە لووتکەی خۆیدا ١٠ تا ١٢ هەزار پێشمەرگەی لە ساڵی ١٣٥٧- ١٣٥٨ هەبوو. ئەگەر دە لە سەدی حەشیمەتی ئێران کە ئەو کات نزیک ٣٤میلیۆن بووە وەک کورد ئەژمار بکەین حەشیمەتی کورد ٣ میلیۆن و ٤٠٠ هەزار بووە. ئەگەر ١٢ هەزار پێشمەرگە بە سەر ٣٠٠٠٤٠٠ دابەش بکەین دەکاتە ٦ لە سەر ١٧٠٠٠. بە واتایەکی دیکە لە هەر ١٧٠٠٠ هەزار کورد ٦ کەس پێشمەرگە بوون. ڕەنگە کەسانێک ئاماژە بەوە بکەن پێشمەرگە هەمووی تەمەنی سەرووی ١٨ ساڵ بووە و بەشێکی زۆر لەو ٣٠٠٠٤٠٠ هەزار کەسە تەمەنی لە خوارەوەی ١٨ ساڵ بووە. ئەوە ئاماژەیەکی دروستە، بەڵام بۆ ئەوەی ئەو بیانوویەش ببڕینەوە و وایدابنێین کە نیوەی حەشیمەتی ئەو کاتی کوردستان ژێر ١٨ساڵ بووە، حەشیمەتی گەورەسالی کوردستان ١٠٠٠٧٠٠ بووە. ئێستا ئەگەر ١٢ هەزار پێشمەرگە بەراورد بە حەشیمەتی گەورە سالی ئەو کاتی کوردستان بکەین دەکاتە ٠/٠٠٧. ئەو ژمارەیە نیشان دەدا کە تەنانەت یەک لە سەدی خەڵکیش پێشمەرگە نەبووە.

لێرەدایە کە دەبینین چەندە هاوتاکردنی ئێرادەی پێشمەرگە و گەل لەگەڵ دێموکراسی و ئەقلییەتی دێموکراتیک ناگۆنجێ. ئەو نەگۆنجانە بە واتای ئەوە نایەت کە داواکاری سیاسی ئەو کات واتە خودموختاری یان فێدرالیزمی ئێستا، داواکاری خەڵکی کوردستان نییە یان لەگەڵ خواستی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناتەبایە، بەڵکوو بەو واتایەیە کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ زۆر کەمتر لە یەک لە سەدی خەڵک لە خەباتی چەکداری، لە شێوازی کوردایەتی کردنی چەکدارانە، پشتگیری کردوە.

٢-لە هیچ پارچەیەکی کوردستاندا خەباتی چەکداری نەیتوانیوە سەربکەوێ و دەسەڵات دابمەزرێنێ.

لە سالی ١٩٤٦ کۆماری کوردستان لە دوای شەڕێکی چەکدارانەی قورس لەگەڵ ڕێژیمی پاشایەتی دانامەزرێ. پێشمەرگە و هێزی چەکداری کورد لە دامەزراندنی کۆماری کوردستان هیچ ڕۆڵێکی نەبووە، بەڵکوو ئەوە دوای ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستانە کە ڕۆڵی پێشمەرگە و هێزی چەکدار بەرجەستە دەبێتەوە. لە ڕاستیدا چەند مانگ پێش دامەزرانی کۆماری کوردستان، هێزی ژاندارم کۆنترۆڵێکی بە سەر کوردستاندا نەمابوو. گرتنی ژاندارمێری مەهابادیش ئەوەندەی کردەوەیەکی سەمبۆلیک بوو، ئەوەندە کردەوەیەک نەبوو کە بەرهەمی شەڕی چەکداری بێ. کۆماری کوردستان لە دوای نەمانی دەسەڵاتی ڕەزاشا و لە ئاکامی ئیرادەیەکی سیاسی-مەدەنی کوردانە پێکهات.

لە ساڵی ١٩٧٩ ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکرات یان ئەگەر بمانهەوێ دروستتر بڵێین "کۆمیتەی زاگرۆسی حیزبی دێموکرات" بە بێ چەک لە باشووری کوردستان دەڕواتەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بە واتایەکی دیکە لە ساڵی ١٩٧٩شدا ڕزگاری خاکی کوردستان لە ئاکامی خەباتی چەکداری کورد نەبوو، بەڵکوو ئەوە لە نەمانی هێزی ناوەندا دایە کە بۆ جارێکی دیکە کوردایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبووژێتەوە. لە ساڵی ١٩٧٩ تا ١٩٨٤ خۆڕاگری و خەباتی چەکداری بە شێوەیەکی بەرفروان دەبینرێ، بەڵام دواجار لە ساڵی ١٣٦٤ کۆنگرەی ٦ی حیزبی دێموکرات لە گوندی "گەورەدێ"، لە باشووری

کوردستان دەگیرێ. خەباتی چەکداری لەو دەورانەدا هەرچەند بە هۆی هەلومەرجی تایبەتی ئەو کاتی کۆماری ئیسلامی هێندێک سەرکەوتنی کاتی بۆ نموونە لە ڕەوتی شەڕی سێ مانگەدا بەدەست دێنی، بەڵام دواجار خۆی لە دەرەوەی ئەو جۆغرافیایە دەبینێتەوە کە خەباتی خۆی بۆ پێناسە کردوە. لە ڕەوتی خەباتی چەکداری بە تەنیا حیزبی دێموکرات نزیک ٥ هەزار شەهید دەدا و زۆر کەسیش دەبنە کەم ئەندام یان تووشی زیندان و هەندەران دەبن.

زۆر جار کە قسە لە سەر تێچووی زۆری خەباتی چەکداری دێتە گۆڕێ ئاماژە بە باشووری کوردستان دەکەن کە لە ڕەوتی ئەنفالدا ١٨٠ هەزار قوربانی داوە یان بە هۆی کیمیابارانی هەڵەبجە ٥ هەزار قوربانی داوە. ئاخۆ هەرێمی کوردستان بەرهەمی خەباتی چەکدارییە؟ ئاخۆ خەباتی چەکداری لە باشووری کوردستان پاشەکشەی بە سەددام کرد؟

کاتێک لە بەهاری ساڵی ١٩٩١ دا یەک و نیو میلیۆن لە خەڵکی کورد لە باشووری کوردستان بەرەو سنوورەکانی تورکیا و ئێران ڕۆیشتن، هەڕەشەیان لە سەر تەناهی سنوورەکانی ئێران و تورکیا کرد. لە ڕەوتی کۆڕەویشدا خەڵکی کوردستان تێچوویەکی زۆری دا، خەڵکێکی زۆر بە هۆی برسێتی و نەخۆشی گیانی لە دەست دا و زۆر وێنەی تراژیکیش وەک ئەو دایکانەی کە منالی خۆیان لە ڕووبار هاویشت ڕووی دا. لە ٥ی ئاوریلی ١٩٩١ شووڕای ئەمنییەتی نەتەوە یەکگرتووان بڕیارنامەی ٦٨٨(resolution 688) دەکرد کە جەختی لە سەر گەیاندنی هاوکاری مرۆڤدوستانە بە کوردەکان و پێکهاتنی ناوچەی دژە فڕین دەکرد. دەرچوونی بڕیارنامەی ٦٨٨ و دروستبوونی ناوچەی دژە فڕین کە ڕزگاری هەرێمی کوردستانی لێکەوتەوە، بەرهەمی خەباتی چەکداری نەبوو، لە هیچ شوێنێکی ئەو بڕیارنامەیەشدا ئاماژە بە هێزی چەکداری کورد نەکراوە. هەر بۆیە ڕێپێوانی میلیۆنی خەڵکی باشووری کوردستان کە دەچێتە خانەی خەباتی مەدەنی و ناتوندووتیژ، باشووری کوردستانی ڕزگار کرد. ئەو بابەتەش بە مانای ئەوە نایە پێشمەرگە دلسۆز و گیانفیدا نەبووە، بەڵکوو ڕەتکردنەوەی ئەو جۆرە ڕوانینە بۆ کوردایەتییە کە پێیوایە هەرێمی کوردستان بەرهەمی خەباتی چەکدارییە.

خەباتی چەکداری لە باکووری کوردستان کە لەوێداش مەبەست هەمان خەباتی پ.ک.کەیە لە سەردەمی خۆیدا، لەو کاتە کە دەوڵەتی تورک باسی لە "تورکی کێوی" دەکرد توانی لە سەر ڕاگرتنی شۆناسی کوردی کاریگەری هەبێ، بەڵام لە ئێستا ئەو خەباتە چەکدارییە ڕەهەندە مەدەنی، سیاسی و کولتووری خەباتی کوردی لاواز کردوە. خەباتی چەکداری پێچەوانە ئەوەی لە میدیاکانی سەر بە پ.ک.ک نیشان دەدرێ نەتەنیا پرسی کورد پێش نابا، بەڵکوو هۆکارێکیشە بۆ پێشڤەنەچوونی. ئەگەر چی هێزی ئەمنی و سەربازی تورکیا نەیتوانیوە پ.ک.ک لە نێو بەرێ، بەڵام پ.ک.کەش توانای چارەسەرکردنی پرسی کوردی نەبووە. ئەوە چارەسەر نییە کە بۆ زیاتر لە سێ دەیە پێوەندی تورک - کورد کوشتن یان کوژران بێ. ئەوی لە باکووری کوردستان هێزی بەخشیوەتە کوردایەتی BDP یە. (بۆ خوێندنەوەی زیاتر لە سەر خەباتی باکووری کوردستان دەتونن وتاری "کورد، PKK, BDP, AKP" بخوێنەوە.) ئەو دەرفەتەی لە ڕۆژئاوای کوردستانیش ڕەخساوە لە بەستێنی ڕاپەڕینی سووریا و شەڕی نێوخۆیی ئێستای ئەو وڵاتە دایە. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ پێنج ساڵ لەمەوبەریش تەنانەت خۆدی وشەی ڕۆژئاوای کوردستانیش کەمتر لە ئەدەبیات و میدیای حیزبە کوردییەکاندا باسی لێ دەکرا.

٣- خەباتی چەکداری و دیکتاتۆرییەت

دەبێ لە ڕۆژی دوای سەرکەوتنی خەباتی چەکداری نیگەران بین. دەبێ لەوە نیگەران بین کە کەمینەیەکی زۆر بچووک ئەرکی زۆرینەیەک بەجێ بگەیەنێ و دواتر ئەو کەمینەیە قبوولی ئیرادەی زۆرینە و سیستمی دیمۆکراسی بکا. لە نێو ئەحزابی کوردیدا زۆرینەی ئەوانەی لە خەباتی چەکداری بەشدار بوون ئاستی خوێندەواریان زۆر نزم بووە و ئەوەش ڕەنگە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە فێربوونی بەکارهێنانی چەک سادەیە و پێویست بە تەرخانکردنی چەند ساڵ ناکا. هێزی خوێندەوار دەتوانی پێشکەوتنی زانستی، هونەری، کولتووری، سیاسی و... بەرهەم بێنێ و لەو ڕێگەیەوە خزمەتی نەتەوەکەی بکا. خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئێستا خەڵکی خوێندەواری زۆر زیاتری هەیە بە بەراورد لەگەڵ ساڵی ١٩٧٩، بەڵام شێوازی خەباتی چەکداری ناتوانێ ڕێگەیەکی گونجاو بۆ بەشداری ئەو خەڵکە بێ. تایبەتمەندی خەباتی چەکداری بە تایبەت لە نێو کورددا کە جۆری چەکی بە کەلاش و دۆشکە کورت دەبێتەوە ئەوەیە کە خاڵی شارەزایی و فرەچەشنی خەڵک لەبەر چاو ناگرێ. جەخت لە سەر کەلاش و دۆشکا، تانگ و فرۆکەی شەرکەری دوژمنمان ڕووبەڕو دەکاتەوە و ئەوە بەدەر لە بوێری یان نەوێری، چوونە نێو خانەیەکە کە ئێمە وەک کورد تێیدا ئەگەری سەرکەوتنمان زۆر ئەستەمە. هەروەها مەحکوومکردنی خەباتی چەکداریش لە لایەن دەوڵەتانی داگیرکەر وەک پرسێکی تێرۆریستی زۆر سادەیە. بۆ دابینکردنی چەکوچۆلیش بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی پێویستیت بە دەوڵەتانی ناوچەیی دەبێ، ئەوەش ڕێگەیەکی دروست نییە کە خەباتی نەتەوایەتی لە سەر ئەو بنەمایە بەردەوام بێ. نسکۆی ١٩٧٥ لە باشووری کوردستان کە لە دوای ڕێکەوتنی ئەلجەزایر هاتەئاراوە و ڕەزاشا پشتی لە شۆڕشی باشووری کوردستان کرد وانەیەکی گەورەیە بۆ ئەوەی ئێمە کە ئەو هەڵەیە دووبارە نەکەینەوە. ئەگەر سەرچاوەی هێزت شتێک جێگە لە خەڵکی خۆت بێ، دەبێ چاوەڕوانی ئەوەش بی کە چارەنووسی سیاسیت لە دەرەوەی ئەو جۆغرافیایە کە خەباتی بۆ دەکەی دیاری بکرێ.

## خەباتی مەدەنی

خەباتی مەدەنی بە شێوازێک لە خەبات دەکوترێ کە ناتوندوتیژ بێ. بەو پێیە خەباتی مەدەنی و خەباتی چەکداری لەگەڵ یەکتر بە تەواوەتی ناکۆکن. خەباتی مەدەنی توانیویەتی هیندوستان بە سەربەخۆیی بگەیەنێ و ئیمپراتووری بریتانیا بە چۆک دابنێ. مارتین لوتێر کینگ بە کەڵک وەرگرتن لە شێوازی خەباتی مەدەنی توانی کۆیلەداری لە ئەمریکا هەڵبوەشێنێتەوە. لە زۆر وڵات کە لە بواری کۆمەڵایەتی، کولتووری، ئابووری و... لە یەک جیاواز بوون، بەڵام لە بوونی دیکتاتۆرییەت و ستەم لەگەڵ یەک هاوبەشبوون خەباتی مەدەنی سەرکەوتنی بە دەست هێناوە کە دەکرێ ئاماژە بە سەرکەوتنی خەباتی مەدەنی لە وڵاتانی شیلی، لەهستان، ئافریقای باشوور، فیلیپین، ئۆکراین و... بکەین.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ساڵی ١٣٧٦ بەملاوە کوردستان هێندێک هەوڵی مەدەنی بۆ دەستەبەرکردنی مافی نەتەوەیی بە خۆیەوە بینیوە کە دەکرێ ئاماژە بە دامەزرانی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان لە نۆی ئاوریلی ٢٠٠٥، بەرەی یەکگرتووی کورد لە ساڵی ٢٠٠٥، فراکسیۆنی نوێنەرانی کوردی لە پارلمانی ئێران، پێکهاتنی "یەکیەتی دێموکراتیکی خوێندکارانی کورد"، کۆمەڵەی کوردانی دانیشتووی تاران، ئەنیستیتۆی کلتووری-هونەری ئەحمەدی خانی-ورمێ، گۆڤاری ڕۆژهەڤی



سەرچاوە Serchawe

خوێندکارانی کوردی زانکۆی تاران، گۆڤاری زرێبار، گۆڤاری روانگەی خوێندکارانی کوردی تەورێز، ئەنجومەنی سەوزی چیا، ئەنجومەنی ژنانی مەریوان، لقی کوردستانی کەمپەینی یەک میلیۆن واژۆ، فێرگەی زمانی کوردی سۆما و... بکەین.

داخستنی دوکان و بازار لە هێندێک شاری کوردستان لە ٢٢ی پووشپەردا بۆ نیشاندانی مەحکوومکردنی تیرۆری دوکتور قاسملوو، مانگرتنی بەرینی خەڵکی کوردستان بۆ دەربڕینی نارەزایەتی لە ئیعدامکردنی فەرزاد کەمانگەر و هاورێیانی لە ساڵی ١٣٨٩، کەمپەینی "ژنبوون کەرەستەی سووکایەتی کردن بە هیچ کەس نییە"، کۆمەڵێک نموونەن لە خەباتی ناتوندوتیژ کە زۆر سەرکەوتوو بوون. ئەو نموونانە نیشان دەدەن کە خەباتی مەدەنی کاریگەری هەیە و پرسی کوردیش پرسێکی رەوایە، بەڵام چ بکەین کە لە رێگەی خەباتی مەدەنی ئامانجی ستراتژیک واتە رزگاری کوردستان مسۆگەر بکەین؟ ئەقلییەتی مەدەنی - سیاسی لە نێو حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان و لە نێو خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان بەهێز بکەین. ئەو حیزبانە بە هۆی ئەوەی دەرەتانی پێکهێنانی حیزب و هێنانەئارای ئازادانەی داواکارییەکانی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان نییە، هەروەها بە هۆی هەبوونی تەلەڤیزیۆن کە ئامرازێکی گرینگە بۆ بە جەماوەریکردنی خەباتی مەدەنی و ئاراستە بەخشین بە جەماوەر تەعبیر لە ئیرادەی سیاسی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەکەن. بۆ ئەوەی ئەو ئیرادە سیاسییە لە خزمەت خەباتی مەدەنی دا بێ و پشتئەستوور بە خەباتی مەدەنی بەرفراوانیش بێ پێویستە:

١- پێویستە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە بە شێوازی مەدەنی خۆیان لە خەباتی نەتەوایەتیدا ببیننەوە نەک ئەوەی حیزبی سیاسی شوێنی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە بێ. حیزبی سیاسی جێگەی خەڵکی نەخوێندەوار، بەساڵاچوو و نەخۆش نییە، بەڵام ئەو خەڵکەش دەتوانێ لە خەباتدا بەشداری بکا.

٢- دەبێ کۆمەڵێک چەمک وەک پێشمەرگە لە فۆرمی کۆن کە پێناسەیەکی چەکداری هەیە بێتە دەرێ. ناکرێ پێشمەرگە لە ئەدەبیات و پێکهاتەی حیزبدا نوێنگەی رزگاری نەتەوەیی بێ، لە حاڵێکدا لە واقیعدا شۆڕشگێرێکی "چەکداری" بە ئیروبروا توانای رزگارکردنی نەتەوەی نییە. هەر کەسێک کە لە پیناو خزمەتکردن بە نەتەوەکەی هەوڵی بردنەسەری توانایی خۆی دەدا پێشمەرگەیە.

٣- حیزبی سیاسی دەبێ تەماشای سیاسەتکردن وەک کارێکی پسپۆرانە بکا. ئەگەر حیزبی سیاسی هونەرمەند، شاعیر، ناوەندی منداڵپارێزی و رێکخراوی ژنان، لاوان و خوێندکاران و ... نەبێ، نابێ گلەیی لێ بکرێ و بۆی وەک لاوازی لە قەڵەم بدرێ. بەڵام ئەگەر حیزبێکی سیاسی دەیان شرۆڤەکار و دیپلۆماتی شارەزا بە چەند زمانی زیندووی جیهانی نەبێ کە لە پرۆسەی بڕیاردان لەو حیزبەدا بەشداری بکەن، دەبێ لە بنەرەتی بوونی ئەو حیزبە رەخنە بگیردرێ. دروست نییە هەر کەسێک کە تەمەنی لە سەرووی ١٨ ساڵ بوو، کەسیشی نەکوشتبێ و بە گشتی خۆشناو بێ، کە ئاودیوی باشووری کوردستان بوو بتوانێ ببێتە ئەندامی تەواو وەختی حیزب. حیزبی سیاسی ئەرکی سەرەکی ئەوەیە ئاراستە ببەخشێتە جەماوەر. حیزبی سیاسی دەبێ کەسانێک بەرێوەی بەرن کە توانای شرۆڤەکردنی سیاسی، توانای نووسین و دەربرینی هەیە، بەڵام ئایدیا، پرۆژە و بەرنامەکانی هەموو خەڵکی کوردستان بگرێتەوە.



سەرچاوە
Serchawe

٤- ئاراستە و ئەقلییەتی خەڵک بە جۆرێک بگۆردرێ کە لە جێگەی قەندیل، پارلمان و ڕۆژنامە و زانکۆ و ... بە گۆڕەپانی ئەمرۆی خەبات بزانێ. ئەوە دەبێ ڕەنگدانەی لە سەر میدیای ئەحزابی کوردی هەبێ کە قارەمانایەتی و کوردایەرتی لە شاخ و مۆدێلی کۆن بۆ شار و مۆدێلی ئەورۆیی رابگوازن. ناکرێ دوو گۆتار و ئاراستەی پێکناکۆک لە میدیای حیزب بڵاو بکرێتەوە.

٥- هەوڵ و چالاکی مەدەنی خەڵکی کوردستان نەک وەک پەراوێزێک لە خەباتی چەکداری لە قەلەم بدرێ، بەڵکوو ئەو هەوڵانە ببێتە هەوێنی پێناسەکردنی قۆناخێکی نوێ لە خەباتی نەتەوایەتی.

٦- میدیای حیزبی کوردی دەبێ کاری پارلمانتار، پارێزگار، فەرماندار و شوورای کورد بخاتە ژێر چاوەدێری و ئاستی هوشیاری و بەشداری خەڵک بباتە سەرێ.

**سەرچاوەکان**:

١- www.cssnd.com

٢- http://xatonbax.blogspot.com

٣- سه دهه مبارزه کردها در ایران از منظر خشونت و خشونت پرهیزی، محمد تهوری

٤- تبعیض قومی در کردستان ایران، مصلح کهنه‌پوشی

٥- Gandhi movie، http://www.youtube.com

سەرچاوە: ماڵپەڕی NNS.ROJ - ڕێکەوتی: ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٣

-------------------------------------------------

## کورد و بەشداری لە دەوڵەتی رووحانی

ساڵی ١٣٥٨ دەوڵەتی بازرگان بە نیشانەی گرینگیدان بە خواستی کوردەکان، ئیبراهیمی یوونسی وەک پارێزگاری سنە دەستنیشان کرد. ساڵی ١٣٧٦ش دەوڵەتی خاتەمی بۆ گرینگیدان بە «پرسی ئەقوام» عەبدوللا رەمەزانزادەی وەک پارێزگاری سنە دەستنیشان کرد. حیزبە کوردییەکان بە فەرمی باسی فێدرالیزەکردنی چوار پارێزگای کرماشان، سنە، ورمێ و ئیلام دەکەن، بەڵام خواستی دانانی پارێزگاری خوجێیی و کورد بۆ ئەو پارێزگایانە قەت بەروونی و بە جیددی نەهاتۆتە بەرباس. فێدراڵیزم زیاتر لەوەی مایەی وەگەڕخستنی هێزی کۆمەڵایەتی - سیاسی کوردستان بێ، خواستێک بووە ڕوو بە دەسەڵات. بە واتایەکی دیکە فێدراڵیزەکردنی کوردستان لە پێکهاتەی سیاسی ئێراندا خەبات و پرۆسەیەکی سیاسی-

کۆمەڵایەتی نەبووە بەجۆرێک کە لە خوارەوە بۆ سەرێ (لە بە دەستەوەگرتنی شوورا بۆ بە دەستەوەگرتنی پارلمان، فەرماندار، پارێزگار و وەزیر و...) بێ و هەوڵی گەشەی سیاسی، ئابووری، کولتووری و... کوردستان بدا، بەڵکوو پرۆژەیەک بووە بۆ ئەوەی لە داهاتوودا لەگەڵ لایەنی سیاسی باڵادەست مشتومڕی لە سەر بکرێ. پارێزگای «ئازەربایجانی رۆژئاوا» باشترین نموونەیە بۆ تێگەیشتن لەو خاڵە کە ئایدیای فێدراڵیزم ئایدیایەکە کە لاقێکی واقیعی ئیداری - کۆمەلایەتی نییە، بە هۆی ئەوەی هەر لە سەرەتاوە نەک وەک پرۆسەیەکی سیاسی-کۆمەڵایەتی بەڵکوو وەک پرۆژەیەکی سیاسی ڕووت لە دایک بووە. ئەو ئایدیایە زیاتر لەوەی ئاراستە و فۆرم ببەخشێتە خەبات و کوردایەتی لە نێوخۆی ولات وەک پرۆژەیەکی سیاسی بۆ داهاتوو تەماشای کراوە. سەیر ئەوەیە لە پارێزگای ورمێ کە ژمارەیەکی بەرچاو لە دانیشتووانی ئەو پارێزگایە کوردن، لە مێژووی کۆماری ئیسلامیدا هیچ کوردێک وەک پارێزگار دیاری نەکراوە و نارەزایەتی بەرینیشی لێ نەکەوتۆتەوە. لە دوای هاتنەسەر کاری دەوڵەتی رووحانی، ناوی فەرەیدون هیممەتی، کە خەڵکی ئیلام و نوێنەری خۆلی حەوتەمی پارلمان بووە، بۆ بوون بە پارێزگاری ورمێ هاتۆتەئاراوە و ئەو بابەتە هاواری «پان تورکیزمی» بەرز کردۆتەوە کە »دەوڵەت دەیهەوێ لە هەقی تورکەکان جەفا بکا!.»

ئەو بابەتەش جێی تێرامانە کە لە نێو هاتنەئارای خواستی بەشداریکردنی خەڵکی ناوچە کوردنشینەکان لە دەوڵەتدا، دابەشبوونێک دەبینرێ لە نێوان «بەشداری کورد» لە دەوڵەتی رووحانی و «بەشداری کوردی سوننی» لە دەوڵەتی رووحانیدا. ئاخۆ بەشداری کورد لە دەوڵەتدا چۆن دەتوانێ خزمەت بە بەرەوپێشچوونی پرسی کورد بکا؟ ئایا هاتنەئارای شۆناسی «کوردی سوننی» بۆ کوردایەتی لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەرفەتە یان هەرەشەیە؟

١- بەشداری کورد لە دەوڵەت و لە بۆرۆکراسی دەسەڵاتدا دەتوانێ توانا، کەسایەتی و دەسترۆیشتوویی کورد بەرێتە سەرێ. هەبوونی پارێزگار، پارڵمانتار و فەرمانداری کورد هەم پێگەی پرسی کورد لە نێو کۆمەڵگەی کوردی بەهێز دەکا و هەم پرسی کورد لە ئاستێکی سایکۆلۆژی - حقووقی باشتر لە چوارچێوەی ئێراندا نوێنەرایەتی دەکا. بۆ نموونە پارێزگار بەرپرسی دانی موڵەت بە بڵاوکراوەکانی ئەو پارێزگایە، رێگەدان بە بەرێوەچوونی خۆپێشاندان، دیاریکردنی فەرماندارەکان، بەرێوەبردنی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری، پارڵمان و شووراکان و ئاسایش لە پارێزگا دایە. لە شارەکانی ورمێ و شنۆ - نەغەدە کە کورد و تورک پێکەوە دەژین، کورد لەمێژە لە ململانێ لەگەڵ هاووڵاتیانی تورکدا سندووقی دەنگدانی هەڵبژاردوە، بەڵام بە هۆی ئەوەی کە تورکەکان هەمیشە بەرێوەبەر و چاودێری هەڵبژاردن بوون، کورد ئەگەر تانەیەکیشی لە هەڵبژاردندا بووبێ بە هیچ شوێنێک نەگەیشتووە. بۆ نموونە لە هەڵبژاردنی خۆلی هەشتەمی پارڵمان لە هەرێمی شنۆ - نەغەدە کە لەودا جەمال خزری وەک نوێنەری کورد و علی زەنجانی وەک نوێنەری تورک کەوتنە دەوری دووهەم، فەرمانداری شنۆ شەوی هەینی (٢٥ی ئاوریلی ٢٠٠٨) جەمال خزری وەک براوەی هەڵبژاردن ڕاگەیاند، بەڵام فەرمانداری نەغەدە بۆ سبەینێ زەنجانی وەک براوە ڕاگەیاند و سکالای کوردەکانیش بە هۆی توانای ئیداری - بۆرۆکراسی زیاتری تورکەکان هەم لە ئاستی پارێزگای ورمێ و هەم لە تاران، بێ ئاکام مایەوە. کورد لە زۆر نموونەی دیکەدا بە هۆی سەرنجنەدان بە گرینگی «توانای بۆرۆکراتیک» نەک لە لایەن فارس، بەلکوو لە لایەن تورک مافی زەوت کراوە.

هەروەها بەشداری کورد لە دەوڵەتدا دەتوانێ رەهەندێکی نوێ و پتەوتر ببەخشێتە پێوەندی کوردایەتی رۆژهەڵاتی



سەرچاوە
Serchawe

کوردستان و هەرێمی کوردستان. هەر لەم دواییەنەدا وەحید جەلال زادە پارێزگاری ورمێ لەگەڵ هەیئەتێکی سیاسی_ئابووری سەفەری بۆ ئەرمەنستان کرد چۆنکە بە وتەی خۆی یەکێک لە سیاسەتەکانی دەوڵەت بەرفراوانکردنی پێوەندی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێیە. ئەگەر پارێزگاری ورمێ کورد بێ، جگە لە پێوەندی لەگەڵ ئەرمەنستان دەتوانێ ڕێخۆشکەر بێ کە پێوەندی سیاسی - ئابووری ئێران - هەرێمی کوردستان باشتر بێ و ئەوە ڕاستەوخۆ لە سەر باری ژیان و ئابووری شارە سنوورییەکان کاریگەری هەیە. هەر ئەو بابەتە دەکرێ لە بوونی کوردێک بە پارێزگای سنە، کە ئێستا پشتگیرییەکی بەرفراوان لە حوسێن فیرووزی دەکرێ، چاوەڕوان و دەستەبەر بکرێ. بەو پێیە سەرکەوتنی پارێزگارە کوردەکان لە پراکتیکدا نیشان دەدا کە فرەچەشنی ئێتنیکی ئێران دەتوانێ دەرفەت بێ بۆ گەشەی هەموو وڵات.

٢- کێشەی کورد لە ئێران بە نەمانی کۆماری ئیسلامی کۆتایی پێ نایەت. بەدەستهێنانی ئەزموونی حکوومەتداری لە ئێستادا کومەڵێک دەرفەت بۆ بژاردەی خوێندەواری کورد دەکاتەوەو بۆ داهاتووش پێش بە گەندەڵی دەگرێ. کوردایەتی لە ڕێگەی هەوڵ بۆ بوون بە شارەدار، فەرماندار و پارێزگار و... وا دەکات جێگە لە شێوازی پێشووی کوردایەتی کە تێچوویەکی زۆری هەبوو و دەستکەوتەکەشی زۆرتر ڕەهەندی ئەخلاقی هەبوو، بگوازرێتەوە بۆ دەستەبەرکردنی کۆمەڵێک پێگەی بۆرۆکراتیک و جەماوەری بژاردەی خوێندەواری کورد. لێرەدا سیاسەت کردن بەتاڵ دەبێ لەو ڕەهەندە پۆپۆلیستییە کە دێهاتەکان سەرچاوەی سەرەکی هێزی مرۆییان پێک دێنا. لەمەوبەدوا مامۆستای کوردی زانکۆ، پسپۆری ئابووری، سیاسی و... کورد مەیدانێکی واقیعی هەم بۆ ململانێی تاکەکەسی و هەم بۆ خزمەتی کۆمەڵگەی کوردی پەیدا دەکا. وەئەستۆگرتنی بەرپرسیارەتی دەوڵەتی مەیدانێکی بەرفراوان بۆ هێزی مرۆیی کورد دەکاتەوە و کارکردن پێگەی سیاسی-ئابووری کورد لە کۆماری ئیسلامی‌دا بەهێز دەکا. ئەگەر کورد لە ئێستادا لە دەوڵەتدا بەشداری بکا، ئەزموونی حکوومەتداری کورد لە دوای کۆماری ئیسلامی ئەزموونێکی سەرکەوتووتر دەبێ. وەزیری کار، گەشتوگوزار، کشتوکاڵ، وەرزش، وزە و... دەبێ کەسانێک بن کە جگە لە لێزانی تیۆریک، خاوەنی ئەزمونی بەڕێوەبەری بن. ئەگەر کورد کەسانێکی نەبێ کە بواری جۆراوجۆردا پسپۆڕ و خاوەنی ئەزموون بن، ناچار دەبێ کەسانێک لەو شوێنانە دابنێ کە توانا و لێهاتووی ئەو پۆستانەیان نییە. پێناسەی سادەی گەندەڵیش لەبەرچاونەگرتنی خاڵی پسپۆڕی و ئەزموونی کارییە.

٣- ناسیۆنالیزم بڕوامەند بە دێمۆکراسی لیبراڵ چارەسەری فرەچەشنی ئایینی و ئێتنیکییە. لە کۆماری ئیسلامیدا مەزهەبی فەرمی شیعەیە و سوننییەکانیش لەو سی و چەند ساڵەدا تامی ستەمی ئایینیان چێشتووە. ناوەندێتی سوننییەکان زۆرتر لە پارێزگای سیاستانوبەلووچستان بووە کە پارێزگایەکی زۆر هەژار و دواکەوتووی ئێرانە. مەزهەب و هەژاری ئەو تایبەتمەندییە سەرەکییەن کە سیستان و بەلووچستان و کوردەکانی دانیشتووی پارێزگای سنە و ورمێ پێکەوە پێوەند دەدا. ئەو هاوپێوەندییە بەروونی لە وێنەی شێخ مەولانا عەبدولحەمید پێش نوێژی زاهیدان و جەلالی جەلالی زادە نوێنەری پارلمان لە خۆلی شەشەم دەبینرێ، بەڵام ڕەگوریشەی جەماوەری و ڕێکخراوەیی ئەو هاوپێوەندییە بۆ بوونی «جەماعەتی دەعوە و ئیسلاح ئێران» دەگەڕێتەوە. لە دوای پێکهاتنی دەوڵەتی رووحانی و دەستنیشانکردنی عەلی یوونسی وەک ڕاوێژکاری تایبەتی سەرۆک کۆمار بۆ کاروباری ئەقوام و کەمایەتییەکان ئەو هاوپێوەندییە قالبێکی حکوومەتیشی پێدراوە. ڕەنگە تەنیا شوێنێک کە هەموو بە بێ لەبەرچاوگرتنی جیاوازی نەتەوایەتی و ئایینی یەکسانن، دەنگدان و سندووقی هەڵبژاردن بێ. بێگومان چەند میلیۆن دەنگی کوردەکانو سوننیەکان لە ململانێی نێوان ڕیفۆرمخوازان و کۆنەپارێزان دەتوانێ

یەکلاکەرەوە بێ. ئێمە لە هەڵبژاردندا و لە بڕوامەندی بە ئازادی تاکەکەسیدا، لەوەی دەوڵەت دەبێ دەوڵەتی هاووڵاتی و هەمووان بێ هاوبەشین. روانینی بەرچاوتەنگ، ئالۆزیکی و دەمارگرژانە چ ئایینی بێ و چ ئیتنیکی بێ، هەرەشە خۆلقێنە و توندوتیژی لێدەکەوێتەوە. کوردایەتیو ناسیۆنالیزمی کوردی ئەو فرەچەشنییە دەبینێ کە خەڵکانێکی کورد هەن کە بڕوایان بە مەزهەبی شیعە یان سونی هەیە یان هەر موسلمان نین، بەڵام لە خۆپالاوتن، دەنگدان و لە بەرامبەر یاسادا دەبێ خاوەنی ماف و ئەرکی یەکسان بن. پشتگیری و هاوکاری ناسیۆنالیزمی کوردی لە یەکسانی لە بەرامبەر یاسادا و لە دێمۆکراسی لیبراڵ نەتەنیا کوردایەتی بەهێز و بەرفراوان دەکا، بەڵکوو مەیدانی توندرەوەی ئیتنیکی و ئایینیش دەبەستێ.

**سەرچاوەکان**:


١- شهرستانهای اشنویه و نقده تبدیل به دو حوزه انتخابیه بشوند، عبدالعزیز مولودی

٢- http://www.ostan-ag.gov.ir/

٣- http://abdolhamid.net/persian/

٤- http://d-jalalizade.blogfa.com/

٥- پایگاه اطلاع رسانی اصلاح



لە ژمارە ٦١٨ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٣


--------------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## راپۆرتێکی کانالی CNN ئەمریکا لە ئامادەکردنی مەت اسمیت کێری: ئەمریکا لەئاست ئێران "کوێر" یان "گەمژە" نیە

### وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە

ئەمریکا و هاوپەیمانانی لە وتووێژەکانیان لەگەڵ ئێران، "کوێر" یان "گەمژە" نین. ئەوە وتەی پایەبەرزترین دیپلۆماتی واشینگتۆنە کە رۆژی یەکشەممە لە دوای ئەوەی وتووێژەکان لەپێوەندیی لەگەڵ پرسی ئەتۆمی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بێ هیچ رێکەوتنێک کۆتایی پێهات کردنی. جان کێری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا ئەوەی بە ن.ب.س لە کاتی دیدارە رۆژنامەوانییەکەی ڕاگەیاند کە "ئێمە بە تەواوەتی بڕیار دەدەین کە ئەوە دەتوانێ چارەسەرێکی باش بێ یان لێرەدا چارەسەرێک نیە."

هەروەها ناوبراو گوتی "ئەوە سەرەتایەکی نوێیە و دەبێ زۆر بە وردی تاقی بکەینەوە." بەڵام سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل خۆشحالی خۆی لە بەئاکام نەگەیشتنی دانیشتنەکان دەربڕی و گوتی رێکەتننامەیەک کە هاتۆتە بەرباس، دەیتوانی گەورەترین سەرکەوتن بێ بۆ ئێران. هاوکات سەرۆک کۆماری ئێران هەوڵی دا تا دیسان پارڵمان دڵنیا بکاتەوە کە ئەو بە بێ لەبەرچاوگرتنی توانایی تاران بۆ بەرهەمهێنانی وزەی ئەتۆمی لە هەر رێکەوتنێکدا کە گەمارۆ نێودەوڵەتییەکان لابەرێ، بەشداری ناکا.

پاش دوو رۆژ لە وتووێژکردن لە ئاستی وەزیرانی دەرەوە، وتووێژی نێوان ئێران و پێنج ئەندامی شووری ئەمنییەت زائید ئالمان یەکشەممەی ڕابردوو لە ژنێڤی سوویێد کۆتایی پێهات. کاترین ئەشتۆن سەرۆکی کاروباری دەرەوەی یەکیەتیی ئورووپا گوتی "زۆر پرۆسەی واقیعی بە ئاکام گەیشت، بەڵام هێندێک جیاوازی ماوەتەوە." وتووێژەکان بڕیارە کە ٢٠ نوامبەر بە بەشداری ئەشتۆن و جەوادی زەریف وەزیری دەرەوەی ئێران دەست پێ بکاتەوە. زەریف گوتی "من پێموایە ئێمە هەمووومان لە سەر یەک رێرەوی هاوشێوە داین و ئەوە گرینگە. ئەوە هانمان دەدا تا بەرەوپێشەوە بچین."

### ئێران جەخت دەکاتەوە کە ئامانجەکانی ئاشتیخوازن

ئێران داخوازییەکانی شووری ئەمنییەتی نەتەوە یەکگرتووەکانی بۆ ڕاگرتنی بەرنامەی پیتاندنی ئۆرانیۆم کە دەتوانێ بۆ رئاکتۆرە ئەتۆمییەکان یان بۆ دروستکردنی بۆمبی ئەتۆمی بەکاربێ، رەت کردەوە. ئێران جەختی کردەوە کە دەیهەوێ هەوڵەکانی لەو پێناوەدا ئاشتیخوانە بێ، بەڵام هێزە رۆژئاواییەکان و ئیسرائیل تاوانباری دەکەن بە هەوڵدان بۆ دروستکردنی چەکی ئەتۆمی. لێکۆڵەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە راپۆرتی ساڵی ٢٠١١ی خۆیاندا ڕایانگەیاند کە ئەوان چیدیکە ناتوانن بیسەلمێنن کە بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران بەتەواوەتی ئاشتیخوازانە بووە. قبوول نەکردنی ئێران بۆ ڕاگرتنی

پیتاندنی ئۆرانیۆم، گەمارۆکانی لێکەتۆتەوە کە ئابورییەکەی ئیفلیج کرد. ئەو گەمارۆیانە هەناردەی نەوتی خاوی ئێرانی دابەزاند و هەلاوسانێکی بەربلاوی نێوخۆیی لێکەوتەوە. بەلام حەسەن رووحانی، ئەو کەسەی دانیشتنەکانی لەگەڵ رۆژئاوا دەست پێکردەوە و لەو کاتەوەی دەسەلاتی لە مانگی ئاگۆست بەدەستەوە گرت هیواکانی بۆ گەیشتن بە ریگە چارەیەک بردەسەرێ، ئەو یەکشەممە گوتی: تاران "خەتی سووری" خۆی هەیە کە دەوڵەت ناتوانێ تێیپەرێنێ. بە پێی ئاژانسی هەواڵدەری نیوە فەرمی فارس، رووحانی بە یاسادانەرانی گوتووە کە "ماف و بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی ئێران خەتی سووری ئێرانن و ئەو مافانە مافی ئەتۆمی لە چوارچێوەی یاساکانی نێونەتەوەییش لەخۆ دەگرێ کە مافی پیتاندنی ئۆرانیۆم لە نێو خاکی ئێران یەک لەو مافانەیە."بەلام جۆزێف سرینچۆنی لە بەرنامەی س.ن.ن ی فەرید (١) گوتی "گەلالە گشتییەکانی رێگەچارەکان پێدەچێ روون بێ و ئەو چاوەروانی دەکرد کە یەک لە چارەسەرەکان دەیتوانی دڵنیاکردنەوەی خێرا بێ. سرینچۆنی گوتی "ئێمە لە رۆژانی رابردوودا هێندێک پێشکەوتنی گرینگمان بینیوە کە ئاسایی بوونەوەی دیالۆگی نێوان ئەمریکا و ئێرانیش لەخۆ دەگرێ. ئێمە ئێستا ئەوە بەرپرسیارەتییەکی فەرمیمان داوە کە وەزیری دەرەوە پێویستە لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ئێران دانیشتن بکا، بەلام لە ٣٤ ساڵی رابردوودا هەتا سێپتامبەری پێشوو ئەوە رووی نەداوە."

## چ گەلالەیەک لە سەر مێزی دانۆستان دایە؟

دوو بەرپرسی پایەبەرزی دەوڵەتی ئەمریکا گوتیان لە گەلالەی پێشنیارکراودا، ئێران رازی دەبێ بەوەی پیتاندنی ئۆرانیوم تا رادەی ٢٠% ، بە تەواوەتی سەرتر لەو ئاستەی کە بۆ وەکارخستنی نیروگایەکی بەرقی ئەتۆمی پێویستە، ئەگەرچی هەروا لەخوارەوەی ئەو ئاستەیە کە بۆ بەرهەمهێنانی چەکێکی ئەتۆمی پێویستە. بە پێی گەلالەکە ئێران دەبێ زۆربەی پاشەکەوتی ئۆرانیۆمی ٢٠%ی ئێستای خۆی تەحویل بدا. هەروەها ئەو دەبێ رازی بێ تا سانتریفیۆژەکانی خۆی بەکارنەهێنێ کە دەتوانن پێنج جار خێراتر لە مۆدێلە کۆنەکانی پێشوو لە نیروگاکانی پیتاندن کار بکەن. ئەوان هەروەها راکتۆرێکی ئاوی قۆرس لە ئەراک وەگەرناخەنەوە کە دەتوانێ بۆ بەرهەمهێنانی پلۆتۆنیۆم کەڵکی لێوەربگیردرێ. فابیۆس وەزیری دەرەوەی فەرانسە گوتی ئەوە داواکارییەکە کە بەتایبەتی فەرانسە پێداگری لەسەر دەکا.

## تواناییە ئەتۆمییەکانی ئێران

بەرپرسانی دەوڵەتی ئەمریکا وتیان کە لە بەرامبەردا، هێزەکانی ٥ +١، ئەمریکا، بریتانیا، فەرانسە، رووسیا، چین و ئالمان هێندێک لە سامانەکانی ئێران کە لە بانکەکانی دەرەوە راگیراون ئازاد دەکەن و هەوڵ دەدەن گەمارۆکانی سەر قەدەغەبوونی بازرگانی زێر، ئاسنی گرانبەها و پترۆشیمی کەم بکەنەوە. ئەوان دەڵێن کە ئیمتیازاتی دیکەش تاوتوێ کراون. یەکێک لە بەرپرسانی دەوڵەتی گوتی کە رێگەچارەکە بەجۆرێک دارێژراوە کە ئەو بابەتە وەدوابخا کە ئێران بتوانێ لە رەوتی کەمکردنەوەی گەمارۆگەلێک کە دەکرێ دووبارە بسەپێندرێن، چەکێکی ئەتۆمی دروست بکا. بەلام رۆژی شەممە فابیۆس وەزیری دەرەوەی فەرانسە بە رادیۆ فرانس ئینتێری گوت کە پاریس لەحالێکدا فەرانسە رێگەچارەیەکی دەوێ، ئەو بە "گەمەیەکی گەمژانە" رازی نابێ و گەلالەی پێشنیاریی ئێستا جێگەی رەزامەندی نیە. سناتۆ لیندزی گراهام، کۆماریخوازێکی دیار کە هەوڵی پەسندکردنی دورێکی تازەی گەمارۆکان بەسەر ئێراندا دەدا، بە بەرنامەی س.ن.نی (٢)

گوت: "خوایە سپاس بۆ فەرانسە". رابرت مێنندز سناتۆری دیمۆکراتی نیوجێرسی، کە سەرۆکی کۆمیتەی پێوەندی دەرەوەی سەنایە، بە بەرنامەی "ئەو حەوتوویەی" کانالی ABC گوت ئەمریکا " ناتوانێ زیاتر لە ئێرانییەکان خوازیاری ڕێکەوتنەکە بێ."

بێنیامین نەتانیاهوو سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل کە ڕەخنەی لە وتووێژی حەوتووی ڕابردووی هەبوو، بە بەرنامەی "ڕۆخساری گەڵی" کانالی سی.بی.ئێسی ڕاگەیاند کە ئێران دەبا ساتریفیۆژەکانی ئێستای خۆی و ڕاکتۆری ئەراکی وەک بەشێک لە هەر ڕێکەوتننامەیەک لەکار خستبا. نەتانیاهوو گوتی "ئێران بەتایبەتی هیچ ئیمتیازێکی نەداوە و زۆر شتیشی ستاندوە. ئەوە ڕێکەوتنێکی باش نیە." ئەو گوتی کە وڵاتانی عەرەبی دیکەش بۆچوونەکەی ئەویان هەبووە و ئێوە دەزانن کە کاتێک ئێمە عەرەب و ئیسرائیلییەکان یەک دەنگ دەبینین، کە بە دەگمەن ڕوو دەدا، من پێموایە ئەوە شایانی گرینگی پێدانە.

### کێری: "ئێمە دەزانین کە خەریکە چی دەکەین"

کێری بە کانالی ن.بی.سی گوت کە ڕخنەگران خەریکن وتووێژیکە بە کارێکی بێ بایەخ ناوزەد دەکەن. کێری گوتی "بەشێک لە جیددیترین و بەتواناترین پسپۆران کە لە نێو دەوڵەتەکەماندا بەشێک لە ژیانیان لەگەڵ بابەتەکانی پێوەندیدار بە ئێران و چەکی ئەتۆمی و بەرهەمهێنانی چەکۆچۆلی ئەتۆمی تەرخان کردوە، لەگەڵ ئێمە بەشدارن. ئێمە کوێر نین و هەروەها پێموانیە ئێمە گەمژە بین. من پێموایە ئێمە توانایەکی باشمان هەیە لەوەی کە دەستنیشان بکەین ئاخۆ ئێمە لە بەرژەوەندی وڵاتەکەمان و جیهان و بە تایبەتی لە بەرژەوەندی هاوپەیمانەکانمان وەک ئیسرائیل و وڵاتانی دوورگەی عەرەبی و وڵاتانی دیکەی ناوچە دەجووڵێینەوە یان نا."

بەرپرسێکی پایەبەرزی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێ بە هەواڵنێرانی ڕاگەیاند کە وەزارەتی دەرەوە جێگرێکی پایەبەرزی کێری، ویندی شرمەن کە جێگری وەزیری دەرەوە بۆ کاروباری سیاسییە، بۆ ئۆرشەلیم ناردوە تا وتووێژی ژنێڤ لەگەڵ بەرپرسانی ئیسرائیل باس بکا. ساڵانێکە ڕێبەرانی نێودەوڵەتی نیگەرانی ناسەقامگیرییەک بوون کە ئێرانێکی ئەتۆمی دەتوانێ لە ڕۆژهەلاتی نێوەراست دروستی بکا. ئەو نیگەرانییانە بۆ نموونە ئەگەری هێرشی پێشوەختی ئیسرائیل لەخۆ دەگرێ کە دەتوانێ شەرێکی بەربڵاو هەڵایسێنێ.

لە ڕابردوودا ئێران هەرەشەی هێرشی نیزامی لە ئیسرائیل کرد. هەروەها ئەو نیگەرانییانە ئەو بابەتەش لەخۆ دەگرێ کە بۆمبێکی ئێرانی دەتوانێ وڵاتانی دیکەی ناوچەش هان بدا تا بۆ بەرهەمهێنانی چەکۆچۆلی ئەتۆمی خۆیان هەوڵ بدەن. ئەووەش ناوچەکە بەرەو رکابەرییەکی نیزامی زیاتر دەبا. ئیسرائیل بەشێوەکی بەرفراوان ئەو بڕوایەی پەیدا کردوە کە خاوەنی چەکۆچۆلی ئەتۆمی بێ، هەرچەند کە قەت وەک خۆی ڕاینەگەیاندوە کە ببێ بە هێزێکی ئەتۆمییە.

**لینکی ئینگلیزی راپۆرتەکە:**

**http://edition.cnn.com/2013/11/10/world/meast/iran-nuclear-talks/index.html?iref=allsearch**
**Fareed Zakaria GPS**
**State of the Union .**

ڕێکەوتی: ١٩ی نۆڤەمبەری ٢٠١٣

---------------------------------------------------

# ڕێکەوتنی ئەتۆمیی ژنێڤ

لە ڕێکەوتی ٢٤ نوامبەری ئەمساڵدا کۆماری ئیسلامی ئێران لەگەڵ شەش وڵاتی زلهێزی جیهان لەمەر بەرنامەی ئەتۆمییەکەی ڕێکەوتنێکی لە ژنێڤ واژۆ کرد. ئەو ڕێکەوتنە ڕێکەوتنێکی مێژووییە لەبەر ئەوەی لە ماوەی زیاتر لە 34 ساڵ تەمەنی دیپلۆماسی کۆماری ئیسلامیدا دانیشتن و نزیکییەکی لەو ئاستەدا لە نێوان ئێرانو رۆژئاوا، بە تایبەتی لە نێوان ئێران و ئەمریکا پێک نەهاتوە. لەمەڕ ڕێکەوتنی ئەتۆمی ژنێڤ دوو روانین هەیە کە لە دوو بەرژەوەندیی جیاواز سەرچاوە دەگرن. روانینی یەکەم کە خودی ڕێژیمیش پرۆپاگەندای بۆ دەکا ئەوەیە کە ئەو ڕێکەوتنە بڕیارنامەکانی شوورای تەناهی نەتەوە یەکگرتووەکانی پووچەل کردۆتەوە و مافی پیتاندنی ئۆرانیۆمی ئێرانیشی مسۆگەر کردوە. ڕوانینی دووهەم کە لە نێو ئۆپۆزیسیۆندا زیاتر بەرجەستەیە، ئەو ڕێکەوتنە بە پاشەکشەی کۆماری ئیسلامی لە سیاسەتەکانی پێشووی خۆی و چۆکدان لەبەرامبەر رۆژئاوادا لێکدەداتەوە. دیارە هەر دووک لەو ڕوانگەیە سەرەرای جیاوازییان هیچ لەو راستییە کەم ناکەنەوە کە لە نێو دیپلۆماسی کۆماری ئیسلامیدا، ڕێکەوتنی ژنێڤ ڕێکەوتنێکی کاریگەر و مێژووییە. تێرامان لەسەر ڕێکەوتنی ئەتۆمی ژنێڤ لەو ڕوانگەوە کە لانیکەم زیاتر لە یەک دەیەیە کە کێشەی ئەتۆمی ئێران کێشەیەکی هەستیاری رۆژهەڵاتی نێوەراستە پڕبایەخە. تێگەیشتن لە رەهەندە نێوخۆیی، ناوچەیی و جیهانییەکانی ئەو ڕێکەوتنە یارمەتی دەدا ئاسۆی سیاسی کۆماری ئیسلامی ئێران باشتر وێنا بکەین.

## رەهەندی نێوخۆیی ڕێکەوتنی ژنێڤ

بە هۆی ئەوەی هەر لە سەرەتاوە خەڵکی ئێران لە پرۆسەی دروستکردن و پەرەپێدانی دامودەزگای ئەتۆمی بێ ئاگا بوون، هەوڵدانی کۆنەپارێزان بۆ تێگەیاندنی خەڵک لە ناسەرکەوتوویی ڕێکەوتنی ژنێڤ، تەنانەت ئەگەر دۆراندنێکی مێژووییش بێ، هەوڵدانێکی بێ سوودە. هەر بۆیە ئەوان تاکە کارێک کە دەتوانن جارێ بیکەن، ئەوەیە چاوەروان بکەن و تا ئەو

شوێنەش کە مەجاڵ هەیە لە بەڕێوەچوونی ئەو ڕێکەوتنە لەو شەش مانگەدا گرفت دروست بکەن و هەوڵی بەلاڕێدا بردنو تێکشکانی ڕیفۆرمخوازان بدەن. خەڵکی ئێران بەو ئەقلانییەتەوە کە خەسار لە هەر کاتوساتێکدا پێشی بگیرێ هەر باشە، ڕێکەوتنی ژنێڤ بە باش دەزانن و بەو پێیە هێزی جەماوەری ڕیفۆرمخوازان زیاتر بووە و دەوڵەتی رووحانی هەنگاوێکی گەورەی بەرەوە قۆرخکردنی دەزگای بەڕێوەبەری لە هەڵبژاردنی داهاتوو هەڵگرتووە.

ئەگەر ستراتژیکتر بڕوانینە ڕێکەوتنی ژنێڤ، پێویستە وڵامی ئەو پرسیارە بدەینە کە ئاخۆ پێناسەی خەبات لە دژی کۆماری ئیسلامییەک کە لەمەوبەدوا ئەگەر دوستی ئەمریکا نەبێ دوژمنیشی نییە چۆن دەکرێ؟ ئەو پرسیارە وەک پرسیارێکی دژوار دێتەبەرچاو، بەڵام بیرکردنەوە لەوەی کە «ئەمریکای دوژمنی کۆماری ئیسلامی» لە ڕابردوودا چە پێوەندییەکی لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆن هەبوو تا بەو ڕێکەوتنە ئەو پێوەندییە تێک بچێ؟ وڵامدانەوە بە پرسیاری یەکەمیش ئاسان دەکاتەوە.

## کاریگەری ڕێکەوتنی ئەتۆمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی نێوەراست

لە نێو وڵاتانی ناوچەدا ئیسرائیل هەر لە سەرەتاوە بە ئاشکرا دژایەتی ڕێکەوتنی ئێرانو ڕۆژئاوای کرد، بەڵام وڵاتانی عەرەبی بە تایبەتی عەرەبستان بە شێوەی نافەرمی نیگەرانی و نارەزایەتی خۆی نیشان داوە. بۆ ئیسرائیل بوونی وڵاتێکی دیکتاتۆری وەک ئێران کە بەردەوام لە ئاستی ناوچە و جیهاندا کێشەی دروست کردوە، ئەو قازانجەی هەبووە کە گۆشاری بیروڕای عەرەبی، ناوچەیی و جیهانی لەمەر کێشەی ئیسرائیل - فەلەستین کەم کردۆتەوە. هەروەها نزیکایەتی ئێران و ئەمریکا لەڕادەی گرینگی هاوپەیمانەتی و دوستایەتی ئەمریکا - ئیسرائیل کەم دەکاتەوە. لە ڕوانگەی عەرەبستانیش دوستایەتی ئێرانێکی شیعە کە حەشیمەتی زۆر زیاتری هەیە لەگەڵ ڕۆژئاوا، لە بایەخی عەرەبستان لە ناوچە کەم دەکاتەوە. هەروەها دووەدیمەنی ئێرانێک کە لە توانایەکی زانستی تەنانەت ڕێگەپێدراوی ئەتۆمی بەهرەمەند بێ، ئەمنییەتی سیاسی عەرەبستان و بەرەی سوننی کەم دەکاتەوە.

سەفەرەکانی ئەم دواییەی جەوادی زەریف بۆ کوەیت، عەمان و قەتەر هەر لە ئاراستەی ڕەواندنەوەی ترسی وڵاتانی عەرەبی لە ڕێکەوتنی ژنێڤ و تاڕادەیەکیش بۆ گەیاندنی پەیامی توانایی سیاسی ئێران بەو وڵاتانە ئەنجامی گرت. وڵاتی براوە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەراست لە ڕێکەوتنی ئەتۆمی ژنێڤ، تورکیەیە چونکە نە ئەو بنەما نەگۆڕەی سوننی بوونی لە سیاسەتی خۆیدا هەیە و نە دوژمنایەتییەکی بنەڕەتیشی لەگەڵ وڵاتانی جیران هەیە. ئەو وڵاتە بە شوێن بازاری باشترە و هەوڵیش دەدا لە بووژانەوەی ئابووری ئێران بەشداری بکا.

## ڕەهەندی جیهانی ڕێکەوتنی ئەتۆمی ژنێڤ

ئەگەر ڕێکەوتنی ئەتۆمی ژنێڤ بە باشی بەڕێوە بچێ، چین و رووسیە دەبێ چاوەڕوانی خەسارگەلێکی میلیاردی بن. رووسیە بە وەئەستۆ گرتنی پرۆژەی دروستکردنی نیروگا ئەتۆمییەکانی ئێران لە باری ئابووری و سیاسی قازانجێکی زۆری کردوە. رووسیە زۆربەی کات پرۆژەکانی بە سەقەتی و نیوەچلی بەڕێوە بردوە و چۆنکە ئێرانیش هیچ ئالتێرناتیوێکی نەبووە بە

لانیکەمی کاری ئەوانیش رازی بووە. ریکەوتنی ئەتۆمی ژنێڤ پێش بە بەردەوامی بەشێک لەو دامودەزگا ئەتۆمییانە دەگرێ و ئەوەندەشی کە ئێران پێویستی هەبێ لە لایەن ولاتانی ئوروپایی دابین دەکرێ. ولاتی چینیش کە لە گەمارۆی رۆژئاوا بۆ سەر سەنعەتی پترۆشیمی و گازی ئێران بەهرەمەند بووە، بێگومان لە دۆخی تازەدا کە گەمارۆی سەر هەناردەکردنی بەرهەمی پترۆشیمی ئێران لاچووە و ریگە بۆ هاتنەمەیدانی کۆمپانیا رۆژئاواییەکان خۆش دەبێ، دۆراوی ئەو ریکەوتنەیە.

ریکەوتنی ئەتۆمی ژنێڤ بۆ ئەمریکا و بە تایبەتی بۆ دێموکراتەکانی ئەمریکا گرینگییەکی تایبەتی هەیە. ئەوان لە ئێستادا لە نێو بیروڕای نێوخۆیی ئەمریکا ئەو ریکەوتنە وەک سەرکەوتنی ئیدارەی ئوباما چاولێدەکەن. دیارە ئەو ریکەوتنە لە درێژخایەندا دەتوانێ گۆرانێکی قووڵ لە دیپلۆماسی ئەمریکادا دروست بکا.

کۆماری ئیسلامی ئێران کاتی خۆی پردێک بوو لە نێوان دنیای سۆڤییەت و دنیای سەرمایەداری، بەلام لە دوای ڕووخانی یەکیەتیی سوڤییەت ئەو پردە نەڕووخا. هەرچەند لە ئێستا دا ئەمریکا براوەی ئەو ریکەوتنەیە بەلام لە درێژخایەندا رەنگە هەر ئەو پردە کۆنە ریگای گواستنەوەی هێژمۆنی ئەمریکا بۆ ئاستێک خوارتری جیهانی خۆش بکا. بۆ ئەمریکا ڕاگرتنی فاکتەری دەستپێشخەری و بالادەستی لە سیاسەتی نێودەولەتیدا بە بێ بەکارهێنانی هێزی نیزامی کارێکی ئەستەمە.

## سەرکەوتن یان دۆران لە ریکەوتنی ئەتۆمی ژنێڤ

دیکتاتۆرەکانیش دەزانن کە دواجار خەڵک سەرچاوەی سەرەکی هێزن تەنانەت ئەگەر بە کردەوە پێچەوانەی ئەو بابەتە نیشان بدەن. بیرۆڕای گشتی جیهان لە دوای ریکەوتنی ژنێڤ وەک ولاتیکی بێ بایەخ ناروانێتە ئێران و وێنەی ئێستای کۆماری ئیسلامی لە نیو میدیای جیهانیدا باشتر بووە. لە ئاستی نێوخۆییشدا خەلکێک کە دەنگ و ڕوانینی جیاوازیان هەیە ئەگەری لاچوونی گەمارۆکان تەنانەت بە بێ ئەوەی ئێران یەک نیروگای ئەتۆمیشی هەبێ بە باش دەزانن. نیشانەکانی ئەو بابەتەش کە ئاخۆ ئەو ریکەوتنە رەوشی نێوخۆیی ئێران دەکاتەوە، لە مانگەکانی داهاتوودا زیاتر دەردەکەوێ.

لە ژمارە ٦٢١ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بلاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٨ی دێسەمبەری ٢٠١٣

---------------------------------------------------

# بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٤

-----------------------------------

## منداڵانی شیناویٚ و شینی رۆژهەڵاتی کوردستان

لە کاتژمێر ٨ی بەیانی رۆژی چوارشەممە، ١٥ی سەرماوەزی ساڵی١٣٩١، سۆبەی قۆتابخانەیسەرەتایی کچانەی «انقلاب اسلامی» شیناوێی پیرانشار ئاگری گرتو کارەساتێکی مرۆیی لێکەوتەوە. لە ٣٧ قۆتابی کچی ئەو قۆتابخانەیە ٢٨یان تووشی سووتانی قورس بوون. ئەو ٢٨ کەسە بۆ نەخۆشخانەی «ئیمام خۆمەینی» ورمێ بەرێ کران کە بە وتەی جەعفەری، جێگری بەرپرسی ئەو نەخۆشخانەیە، ١٢ کەس لەو قۆتابیانە بە هۆی قۆرسی برینەکانیان بۆ نەخۆشخانەی «سینا»ی تەورێز نێردران کە بەداخەوە چوار رۆژ دواتر یەکێک لەو قۆتابیانە بە ناوی «سەیران یگانە» لەو نەخۆشخانەیە گیانی لە دەست دا.قۆتابییەکی دیکەش بە ناوی «سارینا رەسوولزادە» لە هەشتی بەفرامباری هەر ئەوساڵەدا گیانی لە دەست دا.بارودۆخی دوازدە کەس لەو قۆتابیانە پاش تێپەرینی زیاتر لە یەکساڵ بە سەر ئەو کارەساتەدا هەروا زۆر خراپەو پێویستیان بە نەشتەرگەری هەیە کە بریتین لە : فەریدە ئومیدوار، ئامین ئەراک، نادیا ساڵح، موبینا پرکەم، ئامین ئیسماعیل پوور، مەهناز محەممەدپوور، سیما شادکام، سیما مورادی، ئارەزوو تاهیر ئابادی، شادی ئیبراهیمیان، ئەسرین مەعرووفی و ئەسماعە دەروی.

لە رۆژی سێشەممە ٣ی بەفرانبارساڵی ١٣٩٢دا، بنەماڵەی ئەو قۆتابیانە لەگەڵ منداڵەکانیان بە هۆی وڵامدەرنەبوونی وەزارەتی پەروەردەو وەزارەتی تەندروستی لەهەمبەر ئەنجامدانی نەشتەرگەری پێویست بۆ ئەو قۆتابیانە لە پێش دەفتەری سەرۆک کۆماری ئێران مانیان گرتو توانیان چاویان بە محەممەد رەزا نەهاوەندیان، سەرۆکی دەفتەری رووحانی، بکەوێ. نەهاوەندیان بەڵێنی داوە کە دەوڵەت یەک میلیارد تمەن بۆ نەشتەرگەری ئەو قۆتابیانە بداو ئەو منداڵانە ئێستا لە نەخۆشخانەی «محب» ی تاران چارەسەریان بۆ دەکرێ. ئەوەی جێی تێرامانە ئەوەیە کە لە ماوەی ئەو یەکساڵەدا لە لایەن دەوڵەتەوە بۆ ئەو منداڵانە چ کراوە، ئۆپۆزیسیۆن و چالاکانی سیاسیو مەدەنی کورد بە نیسبەت ئەو کارەساتە چیان کردوە و ئێستا چ دەتوانن بکەن.

### پۆزیسیۆن و منداڵانی شێناوێ

بە هۆی نارەزایەتی بەشێک لە چالاکانی نێوخۆ و نوێنەرانی پارلمانی ئێران بە نیسبەت سووتانی قۆتابیانی شیناوێ،

حەمید رەزا حاجی بابایی وەزیری پەروەردە دەوڵەتی ئەحمەدی نیژاد بە بڵاوکردنەوەی نامەیەک داوای لێبوردنی کرد، بەڵام دوای ئامادەبوونی لە پارلمان هەوڵی دا ئەو بابەتە وەک ڕووداوێکی نەخوازراو کە ڕەنگە لە هەر شوێنێکی دیکە ڕوو بدا نیشان بدا. ئەو باسی لەوە کرد کە ئەو خوێندنگەیە ستانداردی پێویستی هەبووە و سەرایدار خۆڵی ڕاهێنانی پێویستی دیوە کە چۆن لە کاتی هەر ڕووداوێکدا هەڵسوکەوت بکاو ئەمنییەتی خوێندنگە بپارێزێ. دیارە ناوی ماموستای ئەو قوتابیانەو سەرایداری قوتابخانەکە تا ئێستاش بە نهێنی ماوەتەوە و ئەوان لەو پێوەندییەدا هیچ ڕوونکردنەوەیەکیان بە ڕای گشتیو میدیاکان نەداوە.

ئەو منداڵانە پاش تێپەرینی ٩ مانگ تەنیا دوو نەشتەرگەریان بۆ ئەنجامدراو لەو ماوەیەدا بنەماڵەکانیان بۆ وەرگرتنی بودجەی پێویست بۆ نەشتەرگەری منداڵەکانیان لە ڕێگای نێوان پیرانشار و تاراندا، لە نێوان وەزارەتی پەروەردە و تەندروستیدا سەرگەردان بوون.

هەروەها بە هۆی ئەوەی دەوڵەتی ئەحمەدی نیژاد لە ٦ مانگی کۆتایی خوێدا بوو، کۆماری ئیسلامی بە تایبەتی رێبەری نیزام دەیویست بە هەر شێوەیەک بێ تەمەنی ئەو دەوڵەتە کۆتایی بێ و کێشەکانی نێوان دەوڵەتو دەزگاکانی دیکە کۆتایی بێ. هەر بۆیە بابەتی لە کارلابردنی وەزیری پەروەردەش وەک کارێکی ناپێویستو ناکاریگەر نیشان درا. دیارە هەولێکی سیاسی-میدیایی گەورەش هەم لە لایەن کۆماری ئیسلامیو هەمیش لە لایەن میدیای فارسی زمان درا کە ئەو ڕووداوە وەک هەر ڕووداوێکی ناخۆشی دیکە لە خوێندنگەکانی ئێران نیشان بدرێ و ڕەهەندەکانی ئەو کارەساتە بچووک بکاتەوە. بە پێی وتاری حوسێن حوسێن زادە شەش ڕووداوی سووتانی قوتابیان لەدەورانی کۆماری ئسلامی ڕووی داوە، بەڵام سووتانی منداڵانی شیناوێ خراپترین ڕووداوی سووتانی قوتابیان لە مێژووی کۆماری ئیسلامی بووە. چارەسەری ئەو منداڵانە ئێستاش لە باری پزیشکی و حقووقییەوە ناڕوونییەکی زۆری پێوە دیارە و ڕەنگە دەرمانی ئەو قوتابیانە ٣ تا ٥ ساڵ درێژە بکێشێ.

## منداڵانی شیناوێ و چالاکانی سیاسی و مەدەنی کورد

بە پێی ئەوەی سووتانی قوتابیانی شیناوێ خراپترین ڕووداو لە خوێندنگەکانی ئێران لە مێژووی کۆماری ئیسلامیدا بوو کەوایە پۆتانسیەلێکی زۆی هەبوو بۆ ئەوەی چالاکانی سیاسیو مەدەنی کورد کاری لە سەر بکەن. هەرچەند حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەو پێوەندییەدا ڕاگەیەندراویان دەرکردو لە تەلەڤیزیۆن و ڕۆژنامەکانیاندا باسی منداڵانی شیناوێیان کرد بەڵام ئەو زانیاریانەی ئەوان نەک تازەتر لە زانیارییەکانی میدیا فارسەکان نەبوو بگرە زۆر جار ئەو زانیارییانە لەوان وەرگیرابوون. هەروەها لە لای هیچ کام لەو حیزبانە بابەتی منداڵانی شیناوێ نەبوو بە بابەتی کاری گرینگ کە گرووپی کاری بۆ دیاری بکەنو بە بەردەوامی زانیاری تازە بە نیسبەت دۆخی ئەو قوتابیانە بڵاو بکەنەوە. لەو ماوەدا کە ئەو قوتابیانە لە ئیسفهانو تاران بوون کەمترین ڕاپۆرت لەو قوتابیانە لە میدیای کوردیدا بڵاو بۆوە. ئەو کەسانەی هاوکاری ئەو منداڵانەیان کرد لە باری میدیایی پشت گوێ خرانو خۆدی میدیای کوردیش نەیتوانی هوشیاریو ویژدانی نەتەوەیی-مرۆیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەو پێوەندییەدا بهەژێنێ.

له راستیدا تاکوو ئێستا کەیسی سووتانی منداڵانی شیناوێ زیاتر له هەر کەیسێکی دیکه نیشانی داوه که چالاکانی مەدەنیو سیاسی کوردستان توانای خاوەنداریتی کردنی میدیایی رۆژهەڵاتی کوردستانیان نەبووه و نیه. کەیسی زیندانیانی سیاسی زۆر زووتر دەبێته هەوێنی چالاکی نواندنو ئەو چالاکییەی به شیوەیەکی ڕوونتر و توندتر مەحکووم بکا و به واتایەکی دیکه له رەهەندێکی سیاسی ڕوونتر بەهرەمەند بێ زیاتر له لایەن چالاکانی سیاسی پێشوازی لێدەکرێ.

کەیسی منداڵانی شیناوێ له باری گرینگییەوه له کەیسی لەسێدارەدانی زیندانیانی سیاسی کەمتر نەبوو، بەڵام نیو قاتی ئەو نەبوو به سووژەی خەبات. ئەو بابەتەش دیوێکی دیکه له عەقلانییەتی خەباتکردنی کورد له رۆژهەڵاتی کوردستان دەردەخا که لاواز کردن و ڕووخانی کۆماری ئیسلامی پێش بەهێز کردنیو به هاناهاتنی خەڵک دەخا. خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان زور زیاتر ئاشنایه به کوشتاری روبوسکی، که لەودا له ساڵی ٢٠١١ دا ژمارەیەکی زۆر له دانیشتووانی مەدنی به دەستی فرۆکەکانی تورکیه کوژران، ئاشنان بەڵام خەڵکی پارچەکانی دیکه بەڕادەیەکی زۆر کەمتر لەبارەی سووتانی منداڵانی شیناوێ دەزانن. منداڵانی شیناوێ له ئاگری «ئینقلابی ئیسلامی»دا سووتان و له کەمتەرخەمی چالاکانی سیاسیو مەدەنی کورد درێژه به ژیان دەدەن.

## دەبێ بۆ منداڵانی شیناوێو کوردستان چ بکەین؟

١.بردنەسەری ئەمنییەت و ستانداردی سەرجەم خوێندنگەکانی کوردستان وەک سووژەیەکی خەبات تەماشا بکەین. ئێمه دەبێ بەو بڕوایه بگەین که گەلی کورد له رۆژهەڵاتی کوردستان خۆی دەتوانێ بۆ دابینکردنی شوێنی گۆنجاو بۆ خوێندنی منداڵان هەنگاو هەڵبگرێ. نۆقسانییەکی گەورەیه ئەگەر دایک و باوکانی کورد، مامۆستایانی خوێندنگەکانی کوردستان و سەرجەم رێکخراو و چالاکانی مەدەنی نەتوانن چاودێری سەرجەم قوتابخانەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بکەنو له رێگەی گوشارهێنان بۆ دەوڵەت یان به هەوڵی خۆیان کەرەستەو لانیکەمی ستاندارد بۆ خوێندنی مندالانی کورد دابین بکەن.

٢.ئەو چەند میلیۆن کوردەی له رۆژهەڵاتی کوردستان دەژین، ئەو دەیان هەزار رۆژهەڵاتییەی له ئوروپا دەژین، ئەو چەند میلیۆن کوردەی له باشوورو باکوور دەژین، ئەو دەیان هەزار مرۆڤدوستەی له ئێرانو جیهاندا دەژین، به هەر کاممان یەک تمەن دابنێین و چارەسەری دەردی منداڵانی شیناوێ بکەین.

سەرچاوەکان:

١- دانش اوزان شین اباد از دولت احمدی نژاد تا دولت روحانی، سایت افکار نیوز
٣- یکسال بعد از فاجعه شین اباد، واقعیتها از زبان قربانیان - خالد محمدزاده
٤- از دخترک های «شین اباد» چه خبر؟، گزارش سایت حزب الله
٥- کچانی شیناوێ له شەقامی پاستۆری تاران مانیان گرت، ئاژانسی کوردپا



سەرچاوە Serchawe

لە ژمارە ٦٢٣ی رۆژنامەی "كوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی كوردستان و كورد - ڕێكەوتی: ٥ی جانێویری ٢٠١٤

---------------------------------------------------

## یەكگرتنەوە لەگەڵ خەڵكی رۆژهەڵاتی كوردستان

### تیشك خستنە سەر پرسی پێوەندی حدك و حدكا بە بۆنەی ٦٩هەمین ساڵی دامەزرانی حیزبی دێموكرات

من انچە شرط بلاغ است با تو میگویم          تو خواه از سخنم پند گیر و خواه ملال

حیزبی دێموكرات لە ساڵی ١٩٤٥ لە شاری مەهاباد دامەزرا و ئەمساڵ ٦٩ ساڵ بەسەر دامەزرانی ئەو حیزبە تێدەپەڕێ. لە ٦٩ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموكراتدا، دوو حیزبی دێموكرات واتە حیزبی دێموكراتی كوردستان (حدك) و حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران (حدكا) بوونی هەیە و پرسی یەكگرتنەوەی حدك و حدكا وەک "داخوازی زۆربەی خەڵكی رۆژهەڵاتی كوردستان" بەردەوام باس دەكرێ. بێ گومان دەربڕینی ڕای جیاواز لە پێوەندی لەگەڵ یەكگرتنەوەی حدك و حدكا لە فەزایەكی بەمشێوەیەدا كارێكی دژوارە بەڵام هاوكات كارێكی دروست و پێویستیشە. ئەگەر لایەنگرانی یەكگرتنەوەی دوو حیزبی دێموكرات ڕووبەڕوی ڕای جیاواز ببنەوە، ئەوان دەرفەتی ئەوە پەیدا دەكەن كە داكۆكی لە دروستبوونی ڕوانگەكەیان بكەن و بەمشێوەیە دڵنیاتر لە پێشوو بۆ یەكگرتنەوە هەوڵ بدەن.

لاوازبوونی بزووتنەوەی رۆژهەڵاتی كوردستان بەپێچەوانەی بوچوونی باو بەرهەمی ئینشعابەكانی نێو حیزبەكانی رۆژهەڵاتی كوردستان و بە تایبەتی بەرهەمی نەبوونی حیزبێكی دێموكراتی یەكگرتوو نیە بەڵكوو هۆكاری لاوازبوونی هەر یەک لەو حیزبانە بە پلەی یەكەم بەستراوەتە بە چالاكنەبوونی ئەندامانی هەر یەک لەم حیزبانە و نەبوونی پێوەندییەكی پتەو لەگەڵ خەڵكی رۆژهەڵاتی كوردستان. لەوەش سەرتر بوونی دوو دێموكرات واتە بوونی حدک و حدكا لە بەرژەوەندی خەڵكی رۆژهەڵاتی كوردستان دایە و یارمەتی دروستبوونی ململانێیەكی سیاسی، میدیایی و تەشكیلاتی لە نێو حیزبەكانی رۆژهەڵاتی كوردستان دەدا. وەک پرەنسیپێكی حیزبایەتیش پێویستە هەر حیزبێک بە پلەی یەكەم فەلسەفە و ڕەوایی بوونی خۆی لە خەڵک وەربگرێ نەک لە حیزبەكانی دیكە. ئەگەر حدكا دەیان ساڵی دیكەش قبووڵی بوونی حیزبێک بە ناوی حیزبی دێموكراتی كوردستان نەكا لە بنەڕەتی بوونی حدک هیچ كەم نابێ بەو مەرجەی ئەو حیزبە پێكهاتوو لە خەڵكی رۆژهەڵاتی كوردستان بێ و بۆ دەستەبەر كردنی مافەكانی خەڵكی رۆژهەلاتی كوردستان تێبكۆشێ.

## پێوەندی نێوان خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان و حیزبی دێموکرات

ئەگەر ئەوە بە دروست بزانین کە پرسی یەکگرتنەوەی حدک و حدکا لە لایەن "زۆرینەی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان" پشتیوانی لێدەکرێ، هەق وایە ئەو پرسیارە بکەین کە ئەدی بۆ ئەو دوو حیزبە یەکناگرنەوە؟ ئایا ئیرادەی زۆرینەی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان ناتوانێ وا لەو دوو حیزبە بکا کە یەکبگرنەوە؟ با پرسیارەکە زۆر روونتر بکەین ئاخۆ خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان چ مکانیزمگەلێکیان لەبەردەست دایە بۆ ئەوەی گۆشار بخەنە سەر دوو حیزبی دێموکرات؟

لە نەبوونی پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ، ئاشکرا و بەرین لە نێوان حیزبەکان و خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان، لە نەبوونی دەرەتانی خەباتێکی ئاشکرا کە لەودا خەڵک بتوانن ئازادانە لە هەڵبژاردندا بەشداری بکەن و هەڵسەنگاندن بۆ کاری حیزبەکان بکەن، لە نەبوونی فەزایەکی ئازاددا کە هەزاران کەس بێنە سەر شەقام و ڕای خۆیان دەرببڕن، خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان لە دۆخێکی لەمجۆرەدا ناتوانێ فاکتەرێکی گرینگ بێ بۆ یەکگرتنەوە یان یەکنەگرتنەوە حدکا و حدک. لێرەدا بۆ ئەوەی پێوەندی حیزب و خەڵک لە فەزایەکی ئازاددا روونتر نیشان بدەین نموونەیەک دێنمەوە. لە دوای ئەوەی کومەلێک لە ئەندامان و بنەماڵەکانی حدکا و حدک لە ڕێکەوتی ٨ی نوامبەری ٢٠١٣دا خۆپێشاندانێکیان لە هەولێر بۆ مەحکوومکردنی لەسێدارەدانی رۆلەکانی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەشدارییان کرد، ئەوان لە ڕێگەی گەرانەوە بۆ بنکەکانیان لە کۆیە، سەردانی سکرتاریەتی هەر دوو لایان کرد و داوای یەکگرتنەوەیان کرد. لە لایەنی حدک دا ماموستا عەبدوڵا حەسەن زادە و لە لایەنی حدکاش کاک محەممەد نەزیف قادری (ئەندامی دەفتەری سیاسی حدکا) ناچار بوون وڵامی ئەو خەڵکە بدەنەوە و بەمجۆرە ئەو کەسانە ڕای خۆیان بەرز کردەوە و گۆشاریان خستە سەر حیزبەکانیان.

لە هەلومەرجێکدا کە خەڵک میکانیزمگەلێکی دێموکراتیک و بەرفراوانی بۆ گۆشار خستنە سەر حیزبەکان لەبەر دەستدا نیە، ئەوان ناتوانن رۆلێکی ئەوتۆ لە ئاراستەبەخشی بە پێوەندی نێوان حدکا و حدک دا بگێرن. ئێوە ئەو وێنەیە بێننە پێش چاوتان کە بە هەزاران کەس، لە ئەندام یان لایەنگر و دوستی ئەو حیزبانە، لەبەردەم سکرتارییەتی یەکێک لە حیزبەکانی حدکا یان حدک کۆ بۆتەوە و داوای یەکگرتنەوەیان لێ بکەن. لە حالەتێکی ئەوتۆدا دەکرێ قسە لە خەڵک، ئیرادە و داواکاری خەڵک بکەین. هەرچەند لە ئێستادا تورە کۆمەڵایەتییەکان هێندێک دەرەتانیان بۆ پێوەندی رەخساندوە بەڵام ئێستاش ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک یان دەستی بە فەیس بووک ناگا یان بە شێوەیەکی ئەکتیو لە فەیس بووک چالاک نییە یان ژمارەیەک لە خەڵک ئەگەر فەیس بووکیشیان هەبێ لە ترسی کۆماری ئیسلامی ناتوانن ئازادانە بە شوناس و ویستی راستەقینەی خۆیان بەشداری بکەن. لە راستیدا خەڵک لە هەلومەرجێکی بەمشێوەیەدا، کە پێوەندییەکی دێموکراتیک و بەرفراوان لە نێوان حیزبەکان و خەڵک دا نیە، هەر وەک لە جیابوونەوەدا رۆلێکی نەبوو لە ئاراستەبەخشی بە پێوەندی نێوان حدک و حدکاش رۆلێکی بەرچاوی نابێ.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم یەکجاری دیکە لۆژیکی ئەو ڕستەیە واتە ئەقڵانی بوونی ئەو ڕستەیە کە "یەکگرتنەوەی دوو دێموکرات خواستی زۆرینەی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستانە" بخەمە ژێر پرسیار.

ئێمە بەردەوام ئەو قسەیە لە زمان سکرتێر و ئەندامانی ڕێبەری حدک و حدکا دا دەبیستین کە کۆماری ئیسلامی ئێران نایەڵێ کە خەڵک دەستی بە میدیای ئازاد و ئینتێرنێت بگا، خەڵک بۆ دەستراگەیشتن بە کتێب و بڵاوکراوەکانی حیزب لەژێر فشار دایە، خەلک بۆ پێوەندی لە گەل حیزب، ناردنی فیلم و... لەگەڵ گرفت ڕووبەرون. ئەگەر ئەو قسانە راست بێ کە بێ گومان راستە و کۆماری ئیسلامی ئازادی لە خەڵک زەوت کردوە کەوایە زۆرێک لە خەڵک ناتوانن ڕای خۆیان دەربڕن. هەروەها ئەگەر ئەو راستیە لەبەرچاو بگرین کە ئەو نفووزەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کورستان بە گشتی لە ناوچەی موکریان و سنە هەیانە لە ناوچەکانی کرماشان و ئیلام نیانە. بەو پێیە هەرجۆرە قسە کردنێک بە ناوی "زۆرینەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە" لە بنەڕەتەوە نالۆژیکی و نادروستە.

لەگەڵ ئەوەشدا بە پێی ئەو کەمپینانەی کە بۆ یەکگرتنەوە هەبووە یان ئەو وتارانەی کە بۆ یەکگرتنەوەی حدک و حدکا دا نووسراوە دەکرێ بلێین ژمارەیەک لە خەڵک، ئەندام یان دوست و لایەنگرانی حدکا و حدک، خوازیاری یەکگرتنەوەن. بەداخەوە دەرئەنجامە خراپەکانی نەبوونی دەرەتانی خەباتێکی ئاشکرا، نەبوونی پێوندییەکی دێموکراتیک و بەرفراوان لە نێوان خەڵک و حیزب، هەر ئەوە نەبووە کە خەڵک توانای گۆشارخستنە سەر حیزبەکانی نەبووە بەڵکوو خەڵک دەرەتانیان نەبووە هەتا حیزبەکانیان بە باشی بناسن و لە کێشە نێوخۆییەکانیان تێبگەن. حیزبی دێموکرات لە ٦٩ساڵ تەمەنی تەنیا بۆ ماوەیەکی کۆرت واتە یەکساڵەی دەورانی کۆماری کوردستان و ماوەی ٧ یان ٨ ساڵی دەورانی شۆرشی ئێران ١٣٦٤ - ١٣٥٧ دەرەتانی خەباتێکی ئاشکرای هەبووە و نزیک شەش دەیە لە نێو خەڵک و جۆغرافیای ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا نەبووە. بە گشتی حیزبی دێموکرات لە نزیک حەوت دەیە خەباتی خویدا تەنیا یەک دەیەی لە نیو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە شێوەی ئاشکرا خەباتی کردوە. هەر بۆیە زۆر ڕووداو و گۆڕانکاری گرینگ لە تاراوگە و دوور لە خەڵک لە نێو حیزبی دێموکرات ڕووی داوە کە هەتا ئێستاش ئەندامانی نێوخۆی حدک و حدکا و بە گشتی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تێگەیشتنێکی تێروتەسەلیان لەمەڕ نیە.

### ناکامێکی پۆزێتیڤی جیابوونەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی نێران - ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر لە حدکا

ئەگەر کرابا کە لە تەواوی مێژووی بزووتنەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دوای شۆڕشی ١٣٥٧بەملاوە تەنیا یەک هەڵە و خاڵی رەش لابەرین، ئەوە دەبا سڕینەوە و ئەنجامنەدانی شەری نێوان حیزبی دێموکرات و کومەلە با. خەڵکێکی زۆر لەهەر دوو لایەن لەو شەڕەدا شەهید بوون و خەسارێکی گەورە وەبەر کوردایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەوت. ئەوە خاڵێکی گرینگە کە شەڕی کومەلە و دێموکرات کاتێک ڕوویدا کە یەک حیزبی دێموکراتی یەکگرتوو بوونی هەبوو بەڵام ئەو شەرە کاتێک کۆتایی پێهات و ئاگربەست ڕاگەیەنرا کە دوو حیزبی دێموکرات واتە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران (حدکا) و حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران - ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر بوونی هەبوو. لە رۆژی ٣٠ی خاکەلێوەی ١٣٦٧ حدکا - ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر بە مەبەستی نەهێشتنی گرژی نێوان هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕاگەیەندراوێکدا بە شێوەی یەک لایەنە ئاگربەسی لەگەڵ کۆمەلە ڕاگەیاند. کومەلەش نەک هەر پێشوازی لەو ئاگربەسەی حدکا - ڕێبەڕایەتی شۆرگێر کرد بەڵکوو ئاگربەسی لەگەڵ لایەنەکەی دیکەش ڕاگەیاند. هەر چەند حدکا لە سەرەتا دژایەتی کرد بەڵام چەند ساڵ دواتر ئاگربەسی قبوول کرد. بەو پێیە خێری کورد هەمیشە لە بوونی حیزبێکی دێموکراتی یەکگرتوودا نەبووە و بگرە

زۆر جار بوونی دوو حیزبی دێموکرات بۆتە هۆی گرژی سرینەوە نێوان حیزبەکان و چالاکتربوونی هەر دوو لایەن.

## ئاکامە پۆزێتیڤەکانی جیابوونەوەی حدک لە حدکا

١- جیابوونەوەی حدک لە حدکا پێویستی هێنانی رۆخساری تازەی دروست کرد و بەستێنی کردنەوەی فەزای نێوخۆیی لە حیزبی دێموکراتی کوردستان رەخساند. لە ئاکامی کردنەوەی ئەو فەزایە نێوخۆییەدا بوو کە خالید عەزیزی توانی ببێتە سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستان. ئەوە لە حالێکدایە خالید عەزیزی لە حیزبی دێموکراتی یەکگرتوودا نە وەک کەسی یەکەم، دووهەم، سێهەم، چوارەم یان پێنجەم تەماشا دەکرا و نە تەنانەت هیچ دەورەیەکیش وەک دەفتەری سیاسی هەڵبژێردرابوو. تواناییەکانی خالید عەزیزی لە پێش و دوای جیابوونەوەی حدک لە حدکادا گۆڕانێکی گەورەی بەسەردا نەهات، ئەوەی گۆڕانی بەسەردا هات هەست کردن بە پێویستی شایستەسالاری و دێموکراسی نێوخۆیی لە نێو هەر دوو حیزبی دێموکرات بوو. بەرهەمی ئەو جیابوونەوە و کردنەوەی فەزای نێوخۆییە هەر تەنیا بە بوونی کاک خالید عەزیز بە سکرتێر کۆرت نابێتەوە. لە کۆنفرانسەکانی کۆنگرەی ١٣ حیزبی دێموکراتی یەکگرتوودا کۆمەڵێک گەنجی خوێندەوار و بەتوانا وەک هێمن سەیدی و عیرفان رەهنموون لە ئاکامی جناحگەراییدا نەیانتوانی ببنە ئەندامی کۆنگرە. لە دوای جیابوونەوە و لە کۆنگرەی ١٤ی حدکا و حدک زۆر گەنجی خوێندەوار وەک عیرفان رەهنموون، هێمن سەیدی، رامبود لوتفیپوور، شاهۆ فەرازمەند، کەریم پەرویزی و... وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و تەنانەت ئەندامی دەفتەری سیاسی هەڵبژێردران. ئەوەی کە چەندە هەر یەک لەو کەسانە لە بەرپرسیارەتییەکەیان سەرکەوتوو و بەردەوام بوون بابەتێکە کە پێویستە بە جیا باسی لێ بکرێ بەڵام جیابوونەوە کۆمەڵێک دەرفەتی بۆ زۆرێک لەو ئەندامە لێهاتوو و خوێندەوارانە رەخساند کە رەنگە قەت لە حیزبی یەکگرتوودا نەدرابا.

٢- دامەزرانی کوردکاناڵ؛ کوردکانال ئەو مەجاڵەی بۆ چالاکانی ڕیفورمخواز و ئەندامانی بەرەی یەکگرتووی کورد ڕەخساند بۆ ئەوەی هەم لەگەل حیزبەکان چەشنێک دیالۆگ و ئاڵوگۆری بیرورا دەست پێ بکەن و هەم بۆ گەیاندنی پەیامی خۆیان بە خەلکێکی زۆرتر لە کوردکانال کەڵک وەربگرن. کەسانێک وەک رەحیم فەرەهمەند، عەبدوڵا سوهرابی، حامید فەرازمەند و ... لە کورد کاناڵ دەتوانن قسەی خۆیان بکەن. ئەو دەرەتانەی لە تیشک تیڤی و لە حدکادا بۆیان نەرەخساوە، کورد کانال و حدک بۆی پێکهێناون. کەوایە بوونی دوو دێموکرات لە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستاندا بوو بەو واتایە کە کە بەشێک لە چالاکانی نێوخۆ کە خۆیان لە تەلەڤیزیۆن و ڕوانگەکانی حدکادا نەدەدیتەوە مەجالێکیان لە تەلەڤیزیون و سیاسەتەکانی حدکدا دەسکەوت.

٣- هەر دوو حیزبی دێموکرات زیاتر بەهایان بە حیزبەکانی دیکە دا و تەنانەت حدکا و کومەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران ڕێکەوتنێکیان لە ١٣ی ئوکتوبری ٢٠١٢ دا واژۆ کرد. هەر چەند واژۆکردنی ئەو ڕێکەوتنە لە نێو میدیای فارسی زمان دەنگدانەوەی باشی هەبوو و کاردانەوەی لایەنە ناوەندگەراکانی ئێرانی لێکەوتەوە بەڵام لە پراکتیکدا بوو بە بەشداری لە ڕێورەسمەکانی یەکتر، ئەنجامدانی یاری تۆپێن لە گەڵ یەکتر و گرتنی ساڵیادی ئەو ڕێکەوتنە. پێویستە سەرنج بدەینە ئەو راستیە کە حیزبی دێموکراتی یەکگرتوو واتە حدکا پێش جیابوونەوەی حدک نە ئامادە بوو ڕێکەوتن



سەرچاوە
Serchawe

لەگەڵ هیچ کام لە کومەڵەکان و تەنانەت لەگەڵ کومەڵەی یەکگرتوودا واژۆ بکا بەڵکوو بە کارێکی گرینگیشی لەقەڵەم نەدەدا. بەو پێیە بوونی دوو دێموکرات زیاتر لە خزمەت پلۆرالیزمی سیاسی لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا بووە هەتا بوونی حیزبێکی دێموکراتی یەکگرتوو.

٤- حیزبی دێموکراتی یەکگرتوو نفووزێکی ئەوتۆی لە ناوچەکانی کرماشان و ئیلام نەبوو بەڵام ئەو پرسە واتە دروستکردنی هاوسەنگی لە نێو کوردایەتی لە پارێزگاکانی رۆژهەڵاتی کوردستان زیاتر بۆتە خەم و باسی هەر کام لە حدک و حدکا. حدک هەوڵی داوە لە ڕێگەی بەرنامەی تەشاوی و ئێستاکە لە ڕێگەی بەرنامەی "گڵارەی میلکان" بەردەنگ لە کرماشان و ئیلام پەیدا بکا. حدکاش لە ڕێگەی بەرنامەی "بێستون" هەوڵی داوە ئەو بۆشاییە لە ناوچەکانی کرماشان و ئیلام پڕبکاتەوە.

بە گشتی بوونی دوو حیزبی دێموکرات لە زۆر بواری وەک دێموکراسی نێوخۆیی، کرانەوەی فەزای نێوخۆیی، پلۆرالیزمی سیاسی، چالاکی دیپلۆماتیک و... چ لە ڕابردوو و چ لە ئێستا کاریگەرییەکی پۆزێتیڤی هەبووە هەتا بوونی حیزبێکی دێموکراتی یەکگرتوو. بەو پێیە مەرج نییە یەکگرتن هەمیشە باش بێ و یەکنەگرتن شتێکی خراپ. گرینگ ئەوەیە یەکگرتنەوە بە چ شێوەیەک و بۆ چ ئامانجێک ئەنجام دەدرێ. ئاخۆ حدک و حدکا لە دژی دوژمنێکی هاوبەش واتە کۆماری ئیسلامی پێویستە یەکبگرن؟ بۆ مەگەر ئێستا حدک یان حدکا لە دژی کۆماری ئیسلامی چالاکی ناکەن؟ جێگە لەمە ئەگەر هەر یەک لە حدکا یان حدک بەقەد حیزبی دێموکراتی یەکگرتوو چالاک نەبن چالاکیشیان کەمتر لەو کات نییە. هەمیشە بوونی چەند حیزبی پابەند بە دێموکراسی نێوخۆیی و پلۆرالیزمی سیاسی زیاتر لە بەرژەوەندی خەڵک دایە هەتا تاکە حیزبێک کە دێموکراسی نێوخۆیی قوربانی دەکا و لە کردەوەدا بڕوایەکی بە پلۆرالیزمی سیاسی نییە.

**سەرچاوەکان**:


١- ئەزموونی خەبات، وتووێژی هەیاس کاردۆ لەگەڵ ماموستا عەبدوڵا حەسەن زادە.

٢-پەنجا ساڵ خەبات بەرگی یەکەم و دووەم، جەلیل گادانی.

٣- ژمارەکانی کوردستان بڵاوکراوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران - ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر.


تێبینی: سپاس بۆ کاک فەتاح کاویان کە نامەیەکی دوکتور قاسملووی پێ نیشان دام کە کاتی خۆی و لەسەر مەسەلەی کۆنگرەی ٨ بۆ کاک فەتاحی نووسیوە. هەروەها سپاس بۆ کاک قاسم سولتانی کە کۆمەڵێک بەڵگە و بڵاوکراوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران - ڕێبەرایەتی شۆڕشگێری پی نیشان دام.

سەرچاوە: وێبلاگی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٠ی جانێوێری ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe

## باوکی مافی مرۆڤی کوردستان و ٢ی ڕێبەندان

محەممەد سەدیقی کەبوودوەند لە سالی ٢٠٠٥ ڕێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤی کوردستانی دامەزراندو لە ساڵی ٢٠٠٧ وەش لە زیندان دایە. کەبوودوەند لە چەند ساڵی رابردوودا بە بۆنەی جیاواز نامەو پەیامی ئاراستەی خەڵکی کوردستان کردوە. نێوئاخنی زۆربەی پەیامەکانی کەبوودوەند بانگهێشت بووە بۆ خەباتێکی ناتوندوتیژ، پاراستنی مافی مرۆڤو بەڕێوەبردنی دێموکراسی بووە. لەو نێوەدا بە نیسبەت دوو پەیامی کەبوودوەند دەتوانین دەستەبەندییەکی جیاواز بکەین. کەبوودوەند لە ساڵی ٢٠١٢ بە نیسبەت تیرۆری دوکتور قاسملوو پەیامێکی بڵاو کردەوەو تێروریزمی دەوڵەتی مەحکووم کرد. بەرپرسی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٤ ش بە بۆنەی ٦٨ ساڵەی کۆماری کوردستان پەیامێکی بڵاو کردەوەو لە پەیامەکەی خۆیدا لە مافی خۆبەڕێوەبەری خەڵکی کوردستانو سیستمێکی فێدراڵ داکۆکی کرد. تێرامان لە کاریگەری دانی ئەم چەشنە پەیامانە کە بە نیسبەت بابەتی سیاسیو نەتەوەیی لە لایەن چالاکێکی مەدەنی لە زیندانەوە دەرکراون پربایەخە.

### زیندان و خەبات

زیندان بریتییە لەو دیوارە بڵیندانەی کە بۆ ئەوە ئاوا بڵیند دروست کراون کە گاڵتە بە باڵای مرۆڤ بکەن، زیندان بریتییە لەو دابڕانە ناچارەی نێوان مرۆڤو کۆمەڵگە، بریتییە لەو ژوورە تاریکانەی بۆ ئەوە ئاوا تاریک دروست کراون، دووری لە فەزای گشتیو دووری لە هەتاو و رەمزی ژیان بکەن بە نزیکییەکی رۆژانەو ترسناکی مرۆڤ لە بێ دەنگیو مردنی خۆی. زیندان کۆمەڵگەیەکی دەستکردە کە لەودا ناهاوسەنگییەکی ترسناک لە نێوان پێوەندیی مرۆڤو دەسەڵات پێک دێ.

ئەگەر بیرەوەرییەکانی ژیانی کەسێکی ئاسایی کۆمەڵگە بخوێنینەوە لەو نووسراوەیەدا مەوداکانی منداڵیو پیری، شەوو رۆژ، پێکەنینو گریان، ژیانو مردن مەودایەکی ئاساین، بەڵام لە نمایشی سەربردەی زیندانییەکاندا، لە هونەرو ئەدەبیاتی زینداندا مەوداکانی نێوان پێکەنین، هەناسەهەڵمژین، برسێتی و هاوارو مردن بە تێکرا دەشێوین، تەنانەت زیندان مانای خودی مەوداش دەشێوێنێ. دواجار زیندانەکان بۆ ئەوە دروست کراون کە مەودای ژیانو مردنی مرۆڤ، واتە ئازادیی مرۆڤ، لە نێو ببەنو مرۆڤی مردوو و فەرمانبەر دروست بکەن.

ئەوەی دەسەڵاتی زیندان پێکدێنێ بریتییە لە تاریکی، زنجیر، ئەشکەنجەو ئێعدام، بەڵام هێزی خەباتکار لە خۆراگری، بوێری، مرۆڤدۆستی، دیالۆگو لە راستیدا لە نامەکانو ئەدەبیاتی زیندانی ئەو دایە. ئەدەبیاتی زیندان بەرگریو داهێنانێکی گەورەی مرۆڤە لە مرۆڤبوونی خۆی. ئەدەبیاتی زیندان هونەری بەرهەمهێنانەوەی رەخنە، دیالۆگ، بوێری، ئازادیو دواجار هونەری بەرهەمهێنانەوەی مرۆڤایەتی مرۆڤە لە بەرامبەر دەسەڵاتی زینداندا. لە ساڵانی ڕابردوودا دوو زیندانی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان توانیوایانە ئەدەبیاتێکی کاریگەر لە نێو زینداندا بەرهەم بێننو فازێکی دیکە لە

خەباتی نێو زیندان بێننە ئاراوە. یەکێک لەو دوو زیندانییە فەرزادی کەمانگەر مامۆستای کورد بوو کە تا ئەو کاتەی لە سێدارە درا، نامەکان و ئەدەبیاتی ئەو دەنگی ئازادیخوازیو مرۆڤدۆستی خەڵکی کوردستان بوو.

زیندانییەکەی دیکە محەممەد سەدیقی کەبوودوەندە کە بۆیە دەستبەسەرو زیندانی کرا کە بێ دەنگ بکرێو نەتوانێ «پەیامی خەڵک»ی کوردستان بڵاو بکاتەوە، بەڵام خۆڕاگریو بەردەوامی ئەو نیشانیدا کە ڕێژیم ناتوانێ بە زیندانی کردنی چالاکانی کورد کۆتایی بە مافخوازی سیاسیو مەدەنی خەڵکی کوردستان بێنێ. گرینگی نووسینو بڵاوکردنەوەی نامە لە نێو زیندانەوە بۆ دەرەوە لەوەدایە کە بە کردەوە نیشان دەدا زیندان نەتەنیا نەبۆتە هۆی پاسیڤبوونو دوورکەوتنەوەی چالاکانی مەدەنیو سیاسی، بەڵکوو ڕەواییەکی ئەخلاقی زیاتر دەبەخشێتە کارو بیروڕای ئەو زیندانیانە. لە شوێنێک ڕا دەبێ دەست بکەین بەوەی ئازادی ڕادەربڕین بکەین بە بنەمایەک بۆ هەموو ئازادییەکانی دیکە. ئەو کاتە کە بێدەنگیمان هەڵبژارد، بنەمایەکمان دروست کردوە بو ئەوەی لە نێوو دەرەوەی زینداندا هەموو مافەکانمان زەوت بکەن.

## کەبوودوەندو خەبات

لە دوای کۆتایی هاتنی ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداری، خەباتی مەدەنیو سیاسی وەک شێوازی باوی خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان جێکەوتووە. دامەزرانی NGO کانیش ئامرازیان بۆ ئەو شێوازە لە خەبات دابین کردوە، بەڵام زور جار هەست بەوە کراوەو دەکرێ کە خەباتی مەدەنیو سیاسی ئاستی داواکارییەکانو خەباتی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دابەزاندوە. چالاکانی مەدەنیو سیاسی خواست و پوتانسیەلی کوردایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان بە پرژانە سەر پارچەکانی دیکەی کوردستان وڵام داوەتەوە.

بۆ نموونە بەڕێوەبردنی ڕێورەسمی هەڵەبجە لە نێو بزووتنەوەی خوێندکاریدا لە کۆتاییەکانی دەیەی هەفتا دەبێتە هەوێنو بنەمایەک بو پێناسەکردنی «بزووتنەوەی خوێندکاری کوردی». خۆپێشاندان بە هۆی دەستبەسەرکردنی بەڕێز ئوجەلان بریندارو کوشتەی لێدەکەوێتەوە، مام جەلال دەبێتە سەرکوماری عێراق، خەڵکی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان شیرینی بڵاو دەکەنەوە، کوردی ڕۆژئاوای کوردستان تووشی ئاوارەیی دەبن، خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ ئەوەی خۆیان لە ژێر گۆشای ئابووری دان هاوکاری کۆ دەکەنەوە و... بەوشێوانەو لەو ڕێگایانەوە کوردایەتی خۆیان بەرجەستە دەکەنو پوتانسیەلی کوردایەتی زۆرجار بۆ پارچەکانی دیکەی کوردستان خاڵی دەکرێ.

لە ڕاستیدا بوێر بوون و چالاکبوون لە سەر کۆمەلیک سووژە لە دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پێناسەکردنەوەیان وەک کوردایەتی لە نەبوونی خودی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە سووژە، خەبات لەمپەری گەورەیە لەبەردەم دروستبوونی کەسایەتی سیاسی - نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ئەو پەیامانەی کەبوودوەند کە لە ٢٣ ساڵەی تیرۆری دوکتور قاسملوو و لە ٦٨ ساڵەی کۆماری کوردستان بڵاویکردنەوە شکاندنی بێدنگی لە ئاست کۆمەڵێک ڕووداوی گرینگ لە مێژووی خەباتی هاوچەرخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو. ئەوە لە حاڵێکدایە بەرفراوانکردنی ئازادی ڕادەربڕینی سیاسی زورتر لە ڕێفورمخوزان و پارڵمانتارانی کورد چاوەڕوان دەکرێ. ئەگەر چالاکانی سیاسی نێوخوی وڵات بیانهەوێ قورسایيو خوشەویستی پەیدا

بکەن دەبێ لە سەر مەسەڵە هەستیارە مێژووییەکانو ستراتیژییەکانی هەنووکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان قسە بکەنو تێچووەکانی ئەو کارەش تەنانەت چوونە زیندانیش وەک بەشێک لە گەشەکردنی خۆیانو نەتەوەکەیان لە قەڵەم بدەن.

لەو نێوانەدا ئەرکی هێزە سیاسییەکانی کوردیش ئەوەیە بە شێوەیەکی تۆکمەتر لە گەیاندنی دەنگو بەرجەستەکردنی کەسایەتی زیندانیانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی محەممەد سدیقی کەبوودوەند ڕۆڵ بگێڕن. هەوڵ دان بۆ ڕاکێشانی پشتگیرییەکی هەمەلایەنەتر بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتیی نوبێل لە لایەن بەڕێز کەبوودوەند هەم هاوپێوەندی خەباتی مەدەنیو دیپلۆماسییە و هەم ڕەوایی جیهانی مەسەڵەی کوردستانی ڕۆژهەڵات زیاتر دەکا.

**تێبینی:**

**لە ژمارە ٦٢٥ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٤ی فێبریوێری ٢٠١٤**

---------------------------------------------------

## پەروەردە بە زمانی دایکی

ڕۆژی ٢١ فێبریە لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان وەک ڕۆژی زمانی دایکی دیاریکراوە و ئەو ڕێکخراوە جەخت لە سەر «سیستمی پەروەردەی چەند زمانی» لە وڵاتانێک دەکاتەوە کە خاوەنی ئتنیکی جۆراوجۆرن کە بە زمانی جیاواز قسە دەکەن. لە یاسای بنەڕەتی ئێرانیش دا لە ماددەی ١٥ دا جەخت لە سەر پەروەردە بە زمانی «ئەقوام»کراوەتەوە کە زمانی ئەوانیش لە ناوچەکانی خۆیان لە تەنیشت زمانی فارسی بخوێندرێ و کاری پێ بکرێ. هاتنەسەرکاری دەوڵەتی رووحانیش بابەتی جێبەجێ کردنی ماددەی ١٥ی یاسای بنەڕەتی ئێرانی زیاتر بەرجەستە کردۆتەوە. ڕووحانی لە پێش هەڵبژاردنەکان بەڵێنی جێبەجی کردنی ئەو مافەی دابوو و دواتریش عەلی یوونسی، ڕاوێژکاری سەرۆک کۆمار بۆ کاروباری «ئەقوام» و کەمینە ئاینییەکان، جەختی لە سەر پەروەردە بە زمانی ئێتنیکەکان کردەوە و باسی ڕاوێژکردن لەگەڵ وەزیری پەروەردە بۆ پێکهێنانی گرووپێکی کاری لەو پێوەندییەدا کرد. ئەو باس و هەواڵانە لەلایەک دژایەتی فەرهەنگستانی ئێران بە نیسبەت پەروەردە بە زمانی دایکی بۆ ئێتنیکەکانی ئێران لێکەوتەوە و لە لایەکی دیکە هەڵوێستی فەرهەنگستانی فارسی نارەزایەتی چالاکانی مەدەنی و سیاسی نەتەوەکانی غەیرە فارسی ئێرانی لێکەوتەوە کە زۆرتر لە خانەی نارەزایەتی مەجازیدا بەدی کرا. لە ڕاستیدا تێگەیشتن لە گرینگی زمانی دایکی بەستێنی پاراستنی زمانی دایکیش دەرەخسێنێ.

## دایک و پەروەردە

ئەو سۆز و خۆشەویستییەی دایک بەنیسبەت منداڵەکەی هەیەتی وادەکا پرۆسەی فێربوونی زمان زۆر خێراتر و کاریگەرتر بەرەوپێش بچێ. لە جیهاندا زمانی جۆراوجۆر هەیە و بێ گۆمان بەشێک لەو زمانانە فێربوونیان بۆ خەڵک دژوارە و گەیشتن بە ئاستێک لەو زمانانە کە بتوانی بە شێوەیەکی ڕێکوپێک و ڕەوان بەو زمانە قسە بکەی، بنووسی‌و بیربکەیەوە زۆر دژوارترە. هونەری دایک لە گواستنەوەو فێرکردنی یەک زمان ئەو دژوارییانە کەم دەکاتەوە. بۆ فێربوونی زمان خەرجێکی زۆر دەکرێ و کتێب و شێوازی جۆراوجۆر تاقی دەکرێتەوە کە پرۆسەی فێربوونی ئەو زمانە ئاسان بکرێ و تامەزرۆیی بۆ فێربوونی زمانێک زیاد بکرێ. سۆز و خۆشەویستی دایکانە ئەو پرۆسەیە بە باشترین شیوە ئەنجام دەدا.

## توانایی یەک زمان

بەشێک لەو ڕەخنانەی لەمەر پەروەردە بە زمانی کوردی، تورکی، عەرەبی و... باس دەکرێ ئەوەیە کە توانای ئەو زمانانە لە بەشی زانستی‌دا لاوازە و زمانی فارسی تواناییەکی زیاتری هەیە. توانای یەک زمان ئاکامی بەکارهێنان و کار کردن بەو زمانەیە. بۆ نموونە تورکی کە لە ئێران بە زمانێکی لاواز لەقەڵەم دەدرێ لە تورکیە وانەی پێ دەوترێتەوە و ڕۆژنامە و گۆڤاری سیاسی وزانستی لەو وڵاتە دەردەچێ‌و پارڵمانی ئەو وڵاتە کار بەو زمانە دەکا. زمانی عەرەبیش کە جێگەو پێگەیەکی زمانەوانی، پێگەیەکی پیرۆزیشی بۆ موسلمانان هەیە میلیۆنها خەڵک لە وڵاتانی عەرەبی کاری پێ دەکەن و دەرسی پێ دەخوێنن. لە هەرێمی کوردستانیش لە پارڵمان و قۆتابخانە و زانکۆکان، زمانی کوردی بەکاردێنن و لەو ساڵانەی دواییدا کتێبێکی زۆر لە زمانەکانی دیکە بە تایبەتی لە زمانی ئەنگلیسییەوە بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێردراوە و توانای زمانی کوردییش گەشەی کردوە. ڕەنگە زمانێک بە شێوەیەکی ڕێژەیی لە زمانێکی دیکە ئاسانتر بێ و یاسا و ڕێسای سەرڕاستری هەبێ بەڵام هەموو زمانێک توانای گەشەکردنی هەیە و مرۆڤەکان دەتوانن گەشە بەو زمانە بدەن. هەر زمانێک لە پرۆسەی کارپێکردن‌دا توانای گەشەکردنی هەیە.

## سیستمی پەروەردەی چەند زمانی و تەناهی یەک وڵات

ئاخۆ سیستمی پەروەردەی چەند زمانی ئەمنییەتی یەک وڵات دەخاتە مەترسییەوە؟ بۆ وڵام دانەوە بەو پرسیارە بە گۆنجاوی دەزانم ئاماژە بە بەشێک لە قسەکانی موهەندیس ئەدەب لە وتووێژێکی لەگەڵ رادیۆ دویچە وێلە دا کە هەر بە بۆنەی زمانی دایکی ئەنجام دراوە بکەم. موهەندێس ئەدەب دەڵێ «ئێمە دەبینین کە لە وڵاتێکی بچووک وەک سویس خەڵک بە چوار زمانی ئیتالیایی، ئینگلیسی، فەرانسە و ئالمانی قسە دەکەن بەڵام سویس یەکگرتوو ماوەتەوە. یاسایەک لە فیزیک دا هەیە کە هەر کردەوەیەک، کاردانەوەیەک بە دوای خوێ‌دا دێنێ. کاتێک لە وڵاتێکدا ڕێز بۆ کولتووری جۆراوجۆر دادەنرێ، خەڵک رازین و لە تەنیشت یەکتر ژیان دەکەن بەڵام کاتێک دەسەڵاتێک و هێزێکی دەوڵەتی نکۆڵی لە شۆناسی ئەوان دەکا، پەرچەکردار دێتەئاراوە. با وڵاتی کانادا وەک نموونە بێنینەوە. ئاخۆ ئەو گەنجانەی لە کوبێکی کانادا دەژین



سەرچاوە
Serchawe

و زمانی فەرانسەویان هەیە ناتوانن لە زانکۆ بریتیش کۆلۆمبیای کانادا بخوێنن و کار بکەن؟ ئەوانە ڕێگری یەکتر نین. لە وڵاتی ئێمە هاوکات زمانی ئینگلیسی و عەرەبیش دەکوترێتەوە بەڵام بۆ دەبێ زمانی کوردی یان زمانەکانی دیکە پشتگوێ بخرێ. ئەوە مافی هەر مرۆڤێکە کە کولتووری خۆی بپارێزێ. دیارترین تایبەتمەندی هەر ئێتنیک و نەتەوەیەکیش زمانی ئەو نەتەوەیە.»

ڕەهەندێکی دێمۆکراسیش ئەوەیە ڕێز لە فرەچەشنی زمانی و کولتووری بگیردرێ و ئێتنیک و گرووپگەلی جۆراوجۆر دەرەتانی گەشەکردنیان بۆ برەخسێ. بێ گومان بەکارنەهێنانی زمانێک لە قوتابخانە، گۆڤار و میدیاکان لە گرینگی یەک زمان و پێگەی کۆمەڵایەتی ئەو زمانەش کەم دەکاتەوە. ئەو گرووپە کە زمانەکەی پەراوێزخراوە هەست بەوە دەکا کە سیستمی دەوڵەتی و یاسایی پێگەی کۆمەڵایەتی ئەو نەتەوەشی دابەزاندوە. بۆ نموونە هەر لە فارسی قسە کردنی کوردەکان و تورکەکان جۆکێکی زۆر دروست کراوە و کوردەکان و تورکەکان بوونەتە مایەی گاڵتەجاری. ئەوە لە حاڵێکدایە کە کوردەکان و فارسەکان ڕەنگە فارسی بە باشی فارسێک قسە نەکەن بەڵام زۆربەی ئەوان زیاتر لە یەک زمان دەزانن.

## زمان و ئابووری

مەسەلەی زمان ڕەهەندێکی ئابووریشی هەیە. ئەو پرۆگرامانەی لە تەلەڤیزیۆنەکانی ئێران دروست دەکرێ خەرجی بۆ دەکرێ. وەزارەتی پەروەردە مامۆستایەکی زۆر بۆ وتنەوەی زمانی فارسی دابین دەکا و ساڵانە کتابێکی زۆر بە زمانی فارسی چاپ دەکرێ. ئەگەر پەروەردە بە زمانی دایکی بۆ نەتەوەکانی دیکەی ئێران دابین بکرێ، ئەوە پێویستی بە تەرخانکردنی بوودجە، چاپکردنی کتێب و دابین کردنی مامۆستا هەیە تەنانەت ئەگەر هەر بەرادەی زمانی ئینگلیسی لە دەورانی سەرەتایی و ناوەندی و هتد بایەخی پێ بدرێ. لە ڕاستیدا زمانێک دەبێ پشتوانەی ماددی و ئابووریشی لە پشت بێ. ناوەندێتی زمانی فارسی لە سیستمی پەروەردە و یاسایی کۆماری ئیسلامی ئێران ڕێگەخۆشکەری ناوەندێتی کۆمەڵاییەتی و ئابووری فارسەکانیش بووە.

## زمان و جیهانبینی

هەر زمانێک هەڵگری جیهانبینییەکی تایبەت بۆمرۆڤ و ژیان و ژینگەیە. بۆ نموونە لە زمانی عەرەبیدا هەر کات بێتهەوێ کەسی بەرامبەرت یان کەسێک کە لەوێ نییە بانگ بکەی یان بینووسی دەبێ دیاریی بکەی کە ئەو کەسە پیاوە یان ئافرەت. ئەوە لە حاڵێک دایە لە زمانی کوردی کەسی سێهەم یان کەسی دووهەم(ئەو کەسەی لەوێ ئامادە نییە و ئەو کەسەی بەرامبەرتە) بۆ پیاو و ئافرەت هەر یەکە. هو(سێهەم کەسی پیاو): ئەو هی(سێهەم کەسی ئافرەت): ئەو - أنت (دووهەم کەسی پیاو): تۆ أنت(دووهەم کەسی ئافرەت): ئەو. لە ڕاستیدا جیاکاری ڕەگەزی لە نێو زمانی عەرەبیدا زۆر بەهێزە بە بەراورد لەگەڵ زمانی کوردی.

ئەگەر بمانهەوێ نموونەیەکی دیکە لە پێوەندی نێوان زمان و جیهانبینی یەک نەتەوە بێنینەوە دەبێ بەراوردی زمانی کوردی

و فارسی بکەین. لە نێو کوردیدا ناوەکانی چیا، هەلۆ، هەڵگۆرد، کوێستان، سروشت، ڕوبار، کانی، بەیان و... ناوی کوروکچی کوردن و لە ڕاستیدا ناوی مرۆڤی کوردن. ئەوەش دەرخەری ئەوەیە کەجۆری پێوەندی کورد لەگەڵ ژینگەکەی و شێوازی ژیانی کورد لە ناودانانی منداڵەکانی ڕەنگی داوەتەوە. ئەگەر هەر ئەو ناوانە بۆ سەر زمانی وەرگێرین مانا و قورسایی خۆیان لە دەست دەدەن. بۆ نموونە چیا بە فارسی دەبێ بە «کوە» یان کوێستان دەبێ بە «کوهستان» بەڵام پێوەندی زمانی فارسی و لە ڕاستیدا نەتەوەی فارس لەگەڵ سروشت و ژینگە پێوەندییەکی جیاوازە. دەکرێ ئاماژە بە کۆمەلێک ناوی دیکەش بکەین کە ئەوانیش زمانحاڵی مێژووی کوردن. بۆ نموونە ناوگەلێک وەک شۆڕش، هەڵمەت، هێرش، بڕیار، خەبات و هتد. ئەو ناوانە لە دوای بە سەرهات و بەرهەمهاتنی مێژوویەک لە نێو نەتەوەی کورددا برەویان پەیدا کردوە و ئاماژە بەوە دەکەن کە مێژووی خەباتی کورد تاڕادەیەک پیوانە بووە لەبەر ئەوەی زۆربەی وشەکانی پێوەندیدار بە شۆڕش بوونەتە ناوی کورانی کورد.

## جێخستنی ئەقلانییەتی

پەروەردەی چەند زمانی پێویستی بە کاری زانستی، پشتوانەی ئابووری، دیمۆکراسی و کاری درێژخایەن هەیە. فێرکردنی منداڵان بە قسەکردن، خوێندنەوە و نووسینی زمانی دایکی خۆیان لە بنەماڵە دەتوانێ یەکێک لەو ڕێگەچارانە بێ کە کاریگەری سیستمی پەروەردەی یەک زمانی تاڕادەیەک کەم بکرێتەوە. دانینی زانینی زیاتریش لە ڕێگەی میدیاکان لە پێوەندی لەگەل سوودەکانی خوێندن بە زمانی دایکی و سیستمی پەروەردەی چەند زمانی دەتوانێ گۆشاری مەدەنی و جەماوەری زیاتر ڕووبەڕوی دەوڵەت بکاتەوە.

**سەرچاوەکان**:


١- اهمیت زبان مادری در چیست؟، رادیو دویچه وله

٢- نگاهی به مخالفت غیر قانونی فرهنگستان ادب فارسی با اموزش زبانهای محلی، وبنوشت عبدالعزیز مولودی



لە ژمارە ٦٢٦ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٩ی فێبریویری ٢٠١٤


---------------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## ڕێکخرواەمەندکردن لەپێناو پشوودرێژکردنی نارەزایەتی

لە چەند مانگی ڕابردوودوا لەساڵی ١٣٩٢ چەند خوێندکاری کچی کورد بە شێوەیەکی گوماناوی لە زانکۆکانی ئێران گیانیان لە دەست دا. گیان لەدەستدانی سەحەر چوینی، پەروین حەقیریو شەیدا حاتەمی ئەو سێ خوێندکارە کچە کوردە بوون کە مردنیان نارەزایەتی خوێندکارانی لەهەمبەر نەبوونی ئەمنییەتو ستانداردی پێویست لە زانکۆکانی ئێرانی لێکەوتەوە. چۆنیەتی ڕوانین بۆ ئەو ڕووداوانە لە لایەن بزووتنەوەی خوێندکاری کوردو چالاکانی سیاسیو مەدەنی هەڵگری گرینگییەکی تایبەتە.

سەحەر چوینی کە خەڵکی مەریوان بوو، لە زانکۆی علووم پزیشکی هەمەدان لە بەشی پەرەستاری دەیخوێند. تەرمی ئەو لە ڕۆژی هەینی ١٩ میهری ١٣٩٢ لەحاڵێکدا لە خەوتنگەی دۆزرایەوە کە هاوژوورەکانی بۆ ماڵەوە چووبوونەوە. دواتر بەرپرسانی زانکۆی علووم پزیشکی هەمەدان ڕایانگەیاند کە سەحەر خۆی کوشتووە، بەلام بنەماڵەو خوێندکارانی ئەو زانکۆیە نارەزایەتیان دەربڕیو داوای ڕوونکردنەوەیان لە پزیشکی قانوونیو پۆلیس کرد. خوێندکارانی ئەو زانکۆیە دوو ڕۆژ دواتر لە ڕۆژی یەکشەممە بە نیسبەت وەلامدەرنەبوونی بەرپرسانی ئەو زانکۆیە گردبوونەوەیەکی نارەزایەتیان بەرێوە برد. ئەوان ئاماژەیان بەوە دەکرد کە ئەو خەوتنگەیە ئەمنییەتی پێویستی نەبووەو حەراسەتی زانکۆ نەیتوانیوە ئەرکی خۆی، واتە دابینکردنی ئەمنییەت، بەجێ بگەیەنێو بەرپرسانی زانکۆ دەیانهەوێ هۆکاری مردنی ئەو خوێندکارە پەردەپۆش بکەن. مردنی گوماناوی سەحەر چوینی نارەزایەتی خەڵکی مەریوانیشی لێکەوتەوەو خەڵکی ئەو شارە بە تایبەتی ژنانی چالاکی ئەو شارە لەو پێوەندییەدا وەدەنگ هاتن.

شەیدا حاتەمی کە خوێندکاری کارناسی باڵا لە بەشی زەوی ناسی زانکۆی ورمێ بوو، تەرمەکەی ڕۆژی شەممە ١٠ی ڕەشەمە لە خەوتنگەی نازلوی ئەو زانکۆیە دۆزراوەیە. بەرپرسانی زانکۆ پۆلیسو پزیشکی یاساییان لەو ڕووداوە ئاگادار نەکردبووەوەو خۆیان تەرمەکەیان ڕاوگواستبوو. لەزگین حاتەمی، برای شەیدا حاتەمی، باسی لەوە کردوە کە کاتێک چاویان بە تەرمەکەی شەیدا کەوتووە سەرو دەستی شەیدا بریندار بووە. بنەماڵەی شەیداش شکایەتیان تۆمار کردووەو پێیانوایە کە کچەکەیان کوژراوە. هەر لەو پێوەندییەدا پارێزەر مەسعوود شەمسنیژاد هەوڵی دا کە پەروەندەی شەیدا حاتەمی وەئەستۆ بگرێ بەلام پێیان ڕاگەیان کە تا ماوەیەکی نادیار ناتوانێ پارێزەری بکا. دیارە خوێندکارانی زانکۆش ورمێش دوو جار گردبوونەوەی نارەزایەتیان بەرێوە بردو داوای وەلامدەربوونی پرسانی زانکۆیان دەکرد.

پەروین حەقیری کچە خوێندکارێکی کوردی دیکەیە کە بە هۆی پیس بوونی ئاوی زانکۆ تووشی نەخۆشی بووەو هەر بەم هۆیەوە گیانی لە دەستداوە. پەروینی حەقیری خەڵکی نۆدشەی کرمانشان بووەو لە بەشی "گیاە پزیشکی" ناوەندی شەهید باکیری میاندواو خوێندکار بووە. بە وتەی خوێندکارانی ئەو ناوەندە، دابین نەکردنی ئاوی خاوێن بۆتە هۆی ئەوەی ژمارەیەکی دیکەش لە خوێندکاران تووشی نەخۆشی بنو بەستەری بکرن. خوێندکارانی ئەو زانکۆیەش بۆ نارەزایەتی دەربڕین



سەرچاوە Serchawe

ڕۆژێک مانگرتن دەکەنو تەنانەت سەردانی فەرمانداری میاندواو دەکەن تا بۆ دابین کردنی سیستمی تەندروستیو ئاوی ئەو زانکۆیە هەوڵ بدەن.

هەرسێک ڕووداو لەگەڵ ئەوەیدا نارەزایەتی خوێندکارانی لێکەوتەوە بەڵام لایەنێکی لاوازی بزووتنەوەی خوێندکاری کوردی بەرجەستەوە دەکاتەوە. ئەو لاوازیە بریتییە لەوە کە بردنەسەری ئەمنیەتو ستانداری زانکۆکان گرینگی پێویستی پێنەدراوە لە حاڵێکدا ئەو بابەتە دەتوانێ توانای بزووتنەوە خوێندکاری بەرێتە سەرێ. جەخت کردن لەسەر بابەتگەلی سیاسیو شوناسخوزانە، وەک ئەرکێکی سەرەکی بزووتنەوەی خوێندکاری، پانتای نفووزی بزووتنەوەی خوێندکاری لە نێو خوێندکارەکاندا بەرتەسک کردوە.
نەبوونی ڕێکخراوی خوێندکارییش بۆتە هۆی ئەوەی کە بزووتنەوەی خوێندکاری لە درێژخایەندا نەتوانێ سەقامگیر بێ. ئێستا چەند مانگ لە مردنی سەحەری چوینی تێدەپەرێ بەڵام هەر ئەو خوێندکارانەی دوو ڕۆژ دواتر توانیان خۆپێشاندان بکەن، ئێستا توانای بەدواداچوون بەو کەیسەیان نیە.

هەروەها یەکیەتیی دێۆکراتیکی خوێندکارانی کوردیش کە لە سالانی ڕابردوودا تارادەیەک توانیبوی پێوەندییەکی بەرفراوان لە نێو خوێندکارانی کورد لە زانکۆکانی ئێراندا دروست بکا نەیتوانی بە شێوەی پێویست نوێنەرایەتی خوێندکارانی کورد لەو ڕووداوانەدا بکاو نەیتوانیوە وێنەیەکی گشتی و بەرفراوان لە ڕەوشی نالەباری خوێندکارانی کورد لە زانکۆ جۆراوجۆرەکاندا نیشان بدا. هەر بۆیە دامەزراندنی کانوونی خوێندکاری لە زانکۆکانی ئێران لە لایەن خوێندکارانی کوردو هەوڵ بۆ وەرگرتنی ئیزنی دەرچوونی گۆڤارو بڵاوکراوە وەک هەنگاوێکی گۆنجاو و پێویست لە ئێستادا لەقەڵەم دەدرێ. دامەزراندنی ئەو کانوونانەو بوونی ئەو گۆڤارانە پۆتانسییەلی بزووتنەوەی خوێندکاری کوردی لەهەمبەر بەدواداچوون بۆ پرسەکانی پێوەندیدار بە ئەمنییەتو ستانداردی زانکۆکان دەباتە سەرێ.

لە باری میدیاییشەوە هەرچەند سەرەتا ئەو ڕووداوانە بایەخی پێویستیان بۆ دەکرێو لە تەلەڤیزیۆنو ماڵپەرەکان هەواڵو ڕاپۆرتیان لە سەر دروست دەکرێ بەڵام میدیای کوردیش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەدواداچوونی ڕووداوگەلێکی لەو چەشنە لە درێژخایەندا ناسەرکەوتوو بووە. بۆ وێنە هەواڵی مردنی گوماناوی "سەحەر چوینی" کە چەند مانگ لەوە پێش لە زۆرێک لە ماڵپەرو تەلەڤیزیۆنەکاندا ئامادە بوو لە ئێستادا هیچ باسی لێوە ناکرێو نازانرێ لێکۆلینەوەکانو نارەزایەتییەکان چ ئاکامێکی لێکەتەوە.

**سەرچاوەکان**:


١.ئاژانسی هەواڵدەری کوردپا
٢. سایتی تابناک
٣. معمای مرگ یا خودکشی یک دانشجوی دیگر، کاوه قریشی


سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٤ی ئەپریلی ٢٠١٤

## پێنج سەربازی ئێرانی و پرسی سیستان و بەلووچستان

لە ١٧ ڕێبەندان ساڵی ١٣٩٣ پێنج سەربازی ئێرانی لە بە دەستی بزووتنەوەی چەکداری ئەلعەدل بەدیل گیران. ئەو بزووتنەوەیە لە سەرەتادا ڕایگەیاند ئەو عەمەلیاتە لە کاردانەوەی بە لەسێدارەدانی زیندانیانی بەلووچ ئەنجام داوە. کۆماری ئیسلامی هەوڵیدا پاکستان بە نەپاراستنی سنوورەکانیو جێکردنەوەی ئەو هێزە تۆمەتبار بکا، بەڵام بزووتنەوەی عەدل ڕایگەیان ئەوان لە خاکی ئێران دانو خوازیاری ئاڵوگۆڕکردنی ئەو پێنج سەربازەن لەگەڵ ئازادی بەشێک لە هاوڕێیانیان لە گرتووخانەکانی ئێران. دواجار یەکێک لەو سەربازانە لەسێدارە دراو چوار سەربازەکەی دیکە لەسەر داوای مەولەوی عەبدولحەمید ڕێبەری سوننیەکانی سیستانو بەلوچستان ئازاد کران. لەو ماوەیەدا لە تەنیشت هەوڵدان بۆ ئازادی ئەو کەسانە لە لایەن دەوڵەت، هەم لە نێو ئۆپۆزیسیۆن کۆماری ئێسلامی و هەم لە نێوخۆی ڕێژیم ئەو پرسیارە هاتە پێش کە پرسی خەڵکی سیستانو بەلوچستان چییەو خەڵکی ئەو ناوچەیە چی دەوێ؟

### سنووری بەرفراوان، بێکاری، سوننی بوونو بەلوچ بوون

ئەو پارێزگایە گەورەترین ڕووبەری خاکی هەیە لە نێو پارێزاکانی ئێراندا و ١١ لە سەدی خاکی ئێران پێکدێنێ. ئەو پارێزگایە ٩٠٠ کیلۆمیتر لەگەڵ ولاتی پاکستان و ٣٠٠ کیلۆمیتر لەگەڵ ولاتی ئەفغانستان سنووری هەیە. ئەو سنوورە بەرفراوانە لەگەڵ ئەفغانستان و پاکیستان ڕەهەندێکی ئەمنییەتی گرینگی بەو پارێزگایە داوە. سیستان و بەلووچستان نزیک ٢٧٠ کیلۆمیتریش سنووری ئاوی بە دەریای عومانەوە هەیە. ئەو پارێزگایە لە ڕێگەی چابەهار بە دەریای عومان پێوەند دەرێ. هەروەها خۆدی پێتەختی ئەو پارێزگایە واتە زاهیدان سنووری لەگەڵ هەر دوو وڵاتی پاکستان و ئەفغانستان هەیە. پارێزگای سیستان و بەلووچستان لە بواری ئابوورییەوە بە یەکێک لە هەژارترین پارێزگاکانی ئێران ئەژمار دەکرێ و ڕێژەی بێکاری لەو پارێزگایە یەکجار لەسەرێیە. لە بواری ئایینیشەوە بەشێک لە دانیشتووانی ئەو پارێزگایە سوننی مەزهەبن. بەلووچەکان لەو پارێزگایە بە زمانی بەلوچی قسە دەکەن و هەستی نەتەوەیاتییان هەیە. هەوڵە چەکدارەییەکانی عەبدولمالیکی ریگی کە لە ساڵی ١٣٨٩ لەسێدارە درا لەو هەستە نەتەوەییانە سەرچاوەی دەگرت.

سنووری بەرفراوان، ئابوورییەکی وێران و ستەمی ئایینی و نەتەوەیی دەرهەق بە دانیشتووانی پارێزگای سیستان و بەلووچستان ئەو کۆمەلە فاکتەرەن کە بەستێنی نارەزایەتی خەڵک بە نیسبەت ڕێژیم و ئەنجامدانی پەرچەکرداری چەکداری دەخۆلقێنن.

### سپا و سیستان و بەلووچستان

ئەو بەدیل گیرانە لە لایەک نیشانی دا کە هێزەکانی ڕێژیم ئەو توانا ئەمنییەتی-نیزامییەیان بەلانیکەم بەسەر ناوچە

سنوورییەکانی پارێزگای سیستان و بەلووچستان نییە و هێزەکانی ئینتزامی و سپا بە پلەی یەکەم شکست خواردوی ئەو مەیدانە بوون. هەروەها دەوڵەت و بەتایبەتی وەزارەتی نێوخۆ و پارێزگاری سیستان و بەلووچستان شکستخواردوی دووهەم ئەو بەدیل گیرانە بوون چونکە ڕۆڵێکیان لە ئازاداکردنی ئەو سەربازانەش نەبوو. لە لایەکی دیکە ئازادکردنی ئەو چوار سەربازەش لەسەر ڕاسپاردەی مەولەوی عەبدولحەمید نیشاندەری نفووزی ڕێبەرانی سووننی لە نێو دانیشتووانی ئەو پارێزگایە دایە. هەرچەند هەڵکەوتەکەی ژئۆپۆلیتیکی ئەو پارێزگایە، واتە هەبوونی سنوورێکی بەرفراوان لەگەڵ ئەفغانستان و پاکیستان، مەجال بە بزووتنەوەی عەدل دەدا کە بتوانێ جمۆجۆلی چەکداری هەبێ، بەڵام کۆماری ئیسلامیش بە شێوازی جۆراوجۆر یەک لەوان لە ڕێگەی سپای قودس هەوڵ دەدا ئەو گرووپە یان یەکجاری لەنێو ببا یان بە دووپاتکردنەوەی سناریۆیەکی دیکە هاوشێوەی عەبدولمالک ریگی پێگە و ناوبانگی ئەو بزووتنەوەیە لەنێو ببا.

## سەفەری رووحانی بۆ سیستان و بەلووچستان

حەسەنی رووحانی ڕۆژی سێشەممە ٢٦ی خاکەلێوە سەفەرێکی دوو ڕۆژەی بۆ سیستان وبەلووچستان ئەنجام دا. گومانێک لەوە نیە کە سەفەری رووحانی لەژێر کاریگەری بەدیل گیرانی ئەو پێنچ سەربازە بووە. ڕووحانی لەو سەفەرەدا لە زاهیدان دەستخۆشی لە هەوڵی ماموستایانی سوونییو شیعە و هەروەها پیاوماقوولانی ئەو پارێزگایە بۆ رزگاری ئەو سەربازانە کرد. رووحانی جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە هەموو خەڵک پێویستە لەبەرامبەر دابینکردنی ئەمنییەتی ئەو پارێزگایە بەشدار بن و هێزەکانی نیزامی یارمەتیدەری خەڵک بۆ دابین کردنی ئەمنییەت دەبن. ئەو پەیامەش رەنگە لە تێگەیشتنی رووحانی بۆ دژواربوونی دابین کردنی ئەمنییەت لە سنوورێکی ١٢٠٠ کیلۆمیتری ئەو پارێزگایە لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ سەرچاوە بگرێ. دەوڵەتی ڕووحانی بەو سەفەرە لە هەوڵ دایە لە لایەک پێش بەوە بگرێ کە ئەو بەدیل گیرانە دەستی سپا و توندرەوەکانی لە پارێزگای سیستان و بەلووچستان ئاوەڵا بکا چونکە بەشێک لە بەرنامەی رووحانی تایبەت کراوە بە پێراگەیشتن بە ناوچە ئیتنیکی و هەژارەکانی ئێران. لە درێژخایەنیشدا رووحانی پێویستی بە دەنگی خەڵکی ئەو پارێزگایە دەبێ و ناکارامەیی دەوڵەتی رووحانی رەنگە ئەوان لە بەشداری لە هەڵبژاردنێکی دیکە سارد بکاتەوە.

**سەرچاوەکان**:


١- «هزار و یک وعده حسن روحانی در سیستان و بلوچستان، بهداد بردبار، رادیو زمانه»
٢- «انتشار فقر در ایران، محسن کاکارش، رادیو زمانه»
٣- «سپاه و اطلاعات پیام دادند گروگانها را بکشید، فرشته قاضی، روزانلاین»


لە ژمارە ٦٣٠ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی ئەپریلی ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe

## مافی پەنابەران

پەنابەر کەسێکە کە بە هۆی شەر، ئەشکەنجەو توندوتیژی ناچار بووە لە وڵاتی خۆی ڕا بکا. ئەو توندوتیژیو ئەشکەنجەیە دەکرێ بە هۆی رەگەز، ئایین، نەتەوە، رای سیاسی جیاوازو هەبوونی شوناسێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو بێ. کۆنوانسیونی ژێنیف ی ١٩٥١ بە بەفراوانی پێناسەی پەنابەرو مافەکانی دەکا.

رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە سەرەتای دامەزرانیەوە هەوڵی داوە مافی پەنابەران بپارێزیو هەر بەم هۆیە لە ساڵی ١٩٥١ کۆمیساریای بەرزی پەنابەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNCHR)پێکهێنا. ئەو کات بەراورد دەکرا کە لە دوای شەڕی جیهانی دووهەم نزیک یەک میلیۆن خەڵک لە ئاستی جیهانیدا هەبێ کە سەرپەنایانیان نیەو ماڵی خۆیان جێ هێشتووە. لە ساڵی ١٩٥١ ئورووپاییەکان زۆرینەی پەنابەرانیان پێکدەهێنا بەڵام ئێستا زۆرینەی پەنابەران لە ئەفریقاو ئاسیا دان. بە پێی ئاماری ئێستای کۆمیساریای پەنابەران دە میلیونو چوارسەد هەزار پەنابەر بوونی هەیە. هەروەها چوار میلیۆنو هەشت سەدهەزار پەنابەر لە نزیک شەست کەمپی پەنابەری لە رۆژهەڵاتی نێوەراست لە ژێر چاوەدێری رێکخراوی هاوکاری نەتەوە یەکگرتووەکانو رێکخراوی پەنابەرانی فەلەستینی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNRWH) دان.

پەنابەران تەنیا ئەو کەسانە ناگرێتەوە کە پەنا بۆ وڵاتێکی دیکە دەبن بەڵکوو دەکرێ کەسانێک لە نێو وڵاتی خۆیان پەنابەر بن. لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٢، بە پێی ئاماری کۆمیساریای پەنابەران (UNHCR) لە ئاستی جیهانیدا نزیک ٢٦ میلیۆنو چواردسەد هەزار کەس لە وڵاتی خۆیان پەنابەرن کە ئەو رێکخراوە توانیوێتی هاوکاری زیاتر لە ١٥ میلیۆن لەو کەسانە لە ٢٦ وڵاتی جیاوازی دونیا بکا. بۆ نموونە خەڵکی وڵاتانی ئەندونیزیا، میانمار و تایلەند بە هۆی ڕووداوی سروشتی وەک لافاو بە بەردەوامی لە نێو وڵاتی خۆیان ماڵی خۆیان جێ دەهێڵنو لە شوێنی دیکە هەر لەو وڵاتە پەنابەر دەبن.

### کوردەکانی رۆژهەڵات - ئێرانو پەنابەری

بە پێی ئەو پێناسەیەی کە لە بەڵگەنامە نێونەتەوەییەکاندا هەیەو پێناسەی دوو جۆر پەنابەر دەکا، واتە ئەوانەی پەنا بۆ ولاتێکی دیکە دەبن یان ئەوانەی لە نێو ولاتی خۆیان پەنابەر دەبن، کوردەکانی رۆژهەڵات کە لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێن، دەتوانن لە هەر دووک لەو پێناسانە خۆیان ببیننەوە. ئەگەر خۆیان بە کوردی ئێران بزانن ئەوا پەنابەرن لە وڵاتێکی دیکە کە عێراقو کوردستانی عێراقەو ئەگەریش خۆیان بە کوردی رۆژهەڵات بزانن ئەوا لە وڵاتی خۆیاندا واتە کوردستان پەنابەرن. هەر بۆیە کوردی رۆژهەڵاتو کوردی ئێران هەر دووک لە هەرێمی کوردستان پەبابەرنو خاوەنی کۆمەڵێک مافن کە وەک مافی پەنابەران لەقەلەم دەدرێ. بەشیک لەو مافانە بریتین لە:

١- نابێ بگەڕێنرێنەوە بۆ وڵاتی یەکەمی خۆیان ئەگەر تەنها ئەوان لەژێر مەترسی دابێ.

بە شێوەیەک هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو پەنابەرانە بکرێ هەر وەک چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ هاووڵاتیانی ئەو وڵاتە دەکرێ.

٢- نابێ بەهۆی ئەوەی بە شێوەی نایاسایی هاتوونەتە ئەو وڵاتە سزا بدرێن مادام پەنایان بۆ ئەو وڵاتە هێناوە.
٣- مافی ژیان، ئازادیو تەناهییان هەبێ.
٤- مافی هەبوونی ژیانێکی دەروەستیان هەبێ لە ڕێگەی دابینکردنی پێویستی ژیانێکی ستاندارد، چ بۆ تاکێکو بنەماڵەیەک، کە بواری خواردن، جلوبەرگ، خانوو، داوودەرمانو خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی پێویست دەگرێتەوە.
٥- مافی خوێندنو کاریان هەبێ.
٦- یاسای ئەو وڵاتەی کە پەنایان بۆ بردوە بە شێوەیەکی یەکسان پارێزگاری لە ماف و ئازادییەکانی ئەو پەنابەرانە بکا.

**پەنابەری کوردەانی ڕۆژهەلات - ئێران لە هەرێمی کوردستان**

**بە هۆی شەڕی ئێرانو عێراق، هەزران کەس لە کوردی ئێران لە ساڵی ١٩٨٠ ئاودیوی خاکی عێراق بوون.**

ئەوان لە ساڵی ١٩٨٢ لە کەمپی پەنابەرانی ئالتاش (Al-Tash Refugee camp) هەڵکەوتووی لە پارێزگای ئەنبار نیشتەجێ کران. بە دوای ڕووخانی سەدام لە ساڵی ٢٠٠٣ و بە پێی ڕاپۆرتی سرویسی کۆچبەری دانیش (Danish Immigration Service) کە لە ساڵی ٢٠١١ ئەنجامی داوە، ٣٢٠٠ کەس لە پەنابەرانی کەمپی ئالتاش لە پارێزگای سلێمانی نیشتەجێ بوون. لە ساڵی ٢٠٠٥ کەمپی ئالتاش داخراو ١٢ هەزار پەنابەری ئەو کەمپە ڕۆیشتن یان لە ڕێگەی کۆمیسارای پەنابەران لە هەرێمی کوردستان لە کەمپگەلێکی دیکە نیشتەجێ کران. ئەو پەنابەرانە ئێستا لە کەمپی پەنابەرانی کاوە لە نزیک هەولێرو لە کەمپی باریکە لە نزیک سلێمانی نیشتەجێ کراون. بە پێی ڕاپۆرتی سرویسی کۆچبەری دانیش ئەو پەنابەرانە کێشەی بوون بە هاووڵاتی بوونیان هەیە. ئەوان بە هۆی نەبوونی پاسپۆرت ناتوانن بۆ دەرەوەی وڵات واتە دەرەوەی عێراق سەفەر بکەن. ئەوان بە وەرگرتی کارتی پێناسی عێراقی واتە بوون بە هاووڵاتی عیراق دەتوانن بۆ دەرەوەی وڵات سەفەر بکەن بەڵام هەرێمی کوردستان دەڵێ دانی کارتی پێناسو کردنی ئەو پەنابەرانە بە هاووڵاتی لە چوارچێوەی دەسەلاتی یاسایی بەغدا دایە.

جێگەی ئاماژە جێگە لەو پەنابەرانە ژمارەیەکی زۆری دیکەش لە کوری ڕۆژهەڵات-ئێران لە ساڵانی ڕابردوودا لە ئێران ڕایان کردووە لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێ بوون. ئەو کەسانە ئەگەر بتوانن بیسەلمەنێن کە بە هۆکاری سیاسیو لە ترسان ئێرانیان جێ هێشتووە ئەوە دەتوانن لە ڕێگەی کۆمیسارای بەرزی پەنابەرانی نەتەوەیەکگرتووەکان بە پەنابەر وەردەگیرێن، دەچنە ژێر چەتری ئەو ڕێکخراوەیەوە، ئەگەریش نەتوانن بەڵگەی پێویست بە کۆمیساریا بدەن ئەوا لە نێو پێگەیەکی یاسایی نارون لە ڕوانگەی یاسایی لە هەرێمی کوردستان درێژە بە ژیان دەدەن.



سەرچاوە
Serchawe

سەرچاوەکان:

THE REFUGEE CONVENTION, 1951
http://www.unhcr.org/4ca34be29.pdf
Fact Sheet No.20, Human Rights and Refugees
http://www.ohchr.org/Documents/Publications/FactSheet20en.pdf
(Iranian Kurdish Refugees in the Kurdistan Region of Iraq (KRI
http://www.refworld.org/docid/4ece0db12.html

لە ژمارە ٦٣٢ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی مای ٢٠١٤

---------------------------------------------------

## بەراوردی دوو کەمپەین

کەمپەینی «ژن بوون ئامرازی سووکایەتی بە هیچ کەس نییە« (یەکەم) و کەمپەینی «ازادی های یواشکی زنان ایران» (دووهەم) دوو کەمپین بوون کە هەر دووک لەسەر ماف و دۆخی ژنان جەختیان کردەوە و توانیان لە یادەوەری چالاکی مەدەنیو فێمێنیستی لە ئاستی کوردستان و ئێراندا جێگەیەک بۆ خۆیان تۆمار بکەن. بەراوردکردنی ئەو دوو کەمپەینە یارمەتی ئەوە دەدا خاڵە لاواز و بەهێزەکانی هەر کام دەربکەویو ڕوانینی چالاکانی مەدەنیو سیاسی لەهەمبەر کەڵک وەرگرتن لە فەزای سایبریو لە راستیدا ئەو بەراوردکردنە دەبێتە هۆی ئەوەی ڕوانین بۆ دەرفەتو مەترسییەکانی کەڵک وەرگرتن لە فەزای سایبێری بۆ کاریگەری دانان لەسەر فەزای واقیعی، لە ڕەهەندێکی بەرفراوانتر بەهرەمەند بێ.

### شێوازی لەدایکبوونی یەک کەمپەین

کەمپەینی یەکەم لە کاردانەوە بە حوکمی دادگای مەریوان، کە لە ڕێکەوتی ١٥ی ئاپریلی ٢٠١٣ تاوانبارێکی بە دەبەرکردنی جلی ژنانە سزا دابوو، لەدایک بوو. بیرۆکەی چەند چالاکێکی مەدەنیو مەسعود فەتحی وەک یەکەمین کەس کە بە دەبەرکردنی جلی ژنانە و بڵاوکردنەوەی وێنەکەی لە فەیسبووکی خۆی، حوکمی دادگای مەریوانی مەحکووم کرد، لە لایەن ژمارەیەکی زۆر پیاو پێشوازی لەم بیرۆکەیە کرا و پەیجی ئەو کەمپەینە لە ماوەیەکی کەمدا ژمارەیەکی زۆر لایکو بەردەنگی دەستەبەر کرد. کەمپەینی دووهەم، بەرهەمی بیرۆکەی مەسیح عەلی نژاد رۆژنامەنووسی ئێرانی بوو. مەسیح لەدوای ئەوەی وێنەیەکی خۆی لە ڕێکەوتی ٣ی مەی ٢٠١٤، کە بە بێ پۆشینی حیجاب لە ئێران گرتبووی، لە فەیسبووک بڵاو کردەوە، ژمارەیەکی زۆر کامێنتیان بۆ وێنەکەی نووسی. دواتر مەسیح داوای لە هاوڕێیانی کرد کە ئەوانیش ئەو وێنانەی

بۆ بنێرن کە لە نێوخۆی ئێران بە بێحیجاب گرتوویانە. بەو شێوەیە کەمپەینی دووهەم نەک بەرهەمی کاردانەوە بە ڕووداوێکی تایبەت لە ئاستی ئێران بێ، بەڵکوو ڕێگەیەکی دۆزیوە بۆ ئەوەی جەخت لەسەر مافی ژنان بۆ پۆشین یان نەپۆشینی حیجابی بکا. کەمپەینی یەکەم بە هۆی ئەوەی بەرهەمی کاردانەوە بە حوکمی دادگای مەریوان بوو، هەر لە دوای ئەوەی فەرماندەی هێزی پۆلیسی ئێران لە ١٣ی مەی ٢٠١٣ داوای لێبوردنی لە ژنانی کورد کرد، پێویستی خۆی بۆ بەردەوامبوون لە دەست دا. ئەوەش تایبەتمەندی چالاکی لە جۆری کاردانەوەیە کە ئەو لایەنەی کردەوەکەی دەست پێ کردوە دەتوانێ ئاسانتر کۆنترۆلی کاردانەوەکانی تایبەت بەو کردەوەش بکا.

## رۆلگێرانی یەک کەمپەین

لە کەمپەینی یەکەمدا پیاوەکان وەک کاراکتێرێکی سەرەکیو ئەکتیو دەرکەوتنو ئەوەش دەتوانێ هەم بە باش لەقەڵەم بدرێو هەم ڕەخنەی لێ بگیرێ. ئەوەی کە پیاوان تێکەڵاوی بابەتگەلی پێوەندیدار بە مافی ژنان بن، بابەتێکی ئەرێنییە چۆنکە هەرچەند فەزای کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری و... فەزایەکی فرەچەشنتر بێ لە بواری رەگەزییەوە، ئەگەری چالاکی نواندن زیاتر دەبێ. کەمپەینی یەکەم تاڕادەیەکی زۆر لە دەرەوەی وڵات و لە لایەن کوردەکان پشتگیری لێکرا. دیارە پیاوی دیکەش پشتگیریان کرد بەڵام پیاوەکانی کورد زۆرینەی فەزای ئەو کەمپەینەیان پێک هێنا. ئەوە لە حالێکدایە کە لە کەمپەینی دووهەمدا ژنان کاراکتێری سەرەکی و رۆلگێرن و چالاکان یان ژنانی نێوخۆی ئێران بەرادەیەکی زۆرتر بەشدارییان کردوە. ڕەهەندێکی دیکەش کە جیاوازی ئەو دوو کەمپەینە نیشان دەدا ئەوەیە کە کەمپەینی یەکەم لە ڕەهەندێکی تاکەکەسی زۆرتر بەهرەمەندەو کەمپەینی دووهەم رەهەندێکی کۆمەڵایەتی بەرفراوانتری هەیە. بە واتایەکی دیکە ئەو وێنانەی لە کەمپەینی «ژن ئامرازی سزادان و سووکایەتی بە هیچ کەس نییە» زۆربەی وێنەکان تاکەکەسین و فەزای کۆمەڵایەتی بوونی نییە. ئەوە لە حالێکدایە لە کەمپەینی دووهەمدا ڕادەیەکی زۆرتر وێنە دەبینرێ کەلەگەڵ مێرد، هاورێ و خوشک و ... گرتوویانە. کەمپەینی یەکەم بە دەرخستنی فەزایەکی کۆمەڵایەتی بێ حیجاب، فەزای زۆرەملی پۆشینی حیجاب لە نێو کۆماری ئیسلامیدا مەحکووم دەکا و کەمپەینی یەکەم لە فەزایەکی تاکەکەسی بۆ مەحکووم کردنی حوکمی دادگای مەریوان یان توندڕەوەی سیستمی کۆماری ئیسلامی کەڵک وەردەگرێ.

## بە سیاسی کردن و بە حیزبی کردنی یەک کەمپەین

کەمپەینی یەکەم واتە کەمپەینی کوردەکان هەر زوو رەنگوبۆنی سیاسیو حیزبی گرت. هەوڵ درا کە لێکدانەوەیەکی ناسیۆنالیستی لە حوکمی دادگای مەریوان بکرێو بگۆترێ کە ئەو حوکمە نەک هەر سووکایەتی بە پێگەی ژنان بوو، بەڵکوو سووکایەتی بە جلوبەرگی ژنی کورد و دواجار سووکایەتی بە نەتەوەی کوردیش بووە. هەرچەند رەنگە ئەو لێکدانەوەش تاڕادەیەک دروست بێ، بەڵام گرینگ ئەوەیە مەبەست لەو لێکدانەوە چییە. مەبەست ئەوە بوو لە بۆشاییەکی گەورەی سیاسی-میدیایی کە بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی تێیدا گرفتار بووە، ئەندامانی بخزێنە نێو ئەو کەمپەینەو پشتیوانی و رۆلی حیزبەکەیان لەوێدا مسۆگەر بکەن. ئەوەش مەیدانی گەشەی لە کەمپەینی یەکەم ستاند چونکە ئەو حیزبانەی هەستیان کرد کە ئەو کەمپەینە لە لایەن حیزبێک یان ئاراستەیەکی سیاسی دیاریکراو بەرێوە دەچێ پشتیوانی میدیایی-سیاسی خۆیان



سەرچاوە Serchawe

لێستاندەوە. هەروەها بە سیاسی کردنی کەمپەینەکە وایکرد کە بەشداری ژنان و پیاوانی ئێرانیش کەمرەنگ بێ. گرفتێکی دیکەش کە بە حیزبی کردن دروستی دەکا، ئەوەیە چالاکی حیزبی ئوتۆماتیکی وەپێش چالاکانی مەدەنیو ژنان دەدا. حیزبەکانی رۆژهەلاتی کوردستان پڕن لەو خەڵکانەی لەژێر ناوی چالاکی ژنان و مەدەنی قسە دەکەن، بەڵام لە نێو حیزبەکەی خۆیاندا نەبێ لە شوێنێکی دان بەو پێگەو شوناسەیان دانانرێ. بەداخەوە ئەوەش رێگە خۆشکەر بووە بۆ ئەوەی کەمپەینی کوردی، هاوشێوەی کەمپەینی «ژن بوون ئامرازی سووکایەتی بە هیچ کەس نییە»، بە واتایەکی دیکە جێگە لە پۆست کردنی چەند وێنەیەک، نەتوانن دەق، چەمک و روانینی نوێ لە رێگەی کەمپەین و فەزای سایبێری بێننەئاراوە. ئەوەش کاریگەری راستەوخۆی هەبووە لەوەی کەمپەینی کوردی نەتوانێ پانتایەکی ناوچەیی و جیهانی گەورە دەستەبەر بکا.

بە پێچەوانەوە کەمپەینی دووهەم «ئازادی های یواشکی» بەسەر حیزب و ئاراستەی سیاسی جیاوازدا دابەش نەبووە و هەر ئەوەش وایکردوە تاکوو ئێستا زیاتر لە ٥٠٠٠٠٠ کەس لایکی بکەن، لە حالێکدا کەمپەینی یەکەم تەنیا توانی ٢١٠٠٠ لایک دەستەبەر بکا. هەر کەمپەینێک کە دەست پێ دەکا دەبێ شوێنگەیەکی راستەقینەی هەبێ چونکە لە فەزای سایبێریشدا گرینگە چ کەسانێک چ ئاراستەیەک بەرەوپێش دەبەن و خاوەنی چ پێشینەیەک و تواناییەکن.

**سەرچاوەکان**:


کەمپەینی «زن بودن ابزار تحقیر و تنبیه هیچ کس نیست.»

https://www.facebook.com/KurdMenForEquality

کەمپەینی «ازادی های یواشکی زنان در ایران»

https://www.facebook.com/StealthyFreedom

عذرخواهی فرماندە نیروی انتضامی از زنان کردستانی

http://mehrnews.com/detail/News/2054326


لە ژمارە ٦٣٤ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی جوونی ٢٠١٤

---------------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

# کوردو دابەشکردنی ناوچەیی ئێران

بە پێی بەرنامەی غولامرەزا رەحمانی فەزل، وەزیری نێوخۆی ئێران، پارێزگاکانی ئیران بەسەر ٥ ناوچەدا دابەش کراون. بە وتەی رەحمانی فەزل ئامانج لەو بەرنامەیە وەپێش خستنی گەشەسەندنی ناوچەیی بەسەر گەشەسەندنی هەر پارێزگایەکە. وەزیری نێوخۆ پێیوایە ئەو دابەشکردنە ناوچەیی کە بە پێی نیزیکی جۆغرافیایی، پێوەری ئابووری، ئەمنییەتی، کولتووری و .. ئەنجام دراوە ڕێگەخۆش دەکا بۆ ئەوەی کە چەند پارێزگا پێکەوە لە سەر کۆمەڵێک بەرنامە بۆ گەشەسەندنی ناوچەیی رێک بکەون و هاوکاری یەکتر بکەن. بەشێک لە نوێنەرانی پارلمانی ئێران پێش ڕاگەیاندنو دوای ڕاگەیاندنی ئەو بەرنامە نارەزایەتی خۆیان دەربڕیوە و باسیان لەوە کردوە کە ئەو بەرنامەیە ئێران بەرەو هەڵوەشانەوە دەباو هەڕەشەی ئەمنییەتی بۆ تەواوەتی سنووری ئێران دروست دەکا. حیزبە کوردییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانیش ئەو دابەشکردنە جوغرافییایە بە هەوڵدان بۆ لێکترازانی پێوەندی نەتەوەیی کوردەکان لە یەکتر لەقەڵەم دەدەن. ئەو حیزبانە پێیانوایە دیاریکردنی ناچەی ٣، کە لە پارێزگاکانی کوردستان، ئازەربایجانی رۆژئاوا، ئەردەبیل، زەنجان، گیلان و ئازەربایجانی رۆژهەڵات پێکهاتووە و هەروەها دیاریکردنی ناوچەی ٤، کە لە پارێزگاکانی کرماشان، ئیلام، لوردستان، هەمەدان، مەرکەزی و خوزستان پێکهاتووە، هەوڵ دانە بۆ لاوازکردنی ناسیۆنالیزمی کوردی لە رێگەی لیکترازانی جوغرافیایی لە نێو خەڵکی کورددا. هەوڵ دان بۆ شیکردنەوەی لایەنە ئەرێنیو نەرێنییەکانی گەڵاڵەی دابەشکردنی ناوچەیی یارمەتی ئەوە دەدا نەک هەر بە شیوەی باو و کلاسیک رەتی بکەینەوەو دژایەتی بکەین بەڵکوو بیر لەوە بکەینەوە کە ئەگەر ئەو گەڵاڵەیە جێبەجێ بکرێ، کورد دەبێ چۆن رۆل بگێری بۆ ئەوەی کوردایەتی بەهێزتر بێ.

## جوغرافیا وەک فاکتەری لێکنزیک کردنەوە

جۆغرافیای هاوبەش دەتوانێ وەک فاکتەرێک لە نزیککردنەوە هەستی نەتەوە رۆڵ بگێرێ، بەڵام فاکتەری جوغرافیا فاکتەرێکی تەواوکەر نییە. کاتێک لە لایەن حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان ئاوا ڕەخنە لە گەڵاڵەی دابەشکردنی جوغرافیایی ئێران بگیرێ کە ئەو گەڵاڵە »سنە و موکریان وەک ناوندی کوردایەتی لە کرماشان و ئیلام وەک بەشێکی دیکەی کوردەکان دادەبڕێنێ، ئەوا بە واتای ئەوەیە پێوەندییەکی پتەو و دیاریکراوی نەتەوەیی لە نێوان ئەو پارێزگایانەدا هەیە. هەر بۆیە کۆماری ئیسلامی دەیهەوێ لە رێگەی ئەو تەرحە، لە رێگەی لێکترازانی پێوەندی ئیداری و بۆرۆکراتیک پێوەندی نێوان ئەو پارێزگایانەش کەمرەنگ بکاتەوە. بەڵام دروست وایە لەو سیاسیانە بپرسی کە ئەو چوار پارێزگایە واتە پارێزگای کرماشان، کوردستان، ئازەربایجانی رۆژئاوا و ئیلام لە سێ دەیەیەی ڕابردوو لە کام رووداو و بە چ شێوەیەک ئەو پێوەندی نەتەوەییەی نێوان یەکتریان نیشان داوە. داخستنی دووکان و بازار بە مەبەستی مەحکووم کردنی تیرۆری دوکتور قاسملوو و مانگرتنی نارەزایەتی خەڵکی کوردستان بە هۆی لەسێدارەدرانی فەرزاد کەمانگەر و هاورێیانی گەورەترین و بەرچاوترین نمونەی کوردایەتی لە رۆژهەڵاتی کوردستان بوون. بەڵام لە هیچ کام لەو رووداوانە کرماشان و ئیلام و تەنانەت بەشی کرمانجی شارەکانی ورمێ، سەلماس و.. بەشداری نەکردوە. لێرەدا پێویستە دوو چەمک لە یەک جیا



سەرچاوە
Serchawe

بکەینەوە. ئەویش چەمکی پۆتانسیەلی ناسیۆنالیستی لەگەڵ توانای ناسیۆنالیستی یەک نەتەوەیە. بۆ نموونە پۆتانسیەلی نەتەوایەتی لە باکووری کوردستان بە پێی ڕادەی دانیشتوانی کورد لە کۆی گشتی دانیشتوانی تورکیە ئەوەیە کە نزیک ۱۱۰ کورسی بەدەست بێنێ بەڵام تاکوو ئێستا توانای ناسیۆنالیستی کورد لە باکوور کەمتر لە ٤٠ کوردسی بووە. ئەوەی کە لە باری زمانی و کولتووری خەڵکی پارێزگاکانی کرماشان و ئیلام کوردن بە واتای ئەوە کە پۆتانسیەکی چالاکی نەتەوەیی لەوێ هەیە. هەبوونی ئەو پۆتانسیلە بە جێگەی خۆی بەڵام توانای ناسیۆنالیزمی کوردی لە جۆغرافیایەک بە پانتایی چوار پارێزگای کرماشان، کوردستان، ئازەربایجانی رۆژئاوا و ئیلام لە ژێر پرسیار دایە.

### دابەشکردنی ناوچەیی و لاوازکردنی بیرۆکەی پاراستنی یەکپارچەیی خاک

بە پێی گەڵاڵەی وەزارەتی نێوخۆ هەر کام لەو ناوچانە ناوەندێکی دەبێ. ناوەندی ناوچەی ۳ تەورێزە و ناوەندی ناوچەی ٤ کرماشانە. لەو ناوەندانە دەبیرخایەک بوونی دەبێ بۆ ئەوەی لە بواری ئیداری و برۆکراتیکەوە پارێزگاکانی یەک ناوچە پێکەوە گرێ بدا. لە گەڵاڵەی دابەشکردنی ناوچەیی ئێران دەکرا لە پێوەر و شێوازی دیکە کەڵک وەرگیرابا بەڵام ئەوەی کە ئێران دابەشبکرێ لە پێناو گەشەسەندنی ئابووری و ئیداری و... بابەتێکی ئەرێنییە. ئاخۆ دەکرێ بەناوەندبوونی کرماشان لە ناوچەی ٤ ببێتە هۆی گەشەسەندن و گرنگی دانی زیاتر بە کرماشان؟ ئاخۆ بەهێزبوونی کوردەکان لە بواری ئیداری و ئابووری پێویستییەکی سەرەکییە بۆ بەهێزکردنی کوردایەتی لە رۆژهەڵاتی کوردستان؟ کوردەکان لەو دابەشکردنە شتێکیان لە دەست نەداوە بەڵام دەتوانن شتێک بە دەست بێنن. ئەگەر ناوەندی کوردایەتی لە رۆژهەڵاتی کوردستان کە ئێستا موکریان-سنەیە لە توانایی ئابووریو ئیداری زیاتر بەهرەمەند با، توانای ئەوەی دەبوو کە پەیامێکی سیاسی باشتریش بدا. بۆ نموونە مانگرتنێک کە لە شاری کرماشان بەرێوە بچێ هەڵگری پەیامێکی سیاسی بەهێزترە هەتا مانگرتنێک کە لە شاری مەهاباد بەرێوە بچێ..

لە لایەکی دیکەوە ڕەنگە ئەوە نەرێنی بێ کە بەشێک لە کوردەکانی پارێزگاکانی کوردستان و ئازەرەبایجانی رۆژئاوا لە رێگەی ئەو گەڵاڵەیەوە دەبنە پاشکۆی تەورێز و تورکەکان. بەڵام ڕاستییەکیش هەیە دەبێ ببیندرێ ئەگەر ئەو پاریزگا کوردنشینانە وەک وڵاتێک یان هەرێمێکیش سنووری خۆیان هەبێ، لە بواری ئابوورییەوە هەر پاشکۆی تەورێزن. لە سەردەمی ئێستادا مسۆگەرکردنی پێشکەوتنی سیاسی بە بێ مسۆگەرکردنی پێشکەوتنی ئابووری شتێکی ئەستەمە. هەر بۆیە کوردەکانی رۆژهەڵات پێویستە ئاوا بڕواننە ئەو گەڵالەیە کە ئەگەر بچووکترین دەرفەتی ئیداری-ئابووری لەو گەڵاڵەیەدا بێ، کەڵکی لێوەربگرن.

### ئەزموونە نێوخۆییو جیهانییەکانی جیابوونەوەی جۆغرافیایی

سەرکەوتنی دابەشکردنی ناوچەیی ئێران یارمەتی ئەوە دەدا کە دابەشکردن و تەنانەت جیابوونەوەی جۆغرافیایی وەک شتێکی لۆژیکی و نەک پیرۆز لەقەڵەم بدرێ. هەروەها لە ئاستی جیهانیشدا کۆمەڵێک ئەزموونی جیهانی هەیە کە رەنگدانەوەیان لە نێو بیرۆرای گشتی ئێران دەتوانێ یارمەتی هێنانە ئارای ڕوانینێکی لۆژیکی بە نیسبەت جۆغرافیاو خاکی

وڵاتی ئێران بدا. ئەنجامدانی ڕێفراندۆم لە سکاتلەند بۆ جیابوونەوە لە بریتانیا کە لە ١٨ی سپتامبەری ٢٠١٤، یەکێک لەو نموونانەیە کە بیرۆکەی پاراستنی خاک بەهەر نرخێک دەخاتە ژێرپرسیار. جیابوونەوەی نورویژ لە سوئێد لە ساڵی ١٩٠٥، جیابوونەوە لە نێوان چک و سلواکی لە ساڵی ١٩٩٣ نموونەگەلێکی دیکەن کە بەشێوەیەکی ئاشتیخوازانە خەڵکانێک لەیەکتر جیابوونەوە. نموونەگەلێکی دیکەش هەن وەک هەڵوەشاندەوەی یۆگۆسلاڤی، کە لەودا وڵاتانی کرواسی، بوسنی هەرزە گۆوین، کۆزۆڤۆ و سربستان لە دوای شەڕێکی خوێناوی لە یەک جیا بوونەوە. دیارە نموونەی هەرە نزیکیش کە لە تەنیشت ئێرانە، پرسی بەهێزبوون و تەنانەت سەربەخۆیی هەرێمی کوردستانە. هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی گەشەی ئابووری وەک هەرێمێکی کوردی هەم ئەو پەیامە بە کوردەکانی ڕۆژهەلات دەدەن کە کوردەکان خۆیان دەتوانن ناوچەی خۆیان بەرێوە بەرن و سەرکەوتووتریش بن. لە لایەکی دیکەوە سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان و هەلوەشاندنەوەی عێراق، فرەچەشنی نەتەوەیی لە ئێرانیش بەرجەستە دەکاتەوە.

چالاکانی کورد پێویستە بەو ڕوانگەوە هەڵسەنگاندن بۆ گەلالەی دابەشکردنی ناوچەیی ئێران بکەن کە چۆن دەکرێ ئەو گەلالەیە بۆ بەهێزکردنی توانای ئابووری-ئیداری کوردەکان و لاوازکردنی بیرۆکەی بە پیرۆز کردنی خاکی ئێران بکەن. کوردەکان

**سەرچاوەکان**:

«بررسی عدالت انتقادی در یوگسلاوی سابق، دیدبان افغانستان»
«تقسیم استانهای ایران به پنج منطقه، رادیو دویچه ولو»

لە ژمارە ٦٣٥ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بلاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی جوولای ٢٠١٤

---------------------------------------------------

## چارەنووسی لێکگرێدراو: حکوومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق و کوردستانی سووریا

**کامران مەتین - رادیۆ زەمانە**

**وەرگێڕان بۆ کوردی**

هەواڵەکانی تایبەت بە کوردستانی سووریا بە دەگمەن لە نێو میدیای نێودەوڵەتیدا جێگەیەک دەستەبەر دەکەن. بەڵام لە دوو حەوتووی ڕابردوودا، هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر غەزە و کەوتنەخوارەوەی فرۆکەیەکی مالیزیایی لە ئاسمانی ڕۆژهەڵاتی ئۆکراین، هەرچی زیاتر هەواڵەکانی تایبەت بە هێرشی سەرلەنوێ و قورسی داعشی بۆ ناوچەی کۆبانێ لە کوردستانی سووریا پەراوێز خستووە.

کۆبانێ یەکێک لەو سێ کانتۆنە خودموختارەیە کە کوردەکانی سووریا لە دوای پاشەکشەی هێزەکانی ئەسەد لە کوردستانی سووریا دایانمەزراندوە. ئەو کانتۆنانە وەک یەکەکانی سیستمی خۆبەڕێوەبەری دێموکراتیک لە کوردستانی سووریا ڕۆڵ دەگێڕن.

تا پێش لە تێکشکانی مووسڵ، هێرشەکانی یەک لە دوای یەکی داعش بۆ ناوچەکانی خودمۆختاری کوردستانی سووریا سەرکەوتنێکی ئەوتۆی دەستەبەر نەکرد، هەرچەند ئەو هێرشانە خەسارێکی زۆری بە خەڵکی مەدەنی کورد لە کوردستانی سووریا گەیاند. بە کۆنترۆڵی مووسل و چەند شارێکی دیکەی عێراق لە لایەن هێزەکانی داعشەوە، ئەو گرووپە ژمارەیەکی زۆر چەکوچۆلی قورس و پێشکەوتووی وەک دەبابە، زرێپۆش و مووشەکی ئەمریکایی، کە سپای عێراق جێی هێشتبوو، دەست کەوت.

لەو حەوتوویانەی دواییدا، داعش بەکەڵکوەرگرتن لەو چەکانە بەتایبەتی بەکارهێنانی دەبابە و زرێپۆشەکانی بەدەستهاتوو لە سپای عێراق، هەروەها خۆرێکخستنەوەی سەرلەنوێ خۆی، هێرشێکی بەربڵاو و بێ پسانەوەی بۆ سەر کۆبانێ دەستپێکردوە.

تاکوو ئێستا هێزەکانی کورد کە لە "یەکینەکانی پاراستنی گەل" پێکهاتوون و سەر بە "پارتی یەکیەتی دێموراتیکن"(PYD)، سەرەرای ئەوەی تەنیا چەکوچۆلی سووکیان بووە توانیویانە پێش بە پێشڤەچوونی داعش و تێکشکانی کۆبانێ بگرن. بەڵام ئاسۆی خۆڕاگری لە بەرامبەر هێزەکانی تەیاری داعش، کە ئێستا لە کەسانی زۆرتر و ئیمکاناتێکی بەرفراوانتر بەهرەمەندن، زۆر ڕوون و هیوابەخش نییە.



سەرچاوە Serchawe

لەو بەینەدا سەرەرای داخوازی پارتی کرێکارانی کوردستانی تورکیە(PKK) و پارتی یەکیەتی دێموکراتیکی کوردستانی سووریا (PYD) لەمەڕ گرتنەبەری ستراتژێکی نەتەوەیی هەمەلایەنە لە بەرامبەر داعش، حکوومەتی هەرێمی کوردستان نەتەنیا هیچ یارمەتی نیزامی و مرۆیی بە هێزەکانی شەڕکەری کورد لە سووریا نەکردوە، بەڵکوو لە بایکۆتی سیاسی و نیزامی  پارتی یەکیەتیی دێموکراتیک بەردەوام بووە.

ئەوەی کە بە شێوەی فەرمی لە لایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە پاساوی هەڵوێستیان لە بەرامبەر پارتی یەکیەتی دێموکراتیک ڕاگەیەندراوە، ئەوەیە کە ئەو پارتە، واتە PYD، بە شێوەی نافەرمی لەگەڵ هێزەکانی بەشار ئەسەد هاوکاری دەکا و هەروەها ڕێگە بە حیزبەکانی بچووکتر، یەک لەوان حیزبی دێموکراتی کوردستانی سووریا کە نزیکە لە پارتی دێموکراتی کوردستانی عێراق، کە هێزی سەرەکییە لە هەرێمی کوردستان، نادا کە لە پێکهاتەی دەسەڵات دا بەشدارییەکی چالاک بکەن.

بەڵام لۆژیکییە ئەگەر پێوەندی ستراتژێکی سیاسی و ئابووری حکوومەتی هەرێمی کورستان بەتایبەتی پارتی دێموکرات لەگەڵ دەوڵەتی تورکیاش لە گرتنەبەری سیاسەتی بایکۆتی هێزەکانی کوردی سووریا لەبەرچاو بگرین.

دەوڵەتی تورکیا لە پێکهاتنی ناوچەی خودموختار لە کوردستانی سووریا و هێزگرتنی هێزەکانی نزیک لە PKK زۆر نیگەران بووە و بەلانیکەم لە ڕابردوودا چەندین ڕاپۆرت باسیان لە یارمەتی نیزامی و لۆجێستیکی تورکیا بە داعش و هێزە توندڕەوە ئیسلامییەکانی دیکەی سووریا کردوە کە ئەو هێزانەی هان داوە بۆ ئەوەی هێرش بکەنە سەر ناوچە خۆدموختارەکانی کورد و تەنانەت هێرش بۆ سەر ئەو ناوچە کوردییانە  پێشمەرجی تورکیا بۆ یارمەتی ئەو هێزانە بووە.

بەو پێیە داواکاری و تەنانەت گۆشاری دەوڵەتی تورکیا بۆ سەر حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ هاوکاری نەکردن و تەنانەت لەپەراوێزخستنی PYD، کە بە کردەوە لاوازبوونی ئەزموونی خودموختاری دووفاکتۆی کوردستانی سووریای لێدەکەوێتەوە،  بابەتێکی چاوەڕوانکراوە.

لەگەڵ ئەوەشدا و بە بێ لەبەرچاوگرتنی راستی و ناراستی تۆمەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ سەر PYD، کە دیارە ئەو پارتە ئەو تۆمەتانەی ڕەت کردۆتەوە، بە چەند هۆکارێک، سیاسەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان نەک هەر لە بەرژەوەندی گشتی خەڵکی کوردستان، بەڵکوو تەنانەت لە خزمەت بەرژەوەندی و داهاتووی خۆدی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی عێراقیشدا نییە و بەردەوامی لەو سیاسەتە ڕەنگە ئاکامگەلێکی خراپی لێبکەوێتەوە.

### گرینگترین هۆکارەکان بریتین لە:

١- بە پێی ئامانجە ڕاگەیەندراوەکان و هەروەها ئیدئۆلۆژی و کارنامەی پراکتیکی داعش، ئەو گرووپە نیشان دەدا کە ئامادە نییە پێوەندییەکی ئاشتیخوازانەی لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان ببەستێ کە ئێستا نزیک بە ١٠٠٠ کیلۆمیتر

سنووری هاوبەشی لەگەڵ ناوچەکانی ژێر کۆنترولی ئەو گرووپە هەیە. ئەگەرچی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان تائێستا پێشیان بە پێشرەوی داعش بۆ نێو خاکی کوردستانی عێراق گرتووە بەڵام راستییەکی ئەوەیە کە تەواوی ئاماژەکان ئەوە دەردەخا کە تاکوو ئێستا هێرش بۆ سەر کوردستانی عێراق لە ئاجێندای کاری داعش لە عێراق دا نەبووە. ئەو گرووپە بۆ ئێستا جەختی لەسەر پێشڤەچوون لە ناوچە سوننی نشینەکانی نزیک بەغدا، سەقامگیرکردنی خۆی لە مووسڵ و بەرفراوانکردنی ناوچەکانی ژێر کۆنترولی لە سووریا کردۆتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەنجامنەدانی هێرشێکی بەرفراوان بۆ سەر هەرێمی کوردستان بە هیچ جۆر بە واتای قبوولی رەوایی سیاسی حکوومەتی هەرێم لە لایەن داعشەوە نییە. شەری بێ پسانەوە و هەمەلایەنەی داعش بە دژی کوردەکانی سووریا نیشاندەری سیاسەتی گشتی ئەو گرووپە بەنیسبەت کوردستان و هێزە سیاسییەکانی بەگشتی سکۆلاری کوردستانە.

بەو پێیە ئەقڵانییەتی سیاسی ئەوە دەخوازێ کە حکوومەتی هەرێم لە قۆناخی ناسەقامگیری داعش لە ناوچەکانی هاوسنووری کوردستانی عێراق بەجۆرێک بالانسی نیزامی دەستنیشان بکا کە لە بەرژەوەندی خۆی و خەڵکی کوردستان بێ. ئەو بابەتەش لە رێگەی یارمەتی و هاوئاهەنگی نیزامی لەگەڵ هێزەکانی کوردی کوردستانی سووریا تاڕادەیەکی زۆر دەکرێ دەستەبەر بکرێ.

٢- هەڵوێستی دەوڵەتی تورکیا لە پێوەندی لەگەڵ کوردستانی سووریا، کە بەتەواوەتی دژایەتی لەگەڵ هەڵوێستی دوستانەی ئەو دەوڵەتە بەرامبەر بە حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەیە، دردۆنگی و گومانەکانی لەمەڕ ستراتژی گشتی دەوڵەتی تورکیا لە پیوەندی لەگەڵ پرسی کورد زیاد کردوە. ئەگەر داعش بەکەڵکوەرگرتن لە چەکوچۆلی بەدەستهاتوو لە عێراق بتوانێ ناچە خودموختارەکانی کوردستانی سووریا کۆنترۆل بکا، بە کردەوە دەتوانێ لە سێ لاوە هێرش و گۆشار بۆ سەر حکوومەتی هەرێمی کوردستان یان دەوڵەتی سەربەخۆی داهاتووی کورد دروست بکا. ئەو کات داعش دەتوانی لە باشوور، باکووری رۆژئاوا و رۆژئاوا هێرش بکاتە سەر هەرێمی کوردستان.

ئەگەر تێکشکانی کوردستانی سووریا بەدەست داعش وەک گریمانەیەک تەماشا بکەین، تەنانەت ئەگەر دەوڵەتی تورکیا لەو ڕادە هێژمۆنییە سیاسی و نیزامییە بەسەر داعش هەیەتی کەڵک وەبگرێ و بتوانێ پێش بە هێرشی چەندلایەنەی داعش بۆ سەر حکوومەتی هەرێمی کوردستان بگرێ، ئەو دەوڵەتە دەتوانێ لە داعش وەک کارتێکی گۆشاری بەردەوام، بۆ مسۆگەرکردنی ئامانج و سیاسەتەکانی لە هەرێمی کوردستان و تەنانەت لە کوردستانی باکوور، کەڵک وەربگرێ.

مەترسییەکانی بارودۆخێکی لەو چەشنە کاتێک زۆرتر روون دەبێتەوە ئەگەر بەو هاوسەنگییە، بەستراوەیی ئابووری حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە داهاتی هەناردەکردنی نەوتی کوردستانی عیراق لە رێگەی خاکی تورکیاش زیاد بکەین.

لە ڕابردوویەکی نەک زۆر دوور، واتە لە سەرەتای دەیەی نەوەدی میلادی، تورکیا لە لاوازی ئابووری و نیزامی کوردستانی عیراق بۆ گۆشارخستنە سەر حیزبە سەرەکییەکانی کوردستانی عێراق بۆ شەڕ لە دژی هێزەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان

و دەرکردنی ئەو هێزانە لە ناوچەگەلێکی دیاریکراو لە کوردستانی عێراق کەڵکی وەرگرت. هەرچەند کە نێوئاخن و ئاراستەی سیاسەتی تورکیا لەو کاتەوە تا ئێستا گۆڕانکاری زۆری بەخۆیەوە بینیوە بەڵام ئەگەری دووپاتبوونەوەی بارودۆخێکی هاوشێوە ئەستەم نییە.

٣- رووی دیکەی ئەو هاوسەنگییە ئەوەیە کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێ لەرێگەی هاوکاری و هاوئاهەنگی لەگەڵ هێزەکانی پاراستنی گەلی لە کوردستانی سووریا گۆڕەپانێکی سیاسی - دیپلۆماتیکی بەرفراوانتر بۆ هەرێمی کوردستان لە پێوەندی لەگەل پێناسەکردن و چۆنییەتی پێوەندی لەگەڵ تورکیا بکاتەوە. هەروەها بە پێی ئەو سیاسەتەی ئەمریکا و رۆژئاوا لە دوای تێکشکانی مووسڵ لە بەرامبەر داعش هەیانە، پێناچی هاوکاری حکوومەتی هەرێمی کوردستان و هیزەکانی پاراستنی گەلی لە کوردستانی سووریا دژایەتی توندی تورکیای لێبکەوێتەوە.

٤- پێویستی ستراتژێکی نەتەوەیی، کە پێویستە لە ناوەندی گرینگی پرۆژەی سەربەخۆیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بێ، ئەوەیە کە حکوومەتی هەرێمی ئێستای کوردستان یان دەوڵەتی سەربەخۆی داهاتووی کوردستان هاوپەیمانانی ستراتژێکی سیاسی خۆی لە نێو هێزە کوردەکانی ناوچەکە هەلبژێرێ.

بێ گومان روانگەیەکی واقیعگەرایانە ئەوە دەخوازێ کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان دژایەتی وڵاتانی دروا‌سێ نەکا. بەڵام دووربینی سیاسی ئەوە دەخوازێ کە سەربەخۆیی سیاسی بەکردەوە و نەک رواڵەتی کوردستان پێویستی بە هاوسەنگییەکی هێز لە بەرژەوەندی کوردستان دا هەیە.

ئەوەش خۆی پێویستی بە نزیکی و هاوکاریی هەرچی زیاتری حکوومەتی هەرێمی کوردستان و هێزە سیاسییەکانی کورد لە ناوچەکانی دیکەی کوردستان بەلەرچاگرتنی رێزگرتنی یەکسان هەیە. ئەو بابەتە بێ گومان لە خوێندنەوەی دەوڵەتانی ناچەکە بۆ ڕوانین و رێکخستنی پێوەندییەکانیان لەگەڵ هەرێمی کوردستان کاریگەری جیددی دەبێ.

هەر ئەو هۆکارانەی کە بەرپرسانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پاساوی پێوەندی دوستانەیان و تەنانەیەت ڕادەیەک لە هاوکاری سیاسی، نیزامی و ئەمنییەتی وڵاتانی دراوسێی هەرێمی کوردستان دەیهێننەوە، بە چەند قات پیوەندییەکی دوستانە و هاوکاری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی کورد بەتایبەتی PYD، کە بە کردەوە ئێستا رێبەری دەولەتێکی نیوەسەربەخۆی وەک حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەبەر دەست دایە، سیاسەتێکی دروست و گونجاوە.

٥- دواجار سیاسەتی هاوکاری چالاک لەگەڵ کوردستانی سووریا لەمەڕ بەرپرچدانەوەی داعش، هەستی هاوچارەنووسی خەڵکی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان بەهێز دەکا و ژێرخانێکی سیاسی و مێژوویی بۆ گەشەی دێموکراسی سیاسی و مەدەنی، هەروەها چارەسەری ئاشتیخوازانەی کێشە سیاسییەکانی نێوان هێزە جیاوازەکانی کورد بنیات دەنێ. بابەتێک کە گرینگی سەرکەوتنی ئەزموونی دێموکراتیکی خەڵکی کوردستانی عێراق و گرینگی ناوچەیی و نێودەوڵەتی ئەو ئەو ئەزموونە

هەرچی زیاتر دەردەخا. ئەوەش بەنۆرەی خۆی لە سەقامگیری و باشتربوونی ئەو ئەزموونە و ڕاکێشانی پشتیوانی نێودەوڵەتی کاریگەری دەبێ.

ڕەوتی گۆڕانکاری لە ڕۆژهەڵاتی نێوەراست و بەتایبەتی لە کوردستان هەمیشە زۆر خێرا بووە و تێچووی هەڵە لە ستراتژی سیاسیدا زۆر قورس بووە. لە ساڵی ١٩٧٥ و بەدوای ڕێکەوتنی ئەڵجەزایر لە نێوان شا و دەوڵەتی بەعسی عێراق و بەدوای ئەوەدا کە ئەمریکا پشتی لە خەباتی خەڵکی کوردستان لە دژی دیکتاتۆری ڕێژیمی بەعس کرد، بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستانی عێراق لە ماوەی چەند ڕۆژدا تێکشکا و بە سەدان کەس ئاوارە بوون.

بارودۆخێکی هاوشێوە لە ساڵی ١٩٩١ لە دوای دەرکردنی سپای عێراق لە کوەیت و ڕاگەیەندراوی ئەمریکا ڕوو لە خەڵکی عێراق بۆ خەبات بە دژی ڕێژیمی بەعس هاتە ئاراوە. خەڵکی کوردستانی عێراق و هەروەها شیعەکانی باشووری عێراق لە دژی ڕێژیمی بەعس ڕاپەرین بەڵام دەوڵەتی ئەمریکا پشتگیری لەو ڕاپەرینانە نەکرد و دەوڵەتی سەدام توانی هەردوو ڕاپەرین سەرکوت بکا. ئەو جارەش میلیۆنان کورد ئاوارە بوون و تەنیا ناوچەی دژە فڕین کە کارەساتی مرۆیی کوردستانی عێراق بەسەر کۆمەڵگەی جیهانیدا سەپاند پێشی بە ژێنۆسایدێک گرت.

پێویستی پێشگرتن لە دووپاتبوونەوەی ئەو ئەزموونانە لە کوردستانی سووریا، کە ئەگەری هەرچەند کەمی لە کوردستانی عێراقیشدا هەروا هەیە، هەروەها پارێزگاری لە ئەزموونی دێموکراتیکی کوردستانی عێراق، پێداچوونەوە بە سیاسەتی ئێستای حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەمەڕ کوردستانی سووریا وەک بابەتێکی پێویست و بەپەلە لەقەڵەم دەدا.

* کامران مەتین، ماموستای پێوەندی نێودەوڵەتی زانکۆی ساسێکسی بریتانیایە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٥ی جوولای ٢٠١٤

---------------------------------------------------

## چەپ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

سەرکەوتنی شۆڕشی ئوکتوبری ١٩١٧ و هاتنەسەرکاری بۆلشێڤیکەکان (Bolshevists) لە مۆسکۆ وایکرد چەپی رووسی لە ئاستی جیهانی و بەتایبەتی لە ئاستی ڕۆژهەڵاتی نێوەراست وەک ناوەندێک و قوتابخانەیەک بۆ خەبات تەماشا بکرێ. بەو پێیە حیزبی توودەی ئێران لە ساڵی ١٩٤١ لە تاران دامەزرا و لە ئاستی ئێران نوێنەراتی چەپی رووسی کرد. بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش، هەر لە دامەزرانی حیزبی دێمۆکرات لە ساڵی ١٩٤٥ و دامەزرانی کۆماری

کوردستان لە مەهاباد لە ساڵی ١٩٤٦، لە ژێر کاریگەری چەپ و بەتایبەتی چەپی رووسی بووە. ئەوەی کە چالاکانی سیاسی و حیزبەکانی رۆژهەڵات کوردستان لە بلوکی چەپ، فێرە ئەوە بوون کە لە چ ڕێگەیەک و بە چ شێوەیەک خەبات بکەن، پێویستی بە خەسارناسی هەیە. چەپگەرایی لە سیاسەتکردنی حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە چ هەلوێستگە لێک رەنگی داوەتەوە؟ ئاخۆ راستکردنەوەی کوردایەتی لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە چ ریگەگەلێک دەکرێ؟

## حیزبی بۆلشێڤیکی لە رۆژهەڵات کوردستان

حیزبەکانی دێمۆکرات و کۆمەلە وەک دوو رەوتی سەرەکی لە کاناڵیزەکردنی وزەی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان، سەرەڕای جیاوازی لە ڕوانین و هەلوێستەکانیان، خاوەنی یەک پێکهاتە و ستراکتێری سیاسین. هەر دوو حیزبی دێموکرات و کومەلە لە بواری فۆرم و سکێلێتی حیزبایەتییەوە وەک حیزبێکی بۆلشێڤیکی لەقەڵەم دەدرێن. ستراکتێری بۆلشێڤیکی لە خوێندنەوە یەکی کلاسیک بۆ کۆمەڵگە سەرچاوە دەگرێ کە کۆمەڵگە بە سەر دوو گرووپدا دابەش دەکا. لەو خوێندنەوەیەدا کۆمەڵگە لە دوو گرووپ پێکهاتووە، گرووپێک توانای بیرکردنەوە و فیکری هەیە و گرووپەکەی دیکەش رۆلی جێبەجێکار و فەرمانبەری هەیە. هەر ئەو خوێندنەوەیە لە کۆمەڵگە، لە ستراکتێری حیزبیشدا رەنگ دەداتەوە و حیزبی بۆلشێڤیکی بە سەر "رێبەری" و "بەدەنە"دا دابەش دەبێ. رێبەری هێزی فێکری و بڕیاردەرە بەلام بەدەنە هێزی جێبەجێکار، گوێگر و فەرمانبەرە. ئەوەی کە دەسەڵاتی ماددی، سیاسی و تەنانەت روشنبیری لە چەنگ رێبەریدا سەنترالیزە و قۆرخ دەکرێ، تایبەتمەندی سەرەکیی ئەحزابی بۆلشێڤیکییە. لە حیزبی بۆلشێڤیکیدا رێبەری دەبێ هەم نووسەر و روشنبیر بێ هەم چالاکی سیاسی. بە واتایەکی دیکە "زەینییەتی و خەونی بوون بە لێنین" واتە کۆکردنەوەی رێبەرێکی سیاسی و رێبەرێکی تیۆری-فێکری لە یەک کەسدا لە حیزبە بۆلشۆڤیکییەکاندا هەمیشە زەینییەتێکی ئامادە و زیندوو بووە. چل ساڵ خەباتی دوکتور قاسملوو، نیوسەدە تێکۆشانی ماموستا عەبدوڵلە حەسەن زادە ئاوێنەی بالانوێنی "خەونی بە لێنین بوون" واتە کۆکردنەوەی سیاسەتمەدار و روشنبیر لە یەک کەسدایە.

لە لایەکی دیکە هەرچەند ئەو حیزبانە جەخت لەسەر بوونی دێمۆکراسی نێوخۆیی لە نێو حیزبەکەیاندا دەکەن بەڵام بە کردەوە دەبینین بازنەی رێبەری بازنەیەکە بە ئاسانی ئاڵاگۆری بەسەردا نایەت. ئەو سەنترالیزەبوونی دەسەلات لە نێو ئە حزابی بۆلشێڤیکی هەر بە بالادەستی ئیدئۆلۆژیک و هێندێک جار گاڵتەئامێزی رێبەری بەسەر بەدەنەدا کۆتایی نایە، بە ڵکوو ئەو حیزبانە بەدەست کێشەی دانان و لابردنی کەسی یەکەم دەناڵێنن. ئاکامی هەبوونی دێمۆکراسی نێوخۆیی لە حیزبێکدا بە کردەوە دەبێ ئەوە بێ کە لە نێو هێزی مرۆیی ئەو حیزبەدا هاوسەنگی هەبێ. لە کۆمەڵگەیەکی دێمۆکراتیکدا کارێک بوونی نییە کە تەنیا یەک کەس توانای ئەنجامدانی هەبێ. بەلام لە حیزبە بۆلشێڤیکییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان سکرتێر هەتا لە ژیاندا بووە سکرتێر بووە، لاچوونی سکرتێریش جیابوونەوە و کێشەی لێکەوتۆتەوە.

| ناوی حیزب | ناوی سکرتێر | ماوەی سکرتێری | لە ئێستادا |
|---|---|---|---|
| حیزبی دێموکرات | دوکتور قاسملو | 18 ساڵ (1350 تا 1368) | لە ساڵی 1368 لە ڤییەن تیرۆر کرا |
| کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران | عەبدوڵا موهتەدی | 34 ساڵ سکرتێر بووە و 14 ساڵە سکرتێری کەمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێرانە<br>59 تا 62 سکرتێری کۆمەڵە<br>62 تا 70 سکرتێری حیزبی کۆمۆنیستی ئێران<br>70 تا 93 سکرتێری کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران | هەروا سکرتێرە<br>ئەو سکرتێرێکی بێ ڕێکابەرە کە ڕەنگە لە ئاستی جیهانیشدا بە پێوەری ماوەی سکرتێربوون کەم کەس وەک ئەو بوونی هەبێ. |
| حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران | عەبدوڵا حەسەن زادە | 10 ساڵ | سکرتێر نەماوە |
| حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران | مستەفا هیجری | 13 ساڵ (خەرمانانی 1371 تا خاکەلێوەی 1374) (1383 تا 1393) | هەروا سکرتێرە |
| کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان | عومەر ئیلخانی زادە | 7 ساڵ (2007 تا 2014) | هەروا سکرتێرە |
| حیزبی دێموکراتی کوردستان | خالید عەزیزی | 7 ساڵ (1386 تا 1393) | هەروا سکرتێرە |
| حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران | دوکتور شەرەفکەندی | 3 ساڵ (1368 تا 1371) | لە ساڵی 1371 لە بێرلین تیرۆر کرا |

خشتەی سەرەوە ئەوەمان پێ دەڵێ کە لەو حیزبانەدا هیچ سکرتێرێک بە شێوەیەکی دێموکراتیک و لە کۆنگرەدا لانەبردراوە، ئەگەریش شتێکی ئاوا ڕووی داوە، ئەوە ئەو حیزبە نەگەیشتوتە کۆنگرەی داهاتووی خۆی، تووشی ئینشعاب بووە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان لە ساڵی داهاتوودا کۆنگرە دەبەستن و ئەوان ئەو دەرفەتەیان هەیە کە بۆ یەکەم جار بە شێوەیەکی دێموکراتیک سکرتێرەکەیان بگۆڕن و یارمەتی پتەوتربوونی دێموکراسی نێوخۆیی بدەن.

دیارە بابەتی سەنترالیزەبوونی دەسەڵات لە حیزبە بولشۆڤیکییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەنیا بە پۆستی سکرتێریدا کۆتایی نایەت. ئەو حیزبانە لەگەڵ ئەوەیدا هەمیشە خۆیان بە یەکسانیخواز زانیوە بەڵام بە کردەوە و لە پێکهاتەی سیاسیدا هەمیشە پیاوسالار بوون. ژنانی دێموکرات و کۆمەڵە تاکوو ئێستا نەک هەر پۆستی سکرتێریان وەرنەگرتووە بە ڵکوو ژمارەیەکی زۆر کەمیش توانیویانە ببنە دەفتەری سیاسی. ئەگەرچی کومەلەکان خۆیان زۆر بە چەپتر لە دێموکراتەکان دەزانن و بە کردەوەش هەوڵیان داوە ڕۆژی ٨ی مارس و ڕۆژی کرێکاران وەک بەشێک لە ڕێورەسمەکانیان بە گرینگییەکی زیاترەوە بەرێوە بەرن بەلام نەیانتوانیوە لە ڕێگەی بوونی پێکهاتەیەکی سیاسی فرەچەشن و دێموکراتیکتر پەیامی یەکسانیخوازی بدەن.

## شۆڕش وەک ڕێگەچارەی چەپ

کارڵ مارکس، لە لێکدانەوەی خۆی جەختی لە سەر ناکۆکی چینایەتی لە نێوان سەرمایەدارن و کرێکاران دەکردەوە و شۆڕشێکی کرێکاری وەک ڕێگەچارە پێشنیار دەکرد. هەرچەند مارکس پێی وابوو ئەو شۆڕشە کرێکارییە، لە ولاتاتانێک وەک ئالمان و بریتانیا کە ولاتانێکی پیشەسازی بوون و کێشەی نێوان کرێکاران و سەرمایەداران بەرجەستە ببوە، ڕوو دەدا بەڵام لێنین بە پێداچوونەوە بۆ ڕاوبۆچوونی مارکس ڕێبەری شۆڕشێکی چەپی لە شوورەوی کرد. ئەوەی کە چەپی رووسی لە ئاستی جیهانیدا ڕێبەری چەپی دەکرد و ئەو چەپە لە ڕێگەی شۆڕشی ١٩١٧ دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت، ئەنجامدانی شۆڕشی وەک ڕێگەچارەیەک بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لە نێو ئەڤلانییەتی خەباتگێری چەپدا پتەو کرد. هەروەها هێزگرتنی مائۆ لە چین لە ساڵی ١٩٤٩ لە ڕێگەی کردەوەگەلی شۆڕشگێرانە و توندوتیژ، هێندەی دیکە شۆڕشی وەک ڕێگەچارەیەک لە نێو ئەڤلانییەتی خەباتگێری چەپ پتەو کرد. ڕەنگدانەوەی ئەو سەرکەوتنانەی چەپ لە ئاستی ئێراندا، دامەزراندنی حیزبی تودە لە ساڵی ١٩٤١ لە تاران دەبێ.

کاریگەری چەپی رووسی بە سەر فەزای ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش لە دامەزراندنی حیزبی دێموکرات لە ساڵی ١٩٤٥ و کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٩٤٦ کاریگەری دەبێ بەڵام بە کردەوە لەو ساڵانەدا و لە ڕەوتی شەری جیهانی دووهەم، موکریان لە لایەن رووسەکان بەرێوە دەچوو، دەوڵەتی ناوەندی هیچ دەسەڵاتێکی بەسەردا نەمابوو. هەر بۆیە ڕەهەندی سیاسی-نیزامی چەپی رووسی لە دامەزراندنی حیزبی دێموکرات و پێکهاتنی کۆماری کوردستان ڕۆلێکی گرینگ دەگێرێ. بە واتایەکی دیکە چۆنکە رووسەکان کۆنترۆلی باکووری ئێرانیان دەکرد، کوردەکان و کۆماری کوردستان ڕێگە چارەیەکیان جێگە لە قبوولی چەپی رووسی نەبوو.

نموونەیەکی باشتر کە ئەڤلانییەتی خەباتگێری چەپ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە باشی دەردەخا، بزووتنەوەی چەکداری سالەکانی ١٣٤٦ - ١٣٤٧ بێ. ئەو بزووتنەوە چەکدارییە لە ئاکامی هەلوێستی بەشێک لە ڕێبەری و کادرەکانی ئەو کاتی حیزبی دێموکرات، کەسانێک وەک مەلا ئاوارە، سولەیمان موعینی و سمایل شەریف زادە، پێکهات. ئەوان خەباتێکی چەکداریان بە دژی شا دەست پێ کرد کە هیچ شانسێکی سەرکەوتنی نەبوو. شا لەو سەردەمەدا بواری نیزامییەوە بەهێز بوو، هەروەها شای ئێران پێوەندییەکی باشی لەگەڵ پارتی دێموکراتی عێراق هەبوو. هەر بۆیە خەباتی چەکداری لووتکەی ئەو چەشنە خەباتە ئایدیالیستی و چەپگەرایانەیە بوو کە بە جێگەی ئەوەی بیر لە ئەگەری سەرکەوتن و ئاکامەکانی خەباتێک بکاتەوە، بە شوێن کۆمەڵێک دەستکەوتی سەمبۆلیک و رووحییەوە بوو. خراپترین دەستکەوتی بزووتنەوەی ٤٦ - ٤٧ ئەوە بوو کە تۆوی خەباتی چەکداری لە نێومێشکی گەنجی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا چاند. خەباتی چەکداری وەک شێوازێک لە خە بات کە لە روانگەیەکی ستراتێژیکدا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان قەت سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا. (بۆ تێگەیشتن لە سەرکە وتوونەبوونی خەباتی چەکداری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەتوانن وتاری "خەبات، حیزب و گەڵ" بخوێننەوە.)

چەپ بوون بە واتای جەختکردن لە سەر ڕادیکال و ئارمانخوازبوون، ئێستاش لە نێو حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان



سەرچاوە
Serchawe

بوونی هەیە. کۆمەڵە و دێموکراتەکان تاکوو ئێستاش دروشمی؛ ڕووخانی کۆماری ئیسلامی" دەدەن و ئەوە دروشمە لە ڕۆژنامە و ڕاگەیەندراوەکانیان دا بڵاو دەکرێتەوە. بێ گۆمان کۆماری ئیسلامیش بە شۆڕش نەبێ نارووخێ کەوایە ئەو دروشمە هەمان پێداگریکردن لە سەر ئەنجامدانی شۆڕش بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتە. ئەگەر توانای ئەو حیزبانەش و تەنانەت کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەلبسەنگێنی، بۆت دەردەکەوێ کە ئەوان لە بواری نیزامییەوە توانای ڕووخانی کۆماری ئیسلامیان نییە. حەقیقەت ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی ڕێژیمێکی دیکتاتۆرە بەڵام واقعییەتیش ئەوەیە ئەو دیکتاتۆرییەتە بە کورد نارووخێ. واقعییەت ئەوەیە ئۆپۆزیسیۆنی غەیرە کوردی ئێران، بڕوای بە دێموکراسی و دانی مافی چارەنووس بە کورد نییە کەوایە حەقیقەت ئەوەیە چاوەڕوانکردنی سیستمێکی دێموکراتیک لە دوای ڕووخانی کۆماری ئیسلامیش هەر ئەستەمە. پرسیار ئەوەیە ئەحزابی چەپی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ دەستبەردای ئەو سیاسەتە پارادۆکسیکال و غەیرە واقعییە نابن؟


کوردستان

دێموکراسی بۆ ئێران

خودموختاری بۆ کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

۱۴۴ | سەرماوەزی ۱۳۶۷ ـ دیسامبری ۱۹۸۸ | ۵ تمەن

پیرۆزبێ

۲۶ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگە

بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگری

تێرۆریست بوونی ڕێژیمی خومەینی

۵

شەڕی ئێران و عێراق و شوێنەواری ئەو شەڕە لەسەر جووڵانەوەی نەتەوایەتیی کورد

۱۱

فەلەستین

سەرکەوتنە سیاسی یەکانی گەلی فەلەستین و شۆڕشە پیرۆزەکەی، سەرکەوتنی هەمووگەلانی زۆرلێکراوە!

سالی ۱۳٦۱ (۱۹۸۲) ...

۲

تێکۆشان لە دەرەوەی وڵات

۱۵

• سەفەری سکرتێری گشتیی حیزب بۆ ئورووپا

• قسەکانی "فرانسوا میتران" لەسەر کورد

• نامەی "هاینس فیشر"

• "مەسەلەی کورد" لە "ئەنتێرناسیۆنال سوسیالیست"دا

جێژنی سەدەمین سالی سروودی "ئەنتێرناسیۆنال"

۲۱

ساڵرۆژی بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ

۸

۲٦ی سەرماوەز، جێژنی ڕۆژی پێشمەرگە

۳

لەم ژمارەیەدا:

★ گاروێک بۆ سەر ۲۱ی سەرماوەز! ۱۹

★ کوشتاری زیندانییە سیاسییەکانی ئێران ۲۶

★ هێندێک هەواڵی گرینگی ئێران و جیهان ۱۳

بۆ پێشەوە بەرەو پێک هێنانی بەرەی دێموکراتیکی دژی ئیمپریالیستی

کە تەماشای ڕۆژنامەی کوردستان، بڵاوکراوەی حیزبی دێموکرات تەنانەت لە سەردەمی دوکتور قاسملووش بکەین، دروشمی "خەبات دژی ئەمپێریالیزم" زۆر بە ئاشکرا دەبینرێ. ئەگەر بپرسی ئەو خەباتە دژەئەمپریالیستییە لە سیاسەتی نێودەوڵە تیدا یانی چی؟ ئەو سیاسەتە دژەئەمپریالیستییە چ بەرژەوەندییەکی بۆ کورد هەبوو؟ ئاخۆ کوردی ڕۆژهەلات دەتوانن کۆتایی بە ئەمپریالیسم بێنن؟ جێگەی خۆیەتی ئێستا کە ۲۵ ساڵ بە سەر تیرۆری دوکتۆر قاسملوودا تێدەپەڕێ بپرسین، بۆ سەرەرای پراگماتیستبوون و واقعگەرای د. قاسملوو، ئەمریکا نەبوو بە ناوەندێکی دیپلۆماسی کوردی ڕۆژهەڵات؟



سەرچاوە
Serchawe

## ڕاستکردنەوەی سیاسەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

ڕاستکردنەوە بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دوورکەوتنەوە لە سیاسەتکرنێکی ئارمانخوازانە و حەقیقەتگەرایانە و گرتنەبەری سیاسەتێکی واقعگەرایانە و دوور لە ئایدیالگەرایی دەکرێ. چەپ وەک قوتابجانەیەک بۆ خەبات لە گەشەی حەماسەتگەرایی و ئایدیالگەرایی، لە سەر دروستکردنی ئەقلانیەت و سیاسەتێکی ناکۆک لەگەڵ واقعی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕۆڵێکی گەورە و لەمێژینەی هەبووە. ئەو ڕۆڵە پێویستە لە ڕێگەی ڕۆژهەڵاتناسی، واتە خوێندنەوەیەکی دوور لە هەست بۆ توانای ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕێگاکانی بەهێزکردنی ئەو توانایە، مسۆگەر دەبێ. ئەوەش پێویستی بە ڕیفورمی بنچینەیی لە شێوازی سیاسەتکردن و پێکهاتەی سیاسی ئەحزابی کوردی هەیە. هەروەها پێویستە ڕوانینمان بۆ سیاسەت، لەوە کە سیاسەت کاری هەمووان بێ، بگۆڕین و سیاسەت ببێتە کاری کەسانێکی شارەزا. سیاسەتکردن کاری هەموو گرووپەکانی کومەڵگە نییە بەڵام گرووپەکانی کۆمەڵگە دەبێ ڕێگە و دەرەتانی بەشدارییان لە خەباتی نەتەوایەتی و یەکسانیخواز هەبێ.

**سەرچاوەکان**:

ڕۆژنامەهەکانی کوردستان ئورگانی فەرمی حیزبی دێموکرات
بزربوونی سیاسەت، عەدنان حەسەنپور، وب سایت شخصی عدنان حسن پور
چپ در کردستان، سامی روشن
فروز و فرودهای چپ در در کردستان و ایران، گفتگو با صلاح الدین مهتدی
٥ ساڵ لەگەڵ عەبدوڵلە موهتەدی، بەهمەن سەعیدی
چپ در ایران به روایت اسناد ساواک، جلد ١ و ٢
سولەیمان معینی

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٣٠ی جوولای ٢٠١٤

-----------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## سیاسەت و میدیا

ئێمە لە سەردەمی تەقینەوەی زانیاریدا دەژین واتە تاکەکەکانو گرووپەکان بە پێوەری ئەو زانیارییانەی کە هەیانە، تواناو دەسەڵاتیان هەڵدەسەنگێندرێ. ئابووریزانێک پێویستە مانای نرخی هەڵاوسان بزانێو هەروەها بزانێ ڕێگای گەشەی ئابووری، پێشگرتن لە بێکاری، ڕاکێشانی سەرمایەی دەرەکی و... چییە. ئاندازیارێکی بیناسازی پێویستە لە دیزاینی جۆراوجۆری بینا، پێوەندی نێوان فۆرم (Form) لەگەڵ کارکردی (Function) یەک بیناو زۆر چەمکی پێوەندیدار بە بیناسازی تێبگا. ئەمڕۆ سەردەمی سەرڕێژبوونی زانیارییە هەر بۆیە لە هەر بوارێکدا ئەوەندە کتێب و پرسیاری بێ وەڵام هەیە کە هیچ ڕێگەیەک بۆ مرۆڤ جێگە لە دابەشکردنی کارو پسپۆرگەرایی نەماوەتەوە. ئەمڕۆ خەڵک زیاتر لە هەر سەردەمێک لە ڕێگەی کەڵک وەرگرتن لە ئینتێرنت، کاناڵە ماهوارەییەکان، ڕۆژنامە، کتێب، سایت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەستیان بە زانیاری دەگا. لە وڵاتانی دیکتاتۆر، بە هۆی سانسۆرو هەروەها نەبوونی ئازادی چاپەمەنیو ڕاگەیاندن، خەڵک بەشێوەیەکی ئازاد دەستیان بە زانیاری ناگا. دەوڵەتان لە وڵاتانێک وەک چین، کۆماری ئیسلامی ئێران، کۆریای باکوور و ... هێزێکی ماددیو مرۆیی زۆر خەرج دەکەن بۆ ئەوەی دەستکاری زانیارییەکان بکەن. لە لایەکی دیکەوە خەڵک لە ڕێگەی میدیاوە دەتوانێ نارەزایەتی خۆی دەرببڕێ، خۆپێشاندان ڕێکبخا یان ستەم، نایەکسانی، گەندەڵی سیاسیو ماڵی لەقاو بدا. لە جیهانی ئەمڕۆدا سیاسەتکردن بە مانای هەوڵ بۆ دەسەڵات بە بێ هەبوونی میدیا، واتە بە بێ بەشداری لە ڕاگواستنی زانیاری، وەک ئەوە وایە یاری تۆپێن بکەی بە بێ ئەوەی تۆپت هەبێ.

### پێناسەی میدیا

میدیا لە ساکارترین پێناسەدا ئامرازی گەیاندنی پەیامە. ئەو ئامرازە دەکرێ وەک کەرەسەیەکی تاکەکەسی بەکاربێ بۆ نموونە ئەو کاتەی کەسێک کتێبێک دەنووسێ لە نووسین بۆ گەیاندنی بیرو ڕوانینی خۆی کەڵک وەردەگرێ. لە لایەکی دیکەوە میدیا دەکرێ بەرهەمی کاری گرووپی بێ وەک ئەو فیلمەی دەیان کەس هەر لە ئەکتەرەکانەوە هەتا کامێراوان، مۆنتێر، دەرهێنەرو... تێیدا ڕۆڵ دەگێڕن. کتێب، ڕۆمان، ڕۆژنامە و.. زۆرتر لە دەق بۆ گەیاندنی پەیامەکەیان کەڵک وەردەگرێ. لە حاڵێکدا کە تەلەڤیزیۆن هاوکات لە دەنگ، وێنەو دەق کەڵک وەردەگرن تا پەیامی خۆی بدا. نووسراو دەتوانێ خەڵک بەرەو تێرامان بەرێ هەر وەک وێنەو دەنگ دەتوانێ ئەو کارە بکا. بەڵام تەلەڤیزیون واتە میدیای بینراو کە دەق، دەنگو نووسراو پێکەوە بەکاردێنی، خێراییو پانتاییەکی زۆرتری هەیە. بە هەزاران کەسو بگرە هێندێک جار بە میلیۆن کەس هاوکات تەماشای پرۆگرامێکی تەلەڤیزیۆنی دەکەن، بەڵام ئەو خێراییو هاوبەشییە بەرفراوانە لە خوێندنەوەی کتێبێک زۆر ئەستەمە کە ڕوو بدا. ڕۆڵی میدیا تەنیا لە گەیاندنی زانیاری کورت نابێتەوە بەڵکوو خاوەنانی میدیا هەوڵ دەدەن لێکدانەوەی تایبەت لە ڕووداوێک جێ بگرێ. بە واتایەکی دیکە ڕۆڵی میدیا لە ڕاگواستنی زانیاری درێژ دەبێتەوە بۆ ئاراستەبەخشی بە ڕوانینو بیرکردنەوەی خەڵک.



سەرچاوە
Serchawe

## میدیای داخراو

میدیای داخراو ئەو میدیایەیە کە لە بازنە و ڕوانینێکی دیاریکراو، ئیدئۆلۆژیکو چوارچێوەداردا خوێندنەوە بۆ ڕووداوەکانی دەوروبەری دەکا. لەو میدیایەدا دەموچاوێکی هەمیشەیی دەبینرێ، بۆ نموونە لە وڵاتانی دیکتاتۆر، ڕۆژنامە و تەلەڤیزیۆنەکان بەردەوام وێنەی کەسێک یان کەسانێکی دیاریکراو نیشان دەدەن. لە ڕۆژنامەی بەشێک لە حیزبەکانیشدا بەردەوام وێنەی سکرتێر دووبارە دەبێتەوە و وا نیشان دەدرێ کە ئەو گرینگرتین کەسی ئەو جیهانەیە.

سیاسەتی میدیایی کۆماری ئیسلامی دەرهەق بە شەڕی ئیسرائیل-فەلەستین نموونەیەکی باشە لە میدیای داخراو چونکە کاتێک شەڕی ئیسرائیلو فەلەستین دەست پێدەکا، زۆربەی کاناڵو میدیاکانی کۆماری ئیسلامی ئێران دەچنە خزمەت شەر دژی ئیسرائیلو پشتگیری لە فەلەستین. ئەوان لێکدانەوەیەکی یەکلایەنە لە شەڕی ئێسرائیل - فەلەستین پێشکەش دەکەن کە لەودا ئیسرائیل شەیتانە و وێنەی فەلەستنیش ژن و منداڵێکی بەستەزمانن کە لە خوێن شەلال بوون.

## میدیای کراوە

میدیای کراوە ئەو میدیایە کە بەردەنگ پێشوەخت نازانێ چ لێکدانەوەیەک، چ ڕۆخسارێک و چ ڕووداوێک نومایش دەکرێ. میدیای کراوە میدیایەکە کە مەجاڵی زیاتر دەرەخسێنێ بۆ ئەوەی خەڵکانێک بە بیروبۆچوونی جیاواز دەرفەتی دەرکەتن پەیدا بکەن. هەر بۆیە میدیای کراوە زیاتر هاوتەریبیو هاوسەنگی هەیە لەگەڵ واقیع، لەگەڵ ئەو ویستو کێشەو گرفتانەی خەڵک لەگەڵی ڕووبەرون. سیاسەت لە وڵاتانی تۆتالیتێرو دیکتاتۆر نایهەوێ میدیای کراوە هەبێ بۆ ئەوەی واقیعێکی پرستەم و چەوساندنەوە ئاوەژوو نیشان بدا یان هەر بە تەواوەتی بیشارێتەوە. دیارە لاچوونی دیکتاتۆرییەتیش بە مانای ئەوە نایە کە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی ئازادی چاپەمەنیو ڕاگەیاندن پەرە دەستێنێو میدیای کراوە و ئازاد بەدی دێ. میدیا بە تایبەت تەلەڤیزیۆن پێویستی بە پشتوانەی ماددی و ئابووری هەیە. لە شوینێکدا کە بازاری ئازاد هەیە سیاسەتمەردانو بە تایبەتی سەرمایەداران بۆ دامەزراندن، کونترۆلو کاریگەری دانان لە سەر میدیا لەگەڵ یەکتر مڵملانێ دەکەن. میدیایەکی بەهێز پێویستی بە کارمەندێکی زۆرو ئیمکاناتێکی پێشکەوتوو هەیە. بۆ نموونە میدیایەکی بەهێز لە کوردستان پێویستی بەوەی هەیە کە لە زۆربەی شارەکانی کوردستان هەواڵنێر هەبێ، هەروەها لە زۆربەی پێتەختو شارەکانی وڵاتانی ناوچەکە ڕاپۆرتنێر و هەواڵنێری هەبێ. میدیایەکی بەهێز پێویستی بە چەندین ستۆدیوی پێشکەوتوو، کارمەندانێکی پسپۆر کە چەندین زمان بزانن، تەرخانکردنی سەرمایە بۆ دەعوەتکردنی خەڵکی پرئاوازە و... هەیە. هەر بۆیە هەرچەند میدیا دواتر دەتوانێ خۆی داهاتی هەبێ بەتایبەتی لە ڕێگەی ڕێکلام بۆ کۆمپانیا بازرگانییەکان بەڵام دامەزرانی میدیایەکی کاریگەر بە بێ پشتگیری سەرمایەدارنو تا ڕادەیە سیاسییەکان کاریکی دژوارو ئەستەمە. بەو پێیە میدیا دەکرێ هاوکات ڕادەیەک لە کراوەبوونی تێدا بەدی بکرێ، بەڵام پارێزگاری لە بەرژەوەندیو سیاسەتەکانی کەسانێکی بەهێز لە بواری سیاسیو ئابووریش بکا.

## دەمارگرژی (Bias) لە میدیادا

گەشەی تەکنیک ئەو توانایەی بە میدیا داوە کە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لایەنگری لە ڕوانگە و سیاسەتێک بکا بە بێ ئەوەی خەڵکو بەردەنگەکەی هەستی پێبکا. زۆر تەلەڤیزیۆنو ڕۆژنامەی بەناوبانگ لە دنیادا هەن کە بە شێوەیەکی فەرمی یان ڕاستەوخۆ پشتگیری لە سیاسەتی حیزبێک یان وڵاتێک ناکەن بەڵام بەکردەوەو بە شیوەیەکی ناڕاستەوخۆ هەوڵ بۆ هەمان سیاسەت دەدەن. لێرەدا پێمخۆشە نموونەیەک لە ڕووبەرگی گۆڤاری تایم بێنمە کە ئەو گۆڤارە یەکێک لە بەناوبانگترین گۆڤارەکانی جیهان. ئەو ڕووبەرگە وێنەی کچێک نیشان دەدا کە لووتی بڕدراوە و لە سەری بە زمانی ئینگلیسی ڕستەیەک نووسراوە بۆ ئەوەی پشتگیری لە ڕوانگە و سیاسەتێکی تایبەت بکا.

لە وێنەکەدا نووسراوە "چ شتێک ڕوو دەدا ئەگەر ئێمە لە ئەفغانستان بڕوێن." لێرەدا بەردەنگێکی وریا دەبێ بپرسێ لەو ڕستەیدا "ئێمە" کێیە؟ بێ گومان بەردەنگی ئەو وێنەیە و ئەو ڕستەیە خەڵکی ئینگلیسی زمان بەگشتی و هاووڵاتیانی ئەمریکا بەتایبەتین. "ئێمە" لە پەیامەکەدا ئەمریکاییەکان، خودی گۆڤاری تایم و هاوپەیمانانی ئەوانن کە لە ئەفغانستان شەڕ دەکەن. "ئەوان"یش ئەوانەن کە لووتی کچ و مرۆڤ دەبڕن، ئەوانەن کە لە دژی سەربازانی ئەمریکا لە ئەفغانستان شەڕ دەکەن. گۆڤاری تایم لە ڕێگەی ئەو ڕووبەرگەوە بەشیوەیەکی زۆر زیرەکانە هەوڵ دەدا بیروڕای گشتی لە ئەمریکا هان بدا بۆ ئەوەی پشتگیری شەر لە ئەفغانستان بکەن. ژمارەیەکی زۆر خەڵکی مەدەنی ئەفغان بە هۆی فڕۆکە بێ سەرنشینەکان ئەمریکا کوژران. هەروەها دیتمان ئەو شەڕەی بە بێ ڕەزامەندی شوورای ئەمنییەتی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەنجام درا، بە بیانوی ئەوەی ئوسامە بن لادەن لە ئەفغانستان خۆی حەشار داوە، هەزاران ئەمریکی و ئەفغانی کوژران و دواجار بن لادەنیش لە پاکستان کوژرا. یەکێک لە گرفتەکانی سەرەکی میدیا لە جیهانی ئەمرۆدا دەمارگرژبوونو لێکدانەوەی یەک لایەنە لە ڕووداوەکانە. لەو وێنەیەی کە گۆڤاری تایم سەبارەت بە شەڕی ئەمریکا لە ئەفغانستان دایناوە، بە بەردەنگەی ناڵێ بۆ خەڵکانێک لە دژی ئەو شەرەن، ئەو بە شێوەیەکی یەکلایەنە هەوڵ بۆ ڕەوایی دان بەو شەڕە و درێژەکێشانی دەدا. خەڵکی ئاسایش ئەو دەرفەتەیان نیە، یان هۆشیار نین تاکوو لەسەر کێشەی ئەفغانستان کتیب بخوێننەوە یان برۆن لەگەڵ دژبەرانی ئەو شەڕە قسە بکەن. بەگشتی خەڵک لەسەر زۆر ڕووداوو کێشەی نێوخۆیی، ناوچەییو جیهانی متمانە بە میدیا دەکاو لە دەلاقەی میدیاوە سەیری جیهان دەکا.

## میدیای زەرد

لە نێو بڵاوکراوەکاندا بەو دەستە لە گۆڤار، ڕۆژنامە و... کە مەبەستیان ئەوەیە سەرنجی بەردەنگی زیاتر ڕابکێشنو بەلایەنەوە زۆر گرینگ نیە کە خاوەنی نێوئاخنو پەیامیکی بەهێز بن، بڵاوکراوەی زەرد دەگوترێ. بەڵام لە ئێستادا زۆر کاناڵی ڕاگەیاندنیش هەموو هەوڵیان ئەوەیە لە هەر ڕێگەیەکەوە بێ بەردەنگی زیاتر دەستەبەر بکەن، هەر بۆیە دەکرێ قسە لەسەر میدیای زەرد بکەین. ئەو جۆرە میدیانە لە تێکنیکی جۆراوجۆر کەڵک وەردەگرن بۆ ئەوەی سەرنجی بەردەنگ ڕابکێشن. بۆ نموونە تایتێلێک دادەنێن کە بەلای خوێنەرەوە زۆر دەگمەن بێ یان وێنەی سێکسی ژن دادەنێن. ماوەیەک

لەمەوپێش تەرمی کچێکی ١٥ساڵ بەناوی دنیا لە ناحیەی کەلەکچی پارێزگای دهۆک لە ڕێکەوتی ٢٤ - ٥ - ٢٠١٤ دۆزرایەوە. بۆ ماوەی دوو هەفتەیەک کوشتنی دنیا و وێنەی ئەو لە هەموو گۆڤار و کاناڵە تەلەڤیزیۆنییەکانی باشووری کوردستان دەردەکەوت. ئێستا کە چەند مانگ بەسەر ئەو ڕووداوە تێپەری، دنیا نەک تایتێل نییە بەڵکوو لە پەراوێزی گۆڤارەکان و لە هەواڵێکی کورتیشدا بەدواداچوون بۆ کەیسەکەی ناکرێ. لێردایە کە هێندێک کاریگەری نەرێنیو ترسناکی میدیا لەسەر کۆمەڵگە دەردەکەوێ. ئەو کاریگەرییە ترسناکە ئەوەیە کە میدیا وا بکا کۆمەڵگەیەکی میدیایی دروست بێ. واتە خەڵک زۆرتر بینەر بێ هەتا ڕۆلگێر، ئەخلاق و هەڵوێستی مرۆڤدۆستانە وەک شتی کاتی و ژێستێکی میدیایی لەقەڵەم بدرێ.

میدیای زەرد کاریگەری لەسەر سیاسەتو چۆنییەتی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکانیش کردوە. خەڵک ئەمرۆکە زیاتر گرینگی بە تایبەتمەندی کەسێتی (Personality) کاندیدەکان دەدەن هەتا بەرنامەکانیان. ئەمرۆکە خەڵک زیاتر گرینگی بەوە دەدەن کە کاندیدێک چۆن قسە دەکا، ئاخۆ وەک خۆی و لەگەڵ خەڵک وێنەی سەرنج ڕاکێشی هەیە؟ ئایا ئەو کاندیدە گەنجە یان لە تەندروستی پێویست بەهرەمەندە؟

## میدیای کوردی

لێرەدا نامهەوێ باسی ئەوە بکەم کە یەکەم ڕۆژنامەی کوردی کەی چاپ کرا، یا کورد لە کەیەوە ڕادیۆی هەیە یان یەکەم تەلەڤیزیۆن کوردی کەی دامەزرا. میدیای کوردی بە پێی ئەو دەستەبەندییانەی لە سەرەوە کردم میدیایەکی داخراو، کراوە. زەرد یان تێکهەلکێشێک لەو تایبەتمەندییانەی هەبێ. بەڵام هەموو کورد لە یەک تایبەتمەندیدا هاوبەشن ئەویش ئەوەیە ڕوویان لە کوردستانو بەردەنگیان تەنیا خەڵکی کوردستانە. میدیا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەو توانایەی نەبووە و ڕەنگە لە بەرنامەشیدا نەبووبێ کە کاریگەری لەسەر نەتەوەی فارس دابنێ. بە واتایەکی دیکە ئەوانەی تەلەڤیزیۆنە کوردییەکانی ڕۆژهەڵات تەماشا دەکەن یان ئەندامانی حیزبەکانن یان خەڵکی کوردن. تەنانەت لە باشووری کوردستان کە سەرمایەی ماددی پێویست هەیە تاکوو ئێستا کاناڵێکی تەلەڤیزیۆنی عەرەبی، تورکی یان ئینگلیسی نییە کە یارمەتی دیپلۆماسی کورد بکا. لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست تەنیا کاناڵی ئەلجەزیرە توانیویێتی بەردەنگ لە دەرەوەی جیهانی عەرەبیو بەتایبەتی لە نێو ئەمریکا و ئورووپا پەیدا بکا.

ڕەنگە لە کۆمەڵگەی میدیایی دا چیدیکە نەکرێ ئەو دروشمەی شۆڕشی خوێندکاری ١٩٦٨ بەرز بکەینەوە کە "با تەلەڤیزیۆنەکان بکوژێنینەوە و چاومان بکەینەوە" بەڵام دەکرێ ئاوای بگۆڕین کە "با چاومان بکەینەوە ئەو کاتەی تەماشای تەلەڤیزیۆن دەکەین."

**سەرچاوەکان:**

١- "لە جەنگی وێنە و واقیعدا" سێ نموونە، بەختیار عەلی

٢- کورێکی بەختیار عەلی لەسەر میدیا

https://www.youtube.com/watch?v=51myVhMGqBQ

٣- قدرتهای جهان مطبوعات، مارتین واکر

٤- تەلەڤیزیۆنە کوردییەکان و رۆلیان لە پێشخستنی کۆمەڵگە، سەباح مەجید

٥- وردەکاری مارەکردن و کوشتنی دنیا، سایتی هاولاتی

لە ژمارە ٦٣٧ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بلاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی ئاگۆستی ٢٠١٤

---------------------------------------------------

## زانکۆ وەک شوێنی فێربوون

لە ڕۆژی چوارشەممە ٢٩ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٩٣ بە دەنگی ئەرێنی ١٤٥ نوێنەری پارلمانی ئێران، رەزا فەرەجی دانا، وەزیری زانست و توێژینەوەی دەوڵەتی ڕووحانی لەسەر کار لابردرا. زۆربەی نوێنەرانی پارلمان گەراندنەوەی ئاژاوەگێران بۆ زانکۆکان، واتە ئەوانەی لە نارەزایەتییەکانی ساڵی ١٣٨٨ بەشدار بوون، بە هۆکاری سەرەکی ستاندنەوەی بەرپرسیارەتی لە فەرەجی دانا دەزانی. ڕووحانیش هەر لە دوای ئەو هەلوێستەی نوێنەرانی پارلمانی ئێران ڕایگەیاند کە ڕێگەی فەرەجی دانا درێژەی دەبێو محەممەدعەلی نەجەفی، کە خۆی پێشتر هەر لەو پارلمانە وەک پالێوراوی وەزارەتی پەروەردە دەنگی نەهێناوە، بە بەرپرسی وەزارەتی خوێندنی بالا دەستنیشان کرد. ئەستاندنەوەی بەرپرسیارەتی فەرەجی دانا یەکەم ڕووبەڕوبوونەوەی جیددی دەوڵەتی ڕووحانی و پارلمانی ئێران بوو بەلام بێ گومان دوایین ڕووبەڕوبوونەوە نابێ. هەر بۆیە گرینگە بزانین بۆ وەزیری خوێندنی بالا لابردرا و لە گرینگی پێگەی زانکۆکان لە ئێران و ڕۆژهەلاتی کوردستان تێبگەین.

### هۆکارەکانی لابردنی فەرەجی دانا

١- هێنانەوە کەسانی سەر بە بەرەی فیتنە (ئاژاوەگێران) بۆ نێو زانکۆکان: روحانی سەرەتا دکتور جەعفەر میلی مونفەرێدی وەک وەزیر بە پارلمانی ئێران ناساند بەلام ئەو دەنگی پێویستی نەهێناوە. لە کاتی دەنگدان بە میلی مەنفەرێد ١٦٢ نوێنەر دەنگی نەرێنی و ١٠٥ نوێنەریش دەنگی ئەرێنیان پێدا. بە واتایەکی ڕیفورمخوازان ئێستا لە پارلمان کەمینەن و کۆنەپارێزان زۆرینە پێکدێنن. ئەو نوێنەرانە میلی مونفەرێدیان بەوە تاوانبار دەکرد کە کاتێک لە زانکۆی ئەمیرکەبیر بووە پشتگیری لە خوێندکارانی سەر بە فیتنە کردوە. ڕووحانی لە دوای دەنگنەهێنانەوەی میلی مونفەرێد، دوکتور جەعفەر

توفیقی وەک سەرپەرەست دیاری کرد کە ئەویش وەک لایەنگری بەرەی فیتنە لەقەلەم دەدرێ. هەرچەند فەرەجی دانا بە هۆی ئەوەی کەسێکی سیاسی نەبوو، سەرەتا توانی متمانەی پارلمان بە دەست بێنی بەڵام جەخت کردنی ئەو لەسەر گرتنەبەری ڕێوشوێنی یاسایی بۆ بەڕیوەبەری زانکۆکان و دوورکەوتنەوە لە ئیدئۆلۆژیک کردنی زانکۆکان، باسکردنی ٣ هەزار بۆرسیەی نایاسایی لە دەورانی ئەحمەدی نژاد، ڕێگەدان بە گەرانەوە و درێژەدان بە خوێندنی خوێندکارانی ئەستێرەدار هەموو هۆگارگەلێک بوون کە ١٤٥ نوێنەری پارلمان لە دژی ئەو دەنگ بدەن.

٢- دیاریکردنی سەرۆکو بەرپرسی زانکۆکان بە بێ پرسکردنی بە وەزارەتی ئیتلاعات و شوورای ئینقلاب: گۆڕینی سەرۆکی زانکۆی تاران و لابردنی فەرهاد رەهبەر کە بووە مەیەی خوشحاڵی خوێندکارانی ئەو زانکۆیە، دانانی دوکتور محەممەد ڕەعایایی وەک بەرپرسی زانکۆی چەمرانی ئەهواز کە کاتی خۆی لە ڕووداوەکانی ساڵی ١٣٨٨ خۆی ڕاگەیاندراوی نارەزایەتی خوێندەوە، گەڕاندنەوە دوکتور ڕەحیم حوبی نەقی بۆ سەرۆکایەتی زانکۆی ورمێ کە پێشتر لە دەورانی ڕیفورمخوازاندا لە ساڵی ١٣٧٨ - ١٣٨٠ سەرۆکی زانکۆی ورمێ بوو و... جۆرێک لە ڕەوتی زالبوونی ڕیفورمخوازان و لابردنی هێژمونی کۆنەپارێزان بە سەر فەزای زانکۆکانی لێکەوتۆتەوە. کاتی خۆی کە دەوڵەتی ڕووحانی پێکهات ئەو دەوڵەتە ڕێکەوتنێک نافەرمی بوو لە نێوان خامنەیی، ڕەفسەنجانی و خاتەمی. بە واتایەکی هەر یەک لەو وەزیرەکان نزیک لە یەکێک لەو ڕەوتانە بوون. مەحموودی عەلەوی، وەزیری ئیتلاعات، بەشی ڕێبەری بوو لە دەوڵەتی ڕووحانی. تەنانەت لە سەردەمی ئەحمەدی نژادیش وەزارەتی ئیتلاعات بەشی ڕێبەر بوو و سەرۆک کۆمار نەیتوانی حەیدەر موسلحی لە کابینەی خۆی لابەرێ. کەمرەنگبوونەوی دەسەڵاتی وەزارەتی ئیتلاعات لە زانکۆکان ڕێک بە واتای کەمرەنبوونەوە دەسەڵاتی ڕێبەر لە زانکۆکان و هەر بەو پێیەش لە سەرجەم ولات دایە.

٣- ڕیسواکردنی دەولەتی ئەحمەدی نژاد ڕیسواکردنی نیزامە: ئاشکراکردنی ٣ هەزار بۆرسییەی نایاسایی و ناپێویست لە سەردەمی دەوڵەتی ئەحمەدی نژاد کە تەنانەت دە کەس لە پارلمانتارانی ئێستا پارلمانی ئێرانیش دەگرێتەوە، لە ڕوانگەی ڕێبەرەوە خەسار بە کۆی کۆماری ئێسلامی دەگەیەنێ. فەرەجی دانا وتی کەسانێک بۆرسیە کراون کە مەرجی ئاکادێمیکی پێویستیان نەبووە و تەنانەت کەسانێک بۆ وەرگرتنی دوکتورای زمانی فارسی بۆ دەرەوەی ولات بەرێ کراون. خامنەیی لە دانیشتنی لەگەڵ کابینەی ڕووحانی باسی ئەوەی کرد کە کەموکوڕییەکانی دەورانی ئەحمەدی نژاد پێویستە چاک بکرێتەوە بەڵام ئەو گرفتانە نابێ باس بکرێن و ڕای گشتیان لێ ئاگادار بکرێتەوە.

٤- لابردنی فەرەجی دانا خۆئامادەکردنی کۆنەپارێزان و ڕیفورمخوازان بۆ هەڵبژاردنی پارلمانی خولی دەیەمە کە لە ڕەشەمەی ١٣٩٤ بەڕێوە دەچێ. کۆنەپارێزان ئێستا زۆرینەی پارلمان واتە نزیک بە ١٤٥ نوێنەریان هەیە و ڕیفورمخوازانیش کەمینەیەکی ١٠٥ کەسیان هەیە. دەوڵەتی ڕووحانی ئەگەر بیهەوێ بەهێزی زیاتربەردەوام بێ دەبێ هەوڵ بدا لە خۆلی دەیەمی پارلمان زۆرینە بێ بۆ ئەوەی پارلمان چارەنووسی فەرەجی دانا تووشی وەزیرانی دیکەی ڕووحانی نەکا. کێشەی ڕووحانی ئەوەیە دەبێ کارێک بکا کە کاندیدەکانی ڕیفورمخوازان بتوانن لە لایەن شورای نیگابان، کە سەر بە ڕێبەرییە، ڕێگەی بەشداری لە هەڵبژاردنەکانیان پێ بدرێ. هەر بۆیە دەوڵەتی ڕووحانی لە لایەک هەوڵ دەدا گرینگی بە

دەنگی خەڵک بدا و لە لایەکی دیکە هەوڵ بدا لە گەڵ سیستمی کۆماری ئیسلامی و چاوەدێری خامنەیی چەشنێک لە سازان دروست بکا.

## گرینگی پێگەی زانکۆکان

کاتی خۆی لە سەردەمی شادا مزگەوتەکان تاکە شوێنێک بوون کە ڕێژەیەک لە ئازادی، پۆتانسیەلی کۆبوونەوە و کانالیزەکردنی نارەزایەتیەکانیان هەبوو. ئەمرۆ زانکۆکان بە هۆی هەبوونی ڕێژەیەک لە ئازادیو دەرەتانی دیالۆگ، بە هۆی ئەوەی هەبوونی هەزاران گەنج و هێزی مرۆیی، بە هۆی هەبوونی توانای عەقلیو زانستی بۆ هەڵسەنگاندنی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و ... ئێران ڕۆڵێکی هاوشێوە لەگەڵ مزگەوتەکان لە سەردەمی شایان دا هەیە. بەڵام ئەوە گرینگە کە وەک کورد چ جۆر ڕوانینێکمان بۆ کەڵک وەرگرتن لە زانکۆکان و توانای کۆمەڵگەی خوێندکاری هەبێ.

زانکۆ شوێنی سیاسەت فێربوونە نەک سیاسەت کردن. زانکۆ شوێنی ئەوەی کە هێزی مرۆیی وڵاتێک بە شێوەیەکی سیستماتیک لەگەڵ زانست ئاشنا بێ و هێزی بۆروکراسی، بەڕێوەبەر و چالاکی ئەو وڵاتە پەروەردە بکا. زانکۆ شوێنی ئەوەیە کە گەنجی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان باشتر لە بایەخگەلێکی وەک ئازادی بەیان و نووسین، مافی مرۆڤ، دێموکراسی، ئابووری سەقامگیر و ... تێبگا. شوێنێکە بۆ ئەوەی کە کەسانی کارامەتر لە بواری ئاکادێمیک لە بەشی جۆراوجۆر بۆ وڵات دروست بکرێ. شوێنی ئەوەیە کە خوێندکارێک لە نووسینی گۆڤارێکدا بەشداری بکا و دواتر ببێ بە ڕۆژنامەنووسو نووسەر. کوردەکان بەشێک لە هێزی مرۆیی ئێران پێکدێننو لە بەشێک لە جۆغرافیای ئێران نیشتەجێن. ئەوان ناتوانن ئالترناتیو بن بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لە پانتایی ئێران. کەوایە باشترین کار ئەوەیە بایەخ بدەن بە دەرەتانە بچووکەکانیشو هەوڵی بەهێزکردنی هێزی مرۆیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بدەن.

بە واتایەکی دیکە کیشەی کورد نابێ کێشەی رووخان بێ و نابێ بەو ڕوانینە تەماشای زانکۆ و ڕێکخراوە مەدەنییەکان، هەڵبژاردن و... بکا. بەداخەوە ڕێکخراوە خوێندکارییەکانی سەر بە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەیانتوانیوە بە وەدەست خستنی زانیاری لە باردوخی زانکۆکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان یارمەتیدەری گرتنەبەری سیاسەتێکی واقعیتر لە لایەن حیزبەکان دەرهەق بە زانکۆکان بن. ڕێکخراوە خوێندکارییەکانی کورد تەنانەت نەیانتوانیوە ڕاپۆرتێک لە سەر بارۆدوخی زانکۆکان لە یەکساڵەی دەوڵەتی ڕووحانی ئامادە بکەن. ڕاپۆرتێک کە سەرجەم تیشک بخاتە سەر ئاڵۆگۆڕەکانی بەڕیوەبەری، ڕێکخراو و گۆڤارە خوێندکارییەکانی زانکۆکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە مەیدانێکی واقعیدا و نەک لە مەیدانێکی ئیدئۆلۆژیکدا نیشان بدا کە جیاوازی بارودوخی زانکۆکان لە سەردەمی ڕووحانی و ئەحمەدی نژاددا چییە.

## ئاکام گیری

دەوڵەتی ڕووحانی دەیهەوێ لە هەڵبژاردنی پارڵمانی ڕەشەمەی ١٣٩٤ سەربکەوێ و هەر بۆ ئەو مەبەستەش پێویستی بە ڕاگرتنی دەنگدەرانی دەبێ و زانکۆکاکان لە ڕاگرتنی و ڕاگرتنی ئەو دەنگانە رۆلێکی گرینگ دەگێرن. کوردیش بە جێگەی

ئەوەی کێشەیەکی ئیدئۆلۆژیک لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بکا باشترە کێشەی بەهێزترکردنی هێزی مرۆیی کورد و بەهێزترکردنی پێگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئێران دا بکا. بەجێگەی ئەوە بێ کێشەی ئەوە بکا سەرۆکی زانکۆکانی رازیی کرماشان، کوردستان، ورمێ و ئیلام کێیە و دەبێ چ بکا. گرینگ ئەوەیە کورد لە ئێران یارمەتی سیاسەتێک بدا کە دەبێتە هۆی ئاڵوگۆڕێکی باشتر لە زانکۆکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە دەبێتە هۆی گەشەی زیاتری ئابووری، ئیداری و مەدەنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

**سەرچاوەکان**:

١- مجلس رضا فرجی دانا، وزیر علوم دولت روحانی را برکنار کرد. سیات دویچه وله فارسی
٢- وبسایت دانشگاەهای تهران، امیرکبیر، شهید چمران اهواز، اصفهان، رازی کرمانشاه، ارومیه و کردستان
٣- فیلمی که در جلسه استیضاح وزیر علوم پخش شد
https://www.youtube.com/watch?v=IcUoX6jH53Q

لە ژمارە ٦٣٩ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی سێپتەمبەری ٢٠١٤

---------------------------------------------------

## جیابوونەوە باشترە

لە ساڵی ١٧٠٧ بەملاوە سکاتلەند بەشێک لە بریتانیای مەزن بووە. لە ساڵی ٢٠١٢ دێڤید کامێرون، سەرۆک وەزیری بریتانیا، و ئالێکس سالموند، سەرۆک وەزیرانی سکاتلەند، ڕێکەوتنێکیان واژۆ کرد کە لە ١٨ سێپتامبەری ساڵی ٢٠١٤ ڕێفراندۆمێک بۆ دیاریکردنی داهاتووی سکاتلەند بەڕێوە بچێ. لە ڕێفراندۆمەکەدا لە دانیشتووانی سکاتلەند پرسیار کرا کە ئاخۆ سکاتلەند پێویستە ولاتێکی سەربەخۆ بێ یان نا. لایەنگرانی سەربەخۆیی لە سکاتلەند کەمپەینێکیان پێکهێنا لە ژێر ناوی "بەلێ بۆ سکاتلەند" و لایەنگرانی مانەوە لەگەڵ بریتانیاش کەمپێنێکی دیکەیان لە ژێر ناوی "پێکەوە باشترە" دەست پێ کرد. ئاکامی ئەو ڕێفراندۆمە ئەوە بوو کە ٥٥ % دەنگدەران واتە نزیکەی ١,٩ میلیۆن سکاتلەندی دەنگیان بە مانەوە لەگەڵ بریتانیا و ٤٥% دەنگدەرانیش واتە ١,٥ میلیۆن سکاتلەندی خواستی سەربەخۆییان بەرز کردەوە. هەرچەند جارێ سکاتلەند لەگەڵ بریتانیا دەمێنێتەوە بەڵام سکاتلەندییەکان توانا و لێهاتوویی ئەوەیان هەیە کە خاوەنی وڵاتی خۆیان بن. لەگەڵ ئەوەدا کە بەشێک لە لێکۆلەران لەو بڕوایە دان کە جیابوونەوەی سکاتلەند دەتوانێ لە بواری ئابوورییەوە خەساری گەورە بە سکاتلەندییەکان بگەیەنێ بەڵام سکاتلەندییەکان لە باری ئابووری و سیاسی دەتوانن سکاتلەند باشتر لە

بریتانیا بەڕێوە بەرن.

## دژبەرانی سەربەخۆیی

دژبەرانی جیابوونەوە سکاتلەند بە گشتی جەخت لە سەر فاکتەری ئابووری دەکەنەوە. بۆ نموونە پێتینگر تێژوان لە وتارەکەی خویدا "ئابووری سکاتلەندێکی سەربەخۆ" باس لەوە دەکا کە ولامێکی بەلێ لە ڕێفراندۆمەکەی ١٨ سپتامبەر، سکاتلەند بێ بەش دەکا لە هەموو ئەو یارمەتییە مادییانەی بریتانیا بۆ سیستمی خوێندن و سیستمی تەندروستی سکاتلەند دەیکا. سکاتلەند سالانە بۆ هەر تاکێک ١٠,٢١٢ پۆند لە بەریتانیا وەردەگرێ لە حالێکدا ئینگلەند ٨,٥٨٨ پۆند وەردەگرێ. بەلام دیوی دیکەی ئابووری بریتانیا ئەوەیە کە ٩٠ لە سەدی سەرچاوەکانی نەوتی دەریای باکوور لە سکاتلەند هەلکەوتووە. داهاتی نەوتی سکاتلەند ئێستا دەچێتە نێو خەزانەی بریتانیا بەلام دوای جیابوونەوە ئەو داهاتە بۆ هاوولاتیانی سکاتلەند دەگەرێتەوە. نەوتی سکاتلەندی یەک تریلیۆن پۆند بەراورد دەکرێ و دەکرێ هەتا سالی ٢٠٥٥ دەرهێنانی نەوت بەردەوام بێ. گرفتێکی دیکە کە ڕەنگە ڕووبەڕوی سکاتلەندێکی سەربەخۆ بێتەوە ئەو قەرزەیە کە بریتانیا هەیەتی و دانەوەی بەشێک لەو قەرزە دەکەوێتە ئەستۆی سکاتلەند. بە پێی ڕوانگەی ڕێکخراوی لێکۆلینەوەی نیشتمانی کۆمەلایەتی و ئابووری (NIESR) سکاتلەند لە یەکەم سالی سەربەخۆییدا پێویستە ٢.٣ بیلیۆن پۆند (٢٣bn £) وەک بەشە قەرزەکەی بداتەوە. بەلام شێوازی جۆراوجۆر بۆ دابەشکردنی قەرزی نیشتمانی بریتانیا هەیە کە بە هەر شێوەیەک کە دابەش بکرێ لە GDP سکاتلەند واتە لە بەرهەمی ناخالسی نێوخۆیی ئەو ولاتە کەمتر دەبێ. بە پێی لێکۆلینەوەیەک کە دکتور ئانجوس ئارمسترانگ، بەرپرسی ماکرۆئیکۆنۆمی لە ڕێکخراوی (NIESR) کردویەتی ئەگەر قەرزی نیشتمانی بریتانیا لە سالی ٢٠١٦ - ٢٠١٧ بە پێی حەشیمەتی هەر بەشێک دابەش بکرێ، سکاتلەند پێویستە ١,٣ بیلیون پۆند بداتەوە کە دەکاتە ٨٦ لە سەدی داهاتی ناخالسی نێوخۆیی سکاتلەند. هەروەها ئارمسترانگ لە لێکۆلینەوەکەیدا نیشان دەدا کە ئەگەر قەرزی نیشتمانی بریتانیا بە شێوازگەلی دیکە دابەش بکرێ، سکاتلەند بڕە قەرزێکی وەبەر دەکەوێ کە کەمتر لە ٨٦ لە سەدی داهاتی ناخالسی ئەو دەبێ. هەر بۆیە سکاتلەندێکی سەربەخۆ ئەو توانایەی دەبێ کە ڕووبەڕوی هەر چالێنچێکی ئابووری ببێتەوە.

## ئیرادە و لێهاتویی سکاتلەندییەکان

زۆرێک لە هاوولاتیانی سکاتلەند دەیانهەوێ کە ولاتی خۆیان هەبێ و سکاتلەندییەکان لە بواری بەڕێوەبەری و دەولەتداریش ئەزموونی پێویستیان هەیە. سکاتلەندییەکان لە سالی ١٩٩٩ بەشدارییان لە هەلبژاردنێک کرد بۆ ئەوەی پارلمان و دەولەتی خۆجێی خۆیان دەستنیشان بکەن. حیزبی ناسیۆنالیستی سکاتلەند (SNP)، کە نوێنەرایەتی ناسیۆنالیزمی سکاتلەندی دەکا و کار بۆ سەربەخۆیی سکاتلەند دەکا، لە هەلبژاردنەکانی ٢٠٠٧ و ٢٠١١ سەرکەوتنی بەدەست هێنا و ئێستا زۆرینەی کورسییەکانی پارلمانی سکاتلەندی هەیە. لە دوو هەلبژاردنی نێوخۆیی سکاتلەند، حیزبی ناسیونالیستی سکاتلەند ڕێژەی دەنگەکانی لە ٣١ % بۆ ٤٤ %بەرز کردۆتەوە. هەروەها دەولەتی لۆکالی سکاتلەند لە دەولەتی بریتانیا باشتر کاری کردوە. بۆ نموونە دەولەتی لۆکالی سکاتلەند توانیوێتی ڕێژەیەکی زیاتر لە سەرمایەی



سەرچاوە Serchawe

دەرەکی ڕابکێشێ بە بەراورد بە دەوڵەتی بریتانیا. بە پێی لێکۆلینەوەی Emst&Young، کە ڕێکخراوێکی خزمەتگۆزاری فرەنەتەوەیی لە لەندەنە، ئەو پرۆژانەی کە لە سکاتلەند لە ساڵی ٢٠١٢ و بە شێوەی ڕاستەخۆ لە ڕێگەی سەرمایەی دەرەکی ئەنجام دراون ٤٩ % گەشەی کردوە، ئەوە لە حالێکدایە ڕێژەی زیادبوونی راکێشانی سەرمایەی دەرەکی لە بریتانیا تەنیا ٣% بووە. هەر بۆیە سکاتلەندییەکان هەم دەیانهەوێ و هەم شایانی ئەوەن کە وڵاتی خۆیان هەبێ.

## ژیانێکی باشتر لە سکاتلەند

دەوڵەتی سکاتلەند خزمەتگوزارییەکی باشتر بۆ هاووڵاتیانی سکاتتلەند دابین دەکا بە بەروارد ئەو خزمەتگۆزارییانەی دەوڵەتی بریتانیا بۆ هاووڵاتیانی بریتانیا (جێگە لە سکاتلەندییەکان) دابینی دەکا. بۆ نموونە تەنیا دەوڵەتی سکاتلەند بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ بەساڵاچووان هەیە و لە ماڵدا خزمەتگوزاری بۆ بەساڵاچووان دابین دەکا. هەروەها خوێندن لە زانکۆ بۆ سکاتلەندییەکان بەخۆراییە، ئەوە لە حالێکدایە هەر خوێندکارێک بریتانیایی کە لە زانکۆکانی بریتانیا دەخوێنی بە گشتی سالانە دەبێ ٩٠٠٠ پۆند بدا. جێگە لەمانە ئەو خوێندکارە سکاتلەندییانەی کە لە بنەماڵەیەکی کەم داهاتن دەتوانن یارمەتی ماڵی لە دەوڵەتی سکاتلەند وەربگرن و ئەو منداڵانەش کە هیچ بنەماڵە و پەناگەیەکیان نیە لە لایەن دەوڵەتی سکاتلەند پارێزگاری دەکرێن. بەو پێیە لە سکاتلەند ژیانێکی جیاواز و تارادەیەک باشتر هەیە بە بەراورد بە بەشەکانی دیکەی بریتانیا.

## ئاکام گیری

ئەگەرچی جیابوونەوەی سکاتلەند لە بریتانیا ڕەنگە ئەو وڵاتە تووشی هێندێک گرفتی ئابووری بکا بەڵام هێندێک دەرفەتی ئابووری نوێشی بۆ دەکاتەوە. سکاتلەندییەکان دەتوانن لە سەرچاوەکانی ژێرزەوی خۆیان بۆ خزمەتی هاووڵاتیان سکاتلەند کەڵک وەربگرن. وڵامێکی بەلێ بۆ ڕێفراندۆمی ١٨ سپتامبەر دەیتوانی دەسەڵاتێکی زۆرتر بە دەوڵەت و پارلمانی سکاتلەند بدا کە ئەو وڵاتە بە پێی خواست و داواکارییەکانی خەڵکی سکاتلەند بەرێوە بەرن. ئێستاش دەوبوید کامرۆن هیچ چارەیەکی نیە جێگە لەوەی گرینگی زیاتر بە سکاتلەند و لەو ڕێگەیەوە پێش بەوە بگرێ کە خواستی جیابوونەوە لە بریتانیا گەشە بکا.

هەروەها لە جیهاندا وڵاتانێکی هاوشێوەی بریتانیا بوونی هەیە کە خاوەنی گرووپگەلێکن کە خواستی سەربەخۆییان هەیە کە دەکرێ ئاماژە بە کاتالۆنیا لە سپانیا، کوبێک لە کانادا، تیبێت (Tibet) لە چین، کورد لە کوردستانی عێراق و ... بکەین. پرۆسەی ئاشتیخوازانە و یاسایی جیابوونەوەی سکاتلەند لە بریتانیا دەتوانێ ببێتە مۆدێلی بۆ هەمووی جیهان و بە تایبەتی بۆ چارەسەری پرسی کورد لە ئێران. دێموکراسی لە ڕوانگەیە کەمینەیەک وەک کورد لە ئێران ئەوەیە کە مافی ئەوەی هەبێ ڕێفراندۆم بەرێوە بەرێ، جیاببێتەوە یان لەگەڵ ئێران بمێنێتەوە.



سەرچاوە
Serchawe

سەرچاوەکان:

Hassan, Gerry. Anatomy of a Scottish Revolution: The Potential of Post nationalist Scotland and the Future of the United Kingdom. Published in The Political Quarterly, Vol. 82, No. 3, .(July–September 2011(page 366

.(Ernst & Young's 2013 UK attractiveness survey Scotland published in www.ey.com (page 1

Toke, Toke, et al. "Scotland, Renewable Energy and the Independence Debate: Will Head .(Heart Rule the Roost?" Published in The Political Quarterly Vol. 84, March 2013 (66

. Pettinger, Tejvan. "Economics of Scottish independence": Published in economics in 2013

Kemplay, Marie. "Quick guide to fees and finance if you're studying in Scotland." Published in .2014

Armstrong, Angus, et al. "Scottish Independence and the UK's Debt Burden," published in .National Institute of Economic and Social Research in 2013

لە ژمارە ٦٤٠ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی سێپتەمبەری ی ٢٠١٤

---------------------------------------

## نەبوونی باڵانس لە سیاسەتی دەوڵەتی رووحانی دا

### (لە پەراوێزی سەفەری دووهەمی رووحانیدا بۆ نیویۆرک)

سەرۆک کۆماری ئێران، حەسەن روحانی، بۆ جاری دووهەم سەردانی نیویۆرکی کرد و لە رێکەوتی ٣ی ڕەزبەری ساڵی ١٩٩٣ لە رێکخرای نەتەوەیەکگرتووەکان وتارێکی پێشکەش کرد. ئەو وتارە بۆ جارێکی دیکە جەختی لە سەر پرسی ئەتۆمی ئێران و ڕەوشی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست کرد. ڕوحانی پاش ٣٦ ساڵ وەک سەرۆک کۆماری ئێران لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی بریتانیا، دەیوید کامرۆن، کرد. ئەو سەفەرە لە حاڵێکدا ئەنجام درا کە زیاتر لە یەکساڵ بەسەر دەوڵەتی ڕوحانی دا تێدەپەڕێ و سیاسەتی دەرەوە و پرسی ئەتۆمی ئێران گرینگترین تەوەر لە پێناسەکردنی ئەو دەوڵەتە بوون. هەر بۆیە لێکدانەوەی سەفەری رۆحانی بۆ نیویۆرک بەجۆرێک لێکدانەوەی کارنامەی دەوڵەتی ڕوحانیشە.

### بەراوردی سەفەری یەکەم و دووهەمی ڕوحانی

سەفەری یەکەمی ڕوحانی بە هۆی ئەوەی تازە پۆستی سەرۆک کۆماری وەرگرتبوو، بۆ رۆژئاوا و میدیاکانی رۆژئاوا جێگەی

سەرنجێکی زۆر بوو. ئەوەدەم ئەوەی ڕوحانی و ئۆباما لەگەڵ یەک دەست دەدەنەوە یان نا و دواتریش قسەکردنی تەلەفۆنی ئەو دوو سەرۆک کۆمارە بووە جێی سەرنجی میدیاکانی جیهان. بەڵام پاش تێپەڕینی یەکساڵ بەسەر سیاسەتەکانی ڕوحانی، سەفەری ئەو بۆ نیۆیۆرک چیدیکە خاوەنی ئەو گرینگییەی ساڵی پێشووی نەبوو. هەروەها هێزگرتنی داعش لە عێراق و سووریە، بە تایبەتی گرتنی پارێزگای مووسڵ لە لایەن ئەو ڕێکخراوە توندڕەوە ئیسلامییە، وەک گرینگترین تەوەری جیهانی دەرکەوت و زۆرێک لە سەرۆک کۆمارانی جیهان جەختیان لەسەر خەبات بە دژی داعش وەک ڕێکخراوێکی تێرۆریستی کرد. بە واتایەکی دیکە داعش، پرسی ئەتۆمی ئێرانی تارادەیەک پەراوێز خست. پرسی داعش لە عێراق بۆ ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوایی وەک پرسی سەرەکی دەرکەوت و تەنانەت ئەوان خوازیاری ڕۆڵی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ شەر لەگەڵ داعش بوون. ئەوە لەحاڵێکدا بۆ ئێران دانیشتنەکانی ئێران و ڕۆژئاوا لە سەر پرسی ئەتۆمیو لاچوونی گەمارۆکانی ڕۆژئاوا وەک گرینگترین تەوەری سیاسەتی دەرەوە دەرکەوت. هەر بۆیە لە لایەک دەوڵەتانی ڕۆژئاوایی لە هەوڵ دان کە ئێران بە دژی داعش شەڕێکی جیددیتر بکا و لە لایەکی دیکە ئێران دەیهەوێ شەڕ لە بەرامبەر داعش وەک کارتێک بۆ ئیمتیاز وەرگرتن لە دانیشتنەکانی ئەتۆمی بەکار بێنێ.

## دیداری کامرۆن و ڕوحانی

پاش ٣٦ ساڵ دوو بەرپرسی پایەبەرزی کۆماری ئیسلامی ئێران و بریتانیا لە ئاستی سەرۆک کۆمار و سەرۆک وەزیران لەگەڵ یەکتر دیداریان کرد. ئەو دانیشتنەی دەیوید کامرۆن و ڕوحانی لە دەفتەری بریتانیا لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە شێوەیەکی داخراو بەڕێوە چوو. هەرچەند ئێران هەوڵی دا ئەو دیدارە وەک چالاکبوونی دیپلۆماسی ئێرانو بۆ گەورەکردنی ڕوحانی بەکار بێنێ، بەڵام قسەکانی دەیوید کامرۆن لە دوای ئەو دیدارە و لە نەتەوەیەکگرتووەکان دەریخست کە ئەوان لەو دانیشتنە بە ڕێکەوتنێک نەگەیشتوون. دەیوید کامرۆن لە وتارەکەی ئاماژەی بەوە کرد کە لەگەڵ ڕوحانی ناکۆکی زۆریان هەبووە و پێویستە ئێران لە بواری پشتیوانی کردنی گرووپە تێرۆریستییەکان، پرسی ئەتۆمیو هەڵسوکەوت لەگەڵ خەڵکی ئێران، سیاسەتی بگۆڕێ. شایانی ئاماژەیە کە باڵوێزخانەی بریتانیا لە تاران لە ڕێکەوتی ٨ سەرماوەزی ١٣٩٠ هێرشی کرایە سەر و هەر بۆیە بریتانیا باڵوێزخانەی خۆی لە ئێران داخستو دیپلۆماتەکانی ئێرانیشی لە لەندەن دەرکرد. ڕەنگە کامرۆن لە دیدارەکەی لەگەڵ ڕوحانیدا، پرسی کردنەوەی باڵوێزخانەی ئەو وڵاتە لە تارانیشی باس کردبێو ئێرانیش جەختی لەسەر پرسی ئەتۆمی کردبێ.

## سیاسەتی نێوخۆ و سیاسەتی دەرەوە

ڕوحانی لە هەڵسوکەوت لەگەڵ ڕۆژئاوادا ئێستاش هەر هێمنانەتر لە ئەحمەدی نژادە. هەر جار کە ئەحمەدی نژاد دەچوو بۆ وتاردان لە نەتەوەیەکگرتووەکان، زۆرێک لە وڵاتان بە نیشانەی ناڕەزایەتی هۆڵی دانیشتنەکەیان چۆڵ دەکرد. بەڵام ڕوحانی ئەوەندەی جەختی لە چارەسەری کێشەی ئەتۆمیو کردنەوە دیپلۆماسی کردوە، کردنەوە فەزای نێوخۆیی پەراوێز خستووە. ڕوحانی لە وتووێژ لەگەڵ کریستین ئەمانپوور، هەواڵنێری کاناڵی CNN ڕایگەیاند کە «من بڕوا ناکەم کەس بە هۆی کاری ڕۆژنامەنووسی و ڕاگەیاندن دەستبەر کرابێ.» ئەو قسانەی ڕوحانی ناڕەزایەتی ژمارەیەکی زۆر لە

رۆژنامەنووسانی لێکەوەتەوە.

١٣٥ ڕۆژنامەنووسی ئێرانی لە نامەیەکی کراوەدا لە کاردانەوە بەو قسانەی ڕوحانی وتیان کە ئەو نکۆڵی لە واقعیەتی ئێران دەکاو هەوڵی داوە دەستکاری ئەو ڕاستیانە بکا. دەستەبەکاربوونەوەی ئەنجوەنی سنفی ڕۆژنامەنووسان یەکێک لەو بەڵێنانەی ڕوحانی بووە کە تاکوو ئێستاش جێبەجێ نەکراوە. لە دوای هاتنەسەرکاری ڕوحانیش ژمارەیەک ڕۆژنامەنووس دەستبەسەر کراون. دیارە ژمارەیەک ڕۆژنامەنووسی کوردیش دەستەبەسەر کراون کە دەکرێ ئاماژە بە محەممەد سدیقی کەبوودوەند، عەدنان حەسەنپوور، خوسرەو و مەسعوود کوردپوور بکەین.

## ئاکام گیری

دەوڵەتی ڕوحانی نەیتوانیوە سەرکەوتنێکی بەرچاو دەستەبەر بکاو بە بایەخنەدان بە کردنەوەی فەزای نێوخۆیی دەنگدەران و لایەنگرانی ڕێفورمخوازانی نائومێد کردوە. لە لایەک عێراق بە شیعەگەرایی وێرانتر لە جارانەو یەک لە سەر سێی ئەو وڵاتە کەوتۆتە دەست داعش. ڕەنگە یەکەم ئاکامی نەبوونی باڵانس لە سیاسەتی دەوڵەتی ڕوحانی دا لە هەڵبژاردنی پەرلمانی داهاتوودا دەرکەوێ.

**سەرچاوەکان**:

بیبیسی فارسی

قسەکانی رووحانی لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان

لە ژمارە ٦٤١ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤

---------------------------------------------------

## سیستمی پیاوسالاری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

بە پێی پێناسەی ئەدرییەن ریچ (Adrienne Rich) پیاوسالاری سیستمێکی کۆمەڵایەتی، ئیدئۆلۆژیک و سیاسییە کە لەودا پیاوان لە ڕێگەی بەکارهێنانی زۆر یان بە شێوەیەکی ناتوندوتیژ لە ڕێگەی دابونەریت، زمان، پەروەردە، یاسا، دابەشکردنی کار و... وادەکەن ژنان لە ژیانی شەخسی و گشتی دا پاشکۆی پیاوان بن. پیاوسالاری بڕوابوونە بەوەی کە پیاوان کۆمەڵێک تایبەتمەندییان هەیە کە وادەکا لە ژنان لەسەرتر بن و بۆ زۆر کار وەک بەڕێوەبەری، سیاسەت، بازرگانی، شەڕ و... گونجاوتر بن. سیستمی پیاوسالاری توانیویەتی بۆ ساڵانێکی دوورو درێژ لە نێو کۆمەڵگە، ئایین، ڕەگەز و چینی جیاوازدا بەردەوام بێ. سەرکوتی ژنان فۆرمی جیاوازی هەبووە، هەر لە فۆرمە کۆنەکەی کە زاڵبوونی باوک بە سەر بنەماڵە، ژن و منداڵەکانیدا بووە هەتا کۆنترۆڵ کردنی گۆڕەپانی سیاسەتو ئابووری بە دەستی پیاوان وەک فۆرمێکی نوێ. ئەگەرچی پیاوبوون و ژن بوون لە هەلومەرجی جیاواز پێناسەی جیاواز بەخۆوە دەگرێ بەڵام ئامانجی سەرەکی سیستمی پیاوسالاری ئەوەیە کە وێنەی پیاوبوون لە کۆمەڵگەدا هەمیشە ئەرێنیتر و بەهێزتر لە وێنەی ژن بوون دەربکەوێ. بۆ نموونە لە دێهاتەکان کە زۆرتر کاری مەزرا و وەرزێرییان هەیە، توندوتول بوون و توانایی فیزیکی ئێستاش بەهای پێ دەدرێ، بەڵام چ لە شارەکان و چ لە دێهاتەکان، سەرەرای جیاوازییان لە پێناسەکردنی ژن بوون، هەر پیاو هێژمونی بەسەر ژن دا هەیە. لەو وتارەدا باس لەوە دەکەم کە ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران لە بواری یاسایی، سیاسی و کۆمەڵایەتی پەراوێز خراون، بەڵام یەکسانی ڕەگەزی دەکرێ بەدی بێ. هەروەها بۆ دەستەبەربوونی یەکسانی ڕەگەزی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئاماژە بە کۆمەڵێک پێشنیار دەکەم.

### یاساکانی کۆماری ئیسلامی دەرهەق بە ژنان

یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی ئێران ژنانی چ لە نێو بنەماڵەدا و چ لە فەزای گشتی ئۆتۆریتەی پیاوانی بە سەر ژنان دا زاڵ کردوە و بە پێی ئەو یاسایانە گیان و ژیانی ژنان لەژێر دەستی پیاوان دایە. سیمۆن دۆبووار لە کتێبەکەی خۆیدا لە ژێر ناوی «ڕەگەزی دووهەم» (The Second Sex) ڕەخنە لە سیستمی پیاوسالاری دەگرێ بەوەی لەو سیستمەدا پیاو وەک نۆرم و ئەرێنی تەماشا دەکرێ و خودی ژن بوونێکی سەربەخۆی نییە و بوونەکەی لە پێوەندی لەگەڵ پیاودا پێناسە دەکرێ. جێگەی ئاماژەیە لە زمانی ئینگلیسی دا وشەی پیاو (men) هەم بۆ پیاو بەکاردێ و هەمیش بە گشتی بۆ مرۆڤایەتی بەکاردێ، ئەوە لە حاڵێکدایە وشەی ژن (women) تەنیا بۆ ژن بەکاردێ و وشەکەش لە پێوەندی لەگەڵ پیاودا پێناسە کراوە. دیارە مەبەستی دۆبووار تەنیا ئەو وشەیە نییە بەڵکوو ئەو بە گشتی پێی وایە تایبەتمەندی باش دەدرێتە پاڵ پیاوان و تایبەتمەندی نەرێنیش دەدرێتە پاڵ ژنان. ئەوەی دۆبووار باسی کردوە بە ڕوونی لە یاسای بنەڕەتی ئێران ڕەنگی داوەتەوە. ئەوە لە حاڵێکدایە ئەو یاسایانە بە گشتی تەنیا پیاو دایناون بەڵام هەر دووک ڕەگەز دەبێ ڕەچاویان بکەن. بۆ نموونە بە پێی یاسای مەدەنی ژمارە ١١١٧، مێرد دەتوانێ ڕێگە لە ژنەکەی بگرێ بۆ ئەوەی لە دەرەوە کار بکا ئەگەر مێردەکە پێی وابێ کە ئەو کار کردنە خەسار بە ژیانی خێزانی یا هەڵسوکەوتی ژنەکە دەگەیەنێ. هەر بۆیە

مێرد بە پێی یاسا دەتوانێ ڕێگە بە ژنەکەی بدا کە بۆ کار بچێتە دەرەوە یان لە ماڵ بمێنێتەوە. یاسای مەدەنی ژمارە ١٠٥ تەواوی بەرپرسیارەتی لە نێو ماڵدا بە پیاو داوە چونکە دەلێ «لە پێوەندی ژن و پیاودا، پیاو وەک سەرپەرەستی بنەماڵە بەرپرسیارە.» ژنان لە ئێران بە پێی یاسا ناتوانن هێندێک پۆست وەربگرن. بە پێی یاسای ١١٥ ژنان ناتوانن ببنە سەرۆک کۆمار و بە پێی یاسای ژمارە ١٦٢، ژنان ناتوانن ببنە سەرۆکی دەزگای دادوەری. یاسای ژمارە ٢٠٩ ش بەڕوونی دەلێ «ژیانی یەک ژن بە قەت نیوەی ژیانی پیاوێک بەهای هەیە». هەر بۆیە ئەگەر ژنێک لە ڕووداوێکی هاتووچۆدا بکوژرێ، بنەماڵەی ئەو ژنە نیوەی دییەکەی وەردەگرن کە بۆ پیاوێک هەیە. لە بەرامبەر ئەو یاسا نادادپەروەرانەدا، کۆمەڵێک لە چالاکانی ژنان لە تاران لە ٢٢ی جۆزەردانی ١٣٨٥، دیکۆمێنتێکیان ئامادە کرد کە لەودا تەواوی ئەو یاسا نادادپەروەرانە ریز کراون و کاریگەری ئەو یاسانە لەسەری ژیانی ژنان شی کراوەتەوە. سێ مانگ دواتر ئەو چالاکانە کەمپەینی «یەک میلیۆن واژۆ» یان ڕاگەیاند کە ئامانج کۆکردنەوەی یەک میلیۆن واژۆ بۆ گۆڕینی ئەو یاسایانە بوو. ئەگەرچی ئەو هەوڵەی ژنانی ئێرانی نەیتوانیوە هیچ یاسایەک بگۆرێ، بەڵام توانیوێتی پێوەندێکی بەرین لە نێو چالاکانی فێمێنیست و ژنانی نەخوێندەوار و ناچالاک دروست بکا و هەروەها باسی یەکسانی یاسایی و پێگەی ژنان لە ئیسلام دا بە شێوەیەکی جیدیی لە نێو کۆمەڵگەی ئێراندا بێنێتە بەرباس. ژنانی کورد لە ئێران لە لایەک هیچ دەسەڵاتێکیان نەبووە تا یاساکانی ئێران بخەنە ژێر پرسیار و لە لایەکی دیکە ئەوان بە هۆی کێشەی نێوان کورد و ناوەند حەزێکی ئەوتۆیان نیشان نەدا بۆ ئەوەی ببنە بەشێک لەو کەمپەینە.

## ژنانی ڕۆژهەڵات و سیاسەت

ژنانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕوانگەی سیاسییەوە چ لە نێو کۆماری ئیسلامی دا و چ لە نێو بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی کورد دا دەسەڵاتێکی ئەوتۆیان نەبووە. بە پێی ئاماری ڕێکخراوی ئاشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ژنان ٣.١% پارلمانی ئێران پێکدێنن و زۆرترین بەشداری ژنان لە پارلمانی ئێراندا لە ساڵەکانی ١٩٩٧ - ٢٠٠٠ لە دەورانی خاتەمی دا بووە کە ٤.٩% بووە. لە مێژووی دەسەڵاتداریێتی کۆماری ئیسلامی دا ژنان لە دەوڵەتدا توانیویانە چەند پۆستێکی کەم بەدەست بێنن. لە ساڵی ٢٠٠٩ بۆ یەکەمجار ژنێک وەک وەزیر هەڵدەبژێردرێ و مەرزیە وەحید دەستگێردی وەک وەزیری تەندروستی دیاری دەکرێ. سەرەرای ئەوەی ٧٠% ژنان دەنگیان بە حەسەنی روحانی دا بەڵام لە کابینەی روحانی دا هیچ وەزیرێکی ژن نیە. ئەگەرچی بەشداری ژنانی ئێرانی بە گشتی لە پارلمان و دەوڵەت دا زۆر کەم بووە، بەڵام پێگەی ژنانی کورد لەوان زۆر لاوازتر بووە. لە مێژووی کۆماری ئیسلامی دا واتە لە ٣٦ ساڵی ڕابردوودا هیچ ژنێکی کورد نەبووەتە پارلمانتار. هیچ ژن یا پیاوێکی کوردیش لە کۆماری ئیسلامی دا نەبووەتە وەزیر. هەر بۆیە بەشداری و پێگەی سیاسی ژنانی ئێرانی (فارس) لە پێگە و بەشداری پیاوان و ژنانی کورد باشتر بووە. ژنانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەک هەر نەیانتوانیوە لە نێو کۆماری ئیسلامی دا خاوەنی دەسەڵاتی سیاسی بن، بەڵکوو لە نێو ئەحزابی کوردیشدا دەسەڵاتێکی ئەوتۆیان نەبووە. تەواوی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ٧٠ ساڵی ڕابردوودا سکرتێری پیاویان هەبووە.

بۆ یەکەم جار لە کۆنگرەی ٤ی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە مەهاباد فەوزیە قازی وەک کۆمیتەی ناوەندی هەڵدەبژێردرێ. دواتر ناوبراو لەگەڵ گرووپی حەوت کەسی دەکەوێ و حیزبی دێموکرات تا کۆنگرەی ١١ هیچ ئەندامێکی

کۆمیتە ناوەندی ژنی نابێ. لە کۆنگرەی ١١ تا ١٤، خەدیجە مەعزوور تەنیا ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان بووە. لە کۆنگرەی ١٤ و لە ساڵی ٢٠٠٧ بەملاوە هەڵاواردنی ئەرێنی بۆ ژنان بەکار دێ و ئێستا ٥ ژن وەک ئەندامی ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان کار دەکەن. دیارە ئەو هەڵاواردنەش بە واتای ئەوە نییە لە کردەوەدا دەسەڵاتی ژنان لەو حیزبانەدا زیاتر بووە. بۆ نموونە کوێستان فتووحی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حدک، ئاماژە بەوە دەکا کە لەو هەیئەتەی حدک و حدکا بۆ پرسی یەکگرتنەوەدا دایاننــاوە، هیچ ژنێکی ڕێبەری تێدا نیە. لە نێو ڕێکخراوی کۆمەڵەشدا بەشداریی ژنان لە ئاستی ڕێبەریی زۆر لاواز بووە. بە وتەی فەریبا محەممەدی، ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی کومەلەی زەحمەتکێشانی کوردستان، لە سەرەتای چالاکیی حیزبی کومەلە لە ساڵانی ١٣٥٧ - ١٣٦٢ هیچ ژنێک لە ئاستی ڕێبەریی کومەلەدا بەشدار نەبووە. لە ساڵی ٢٠٠٠ و لە کۆنگرەی ٩ی کومەلەدا ژنان بۆ یەکەم جار توانیویانە ببنە بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی. لە ئێستادا لە کومەلەی زەحمەتکێشانی کوردستان دا تەنیا یەک ژن هەیە کە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بێ کە ئەویش فەریبا محەممەدیە. لەکۆمەلەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێرانیش تەنیا یەک ژن بوونی هەیە کە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بێ کە ئەویش ناهید بەهمەنیە و وەک ئەندامی دەفتەری سیاسیش هەلبژێردراوە. جێگەی ئاماژەیە کومەلەکان لە «هەڵاواردنی ئەرێنی» بۆ بەشداری زیاتری ژنان کەڵک وەرناگرن.

لە بواری نیزامیش لە مێژووی خەباتی دێموکراتەکان و کومەلەکان، هیچ ژنێک نەبۆتە فەرماندەی نیزامی. بە پێی ئاماری کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانیش لە ڕێژەی نزیک ٥٠٠٠ شەهیدی حیزبی دێموکرات تەنیا ٢٨ کەس ژن بوون. لە ڕاستیدا پیاوسالاری خاڵی هاوبەشی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. هەمووی ئەو ئامارانە ئەوە دەردەخەن کە بۆ ناسیۆنالیزمی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بابەتی یەکسانی ڕەگەزی و پێگەی ژنان بایەخێکی ئەوتۆی نەبووە و لە پراکتیکدا ئەوان حیزبگەلێکی پیاوسالارن. دیارە زۆر جار نەبوونی ژنان لە نێو ئەو حیزبانە بەمجۆرە وەڵام دەدەنەوە کە ژنان هەر وەک پیاوان مافیان هەیە خۆ کاندید بکەن یان ئەوەی ژنی بەتوانامان نییە. بەڵام کاری حیزبێکی ناسیۆنالیستی ئەوەیە نەتەوەکەی بەهێز بکا و ژنانیش نیوەی ئەو نەتەوەیەن. بۆ نموونە ئەگەر ئەوەندەی دوکتور قاسملوو لەسەر چەپ و سوسیالیزمی دێموکراتیک نووسی و پێداگری کرد، هەر ئەوەندەش لەسەر فێمێنیسم کاری کردبا، گومانم نییە حیزبی دێموکرات ئێستا بە نیسبەت بەشداری ژنان لە کوردایەتی و سیاسەتدا زۆر سەرکەوتووتر دەبوو.

## ژنان لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

بە گشتی ژنان لە کۆمەڵگەی ئێران دا لە ژێر سەرکوتی پیاوان دان، بەڵام ڕادەی ئەو توندوتیژییە دەرهەق بە ژنان لە نێو کوردەکان زۆر زیاترە. توندوتیژی دەرهەق بە ژنان دەکرێ بە شێوازی جۆراوجۆر ئەنجام بدرێ. کوشتنی نامووسی یەکێک لەو شێوازە هەرە قێزەونانە کە لەودا بە شێوەی گشتی خزمی نزیکی ژنێک، ئەو دەکوژن بۆ ئەوەی لە نێو کۆمەڵگەدا نازناوی خۆیان بپارێزن. بە پێی لێکۆڵینەوەی ناوەندێکی زانیاری سەربەخۆی نورویژ (Ladinfo)، کوشتنی نامووسی لە تەواوی ئێراندا ڕوو دەدا، بەڵام دیاردەی کوشتنی ژنان لە ژێر ناوی نامووس لەو ناوچە غەیرە فارسەکان باو و بەرچاوە. بە پێی لێکۆڵینەوەی ئەو ڕێکخراوەیە دیاردەی کوشتنی ژنان لەژێر ناوی نامووس لە ناچە کوردییەکان زۆرە و پارێزگای ئیلام زۆرترین ئاماری کوشتنی نامووسی هەیە. خۆسووتاندنی ژنان دیاردەیەکی دیکەیە کە لەودا ژنان خۆیان هۆکاری ڕاستەوخۆی



سەرچاوە
Serchawe

کوشتنی خۆیانن بەڵام کەسانی دیکەش لە خۆسووتاندنی ژنان ڕۆل دەگێرن. لە ئاستی جیهانی دا ئێران لە دوای هێندوستان زیاترین ژمارەی خۆسووتاندنی تێدا ئەنجام دەدرێ و ژنان ٧١٪ قوربانیانی خۆسووتاندن پێک دێنن. خۆسووتاندنیش لە ناچە غەیرە فارسەکانی ئێران زیاترە و ئیلام و لورستان زیاترین ژمارەی خۆسووتاندنی ژنانیان هەیە (Boostani). ئەوە نیشان دەدا کە ژنانی کورد بە بەراورد بە ناوچەکانی دیکە بەتایبەت بە بەراورد بە ناوچە فارسەکان زیاتر ڕووبەڕوی توندوتیژی دەبنەوە. توندوتیژی دەرهەق بە ژنان تەنیا لە ڕێگەی پیاوان ئەنجام نادرێ و زۆر جار ژنان خۆیان توندوتیژی دەرهەق بە ژنانی دیکە دەکەن. لە لێکۆلینەوەیەکی مەیدانی کە شەهێن بایەزیدپوور لە پێوەندی لەگەڵ دیاردەی خۆکوشتنی و خۆسووتاندنی ژنان لە بۆکان کردویەتی، نزیک ٨٠٪ قوربانیانی ئەو کەیسانە لە لایەن ژنێکی دیکە (دایک، خوشک و...) لۆمە کراون و قسەی سووکیان پێ وتراوە. هەر بۆیە زۆرێک لە ژنانیش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پیاوسالاریان لە ناخی خۆیاندا جێ کردۆتەوە و ئەوان بە بیرکردنەوە پیاوان بەڵام خاوەنی جسمێکی ژنانەن.

## ئاکام گیری

چالاکانی فێمێنیست لە ڕۆژهەلاتی کوردستان پێویستە هاوکات دوو خەبات بگرنەبەر. یەکەم خەبات بکەن لە دژی پیاوسالاری بزووتنەی ناسیۆنالیستی کورد و دووهەم خەبات بکەن لە دژی پیاوساری کۆمەڵگەی کوردی. پیاوانی کورد ئەو دەرفەتەیان هەبووە کە بچنە پارلمانی ئێران، ئەوان بزووتنەوەی ناسیۆنالیستیان ڕێبەری کردوە و بە گشتی پیاوان نوێنەرایەتی گەلی کوردیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردوە. بەڵام سیاسەتی پیاوانی کورد لە هیچ بوارێکدا نەیتوانیوە چالێشێک بۆ دەسەڵاتدارێتی نەتەوەی فارس دروست بکا. کەوایە ژنانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێویستە شۆناسی سیاسی خۆیان لە بزووتنەوەی ناسیونالیستی پەیدا بکەنەوە. بە واتایەکی دیکە ئەگەر ژنانی کورد دەیانهەوێ نوێنەرایەتی خەباتی نەتەوایەتی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بکەن، با ئەو خەباتە چیدیکە لەڕێگەی حیزبەکانی پیاوساڵاری ڕۆژهەلاتی کوردستان نەکەن. ڕەنگە ئایدیای ڕۆیا تلوعی لەمەر دامەزراندنی حیزبێکی فێمینیستی ژنانی کورد ڕێگەیەک بێ بۆ ئەوەی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە شۆناسی خۆیان خەبات و کوردایەتی بکەن.

سەرچاوەکان:

«M. Bennet, Judith. «Feminism and History
«Connell, RW. «Gender and Power
Nicholson, Linda. «The Second Wave,» Published in Great Britain in 1997
LANDINFO, «Report Iran: Honour Killings» Published In May 2009
Official Laws against Women in Iran from www.wfafi.org/laws.pdf
Boostani, Dariush. «Women victims of self-immolation: a ‹Grounded Theory› Study in Iran, Published in 2012
www.feministshcool.com
:States held by women in national parliament» from»
http://data.un.org/Data.aspx?q=iran&d=MDG&f=seriesRowID%3A557%3BcountryID%3A364
:Tisdall, Simon. «Iran Appoints First Female Minister for 30 Years,» Published in Guardian
http://www.theguardian.com/world/2009/sep/03/iran-woman-cabinet-minister



سەرچاوە
Serchawe

:Esfandiari, Haleh. «The women›s Movement» from
http://iranprimer.usip.org/resource/womens-movement

لە ژمارە ٦٤٢ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤

---------------------------------------------------

## ئەسید پێداکردن وەک لێکەوتەی بە پیروزکردنی توندوتیژی بە دژی ژنان

لە چەند هەفتەی ڕابردوو لە شاری ئیسفەهان چەند ژنێک کە ژمارەیان ڕەنگە ١٥ کەس بێ، ڕووبەڕوی ئەسید پێداکردن بوونەوە. ئەو ڕووداوانە بۆتە هۆی گیان لەدەست دانی چەند کەس لەو قوربیانیانەش بەڵام بە هۆی سانسۆری توونـدی کۆماری ئیسلامی ناوی ئەو کەسانە ڕوون نیە. سوهەیلا جورکش یەکێک لەو کچە قوربانیانەی شاری ئیسفەهانە کە بە هۆی ئەسید پێداکردن یەکێک لە چاوەکانی لە دەست داوە و چاوەکەی دیکەشی تەنیا ٣٠ لەسەدی بینایی ماوە. خەڵکی ئیسفەهان لە ڕۆژی چوارشەممە ٢٢ی ئوکتوبر خوپێشاندانێکیان لەبەردەم دادوەری ئیسفەهان بەڕێوە برد و داوای گیرانی تاوانبارانی ئەو ڕووداوانە و دابین کردنی ئەمنییەتیان دەکرد. ژمارەیەک خەڵکیش لە تاران لەبەردەم پارلمانی ئێران خۆپێشاندانێکی نارەزایەتیان بە دژی ئەسید پێداکردن بەڕێوە برد کە قوربانیانی پێشووی ئەسید پێداکردنیش بەشدارییان کردبوو. تێرامان لەوەی کە ئەو ڕووداوانە چەندە دەستی ئیتلاعاتی ئێرانی لە پشتە و چەندە پێوەندی بە بەڕێوەبردنی حیجاب هەیە پربایەخە. هەروەها لە کۆمەڵگەیەک وەک ئێران دا کە بەسەر گرووپی ئێتنیکی جیاوازدا دابەش بووە، لەهەر ڕووداوێکی گەورەی کۆمەڵایەتی و سیاسی دا، ئەو گرووپە ئێتنیکیانە تەماشای یەکتر دەکەن کە کاردانەوەی لەمەر ئەو ڕووداوە چێ بووە و چۆن هەڵسووکەوتی کردوە. بە واتایەکی دیکە کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات لە بەرامبەر ئەو ئەسید پێداکردنانە چی کرد؟

### وەزارەتی ئیتلاعات و ڕووداوەکانی ئەسید پێداکردن

ئەو ڕووداوانەی ئەسید پێداکردن لە کەیسەکانی ڕابردووی ئەسید پێداکردن جیاواز بوو. لە ڕابردوو کەسانێک زۆرتر بە هۆی بوونی ناکۆکی شەخسی ئەسیدیان بە کەسێکی دیکەدا دەکرد بەڵام ئەمجارە چەند کەیسی ئەسید پێداکردن لە شاری ئیسفەهان بەدوای یەک و بە بێ بوونی هۆکاری شەخسی ڕوویدا بۆ ئەوەی پەیامێکی کومەڵایەتی و سیاسی بدا. ئیدارەی ئیتلاعات تاکوو ئێستا هیچ تاوانبارێکی لەو پێوەندییەدا دەستگیر نەکردوە جێگە لە ئاریا جەعفەری، فۆتۆگرافی هەوالنێری خوێندکارانی ئێران (ئیسنا)، کە بە تاوانی بلاوکردنەوەی وێنەی خۆپێشاندانی نارەزایەتی خەڵک دەستەبەسەر

کراوە. بەشێک لە لایەنگرانی رژێم وەک هەمیشە دەستی بێگانە لەو ڕووداوانەش دا دەبین و بە قەولی سادقی زیباکەلام، لە رەوتی قەتلە زنجیرەییەکانیشیان هەر ئاماژەیان بۆ ولاتانی بێگانە دەکرد هەتا ئەوەی دواتر دەرکەوت کەسانێک لە وەزارەتی ئیتلاعات هەستیان بە تەکلیفی شەرعی کردوە و ئەو کەسانەیان کوشتووە. لە راستیدا بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی و وەزارەتی ئیتلاعات لە هەوڵ دان کە ئەمجارەش وەک هەموو کەیسەکانی دیکە، ئەو کەیسانەش بە ناروونی بێلنەوە و هیچ تاوانبارێک دەستەبەسەر و دادگایی نەکرێ. محەممەد نوریزاد لە کاتی قسەکردن لە دوو ساڵەی کوشتنی سەتاری بەهەشتی وتی "شانازی بەوە دەکەن کە ریگی یان لە ئاسمان دا گرت، ئێستاش ئەگەر لەو ڕووداوانە بەشدار نین، توانای خۆتان نیشان بدەن و تاوانباران دەستبەسەر بکەن."

## ناکارامەیی دەوڵەتی روحانی

ئەگەر چی دەوڵەتی روحانی نەیتوانیوە بەڵێنەکان دەرهەق بە مافی ژنان، مافی نەتەوەکان، بەدیهێنانی ئازادییەکی رێژەیی لە زانکۆ، چاپەمەنی و... بە جێ بێنێ بەڵام وەک ئەحمەدی نژادیش دەستپێشخەر نەبووە لە ئەمنییەتی کردنی زیاتری فەزای کومەڵایەتی ئێران. هەر بۆیە بە روونی دەردەکەوێ کە کێشەی جیددی لە نێوان دەوڵەت، پارلمان و دەزگای دادوەری هەیە. پارلمان نەک هەر رەزا فەرەجی دانا، وەزیری خوێندنی بالا، لە سەر کار لابرد بەڵکوو لە هەوڵی پەسەندکردنی یاسای پاراستی حیجاب و عفافیش دابوو. لە لایەکی دیکە هەرچەند روحانی لە دانیشتنی کابینەی وەزیران ڕووداوەکانی ئەسیدپێداکردنی مەحکووم کرد و گرووپێکیشی ڕاسپاردوە کە بەدواداچوون بۆ ئەو کەیسانە بکەن بەڵام وەزارەتی ئیتلاعات و دەزگای دادوەری فەرمان لە سەرۆک کۆمار وەرناگرن. ئەو ڕووداوانە هەرچی زیاتر ناکارامەیی دەولەتی روحانیان نیشان دا و وەک تۆلە ئەستاندنەوەیەکی دەزگاکانی سەر بە خامنەیی و کۆنە پارێزان لە رێفورمخوازان دەردەکەوێ.

## خۆپێشاندانی نارەزایەتی دژ بە ئەسید پێداکردن

خۆپێشاندانی نارەزایەتی ٢٢ی ئوکتوبر لە ئیسفەهان زۆر خاڵی ئەرێنی هەبوو. یەکێک لەوان ئەوە بوو کە ژمارەیەکی زور گەنج بە تایبەتی کورانی گەنج هاورێ لەگەڵ کچانی گەنج بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانە ئەو کردەوە قزەونانەیان مەحکووم کرد. نارەزایەتییەکە نیشانی دەدا کە ئەوە کولتووری خەڵک نیە کە لە ژێر ناوی پاراستی حیجاب و ئیسلام، ئەسید بە کەسانێکی دیکەدا بکەن. بەڵام یەکێک لە خالە لاوازەکانی ئەو خۆپێشاندانە ئەوە بوو کە کەسانێکی نەبوو کە وەک نوێنەر و قسەکەری نارازیان دەربکەون. ئەوە لە حالێکدایە لە تاران، چالاکانێک وەک نەسرین ستوودە، محەممەدی نوری زاد و ... بە بێ ئەوەی ململانێ بۆ بە دەستەوە گرتنی رێبەری خۆپێشاندانەکە بکەن، متمانەیەکی کۆمەڵایەتی بەو کەسانە کرا بۆ ئەوەی رێبەری نارەزایەتییەکە بکەن. ئەوەش ئەو خالە بەرجەستە دەکاتەوە کە بوونی کەسایەتی مەدەنی و سیاسی دیار کە جێگەی متمانەی خەڵک بێ، کە بەهای نارەزایەتی دابێ و راشکاوانە خەباتێکی مەدەنی بکا، بۆ ئاراستە بەخشین بە نارەزایەتی جەماوەری زۆر پربایەخە. رەنگە یەکێک لەو پرسیارانەی کە پێویستە ڕووبەروی ئەو خۆپێشاندانە و خۆپێشاندانەکانی رابردووش بکرێ ئەوەیە کە ئاخۆ ئەو کەیسانە و قوربانیانی پاش ماوەیەکی دیکە لە بیر دەکرن و ئەو نارەزایەتیانەش دیسان بە بێ دەستکەوت کۆتایی پێ دێ؟ بۆ نارەزایەتی لە نێو ئێراندا لە رەهەندی بەردەوامی و

پشوودرێژی بەهرەمەند نیە؟

## کوردستان بۆ خۆپێشاندانی نەکرد؟

کوردستان هەم لە بواری مەدەنی و هەم لە بواری فمێنیستی نیشانی داوە کە دەتوانێ چالاک بێ. کوردستان و بە تایبەتی مەریوان لە رەوتی سزادانی تاوانبارێک بەدەبەرکردنی جلی ژنانە لە ١٥ی ئاوریلی ٢٠١٣، کەمپەینێکی گەورەی لە دژی ئەو کردەوەیە بەرێوە برد. ئەو کەمپەینە هەم دەنگدانەوەی نێوخۆیی و جیهانی هەبوو و هەم لە کۆتایی دا سەرۆکی هێزی ئینتزامی، ئیسماعیل ئەحمەدی موقەدەم، داوای لێبوردنی لە سەرجەم ژنانی کوردستان کرد. کوردستان بۆ پشتگیری بەرخۆدانی کۆبانیش لە زوربەی شارەکان هاتە سەر شەقام. خەڵکی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان تەنانەت لە رۆژی شەممە ١ی نوامبەریش سەرەرای رەوشێکی ئەمنییەتی توند، لە شارەکانی کوردستان و بە تایبەتی لە سنە هاتنە سەر شەقام. کەوایە ئەوەی کوردستان گرینگی بە کەیسەکانی ئەسید پێداکردنی ئیسفەهان نەدا بە هۆی ئەوە نیە کە توانای ئەنجامدانی نارەزایەتی نەبوو بەڵکوو زۆرتر وەک جورێک بایکۆتکردنی سیاسی و کومەڵایەتی ناوەند و فارسەکان لە لایەن کوردەکان دەردەکەوێ. دیارە هیچ شارێکی فارس نشینیش پستگیری لە خۆراگری کۆبانی نەکرد کەوایە بایکۆتێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی دوو لایەنە لە نیوان نەتەوەکانی ئێران بە تایەتی لە نێوان فارس و کورد لە ئارادایە. سەیریش ئەوە لە حالێکدا لە نیو خەڵکی کورد و فارس دا ئەو بایکۆتە سیاسی و کۆمەڵایەتییە هەیە، حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان و کەسایەتی و رێکخراوەکانی سیاسی فارس، تەنانەت ئەوانەی قسەی یەکەم و دواییان پاراستنی خاکی ئێرانە، پێکەوە دانیشتن دەکەن. بۆ نموونە زوربەی حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لەگەل ئوبولحەسەنی بەنی سەدر دیدار و دانیشتنیان کردوە.

ئەوەی کەیسگەلێکی مافی مرۆیی وەک کەیسەکانی ئەسید پێداکردن لە ئیسفەهان نابێتە هۆی وەخۆکەوتنی چالاکانی فێمێنیستی و مەدەنی کوردستان نیشانەی کرچ و کالبوونی بەها مرۆیی و فمێنیستییەکانە و لە راستیدا ناسیۆنالیستیزە کردنی مافی مرۆڤە. واتە پێش لەوەی چالاکی مافی مرۆڤ یان فێمێنیست بن، خۆیان بە کورد دەزانن و تەنیا ئەو کەیسانە دەچنە خانەی پشتگیری کردن کە کورد بن. لێردایە کە هەم چالاکانی فێمێنیستی و مافی مرۆیی کورد و فارس دەبێ وڵامی ئەو پرسیارە بدەن کە ئاخۆ چەمکگەلی پێوەندیدار بە مافی مرۆڤ و فێمێنیستی لە لایەن ناسیۆنالیستە کورد و فارسەکان هاتۆتە ئاراوە؟

## ئاکام گیری

پێویستە نارەزایەتی دەرهەق بە پێشێل کردنی مافی مروڤ و مافی ژنان بابەتێکی کاتی نەبێ و بە بەردەوامی و بە شێوەیەکی هەمەلایەنە کار بۆ بڵاوکردنەوە هوشیاری لەو پێوەندییەدا بکەین. مافی مرۆڤ کە مافی ژنان، کولبەران، منداڵان و ... لە خۆ دەگرێ دەتوانێ بەستێکی بەرفراوان بێ بۆ ئەوەی چالاکانی مەدەنی کورد و فارس لەگەڵ یەکتر هاوکاری بکەن. پێویستی ئەو هاوکارییەش لەوە دایە کە ئەگەر چی کوردەکان بە شێوەیەکی سەمبۆلیک لەگەڵ کۆبانی دا بن بەڵام

ئەوان لە جۆغرافیا، پێکهاتەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بە ناوی ئێران دا دەژین. هەر بۆیە باشتر وایە کە هەر کەیسێکی وەک ئەو کەیسانەی ئەسید پێداکردنی ئیسفەهان هاوکاری و هاوبەشییەکی زورتر نیشان بدەین.

**سەرچاوەکان**:

اسید پاشی به زنان، نهی از منکر یا انگیزه شخصی، رادیو زمانه
چگونه شهری نا امن برای زنان بسازیم، حمیده چگونیان، سایت اخبار روز
عکاس تجمع علیه اسیدپاشی اصفهان دستگیر شد، بی بی سی فارسی
یک قربانی اسید پاشی فوت شد، سایت هم میهن
فرمانده نیروی انتظامی از زنان کرد عذرخواهی کرد، رادیو زمانه

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٤ی نۆڤەمبەری ٢٠١٤

--------------------------------------------------

## حیجاب، ئایین و پیاوساڵاری

حیجاب لە ئیسلام دا بە داپۆشینی مل و مووی سەر لە لایەن ژنانی موسلمان دەگوترێ. حیجاب یەکێک لەو بابەتە باس هەڵگرانەی چەند دەیەی ڕابردووی جیهان و بە تایبەتی لە جیهانی ئیسلام بووە. بە گشتی فێمینیستە ڕۆژئاواییەکان وەک یەکەم بەڵگە بۆ سەرکوتی ژنان لە نێو وڵاتانی ئیسلامی ئاماژە بە حیجابی زۆرەملی دەکەن چونکە حیجاب جیاوازییەکەی بەرهەستی نێوان ژن و پیاوی موسلمانە. لە وڵاتانی موسلمان کە ژمارەی ئەو ژنانەی بە شێوەی دڵخواز یان بە هۆی گۆشاری کۆمەڵایەتی و سیاسی حیجاب ڕەچاو دەکەن زۆر بێ و هەر بۆیە پۆشینی حیجابیش وەک بابەتێکی ئاسایی تەماشا بکرێ. بەڵام ژیانی ژنانی موسلمانی حیجابی کە لە وڵاتانێک دەژین کە موسلمانان تێیدا کەمینەن ژیانێکی دژوارە و هێندێکجار بە شێوەیەکی ناشیرین هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکرێ و تەنانەت شانسی پەیداکردنی کاریشیان کەم بێتەوە. بۆ ژنێکی موسلمان گەران لە شەقامەکانی نیۆیورک لە دوای ڕووداوە تێرۆرسیتیەکانی ١١ی سپتامبەر و پۆشینی حیجاب، کارێکی ئەستەم بووە. لە لایەکی دیکە ژنان لە وڵاتانی موسلمان بە گشتی ڕووبەڕوی توندوتیژی دەبنەوە و ئەو توندوتیژییە بۆ ژنانێک کە موسلمان نین بەڵام لە وڵاتانی موسڵمان دا دەژین چەند قاتە. هەر بۆیە حیجاب وەکوو پرسیارێکی گرینگی ژنان، پێویستە تێرامانی لەسەر بکرێ. کۆمەڵێک پرسیاری گرینگ لە پێوەندی لەگەڵ حیجاب دا بریتین لە:

حیجاب لە ئیسلام دا چ پێگەیەکی هەیە؟ ئایا لە قورئان دا باسی پێویستی حیجاب بۆ ژنان کراوە؟ ئایا قورئان جەخت

لەسەر حیجابی زۆرەملی دەکا؟ پیاوسالاری و سیاسەت چەندە لە زۆرەملی کردنی حیجاب لە ولاتانی ئیسلامی دا رۆل دەگێرێ؟ ئاخۆ حیجاب لە ئیسلام دا بۆ پێشگرتن لە حەزی سێکسییە؟

**حیجاب لە قورئان دا**

بەشێک لە زانایانی ئیسلامی جەخت لەسەر چەند ئایەتێک لە سورەکانی ئەحزاب و نور وەک بەلگە بۆ پێداگری کردنی قورئان لەسەر حیجاب دەکەن. یەکێک لەو ئایەتانەی زۆرتر جەختی لە سەر دەکرێتەوە ئایەی ٣١ سورەی نورە :" قُلْ لِلْمُؤْمِنَاتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَارِهِنَّ وَيَحْفَظْنَ فُرُوجَهُنَّ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَى جُيُوبِهِنَّ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ" بەردەنگی ئەو ئایەتە ژنانی ئیماندار و موسلمانە و هەروەها بە پێی وتەی سروشی دەباغ ئەو ئایەتە و هیچ یەک لە ئایەتەکانی قورئان جەجت لە سەر داپۆشینی مووی سەر و مل ناکەن. هەوروەها دەباغ جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە لە کاتی پێغەمبەر ژنانی کوێلە حیجابیان نەبووە کەوایە حیجاب بۆ ئەوە نەبووە کە پێش بە بابەتگەلی سێکسی بگرێ. حیجاب زۆرتر جۆرێک لە جیاکردن و بەرجەستەکردنی پێگەی کۆمەلایەتی بەرزتری ژنانی موسلمان لە ژنانی ناموسلمان و ژنانی کوێلە بووە. جلوبەرگ لە رابردوودا یەکێک لە گرینگترین ئامرازەکانی نیشانەی پێگەی کۆمەلایەتی یەک کەس بوو. بۆ نموونە دەبەرکردنی پارچەی پەشم نیشانەی سەمبۆلی هەبوونی پێگەیەکی ئابووری و سیاسی بەرز بوو. هەروەها حیجاب نە بە پێی قورئان و نە بە پێی حکوومەتی پێغەمبەر پێویستییەکی سەرەکی موسلمان بوون نەبووە. موحسینی کەدیور،نووسەر و ئیسلام ناس، باس لەوە دەکا کە ئایەتەکانی پێوەندیدار بە حیجاب لە سالی شەشەمی هیجرەت نازل بووە. کەوایە موسلمانان بۆ سالانێکی زۆر کە لە مەککە و مەدینە بوونە، حیجاب (بە واتای خۆداپۆشینی ئیسلامی) یان نەبووە. کەدیوەر هەروەها باس لەوە دەکا کە تەنانەت یەک رەوایەتیش (حدیث) نیە کە باس لەوە بکا کە لە سەردەمی پێغەمبەردا کەسانێک بە هۆی بێ حیجابی سزا درابن.

## حیجاب لە ئێران

ژنانی ئێران لە ئێران پێش لە هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامیش جۆرێک لە خۆ داپوشینیان هەبووە. لە سالی ١٣١٤، رەزا شا لە دوای گەرانەوەی لە تاکە سەفەرێک کە بۆ تورکیە کردی، فەرمانی کەشفی حیجابی دا. ئەو فەرمانە بووە هۆی ئەوەی حیجاب رەهەندێکی سیاسی بەخۆوە بگرێ. دیارە فەرمانی کەشفی حیجاب چاولێکەرییەکی ساویلکانەی کەمالیسمی تورکیە بوو چۆنکە رەزا شاە جەختی لەسەر مافی دەنگدانی ژنان نەدەکردەوە بەلام دەیویست لە رێگەی لابردنی حیجاب رۆخساری کۆمەلگەی ئێران مودێرن نیشان بدا. هەر بۆیە لە دوای هاتنەسەر دەسەلاتی کۆماری ئیسلامی ئێران، بە یاسایی کردن و بە زۆرە ملی کردنی حیجاب رەهەندێکی دژە پاشایەتی و تەنانەت دژە ئەمپریالیستیشی بە خۆیەوە گرت. بە پێی مادەی ١٠٢ یاسای سزای ئیسلامی کۆماری ئیسلامی ئێران پەسندکراوی سالی ١٣٦٢، ژنانێک کە لە فەزای گشتی بە بێ حیجاب دەربکەون، بە زیندانی تەحزیری هەتا ٧٤ شەلاق مەحکووم دەکرێن. لە سالی ١٣٧٢ پارلمانی ئێران یاسای مەدەنی ژمارە ٦٣٨ پەسند کرد و بە پێی ئەو یاسایە ، ئەگەر ژنێک بە بێ رەچاوکردنی حیجاب لە فەزای گشتی دا دەربکەوێ بە دە رۆژ تا دوو مانگ زیندانی یان بە دانی جەریمەی ٥٠ تا ٥٠٠ هەزار تمەن مەحکوم دەکرێ.



سەرچاوە Serchawe

## حیجاب و پیاو سالاری

حیجابی زۆرەملی لەگەڵ ئەوەدا کە نە بە پێی قورئان و نە بە پێی ژیانی پێغەمبەر ڕەوایەتی هەیە بەڵام لە ئێران و عەرەبستان پێداگری لەسەر دەکرێ. لە ئێران پۆلیس یەکێک لە کارە گرینگەکانی ئەوەیە کە چاوەدێری ئەوە بکا مووی سەری ژنێک دەرنەکەوتبێ و هەستی سێکسی پیاوان نەبزوێنێ. بەراستی حیجاب دەبێ هەتا کوێ بێ هەتا هەستی سێکسی پیاوان نەبزوێ؟ ئایا ئەگەر نیقاب ببەستن یان چادرە بپۆشن، پیاوان چاکتر دەتوانن خۆیان کۆنترول بکەن؟ لە لایەکی دیکە بۆ ئەو ئەخلاق و پاکییە هەر دەبێ لە لایەن ژنانەوە ڕەچاو بکرێ؟ لە وڵاتانێکی وەک مالزی، ئەندونیزیا، تورکیە و ... ڕێژەیەکی زۆر موسڵمان هەیە، ژنان ئازادن حیجاب ڕەچاو بکەن یان نا. وێنەیەک کە ئەو وڵاتانە لە ئیسلام نیشانی دەدەن لە وێنەیەک کە کۆماری ئیسلامی ئێران و پاشایەتی عەرەبستان لە ئیسلام نیشانی دەدا لە ئاستی جیهانی دا زۆر پەسندترە.

لە عەرەبستان ژنان بۆ وەرگرتنی ئیجازەی ماشێن لێخورین کێشەیان هەیە، ئایا ئەوە لە قوئان دا هاتووە کە ژنان ماشێن لێ نەخورن؟ لە کۆماری ئیسلامی ئێران دا بە پێی یاسا ژنان ناتوانن ببنە بەرپرسی دەزگای دادوەری، ئایا قورئان باس لەوە دەکا؟ لە کۆماری ئیسلامی ئێران دا ژنان ناتوانن بچنە نێو ستۆدیوم و تەماشای فوتبال بکەن، ئایا قورئان یان پێغەمبەر باس لەوە دەکا؟ تالیبانی ئەفغانستان دژی خوێندنی ژنانە، ئایا لە قورئان باس لەوە دەکا؟

هەمیشە پیاوان تەفسیری ئایاتی قورئانیان کردوە و تەفسیرێکی پیاوسالاریان لە ئیسلام پێشکەش کردوە. پێغەمبەر وتوویەتی کە بەهەشت لەژێر پێی ژنان و دایکان دایە واتە ڕەزایەتی دایکان پێویستییەکی سەرەکییە بۆ موسلمانان. خێزانی خۆدی پێغەمبەر بازرگان بووە و کاری کردوە. ژنان لە ریزی یەکەمین موسڵمانان دا بوون. هەروەها سوننەکان زۆرێک لە حەدیثەکان لە عایشە، خێزانی پێغەمبەر، وەرگرتووە. هەر بۆیە ژنان سەرچاوەیەکی گرینگی حەدیسیش بوون. هەروەها پێغەمبەر لە دوایین خوتبەی خۆیدا جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە لەگەڵ ژنان هەڵسووکەوتی شیاو بکرێ (al-Hibri).

## ئاکام گیری

زۆرێک لەو یاسانەی لە وڵاتانی ئیسلامی بەرێوە دەچێ هیچ بنەمایەکی شەرعی و قورئانی نیە. بە پێی زۆرێک لە ئیسلام ناسان و شارەزایانی قورئان، حیجابی زۆرەملی هیچ بنەمایەکی قورئانی و شەرعی نیە. بەداخەوە فێمێنیستەکان و ژنانی موسلمانیش هەوڵیان نەداوە کە بە شارەزایی لە قورئان و مێژووی ئیسلام بەرەنگاری پیاوسالاری لەژێر پەردەی ئایین و ئیسلام ببنەوە. پیاوسالاری ئایینی یەکێک لەو بابەتە گرینگانەیە کە حیزبەکانیش دەبێ جەختی لەسەر بکەنەوە چونکە کۆماری ئیسلامی نموونەیەکی بەرجەستە لە سیستمێکی پیاوسالاری شیعەیە.

**سەرچاوەکان:**


محسن کدیور، حجاب اجباری فاقد دلیل معتبر شرعی است، http://kadivar.com/?p=9381

محمد علی ایازی، حجاب "یک امر شخصی شرعی" است، سایت کلمه

حجاب در اسلام، برنامه افق در ٤ مارس، ٢٠١٣

مقالات سروش دباغ در مورد حجاب

Azizah Yahia al-Haribi, "Muslim Women's rights in The Global Village: Gallegos and Opportunities," Published by Journal of Law and Religion in 2009, http://www.jstor.org/discover/10.2307/1051514?uid=2&uid=4&sid=21105361672373


سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٨ی دێسەمبەری ٢٠١٤

---------------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٥

--------------------------------------

## ئەقڵانییەتی وتووێژ لە سیاسەتی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان

کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە دوو قۆناخی جیاوازی کۆماری کوردستان و شۆرشی ١٩٧٩ی گەلانی ئێران بۆ دەستەبەرکردنی مافە سیاسییەکانی کەوتە پێوەندی و وتوویژ لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی لە تاران. قازی محەممەد لە مانگی گوڵانی ساڵی ١٩٤٦سەردانی تارانی کرد و لەوێدا داوای پێدانی دەسەڵات بە کوردەکانی کرد. لەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئێرانیش، هێزەکانی کورد چەند جار لەگەڵ هەیئەتی دەوڵەت کە داریوشی فروهەر، وەزیری کاری دەوڵەتی کاتیی بازرگان، نوێنەرایەتی دەکرد دانیشتن و وتوویژیان کرد. بە ئاکام نەگەیشتنی وتوویژەکانی نێوان هەیئەتی وتوویژکاری کورد و کۆماری ئیسلامی ئێران، شەرێکی خوێناوی بەسەر کوردستاندا سەپاند کە خەسارێکی مرۆیی و ماددی گەورەی لێکەوتەوە. دواجار هێزە کوردییەکان لە ساڵی ١٩٨٠ بەملاوە بەرەبەرە کۆنترۆلی سەرجەم ئەو ناوچانەی لە ژێر دەسەڵاتیان دابوو لە دەست دا و کۆماری ئیسلامی لە بواری نیزامییەوە بە تەواوەتی کۆنترۆلی رۆژهەڵاتی کوردستانی بەدەستەوە گرت. لە ساڵی ١٩٨٩، دوکتور عەبدولرەحمانی قاسملوو سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات لە ڤییەن دانیشتنی لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی کرد بەڵام لە خولی دووهەمی وتوویژەکان بە دەستی ئەو نێردراوانە تێرۆر کرا. لە ساڵی کۆتایی دەوڵەتی ئەحمەدی نژاد دا، حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ شووڕای ئەمنییەتی نەتەوەیی ئێران لە هەرێمی کوردستان بۆ دوو جار دانیشتنی کردوە و جەختی لە چارەسەری پرسی کورد لە ڕێگەی ئاشیخوازانەوە کردوە. لەو وتارەدا هێندێک خاڵ بە نیسبەت وتوویژەکانی هەیئەتی نوێنەراتی کورد و حیزبی دێموکرات لە دوای شۆرشی ١٩٧٩ وەبیر دەهێنمەوە. هەروەها بە شوێن وڵامدانەوە بەو پرسیارەوە دەبم کە کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان و بە تایبەتی هێزە سیاسییەکانی کورد لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات بۆ پێویستە وتوویژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی دا بکەن، واتە وتوویژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران هەڵگری چ ئەقڵانییەتێکە و وتوویژ لە چ بەستێنێک دا بە ئاکام دەگا؟

### ئەقڵانییەتی وتوویژ

بیسمارک (١٨١٥ - ١٨٩٨)، یەکەمین سەدری ئەعزەمی ئالمان، بەمشێوەیە سیاسەت پێناسە دەکا کە «سیاسەت هونەری مومکینە». «سیاسەت دونیای واقعییەت دەکاتە بنەمای کاری خۆی نەک حەقیقەت، مەیدانی سیاسەت مەیدانی وتوویژکردن و رێککەوتنە نەک مەیدانی تۆران و وێککەوتن. ئەرکی سیاسەت ئەوە نییە حەقیقەتێکمان بۆ بدۆزێتەوە بەڵکوو ئەوەیە کێشە بەرهەست و رۆژانەکان چارەسەر بکا. یاریی سیاسەت یارییەکی دوو جەمسەری نییە کە لایەک براوە بێ و لایەکیتر

دۆراو، دواجار دەبێ هەر دوولا براوە بن یان هەست بە دۆڕان نەکەن» (بەشێک لە وتاری عەددنان حەسەنپور). ئەرکی حیزبە کوردییەکان ئەوەیە هەوڵ بدەن لە لانیکەمی دەرفەتەکانیش بۆ بەرەوپێشچوونی پرسی کورد کەڵک وەربگرن چونکە هەر وەک لە ڕابردوودا ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی لە ئێران مانای چارەسەری پرسی کورد نەبوو، هەنووکەش لە نێوان ڕووخانی کۆماری ئیسلامی و چارەسەری پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێوەندییەکی ڕاستەخۆ و حەتمی بوونی نییە. هەروەها حیزبە کوردییەکان لە چوارچێوەی ئێران دا ئالتێرناتیوی کۆماری ئیسلامی ئێران نین واتە ئەو حیزبانە نە دەیانهەوێ و نە دەتوانن لە تاران و بۆ سەرجەم خەڵکی ئێران دەسەڵات دابمەرزێنن. واقعگەراییش ئەوە نیە کە پرسی کورد بە داهاتوویەکی ناڕوونی دوای ڕووخانی کۆماری ئیسلامی و بە سیاسەتی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی گرێ بدرێ. ئەمریکا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران نەک لە سەر ڕووخانی ئەو ڕێژیمە و دابینکردنی مافی مرۆڤ بەڵکوو لەسەر پرسی ئەتۆمی ئێران وتوویژ دەکا. ئەو وتووێژە لە نیوان دوو هێز دەکرێ کە ناکۆکی جەوهەرییان لەگەڵ یەکتر هەیە، کۆماری ئیسلامی ئێران نوێنەرایەتی سیستمێکی تیۆکراتیکی شیعە دەکا لە حالێک دا ئەمریکا سیستمێکی سکۆلاری دێمۆکراتیکە. ئەمریکا و کۆماری ئیسلامی تەنانەت پێش لە وتووێژە ئەتۆمییەکانیش لە ئەفغانستان لەگەڵ یەکتر هاوکارییان کردوە. کەوایە ئەوان هەر کات پێویست بێ و بۆ دەستەبەرکردنی لانیکەمی بەرژەوەندی خۆیان لەگەڵ یەکتر دانیشتن و هاوکاری دەکەن. وتووێژی کورد لە گەڵ کۆماری ئیسلامیش لە ڕوانینێکی واقعی و لۆژیکی لەمەڕ هێز و بەژەوەندی کوردی ڕۆژهەڵات لە ئێران سەرچاوە دەگرێ.

## بەستێنی وتووێژ

کە هێزێکی سیاسی بیهەوێ پرسێک لەگەڵ هێزێکی سیاسی یان ڕێژیمێکی دیکەدا لە ڕێگەی ئاشیانە و وتووێژ چارەسەر بکا، پێویستە بەستێن و فەزای وتووێژیش برەخسێنێ. لە ڕابردووشدا حیزبی دێموکرات هەوڵی ئەوەی داوە کە بەستێنی وتووێژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی خۆش بکا. حیزبی دێموکرات بۆ ئەوەی ئاشتیخوازی خۆی نیشان بدا لە کۆنگرەی چوارەمی خۆی دا ڕوو بە خۆمەینی پەیامی داوە. لە ڕێکەوتی ١٩ی ڕێبەندانی ١٣٥٧ واتە سێ ڕۆژ پاش سەرکەوتنی شۆڕش، کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ خۆمەینی نامە دەنووسێ.

کەوایە پێوەندیی نێوان کورد و کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە بە شەڕ دەستی پێ نەکرد و کۆمەڵێک هۆکار بووە هۆی سەرنەکەوتنی چارەسەری پرسی ئاشتیانەی کورد. لە ١٥ی خاکەلێوەی ١٣٥٧ هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات بە سەرپەرەستی دوکتور قاسملوو و بە هاوڕێیەتی غەنی بلوریان، محەممەد ئەمین سراجی و ئەمیر قازی ئەندامانی دەفتەری سیاسی ئەو حیزبە لە تاران لەگەڵ مەهدی بازرگان، سەرۆک وەزیرانی دەوڵەتی کاتی، بۆ ماوەی ٧٥ خولەک دانیشتن و چاوپێکەوتن دەکەن. بە پێی ڕاگەیەندراوێک کە دواتر حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران بڵاوی دەکاتەوە، ئەو دانیشتنە زۆر ئەرێنی بووە و موهەندیس بازرگان کۆمیتەیەکی تایبەتی پێکهاتوو لە وەزیری کار، وەزیری نێوخۆ و وەزیری بەرگری بۆ دانۆستان لەگەڵ نوێنەرانی خەڵکی کوردستان دەستنیشان دەکا (تلاش در راه تفاهم، لاپەرەی ٤١ - ٤٣). لە درێژەی وتووێژەکان کۆمەڵێک هۆکار بوونە هۆی ئەوەی کە ڕوانگەی توندڕەوانە و ئەمنییەتی بەسەر پرسی کورددا زاڵ بێ. توندرەوەکانی نێو کۆماری ئیسلامی لەوەی حیزبە کوردییەان ڕێفراندۆمی ١١ی خاکەلێوەی ١٣٥٨ و یەکەم هەڵبژاردنی



سەرچاوە
Serchawe

سەرکۆمارییان بـایکۆت کرد، کەڵکی خراپیـان وەرگرت و هەوڵیان دا پرسی کـورد وەک هەڕەشەیەکی نیزامی و ئەمنییـەتی نیشان بدەن. لە لایەکی دیکە خۆمەینی لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ فەرمانی هێرش بۆ کوردستانی دا کە شەڕێکی خوێناوی لێ کەتەوە. هەروەها خومەینی لە ٢٩ی گەلاوێژی ١٣٥٨، صادق خەلخالی وەک حاکمی شەرع بۆ کوردستان نارد کە بووە هۆی لەسێدارەدانی خەڵکێکی بێ تاوانی زۆر (روزنامە کیهان، ٢٩ی مرداد ١٣٥٨). ئەوانە چەند نموونەیەکن کە ئەگەر ڕوویان نەدابا، بێ گومان کاریگەری ئەرێنی لە سەر بەردەوامی وتووێژەکان دەبوو.

## ئاکام گیری

وتووێژی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران دروست و لۆژیکییە چونکە لە لایەک زیاتر لە 30 ساڵ دژایەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەگەڵ پرسی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان، نەیتوانیوە ئەو خواست و ویستە نەتەوەیی لە نێو بەرێ و لە لایەکی دیکە هێزە سیاسییەکانی کوردستانی رۆژهەڵاتیش نەیانتوانیوە کۆماری ئیسلامی لەنێو بەرن و ڕووبەری مەترسی نەمانی بکەنەوە. دیارە پێداچوونەوەیەکی ڕەخنەگرانە بە وتووێژەکانی ڕابردوو، دەتوانێ یارمەتی ئەوە بدا کە ئەمجارە وتووێژ لەلایەن هەموو هێزە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان ئەنجام بدرێ و خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران لێی ئاگادار بن و تێیدا بەشدار بن.

**سەرچاوەکان**:


- نشریە سیاسی - راهبردی چشم انداز ایران- کردستان همیشە قابل کشف، فروردین ١٣٥٨
- بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی ڕاستییەکان، وتووێژێک لەگەڵ بەڕێز عەبدوڵلا حەسەن زادە سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بڵاوکراوەی کۆمیسیۆنی چاپەمەنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
- تلاش در راە تفاهم - مجموعە اسناد، جلد ١، بخش انتشارات حزب دمکرات کردستان ایران اسفندماە ١٣٥٩
- بزربوونی سیاسەت، عەدنان حەسەنپوور
- انقلاب ١٩٧٩ و مطالبات ملی کردستان،سعید سنندجی، سایت NNS ROJ
- چشم انداز ایران - دومین ویژەنامە کردستان، پاییز ١٣٨٤، کردستان همیشە محروم، خالد توکلی
- بەرنامەی ڕوداوی ئەمڕۆی هیوا جەمال، «خالید عەزیزی دەرکی وتووێژ لەگەڵ ئێران داناخەین»
https://www.youtube.com/watch?v=LrLZTZFciWg


لە ژمارە ٦٤٧ی رۆژنامەی کوردستاندا بڵاوبۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی جانێویری ٢٠١٥

------------------------------------------------



سەرچاوە Serchawe

## عەرەبستان، نەوت و ئیسلامی سیاسی

لە ڕۆژی هەینی ٣ی ڕێبەندان، مەلیک عەبدوڵلا پاشای ٩٠ ساڵەی عەرەبستانی سعوودی کۆچی دوایی کرد و سەلمان بنی عەبدوڵعەزیزی ٧٩ ساڵە وەک پاشای نوێ دیاری کرا. زۆرێک لە وڵاتانی عەرەبی وەک میسر، ئیمارات و کوەیت چەند ڕۆژ ماتەمینی گشتیان بە هۆی کۆچی پاشای عەرەبستان ڕاگەیاند. هەروەها وڵاتانێک وەک ئەمریکا، بریتانیا و تورکیە کاردانەوەی فەرمیان بە کۆچی مەلیک عەبدوڵلا نیشان دا. حەسەنی ڕۆحانی سەرکۆماری ئێرانیش پەیامی هاودەردی بۆ دەوڵەت و خەڵکی عەرەبستانی سعوودی نارد و بەداخبوونی خۆی بۆ ئەو کۆچە دەربڕی. بەڵام ئایەتۆڵلا جەننەتی، بەرپرسی شووڕای نیگابان، لە وتاری خۆیدا لە پێش نوێژی ڕۆژی هەینی تاران، پیروزبایی مردنی پاشای عەرەبستانی لە هەموو موسڵمانانی جیهان کرد. جەننەتی پاشای عەرەبەستانی بە قارون ناو برد و ئەوی بە دژایەتی لەگەڵ شیعەکان تاوانبار کرد. هەموو ئەوانە دەرخەری ئەوەن کە عەرەبستان لە ئاستی جیهانی عەرەبی، جیهانی ئیسلام و جیهاندا خاوەنی پێگەیە. لەو وتارەدا هەوڵ دەدەین تارادەیەک باسی مێژووی عەرەبستان و کێشە نێوخۆییەکانی ئەو وڵاتە بکەم و هەروەها تیشک بخەمە سەر هاوپەیمانان و دژبەرانی ئەو وڵاتە لە ئاستی ڕۆژهەڵاتی نێوراست و جیهان.

### عەرەبستانی سعوودی

عەرەبستان وشکاییەک بوو کە لەودا عەشیرە و تایفەی جۆراوجۆری عەرەب لەگەڵ یەکتر بەردەوام شەڕیان دەکرد بەڵام لە ساڵی ١٩٣٢، عەبدوڵعەزیز ئیبنی سعوود کۆتایی بەو ناکۆکیانە هێنا و پاشایەتی بنەماڵەی سعوودی دامەزراند. عەبدوڵعەزیز لەگەڵ یەکێک لە کچەکانی هەموو تایفەکانی عەرەبستان زەماوەندی کرد بۆ ئەوەی دەسەڵاتی خۆی بەهێز بکا. ئەو ٤٥ کوری هەبوو و لە کۆمەڵگەی پیاوسالاری عەرەبستانیش ژمارەی کچەکان گرینگ نەبوو و نەدەژمێردرا. مەسەلەیەکی گرینگی دیکەی کە پاشایەتی بنەماڵەی سعوودی بەردەوام کرد، دۆزینەوەی نەوت لەو وڵاتە لە لایەن کۆمپانیا ئەمریکاییەکان لە دەیەی ٣٠ی سەدەی بیست بوو. نەوت وایکردوە کە پاشایەتی عەرەبستان بە کۆنترۆڵکردنی پیشەسازی نەوت بتوانێ خەڵکی عەرەبستان کۆنترول بکا.

### عەرەبستانی سعوودی و ئەمریکا

لە ١٩٣٠ بەملاوە عەرەبستان نەوتی بە ئەمریکا داوە و ئەمریکاش لە بەرامبەردا ئەرکی پشتگیری سیاسی و پاراستنی نیزامی عەرەبستانی لە ئەستۆ گرتووە. عەرەبستانی سعوودی لە مێژووی خۆیدا ستراتژیکترین پێوەندی لەگەڵ ئەمریکا بووە کە ئەو پێوەندییە هێندێک جار گرژی تێکەوتووە. لە ڕەوتی شەڕی دووهەمی جیهانی دا ڕۆزولت سەرۆک کۆماری ئەمریکا و شا عەبدولعەزیز لەگەڵ یەکتر دیدار دەکەن و ڕۆزولت شا دلنیا دەکاتەوە کە ئەمریکا بە بێ ڕاوێژکردن بە عەرەبستانی سعوودی، لە پێوەندی لەگەڵ کێشەی ئیسرائیل و فەلەستین هیچ بڕیارێک نادا. لەو دیدارەدا ڕۆزولت ڕای شا عەبدوڵعەزیز

لەمەڕ وڵاتی ئیسرائیل دەپرسێ و ئەو وڵام دەداتەوە کە تاوانی هۆلۆکاست یەکێک لە گەورەترین تاوانە دژە مرۆییەکان بووە کە دەرهەق بە جوولەکەکان کراوە. بەڵام ئەگەر بریار بێ خاکێک لە شوێنێک بدرێ بە جوولەکەکان، پێویستە باشترین بەش لە خاکی ئاڵمان بدرێ بە جوولەکەکان نەک بەشێک لە خاکی عەرەب. دواتر دەنگی ئەرێنی ئەمریکا لە نەتەوە یەکگرتووەکان لەمەڕ بەفەرمی ناسینی ئیسرائیل، پێوەندییەکانی ئەمریکا و عەرەبستانی بەرەو گرژی برد. عەرەبستان تا ئێستاش دانی بە وڵاتی ئیسرائیل نەناوە. کاتێک جەماڵ عەبدوڵناسر لە ساڵی ١٩٦٧ هێرشی کردە سەر ئیسرائیل، عەرەبستانیش پشتگیری لە میسر کرد بەڵام وڵاتانی عەرەبی لە شەڕێکی ٦ ڕۆژەدا دۆران. هەر بەم هۆیە عەرەبستان بۆ ماوەیەک هەناردەکردنی نەوتی ڕاگرت و بەهای نەوت لە ئاستی جیهانیدا بە شێوەیەکی سەرسووڕهێنەر بەرز بووە. هەروەها لە ساڵی ١٩٩١، کاتێک سەدام حوسێن کوەیتی داگیر کرد، هەزاران سەربازی ئەمریکایی لە خاکی عەرەبستان جێگیر کران و عەرەبستان سەرمایەیەکی زۆری بۆ شەڕی کەنداو تەرخان کرد. ڕووداوێکی دیکە کە کاریگەری هەبوو سەر پێوەندییەکانی ئەمریکا و عەرەبستانی سعوودی، هێرشی تێرۆریستی ١١ی سپتامبەری ساڵی ٢٠٠١ بوو کە نزیک بە ٣٠٠٠ کەس لە شاری نیۆیۆرک کوژران. ١٩ کەس لەو هێرشەدا بەشداربوون کە ١٥ کەسیان خەڵکی عەرەبستانی سعوودی بوون. پێشتریش بەشێک لە خەڵکی توندڕەوی عەرەبستان پشتگیری ماددی و تەنانەت بەشداری ڕاستەوخۆیان لە ئیسلامی تۆندئاژۆ کردبوو. بۆ نموونە هەزاران گەنجی وەهابی عەرەبستان شان بە شانی تالیبان لە ئەفغانستان لە دژی یەکیەتی سۆڤییەت شەڕیان کرد. بەڵام هێرشی تێرۆریستی ١١ی سپتامبەری ٢٠٠١ و بەشداری ١٥ تێرۆریستی عەرەبستانی، ئەوەی دەرخست کە ئەگەر لە لایەک نەوتی عەرەبستانی سعوودی، ئەمنییەتی وزەی بۆ ئەمریکا دابین کردوە، بەڵام لە لایەکی دیکە گەشەی توندڕەوەی لەو وڵاتە، هەڕەشە لە ئەمنییەتی نەتەوەیی ئەمریکا دەکا. لەگەڵ ئەوەش دا ئەمریکا لەو پشتگیرییەی سیاسی و نیزامییەی بنەماڵەی سعوودی لە بەرامبەری دەستڕاگەیشتن بە نەوتی ئەو وڵاتە بەردەوام بووە ئەرگەرچی خەڵکی ئەو وڵاتە پشتگیری لە گرووپگەلی توندرەو وەک داعش دەکەن.

## عەرەبستان و ئێران

خاڵی هاوبەشی عەرەبستانی سعوودی و کۆماری ئیسلامی ئێران ئەوەیە کە هەر دووک نوێنەرایەتی ڕژێمێکی ئایینی دیکتاتۆر دەکەن کە بەستێنی توندرەوەی ئیسلامی خۆش دەکا. لە ئێستادا شانشینی عەرەبستان بە پلەی یەکەم لە ڕۆلی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەترسێ. ڕێککەوتنی ئەمریکا و ئێران لەسەر پرسی ئەتۆمی، دەتوانێ بەرەی شیعە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەراست بەهێز بکا و ئەو بابەتە لە بەرژەوەندی شانشینی سوننی عەرەبستانی سعوودی دا نیە. لە ساڵی ٢٠١١ بەمڵاوە کە کۆمەڵێک وڵاتی عەرەبی وەک میسر و توونس تووشی نارەزایەتی نێوخۆیی گەورە بوون، شیعەکانی عەرەبستانیش دەستیان بە نارەزایەتی کردوە. شیعەکانی عەرەبستان لە بەشی ڕۆژهەڵاتی ئەو وڵاتە و لە پارێزگای قەتیفە نیشتەجێن. شیعەکانی عەرەبستان زیاتر لە ١٠% حەشیمەتی ئەو وڵاتە پێکدێنن و زۆرێک لە سەرچاوەکانی نەوت لە بەشی شیعە نشین هەڵکەوتووە. سەفا ئەحمەد، ڕۆژنامەنووسی تەلەڤیزیۆنی بی بی سی، چەند جار بە شێوەی نهێنی سەردانی عەرەبستانی کردوە و فیلمێکی دێکۆمێنتاری لە نارەزایەتی شیعەیانی عەرەبستان دروست کردوە. لەو فیلمەدا ماموستایەکی شیعە کە وێنەی خۆمەینی و خامنەیی لە دیوەکەی هەڵواسیوە، ئەوە رەت دەکاتەوە کە ئێران ڕۆلی لەو نارەزایەتیانە هەبێ. گەشەی نفووزی ئێرانی شیعە بۆ عەرەبستانی سعوودی نەک هەر هەڕەشەیەکە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەراست بەڵکوو وەک



سەرچاوە
Serchawe

هەڕەشەیەکی نێوخۆییش لەقەڵەم دەدرێ. لە یەمەن کە دراوسێی باشووری عەرەبستانە، ژمارەیەکی بەرچاو شیعە بوونی هەیە و ئەوانە چەند ساڵە لە دژی دەوڵەت چالاکی دەکەن و بە کردەوە بەشێکی ئەو وڵاتەیان کۆنترۆل کردوە. حوسییەکانی یەمەن کە ئێستا نوێنەرایەتی سیاسی شیعەکانی یەمەن دەکەن، داوای ئۆتۆنۆمی زیاتر دەکەن و وڵاتی یەمەنیان ڕووبەروی قەیرانێکی سیاسی و میلیتاری گەورە کردۆتەوە. ئەگەر مانەوەی ڕێژیمی شیعەی ئەسەدیش بەو ململانێ ناوچەییەی عەرەبستان و ئێران زیاد بکەین، پاشایەتی عەرەبستان لە سەقامگیرییەکیی سیاسی کەمتر بەهرەمەندە.

## ئاکامگیری

به گشتی بوونی سەڵمان بنی عەبدوڵعەزیز بە پاشای عەرەبستان، سیاسەتی ئەو وڵاتە لە ئاستی ناوچەیی و جیهانی ناگۆڕێ بە تایبەت کە وەزیری دەرەوە و وەزیری نەوت هەمان وەزیرانی پێشوون کە ساڵانێکە لەو پۆستانە دان. لە درێژخایەندا سەقامگیری سیاسی پاشایەتی عەرەبستان لە مەترسی دایە بە هۆی داخراوەیی سیستمی سیاسی، نارەزایەتی کەمینەی شیعە و هێزگرتنی شیعەکان لە ئاستی ناوچەدا. تەنانەت خۆدی تورکیەش کە ئێستا لەوێ AKP وەک حیزبێکی سوننی لە دەسەڵات دایە هەڕەشە لە پاشایەتی عەرەبستان دەکا چونکە نموونەیەکی ئەورۆیی تر و سەرکەوتووتر لە دەسەڵاتدارێتی ئیسلامی سوننی پێشکەش دەکا.

### سەرچاوەکان:


Documentary of Saudi Arabia, It Covers Last 75 Years History", Published on October 22, 2013"

The Growing Saudi protest movement that's been hidden from the world", Published by BBC " Arabic on Jun 2, 2014

Yemen Crisis: Who Are the Houthis?"Published by BBC on 21 January 2015"

تغییرات کم سابقه در ارکان قدرت در عربستان سعودی، دویچه وله فارسی



لە ژمارە ٦٤٩ی ڕۆژنامەی کوردستان دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٤ی فێبریوێری ٢٠١٥




سەرچاوە
Serchawe

## پرسی ئەتۆمی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست

بنجامین نەتانیاهۆ، سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل، سێ شەممە ٣ی مارسی ٢٠١٥ لە کۆنگرێسی ئەمریکا قسە دەکا. ئەو وەک هەمیشە هەوڵ بۆ ئەوە دەدا کە ئەمریکا گەمارۆی ئابووری زیاتر بخاتە سەر ئێران و ئێران و ئەمریکا لە سەر پرسی ئەتۆمی بە چارەسەرێکی ئاشتیانە نەگەن. لە لایەکی دیکە ئێران لە دوای هاتنەسەر دەسەڵاتی حەسەنی رووحانی وازی لەوە هێنا هەرەشەی سرینەوەی ئیسرائیل بکا و دانۆستانی ئەتۆمی وەک رێگەچارەی لاچوونی گەمارۆکان و باشتربوونی ئابووری ئێران سەیر کردوە. سەردانی نتانیاهۆ بۆ ئەمریکا هەڵگری چ ئامانگەلێکە؟ پێوەندی ئیسرائیل و ئەمریکا چ جۆرە پێوەندییەکە و کاریگەری ئەو پێوەندییە لە رۆژهەڵاتی نێوەراست چی یە؟ چ وڵاتانێک لە رۆژهەڵاتی نێوەراست پشتگیری بەرنامەی ئەتۆمی ئێران دەکەن؟ بەرنامەی ئەتۆمی ئێران لە سیاسەتی نێوخۆیی و دەرەوەی ئەو وڵاتە چ کاریگەرییەکی هەیە؟ ئەوانە ئەو پرسیارانەن کە لەم بابەتەدا هەوڵ دەدرێ وڵامیان بدرێتەوە.

### ئیسرائیل و بەرنامەی ئەتۆمی ئێران

لە ٢٧ی سپتامبری ساڵی ٢٠١٢، نتانیاهۆ وتارێکی لە کۆڕی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان پێشکەش کرد. لەو وتارەدا سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل وێنەی بۆمبێکی ئەتۆمی نیشان دەدا کە ئێران لە چەند مانگ یان تەنانەت چەند هەفتەی داهاتوودا دروستی دەکا. سێ ساڵ لەو قسانەی نتانیاهۆ تێپەر بوو بەڵام ئێران نەبوو بە خاوەنی ئیسرائیل و بوونی ئیسرائیل نەکەوتە ژێر هەرەشە. نتانیاهۆ بۆ ساڵانێکی زۆر لە ئەرتەشی ئیسرائیل دا خزمەتی کردوە و جیهانی سیاسەت لە دابینکردنی تەناهی و هێزی نیزامی دا دەبینێ. ئەو لە ئێستادا دەیهەوێ نیشان بدا کە ئەو باشترین پارێزەری ئیسرائیلە و ئەو دەتوانێ ئیسرائیل لە بەرامبەری هەر هەرەشەیەکی نیزامی بپارێزێ بۆ ئەوەی لە هەڵبژاردنی ١٧ی مارس بتوانێ سەرکەوتن بەدەست بێنێ. پێوەندییەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل لەوەستراتژیکترە کە بە هاتنەسەر کاری ئۆباما یان نتانیاهۆ گۆرانێکی بنچینەیی تێدا پێک بێ. ئەمریکا ساڵانە ١.٥ میلیارد دۆلار یارمەتی ماددی میسر دەکا. هەروەها ئەمریکا ساڵانە ٦٦٦ میلیۆن دۆلار یارمەتی ماددی لۆبنانی دەکرد کە ئێستا ئەو هاوکارییەی بۆ ساڵانە یەک میلیارد دۆلار بەرز کردۆتەوە. ئەو یارمەتییە ماددییە بۆ ئەوەیە ئەمریکا نفووزی بە سەر ئەرتەشی ئەو وڵاتانەدا هەبێ و لەو رێگەیەوە تەناهی ئیسرائیل گارانتی بکا. بۆ ئەمریکا هێرشکردنە سەر ئێران کارێکی ئەستەمە چونکە ئەزموونی شەڕی عێراق وانەیەکی گەورەی داوە بە ئەمریکاییەکان. نتانیاهۆ لە ساڵی ٢٠٠٣ش دا پشتگیری شەڕی عێراقی کرد و باسی لە گرینگی و دروستی هێرش بۆ سەر عێراق دەکرد. بەڵام ئەگەر مەسەلە ئەوە بێ کە ئەمریکا، ئیسرائیل لە بەرامبەر ئێران دا بپارێزێ، ئەوە کارێکی ئاسانە. ئەمریکا لە تەواوی وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، وڵاتانێک وەک عەرەبستان، تورکیە، کوەیت، عومان، پاکستان و... بنکەی نیزامی هەیە و کاردانەوە بەهەر هێرشێکی ئێران بۆ ئیسرائیل کارێکی سادەیە. هەروەها لۆبی ئیسرائیل لە ئەمریکا زۆر بەهێزە و رێکخراوگەلێک وەک ئێیپە AIPAK لەسەر سیاسەتی ئەمریکا کاریگەریان هەیە. ئەو کاریگەرییەش بە واتای ئەوە نیە کە ئیسرائیل، سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا دابین دەکا بەڵکوو بە

واتای ئەوەیە کە ئەو دوو وڵاتە پێوەندی و بەرژەوەندی بەرفراوانیان هەیە و هەر بۆیە پشتگیری یەکتر دەکەن. کەوایە کێشەی ئیسرائیل لەگەڵ ئێران، کێشەی ئەوەیە کام وڵات هێزی ناوچەیی زیاتری هەیە. هەروەها پرسی ئیسرائیل لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست پرسی مان و نەمان نیە بەڵکوو پرسی دابینکرنی هێژمونی و هێزی ناوچەییە.

## ئێران و پرسی ئەتۆمی

لە دوای شەری جیهانی دووهەم هیچ وڵاتێک چەکی ئەتۆمی بەکار نەهێناوە. واتە لەگەڵ ئەوەدا کە ژمارەی وڵاتانی خاوەن چەک لە سەدەی بیست و بیستویەکەم بۆ ٩ وڵات (ئەمریکا، روسیە، فەرانسە، چین، هیند، پاکستان، ئیسرائیل و کوریای باکوور) زیادی کردوە، لە ساڵی ١٩٤٥ بەملاوە هیچ وڵاتێک چەکی ئەتۆمی بەکار نەهێناوە. پاکستان و هیند ساڵانێکە لەسەر کەشمیر کێشەیان هەیە، بەڵام قەت پەنایان بۆ بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی نەبردوە. ئێستا ئورووپا لەگەل رووسیە لەسەر مەسەلەی ئۆکراین کێشەی هەیە بەڵام هەڕەشەی بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی لە یەکتر ناکەن. چەکی ئەتۆمی لە سیاسەتی نێودەوڵەتی دا نەک بۆ هێرش کردنە سەر وڵاتانی دیکە، بەڵکوو بۆ بردنەسەری تەناهی نەتەوەیی وڵاتێک لەبەرامبەر وڵاتانی دیکە بەرهەم دێ. مەبەست لە دروستکردنی چەکی ئەتۆمی دروستکردنی باڵانسی نیزامی‌یە بۆ ئەوەی ئەگەری هێرشکردنی وڵاتانی دیکە بۆ سەر وڵاتێک کەم بکرێتەوە. رەنگە ئەو پرسیارە بێتە گۆرێ کە ئێران وڵاتێکی سەرەڕۆیە و ئەگەر چەکی ئەتۆمی هەبێ، رەنگە لەو چەکە کەڵک وەربگرێ. بەڵام ئەزموونی کوریای باکوور و پاکستان پێمان دەڵێ کە ئەو ڕوانگەیە زۆرتر بەرهەمی خوێندنەوەیەکی ئیدئۆلۆژیکە. کۆریای باکوور لە ساڵی ٢٠٠٦ چەکی ئەتۆمی هەیە. کوریای باکوور رێژێمێکی بەرپرسیار نیە و کێشەی لەگەڵ کوریای باشووریش هەیە بەڵام چەکی ئەتۆمی بەکار نەهێناوە. پاکستان رێژێمێکی بەرپرسیار نیە و ئەمریکا حوسامە بن لادەنی لە پاکستان کوشت بەڵام ئەو وڵاتە چەکی ئەتۆمی بەکار نەهێناوە. هەر بۆیە ئامانج لە هەبوونی چەکی ئەتۆمی ئەوەیە کە بە وڵاتانی دیکە بڵێی منیش خاوەنی چەکی ئەتۆمیم و لەو رێگەیەوە ئەگەری دەستێوەردانی نیزامی لە نێو بەری.

بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمی لە لایەن ئێران و لە کانتێکسی رۆژهەڵاتی نێوەراست دا، بابەتێکی مەترسیداری ناوچەیی و جیهانییە. لە رۆژهەڵاتی نێوەراست وڵاتانی عەرەبی و تورکیە چەکی ئەتۆمیان نیە و ئەگەر ئێران ببێتە خاوەن چەکی ئەتۆمی، رۆژهەڵاتی نێوەراست ململانێیەکی نیزامی بۆ بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمی بەخۆیەوە دەبینێ. هەر بۆیە لە بەرژەوەندی ئەمریکا، وڵاتانی ئورووپایی، رووسیە، چین و وڵاتانی ناوچەدا نیە کە ئێران خاوەنی چەکی ئەتۆمی بێ.

بەهەرمەندی لە چەکی ئەتۆمی ناتوانێ کێشە ئابووری و سیاسییەکانی ئێران چارەسەر بکا. خەمەکانی سیاسەت لە ئێران و جیهان تەنیا چەکی ئەتۆمی نییە. بۆ ئێران لاچوونی گەمارۆ ئابوورییەکان گرینگە بۆ ئەوەی بارودۆخی ئابووری ئێران باشتر بێ. هەروەها رێفورمخوازان سەرمایەگوزارییەکی گەوەرەیان لەسەر دۆزینەوەی چارەسەرێکی گۆنجاو بۆ پرسی ئەتۆمی ئێران کردوە و لە بەرژەوەندی ئەوان دایە کە ئەو پرسە بە دانوستان چارەسەر بکرێ. ئەمریکا لە عێراق و سووریە تووشی گرفت بووە و نایهەوێ لەگەڵ ئێرانیش تووشێ گرفتی زیاتر بێ. هەروەها دێموکراتەکانیش لە ئەمریکا بەرەو هەڵبژاردن دەرون و دەیانهەوێ چارەسەرکردنی پرسی ئەتۆمی ئێران لە بازاڕی سیاسەتی نێوخۆیی بفروشن و دەنگی پێ کۆ بکەنەوە.



سەرچاوە
Serchawe

## ئاکامگیری

دیتنی ئێرانێکی ئەتۆمی لە رۆژهەڵاتی نێوەراست بابەتێکی ئەستەمە بەڵام ئەگەر ئێران ببێتە خاوەنی چەکی ئەتۆمییش کێشە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی چارەسەر نابێ. ئەمرۆ لە جیهاندا لە لایەک وڵاتانی زلهێز و پێشکەوتوو وەک ئەمریکا چەکی ئەتۆمیان هەیە و لە لایەکی دیکە وڵاتانێکی دواکەوتوو وەک پاکستان و کۆریای باکووریش چەکی ئەتۆمیان هەیە. چەکی ئەتۆمی بە بێ بوونی سەقامگیری سیاسی و ئابووری، تەنیا گرفتی زیاتر بۆ ئێران دروست دەکا. زلهێزانی جیهانی و ناوچەیی لە دژی ئەوەن ئێرانێکی ئەتۆمی لە رۆژهەڵاتی نێوەراست هەبێ و ململانێکی ئەتۆمی لە رۆژهەڵاتی نێوەراست دەست پێ بکا.

**سەرچاوەکان**:


Is Netanyahu out to foment war with Iran?" published by the Guardian February 28, 2015"

:Nuclear Weapons: Who has what?" Published on CNN from"

/http://edition.cnn.com/interactive/2013/03/world/nuclear-weapon-states

Israel PM Benjamin Netanyahu Address United Nations on Iran and Radical Islam" Published " on Sep 27, 2012 on YouTube

US announces cut in financial aid to Egypt," published on The Telegraph on Oct 9, 2013"

The US gives Egypt $ 1.5 billion a year in aid. Here's what it does." By Brad Plumer published " ,on The Washington Post on July 9



لە ژمارە ٦٥١ی رۆژنامەی کوردستان دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی مارچی ٢٠١٥


-----------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## بە بیانووی بڵاوبوونەوەی کتێبی زمانی کوردی لە قوتابخانەیەکی شاری سەقز

لە مانگی رەشەمەی ساڵی ١٣٩٣، بۆ یەکەم جار لە مێژووی کۆماری ئیسلامی ئێران دا، کتێبی "وانەی کوردی (تایبەت بە خولی یەکەمی ناوەندی)" لە قوتابخانەیەکی شاری سەقز بە سەر قوتابیان دا بڵاو کرایەوە. بە پێی ماددەی 15ی یاسای بنەڕەتی ایران، لەگەڵ ئەوەدا زمانی فارسی وەک زمانی فەرمی ولات دەستنیشان کراوە بەڵام کەڵک وەرگرتن لە زمانی دایکی چ وەک وتنەوەی لە قوتابخانەکان و چ وەک بەکارهێنانی لە گۆڤار و بڵاوکراوەکان بۆ نەتەوەکانی غەیرە فارس رێگە پێدراوە. حەسەنی رووحانی لە پێش هەڵبژێرانی وەک سەرۆک کۆمار، بەڵێنی جێبەجێ کردنی ئەو مافانەی دابوو کە لە یاسای بنەرەتی ئێران دا باس کراون بەڵام پشت گوێ خراون. لەو وتارەدا تیشک دەخەمە سەر گرینگی وتنەوەی زمانی کوردی لە قوتابخانەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان و هەروەها بە پێی توانا باس لە نێوئاخنی یەکەم کتێبی وانەی کوردی دەکەم.

### زمانی کوردی لە ئێران

بابەتی "خوێندن بە زمانی دایکی" یا بە شێوەیەکی زۆر بەرتەسکتر وتنەوەی زمانی دایکی لە قوتابخانەکان بۆ نەتەوەکانی غەیرە فارس بابەتێکی چەند رەهەندی یە. لە جیهاندا و تەناتەنەت لە ئێران دا زمانی جۆراوجۆر هەیە و فێربوونی ئەو زمانانەش پێویستی بە تەرخاندنی کردنی کات، سەرمایە و بوونی فەزایەکی کۆمەڵایەتی لەبار هەیە. بۆ نموونە دەوڵەتی ئێران ساڵانە بودجەیەکی زۆر بۆ چاپکردنی کتێبی زمانی فارسی و دابینکردنی مامۆستای زمانی فارسی دابین دەکا. جێگە لە مە ساڵانە خەرجێکی زۆر دەکرێ تا فیلم، پرۆگرامی تەلەڤیزیۆنی و بڵاوکراوەی جۆراوجۆر بە زمانی فارسی بەرهەم بێ. کەوایە زمان پێویستی بە پشتگیری ماددی هەیە بۆ ئەوەی گەشە بکا. هەروەها فێربوونی زمانێک بەو ڕادەیە کە بکرێ بە شێوەیەکی رەوان و رێکۆپێک بەو زمانە قسە بکەی، بنووسی و بیر بکەیەوە، کارێکی دژوارە بەڵام منداڵان لە نێو بنەماڵەکەیان بە سادەترین و باشترین شێوە فێرە زمانی زگماکی خۆیان دەبن. کەوایە زمان پێویستی بە فەزایەکی سۆزدارانەش هەیە بۆ ئەوەی نەک هەر لە زمان وەک ئامرازێکی پێوەندی کەڵک وەربگرێ بەڵکوو لە بەکارهێنانی زمانەکەی چێژ وەربگرێ.

هەموو زمانێک توانای گەشەکردنی هەیە و ئەوە راست نیە کە زمانێک لە بنەڕەتەوە لە زمانێکی دیکە بە تواناتر بێ. بۆ نموونە زمانی تورکی کە لە ئێران وەک "زمانی ئەقوام" لە قەڵەم دەدرێ، لە زانکۆ، میدیا، دەوڵەت و پارڵمانی تورکیە دا کەڵک لێ وەردەگیرێ. زمانی عەرەبی کە کۆماری ئیسلامی ئێران بە "زمانی ئەقوام" ناوی دەبا لە زیاتر لە بیست وڵاتی عەرەبی کەڵکی لێ وەردەگیرێ. هەنووکە زمانی کوردیش لە هەرێمی کوردستان لە وەزارەتەکانی دەوڵەت، زانکۆ، قوتابخانەکان و بڵاوکراوەکان بەکار دەهێنرێ. کەوایە ئەوە کە دەکوترێ کە زمانی کوردی زمانێکی زانستی نیە و خوێندنی فیزیک، شیمی و... بە زمانی کوردی ئەستەمە، شتێکی ناراستە و هیچ بنەمایەکی زانستی نیە. ئەگەر بنەمای بە فەرمی

ناسینی یەک زمان ئەوە بێ کە توانای زانستی ئەو زمانە زۆرتر بێ، توانای زمانی ئینگلیسی لە زمانی فارسی یەکجار زۆرترە و دەکرێ زمانی ئینگلیسی وەک زمانی فەرمی ئێران دەستنیشان بکرێ. ئەوەی ئەمرۆ بۆتە هۆی ئەوەی کە زمانی فارسی توانای لە زمانی کوردی زیاتر بێ لە لایەک بەرهەمی پشتگیری سیستمی سیاسی لە زمانی فارسی و تەرخانکردنی سەرمایەی ماددی یەکجار زۆر بۆ ئەو زمانەیە و لەلایەکی دیکە بەرهەمی پەراوێزخستنی زمانی کوردی لە لایەن سیستمی سیاسی زاڵ بەسەر ئێران دا بەلانیکەم لە یەک سەدەی ڕابردوو بووە.

## وتنەوەی زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

وتنەوەی زمانی کوردی لە قوتابخانەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بنەمایەکی فەرمی تر و دامەزراوەیی تر بە زمانی کوردی دەبەخشێ. بۆ نموونە هەر ئەو کتێبە کە بۆ یەکەم جار لە قوتابخانەیەکی شاری سەقز بڵاو کراوەتەوە، بەرهەمی کاری چەند مامۆستایەکی کوردییە. ئەو بەرهەمە دەکەوێتە بەر سەرنجی شارەزیانی زمانی کوردی و ئەوان دەتوانن بە تێبینییەکانیان بەرهەمەکە دەوڵەمەندتر بکەن. ئەوەی کەسانێک کات تەرخان بکەن و کتێبی وانەی کوردی ئامادە بکەن، دەیان شارەزا بخوێنێتەوە و سەدان قوتابی لەو ڕێگەیەوە تامەزرۆی زمانی کوردی بێ، ئەو بەستێنەیە کە یارمەتی ئەوە دەکا زمانی کوردی بە دامەزراوەیی و بەهێز بکرێ.

لێرەدا لە بواری نیوەرۆکەوە، چەند تایبەتمەندی باشی ئەو کتێبە باس دەکەم. یەکەم تایبەتمەندی باشی ئەو کتێبە ئەوەیە کە هەوڵی داوە ژنانی بلیمەتی کورد کە جێ پەنجەیان لە بواری ئەدەبیات و کولتووری کوردیدا دیارە بە قوتابیان بناسێنێ و هەروەها سەرنجی قوتابیان بۆ بابەتی یەکسانی ڕەگەزی ڕابکێشێ. ئەو کتێبە بە ژیاننامەی ژیلا حوسەینی، شاعێری کۆچکردووی هاوچەرخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەست پێ دەکا. کتێبەکە ژیلا بە قوتابی یەکی باوەربەخۆ، ژیر و زیرەک پێناسە دەکا. ئەو لە کاتی کارکردن لە بەرنامەیەکی ڕادیۆی سنە بە ناوی "ئێمە و بیسەران" بەو ئاکامە دەگا کە ئەگەر بەرنامەکان بە کوردی بن، خەڵکی پارێزگای سنە زیاتر شاد دەبن. هەر بۆیە وەشوێن فێربوونی ڕێنووس و ڕێزمانی کوردی دەکەوێ. هەورەها کتێبەکە لە لاپەرەی ٣٩، ماە شەرەف خان کە وەک "مەستوورە" ناوبانگی دەکردوە بە خوێنەر دەناسێنێ و ئەو پەیامە دەدا کە ئەگەر دەرفەت برەخسێ، ژنانی کوردیش پێ بە پێی پیاوانی کورد دەتوانن خزمەتی گەڵ و وڵاتیان بکەن.

تایبەتمەندییەکی دیکەی ئەو کتێبە ئەوەیە کە نێوئاخنێکی نیشتمانی هەیە و نیشتمان لەو کتێبەدا کوردستانە. لە لاپەرەی ١٦، شێعری "خۆزگە"ی لەتیف هەڵمەت، شاعیری باشووری کوردستان، بەرچاو دەکەوێ. خۆزگەی لەتیف هەڵمەت لەو شێعرەدا ئەوەیە کە بە بەهرە و کاری جوانی خزمەتی وڵاتەکەی بکا. هەروەها کتێبەکە هەڵگری دوو بەرهەمی مامۆستا هەژار شاعیری کۆماری کوردستانە. لە بەرهەمی یەکەم دا کە شێعرێکە بە ناوی "پێنج ئەنگوست دەبنە یەک"، ماموستا هەژار پەیامی کاری گرووپی و یەکگرتووی دەدا: "هەتا وا لێک بڵاو بین - ئەشێ سەر بێ کڵاو بین". دیارە نزیک کردنەوەی زمانی، واتە خوێندنەوە و گوێگرتن لە دەقێک، دەتوانێ نزیکایەتی هەستی و فیکریش دروست بکا. ماموستا هەژار لە بەیتێک دا دەڵێ "ئەگریا: داڵکە مردم - وڵم کەن! من چ کردم؟!"، لە ناوچەی موکریان وشەی دایک بەکاردێنن بەڵام

نەتەوەش هەروا دروست ئەبێ کە منالێکی سەقزی گوێ لە دالْک بێ کە هەمان دایکە و لە ناوچەی کرماشان کەلْکی لێ وەردەگرن. ماموستا لە بەرهەمی دووهەم دا "ترسان و وێران" باس لە چیرۆکێکی ژیانی خۆی دەکا کە چۆن بە منالْی باسی جندۆکە و غولی بیابانیان بۆ کردوە و ترسیان لە دڵی دا چاندووە. لێرەدا کتێبەکە جێگە لە ناساندی بەرهەمێکی دیکەی شاعیری بلیمەتی کورد ماموستا هەژار، ڕەخنە لە پەروەردەی ڕابردوو دەگرێ کە منالیان بە چیرۆکی ناراستی جندۆکە چاوترسێن دەکرد.

تایبەتمەندییەکی باشی دیکەی کتێبی وانەی کوردی (تایبەت بە خولی یەکەمی ناوەندی) ئەوەیە کە وەک بابەتێکی دینامیک دەروانێتە زانیاری. واتە زانیاری و پرۆسەی گەیاندنی زانیاری و کەلْک وەرگرتن لە زانیاری نەبەسراوەتەوە بە یەک کتێب، یەک ماموستا و یەک شیوازی وتنەوە. زانیاری بەرهەم دێ و لە هەر ڕاوگواستنێکیشدا گۆرانی بەسەردا دێ. دینامیک بوونی زانیاری هەرچی زیاتر لە بەشە مرۆییەکان دەردەکەوێ، لەو شوێنەدا کە دەکرێ یەک پرسیار زیاتر لە وڵامێکی دروستی هەبێ. ئەرکی پەروەردە ئەوە نیە کە قوتابی فێرە ئەوە بکا کە زانیاری لەبەر بکا بەڵکوو ئەرکی ئەوەیە کە توانای بیرکردنەوە لە قوتابی دا بەهێز بکا. لە سەردەمی ئێستا دەستراگەیشتن بە زانیاری بۆ خەڵک ئاسان بووە بە هۆی ئینتێرنت بەڵام ئەوەی پێویستە کەلْک وەرگرتن لە زانیارییە بۆ لێکدانەوە و چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسی دەرەوەی کتێبەکان. لە لاپەرەی ١٢، ئەو پرسیارە لە قوتابیان دەکرێ کە بۆ ڕادەی ژنانی کوردی نووس لە ڕادەی پیاوانی کوردی نووس کەمترە؟ یان لە لاپەرەی ٣١، ئەو پرسیارە ئاراستەی قوتابیان دەکرێ کە ئاخۆ ترس لە هەموو بارۆدۆخێکدا خراپە؟ ئەو پرسیارانە پرسیارگەلێک نین کە تەنیا وڵامێکی راستیان هەبێ بەڵکوو دەکرێ چەندین هەر قوتابییەک وڵامێکی جیاوازی بۆ ئەو پرسیاران هەبێ. ئانجامدانی وتوێژ لە قوتابخانەکان قوتابی فرە ئەوە دەکا کە لە ژیانی کۆمەڵایەتیش فێرە ئەوە بی رێز لە فرەچەشنی و بیروڕای جیاواز بگرێ.

## ئاکام گیری

کتێبی کوردی دەتوانێ منداڵی کورد فێرە ئەوە بکا کە بە کوردی بنووسێ، بە کوردی بخوێنێتەوە و بە کوردی بیر بکاتەوە. وتنەوەی زمانی کوردی لە قوتابخانەوە پێگەیەکی دامەزراوەیی بە زمانی کوردی دەبەخشێ و دەتوانێ چێژ و شوناسی کوردبوون بەرەو قوتابخانەکان شۆر بکاتەوە.

**سەرچاوەکان**:

حق آموزش زبان مادری در ایران، وبلاگ سینا یوسفی

بۆ یەکەمجار لە سەقز پرۆگرامێکی خوێندن بە زمانی کوردی لە قوتابخانەکان دەخوێندرێ، ئەرسەلان یارئەحمەدی، سایتی هاووڵاتی

وانەی کوردی (تەیبەت بە خولی یەکەمی ناوەندی):

http://www.akserver.ir/do.php?filename=akserver.ir_1ddf619db71.zip

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی ئەپریلی ٢٠١٥

-----------------------------------------------

# دەوڵەتی ڕانتی

دەوڵەتی ڕانتی بەو دەوڵەتانە دەکوترێ کە بەشێکی بەرچاو لە داهاتەکەیان لە ڕێگەی هاوکاری دەرەکی یان لە ڕێگەی فرۆشتنی سەرچاوەکانی ژێرزەوی (وەک گاز و نەوت) دەستەبەر دەکەن. وڵاتانێک وەک عێراق، عەرەبستانی سعوودی، ئێران، ئەلجەزایر و قەزاقستان نموونەی ئەو وڵاتانەن کە تاڕادەیەکی زۆر پشت بە داهاتی فروشتنی نەوت و گاز دەبەستن. میسر و ئوردن دوو نموونە لەو وڵاتانەن کە پشت بە هاوکاری ماددی دەرەکی دەبەستن. داهاتێکی دەرەکی زۆر، ئەو توانایەی بە دەوڵەتانی ڕانتی داوە کە تاڕادەیەک ئۆتۆنۆمی و سەربەخۆییان لە کۆمەڵگەکەیان هەبێ و بتوانن هێندێک بەرنامەی سیاسی و ئابووری بە بێ ڕەزامەندی هاووڵاتیانیان بەڕێوە ببەن. توانای ئابووری دەوڵەتانی ڕانتی وایکردوە کە بتوانن دەسەڵاتی خۆیان لە ڕێگەی دابەشکردنی سەرمایە بپارێزن. هەروەها هاووڵاتیان لە زۆربەی وڵاتانی ڕانتی ماڵیات نادەن و هەر بۆیە کەمتر خوازیاری ئەوەن لە پرۆسەی سیاسی دا بەشداری بکەن. ئەگەرچی ئەو وڵاتانەی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەراست نەوت هەناردە دەکەن، ئاستی گەشە و بەشداریی سیاسی تێیاندا جیاوازە بەڵام هەموویان لە نەبوونی دێموکراسی، ڕێژەی زۆری گەندەڵی و نەبوونی دەوڵەتی وڵامدەر هاوبەشن. لەو وتارەدا ئاوڕێک لە تایبەتمەندییە نەرێنییەکانی دەوڵەتانی ڕانتی ڕۆژهەڵاتی نێوەراست دەدرێتەوە کە پشت بە داهاتی هەناردەکەری نەوت دەبەستن.

## بەڵای نەوت

نەوت مایەی چارەڕەشی نیە، بەڵام کەڵک وەرگرتنی خراپی دەوڵەتان لە داهاتی نەوت بۆتە مایەی بەدبەختی بۆ چەند وڵاتی ڕۆژهەڵاتی نێوەراست. ئەو بیرۆکەیە کە نەوت مایەی چارەڕەشییە، لە نێو بەشێکی بەرچاو لە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی نێوەراست باوە. کارناسان پێوەندی پێچەوانەی نێوان هەبوونی نەوت و پێشکەوتن لە وڵاتێکدا بە «بەڵای نەوت» ناو دەبەن. بۆ نموونە گەشەی ناخالسی نەتەوەیی ئەندامانی ئۆپێک لە سالی ١٩٦٥ تا ١٩٩٨، ١.٣% کەمی کردوە بەڵام گەشەی ناخالسی میللی وڵاتانی لە حاڵی گەشە کە داهاتێکی کەمتریان هەبووە، بەگشتی ٢.٢% گەشەی کردوە. ئەوە نیشان دەدا کە وڵاتانی ئەندامی ئۆپێک لەو ساڵانەدا لەگەڵ ئەوەدا داهاتێکی زۆری هەناردەکردنی نەوتیان بووە، بەڵام ئابوورییەکەیان دابەزیوە. دەکرێ نەوت بە شێوەی دروستیش کەڵکی لێوەربگیرێ. وڵاتانێک وەک نورویژ، کانادا و ئەمریکا

ڕادەیەکی بەرچاو سەرچاوەی نەوتیان هەیە و لە سیستمێکی سیاسی وڵامدەر و دیموکراتیش بەهرەمەندن. کاتێک لە ساڵی ١٩٦٠ بەملاوە نەوت لە نورویژ دۆزرایەوە، پارڵمانی ئەو وڵاتە چەند یاسایەکی دەرکرد بۆ ئەوەی داهاتی نەوت لە درێژخایەندا خزمەت بە هاووڵاتیانی نورویژ بکا. بەگشتی پارڵمانی نورویژ نەیهێشت داهاتی نەوت بکەوێتە دەست دەوڵەت و دەوڵەت لە هەر پرۆگرامێک دا کە ویستی خەرجی بکا. ئێستا نورویژ بە پێی بەراوردی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان یەکێک لەو وڵاتانەیە کە توانیوێتی باشترین ئاستی ژیان بۆ هاووڵاتیانی دابین بکا. بە گشتی ئەو وڵاتانەی خاوەنی دامەزراوەی دیموکراتیک بوون پێش لەوەی نەوت بدۆزنەوە، توانیویانە بە باشی کەڵک لە داهاتی نەوت وەربگرن. بەڵام دەوڵەتانی ڕانتی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست داهاتی نەوتیان بەکارهێناوە بۆ ئەوەی دەسەڵاتی خۆیان بپارێزن یان بەشوێن هێندێک ئایدیای خۆیان بکەون بە بێ ئەوەی ئەو ئایدیایانە پشتگیری خەڵکی لەپشت بێ. بۆ نموونە عەرەبستانی سعوودی لە ساڵی ٢٠١٤ لە ئاستی جیهانی دا یەکەم وڵات بووە لە کرینی چەکوچۆل؛ ئەو وڵاتە تەنیا لە ساڵی ٦ - ٤ - ٢٠١٤، ٦.٤ میلیاردی دۆلار چەکوچۆلی کڕیوە. لە ساڵی ٢٠١٤، عەرەبستانی سعوودی و ئیمارات پێکەوە زیاتر لە کۆی هەموو وڵاتانی ئورووپای ڕۆژئاوا لە بەرگری نیزامی خەرجیان کردوە. کۆماری ئیسلامی ئێران ساڵانێکی زۆر بۆ دەستراگەیشتن بە چەکی ئەتۆمی هەوڵی دا، تێچووی ئەو پرۆگرامە بە زیاتر لە ١٠٠ میلیارد دۆلار بەراورد دەکرێ. کەوایە دەوڵەتەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەرپرسیارن لەوەی «بەڵای نەوت» لەو وڵاتانەدا بڵاو بووەتەوە.

## دەوڵەتی ڕانتی و ناکارامەیی

ناکارامەیی یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی دەوڵەتی ڕانتییە. داهاتی نەوت سەرەتا ئابوورییەک دروست دەکا کە بەرهەمهێنەر نیە کە ئەوەش دەوڵەتێکی گەندەڵ و دواجار کۆمەڵگەیەکی گەندەڵ بەرهەم دێنێ. لێرەدا مەبەست لە گەندەڵی ئەوەیە کە کەسێک داهاتێکی هەبێ بە بێ ئەوەی بۆ ئەو داهاتە کاری کردبێ و زەحمەتێکی ئەوتۆی کێشابێ. داهاتی زۆری نەوت وا دەکا کە بەشەکانی دیکە وەک کشتوکاڵ و بازرگانی، ماشێن سازی و... توانای ململانێ لەگەڵ کەرتی نەوتیان نەبێ و ئەو بەشانە پەراوێز بخرێن. کەوایە لە درێژخایەندا داهاتی نەوت وا دەکا ئابووری یەک پێکبێ کە فرەچەشن نیە و کەرتی نەوت وەک گەورەترین بەشی ئەو ئابوورییە لەقەڵەم بدرێ. هەورەها دەوڵەتی ڕانتی هاندەرێکی نیە بۆ ئەوەی خەڵک بۆ جموجۆڵی ئابووری و پێکهاتنی ئابوورییەکی نەتەوەیی فرەچەشن و چالاک هان بدا چونکە سەرمایەکی مفتی دەست دەکەوێ. دەوڵەت بە کۆنترۆڵکردنی بەشتی نەوت، دەست بەسەر تەواوی ئابووریدا دەگرێ. هەورەها دەوڵەتی ڕانتی داهاتی نەوت بەکاردێنی بۆ ئەوەی ئەو کەس و گرووپانەی کە ویستی، یارمەتی ماددییان بکا و کاریان پێ بدا. بۆ نموونە لە ساڵەکانی نێوان ١٩٥٠ تا ١٩٧٠ ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک لە وڵاتانی هەناردەکەری نەوت لە لایەن دەوڵەتانی ڕانتی دامەزرابوون و داهاتێکی زۆریان وەردەگرت بێ ئەوەی هیچ ماڵیاتێک بدەن. هەر بۆیە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک لە وڵاتانی خاوەن نەوت فێر بووە کە کار نەکا و داهاتی هەبێ. ئەو بابەتەش تاڕادەیەکی زۆر ئەخلاقی کاری لەو وڵاتانە داڕماندوە. دەوڵەتانی ڕانتی لەگەڵ ڕێژەی زۆری گەندەڵی ڕووبەرون. بە پێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی شەفافییەتی نێودەوڵەتی لە ساڵی ٢٠١٤، عێراق، یەمەن و لیبی لە ریزی گەندەڵترین وڵاتانی جیهاندا بوون. هەر بۆیە لە نێوان داهاتی نەوت، دەوڵەت و کۆمەڵگە پێوەندییەک دروست دەبێ: لە لایەک دەوڵەت هیچ بەرهەم ناهێنێ و پشت بە داهاتی نەوت دەبەستێ و لە لایەکی دیکە خەڵک جموجۆڵی ئابووری ناکا و پشت بە دەوڵەت دەبەستێ.

## دەوڵەتی ڕانتی و نەبوونی دێموکراسی

دەوڵـەتانی ڕانتـی خـاوەنی سیسـتمێکی دێموکراتیـک نین. بـە گشـتی سـەرجەم دەوڵـەتانی ڕانتـی ئـەزموونی کۆلۆنیالیزمیـان هەبووە و لە دوای داگیرکاری بەدەست وڵاتـانی ڕۆژئـاوا دامەزراون. ئـەو داکیرگارییـە ڕێگـەی بـۆ دامەزرانی ڕژێمگـەڵی تـەک حیزبی و بنەماڵەیی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەراست خۆش کرد. هەر بۆیە ئەو دەوڵەتانە پێش لەوەی ببن بە دەوڵەتی ڕانتی و لە داهاتی نەوت بەهرەمەند بن، دەوڵەتگەلێکی تۆتـالیتر و نادێموکراتیـک بـوون. بـەڵام دەستراگەیشتیان بـە داهـاتی نـەوت، تۆتالیتاریـانیزم و میلتـاریزمی لـە نێـو دەوڵـەتانی ڕانتـی ڕۆژهـەڵاتی نێوەڕاست بـەهێز کـرد. عەرەبسـتانی سعوودی، کویـت، قەتەر و بەحرەین نموونەیەک لە وڵاتانی خاوەنی سیستمی پاشایەتین کە دواتر بەتایبەتی بە چوونەسـەری بـەهای نـەوت لە دەیەی هەفتای سەدەی بیستەم بەملاوە بوون بە خاوەنی دەوڵەتگەڵی ڕانتی. دەوڵەتگەڵی ڕانتی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەراست سەرمایەی ماددی تەرخان دەکەن تـا دەنگی خەڵک بکرن و ئەو کەسانەش کە ئامـادە نـەبن دەنگی خۆیـان بفروشن، سـەرکۆت دەکرن. دەوڵـەتانی ڕانتی نەک هەر هەوڵ بۆ کرینـی دەنگـی هاووڵاتیـان خۆیـان دەدەن، بـەڵکوو لـە ئاسـتی نێودەوڵـەتیش دا هەوڵ دەدەن پشتیوانی سیاسی و نیزامی بۆ خۆیـان دەستەبەر بکـەن. نزیکـی و هاوکـاری لەمێژینـەی ئـەمریکا و عەرەبسـتانی نموونەیەکی باشە بۆ تێگەیشتن لەوەی چۆن توانـای ئـابووری دەوڵـەتێکی ڕانتـی دەتـوانێ لـە کرینـی پشـتیوانی نێودەوڵـەتی ڕۆڵ بگێڕێ. عەرەبستان هەم نەوت بـۆ ئـەمریکا دابین دەکـا و هـەم بـازارێکی گـەورەیە بـۆ فروشی چەکۆچۆڵی ئـەمریکا. بـۆ نموونـە لـە سـاڵی 2010، ئـەمریکا کۆمـەڵێک فـڕۆکەی نیزامی بـە بـەهای ٦٠ میلیـارد دۆلار بـە عەرەبسـتان فروشتووە. لـە بەرامبـەر ئـەو قـازانجە ئـابوورییە ئـەمریکا لـە عەرەبسـتان دەسـتی دەکـەوێ، ئـەمریکاش پشـتیوانی ئەمنییـەتی، نیزامـی و سیاسی عەرەبستان دەکا و گوێی خۆێ لە بوونی دیکتاتۆری و پشێل کردنی مافی مرۆڤ لەو وڵاتە دادەخا.

## ئاکام گیری

بوونی سەرچاوەی نەوت خۆی لە خۆێدا مایەی چارەرەشی نیە، بەڵام کەڵک وەرگرتنی نادروست لە داهاتی نەوت، چارەرەشی بەرهـەم دێنـێ. دەوڵـەتی ڕانتـی بەکـەڵک وەرگـرتن لـە توانـای ئـابووری، هـەوڵ دەدا کـۆنترۆڵی کۆمەڵگـە بکـا و خـەڵکێکی پاسیڤ بەرهەم بێنێ. دەوڵەتی ڕانتی دەوڵەتێکی ناکارامەیە چونکە پشت ئەستوور نیە بـە ئەنجامـدانی پـلان و جمووجـۆلی ئابووری. لە درێژخایەندا دەوڵەتی ڕانتی بە سێ شێوە دەکرێ تووشی گرفت بێ:

**یەکەم**. بە یاسا پێش لە کۆنترۆڵ و خەرج کردنی داهاتی نەوت لە لایەن دەوڵەت بگیرێ کە دیارە ئەو بابەتە لە نەبوونی دامەزراوەی دێموکراتیک و پارڵمانی دێموکراتیدا ئەستەمە.

**دووهەم**. حەشتیمەتی وڵات ئەوەندە زۆر بێ کە ئیتر نەکرێ بە داهـاتی نـەوت، دەنگـی خـەڵک بکردرێ. توانـای ئـابووری دەوڵەت بە بەراورد بە حەشیمەتی ئەو وڵاتە دابەزێ.

**سێهەم**. بەها و پێگەی نەوت لە بازاری جیهانی دا کەم بێتەوە.

سەرچاوەکان:

**Angrist, Michele Penner. "Party Systems and Regime Formation in the Modern Middle East: Explaining Turkish Exceptionalism," published by PH.D. Program in Political Science of the City University of New York, on 2004**

**Ehteshami, Anushiravan. "Reform from above: the politics of participation in the oil monarchies,"published in 2003 by Wiley on behalf of the Royal Institute of International Affairs**

**Karl, Terry. "Oil-led Development: Social, Political, and economic Consequences," published on January 2007 by CODRL Stanford**

**Gray, Matthew. "A Theory of Late Rentienism in the Arab States of The Gulf," published on November 2011 by Center for International and Regional Affairs Georgetown University School .of Foreign Service in Qatar**

**Algazeera Report. "US Confirms $60 bn Saudi Arm Deal," published on 20 October, 2010**

**Canada Compete. "What Norway did with its oil and we didn't," published on May 16, 2013 on .The Global And Mail**

**Nagraj, Aarti. "Top 10 Countries with The World's Biggest Oil Reserves," published on April 13, .2013 on Gulf Business**

**HIS Report. "Saudi Arabia Replaces India as Largest Defense Market for US, IHS Study Says," published on March 7, 2015 from: http://press.ihs.com/press-release/aerospace-defense- -terrorism/saudi-arabia-replaces-india-largest-defence-market-us-ihs**

**Saudi Arabia Becomes world's top arms importer," published on March 9, 2015 from: " http://www.buzzfeed.com/sheerafrenkel/the-23-most-corrupt-countries-in-the-world#.fc1KZd4NJ**

لە ژمارە ٦٥٤ی رۆژنامەی کوردستان دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی ئەپریلی ٢٠١٥

-----------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## پرۆسەی ناتەواوی نەتەوەسازی لە رۆژهەڵاتی نێوەراست

دەوڵەت - نەتەوە لە پاش دارمانی ئیمپراتوورییەکان بۆتە بەرچاوترین فۆرمی سیستمی سیاسی لە جیهان. دەوڵەتەکان لە سەدەی هەژدە بەملاوە لە ڕێگەی بەکارهێنانی تەکنۆلۆژی و دامەزراوەی نوێ وەک زانکۆکان هەوڵیان داوە خەڵکی خۆیان لە چوارچێوەی خاکێکی دیاریکراو هاوڕەنگ بکەن و لە خەڵکانی دیکە جیایان بکەنەوە. دەوڵەتەکان بۆ نەتەوەسازی جگە لە تەکنۆلۆژی و دامەزراوەی نوێ، هێندێک تایبەتمەندیی مێژووییشیان سەر لە نوێ زیندوو کردەوە. بۆ نموونە دەوڵەتەکان زۆربەی کات تێکۆشان کە زمانی گرووپێکی کەمینە یا زۆرینەیە بکەن بە زمانی هەموو نەتەوەکە. بەڵام پرۆسەی نەتەوەسازی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست ناسەرکەوتوو بوو، چونکە قۆناخی تێپەڕین لە سیستمی ئیمپراتووری بەرەو سیستمی دەوڵەت-نەتەوە ناسەرکەوتوو بوو بەو واتایە کە ناتەبایی و نەگونجانێک لە نێوان سنوورەکان و شوناسی خەڵکەکان دروست بوو. لە ڕوانگەی مێژوویی‌یەوە پێویستە جەخت لەسەر رۆلی زلهێزەکان لە ناسەرکەوتوویی پرۆسەی نەتەوەسازی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بکرێتەوە. بەڵام دەوڵەتگەلی نادێموکراتیک و دیکتاتۆر لە بەردەوامی ناسەرکەوتوویی ئەو پرۆسەیە رۆلی بەرچاویان هەبووە. لە سەردەمی بەجیهانیبوون شوناسە نافەرمیی و نادەوڵەتییەکان هەرچی زیاتر دەرەتانی پەرەسەندن و خۆزیندووکردنەوەیان پەیدا کردوە.

### دەوڵەتگەلی دەستکرد و نەتەوەسازی

زلهێزەکان بەتایبەتی لە دوای شەری یەکەمی جیهانی کۆمەڵێک دەوڵەتی دەستکردیان لە رۆژهەڵاتی نێوەراست پێکهێنا. ئەو دەوڵەتە دەستکردانە زیاتر رەنگدانەوەی بەرژەوەندییەکانی زلهێزەکان بوون و لەگەڵ خواست و فرەچەشنی خەڵکی ئەو ناوچانە نامۆ و ناتەبا بوون. دابەشکردنی عەرەبەکان لە دوای دارمانی ئیمپراتووری عوسمانی بەسەر چەندین دەوڵەت و لەبەرچاونەگرتنی وێکچوونی زمانی و کولتووری ئەوان، یەکێک لە بەرجەستەترین نموونەکانی پێکهێنانی دەوڵەتگەلی دەستکرد لە رۆژهەڵاتی نێوەراستە. هەروەها ریشەکانی کێشەی فەلەستین-ئیسرائیل دەگەڕێتەوە بۆ ئەو رۆلەی زلهێزەکان بەتایبەتی بریتانیا لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی لە رۆژهەڵاتی نێوەراست هەیبوو. کێشەی لەمێژینەی ئیسرائیل-فەلەستین نەتەنیا خەساری بە ئیسرائیلییەکان و فەلەستینی‌یەکان گەیاندوە بەڵکوو کێشەیەکی ناوچەییشی لە نێوان زۆرینەی دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسرائیل یان لە ئاستێکی بەرفراوانتر لە نێوان موسلمانەکان و ئیسرائیلییەکان پێکهێناوە. دابەشکردنی کوردەکان لە نێوان چوار وڵاتی تورکیە، ئێران، عێراق و سووریە نموونەیەکی دیکەیە لە ناتەبایی نێوان سنووری نەتەوەیی لەگەڵ شوناسی نەتەوەیی لە رۆژهەڵاتی نێوەراستە. کوردەکان لە هەموو پارچەکان بزووتنەوەی بەهێزی نەتەوەییان هەبووە و داوای چەشنێک لە ئۆتۆنۆمی و خۆبەڕێوەبەریان کردوە. بۆ نموونە هەر لە کاتی شەڕی دووهەمی جیهانی کوردەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان کۆمارێکی کوردیان لە مەهاباد لە ساڵی ١٩٤٥ دامەزراند و شوناسی نەتەوەیی خۆیان بەرجەستە کردەوە. هەروەها تەنیا لە باکووری کوردستان لە شەری نێوان پارتی کرێکارانی کوردستان و تورکیە بەراورد دەکرێ کە زیاتر لە ٣٠٠٠٠ کەس گیانی لەدەست دابێ کە زۆربەشیان کورد بوون. کەوایە زلهێزەکان رۆلێکی زۆر



سەرچاوە
Serchawe

نەرێنیان هەبووە لەوەی سیستمی دەوڵەت - نەتەوەیان بەزۆر و لەسەربنەمای قازانجی خۆیان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەراست پەرە پێ دا.

## دەوڵەتی نادێموکراتیک و نەتەوەسازی

دەوڵەتەکانی نادێموکراتیک یەکێک لە لەمپەرەکانی بەردەم سەرکەوتنی پرۆسەی نەتەوەسازی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەراستن. زۆربەی دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەراست ڕێگە بە هاووڵاتیانیان نادەن کە ماف و دەرفەتی هاوبەشیان هەبێ بۆ ئەوەی لە پێکهێنانی داهاتووی وڵاتەکەیان بەشدار بن. بۆ نموونە لە ئێران کە شیعە وەک مەزهەبی فەرمی وڵات دیاریکراوە و شیعەکان زۆربەی پۆستە سیاسی و گرینگەکانی وڵاتیان بەدەستەوە گرتووە، ئەستەمە هەستێکی هاوبەش و شۆناسێکی هاوبەش لە نێوان سوننی و شیعەکانی ئێران دروست بێ. کاتێک دەوڵەت بە شێوەیەکی دادپەروەرانە نوێنەراتی هەموو گرووپەکان ناکا، ئەو گرووپانەی لەپەراوێزخراون، هەوڵ دەدەن شۆناسی گرووپی خۆیان بەهێز بکەن یان پەیوەست بە شۆناسگەڵی یان نەتەوەوەیی و جیهانیتر بن. بۆ نموونە لە ئێران سوننییەکان جەختیان لەسەر سوننی بوونی خۆیان کردۆتەوە و یان بۆ نموونە ئەوەی کەیسی مردنی فەریناز خوسرەوانی دەبێتەوە هۆی نارەزایەتی گەورە لە مەهاباد و تەنانەت چەندین شاری دیکەی کوردیش نارەزایەتی دەردەبرن، بەرهەمی ئەو سەرکۆتکردنە شۆناسەیە کە بەشیوەیەکی سیتماتیک لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێران دا ڕووی داوە. ئەگەر لە وڵاتێکی دێموکراتیک با، هاووڵاتیان متمانەیان بە دەوڵەت دەکرد و کەیسێکی وەک فەریناز خوسرەوانی بە سادەیی و لە ڕێگەی سیستمی یاسایی چارەسەر دەکرا. هەتا کێشەی ناتەبایی سنووری نەتەوەیی و شۆناسی نەتەوەیی چارەسەر نەکرێ، وێککەوتنی شۆناسی دەوڵەتی و شۆناسی گرووپگەڵی نادەوڵەتی لە نێو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەراست بەردەوام دەبێ.

## نەتەوەسازی لەسەردەمی بەجیهانی بوون

مودێرنیزم یارمەتی دەوڵەتانی دا بۆ ئەوەی کۆنترۆلیان بەسەر پرۆسەی نەتەوەسازی دا هەبێ، بەڵام بەجیهانی بووون واتە سەردەمی فرەشۆناسی کۆنترۆلی دەوڵەتی لە نێو سنوورەکانی خوی خستە ژێر پرسیار. پێکهێنانی ئەرتەش، سیستمی خوێندن، دراو و پاسپۆرت هەموو بەشێک لەو هەوڵانەن کە دەوڵەتان بۆ پێکهێنانی شۆناسێکی هاوبەش لە چوارچێوەی خاکێکی دیاریکراودا لەقەلەم دەدرێن. بۆ نموونە خزمەتی سەربازی پراکتیزەکردنی ئەو ئایدیایە بوو کە جگە لە ماڵی تاکەکەسی، ماڵێکی گەورەتریش بە ناوی وڵات هەیە کە پێویستە پارێزگاری لێ بکرێ. دەوڵەتان سیستمی خوێندنیان پەرە پێ دا تا منداڵان لە هەر گۆشەیەکی وڵات بە خوێندنی رومانێکی هاوبەش، زمانێکی هاوبەش و مێژوویەکی هاوبەش پەروەردە بکرێن. بۆ نموونە لە وڵاتی ئێران کە پێکهاتووە لە نەتەوەکانی عەرەب، تورک، بەلووچ، تورکەمەن، کورد و فارس، زمانی فارسی واتە زمانی دەوڵەت بووەتە زمانی هاوبەش لە نێوان ئەو نەتەوانە. دەوڵەتان لە ڕێگەی قۆتابخانە و زانکۆکان هەوڵیان داوە مێژوو و تێگەیشتنێکی هاوبەش لە ڕابردوو لە نێو هاووڵاتیانیان دروست بکەن چونکە خاکی هاوبەش بە تەنیا ناتوانێ خەڵک هاوچەشن و هاورەنگ بکا. هەر بۆیە تیۆری دارێژی ناسیۆنالیزم، ئیرنێست ڕێنان، دەڵێ نەتەوەسازی بە بێ دەستکاری کردنی ڕابردوو ناکرێ.



سەرچاوە
Serchawe

بەجیهانی بوونی کومەڵایەتی کە جەخت لە بڵاوبوونەوەی ئایدیا، وێنە و خەڵک لە جیهاندا دەکاتەوە، سنوورە دەوڵەتییەکانی پڕکەلێن و پڕدەرز کردوە. بۆ نموونە لە سەرەتای سەدەی بیستویەکەم دا ٣٢ میلیۆن هاووڵاتی ئەمریکا واتە ١١.٥ لە سەدی حەشیمەتی ئەمریکا لەو کەسانە پێکدێ کە کۆچیان بۆ ئەمریکا کردوە و لە ئەمریکا لە دایک نەبوون. هەروەها نزیک ٣٠ میلیۆن کەس ساڵانە سەردانی ئەمریکا دەکەن. کەوایە تەنانەت بۆ بەهێزترین دەوڵەتی جیهانیش کۆنترۆلکردنی سنوورەکانی بە بەراورد لەگەڵ ڕابردوو زۆر دژوار بووە. بەجیهانیبوونی کۆمەڵایەتی پێوەندی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگەی زۆر ئالۆزتر کردوە چونکە دامەزراوەکانی دەوڵەتی وەک قوتابخانەکان و میدیای دەوڵەتی چیدیکە تەنیا سەرچاوەی زانیاری خەڵک نین. گلۆبالیزم واتە بەجیهانیبوون بە کەمکردنەوەی تێچووی بەکارهێنانی تەکنەلۆژی نوێ، یارمەتی شۆناسە سەرکۆتکراوەکانی داوە. بەجیهانیبوون تێچووی بەکارهێنانی ئامرازی نوێ وەک پرێنت و تەلەڤیزیونی کەم کردۆتەوە بەچەشنێک کە ئێستا شۆناسە نادەوڵەتییەکانیش نەتەنیا دەتوانن پارێزگاری لە شۆناسی خۆیان بکەن بەڵکوو دەتوانن پەرە بە شۆناسی خۆشیان بدەن. بۆ نموونە ٥ ساڵ لەمەوبەر زۆرێک لە کوردەکان لە ئێران، عێراق و تەنانەت تورکیا زانیارییەکی ئوتۆیان لەسەر کوردەکانی سووریە نەبوو، بەڵام ئێستا بە هۆی میدیای لۆکالی، تورە کۆمەڵایەتییەکان و میدیای جیهانی، کوبانی، شارێکی رۆژئاوای کوردستان بۆتە سەمبۆلێکی کوردان لە هەموو بەشەکان. دروستکردنی ئەو هەستە هاوبەشە چەند دەیە لەمەوبەر بۆ گرووپێکی بێ دەوڵەت وەک کورد بابەتێکی یەکجار ئەستەم بوو.

## ئاکامگیری

زلهێزەکان بە دروستکردنی دەوڵەتگەلێکی دەستکرد لە رۆژهەڵاتی نێوەراست تۆوی کێشەیەکی بەرفراوانیان لەو ناوچەیە چاند. ئەو کێشەیە کێشەی نێوان شۆناسی نەتەوەیی و سنووری نەتەوەیی لە رۆژهەڵاتی نێوەراست. دەوڵەتانی سەرەرۆ لە رۆژهەڵاتی نێوەراست بە سەرکۆتکردنی شۆناسی هێندێک لە گرووپەکان و نەرەخساندنی ماف و دەرفەتی هاوبەش بۆ هەموو گرووپەکانی نێو خاکەکەیان، کێشەی نێوان شۆناسی نەتەوەیی و خاکی نەتەوەیان زیاتر کرد. دواجار بەجیهانیبوونی کۆمەڵایەتی وێککەوتنی شۆناسە پەراوێزخراوەکان و شۆناسە دەوڵەتییەکانی لێکەوتۆتەوە و ناتەواوبوونی پرۆسەی نەتەوەسازی لە رۆژهەڵاتی نێوەراست بەرجەستە کردۆتەوە.

**Sources**

Nye, Joseph S, David Welch, and Joseph S Nye. 2014. Understanding Global Conflict and .Cooperation : an Introduction to Theory and History

Fawcet, Louise. "International Relations of Middle East," (Oxford University Press: Oxford, .2009)

Akcam, Taner. From Empire to Republic: Turkish Nationalism and the Armenian Genocide. .London: Zed, 2004. Print

Watson, Ivan and Comert, Yasim. "Reports says Turkey's Kurdish conflict has turned more .violent," published by CNN in September, 2012

Nemat, Marina. "Religious Minorities in Iran," published by the International Religious .Freedom Report 2004

Guvenc, Muna. "Constructing narratives of Kurdish nationalism in the urban space of .Diyarbakir, Turkey," published in 2011



سەرچاوە
Serchawe

لە ژمارە ٦٥٦ی ڕۆژنامەی کوردستان دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی مای ٢٠١٥

---------------------------------------------

## میدیا و پیاو سالاری

کاریگەری میدیا بە بەردەوامی زۆرتر دەبێ بە هۆی ئەوەی خەڵک لە چوارگۆشەی جیهان بۆ وەرگرتنی زانیاری و بۆ بەسەربردنی کاتێکی خۆش کەڵک لە میدیا وەردەگرن. بازرگانەکان، خاوەنانی کۆمپانیا، چالاکانی مەدەنی، سیاسەتمەداران و خەڵکی پسپۆر سەرمایەگوزاری لە میدیادا دەکەن تا پەیامی خۆیان بە شێوەیەکی خێرا و کاریگەر بە خەڵکێکی زۆر بگەیەنن. جگە لەمە گەشەی تەکنۆلۆژی، کەڵک وەرگرتن لە کامێرای پێشکەوتوو، کامپیوتێر و ئینترنێت، ئەو هێزەی بە میدیا بەخشیوە تا بەردەنگ بە دەنگ و وێنەگەلێکی زۆرتر و ئالۆزترسەرقاڵ و سەرسام بکا. هەر بۆیە زۆرێک لە خەڵک نەتەنیا جیهان لە ڕێگەی میدیا دەبینێ بەڵکوو چۆنیەتی بیرکرنەوە و تێگەیشتنی لە جیهانیش هەر بە هۆی میدیایە. میدیا دەتوانێ هیوای ژیان و داهاتوویەکی ڕوون بۆ بەردەنگی دروست بکا و دەشتوانێ تۆوی نائۆمێدی و ڕەشبینی بچێنێ. بەڵام میدیا بەشێوەیەکی بێ لایەنانە هەڵسوکەوت لەگەڵ واقعییەت ناکا و هەوڵ دەدا کە بەشێک لە واقعییەتێک بە شێوەیەکی تایبەت نیشان بدا. لەو وتارەدا جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە کە سێ ئامرازی وەک تەلەڤیزیۆن، ڕۆژنامە و ڕێکلام بە ڕێگەی جۆراوجۆر پەرەیان بە پیاوسالاری داوە. پیاوسالاری ڕوانگەیەکە کە کار بۆ ئەوە دەکا کە پیاوان لە بواری جۆراوجۆر هێژمۆنیان بە سەر ژنان دا هەبێ. پیاوسالاری هەر وەک چۆن سەردەمانێک بەشێک لە خەڵکی سپی پێست لە ئورووپا و ئەمریکا بە چاوی سووک سەیری ڕەش پێستەکانیان دەکرد، پیاوسالاریش بەو شێوەیە لە ژنان و تواناکانی ئەوان دەڕوانێ. پیاوسالاری لەمپەرێکی گەورەیە لەبەردەم مرۆڤسالاری.

### فیلم و پیاو سالاری

تەلەڤیزیۆن و فیلم لە ڕێگەی نیشاندانی ژنان وەک کاراکتێری پاسیڤ و پاشکۆی پیاوان، پەرەیان بە پیاوسالاری داوە. لە زۆربەی فیلمەکاندا، پیاوان ڕۆڵی یەکەمیان هەیە و وەک قارەمانی فیلم ڕۆل دەگێرن بەڵام ژنان زۆربەی کات ڕۆلی لاوەکیان پێ دەدرێ. بۆ نموونە بە پێی لێکۆلینەوەی کە مارتا لاوزن، (Martha Lauzen)، ماموستای زانکۆی سان دیاگۆ، ئەنجامی داوە بەشداری ژنان لە ١٠٠ فیلم کە لە ساڵی ٢٠١٣ زۆرتریان فرۆشیان هەبووە بەمشێوە بووە؛ تەنیا ١٥% قارەمان و کەسی یەکەمی فیلمەکان ژن بوون، تەنیا ٢٩% کاراکتێرە گرینگەکان و ٣٠% ئەو کاراکتێرانەی قسەیان کردوە ژن بوون. کەوایە لەو ١٠٠ فیلمە نزیک ٧٠% کاراکتێرە ژنەکان، لەو فیلمانەدا بەشدار بوون بە بێ ئەوەی قسە بکەن. ئەو



سەرچاوە
Serchawe

فیلمانە ئەو ڕوانگەیە پەرە پێ دەدەن و دووبارەی دەکەنەوە کە ژنان ناتوانن ڕۆڵی سەرەکی و گرینگ وەئەستۆ بگرن. بەڵام ئەگەر خەڵک ببینن کە ژنان لە نێو فیلمەکاندا ڕێبەر و بەڕێوەبەرن، ئەوە خەڵک هان دەدا کە لە ژیانی واقعیش دا متمانەی زیاتر بە ژنان بکەن بۆ ئەوەی بەرپرسیارەتی ڕێبەری و بەڕێوەبەریان پێ بدەن. گینا دەیویس لە ساڵی ٢٠٠٥ لە فیلمێکدا بە ناوی کاماند ئین چیف (Command in chief) ڕۆڵی سەرۆک کۆماری ئەمریکای گێرا. دوای فیلمەکە ڕاپرسییەکی ئەنجامدا کە لەودا ٦٨% بەشداربووان کە فیلمەکەیان دیتبوو، ڕەزامەندی یەکی زۆرتریان پەیدا کردبوو بۆ ئەوەی سەرۆک کۆمارێکی ژنیان هەبێ.

تەلەڤیزیونەکان ژنانی گەنج زیاتر نیشان دەدەن و ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بەکارهێنانە ئامرازی و سێکسیـیە کە میدیا لە ژنان و جەستەی ژنان دەیکا. بۆ نموونە ژنانی ئەمریکی لە نێوان تەمەنی ٢٠ بۆ ٣٠ ساڵ تەنیا ٣٩% حەشیمەتی ژنانی ئەمریکا پێکدێنن. ئەوە لە حاڵێکدایە کە ٧٠% ئەو ژنانەی لە میدیای ئەمریکادا دا نیشان دەدرێن، تەمەنیان لە نێوان ٢٠ بۆ ٣٠ ساڵ دایە. تەلەڤیزۆنەکان لە نێو فیلمەکانی دراما، ڕوانگە کۆن و نەریتیـیەکان لەهەمبەر ژنان بەکار دەهێنن تا پیاوسالاری لە زەینی منداڵان وەک شتێکی ئاسایی و سروشتی جێ بگرێ. بە پێی لێکۆڵینەوەیەک کە ڕێکخراوی گینا دەیویس (Geena Davis Institution)

ئەنجامی داوە، لە نێوان ١٢٩ فیلمی دراما کە ئەوان سەیریان کردوە، تەنیا ٢٨.٣ % کاراکتێرە قسەکەرەکانی ئەو فیلمانە لە ڕەگەزی مێ بوون؛ بۆ ئەو درامایانەی تایبەت بە منداڵان بووە، تەنیا ٣٠.٨% کاراکتێرە قسەکەرەکان لە ڕەگەزی مێ بوون. بەو پێیە ئەو فیلم و درامایانە منداڵان وا پەروەردە دەکەن کە بێ دەنگ و پاسیڤبوون تایبەتمەندییەکی ئاسایی ژنانە و ئەوان لە داهاتوودا پێویستە پاسیڤبووبی ژنان بە بەراورد بە پیاوان وەک شتێکی ئاسایی وەربگرن.

«کیسەڵەکان دەتوانن بفرن» یەکێک لە بەرهەمە بەناوبانگەکانی دەرهێنەری کورد، بەهمەنی قوبادی یە. ئەو فیلمە باسی ژیانی دژواری کۆمەڵێک منداڵ لە کەمپ لە ساڵی ٢٠٠٣ لە عێراق دەکا. فیلمەکە سێ کاراکتێری سەرەکی هەیە؛ دوو کور بە ناوەکانی هەنگاو و سەتەلایت و کچێک بە ناوی ئاگرین. سەرەڕای ئەوەی هەنگاو دوو دەستی نیە، ئەو قارەمانی ئەو فیلمەیە و پارێزگاری لە ئاگرینی خوشکی دەکا. ئاگرین لەو فیلمەدا کاراکتێرێکی پاسیڤی هەیە؛ ئەو تاکە کاری ئەوەیە ئاگای لە منداڵەکەی بێ و لە کۆتایی دا خۆی دەکوژێ. فیلمی «کیسەڵەکان دەتوانن بفرن» لەگەڵ ئەوەدا توانیویەتی ئازاری ئەو منداڵە کوردانە بە باشی نیشانی بینەر بدا، بەڵام تەنیا کاراکتێری سەرەکی مێینەی ئەو فیلمەی، ئاگرین، وەک کاراکتێرێکی بێ ئیرادە نیشان دراوە. فیلمەکە بۆ ژنان هەڵگری پەیامێکی نەرێنی و هیوابەخش نیە.

## ڕۆژنامە و پیاوسالاری

ڕۆژنامەکان وەک بەشێک لە میدیا دەتوانن ببنە هۆکاری مانەوە و پەرەگرتنی پیاوسالاری. ڕۆژنامەکان زۆربەی کات لە ڕێگەی کەڵک وەرگرتن لە زمانێکی سێکسی، توانا و دەستکەوتەکانی ژنان بچووک نیشان دەدەن. زمانی سێکسی بە زمانێک دەوترێ کە بە شێوەیەکی یەکسان و دادپەروەرانە هەڵسوکەوت لەگەڵ ڕەگەزەکان ناکا و لە ڕێگەی کەڵک وەرگرتن لە

هێندێک دەستەواژە، یەکێک لە ڕەگەزەکان، زۆربەی کات ژنان، سووک و بچووک نیشان دەدا. تایتێلی ڕۆژنامەکان زۆربەی جار ڕوخساری ژنان بەرجەستە دەکاتەوە لەحاڵێکدا بە نیسبەت پیاوان، جەخت لەسەر شارەزایی و بەرپرسیارەتیان دەکا. ناوەندی بریتانیا بۆ ژنان لە بەشی زانست، ئەندازیاری و تەکنۆلۆژی (UKRC) بۆ ماوەی ٦ مانگ سەیری ١٢ ڕۆژنامەی بەناوبانگی بریتانیای کردوە و بۆی دەرکەوتووە کە ئەو ڕۆژنامانە لەهەمبەر ٥٠% ژنانی پسپۆر و زانا باسی ستایلی جل و قژی ئەو کەسانەیان کردوە لەحاڵێکدا تەنیا بۆ ٢٠% پیاوانی هاوئاست ئەو کارەیان کردوە. هەروەها لە تەواوی ئەو کەسانەی ئەو ڕۆژنامانە لەو ٦ مانگەدا وەک شارەزا نەقلی قەوڵیان لێ وەرگرتوون، ٨٠% لە ڕەگەزی نێر و تەنیا ٢٠% لە ڕەگەزی مێ بوون. لە زۆربەی ڕۆژنامەکان دا، پیاوانی پیاوسالار خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەر و نووسەرن، هەر بۆیە جیهانێکیش کە نیشانی دەدەن لە بەرژەوەندی پیاو دایە.

زۆرێک لەو دروشمانەی تەنانەت باس لە ئاشتی نێوان نەتەوەکانیش دەکەن هەڵگری زمانێکی سێکسی و پیاوسالارانەن. بۆ نموونە دروشمگەلێک وەک «کورد و تورک بران» یان «کورد و عەرەب بران» هەڵگری زمان وعەقلانییەتێکی پیاوسالارانەیە چونکە پێوەندی نێوان دوو نەتەوە بە پێوەندی نێوان پیاوانی ئەو دوو نەتەوەیە کورت دەکەنەوە. هەروەها ئەو دروشمانە نوێنەرایەتی نەتەوە بە نوێنەرایەتی پیاوان کورت دەکەنەوە. بە جێگەی ئەو دروشمانە دەکرێ بڵێین «کورد و تورک هاوڕێن» یان «بژی هاوڕێیەتی کورد و تورک». لە زمانی ئینگلیسیش دا پێشتر وشەی Men کە بە مانای پیاوان دێ، بۆ ئاماژە بە مرۆڤەکان بەکاردەهێنا بەڵام بە هۆی گەشەی ڕەوتی فێمێنیستی، ئەوانیش پێداچوونەوەیان بە زمان و ئەدەبیاتی خۆیان کردوە و ئێستا زۆربەی کات لە وشەی Humans کە تەعبیر لە ژن و پیاو دەکا بۆ ئاماژە بە مرۆڤەکان کەڵک وەردەگرن.

شێوەی دارشتنی هەواڵێک دەکرێ بە شێوەی سێکسی بێ و هەوڵ بۆ بایەخ دان بە پیاوان و بچووک کردنەوەی ژنان بدا. لێرەدا چاو لە تایتێلی ڕاپۆرتێک دەکەین کە سۆران عومەر لە ڕێکەوتی 2014/12/3 لە سایتی خەندان بڵاوی کردۆتەوە. تایتێلی ڕاپۆرتەکە ئەوەیە: »ئەو ئافرەتەی لە لوبنان دەستگیر کراوە ژنی ئەبووبەکر بەغدادی نییە». تایتێلەکە بە ناونەهێنانی ناوی ژنەکە، ئەو پەیامە بە بەردەنگ دەدا کە ئەوەی گرینگە مێردی ئەو ژنەیە نەک خۆی. ڕاپۆرتەکە لە درێژەدا دەڵێ کە ئەو ژنە خوشکی عومەر عەبدوڵحەمید دلێمییە کە ئەمیری یەکێک لە کەتیبە سەربازی یەکانی داعشە. ڕاپۆرتنێر لە زەقکردنەوەی ئەبووبەکر بەغدادییەوە دەروا بۆ بەرجەستەکردنی پیاوێکی دیکە بە ناوی عومەر عەبدولحەمید بە بێ ئەوەی هیچ ئاماژەیەک بەوە بدا کە ئەو ژنە واتە سەجا عەبدولحەمید دلێمی کێیە و چ دەورێکی لە داعش دا هەبووە. بیرکردنەوەی پشت ڕاپۆرتەکە ئەوەیە کە ئەو ژنە وەک خۆی گرینگ نیە، بەڵکوو کاتێک گرینگی پەیدا دەکا کە ژن یا خوشکی پیاوێکی گرینگ بێ.

## ڕێکلام و پیاو سالاری

ئەگەرچی ڕێکلام دەتوانێ کاریگەری خراپی لەسەر هەر دوو ڕەگەزی مێ و نێر بێ بەڵام زۆربەی کات ڕەگەزی مێینە دەکاتە ئامانج و ئامراز. ڕێکلامەکان هەوڵ دەدەن هەستێکی نائەمنی سایکۆلۆژی و دڵەراوکێ لە ژنان دروست بکەن تا پەنا بۆ



سەرچاوە
Serchawe

کرینی شتومەکی جوانکاری بەرن. زۆربەی ڕیکلامەکان لە ژنانی کز و سپی پێست کەڵک وەردەگرن. ئامانج لەو ڕیکلامانە ئەوەیە کە بە بەردەنگی ژن و پیاو بلێن کە مۆدێل و باشترین ستایلی ئافرەت ئەوانەن کە زۆر کزن، پێستی سپی و سافیان هەیە. ژنان بە هۆی ڕیکلام نیگەرانی کەشی خۆیان دەبن و هەوڵ دەدەن ئەو ئایدیالە لە لەشجوانی دەستەبەر بکەن. بە پێی لێکۆڵینەوەی ناوەندی تێکچوونی باری خواردنی ئەمریکا ( National Association of Anorexia and Associated Disorder)، ژنان زۆر زیاتر تووشی تێکچوونی باری خواردن دەبن. هەروەها بە پێی لێکۆلینەوەکە ٥٣% کچانی ١٣ساڵی ئەمریکی لە کەشی خۆیان نارازین؛ ئەو نارەحەتیە بۆ ٧٨% ئەو کچانە بەرز دەبێتەوە کاتێک دەگەنە تەمەنی ١٧ ساڵ. ڕیکلامەکان زۆربەی کات وێنەی ئەو کچە مۆدێلانە نیشان دەدەن کە بە کامێرا و کامپیوتێر وێنە و فیلمەکانیان مۆنتاژ و دیزاین کراون بە شێوەیەک کە هیچ چین و چرووکێک لە دەموچاو دا نیە یان هیچ بەرزگێکیان نییە. ژنان لە ئەمریکا ساڵانە لە نێوان ١٢٠٠٠ دۆلار تا ١٥٠٠٠ دۆلار بۆ کرینی شتومەکی جوانکاری و ڕۆیشتن بۆ سالۆنی ئارایش خەرج دەکەن. ئەو ڕیکلامانە ئەو پەیامە بە ژنان دەدەن کە گرینگ نییە چ کردەوە یان سەرکەوتنێکیان هەبووە بەڵکوو شتێک کە سەرەکی یە ئەوەیە کە لەشێکی جوان و ڕۆخسارێکی جوانیان هەبێ.

ڕیکلامەکان بە شێوەی ناراستەوخۆ توندوتیژی بە دژی ژنان پەرە پێ دەدەن کاتێک کە لەشی ژنان لەتەنیشت کالایەک یان وەک کالایەک نۆمایش دەکەن. جین کیلبورن (Jean Kilbourne)، دەرهێنەر و نووسەر، لەو بڕوایە دایە کە نیشاندانی مرۆڤێک وەک ئامراز، زۆربەی هەرە زۆری کاتەکان هەنگاوی یەکەم بووە بۆ ئەوەی شەرعییەت بە توندوتیژی لە دژی ئەو کەسە بدرێ؛ مرۆڤ وەک شتومەک نۆمایش دەکرێ و توندوتیژی دەبێتە بابەتێکی بێ ئەملاوئەولا.

لێرەدا نموونەیەک لە ڕیکلام دەبینین کە کۆمپانیایەکی ئەمریکی لەساڵی ١٩٦٧ بۆ فرۆشتنی سیگار کەڵکی لێ وەرگرت . ڕیکلامەکە ئاوا وەسفی سیگارەکە دەکا: «سیگار وەک ژن وایە، باشترینیان کز و دەولەمەندە.

کۆمپانیایەکە لە لایەک ژنی کز و دەوڵەمەند وەک ئایدیال نیشان دەدا و لە لایەکی دیکە ژن وەک کالایەک هاوشێوەی سیگار نیشان دەدا. ئەو بە ئامرازکردنەی ژن لە ڕیکلام دا بەستێنی زەینی خۆش دەکا بۆ ئەوەی پیاوان ژن وەک ئامراز سەیر بکەن و خۆیان بە کڕیار و خاوەنی ژنان بزانن. بەو پێیە ڕیکلامی لەم چەشنە بە هێنانەخواری بەهای ژنان تا ئاستی کالایەک، توندوتیژی دەرهەق بە ژنانیش هەر وەک هەڵسووکەوتی خاوەن کالا لەگەڵ شتومەکەکەی، ئاسایی و نۆرمالیزە دەکا.

## ئاکام گیری

سیستمی پیاوسالاری لە ڕێگەی کۆنترۆڵکردنی میدیا هەوڵ بۆ نوێکردنەوە، بەردەوامی و بەرهەمهێنانەوەی خۆی دەدا. لە شوێنێک دا کە میدیا لە زمانێکی سێکسی و پیاوسالار کەڵک وەردەگرێ و ئەو زمانە وەک شتێکی ئاسایی و تەنانەت بەشێک لە ئازادی بەیان وەردەگیرێ، نیشانەی بەهێزبوونی پیاوسالاری و لاوازی وشیاری فێمێنیستی لەو کۆمەڵگەیە دایە. ئەرکی ڕەوتی فێمێنیستی ئەوەیە تێگەیشتن و وشیاری گشتی لەهەمبەر ڕۆلی میدیا لەهەمبەر پەرەدان بە پیاوسالاری بەرێتە

سەرێ. فیلم، رۆژنامە و ڕێکلام دەتوانن هەڵگری پەیامگەلێک بن کە ئامانجی بە ئامرازکردن و بچووک کردنی ژنان بێ. خوێندنەوە و لێکۆلینەوەی فێمێنیستی بۆ میدیای کوردی دەتوانێ بەستێنی هەبوونی میدیایەکی مرۆڤتەوەرتر خۆش بکا.


**Works Cited**

**Al-Ramahi, R. A. (2013). Sexist Manifested in the Language of Nursery Rhymes: Analysis of .Sexist linguistic Features. European Scientific Journal, 8**

**Breitman, K. (2014, September Monday). Politico. Retrieved December 3 December, 2014, from politico: https://www.google.iq/#q=9%2F29%2F14**

**Caldas-Coulthard, C. R. (1995). Man in the News: the Misrepresentation of Women Speaking in .News-as-Narrative-discourse. Birmanghan University International Language Debates, 8**

**Disorders, N. A. (2014, December 2). Anad. Retrieved December 3, 2014, from Anad : /http://www.anad.org/get-information/about-eating-disorders/eating-disorders-statistics**

**Evans, K. (2012). Media Representations of Male and Female. Internet Journal of Criminology .© , 8**

**.[Ghobadi, B. (Director). (2005). Turtles Can Fly [Motion Picture**

**.[Gull, R. (Director). (2014). Ahol advertising for washing machine [Motion Picture**

**Hamedy, S. (2014, March 11). Report: Just 15% of lead characters in major movies are female. Retrieved December 1, 2014, from articles.latimes.com: http://articles.latimes.com**

**https://www.youtube.com/watch?v=hZkC_fNxmQk (Director). (2011). Misrepresentation, The .[media›s manipulative influence over your morals [Motion Picture**

**Jenny Kitzinger, M. C. (2008). Gender, Stereotypes and Expertise in the Press: Cardiff School .of Journalism, Media and Cultural Studies, iii**

**.Media, G. D. (2012). THE THIRD GLOBAL SYMPOSIUM. THE THIRD GLOBAL SYMPOSIUM, 7**

**Talks, T. (Director). (2014). Looks are not everything. Believe me, I am a model. [Motion .[Picture**

**کەریم, س. (2014, December 3 December). xendan. Retrieved December 4 December, 2014, from Xendan: http://www.xendan.org/dreja.aspx?=hewal&jmara=20816&Jor=1**


لە ژمارە ٦٥٧ی رۆژنامەی کوردستان دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی جوونی ٢٠١٥

---------------------------------------------

## سیاسەت و بەجیهانی بوون

ڕەنگە بەجیهانیبوون یان گلۆبالیزم بۆ بەشێک لە چالاکانی سیاسی و مەدەنی وەبیرهێنەرەوەی کتێبەکانی "کۆتایی مێژوو"ی فرانسیس فۆکۆیاما و "وێککەوتنی شارستانییەتەکان"ی ساموئێل هانتینگتۆن بێ. هەر دوو کتێب باسیان لە نەزمی نوێی جیهان دەکرد؛ فۆکۆیاما پێی وابوو کە پاش ڕووخانی یەکیەتی سۆڤییەت، لیبرال دێموکراسی هەموو جیهان دەتەنێتەوە. بەڵام هانتینگتۆن پێی وابوو لە جیهانی نوێدا کولتوور دەبێتە سەرچاوەی گرژی و شەڕ، کەوایە شارستانییەتە جیاوازەکان تووشی وێککەوتن و شەڕ لەگەڵ یەکتر دەبن. تێپەڕینی کات دەریخست، کە هەر دووکیان هەڵە بوون. بە تێپەڕینی نزیک لە ٢٥ ساڵ لە دەرچوونی کتێبی "کۆتایی مێژوو" لە ساڵی ١٩٩٢، ئێستاش چین و ڕووسیە خاوەنی سیستمێکی لیبرال دێموکراسی نین و تەنیا کاپیتالیزم (ئابووری ئازاد) یان قبووڵ کردوە. هەروەها بەردەوامی ڕژیمگەلێکی ئیسلامی وەک ئێران و عەرەبستان هەموو نیشانەی نادروستبوونی لێکدانەوەکانی فۆکۆیاما بوو. هانتینگتۆنیش کە لە ساڵی ١٩٩٣ کتێبی "وێککەوتنی شارستانییەتەکان"ی بڵاو کردەوە، شەڕی نوێی جیهانی بە پێچەوانەی فۆکۆیاما، نەک وەکوو شەڕی ئایدیۆلۆژی و ئابوورییەکان، بەڵکوو وەک شەڕی شارستانییەتەکان پێناسە دەکرد. بەڵام بە پێچەوانەی ڕوانینی هانتینگتۆن زۆربەی ئەو شەڕانەی لە دەیەی ٩٠ بەملاوە ڕووی دا، شەڕی نێوخۆیی بوون نەک شەری نێوان شارستانییەتەکان. لە دوای ڕووخانی یەکیەتی سۆڤییەت هەتا سەرەتای سەدەی بیستویەکەم، ١١٦ شەڕ ڕووی دا کە ٨٩ یان شەڕی نێوخۆیی و تەنیا ٢٠ یان شەڕی نێودەوڵەتی بوون (Nye, ٢١٦). لەگەڵ ئەوەدا کە ڕوانگەی فۆکۆیاما و هانتینگتۆن بۆ پێناسەکردنی جیهانی نوێ ڕاست نەبوون، بەڵام لەوەدا ڕاست بوون کە ئێمە لە سەردەمێکی نوێ و جیهانێکی نوێ دا دەژین. ئەو جیهانە نوێیە لەسەر چ بنەمایەک بنیات نراوە؟ سیاسەت بە واتای پێوەندی نێوان دەوڵەتەکان و کێشەی هەبوونی دەسەڵات و هێژمونی لە نەزمی نوێی جیهانیدا چۆنە؟ کوردایەتی لە سەردەمی نوێدا چ گۆڕانێکی بەسەردا هاتووە؟

### بەجیهانیبوون و شۆڕشی زانیاری

جیهانی نوێ جیهانێکی لێکگرێدراوتر و پێکەوەبەستراوترە. لە جیهانی نوێدا پێوەندی و پێکەوەبەستراویی نێوان دەوڵەتان، گرووپ و تاکەکان زۆر زیاتر بووە. بەجیهانیبوون تاڕادەیەکی زۆر لەسەر بنەمای شۆڕشی زانیاری و تەکنۆلۆژی بنیات نراوە. شۆڕشی زانیاری تێچووی پێوەندی کەم کردۆتەوە و خێرایی پێوەندیشی یەکجار زۆر کردوە. بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٩٣ تەنیا ٥٠ سایت لە ئاستی جیهاندا هەبوون، کە تا کۆتایی ساڵی ٢١٠، ژمارەی سایتەکان گەیشتە ٢٥٥ میلیۆن سایت (Nye, ٢٩٨). لە ساڵی ١٩٣٠ تێچووی پێوەندییەکی تەلەفۆنی کورت ٢٥٠ دۆلار بوو کە ئێستا ئەو تێچوویە بۆ زۆر کەمتر لە یەک دۆلار دابەزیوە (٢٩٨,Nye). تەنانەت ئێستا بە کەڵکوەرگرتن لە فەیس بووک و سکایپ و... نرخی پێوەندی گرتن تا ئاستی خۆڕایی دابەزیوە. لە ساڵی ١٩٩١ نزیک ١% حەشیمەتی جیهان دەستی بە ئینترنێت ڕادەگەیشت، ئێستا نزیک ٤٠% حەشیمەتی جیهان، واتە زیاتر لە ٣ میلیارد کەس دەستی بە ئینترنێت ڕادەگا. لە ساڵی ٢٠٠٤، کە مارک



سەرچاوە Serchawe

زاكێربێرگ تۆڕی فەیس بووكی دروست كرد، نزیك یەك میلیۆن كەس بوون بە بەكارهێنەری فەیس بووك. لە ساڵی ٢٠٠٤ تا ٢٠١٣، بەكارهێنەرانی فەیس بووك لە یەك میلیۆن كەسەوە بۆ زیاتر لە یەك میلیارد كەس بەرز بۆتەوە.

## بە جیهانیبوون و پێكەوەبەستراوەیی

ئەو پێوەندی و لێكگرێدراوییە بەرفراوانە گۆڕانی بەسەر بازرگانی، شەڕ، تەندروستی، پەروەردە، سیاسەت و... هتد هێناوە. بە واتایەكی دیكە بەجیهانیبوونی ڕەهەندی كۆمەڵایەتی، ئابووری، سەربازی، سیاسی و... هتد هەیە. بەجیهانیبوون وایكردوە ڕاگواستنی كاڵا زۆر ئاسانتر و هەرزانتر بێ و بەمشێوەیە بازاری ئاڵوگۆری كاڵا تا ڕادەیەكی زۆر ببێتە بازارێكی جیهانی. ئەو ئاڵوگۆری شتومەكە لە ڕابردووشدا هەبوو بەڵام لە چەند دەیەی دواییدا خێرایی و بەرفراوانیەكی بێ وێنەی بەخۆیەوە گرتووە. كۆمپانیاگەلێك دروست بووە كە خاوەنەكانیان خەڵكی چەند وڵاتی جیان و لە چەندین ولات نوێنەرایەتیان هەیە. ئەمڕۆكە نزیك بە نیوەی شتومەك بە دەست كۆمپانیا فرە نەتەوەییەكان بەرهەم دێ. بۆ نموونە جێنرال ئێلێكتریك مۆتور (General Electric Motor) كە كۆمپانیایەكی ئەمریكی‌یە و هەر بە تەنیا سەرمایەكەی لە زۆرێك لە وڵاتانی جیهان زیاترە، زیاتر لە نیوەی كارمەندانی، واتە نزیك ٣٠٠ هەزار كارمەندی لە دەرەوەی ئەمریكان (Economist). زۆرێك لەو كۆمپانیانە سەرمایە تەرخان دەكەن تا یاسا و سیاسەتی وڵاتان لە بەرژەوەندی خۆیاندا بگۆڕن. پێوەندی ئابووری نێوان وڵاتانیش یەكجار بەرفراوانتر بووە. زۆرێك لەو پێوەندییە ئابووریانەی لە نێوان وڵاتاندا بەستراوە، پێوەندییەكی ناهاوسەنگە، بەو واتایە كە بەستراوەیی وڵاتێك بە وڵاتەكەی دیكە زۆرترە. لە دۆخی بوونی پێوەندی ئابووری ناهاوسەنگ، وڵاتی باڵادەست پێوەندی ئابووری وەك چەكێك بەكار دێنێ و بە دانانی گەمارۆی ئابووری، ولاتەكەی دیكە ناچار دەكا سیاسەتەكەی بگۆڕێ.

بۆ نموونە ئەگەر پێوەندی ئابووری هەرێمی كوردستان لە ١٩٩١ تا ٢٠١٥ لەگەڵ توركیە و ئێران لەبەرچاو بگرین، دەبینین كە ئێستا بەستراوەیی ئابووری هەرێمی كوردستان بەو دوو وڵاتە یەكجار زۆرە. لەگەڵ پێوەندی بەرفراوانتریش بەستراوەیی زیاتر بەرهەم دێ. بۆ نموونە ئەگەر دەوڵەتی توركیە یا ئێران نرخی سووتەمەنی گران بكا، نرخی ڕاگواستنی شتومەك دەچێتە سەرێ و زیانی ئابووری گەورە وەبەر هەرێمی كوردستان دەكەوێ. لە دۆخی بوونی پێوەندی ئابووری ناهاوسەنگ، وڵاتی بالادەست پێوەندی ئابووری وەك چەكێك بەكار دێنێ و بە دانانی گەمارۆی ئابووری وڵاتەكەی دیكە ناچار دەكا سیاسەتەكەی بگۆڕێ.

## شەڕ لەسەردەمی بەجیهانیبوون

هەروەها لە بواری سەربازی‌دا لە سەردەمی بەجیهانیبوون، شەڕی ناوهاوسەنگ دەبێتە یەكێك لە بەرچاوترین جۆرەكانی شەڕ. شەڕی ناهاوسەنگ بە شەڕێك دەكوترێ كە تێیدا لایەنێكی لاواز و بچووك لەبەرامبەر لایەنێكی گەورەدا شەڕ دەكا. تێرۆریزم بەرچاوترین جۆری شەڕی ناهاوسەنگ لە سەردەمی بەجیهانیبوون دایە. توانای سەربازی ئەلقاعیدە لە توانای سەربازە ئەمریكا زۆر بچووكترە، بەڵام بەم حاڵەش ئەلقاعیدە توانی و دەتوانێ هەڕەشە بۆ ئەمریكا دروست بكا. ئێستا

هەزاران کەس لە وڵاتانی جۆراوجۆری جیهان پێوەستی داعش بوون، کە لە دوو دەیە لەمەوبەر بە هیچ شێوەیەک دەرەتانی دروستبوونی ڕێکخراوی وەک داعش بوونی نەبوو کە توانای ڕاکێشانی ئەو پۆتانسیەلە ئینسانییەی لەسەرانسەری جیهاندا هەبێ. بە واتایەکی دیکە تێرۆریستەکانیش کەڵک لە دەرفەتی ڕاگواستی خێرا و تۆڕی پێوەندی بەرفراوان و خێرا وەردەگرن.

بردنەوەی شەڕ لە سەردەمی بەجیهانیبوون زیاتر لەوەی بەرهەمی بوێری و گیانفیدایی سەربازەکان بێ، بەرهەمی هەبوونی چەکی پێشکەوتوو و زانیاری وردە. هێزی هاوپەیمانان تاکوو ئێستا زیاتر لە ڕێگەی بۆمبارانکردن ڕووبەڕوی داعش بۆتەوە؛ واتە کەڵکی لە فڕۆکەی شەڕکەری پێشکەوتوو، فڕۆکەوانی خوێندەوار و زانیاری وردی سیستمی ڕادار و ماهوارە وەرگرتووە.

## دیپلۆماسی لەسەردەمی بەجیهانیبوون

سیاسەت لە سەردەمی بەجیهانیبوون زۆر ئاڵۆزتر بووە، چۆنکە پێوەندی نێوان دەوڵەتان زۆر بەرفراوانتر و ئاڵۆزترە و هەروەها کۆمەڵێک ئەکتەری نادەوڵەتی ڕۆڵ دەگێڕن. لە جیهانی ئێستا دیاریکردنی ئەوەی کە چ شتێک بابەتێکی نێوخۆیی و چ شتێک بابەتێکی نێودەوڵەتیە زۆر دژوارتر بووە. لە پێشوودا دەوڵەتان تاکە ئەکتەری سیاسەتی نێودەوڵەتی بوون، بەڵام ئێستا گرووپەکانی نێو وڵاتێک هەر کام بۆ بەرژەوەندی خۆیان ڕاستەوخۆ پێوەندی بە دەوڵەت یا وڵاتێکی دیکە دەگرن. بۆ نموونە بەشێک لە ئەندامی کۆماریخوازی کۆنگرەی ئەمریکا نامەیەکیان ئاراستەی ئێران کرد و باسیان لەوە کرد ڕێکەوتنی ئەتۆمی نێوان ئێران و ئەمریکا لە دوای تەواوبوونی خولی سەرۆک کۆماری ئۆباما ئیعتباری نابێ. ئەوە لەحالیکدا دەوڵەتی ئەمریکا کە دەوڵەتێکی دیموکراتیکیشە بەو واتایە پشتئەستوورە بە دەنگی خەڵکی ئەمریکا، دەبێ نوێنەرایەتی هاووڵاتیانی ئەمریکا لەبەرامبەر وڵاتانی دیکە و خەڵکی دیکەدا بکا. یان بەشێک لە نوێنەرانی کۆنەپارێزی مەجلیسی ئێران لە دژی ڕێکەوتنی ئەتۆمی ئێران و ئەمریکا لێدوانیاندا و هەڵوێستیان گرت. لە ڕابردوودا پێوەندی نێوان وڵاتان تاڕادەیەکی زۆر هەمان پێوەندی نێوان دەوڵەتان بوو، کە لە ڕێگەی باڵوێزخانەکان و دیپلۆماتەکان ئەنجام دەدرا. ئێستا لە هاووڵاتیەک ڕا بگرە هەتا گرووپێکی بچووک لە خەڵکی وڵاتێک، دەتوانن کاریگەرییان بەسەر دەوڵەتان و خەڵکێکی دیکەدا هەبێ.

## ئەمنییەت لە سەردەمی بەجیهانیبوون

زۆرێک لە چەمکەکانی ڕابردوو گۆڕانی جیددیان بەسەردا هاتووە. بۆ نموونە لە ڕابردوودا کە باس لە تەناهی دەکرا زۆرتر مەبەست ڕۆڵی سوپا و پۆلیس لە دابینکردنی ئەمنییەتی فیزیکی و گیانی خەڵک بوو. سوپا دەبوا هاووڵاتیانی لەبەرامبەر هێرشی دەرەکی وڵاتێکی دیکە پاراستبا و پۆلیسیش دەبوا گیانی هاووڵاتیانی لە بەرامبەر چەتە و مرۆڤکوژەکان لە نێو سنووری نەتەوەییەکان پاراستبا. هەر بۆیە لە یادەوەری خەڵکدا شەری یەکەم و دووهەمی جیهانی شەڕێکی خراپ بوو، چۆنکە ژمارەیەکی زۆر خەڵک لەو شەڕانەدا کوژران. بەڵام کەمتر خەڵک دەزانن کە لە ساڵی ١٩١٨، نزیک ١٨ میلیۆن کەس، واتە زۆر زیاتر لە ژمارە قوربانیانی شەڕی یەکەمی جیهانی، بە هۆی نەخۆشییەکی ئانفلانزا گیانیان لەدەست دا. ڕوانینی

مرۆڤ بۆ ئەمنییەت لە ڕابردوودا ڕوانینێکی نەتەوەیی بوو، نەک ڕوانینێکی جیهانی و مرۆیی. ئێستا دەوڵەتان ناچارن لە بواری تەندروستی و پزیشکی هاوکاری یەکتر بکەن، تا پێش بە بڵاوبوونەوەی هێندێک ڤایرۆس بگرن. لە ساڵی ١٩٨٨ بەملاوە کە ڤایرۆسی ئایدز (HIV) پێناسە کرا، زیاتر لە ٢٠ میلیۆن کەس بە هۆی تووشبوون بە ئایدز گیانیان لە دەست داوە و ٤٠ میلیۆن کەسیش گیرۆدەی ئەو ڤایرۆسە بوون (Nye). بەو پێیە پێناسەی ئەمنییەت لەسەردەمی بەجیهانیبوون پێناسەیەکی زۆر ئاڵۆزتر و جیهانیتری بەخۆیەوە گرتووە.

## ئاکام گیری

بەجیهانیبوون ئاماژەیە بە پێوەندی و لێکگرێدراوی بێ وێنەی دەوڵەتان، خەڵک، کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان بە یەکتر. لەگەڵ پێوەندی بەفراوانیش چەشنێک لە پێکەوەبەستراوەیی و ئاڵۆزی لە هەموو ڕەهەندەکانی ژیان دروست بووە. دوکتور سەریع القەلەم لە وتارەکەی "سیاستمەدار کیست؟" دا دەڵێ: گرینگترین تایبەتمەندیی سیاسەتمەدارێک ئاگادار بوون لە بارودۆخی وڵات و ئاگاداربوون لە هەلومەرجی نێودەوڵەتییە. بە وتەی سەریع القەلەم، سیاسەتمەدار لە سەردەمی بەجیهانیبوون دەبێ لە چەند زمانی نێودەوڵەتی شارەزایی هەبێ. ئەگەر سیاسەتمەدارێک لە سەردەمی بەجیهانیبوون لە فەزای نوێی سیاسەتی جیهانی تێنەگا، ناتوانێ پارێزگاری لە بەرژەوەندی گرووپەکەشی لە جیهانێکی زۆر ئاڵۆزتر بکا و بەرەوپێشی بەرێ. سیاسەتمەدارێکی ساویلکە بە هەر بەرنامەیەکی تەلەڤیزیۆنی بی بی سی، ئەلجەزیرە و ... هەڵدەخلەتێ و تووشی چەشنێک لە کەفۆکول و کاڵفامی سیاسی دەبێ.

**سەرچاوەکان:**

:Sources
Nye, Joseph S, David Welch, and Joseph S Nye. 2014. Understanding Global Conflict and .Cooperation : an Introduction to Theory and History
:The Economist Online. “Biggest Transnational Companies” from the link
http://www.economist.com/blogs/graphicdetail/2012/07/focus-1
Internet Users from www.internetlivestate.come
:Facebook: 10years of social networking in numbers from the link
http://www.theguardian.com/news/datablog/2014/feb/04/facebook-in-numbers-statistics

سیاستمدار کیست؟ به قلم دکتر محمود سریع القلم

لە ژمارە ٦٥٨ی ڕۆژنامەی کوردستان دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی جووی ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

# کورد و پرسی هەڵبژاردن

لە مانگی ڕەشەمەی ١٣٩٤، هەڵبژاردنی خولی دەهەمی پارلمانی ئێران بەرێوە دەچێ. پارلمانی ئێران ئێستا ٢٩٠ ئەندامی هەیە و ئەو ڕێژەیە ڕەنگە بۆ خولی دەهەم بۆ ٣١٠ کورسی بەرز بێتەوە. کاندیدەکانی خولی دەهەمی پارلمان لە ٢٩ سەرماوەز تا ٤ی بەرفرانبار مەجالیان هەیە تا ناونووسی بکەن. بە پێی ماددەی ٢٩ی یاسای هەڵبژاردنی ئێران، بەشێک لە بەرپرسانی حکوومەتی ئەگەر بیانهەوێ بەشداری هەڵبژاردنی پارلمانی بکەن دەبێ ٦ مانگ پێشتر دەست لە بەرپرسیارەتیان بکێشنەوە. بە واتەیەکی دیکە هەڵبژاردن لە مانگی سەرماوەز بەملاوە بۆ ماوەی چەند مانگ بابەتێکی سەرەکی نیو فەزای سیاسی ئێران و ڕۆژهەلاتی کوردستان دەبێ. هێزێکی سیاسی پێویستە چۆن بڕوانیتە ئەو هەڵبژاردنە؟ ڕەوتێکی سیاسی کوردی پێویستە بە چ شێوەیەک ئاراستە ببەخشێتە دەنگدەری کورد کە خزمەت بە گەشەی ناسیۆنالیزمی کوردی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بکا؟ پێگەی هەڵبژاردنەکان لە سیاسەتی کوردی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان لە کوێ دایە؟

## هەڵبژاردن لە نێو سیستمی کۆماری ئیسلامی دا

هەڵبژاردن یەکێک لە پێویستی یەکانی سەرەکی هەر سیستمێکی سیاسی دێموکراتیکە بۆ ئەوەی دەنگی خەڵک بڕیاری ئەوە بدا کە چ کەسانێک پێویستە وڵات بەرێوە بەرن و وڵات دەبێ بەرەو چ ئاراستەیەکی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی بڕوا. بەڵام هەڵبژاردن لە نێو سیستمی کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتاوە بابەتێکی پرسیارهەڵگر بووە. لە دوای شۆڕشی ١٩٧٩، سیستمێکی سیاسی تایبەت واتە کۆماری ئیسلامی بەسەر ئێران دا زاڵ بووە. ئەو سیستمە هاوپێوەندی و تێکهەلکێشانی ڕەوایی سەروو خەڵکی واتە بوونی ویلایەتی فەقیە و ڕەوایی خەڵکی واتە بەرێوەچوونی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری و پارلمان بووە. هەڵبژاردن لە نێو کۆماری ئیسلامی دا بە هۆی بوونی یاسای نادادپەروەر، شوورای نیگابان و نەبوونی شەفافییەت، هەڵبژاردنێکی نادادپەروەر بووە؛ ژمارەیەکی بەرچاو لە خەڵک نەیانتوانیوە و ناتوانن وەک کاندیدی سەرۆک کۆماری، کاندیدی پارلمان و شووراکانی شار و دێ بەشدار بن. هەر بۆیە بەشی زۆرینەی ئۆپۆزیسیۆن بەردەوام هەڵبژاردنەکانیان بایکۆت کردوە و باسیان لەوە کردوە کە لە ڕێگەی بەشداری نەکردن دەیانهەوێ ڕەوایی کۆماری ئیسلامی بخەنە ژێر پرسیار. لەگەڵ ئەوەدا کە هەر دووک گریمانە واتە نادادپەروەر بوونی هەڵبژاردنەکان و ئەوەی ڕێژیم لە بەشداری خەڵک لە هەڵبژاردنەکان کەڵکی ئامرازی وەردەگرێ و دەنگدانی خەڵک لە ئاستی نێوخۆیی و نێودەوڵەتی دا وەک بەڵگەی ڕەوایی خۆی لەقەڵەم دەدا بە دروست دەزانم بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەڵبژاردن لە نێو کۆماری ئیسلامی دا بابەتێکی پڕبایەخە و شتێکی فۆرمالیتە نیە. هەڵبژاردن لە نێو سیستمی کۆماری ئیسلامی شانۆیەکی سیاسی نیە کە خامنەیی سەرجەم وردەکاری و ئاکامەکانی دەستنیشان بکا.

تێرامان لە مێژووی هاوپێوەندی ڕەوایی خەڵکی (کۆمارییەت) لەگەڵ ڕەوایی سەروو خەڵکی (ویلایەتی فەقیە) نیشان دەدا کە سەرەڕای نادێمۆکراتیکبوونی هاوپێوەندی کۆمارییەت - ویلایەتی فەقیە، ئەو هاوپێوەندییە پێوەندی یەکی گۆڕان هەڵگر



سەرچاوە Serchawe

بووە. سەردەمی خۆمەینی سەردەمی باڵادەستی بێ ئەملاوئەولای ویلایەتی فەقیە بەسەر سیستمی بەڕێوەبەری و ئیداری (دەوڵەت) دا بووە. ئەستاندنەوەی بەرپرسیارەتی لە ئەبولحەسەنی بنی سەدر، یەکەمین سەرۆک کۆماری ئیسلامی لە ساڵ ١٣٦٠ لووتکەی باڵادەستی ویلایەتی فەقیە (خومەینی) بە سەر دەنگی خەڵک دا بوو. ڕەوتی لاوازبوونی باڵادەستی ویلایەتی فەقیە بە مردنی خومەینی و هاتنەسەرکاری خامنەیی وەک ڕێبەری کۆماری ئیسلامی دەستی پێ کرد. خامنەیی خاوەنی ئەو پێگە کاریزماتیکە نەبوو کە خومەینی هەیبوو. بە واتایەکی دیکە خامنەیی سەرۆک کۆمارێک بوو کە بە هاوکاری ڕەفسەنجانی ببوو بە ڕێبەری کۆماری ئیسلامی ئێران.

بوونی محەممەدی خاتەمی بە سەرۆک کۆماری ئێران لە ٢ جۆزەردان ١٣٧٦ لە ڕێگەی سندووقی دەنگدان، قۆناخێکی جیاواز لە مێژووی سیاسی کۆماری ئیسلامی خوڵقاند کە لەودا هەرچەند بە کەموکورتی کرانەوە و گەشەی سیاسی و مەدەنی ئێران کەوتە ڕۆژەڤەوە. لە سەردەمی ڕیفۆرمخوازەکان دا واتە لە ساڵی ١٣٧٦ تا ١٣٨٤ بەشداری سیاسی خەڵک بەرفراوان بووە و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان وەک بزووتنەوەی خوێندکاران و ژنان ڕۆڵێکی چالاکتریان لە فەزای سیاسی و کولتووری ئێران گێڕا. لە دەوڵەتی خاتەمی دا بۆ یەکەم جار دامەزراوەیەکی تایبەت بە مەسەلەی ژنان واتە "ناوەندی بەشداری ژنان" پێکهات و ماف و مەسەلەی ژنان لە ئەدەبیاتی دەوڵەت و ئەدەبیاتی سیاسی زیاتر هاتەبەرباس. تەنانەت ئەو باسانەی دوای بوونی مەعسوومە ئیبتکار بە جێگری سەرۆک کۆمار و سەرۆکی ڕێکخراوی ژینگەپارێزی ئێران سەبارەت بە بەشداریی ژنان لە سیاسەت و تەنانەت پێویستی لەبەرکردنی چارشێو هاتە ئاراوە هەمووی لە خانەی زیاتر هاتنەئارای یەکسانیی ڕەگەزی لە فەزای سیاسی ئێران لەقەڵەم دەدرێ. بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی شووراکانی دێ و شار لە ساڵی ١٣٧٧ بۆ یەکەم جار لە مێژووی کۆماری ئیسلامی دا نیشانە و نموونەیەکی دیکە لە شۆڕبوونەوەی سیاسەت بۆ نێو ژیانی ڕۆژانەی خەڵک و بەرفراوانتربونی بەشداریی سیاسی خەڵکی ئێران بوو. هەر لە یەکەم هەڵبژاردنی شووراکان لە ساڵی ١٣٧٧، ژنان توانیان یەک لەسەر سێی کۆرسییەکانی بەدەست بخەن؛ لە ١٠٩ شاری ئێران ١١٤ ژن وەک کەسی یەکەم و دووهەم بوون بە شوورا. لە ساڵی ١٣٧٦ تەنیا ٦٧ ڕێکخراوی تایبەت بە ژنان لە ئێران بوونی هەبوو کە تا ساڵی ١٣٨٤ بۆ ٤٨٠ ڕێکخراوی ناحکوومی تایبەت بە ژنان بەرز بووە. ئەو گۆڕانکاریانە لە بواری یەکسانی ڕەگەزی لە ئێران لە دوای ٢ی خوردادی ١٣٧٦ دەستی پێکرد و هاتنەسەر کاری ڕێفورمخوازانی پانتای چالاکی سیاسی لە ئێران بەرفراوانتر کرد.

لە سەردەمی ڕێفورمخوازاندا فراکسیونی کورد و بەرەی یەکگرتووی کورد پێکهات و بە قەولی خالید تەوەکولی لەو سەردەمەدا کەسانێک وەک موهەندیس ئەدەب ئاستی نوێنەرایەتی کردنی کوردیان بەرز کردەوە. هەر چەند فراکسیۆنی نوێنەرانی کورد و بەرەی یەکگرتووی کورد نەیانتوانی گۆڕانێکی جیددی لە مەسەلەی کورد لە ئێران دا پێکبێنن و ئەو مەسەلەیە لە بابەتێکی ئەمنییەتی بۆ بابەتێکی سیاسی - حقووقی بگوازێتەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا بیرۆکەی پێکهێنانی حیزبێکی یاسایی کوردی و بردنەسەری پێگەی یاسایی-سیاسی کورد لە سەردەمی ڕێفورمخوازن بووە بە بیرۆکەیەکی بەرجەستە لە ناسیۆنالیزمی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. دامەزرانی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان، دەرچوونی گۆڤارگەلێک وەک ڕۆژەڤ لە زانکۆی تاران و ڕوانگە لە زانکۆی تەورێز، پێکهاتنی ڕێکخراوگەلێک وەک ئەنجومەنی ژینگەپارێزی چیای سەوزی مەریوان و... نیشانەی ئەوەیە کە لە سەردەمی ڕێفورمخوازان بەشداریی سیاسی و پانتای سیاسەتکردن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بەرفراوانتر بووە.



سەرچاوە
Serchawe

قسە کردن لە خاڵە ئەرێنییەکانی سەردەمی ڕیفۆرمخوازان بە واتای ئەوە نیە لە ڕووداوگەلێک وەک قەتلەکانی زنجیرەیی و سەرکوتی خوێندکاران لە "کوی دانشگا" لە ساڵی ١٣٧٨ چاوپۆشی بکەین. قسەکردن لە خاڵە ئەرێنییەکانی سەردەمی ڕیفۆرمخوازان جەخت کردنە لەسەر ئەوەی هەڵبژاردن دەتوانێ سەرەتا و بەستێنخۆلقێنی گۆڕانی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی گرینگ لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێ.

هەڵبژاردنی سەرکۆماریی ساڵی ١٣٨٨ یەکێکی دیکە لەو هەڵبژاردنانە بوو کە توانی کاریگەری گەورە لە سەر فەزای سیاسی ئێران و کۆماری ئیسلامی ئێران دابنێ. لە دوای شۆرشی ١٣٥٧ ئێران، هەڵبژاردنی ئێران و بزووتنەوەی سەوز تەنیا ڕووداوێک بوو کە توانی حەشیمەتێکی میلیۆنی لە نارازیان لە ئێران و بە تایبەتی تاران بێنێتە سەر شەقام. کەسانێک وەک میر حوسێنی مووسەوی و مەهدی کەروبی کە لەو ڕێژیمەدا پۆستی هەستیار وەک سەرۆک وەزیری و سەرۆکی پارلمانیان هەبووە، لە ماڵی خۆیان دەستبەسەر کراون و ژمارەیەکی زۆر چالاکی سیاسی خرانە زیندان. نارەزایەتییەکانی دوای هەڵبژاردنی سەرکۆماری ١٣٨٨ ئەوەندە کاریگەر بوو کە لە سەر هەڵبژاردنی چوار ساڵ دواتر کاریگەری هەبوو؛ بۆ نموونە جەعفەری میلی مونفەرید کە کاندیدی حەسەنی روحانی، سەرۆک کۆماری هەڵبژێردرواى ساڵی ١٣٩٢، بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا بوو بە هۆی پشتگیری و بەشداری لە نارەزایەتی یەکانی ١٣٨٨ دەنگی پێویستی پارلمانی ئێرانی نەهێناوە. ئەوانە نیشان دەدەن کە هەڵبژاردن لە فەزای سیاسی ئێران کاریگەرە و هەڵبژاردنی داهاتووی پارلمانیش دەتوانێ گۆرانخۆلقێن بێ.

## هەڵبژاردن و ناسیۆنالیزمی کوردی

هەڵبژاردن لە سیستمی کۆماری ئیسلامی بۆ کوردەکان گرینگە چونکە زۆر جار حیزبە کوردییەکان و بە تایبەتی حیزبی دێموکرات دەنگدانی خەڵک بەو حیزبە لە یەکەمین هەڵبژاردنی پارلمانی ئێران لە کۆماری ئیسلامی دا بە نیشانەی جەماوەری بوونی ئەو حیزبە و رەوایی مەسەلەی کورد لە ئێران لەقەڵەم دەدا. جگە لەو هەڵبژاردنە، حیزبەکان زۆربەی کات هەڵبژاردنەکانیان بەو پاساوە کە نادادپەروەرە بایکۆت کردوە. ئەوە دروست نیە کە پرسیار و خەمی سەرەکی هێزە سیاسییەکان کورد و بە گشتی ناسیۆنالیزمی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە هەڵسەنگاندنی هەڵبژاردنەکان ئەوە بێ کە کۆماری ئیسلامی چ کەڵکێک لەو هەڵبژاردنانە وەردەگرێ. پرسیاری سەرەکی ناسیۆنالیزمی کوردی لەمەر هەڵبژاردنەکان لە نێو سیستمی کۆماری ئیسلامی پێویستە ئەوە بێ کە ئەو هەڵبژاردنانە چۆن دەتوانن لە بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان دابێ ئەگەر تەنانەت یارمەتی سەقامگیربوونی ئەو ڕێژیمەش بدەن. مەسەلەی ناسیۆنالیزمی کوردی بە پلەی یەکەم بەهێزکردنی سیاسی، ئابووری و ئیداری کوردە نەک ڕووخان یان لاوازکردنی کۆماری ئیسلامی ئێران.

بەشداریی کورد لە دەوڵەت و لە سیستمی بەڕێوەبەری و ئیداری (دەسەلاتی بۆرۆکراسی) دەتوانێ توانا، کەسایەتی و نفووزی کورد لە فەزای سیاسی ئێران دا زیاتر بکا. هەبوونی پارێزگار، پارلمانتار و فەرمانداری کورد هەم پێگەی پرسی کورد لە نێو فەزای کوردی بەهێز دەکا و هەم پرسی کورد لە ئاستێکی سایکۆلۆژی و حقووقی باشتر دێنێتە ئاراوە. بۆ نموونە پارێزگار بەرپرسی دانی مۆڵەت بە بڵاوکراوەکانی ئەو پارێزگایە، ڕێگەدان بە بەڕێوەچوونی خۆپیشاندان،

دیاریکردنی فەرمانداڕەکان، بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکان و بەرپرسی دابینکردنی تەناهی لە پارێزگا دایە. بۆ نموونە کەمتەرخەمی ناسیۆنالیزمی کوردی بە هێزی بۆرۆکراتیک وایکردوە لە شارەکانی ورمێ و نەغەدە کە کورد و تورک پێکەوە دەژین، کوردەکان نەک لە لایەن فارس بەڵکوو لە لایەن تورکەکان مافی زەوت بکرێ. لە هەڵبژاردنی خولی هەشتەمی پارلمانی ئێران لە حەوزەی شنۆ-نەغەدە کە لەودا جەمال خزری وەک نوێنەری کورد و عەلی زەنجانی وەک نوێنەری تورک کەوتنە دەوری دووهەم، فەرمانداری شنۆ لە شەوی هەینی (٢٥ی ئاوریلی ٢٠٠٨)، جەمال خزری وەک براوەی هەڵبژاردن ڕاگەیان بەڵام فەرمانداری نەغەدە بۆ سبەینێ زەنجانی وەک براوە ڕاگەیاند و سکالای کوردەکانیش بە هۆی هێزی زیاتری ئیداری-بۆرۆکراتیکی تورکەکان لە پارێزگای ورمێ و لە تاران، بێ ئاکام مایەوە. کورد لە ئێران بە هۆی بایەخ نەدان بە هێزی بۆرۆکراتیک لە شارانێک وەک نەغەدە، ورمێ و تاران تووشی لاوازی هاتووە. بەشداری لە هەڵبژاردن دەلاقەیەک دەکاتەوە بۆ ئەوەی هێزی ئیداری کوردەکان لە ئێران زیاتر بێ. بۆ نموونە ئەگەر کوردەکان لە هەڵبژاردنی پارلمانی داهاتوو لە شاری ورمێ زۆرینەی کورسییەکان دەستەبەر بکەن، هەم نیشانەی ئەوەیە ژمارەیەکی زۆر کورد لەو شارە دەژین و هەم ڕێگە خۆش دەکرێ بۆ ئەوەی کورد لە سیستمی ئیداری ئەو شارە بەشێکی زۆرتری هەبێ.

هۆکارێکی دیکە کە پێویستە هەڵبژاردن ببێتە ڕێگەیەک بۆ بەرفراوانکردنی بەشداری سیاسی کورد لە ئێران ئەوەیە کە کێشەی کورد لە ئێران بە نەمانی کۆماری ئیسلامیش کۆتایی پێ نایەت و بەدەستهێنانی ئەزموونی حکوومەتداری لە ئێستا کۆمەڵێک دەرفەت بۆ بژاردەی خوێندەواری کورد دەکاتەوە و بۆ داهاتووش پێش بە گەندەڵی دەگرێ. کوردایەتی لە ڕێگەی هەوڵ بۆ بوون بە شارەدار، فەرماندار، پارێزگار و... دەبێتە هۆی ئەوەی جگە لە شێوازی پشووی کوردایەتی کە تێچوویەکی زۆری هەبوو و دەستکەوتەکەشی زۆرتر ڕەهەندی ئەخلاقی هەبوو، کۆمەڵێک پێگەی بۆرۆکراتیک و جەماوەری بۆ بژاردە و چینی مام ناوەندی خوێندکار دەستەبەر بکا. بەشداری لە هەڵبژاردنەکان ئەو ڕەهەندە پۆپۆلیستییەی پێشووی سیاسەتکردن کە دێهاتەکان سەرچاوەی سەرەکی هێزی مرۆییان پێک دێنا، کەمرەنگ دەکاتەوە و بەستێنی ئەوە بنیات دەنێ کە چینی خوێندەواری مامناوەندی جڵەوی سیاسەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەست بگرێ. لەمەودوا مامۆستای کوردی زانکۆ، پسپۆری ئابووری، سیاسی و هتد کورد مەیدانێکی واقیعی هەم بۆ ململانێی تاکەکەسی و هەم بۆ خزمەتی کۆمەڵگەی کوردی پەیدا بکا. وەئەستۆگرتنی بەرپرسیارەتی دەوڵەتی مەیدانێکی بەرفراوان بۆ هێزی مرۆیی کورد دەکاتەوە و بەشداریی لە دەوڵەتدا، پێگەی سیاسی - ئابووری کورد لە کۆماری ئیسلامی دا بەهێز دەکا. ئەگەر کورد لە ئێستا لە دەوڵەتدا بەشداری بکا، ئەزموونی حکوومەتداری کورد لە دوای کۆماری ئیسلامی ئەزموونێکی سەرکەتووتر دەبێ. حکوومەتداری لە هەرێمی کوردستان و کێشەی کارەبا و ڕێگەوبان پاش ساڵانێک، ئەو بیرفراوانییە کە لە کوردایەتی کردن پێویستە لەبەرچاو بگیرێ. ئەگەر ئێمە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە داهاتوودا و لە دوای کۆماری ئیسلامی کەسانێکمان نەبێ لە بواری جۆراوجۆردا خاوەنی پسپۆری و ئەزموونی بەڕێوەبەری بن، ناچار دەبین کەسانێک لەو شوێنانە دابنێین کە کوردایەتی و ناسیۆنالیزمی کوردی لەبەرچاوی خەڵک دەخەن.

## ئاکامگیری

هەڵبژاردن بەدەر لە ئازاد و دادپەروەرانە بوون، مکانیزمێکە بۆ ڕەوایی وەرگرتن. هەر مکانیزمێک و دواجار هەر

هەڵبژاردنێک کە پۆتانسیەلی ڕەوایی بەخشی هەبێ، توانای قەیران دروستکردنیشی دەبێ. دروشمەکان، وتار و هەڵسوکەتەکان لە کاتی هەڵبژاردنەکان کاریگەریان بەسەر فەزای سیاسی ئێران و کۆماری ئیسلامی دەبێ. هەڵبژاردن لە کۆماری ئیسلامی دا لەگەڵ ئەوەدا کە بە ڕوانگەیەکی ئەمنییەتی سەیر دەکرێ، بەڵام نەخشەیەکی دیاریکراوی کۆرتخایەن بە دەرئەنجامێکی دیاریکراو لە لایەن ڕێبەری کۆماری ئیسلامی یا کەسێکی دیکە نیە. لە هەر هەڵبژاردنێک دا کۆماری ئیسلامی هێزی ماددی و میدیایی یەکجار زۆر تەرخان دەکا تا خەڵک بە شێوەی سیاسی و مەدەنی ڕازی و بێ دەنگ ڕابگرێ. ئۆپۆزیسیۆنیش هەڵبژاردن بە ڕۆژی دەنگدان کورت نەکاتەوە و وەک پرۆسەیەکی درێژخایەن و پربایەخ هەڵسوکەوت لەگەڵ هەڵبژاردنەکان بکا.

گرینگی دان بە هەڵبژاردنەکان لە کۆماری ئیسلامی دا دەرخەری بیرفراوانی ناسیۆنالیزمی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە؛ دەرخەری ئەوەیە کە سیاسەت و کوردایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕەهەندی بەرفراوانتر بەخۆیەوە بگرێ و کورد لە ئێران لە بوارەکانی دیکەش وەک بواری ئابووری و بۆروکراتیک بەهێزتر بێ.

**سەرچاوەکان:**


- ماڵپەڕی "پایگاه خبری تحلیلی انتخاب"، (مجلس با اصلاح فوری قانون انتخابات موافقت کرد)
- همه چیز درباره مجلس شورای اسلامی، حمیده احمدیان راد
- وضعیت زنان در دوران ریاست جمهوری محمد خاتمی، ژیلا بنی یعقوب، ماڵپەڕی بی بی سی فارسی
- ڕوانگەی چەند کەسایەتی کورد لە ئێران لە بارەی موهەندیس ئەدەب لە نووسینی: مینو فرهی

www.majles.94.ir

http://majles94.com/


سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٣ی ئاگۆستی ٢٠١٥

---



سەرچاوە Serchawe

## دێموکراسی نێوخۆیی و حیزبایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

حیزب بە ڕێکخراوێکی سیاسی دەوترێ کە لە کۆمەڵێک کەس پێکهاتووە کە بۆ کۆمەڵێک ئامانجی هاوبەش هەوڵ دەدەن و لەهەمبەر چۆنییەتی و ستراتژی گەیشتن بەو ئامانجانە تارادەیەکی زۆر لەگەڵ یەکتر کۆکن. لە پراکتیکدا حیزب بریتیە لە کۆمەڵێک کەس کە بۆ گەیشتن بە دەسەڵاتی سیاسی هەوڵ دەدەن و ئامادەن لە پێناو دەستەبەرکردنی بەرژەوەندی و دەسەڵاتی زیاتر لەگەڵ یەکتر هاوکارییەکی تووندوتۆلی ڕێکخراوەیی بکەن. هەر بەم هۆیەشە کە لە نێو حیزبی سیاسی هاوکات لەگەڵ ململانێ لەگەڵ حیزبەکانی دیکە، یان لە ئێستادا و لە پێوەندی لەگەڵ حدکدا هاوکات لەگەڵ خەبات دژی کۆماری ئیسلامی، ململانێی نێوخۆیی بۆ هەبوونی دەسەڵاتی زیاتر لە بەڕێوەبردن و ئاراستەبەخشینی حیزب دەبینرێ. ململانێی نێوخۆیی لە حیزبێکی سیاسیدا شتێکی ئاسایی و تەنانەت پێویستە بۆ ئەوەی کەسی باشتر لە ئاستی بەریوەبەری حیزب و بیرۆکەی باشتر بۆ بەڕێوەبەری حیزب بێتە ئاراوە.

ململانێی نێوخۆیی لە نێو حیزبەکانی گەورەی جیهانیش وەک بابەتێکی ئاسایی و پێویست سەیر دەکرێ. بۆ نموونە لە ساڵی ٢٠٠٨ هیلاری کلینتۆن لەگەڵ ئوباما بۆ پۆستی سەرۆککۆماری ململانێی کرد و کێشانەوەکەشی هەر بۆ دەستەبەرکردنی دەسەڵات بوو - دواتر لە کابینەی ئوبامادا بۆ ماوەیەک بوو بە وەزیری دەرەوە. لە ساڵی ٢٠١٠، برایانی میلیبەند، ئێد میلیبەند و دەیوید میلیبەند، بۆ وەرگرتنی ڕێبەری حیزبی ڕێکار کەوتنە ململانێ لەگەڵ یەکتر و ئێد ٦٥.٥٠% دەنگەکان و دەیوید ٣٥.٤٩% دەنگەکانی دەستەبەر کرد. لە ئاکامدا ئێد میلیبەند، برای بچووک، بوو بۆ سەرۆکی حیزبی کرێکار.

هەر بۆیە حیزبایەتی گۆڕەپانی ململانێ، وێککەوتن و تێکهەڵکێشکردنی بەرژەوەندیی تاکەکەسی ئەندامەکانە و هەوڵدان لە لایەن هەر کام لە ئەندامان بۆ دەستەبەرکردنی دەسەڵاتی زیاتر لە بەڕێوەبەری حیزب، بابەتێکی ئاسایی و ئەرێنییە. بەڵام بۆ ئەوەی ململانێی نێوخۆیی خزمەت بە زیندوویەتی فیکری و تەشکیلاتی حیزب بکا، بوونی کۆمەڵێک پرەنسیپی نێوخۆیی و دێموکراسی نێوخۆیی پێویستە. لەو وتارەدا بە لەبەرچاوگرتنی خۆئامادەکردنی حیزبی دێموکراتی کوردستان (حدک) بۆ کۆنگرەی ١٦، باسێک لەسەر چەند خاڵێکی پێڕەوی نێوخۆیی ئەو حیزبە دەکەم. بە هۆی ئەوەی حیزبایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تارادەیەکی زۆر هاوشێوەیە، ڕەخنەکانی ئەو وتارە ڕووی لە هەموو حیزبەکانی ئەو پارچەیە.

### تاکڕەوەی و تاکپەرەستی

لە ماددەی دەهەمی پێڕەوی نێوخۆیی حدکدا هاتووە کە: "تاکپەرەستی و سەرەرۆیی لە هیچ پلەیەکی تەشکیلاتی ڕێگای پێ نادرێ و لێپرسینەوەی لێدەکرێ." ئەو خاڵە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە لە حیزبدا بڕیارەکان بەرهەمی بیرکردنەوەی گرووپی یە و هیچ کەس سیاسەتێک بەڕێوە نابا کە ڕەزامەندی ئەندامانی حیزب و بەلانیکەم ڕەزامەندی زۆرینەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی لەگەڵ نەبێ. بەڵام مێژووی حیزبی دێموکرات نامۆ نییە بە تاکڕەوی و دەورانی ئەحمەد تۆفیق، دووهەمین

سکرتێری حیزبی دێموکرات، ڕەنگە ترۆپکی ئەو دەورانە بێ. لە سیاسەت و حیزبایەتی هیچ کەس بەدەر نییە لە مەیل بۆ دەستەبەرکردنی دەسەڵاتی زیاتر بەڵام ئەوە کۆمەڵێک پڕەنسیپی نێوخۆییە کە وا دەکات زۆربەی دەستڕۆیشتوویی سیاسی، دیپلۆماسی و بەڕێوەبەری حیزبێک لە دەستی کەسێکدا زەوت نەکرێ. لە سیاسەت و حیزبایەتیدا دەبێ متمانە و پشت بە مکانیزم و پڕەنسیپەکان ببەسترێ نەک بە تاکەکان.

یەکێک لەو هۆکارانەی وایکرد حیزبی دێموکرات لە دوای شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو تووشی چەشنێک لە نسکۆ و تەنانەت قەیران لە ئاستی فیکری، سیاسی، دیپلۆماسی و ڕێبەری بێ، ئەوە بوو کە د. قاسملوو بۆ ١٨ ساڵ سکرتێر و کەسی یەکەمی ئەو حیزبە بووە. د. قاسملوو لە ساڵی ١٣٥٠ هەتا ساڵی ١٣٦٨، پێش لە شۆرشی ئێران، لە کاتی وتوویژەکانی لەگەڵ دەوڵەت لە تاران، لە کێشەکانی دوای کۆنگرەی ٤، شەری چەکداری لە دژی ڕێژیم، شەری نێوان کۆمەڵە و دێموکرات، کێشەکانی دوای کۆنگرەی ٨ و... وەک سکرتێری حیزب ئامادەبوون و ڕۆلی هەبووە. ئەو ماوە دوورودرێژەی سکرتێریی د. قاسملوو ئەگەرچی لە لایەک بە هۆی بلیمەتی و ژیریی تاکەکەسی ئەو بوو بەڵام لە لایەکی دیکە بە هۆی ئەوە بوو کە وەک سکرتێری حیزب لە باری حقووقییەوە لە سیاسەتی نێوخۆیی و دەرەکی حیزب وەک کەسی یەکەم دەوری دەگێرا. ئەگەر د. قاسملوو لە دوای دوو دەورە سکرتێری بەرپرسیارەتییەکی دیکەی جگە لە سکرتێری حیزب هەبا، دەرفەت بۆ کەسانی دیکەش دەڕەخسا کە بە یارمەتی و چاودێریی کەسێکی ژیر و بە ئەزموون وەک د. قاسملوو، سکرتێری حیزبی دێموکرات بن نەک لە نەبوونی ئەودا. بە گشتی لە سەردەمی د. قاسملوودا بە هۆی نەبوونی مکانیزمێک بۆ پێشگرتن بە وەرگرتنی پۆستی سکرتێری لە لایەن کەسێکەوە بۆ چەندین دەورە لە دوای یەکدا وایکرد مەودای توانای سیاسی و ڕێبەری لە نێوان د. قاسملوو و سکرتێرەکانی دیکە بەرچاو و بەرجەستە بێ. ئەگەرچی حیزبی دێموکرات لە سەردەمی د. قاسملوو زیاتر بە هۆی بیرتیژی و بیرفروانی تاکەکەسی ئەو لە زیندوویەتی فیکری، سیاسی و دیپلۆماسیانە بەهرەمەند بوو بەڵام بنەمای کاری ڕێکخراوەیی لە مۆدێلی حیزبایەتی دوکتور قاسملوو لاواز بوو- بەستێنێکی ڕێکخراوەیی گۆنجاو بۆ هاوسەنگی زیاتری فیکری، سیاسی و تەشکیلاتی نێوان ئەندامانی ڕێبەری نەرەخسا.

جگە لە بوونی مکانیزمێک بۆ پێشگرتن بە وەرگرتنی پۆستی سکرتێری بۆ چەند دەورە بە دوای یەکدا لە لایەن یەک کەس، بنەمای کاری ڕێکخراوەیی حیزبێک بەوە بەهێز دەبێ کە باس و مشتومری فیکری و سیاسی ڕۆژانە و بەردەوام لە نێوان ئەندامانی حیزب هەبێ بۆ ئەوەی ساخبوونەوە و هاوئاهەنگی فیکری و سیاسی لە نێو حیزبدا دروست بێ. تاکرەوەی لە حیزبێکدا هەر ئەوە نییە کە بریاری تاکەکەسی بدەی بەڵکوو دەکرێ لە بواری فکری، سیاسی و ئەقلانییەتی خەباتکردنیش تاکرەوی هەبێ. کۆمەڵێک باس وەک وتوویژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی، چۆنیەتی ناوهێنان و ڕوانین بۆ ئەو کوردانەی هاوکاری ڕێژیم دەکەن، خراپبوونی سووتانی هۆتێل تارای مهاباد لە کەیسی مردنی فەریناز خوسرەوانی و ... لە لایەن سکرتێری حدک هاتە ئاراوە بە بێ ئەوەی پێشتر باسکردن و ساخبوونەوەیەکی فیکری - سیاسی لە ریزەکانی تەشکیلاتی ئەو حیزبە هاتبێتە ئاراوە. هەر بۆیە ئەو تەوەرانە لە ئاستی یەک دوو لێدوانی سکرتێری حدک کۆتایی پێهات و نەبوون بە بەشێک لە ئەدەبیات و ئەقلانییەتی سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان. تەنیا تەوەرێک کە لە دوو دەورە سکرتێری کاک خالید عەزیزی بوو بە جێی باس و ڕێکەوتنی گشتی ئەندامانی حیزب، ڕۆژهەڵاتتەوەری بوو. ڕۆژهەڵاتتەوەری کاردانەوەیەک بوو بە پەراوێزکەوتن و لە ڕۆژەڤکەوتنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بەراورد لەگەڵ پارچەکانی دیکە.

ڕۆژهەڵاتتەوەری بە هۆی ئۆرگانیزەبوونی لە ئاست ئۆرگانەکانی حدک- بە هۆی نەبوونی بە پرۆژە لە بەشەکانی ڕاگەیاندن، تەشکیلات و دیپلۆماسی لە ئاستی ئەدەبیاتی سیاسی ئەو حیزبە. بە واتایەکی دیکە ئێستا هەموو ئەندامانی حدک (تەنانەت ئەندامی حیزبەکانی دیکە) باسی ڕۆژهەلاتتەوەری دەکەن بەڵام ئەوەی مانای ڕۆژهەڵاتتەوەری لە کاری ڕاگەیاندن، تەشکیلاتی، سیاسی و دیپلۆماسی حیزبێک چییە، ناروون و نادیارە. گوتاری ڕۆژهەڵاتتەوەری نەیتوانی ڕێگەی تەشکیلاتی، سیاسی و دیپلۆماسی نوێ بەرەورووی حیزبەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان بکاتەوە و بیانباتە نێو قۆناخێکی نوێ خەبات و ژیانی سیاسی.

## سکرتێری حیزب

لە ماددەی شازدەهەمی پێڕەوی نێوخۆیی حدکدا هاتووە کە: "هیچ کەس لە دوو دەورەی بە دوای یەکدا وەک سکرتێری گشتی هەڵنابژێردرێ." ئەو خاڵە بۆ ئەوە دانراوە کە پێش بەوە بگرێ کە سکرتێری حیزب، بەڕێوەبەری حیزب قۆرخ بکا و بەمشێوەیە قۆرسایی و دەسەڵاتی تاکێک بەسەر دەسەڵاتی گشتی ئەندامانی حیزب زاڵ بێ. ئەو خالە بۆ ئەوە دانراوە هەموو ئەندامان لە هەر پلەیەکی تەشکیلاتی بن، لە بەستێنی حیزب و وەک بەشێک لە حیزب بناسرێن و حیزب بە حیزبی فلان کەس ناوزەد نەکرێ و نەناسرێتەوە. هەروەها ئەو خالە لە درێژخایەندا لە خزمەت بەهێزکردنی حیزب دایە چونکە یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی حیزب بریتییە لەوەی تەمەن و بەردەوامی حیزب لە تەمەن و بەردەوامی هەر یەک لە ئەندامانی زیاتر بێ- مانەوە و بەردەوامی حیزب بە مانەوەی کەسێک نەبەسترێتەوە.

## ئەقلانیەتی بۆلشۆڤیکی لە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

پۆستی سکرتێری لە مێژووی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش هەمیشە پۆستێکی هەستیار و قەیرانخوڵقێن بووە. کێشەی پۆستی سکرتێری لە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی بەشێکە لە کێشەیەکی گەورەتر کە ئەویش ئەوەیە کە ئەو حیزبانە بە ئەقلانیەتێکی بۆلشۆڤیکی حیزبایەتی و سیاسەت دەکەن. حیزبەکانی دێمۆکرات و کۆمەڵە وەک دوو ڕەوتی سەرەکی لە کاناڵیزەکردنی وزەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سەرەڕای جیاوازی لە ڕوانین و هەلوێستەکانیان، خاوەنی یەک پێکهاتە و ستراکتێری سیاسین. هەر دوو حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە لە بواری فۆرم و سکلێتی حیزبایەتییەوە وەک حیزبێکی بولشۆڤیکی لەقەلەم دەدرێن. ستراکتێری بولشۆڤیکی لە خوێندنەوەیەکی کلاسیکی بۆ کۆمەڵگە سەرچاوە دەگرێ کە کۆمەڵگە بە سەر دوو گرووپدا دابەش دەکا. لەو خوێندنەوەیەدا کۆمەڵگە لە دوو گرووپ پێکهاتووە، گرووپێک توانای بیرکردنەوە و فیکری هەیە و گرووپەکەی دیکەش ڕۆلی جێبەجێکار و فەرمانبەری هەیە. هەر ئەو خوێندنەوەیە لە کۆمەڵگە، لە ستراکتێری حیزبیشدا ڕەنگ دەداتەوە و حیزبی بۆلشوڤیکی بە سەر ڕێبەری و بەدەنەدا دابەش دەبێ. ڕێبەری هێزی فێکری و بڕیاردەرە بەلام بەدەنە هێزی جێبەجێکار، گوێگر و فەرمانبەرە. ئەوەی کە دەسەڵاتی ماددی، سیاسی و تەنانەت ڕۆشنبیری لە چەنگ ڕێبەریدا سەنترالیزە و قۆرخ دەکرێ، تایبەتمەندی سەرەکی ئەحزابی بۆلشۆڤیکییە. لە حیزبی بولشۆڤیکیدا ڕێبەری دەبێ هەم نووسەر و روشنبیر بێ هەم چالاکی سیاسی. بە واتایەکی دیکە "زەینییەتی و خەونی بوون بە لێنین" - کۆکردنەوەی ڕێبەرێکی سیاسی و ڕێبەرێکی تیۆری - فێکری لە یەک کەسدا- لە حیزبە بۆلشۆڤیکییەکاندا هەمیشە

زەینییەتێکی ئامادە و زیندوو بووە. چل ساڵ خەباتی دوکتور قاسملوو، نیوسەدە تێکۆشانی ماموستا عەبدوڵا حەسەن زادە ئاوێنەی بالانوێنی "خەونی بە لێنین بوون"، واتە کۆکردنەوەی سیاسەتمەدار و ڕۆشنبیر لە یەک کەسدایە.

ئەو ئەفلانییەتە بۆ کۆمەڵگە و حیزبایەتی لەگەڵ سەردەمی ئێستادا نایەتەوە چونکە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تارادەیەک مۆدێرن بووە- واتە چێدیکە بە خوێندنەوەی دوو کتێب لە بواری فەلسەفە، کۆمەڵناسی، سیاسەت، ئابووری و ... ناتوانی لە هیچ کام لەو بوارانەدا خۆت بە پێشرەوی خەڵک بزانی. کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەو کۆمەڵگەی دەیەی ٦٠ نەماوە کە کەسێک هەر بە حوکمی خوێندەواربوونی لە چاو بەشێکی زۆر لە کۆمەڵگە وەک بیرمەند و میرزا لەقەڵەم بدرێ. کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر ئالۆزترە لە جاران و چێدیکە ناکرێ لە خوێندنەوەیەکی سادەدا بەسەر دوو خەڵکی بڕیاردەر (هێزی بیرمەند) و فەرمانبەر (هێزی جێبەجێکار) کورت بکرێتەوە. ئێستا ناکرێ قسەیەکی تازە و ڕۆڵێکی کاریگەرت لە هیچ بوارێکدا هەبێ، ئەگەر لە بوارەدا پسپۆری و بەدواداچوونت نەبێ. حیزبی سیاسیش لە ئێستا دەبێ سەیری سیاسەت وەک کارێکی پسپۆرانە بکا و تەنیا لە بواری سیاسی هەوڵ بدا نوێنەرایەتی خەڵک بکا. ئەگەر حیزبی سیاسی هونەرمەند، شاعیر، ناوەندی منداڵپارێزی، ڕێکخراوی ژنان، لاوان و خوێندکاران و... نەبێ، نابێ گلەیی لێ بکرێ و بۆی وەک لاوازی لە قەڵەم بدرێ. بەڵام ئەگەر حیزبێکی سیاسی دەیان شرۆڤەکاری سیاسی و دیپلۆماتی شارەزا بە چەند زمانی زیندووی جیهانی نەبێ کە لە پرۆسەی بڕیاردان لەو حیزبەدا بەشداری بکەن، دەبێ لە بنەڕەتی بوونی ئەو حیزبە ڕەخنە بگیردرێ. دروست نییە هەر کەسێک کە تەمەنی لە سەرووی ١٨ ساڵ بوو، کەسیشی نەکوشتبێ و بە گشتی خۆشناو بێ، کە ئاودیوی باشووری کوردستان بوو بتوانێ ببێتە ئەندامی تەواو وەختی حیزب. حیزبی سیاسی ئەرکی سەرەکی ئەوەیە ئاراستە ببەخشێتە جەماوەر. حیزبی سیاسی دەبێ کەسانێک بەڕێوەی بەرن کە توانای شرۆڤەکردنی سیاسی، توانای نووسین و دەربڕینی هەیە، بەڵام ئایدیا، پرۆژە و بەرنامەکانی هەموو خەڵکی کوردستان بگرێتەوە. حیزبی سیاسی پێویستە هەموو چین و توێژەکانی کومەڵگە لە خەباتی نەتەوایەتیدا بەشدار بکا نەک ئەوەی حیزبی سیاسی شوێنی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە بێ. حیزبی سیاسی جێگەی خەڵکی نەخوێندەوار، بەساڵاچوو و نەخۆش نییە، بەڵام ئەو خەڵکەش دەتوانێ لە خەباتدا بەشداری بکا.

## پۆستی سکرتێری و دێموکراسی نێوخۆیی

لە لایەکی دیکە هەرچەند حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان جەخت لەسەر بوونی دێمۆکراسی نێوخۆیی دەکەن بەڵام بە کردەوە دەبینین بازنەی ڕێبەری لەو حیزبانەدا بازنەیەکە بە ئاسانی ئالاگۆری بەسەردا نایەت. ئەو سەنترالیزەبوونی دەسەڵات لە نێو ئەحزابی بۆلشوڤیکی هەر بە بالادەستی ئیدئۆلۆژیک و هێندێک جار گاڵتەئامێزی ڕێبەری بەسەر بەدەنەدا کۆتایی نایە، بەڵکوو ئەو حیزبانە بەدەست کێشەی دانان و لابردنی کەسی یەکەم دەناڵێنن. ئاکامی هەبوونی دێمۆکراسی نێوخۆیی لە حیزبێکدا بە کردەوە دەبێ ئەوە بێ کە لە نێو هێزی مرۆیی ئەو حیزبەدا هاوسەنگی هەبێ. لە کۆمەڵگەیەکی دێمۆکراتیکدا کارێک بوونی نییە کە تەنیا یەک کەس توانای ئەنجامدانی هەبێ. بەڵام لە حیزبە بولشۆڤیکییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سکرتێر هەتا لە ژیاندا بووە سکرتێر بووە، لاچوونی سکرتێریش جیابوونەوە و کێشەی لێکەوتۆتەوە.



سەرچاوە
Serchawe

| ناوی حیزب | ناوی سکرتێر | ماوەی سکرتێری | لە ئێستادا |
|---|---|---|---|
| حیزبی دیموکرات | دوکتور قاسملو | 18 ساڵ<br>(1350 تا 1368) | لە ساڵی 1368 لە ڤییەن تیرۆر کرا |
| حیزبی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران | عەبدوڵڵا موهتەدی | 35 ساڵ سکرتێر بووە و 14 ساڵە سکرتێری کەمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێرانە<br>59تا 62 سکرتێری کۆمەڵە<br>62 تا 70 سکرتێری حیزبی کۆمونیستی ئێران<br>70 تا 94 سکرتێری کۆمەڵە زەحمەتکێشانی کوردستان ئێران | هەروا سکرتێرە<br>ئەو سکرتێرێکی بێ ڕێکابەرە کە ڕەنگە لە ئاستی جیهانیشدا بە پێوەری ماوەی سکرتێربوون کەم کەس وەک ئەو بوونی هەبێ. |
| حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران | عەبدوڵڵا حەسەن زادە | 10 ساڵ | سکرتێر نەماوە |
| حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران | مستەفا هیجری | 13 ساڵ<br>(خەرمانانی 1371 تا خاکەلێوەی 1374)<br>(1383 تا 1393) | هەروا سکرتێرە |
| حیزبی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان | عومەر ئیلخانی زادە | 8 ساڵ<br>(2007 تا 2014) | هەروا سکرتێرە |
| حیزبی دێموکراتی کوردستان | خالید عەزیزی | 8 ساڵ<br>(1386 تا 1393) | هەروا سکرتێرە |
| حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران | دوکتور شەرەفکەندی | 3 ساڵ<br>(1368 تا 1371) | لە ساڵی 1371 لە بێرلین تیرۆر کرا |

خشتەی سەرەوە ئەوەمان پێ دەڵێ کە لەو حیزبانەدا هیچ سکرتێرێک بە شێوەیەکی دێموکراتیک و لە کۆنگرەدا لانەبردراوە، ئەگەریش شتێکی ئاوا رووی داوە، ئەوە ئەو حیزبە نەگەیشتوتە کۆنگرەی داهاتووی خۆی، تووشی ئینشعاب و لێکترازان هاتووە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان ئەو دەرفەتەیان هەیە کە لە کۆنگرەی داهاتووی خۆیاندا بۆ یەکەم جار بە شێوەیەکی دێموکراتیک سکرتێرەکەیان بگۆڕن و یارمەتی پتەوتربوونی دێموکراسی نێوخۆیی بدەن.

## حدک و پۆستی سکرتێری

لە ئێستادا حدک بەرەو گرتنی کۆنگرەی ١٦ی خۆی دەروا و سکرتێری ئەو حیزبە واتە کاک خالید عەزیزی ماوەی سکرتێری تەواو دەبێ و بە پێی پێڕەوەی نێوخۆیی ناتوانێ خۆی بۆ جارێ سێهەم بۆ پۆستی سکرتێری کاندید بکا. یەکێک لە خاڵە بەهێزەکانی حدک لە دوای جیابوونەوەی ساڵی ١٣٨٥ ئەوە بوو کە توانی لە دوای کۆنگرەی ١٤، کەسایەتییەکی سیاسی نوێ روو بە خەڵک بناسێنێ. ئەگەرچی کاک خالید عەزیزی لە ساڵی ١٣٨٥دا بۆ بەشێک لە ئەندامانی حیزب ناسراو بوو بەڵام ئەو کات چ لە ئاستی بەڕێوەبەری نێوخۆیی و چ روو بە فەزای ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران رۆلێکی بەرجەستەی نەبوو. کەسانێک وەک دوکتور شەرەفکەندی، ماموستا عەبدوڵا حەسەن زادە و کاک مستەفا هیجری پێش لەوەی ببن بە سکرتێر، ئەندامی دەفتەری سیاسی بوون و تارادەیەکی زۆر ناسراو بوون. هەر بۆیە بوونی کاک خالید عەزیزی بە سکرتێری حیزب بۆ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران - تەنانەت بۆ ئەندامانی حیزب، چەشنێک لە تازەگەری سیاسی بوو. بوونی خالید عەزیزی بە سکرتێری حدک نیشانەی زیندوویەتی ئەو حیزب و توانای حدک لە ناساندن و دروستکردنی کەسایەتی سیاسی نوێ بوو. لە ئێستادا رەنگە کەسانێک باس لەوە بکەن کە ئێستا کە خالید عەزیزی ناسراوە، باشتر وایە ئەو بۆ جاری

سێهەم ببێتەوە سکرتێری حدک. ئەگەر ئەم جارە پێرەوی نێوخۆیی بگۆرن و کاک خالید بۆ جاریٚ سێهەم ببێتە سکرتێر، بۆ چوار ساڵی دیکە و بۆ جاری چوارەم چ دەکەن؟ لە درێژخایەندا ئەگەر قۆرسایی حیزبێک ئەوەندە بە کەسێک ببەسترێتەوە کە بۆ گۆرینی ئەو دەستەوەستان بێ، ئاخۆ نیشانەی لاوازی و بێ کەسی ئەو حیزبە نییە؟

دوو دەورە ماوەیەکی گۆنجاوە بۆ ئەوەی ئەگەر کەسێک بەرنامەیەکی هەبێ بتوانێ بەرەوپێشی ببا و ئەگەر نەیتوانی گۆرانێکی ئەوتۆ بێنێتە ئاراوە، رێگە بە کەسانی دیکە بدا. حدک لە ٨ ساڵی ڕابردوودا گۆرانێکی ستراتژی بەخۆیەوە نەبینیوە. هەشت ساڵ لەمەوبەر لە باشوور نێشتەجێ بوو، ئێستاش لە باشوور نیشتەجێیە.

هەشت ساڵ لەمەوبەر لە ڕۆژهەلاتی کوردستان ئامادەبوونی ڕاستەوخۆ و ئاشکرای نەبوو، ئێستاش ئامادەبوونێکی ڕاستەوخۆ و ئاشکرای نییە. سیستمی حیزبایەتی حدک واتە ئۆرگانەکان و شێوەی بەرێوەبەری حیزب بە بەراورد بە ٨ ساڵ لەمەوبەر گۆرانێکی جیددی بەسەردا نەهاتووە. حدک لە بواری فیکری، سیاسی، تەشکیلاتی و تەنانەت نیزامی بە بەراورد بە ٨ ساڵ لەمەوبەر گۆرانێکی بەرچاوی بەسەردا نەهاتووە. ئەگەر دوکتور قاسملوو لە سەردەمی خۆیدا بە هێنانە ئارای کورتە باس (سۆسیالیزمی دێموکراتیک) و پەسندکردنی لە کۆنگرەی ٦ لە بواری فیکری-سیاسی و بە کردنەوەی دەرگای رێکخراوی ئەنترناسۆنالی سۆسیالیست لە بواری دیپلۆماسی، گۆرانێکی بەرچاوی بە حیزبی دێموکرات هێنا و رێبەربوونی خۆی سەلماند بەلام کاک خالید عەزیزی لەوە سەرکەوتوو نەبوو کە قۆناخێکی نوێ لە خەبات و کاری سیاسی لە حیزبی دێموکراتی کوردستان بێنێتە ئاراوە. سکرتێر تەنیا بەوە هەڵناسەنگێندرێ کە کەسێکی ڕووح سووک، خۆشەویست و قسەزان بێ. سکرتێر بە حیزبەکەیەوە هەلدەسەنگێندرێ، بەوە هەڵدەسەنگێندرێ کە ئەو حیزبەی ئەو کەسی یەکەمی بووە توانیبێتی لە بواری فیکری، سیاسی، تەشکیلاتی و دیپلۆماسی گۆڕانێکی جیددی ئەرێنی بەسەر خۆیدا بێنێ.

ڕەنگە لە سەردەمێکدا کە لاچوونی کەسی یەکەمی حیزبەکانی کوردستان بۆتە گرفتێکی سەرەکی زۆربەی حیزبەکان، ئەگەر سکرتێرێک خۆی لە کۆنگرەیەکی دێموکرات بۆ هاتنەئارای کەسی دیکە دەستپێشخەر بێ، ئەوە گرینگترین کارێک بێ کە ئەو سکرتێرە بتوانێ ئەنجامی بدا و لەو رێگەیەوە هانی بەرەوپێشبردنی دێموکراسی نێوخۆیی لە حیزبەکەی و یارمەتی هاتنەئارای کەلتوورێکی سیاسی دێموکراتیکتر لە نێو فەزای سیاسی کوردستان بدا.

## ئاکام گیری

ململانێی نێوخۆیی لە حیزبێکدا زیندوویەتی سیاسی و تەشکیلاتی بەو حیزبە دەبەخشێ. دێمۆکراسی نێوخۆییش دەبێتە هۆی ئەوەی ململانێی نێوخۆیی بەستێنێکی دێموکراتیک و تەندروستی هەبێ. ئەگەر حیزبێک چەند جێگرەوە و ئالترناتیوی بۆ سەرجەم پۆستەکانی نەبێ و لە گۆرینی سکرتێرەکەی دەستەوەستان بێ، نیشانەی ئەوەیە بە ئەفلانییەتی کون لە ئامرازێکی نوێ حیزب کەڵک وەردەگرێ.

**سەرچاوەکان:**

- بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، پەسندکراوی کۆنگرەی ١٥
- بزربوونی سیاسەت، عەدنان حەسەنپور، وب سایت شخصی عدنان حسن پور
- فروز و فرودهای چپ در کردستان و ایران، گفتگو با صلاح الدین مهتدی
- چەپ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕێبوار مەعرووف زادە، لە سایتی زاگرۆس پۆست لە ٣٠ جوولای ٢٠١٤ بڵاو بۆتەوە.
- خەبات، حیزب و گەل، ڕێبوار مەعرووف زادە، لە سایتی "بزووتنەوەی کۆماریخوازانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ٧ - ١٠ - ٢٠١٣ بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ناوەندی نووچە و شرۆڤەی رۆژ - ڕێکەوتی: ٢ی سێپتەمبەری ٢٠١٥

---------------------------------------------

## پەروەردە بە زمانی کوردی لە ئێران دا

حەسەن رووحانی، سەرۆک کۆماری ئێران، لە سەفەری خۆی بۆ پارێزگای سنە باسی وتنەوەی زمان و ئەدەبیاتی کوردی لە سەرەتای سالی ١٣٩٥ و هەروەها کردنەوەی بەشی کوردی هەوالدەری دەوڵەتی ئیرنای کرد. ساڵی ڕابردووش لە مانگی رەشەمەی ساڵی ١٣٩٣، بۆ یەکەم جار لە مێژووی کۆماری ئیسلامی ئێران دا، کتێبی (وانەی کوردی (تایبەت بە خوێلی یەکەمی ناوەندی لە قوتابخانەیەکی شاری سەقز بە سەر قوتابیان دا بڵاو کرایەوە.

بە پێی ماددەی ١٥ی یاسای بنەڕەتی ئێران، لەگەڵ ئەوەدا زمانی فارسی وەک زمانی فەرمی وڵات دەستنیشان کراوە بەڵام کەڵک وەرگرتن لە زمانی دایکی چ وەک وتنەوە لە قۆتابخانەکان و چ وەک بەکارهێنان لە گۆڤار و بڵاوکراوەکان بۆ نەتەوە غەیرە فارسەکان ڕێگە پێدراوە. حەسەن ڕووحانی لە کەمپەینی هەڵبژاردنی خۆی بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری بەڵێنی جێبەجێ کردنی ئەو مافانەی دابوو کە لە یاسای بنەڕەتی ئێران دا هاتوون، بەڵام پشت گوێ خراون.

باسی وتنەوەی زمانی کوردی یا پەروەردە بە زمانی کوردی لە ئێراندا شتێکی تازە نیە و لە سەردەمی خاتەمیش ئەو باسە هاتە ئاراوە؛ لە کابینەی دووهەمی خاتەمی، وەزارەتی خوێندنی باڵا ئیزنی کردنەوەی بەشی زمان و ئەدەبیاتی کوردی دا بەڵام ئەو بابەتە جێبەجێ نەکرا.

## دژبەرانی پەروەردە بە زمانی دایکی

ئەوانەی لە ئێران دژایەتی پەروەردە بە زمانی دایکی دەکەن، باس لەوە دەکەن کە سیستمی پەروەردەی چەند زمانی، ئێران بەرەوە هەڵوەشاندن دەبا و بەستێنی جیایی نەتەوەکان پێکدێنێ. موهەندیس ئەدەب، نوێنەری کوردی پارلمانی ئێران لە خولی پێنج و شەش، لە ساڵی ٢٠٠٧ و لە وتووێژ لەگەڵ سایتی دویچە ولەی فارسی، وڵامی ئەو ڕوانگە نادێموکراتیک و نامرۆڤیە دەداتەوە. ئەدەب دەڵێ کە لە وڵاتی سوئیس، خەڵک بە چوار زمانی ئیتالی، فەرانسەوی، ئینگلیسی و ئاڵمانی قسە دەکەن، بەڵام ئەو وڵاتە یەکگرتوو دەمێنێتەوە. یاسایەک لە فیزیک دا هەیە کە دەڵێ هەر کردەوەیەک، کاردانەوەیەکی لێ دەکەوێتەوە. کاتێک لە وڵاتێک ڕێز لە کەلتووری جۆراوجۆر دەگیرێ، خەڵکیش ڕازین و لەگەڵ یەکتر دەژین. بەڵام کاتێک هێزێکی باڵادەست و دەسەڵاتێکی دەوڵەتی نکۆڵی لە ناسنامەی ئەوان دەکا، خەڵکیش بەرگری دەکەن... لە وڵاتی ئێران زمانی عەرەبی و ئینگلیسی (لە قوتابخانە و زانکۆکان دا) دەوترێتەوە بەڵام بۆ دەبێ زمانی کوردی یا زمانەکانی دیکە پەراوێز بخرێ. ئەوە مافی بێ ئەملاوئەولای مرۆڤەکانە کە کەلتووری خۆیان بپارێزن. زمان دیارترین پێناسەی کەلتووری هەر ئێتنیک و نەتەوەیەکە.

باسێکی دیکە کە لە لایەن دژبەرانی پەروەردە بە زمانی دایکی دێتە ئاراوە ئەوەیە کە ئەو زمانانە توانای زانستی پێویسیان نیە. هەموو زمانێک توانای گەشەکردنی هەیە و ئەوە ڕاست نیە کە زمانێک لە بنەڕەتدا لە زمانێکی دیکە لاوازتر یان بە تواناتر بێ. هەر زمانێک کە کاری پێ بکرێ، توانای ئەو زمانەش زیاتر دەبێ. زمانی تورکی کە لە ئێران وەک زمانی ئەقوام لەقەڵەم دەدرێ، لە زانکۆ، میدیا، دەوڵەت و پارلمانی تورکیە و ئازەربایجان کەڵکی لێ وەردەگیردرێ. زمانی عەرەبی کە کۆماری ئیسلامیی ئێران بە زمانی ئەقوام ناوی دەبا لە زیاتر لە بیست وڵات کەڵکی لێ وەردەگیردرێ. ئێستا زمانی کوردییش لە وەزارەتخانەکانی دەوڵەت، زانکۆکان، قوتابخانەکان و بڵاوکراوەکان بەکار دێ.

هەروەها ئەگەر پێوەری زانستی بوون تەنیا بنەمای هەڵسەنگاندنی یەک زمان بێ، توانای زمانی ئینگلیسی لە زمانی فارسی یەکجار زۆرترە و دەکرێ لە چەند دەیەدا زمانی ئینگلیسی بکرێ بە زمانی هاوبەش و فەرمی ئێران. ئەوەی ئەمرۆ توانای زانستی زمانی فارسی لە زمانی کوردی زیاترە لە لایەک بەرهەمی پشتگیری سیاسی لە زمانی فارسی لە ئێران و تەرخانکردنی سەرمایەیەکی ماددی یەکجار زۆرە و لە لایەکی دیکە بە هۆی پەراوێزخستنی زمانی کوردی لە لایەن سیستمی سیاسی زاڵ بەسەر ئێران دایە.

## زمان وەک بابەتێکی چەند ڕەهەندی

بابەتی پەروەردە بە زمانی دایکی یا بە شێوەیەکی بەرتەسکتر وتنەوەی زمانی دایکی نەتەوەکانی غەیرە فارس لە قوتابخانەکان بابەتێکی چەند ڕەهەندییە. لە ئێران دا زمانی جۆراوجور هەیە کە فێربوون و بەکارهێنانی ئەو زمانانە پێویستی بە تەرخانکردنی کات، سەرمایەی مادی و بوونی فەزایەکی کۆمەڵایەتی لەبار هەیە. بۆ نموونە دەوڵەتی ئێران

ساڵانە پوولێکی زۆر بۆ چاپکردنی کتێبی زمانی فارسی و دابینکردنی ماموستای زمانی فارسی تەرخان دەکا. ساڵانە خەرجێکی زۆر دەکرێ تا فیلم، پرگرامی تەلەڤیزیونی و بڵاوکراوەی جۆراوجور بە زمانی فارسی بەرهەم بێ. کەوایە سیستمی پەروەردەی فرەزمانی بەستێنی بەشداری زیاتری نەتەوەکانی ئێران لە ئابووری ئێرانیش دەرەخسێنێ.

زمان بەشێکە لە پێناسەی نەتەوەیی و هەر بەم هۆیە باشتربوونی پێگەی زمانی کوردی و زمانی نەتەوە غەیرە فارسەکان لە ئیران، شۆناسی کەلتووری - سیاسی ئەو نەتەوانەش لە ئاستی ئێران بەرز دەکاتەوە. ئێستا کە لە هەڵبژاردنی پارلمانی خولی دەهەمی ئێران نزیک دەبینەوە، ڕەوتە سیاسیەکانی نێوخۆ پێویستە وەبیر ڕووحانی بێننەوە کە ئەو ٧١،٥٠ دەنگەکانی هێناوە لە حاڵێکدا لە پارێزگای کوردستان زیاتر لە ٧٠% دەنگدەران، دەنگیان بە رووحانیدا. هەروەها پێویستە جەخت لەوە بکرێتەوە لەگەڵ ئەوەی کە لە وتنەوە یا پەروەردە بە زمانی کوردی پێشوازی دەکرێ، بەڵام داواکاری نەتەوەی کورد لە ئێران بەوە کۆتایی پێ نایە و کورد داواکاری بەشداریی سیاسی-ئابووری-کولتووری زۆر بەرفراوانتری لە چوارچیوەی ئێران دا هەیە.

**سەرچاوەکان**:

- اهمیت زبان مادری در چیست؟، سایت دویچە ولە
- اموزش بە زبان مادری؛ فرصت یا تهدید؟، شاهد علوی، سایت روز انلاین
- گام تازە دولت برای اموزش زبان کردی، ریشەها و واکنش ها، از سایت:
/http://iranwire.com/features/7863
- با پایان شمارش اراء، کلید پاستور بە روحانی رسید، سایت تابناک

لە ژمارە ٦٦٣ی ڕۆژنامەی کوردستان دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی سێپتەمبەری ٢٠١٥

---------------------------------------

## زانکۆ وەک شوێنی فێربوون

لەگەڵ تەواوبوونی وەرزی هاوین، زانکۆکان دەکرێنەوە و ژمارەیەکی تازە لە خوێندکار دەچنە زانکۆ. چوون بۆ زانکۆ بۆ بەشی زۆری خەڵک وەک پێویستییەک بۆ دەستەبەرکردنی پیشە و ژیانێکی تاکەکەسی باشتر لە داهاتوودا سەیر دەکرێ. زانکۆ ئەو شوێنەیە کە لەودا تاکەکان لە بوارێکی تایبەتدا، پسپۆری پەیدا دەکەن. لە ڕوانگەیەکی کۆمەڵناسانەش، زانکۆ

شوێنی كۆبوونەوەی ژمارەیەكی زۆری گەنجە بۆ ئەوەی قۆناخێكی دیكە لە بە كۆمەڵایەتی بوون- سەقامگیری زیاتری پێگەی هزری و پیشەیی، تێپەر بكەن. زانكۆ بۆ پۆزسیۆن و ئۆپۆزسیۆنیش شوێنێكی گرینگە چونكە هێزی مرۆیی نێو زانكۆكان - خوێندكاران و ماموستایانی زانكۆ- لە ڕێگەی ئایدیا و كردەوەكانیان دەتوانن دەسەڵات بەهێزتر یا لاوازتر بكەن. زانكۆی بەهێز لە وڵاتێك یان ناوچەكەیەك نیشانەی ئەوەیە خۆدی ئەو وڵاتە یا ناوچەیەش بەهێزە. زانكۆی هاروارد، پرینستۆن، ستەنفۆرد، ماساچوست و... كە لە باشترین زانكۆكاكانی جیهانن، لە وڵاتی ئەمریكا دان. لە ئێرانیش باشترین زانكۆكان- وەك زانكۆی تاران، زانكۆی سەنعەتی شەریف و زانكۆی پۆلی تەكنیكی ئەمیر كەبیر- لە تاران هەڵكەوتوون. ئەو پارێزگانەی زۆربەی دانیشتوانن فارسن- وەك پارێزگای ئیسفەهان و شیراز - باشترین زانكۆكانی ئێرانیان هەیە. كەوایە زانكۆ دەكرێ لە زۆر ڕەهەندەوە سەیر بكرێ. لەو وتارەدا جەخت لەسەر ئەوە دەكەمەوە كە بۆ دامەزراوەی زانكۆ لە ڕەوتی مێژوودا هێندێك وڵاتی پێشخست بەڵام لە هێندێك وڵاتی دیكە نەیتوانی ڕۆڵێكی گەورە بگێڕی و ببێتەوە مایەی بەرهەمهێنانی زانست و سەرمایەی مرۆیی و ماددی.

## زانكۆ و شۆڕشی پێشەسازی لە ئوروپا

لە سەدەی شانزدە هەتا سەدەی هەژدە، ئورووپای ڕۆژئاوا و بە تایبەتی بریتانیا پێشكەوتنێكی فیكری، زانستی و ئابووری گەورەی كرد. زانست لە دەرەوەی ئینجیل و بیركردنەوەی كۆن، بە بەرهەمی بەدواداچوونی ورد، ئەنجامی تاقی كردنەوە و كەڵك وەرگرتن لە بیركاری بۆ پێناسەكردنی جیهان لە قەڵەم درا. كۆپێرنیك لە لەهستان، گالیلە لە ئیتالیا، دیكارت لە فەڕانسە و نیوتۆن لە بریتانیا بەشێك لەو زانایانە بوون كە كاریگەری گەورەیان لە سەرخستنی شۆڕشی زانستیدا هەبوو. یەكێك لەو فاكتەرە سەرەكی‌یانەی هێژمونی ئورووپای لە ئاستی جیهانیدا بەرهەم هێنا، ڕوودانی شۆڕشی زانستی لەو بەشە لە جیهان بوو.

## سەربەخۆیی زانكۆكان

زۆربەی كەسایەتییە زانستییەكانی كە لە شۆڕشی پیشەسازی‌دا ڕۆلی گەورەیان گێڕا، لە زانكۆكانی ئورووپا خوێندبوویان و وانەیان دەكۆتەوە. سەربەخۆیی زانكۆكانی ئورووپا لە دەوڵەت و سیستمی سیاسی، ئەو دەرفەتەی ڕەخساند كە بتوانن گەشەیەكی بەردەوام بە زانست بدەن. بۆ نموونە لە ساڵی ١٢١٥، زانكۆی پاریس دەیتوانی خوێندكار وەرگرێ، خوێندكار دەربكا، مەدرەكی وانە وتنەوە بە كەسانێك بدا و تەنانەت ئەو زانكۆیە دەیتوانی بەشی تازە دابمەزرێنێ. كۆمەڵێك زانكۆ لە ئورووپا وەك زانكۆی پاریس، ئاكسفورد، كەمبریج و سالامانس توانیان فەزایەكی ڕێژەیی ئازاد بۆ لێكۆڵەران بڕەخسێنن كە بەدوور لە هێژمۆنی كلێسا و دەوڵەت پەرە بە بیرۆكە و تاقی كردنەوەكانی خۆیان بدەن. یەكێك لەو كارە گرینگانەی ئەو زانكۆیان كردیان ئەوە بوو كە بەرەبەرە بەشی زانستیان لە بەشی فەلسەفە و ئایین جیا كردەوە. لە ساڵی ١٥٤٣ كتێبێكی نیكۆلاس كۆپێرنیك بڵاو كرایەوە كە لەودا نیشانی دا كە زەوی لە نێوەڕاستی جیهاندا نیە، بەڵكوو هەتاو لە نێوەڕاستی جیهان دایە. هەروەها كۆپێرنیك نیشانی دا كە زەوی و هەسارەكانی دیكە بە دەوری هەتاودا دەسوورێنەوە نەك ئەوەی هەسارەكان بە دەوری زەوی‌دا بسورێنەوە. كاری كۆپێرنیك ڕێك پێچەوانەی ڕوانگەی ئاریستۆتل و كلیسای كاتۆلیك



سەرچاوە Serchawe

بوو کە جەختیان لە سەر ئەوە دەکردەوە کە لە جیهانێک دا کە خودا دروستی کردوە، زەوی کە مرۆڤی لێ دەژێ، لە نێوەڕاستی جیهاندا جێی گرتووە. دواتر گالیلە تێلێسکۆپی دروست کرد و لە ڕێگەی ئەو ئامرازە توانی بە کردەوە دروستی ڕوانگەی کۆپێرنیک نیشان بدا. بەمشێوەیە زانست بەرەبەرە بووە بە سەرچاوە و ڕێگەی تێگەیشتن لە جیهان و کلیسای کاتۆلیک ڕەوایی زانستی خۆی لەدەست دا. کارەکانی ئیسحاق نیوتۆن بە تایبەتی قانوونەکانی فیزیکی ئەو، کۆتایی بە هێژمۆنی کلیسا هێنا و ئورووپا بۆ تێگەیشتن و ژیان لە جیهاندا پشتی بە زانستەکانی بیرکاری، فیزیک، شیمی و ... بەست. شۆڕشی زانستی نەتەنیا بوو بە سەرچاوەی تێگەیشتن لە جیهانی ماتریال بەڵکوو بووە بە سەرچاوەی تێگەیشتن لە کۆمەڵگەی مرۆییش. بۆ نموونە ئادام سمیت کۆمەڵێک قانوونی بۆ ئابووری داهێنا و باسی ئەوەی دەکرد کە ئەگەر پشت بەو قانوونە ببەسترێ، کۆمەڵگە لە بواری ئابووریدا پێش دەکەوێ.

بەڵام لە وڵاتانی ئیسلامی زانکۆ لە ژێر هێژمونی خوێندنی ئایینیدا بوو و بە چاوی گومانەوە تەماشای فەلسەفە و بەشی زانستی یان دەکرد. زۆرێک لە زانایانی ئیسلامی بروایان وابوو کە زانست، سەرلێشێواوی و ناڕوونی بەرهەم دێنێ. چین کە یەکێک لە بەهێزترین هێزەکان لە دەیەی ١٥و ١٦ دا بوو، کۆنترۆلی زانکۆکانی دەکرد و ئەرکی زانکۆ لەوێدا تەنیا ئەوە بوو کە هێزی بۆرۆکراتیکی ئیمپراتۆری چین دابین بکا. خوێندنی زانکۆ لە چین لەسەر بنەمای فەلسەفەی کۆنفۆسیوس بوو کە جەختی لە سەر داهێنان و زانستەکانی فیزیک، شیمی، بیرکاری و... نەدەکرد.

## بۆ بریتانیا بوو بە ناوەندی شۆڕشی زانستی و پیشە سازی؟

بریتانیا یەکەم وڵات بوو کە کۆمەڵگەی شاهانەی لەندەنی لە ساڵی ١٦٦٠ دامەزراند. ئەو دامەزراوەیە کە لە لەندەن بوو و بریتانیا پشتگیری دەکرد، تایبەت بەو زانا و لێکۆلەرانە بوو کە توانیبوویان شتی تازە و بیرۆکەی تازە بەرهەم بێنن. کاری ئەو دامەزراوەیە ئەوە بوو کە پەرە بە »زانستی بەسوود» بدا. مەبەستی لە زانستی بەسوود ئەوە بوو کە پێوەندییەکی بەرفراوان لە نیوان بازار و زانایان دروست بێ و زانست بتوانێ خزمەت بە پێشکەوتنی ئابووری بکا. هەر بۆیە لە بریتانیا زۆرتر جەختیان لەسەر داهێنان دەکردەوە هەتا کاری فەلسەفی و تیۆریکی ڕووت. بۆ نموونە دروستکردنی ماشێنی هەڵمی بە دەستی جەیمز وات یەکێک لەو دەسکەوتانەی پێوەندی زانست و بازار لە بریتانیا بوو. ماشێنی هەڵمی لە پاپۆڕ، شەمەندەفەر و کارخانەکانی دروستکردنی پارچە کەڵکی لێ وەرگیرا. هەروەها لە بریتانیا قانوونی پەتێنت (Patent Law) هەبوو، ئەو قانوونە باسی لەوە دەکرد کە هەر کەس ئایدیا یان شتێکی تازە بەرهەم بێنێ، ئەو کارەی بە ناوی ئەو تۆمار دەکرێ و ئەو کەسە دەتوانێ بەرهەمی زانستی خۆی بە سەرمایەداران بفرۆشێ. بریتانیا لە ڕێگەی قانوونی پەتێنت پارێزگاری لە بەرهەمی زانستی تاکەکان دەکرد و دەوڵەت سزای بە سەر ئەو کەس و لایەنانە دەسەپاند کە بەرهەمی زانستی کەسێک بە بێ ئیزنی ئەو بەکار بێنن. لە ڕوانگەی بریتانیا دزینی ئایدیا و بەرهەمی زانستی هەر وەک دزینی ماڵ و سەرمایەی خەڵک بوو. ئەو یاسایە و ئەو ڕوانینەی دەسەڵات بۆ کاری زانستی، هەرچی زیاتر زانایان و تەنانەت خەڵکی پیشەسازی هان دا بۆ ئەوەی شتی نوێ بەرهەم بێنن و لەو ڕێگەیەوە هەم خۆیان دەوڵەمەند بن و هەم خزمەتی کۆمەڵگەی خۆیان بکەن.

### ئاکام

یەکێک لەو فاکتەرە گرینگانە بووە هۆی ئەوەی کە شۆڕشی زانستی و شۆڕشی پیشەسازی لە ئورووپا ڕوو بدا، هەبوونی کۆمەڵێک زانکۆی سەربەخۆ بوو. بەپێچەوانە زانکۆ لە جیهانی ئیسلام و چین، لە ژێر هێژمۆنی دەوڵەت و ئاییندا بوو و هەر بۆیە دەرەتانی داهێنان کەمتر بوو. دواتر هەر ئەو پێشکەوتنانەی لە بواری زانستی لە زانکۆکان پێکهات، بووە هۆی ئەوەی ئورووپا لە سەدەی هەژدە بەملاوە هەم لە ڕێگەی چەکی پێشکەوتوو و هەم لە ڕێگەی ئابوورییەکی بەهێز هێژمۆنی خۆی بە سەر جیهاندا تا دوای شەڕی دووهەمی جیهانی درێژە پێ بدا. ئەرکی خوێندکاریش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان فێربوون، کاری زانستی و لێکۆڵینەوەیە. خوێندکار پێویستە لە زانکۆ فێرە سیاسەت، ئابووری، موهەندسی و... بێ و دواتر لە ڕێگەی شارەزایی خۆی خزمەتی کۆمەڵگە و نەتەوەکەی بکا.

**سەرچاوە**:

**Ways of the World by Robert W. Strayer, published in 2012, chapters 15& 17**

لە ژمارە ٦٦٤ی ڕۆژنامەی کوردستان دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی سێپتەمبەری ٢٠١٥

------------------------------------------

## بانگدان لە ئیسلامدا (سکۆلاریزەکردنی فەزای گشتی لە هەرێمی کوردستان)

بانگدان لە نێو ئیسلامدا دەعوەتکردنە بۆ پەرستشی خودا کە ڕۆژانە پێنج جار ئەنجام دەدرێ. مزگەوتەکان بەرپرسیارن لە بانگدان هەر بۆیە مزگەوتەکان هێندێک بلیندگۆیان لە سەر منارەکانیان داناوە بۆ ئەوەی دەنگی بانگ بۆ دانیشتووانی دەوروبەریان بڵاوبکەنەوە. هەروەها ئێستا هێندێک تەلەڤیزیون، ڕادیۆ و سایتی ئیسلامیش بەکار دەهێندرێن بۆ ئەوەی خەڵکی موسڵمان لە کاتەکانی بانگدان، لە هەر شوێنێک کە بن، ئاگادار بکرێنەوە. کاتێک پێغەمبەری محەمەد لە ساڵی یەکەمی هیجرییەوە لە مەدینە ڕێبەری موسڵمانانی دەکرد، فەرمانی دا بە بیلال حەبەشی، کە ڕەش پێستێکی کۆیلەی تازە موسڵمان بوو، کە بانگ بدا. بەمشێوەیە بانگ بوو بە بەشێک لە پێناسەی کۆمەڵگەی موسڵمانان و فەزای ڕۆژانەی خەڵکی موسڵمان. دواتر کە بەرەبەرە ئیسلام لە جیهاندا بڵاو بووە و پەرەی سەند، زۆربەی وڵاتانی ناموسڵمان لە ژێر ناوی دەنگی ئازارکەر، بانگدانیان بۆ فەزای دەرەوەی مزگەوت قەدەخە کرد و تەنانەت زۆرێک لە وڵاتانی موسڵمانیش کە زۆرینەیەکی موسڵمانیان هەبوو، یاسا و ڕێسای نوێیان پەسند کرد بۆ ئەوەی بەرزی دەنگی بانگ و چۆنییەتی بانگدان ڕێک بخەن. لەو

وتارەدا سەرەتا باس لە پێگەی بانگدان لە نێو ئیسلامدا دەکەم و دواتر جەخت لەسەر بانگدان لە هەرێمی کوردستان دەکەم.

## بانگ لە ئیسلامدا

وشەی بانگ ١٠٢ جار لە ئایەتەکانی قورئان بە مانای جیاواز، وەک "بۆ ڕاگەیاندن" و "بۆ ئاگادارکردنەوە"، بەکارهاتووە. بەڵام چۆنییەتی ئەنجامدانی بانگ لە قورئاندا نەهاتووە و بانگدان بە پێی نەریتێکە کە لە پێغەمبەر بەجێماوە. بە پێی حەدیسێک لەسەر زمانی بنی عومەر (کتێبی بوخاری حەدیسی ٥٧٨)، بە هۆی ئەوەی موسڵمانان لە مەدینە کێشەی ئەوەیان هەبوو کە چۆن موسڵمانان کۆ بکەنەوە بۆ ئەوەی پێکەوە لە کاتێکی دیاریکراودا پەرەستش بکەن، هێندێک پێشنیار لە لایەن ئەسحابەکانەوە کرا. ئەو پێشنیارانە بریتی بوون لە کەڵک وەرگرتن لە زەنگ وەک مەسیحی یەکان، بەکارهێنانی شەیپوور هاوشێوەی یەهوودی یەکان و هەڵدانی ئالایەکی سپی لە کاتی نوێژکردندا بۆ ئەوەی موسڵمانان ئاگادار بکەنەوە. بەڵام هیچ یەک لە پێشنیارەکان لە لایەن پێغەمبەری محەمەد پەسند نەکرا. دواجار "عەبدوڵا بنی زەید" خەونەکەی خۆی لەبارەی بانگدان بۆ پێغەمبەر گێراوە و ئەویش فەرمانی بەو کرد کە بانگ هەر بەو شێوەی لە خەونەکەیدا بینیویەتی فێرە بیلالی حەبەشی بکا. دواتر بیلالی حەبەشی بۆ یەکەمجار لە مێژووی ئیسلامدا بانگی دا بۆ ئەوە موسڵمانان لە کاتێکی دیاریکراودا پێکەوە نوێژ بکەن. کەوایە ئەوەندەی موسڵمانان لە مەککە بوون و تەنانەت ماوەیەکیش کە لە مەدینە بوون، بانگ بوونی نەبوو. لە ڕاستیدا بانگ وەک پێویستی یەکی کۆمەڵایەتی و مێژوویی ئەو کات سەری هەڵدا. بانگدان لەو سەردەمەدا ڕێگەیەک بوو بۆ ئەوەی موسڵمانانی مەدینە لە خەڵکی ناموسڵمانی مەدینە بە تایبەت لە مەسیحی و جوولەکەکانی مەدینە جیا بکرێنەوە. بە هۆی ئەوەی تەنیا موسڵمانان بانگیان هەبوو، دەنگی بانگ شێوازی تایبەتی دەعوەتکردن لە نێو موسڵمانان دابوو. دواتر بانگدان لە نێو خۆدی موسڵمانانیش دابەش بوو بە بانگی سوننی و بانگی شیعەکان. شیعەکان دوو جار ڕستەی "اشهد ان علیا ولی الله" لە بانگدان بەکار دەهێن. "ولی" دەتوانێ چەند مانای هەبێ لەوانە مانای جێگر و هاوڕێ. لە ڕاستیدا زیادکردنی ئەو ڕستەیە لە لایەن شیعەکان بە بانگ دەرخەری بڕوای ئەوان بەو پێگەیە ئیسلامی یە کە دوای پێگەمبەری محەمەد دەبا هەیبا.

بە گشتی بانگدان بانگهێشتێکە بۆ قبوولی بێ هاوتایی خودا و وەبیرهێنانەوەی ئەوەی پێغەمبەری محەمەد، پەیام هێنەری خودایە. هەروەها بانگ بانگهێشتێکە بۆ خەڵک بۆ ئەوەی ستایشی خودا بکەن. بە پێی سێ مەکتەبی ئیسلام، واتە مەکتەبی مالیکی، حەنبەلی و شافیعی، بانگدان تەنیا ئەو کاتە لە ڕوانگەی ئایینییەوە دروستە کە بە زمانی عەرەبی بێ. بەڵام مەکتەبی حەنەفی و زانایانی مەکتەبی حەنەفی لەو بڕوایە دان کە ئەگەر بانگ بە زمانێک جێگە لە زمانی عەرەبی بدرێ و بتوانێ موسڵمانان بۆ ئەنجامدانی پەرەستش لە دەوری یەک کۆبکاتەوە، ئەوا دروستە چۆنکە مەبەستی بانگدانی کە کۆکردنەوە موسڵمانان بۆ ئەنجامدانی نوێژە پێکاوە. لە ڕوانگەی حەنەفییەکان ئامانجی بانگ دەعوەتکردنە بۆ پەرستشی خودا و گرینگ ئەوەیە ئەو ئامانجە دەستەبەر بکرێ و بایەخدان بەوەی بە چ زمانێک بانگ بدرێ دەکەوێتە پلەی دووهەم. لەگەڵ ئەوەشدا ئەبوو حەنیفە لەهەمبەر بانگدان بە زمانی دایکی و زمانێک جگە لە عەرەبی دەڵێ کە ئەو کەسانە هەتا ئەو کاتەی کە فێرە عەرەبی دەبن دەتوانن بە زمانی خۆیان بانگ بدەن.

## بانگی تورکی لە بەرامبەر بانگی عەرەبیدا

لە تورکیا لە ساڵی ١٩٣٢ هەتا ساڵی ١٩٥٠ بانگدان لە هەموو مزگەوتەکان بە تورکی بووە. لە کۆتاییەکانی سەدەی ١٩ بەملاوە کۆمەڵێک ڕووناکبیری ناسیۆنالیستی تورک، ئەو بیرۆکەیان هێنا ئاراوە کە پێویستە پەرستش بە زمانی تورکی ئەنجام بدرێ. ئەو ڕووناکبیرانە لە ژێر کاریگەری ئەو چاکسازیی کولتوورییە دابوون کە لە ئەورووپا ڕووی دا. چاکسازی لە ئایین لە ئورووپا دەسەڵاتی کلیسای کۆرت کردەوە و بایبل (ئینجیل) بۆ زمانەکانی ئوروپایی وەرگێران کرا. زیا گۆکالپ (Zia Gokalp)، سۆسیالیست و چالاکێکی سیاسی تورک، کە کاریگەرییەکی گەورەی لە سەر مستەفا کەمال دامەزرێنەری تورکیای نوێ هەبوو، بە ئاشکرا باسی بانگدان بە زمانی تورکی دەکرد. کاتێک ئاتاتورک لە ساڵی ١٩٢٣ تورکیای کۆماری ڕاگەیاند، هەوڵی دا کە زمانی تورکی لە کاریگەی زمانەکانی عەرەبی و فارسی رزگار بکا. هەروەها پارڵمانی تورکیا چەند زانایەکی ئیسلامی تورکی ڕاسپارد بۆ ئەوەی قورئان و دەقە گرینگەکانی مەزهەبی سوننی بۆ زمانی تورکی وەرگێران بکەن. ئاتاتۆرک خۆی لە ساڵی ١٩٣٢ چەند زانایەکی ئیسلامی تورکی وەک حافیز عەلی رەزا، حافیز سەعادەتەین و حافیز نووری بۆ کۆشکی کۆماری بانگهێشت کرد و داوای لێ کردن کە باشترین وەرگێرانی بانگ، تەکبیر، قامەت و سەلات ئامادە بکەن. بەو پێیە یەکەم بانگی تورکی لە شەوی قەدری ساڵی ١٩٣٢ لە مزگەوتی ئایاسۆفیا، گەورەترین مزگەوتی تورکیا، وترا. هەروەها لە دوای ئەو رۆژەوە وەزارەتی ئەوقافی تورکیا بە توندی سزای ئەو ئیمام و بانگ خوازانەی دا کە بە زمانی تورکی بانگ نادەن.

زۆرکردن لە پەرەستش بە زمانی تورکی چەند نارەزایەتی بەرینی لێ کەوتەوە. بۆ نموونە موسڵمانانی بورسا (Bursa) لە دژی بانگی تورکی خۆپێشاندانیان بۆ بەردەم قایمەقامی ئەو شارە کرد. خۆپێشاندانەکە بە توندی سەرکۆت کرا، چەند کەسێک رەوانەی بەندیخانە کران و چەند کەسێکی دیکە لەو شارە دوور خرانەوە. سەرکۆتی نارەزایەتی بورسا بوو بە وانەیەک بۆ هەموویان و نارەزایەتی لە بەرامبەر بانگی تورکی کۆتایی پێ هات. پارڵمانی تورکیاش یاسای ژمارە ٥٢٦ی پەسند کرد کە هەر کەسێک بانگ و قامەتی بە زمانێک جگە لە زمانی عەرەبی ئەنجام دابا، سێ مانگ لە بەندیخانە دەکرا و لە ١٠ تا ٣٠٠ لیرەی تورکی خەرامە دەکرا. بانگی تورکی لە ساڵی ١٩٥٠بە هۆی هاتنەسەر دەسەڵاتی حیزبی دیموکرات کۆتایی پێهات. نادیموکراتیکبوونی ئەزموونی بانگدان بە زمانی تورکیا لە ١٩٣٢ هەتا ١٩٥٠ وایکرد کە کاریگەری ئەو ئەزموونە وەک دەرهێنانی بانگ و ئیسلام لە هێژمۆنی زمانی عەرەبی کەم بێتەوە.

## بانگ لە وڵاتانی ناموسڵمان

بانگ لە زۆربەی وڵاتانی ناموسڵمان وەک ئەمریکا، بریتانیا، کانادا و فەرانسە قەدەخەیە و پێویستە تەنیا بۆ نێو مزگەوتەکان بانگ بدرێ. ئەو وڵاتانە هۆکاری ئەو رێگەنەدانە دەگەڕێننەوە بۆ ئەوەی کە هەر کەس ئازادە کە ئایینی خۆی بەڕێوە بەرێ بەو مەرجەی ئازاری کەسانی دیکە نەدا. بەو پێیە، لە ڕوانگەی وڵاتانی ناموسڵمان، کەڵک وەرگرتن لە بلیندگۆ بۆ بانگدان دەبێتە هۆی ئازارگەیاندن بە خەڵکانی ناموسڵمان و هەر بۆیە قەدەخەیە. ئایین و ڕێورەسمی ئایینی

لەو ولاتانە تایبەت کراوە بەو کەسانەی بروایان بە ئایینە هەیە نەک هەمووی خەڵک. بەو شێوەیە لەو ولاتانە بانگ بۆ خەلکی موسڵمان دەدرێ و هەروەها خەڵکی موسڵمان مافی هەیە لە ڕێگەی تەکنۆلۆژی نوێ وەک سایت و تی ڤی، بانگ یان هەر ڕێورەسمێکی دیکە بۆ ئەوانەی کە دەیانهەوێ بڵاو بکاتەوە.

## بانگدان لە هەرێمی کوردستان

بانگ لە هەرێمی کورستان وەک ئەرکێی گشتی موسڵمانان سەیر دەکرێ و هەر بەم هۆیە هەر موسڵمانێک لە رەگەزی نێر دەتوانێ بانگ بدا. لە هێندێک وڵات بانگخواز کەسانێکی تایبەتن کە دەنگێکی خۆش و شارەزاییەکی تایبەتیان هەیە و لە لایەن حکوومەت وەک کارمەندێک پارە وەردەگرن. حاجی کاروان یەکێک لە بانگخوازانی ناسروای هەرێمی کوردستانە کە ئێستا پارلمانتاری حیزبی یەکگرتووی ئیسلامییە لە پارلمانی کوردستان. ناوبانگی حاجی کاروان وەک بانگخوازێک لە هەڵبژاردنی پارلمانی ٢٠١٣ یارمەتی ئەوی دا کە بە دەنگێکی زۆر ببێتە ئەندامی پارلمانی هەرێمی کوردستان.

لە هەرێمی کوردستان سێ پارتی ئیسلامی سەرەکی بوونی هەیە کە بریتین لە یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان و کومەڵی ئیسلامی کوردستان. لە میدیاکانی ئەو حیزبانە (تەلەڤیزیون، ڕادیۆ و سایت) بانگ بڵاو دەبێتەوە و زانیاری بە نیسبەت کاتی بانگەکان بە خەڵک دەدرێ. بۆ ئەوەی لە ئامادەبوونی بانگ لە فەزای کۆمەڵایەتی و گشتی هەرێمی کوردستان ئاگادار بین، پێویستە بزانین چەند مزگەوت لە هەرێمی کوردستان بوونی هەیە چونکە مزگەوتەکان ئەو شوێنەن کە بانگ بڵاو دەکەنەوە. بە پێی زانیاری وەزارەتی ئەوقافی هەرێمی کوردستان زیاتر لە ٥١٠٠ مزگەوت لە هەرێمی کوردستان بوونی هەیە. ئەوە لە حالێکدایە ٥٠٠٠ قوتابخانە لە هەرێمی کوردستان بوونی هەیە. زۆرێک لەو مزگەوتانە بەدەست خەڵکی دەولەمەندی خێرخواز دروست کراون. بۆ نموونە هەر لە ساڵی ٢٠١٠، خەڵکی خێرخوازی دەوڵەمەند ٤٠٠ مزگەوتیان لە هەرێمی کوردستان دروست کردوە.

وەزارەتی ئەوقاف چاوەدێری بەسەر خۆتبەی رۆژانی هەینی مزگەوتەکان دا دەکا بەلام هەم خۆتبە و هەم بانگ لە هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی بلیندگۆ و بە بێ بوونی هیچ ڕێسایە لەهەمبەر ئاستی کزی و بەرزی دەنگی بانگ بڵاو دەکرێتەوە. تەنیا نارەزایەتییە کە لەمەر بڵاوکردنەوە خۆتبە و بانگ لە ڕێگەی بلیندگۆ بە شێوەی نووسراو و ئاشکرا چاوم پێی کەوت، وتارێک بوو لە ژێر سەردێری "نامەیەک بۆ بەرپرسانی ئاسایشی هەرێمی کوردستان" بە قەلەمی شەمزین جیهانی. خاتوون جیهانی لە وتارەکەی باس لەوە دەکا کە موسڵمانان لە سەردەمی ئێستادا پێویستە کەڵک لە تەکنۆلۆژی وەربگرن، بۆ نموونە کەڵک لە تەلەڤیزیۆن، ڕادیۆ، سایت و مۆبایل وەربگرن بۆ ئەوەی کاتی بانگ بزانن و بانگ لە بلیندگۆکان بۆ فەزای گشتی بڵاو نەکەنەوە. هەروەها لە وتارەکەی دا باس لەوە دەکا کە بڵاوکردنەوەی بانگ لە ڕێگەی بلیندگۆکان، پێشلکردنی مافی خەڵکانی ناموسڵمان و نەخۆشە کە پێویستیان بە فەزایەکی ئارام هەیە و نایانهەوێ گوێیان لە بانگ بێ. من لە خاتوون جیهانی لەمەڕ کاردانەوەی خەڵک بەنیسبەت وتارەکەی پرسیارم کرد و ئەو وڵامی داوە کە "هاوڕێکانم دەیانکۆت کە ئەوە مەترسیدارە کە لەسەر بڵاونەکردنەوەی بانگدان لە بلیندگۆکان و لە فەزای گشتی دا وتار بنووسی بەلام کاردانەوەی خەڵک دوای بڵاوبوونەوەی وتارەکە ئاسایی بوو. هیندێکیان وتیان کە ئەوە شتێکی عەقڵانییە کە بانگ تەنیا لە نێو مزگەوتەکان

بڵاو بکرێتەوە و هێندێک کەسیش دژایەتی ئەو بیرۆکەیان کرد."

## چاوپێکەوتن

من هەر لە پێوەندی لەگەڵ بانگدان لە ئیسلامدا چاوپێکەوتنم لەگەڵ دوکتور سەردار رەشید کردوە کە دوکتورای لە تەفسیری قورئان لە زانکۆی بەغدا وەرگرتووە و ئێستا مامۆستای زانکۆی سلێمانییە. ئەو چاوپێکەوتنم وەک بەشێک لە لێکۆلینەوە بۆیە ئەنجاوم داوە تا ڕای شارەزایەکی ئایینی لەهەمبەر هێندێک پرسیاری تایبەت بە بانگدان لە هەرێمی کوردستان بزانم. ئەمەی خوارەوە بەشێک لەو چاوپێکەوتنەیە:

**پرسیار**: ئاخۆ بانگدان تەنیا دەبێ بە زمانی عەرەبی بێ؟

**وەڵام**: بەلێ، بانگدان پێویستە تەنیا بە زمانی عەرەبی بێ چۆنکە هەر لە سەرەتاوە بە زمانی عەرەبی بووە. هەروەها فێربووونی بانگیش ئاسانە و هەموو موسڵمانان دەتوانن فێری بن. ئەگەر بە زمانێک جگە لە زمانێ عەرەبی بانگ بدرێ، بانگ مانای سەرەکی خۆی لەدەست دەدا. بەڵام ئەبوو حەنیفە لەو بڕوایە دایە کە ئامانجی بانگ ئەوەیە کە خەڵک بۆ پەرەستش بانگهێشت بکەی. هەر بۆیە ئەگەر خەڵک لە زمانی بانگ تێنەگەن، ئەو بانگدانە ئامانجی خۆی نەپێکاوە. بە پێی ڕوانگەی ئەبوو حەنیفە، موسڵمانانێک کە عەرەب نین دەتوانن بە زمانی خۆیان بانگ بدەن هەتا ئەو کاتەی کە فێر دەبن کە بە زمانی عەرەبی بانگ بدەن.

**پرسیار**: ئاخۆ ئەوەی بانگدان تەنیا دەبێ بە زمانی عەرەبی بێ لە قورئان یا حەدیث وەرگیراوە؟

**وەڵام**: ئەگەڕ مەبەستت ئەوەیە کە ئاخۆ قورئان باس لەوە دەکا کە بانگ دەبێ بە عەرەبێ بێ، لە قورئاندا باس لەوە نەکراوە کە بانگ هەر دەبێ بە زمانی عەرەبی بێ. بەڵام زانایانی ئیسلامی پێیانوایە کە بانگدان پێویستە تەنیا بە زمانی عەرەبی ئەنجام بدرێ چونکە ئەوە درووشمێکە کە لە نێو هەموو موسڵمانان لە هەموو جیهان جێکەوتووە.

**پرسیار**: ئەگەر موسڵمانانێک لە هەرێمی کوردستان داوا بکەن کە بە زمانی کوردی بانگ بدرێ، ڕای ئیسلام بۆ ئەو خواستە چ دەبێ؟

**وەڵام**: ئێمە هەتاکوو ئێستا داواکارییەکی بەمشێوەیەمان نەبووە. بەڵام ئێمە لە هەرێمی کوردستان لێژنەیەکمان هەیە کە لە زانایانی ئیسلامی پێکهاتووە. لێژنەکە دەتوانێ خوێندنەوە بۆ داواکاری یە بکا و بریار بدا کە ئاخۆ بانگ دا بە زمانی کوردی لە ڕوانگەی شەرعی یەوە دروستە یان نا.

**پرسیار**: هەر لە کۆنەوە بانگ خوازان لە ئیسلامدا پیاو بوون. بە پێی قورئان و حەدیث، ئاخۆ ژنان دەتوانن بانگ بدەن؟

**وەڵام**: کاتێک ئێمە باسی بانگ دەکەین، ئێمە باسی دەعوەت کردن بە دەنگی بەرز دەکەین. پیاوان دەنگێکی بەرزیان هەیە و ئەو موسڵمانانەی بۆ مزگەوت دەچن پیاون و ژنان زۆرتر لە ماڵدا دەمێننەوە. ئەوە شێوازێک بووە کە بانگ دراوە بە تایبەتی لە کۆندا. هەروەها لە ئیسلامدا و بە پێی ڕوانگەی زۆربەی زانایانی ئیسلامی، دەنگی ژن وەک عورەت لەقەڵەم دەدرێ. ژنێک نابێ دەنگی بەرز بکاتەوە چۆنکە ڕەنگە سەرنجی پیاوان بۆ شتێکی دیکە ڕابکێشێ. کەوایە بانگخواز دەبێ پیاو (نێر) بێ.

**پرسیار**: لە هەرێمی کوردستان ژمارەیەک خەڵکی ناموسڵمان هەیە ئەگەرچی ئەوان کەمینەن. ئاخۆ دەکرێ بانگ تەنیا لە نێو مزگەوت بدرێ نەک بۆ دەرەوەی مزگەوت؟

**وەڵام**: بۆ ئێمە تەنیا دەبێ بەمشێوەیە بیر لە بانگ بکەینەوە کە کەسانێک نایانهەوێ گوێیان لێ بێ؟ لە وڵاتانێک کە خۆیان بە دێموکراتیک دەزانن، خەڵکی غەیرە مەسیحی دەبێ گوێیان لە زەنگی ناقووسی کلیسا بێ. ئاخۆ ئێمە دەبێ بڵێین کە مەسیحی یەکان تەنیا ئەبێ لە نێو کلیسا ناقووس لێ بدەن و دەنگی ناقووس بۆ دەرەوە نەروا؟ بانگ ئامرازێکە بۆ ئەوەی ئیسلام لە نێو خەڵکی ناموسڵمان پەرە پێ بدرێ، هەر بۆیە پێویستە لە فەزای گشتی بانگ بدرێ.

**پرسیار**: ئاخۆ لەو بڕوایەدا نین کە خەڵکی ناموسڵمان دەبێ هەڵبژاردنیان هەبێ لەوەی دەعوەت بۆ ئیسلام بکرن یان نا؟ بە واتایەکی دیکە دەعوەتکردن بۆ ئیسلام نابێ بە شێوەیەک بێ کە خەڵکی ناموسڵمان بیهەوێ و داوای بکا؟

**وەڵام**: بۆ موسڵمانێک پێویست نیە لەسەر داواکاری ناموسڵمانێک ڕابوەستێ تا بۆ ئایینی ئیسلام دەعوەتی بکا. خۆدی پێغەمبەری محەمەد ڕۆیشت بۆ لای هێندێک لە ناموسڵمانان تا بۆ ئیسلام دەعوەتیان بکا بە بێ ئەوەی ئەوان داوایان کردبێ. هەروەها ئەگەر بانگ تەنیا لە نێو مزگەوتەکان بدرێ کاریگەری یەکی کەمتری لەسەر خەڵک دەبێ.

**پرسیار**: ئەگەر خەڵکانێکی ناموسڵمان لە هەرێمی کوردستان داوا بکەن کە بانگ و خوتبە تەنیا بۆ نێو مزگەتەکان بدرێ، کاردانەوەی ئیسلامی لەهەمبەر ئەو داواکاری یە چ دەبێ؟ بۆ نموونە لە ناوچەی عەنکاوە لە هەولێر خەڵکی مەسیحی دەژین. ئەگەر ئەو دانیشتووە مەسیحی یانەی هەرێمی کوردستان داوا بکەن کە تەنیا بۆ نێو مزگەوتەکان بانگ بدرێ، کاردانەوەی ئیسلامی بەو داواکاری یە چ دەبێ؟

**وەڵام**: بە گشتی ئەوە شتێکی قبوولکراو نییە کە بانگ تەنیا بۆ نێو مزگەوت بدرێ. هەروەها بانگ پایەیەکی بنەڕەتی ئیسلامە و هەر لە سەردەمی پێغەمبەری محەمەد، بانگ بۆ فەزای گشتی دراوە. بۆ مەسیحی یەکانی عەنکاوەش ئەگەر داوا بکەن کە بانگ تەنیا بۆ نێو مزگەوتەکان بدرێ، لێژنەی یەکیەتی زانایانی کوردستان دەبێ بڕیار بدەن کە ئاخۆ دەکرێ لە مزگەتەکانی دەوروبەری عەنکاوە تەنیا بۆ نێو مزگەوت بانگ بدرێ یان نا.

**Works Cited**


**). T H E ISSU E O F CHANTING TH E ADHAN IN LANGUAGE S. İstanbul ٢٠٠٦ATALAY, L. M. (**
**.٥٦-٥٣Üniversitesi İlahiyat Fakültesi ,**

**.١٣-١٢). Sounds in changing Contexts. Austrian Studies in Social Anthropology , ٢٠١٢Fennes, N. (**

**.). Ways of the World . Bedford/St. Martin's٢٠١٠Strayer, R. W. (**

**١). Retrieved from: http://www.payam.tv/?AspxAutoDetectCookieSupport=٢٠١٤Group, K. I. (**

**). Islamic learning . Retrieved from: http://islamiclearningmaterials.com/islamic-٢٠١٤Ismail, M. (**
**/call-to-prayer**

**:). A letter. Retrieved from٢٠١٢Jihani, S. (**

**%٨C%D٨DB%٨٥%%٩&name=%D٢٥=١&ID_map٢٥&ID_map=٢١٥١http://nnsroj.com/detiles.aspx?id=**
**٨٦%٩D%٧A%٨C%D٨DB%١B%٨D%٧A%٨D٦%A%٨D%٢٠%٧A%٨D%١B%٨AA%D**

**. Retrieved from: ٢٠١٠mosques built in ٥٠٠). Kurdistan: ٢٠١١Khidhir, Q. (**
**-mosques-٥٠٠/Kurdistan-٧٨EEF٨٥F٠٩CE٤٧٥F٥١١١٤٨C٧A٤DDDC٤http://www.kurdishglobe.net/article/C**
**.html٢٠١٠built-in-**

**:). Retrieved from٢٠١٤KNNC. (**

**DQ٩LF٩-False#.VIPWm٢٨-٢٩٣٢٨http://knnc.net/en/full-story-**

**). Retrieved from: http://oneummah.net/islam/athan.htm٢٠١٤Maghniyyah, A. M. (**

**١http://www.payam.tv/?AspxAutoDetectCookieSupport=**

**http://www.shiapen.com/fiqh/ali-un-wali-allah/adhan-call-to-prayers.html**

**See more at: http://www.nnsroj.com/detiles.aspx?id=39692#sthash.dt4EzqQT.dpuf -**


**سەرچاوە: ماڵپەڕی ناوەندی نووچە و شرۆڤەی رۆژ - ڕێکەوتی: ٢٣ی سێپتەمبەری ٢٠١٥**

----------------------------------------



سەرچاوە Serchawe

## کارکردی خەبات بە دژی گەندەڵی لە نێو کۆماری ئیسلامی ئێراندا

بە قەولی جان دالبرگ (John Dolberg) "دەسەڵات مەیلی گەندەڵبوونی هەیە و دەسەڵاتی ڕەها مەیلی گەندەڵبوونی ڕەهای هەیە." دەسەڵات ئەگەر پێشی نەگیرێ مەیلی ئەوەی هەیە بەرەو گەندەڵی بڕوا. گەندەڵی فورمێکە لە نادادپەروەری کە لەودا ئەو هاووڵاتییانەی لە پێگەی دابینکەر و بەرهەمهێنەر دان، هاووڵاتیانێک کە لە پێگەی بەرخۆر دان فریو دەدەن. کەوایە گەندەڵی دەکرێ لە پیشە و پێگەی جۆراوجۆردا بەدی بکرێ؛ کەسی گەندەڵ دەتوانێ ماموستا، دووکاندار، بەرهەمهێنەر، دادوەر و سیاسەتمەدار بێ. کەوایە هەرچەشنە پێوەندی‌یەکی ناتەندروست لە نێوان دابینکەر (فرۆشیار) و بەرخۆر (کڕیار) دەچێتە خانەی گەندەڵی. گەندەڵی دەتوانێ لە ئاستی بچووک دا بەدی بکرێ. بۆ نموونە کاتێک کارمەندێک لە کاتی ئیداری دا بەجێگەی ڕاپەراندنی کارەکەی سەرقالی فەیس بووک دەبێ. هەروها گەندەلی دەکرێ ئاستی زۆر بەرفراوان بەخۆوە بگرێ. بۆ نموونە کاتێک یاسادانەرێک بەجێگەی ئەوەی یاسا لە بەرژەوەندی گشتی و خەڵک دا پەسەند بکا، بەرژەوەندی کۆمپانیا یا گرووپێک دەکاتە پێوەری کارەکەی. گەندەلی وەک خراپ بەکارهێنانی پێگەی خزمەتگوزاری دەتوانێ لە بەش و پیشەی جۆراوجۆر دەربکەوێ بەڵام ئەوەی زۆرتر ناسراوە، گەندەڵی سیاسەتمەداران و بازرگانانە. لەو وتارەدا جەخت لەسەر ئەو بابەتە دەکرێتەوە کە گەندەلی لە ئێران دا هەم لە ئاستی تاکەکەسی و هەم لە ئاستی سیستماتیک دا بە شێوەی بەرفراوان بوونی هەیە.

### گەندەڵی دەوڵەتی

گەندەڵی دەوڵەتیی لە ئێران لە ئاستێکی زۆر بەربڵاو دایە. لە دوای هاتنەسەر کاری دەوڵەتی ڕوحانی لە ساڵی ٢٠١٣، یاریدەدەرانی پایەبەرزی سەرۆک کۆماری پێشوو بە تاوانی گەندەڵی دادگایی کران و بە زیندان مەحکووم بوون. دادگای بەرزی ئێران لە ساڵی ٢٠١٥، جێگری یەکەمی سەرۆک کۆماری پێشوو واتە محەممەد ڕەزا ڕەحیمی بە ٥ ساڵ زیندان، جەریمەی ٣٠٠،٠٠٠ دۆلار و قەرەبووی ٨٠٠،٠٠٠ دۆلاری مەحکووم کرد. ڕەحیمی پایەبەرزترین بەرپرسی دەوڵەتی لە مێژووی کۆماری ئیسلامی دا بووە کە بە تاوانی گەندەڵی دادگایی و زیندانی کرابێ. لە حاڵێکدا ڕەحیمی بە هۆی وەرگرتنی ڕشوە و دانی ڕشوە بە پارلمانتاران خراوەتە زیندان کە ئەحمەدی نژاد لە سەردەمی سەرۆک کۆماری خۆی، دەوڵەتەکەی بە پاکترین دەوڵەت لە دوای شۆڕشی ئێران دەزانی. بەشێک لە پەروەندەکانی تایبەت بە گەندەڵی بەرپرسانی پایەبەرزی دەوڵەتی بە هۆی ململانێ و کێشەی نێوان باڵەکانی نێو ڕێژیم ئاشکرا کرا. لە فەوریەی ساڵی ٢٠١٣، ئەحمەدی نژاد ڤیدیۆیەکی لە پارڵمانی ئێران نیشان دا کە لەودا فازل لاریجانی لە دەستڕۆیشتووی و دەسەڵاتی براکانی واتە عەلی و صادق لاریجانی کە سەرۆکی پارڵمان و سەرۆکی دەزگای دادوەری بوون، کەڵکی وەردەگرت تا لە پرۆژەکانی دەوڵەتی سوودمەند بێ. برایانی لاریجانی واتە عەلی، سادق، جەواد، باقر و فازل لە کۆماری ئیسلامی دا پۆستی جۆراوجۆری دەوڵەتییان بەدەستەوە بووە. برایانی لاریجانی لە ئێران، سەمبۆلی هاوپێوەندی گەندەڵی بنەماڵەیی (nepotism) و گەندەڵی دەوڵەتین. دوو هەفتە دوای نیشاندانی ڤیدیۆی گەندەڵی فازل لاریجانی، میلیۆنێرێکی ئێرانی بە ناوی ئەمیر مەنسووری ئاریا لەسێدارە درا؛ ئەو

لە ساختەکارییەکی بانکی ٢,٦ میلیۆن دۆلاری (نزیک ٣ میلیار تمەن)دا بەشدار بوو کە بە گەورەترین کەیسی ساختەکاری لە مێژووی ئێران لەقەڵەم دەدرێ. سادقی لاریجانی، بەرپرسی دەزگای دادوەری، ئەو کەیسەی ئاشکرا کرد کە لەودا چەند بازرگانی گەورەی ئێران بە ئێعدام مەحکووم کران. بەشێک لە هاوڕێ و هاوکارانی ئەحمەدی نژاد وەک محەممەد ڕەزا ڕەحیمی لە پەروەندەیەدا بەشدار بوون بەڵام هەتا دوای تەواوبوونی سەرۆک کۆماری ئەحمەدی نژاد نەتوانرا دادگایی و زیندانی بکرێن. بەو پێیە زۆرێک لە فایلەکانی گەندەڵی وەک بەشێک لە کایە و ململانێی سیاسی نێوان باڵەکانی نێو ڕێژیم ئاشکرا دەکرێن. شێوازێکی بەرچاو کە سیاسییەکانی ئێران بۆ گەندەڵی بەکاری دێنن ئەوەیە کە خۆیان راستەخۆ گەندەڵی ناکەن بەڵام پشتگیری خزم و دۆستانیان دەکەن تا گەندەڵی بکەن. نموونەی بەرچاوی گەندەڵی ناراستەوخۆی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ئەکبەری ڕەفسەنجانییە کە لە ساڵانی ١٩٨٩ تا ١٩٩٧، سەرۆک کۆمار بووە؛ کوڕی ڕەفسەنجانی واتە مەهدی ڕەفسەنجانی لە گەندەڵی ماڵی گەورە بەشدار بووە. لە ساڵی ٢٠١٣، کۆمپانیای ستات ئۆیل ئاسا (Statoil ASA) کە کۆمپانیایەکی نەوت و گازی نورویژییە، ڕەزامەندی لەسەر ئەوە دەربری کە جەریمەی ٢١ میلیۆن دۆلاری بدا بە هۆی ئەوەی یاسای دژە گەندەڵی ئەمریکای نەپاراستبوو و بۆ بردنەوەی قەراردادی بازرگانی بەرتیلی بە مەهدی ڕەفسەنجانی دابوو (Nooryani, 1). بەو پێیە ئاشکراکردنی فایلەکانی گەندەلی بەشێک لە ململانێی سیاسی نێو بالەکانی ڕێژیم بووە.

## سیستەمی نادێموکراتیک و گەندەڵی

کارێکی زۆر دژوارە کە گەندەلی لە ئێران بە شێوەیەکی بنەرەتی و سیستماتیک چارەسەر بکرێ چونکە سیستمی سیاسی و یاسایی نادێموکراتیکی کۆماری ئیسلامی خۆی بەستێنی پەرەسەندنی گەندەلی خۆش کردوە. حەسەن رووحانی لە سمینارێک کە لە ژێر سەردێری "بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی" لە تاران گیرا، ڕایگەیاند کە هەر شتێک کە ڕکابەری نەبێ و بەڕێوەبردنەکەی قۆرخ کرابێ، شتێکی خراپە." زۆر کەس وتەکانی رووحانی یان وەک ڕەخنەگرتن لە سوپای پاسداران لێکدایەوە کە لە سەرەتای شۆڕشی ئێران وەک ڕێکخراوێکی نیزامی هاوتەریبی ئەرتەش دامەزرا بەڵام ئێستا بە شێوەیەکی زۆر بەرفراوان تێکەل بە ئابووری و سیاسەتی ئێران بووە. سوپای پاسداران چەند لقی هەیە کە لە بواری جۆراوجوری ئابووری دا چالاکن کە دەکرێ ئاماژە بە بونیاد و خاتەمول ئەنبیا بکەین. تەنیا خاتەمول ئەنبیا، کە لقی بیناسازی و موهەندیسی سوپای پاسدارانە، نزیک ٠٠٠، ٢٥ کارمەندی هەیە کە تاکوو ئێستا زیاتر لە ٧٥٠ پرۆژەیان لە بوارگەلی وەک ڕێگەوبان، سەدسازی و خەتی لوولەی گاز وەرگرتووە (گرووپی رند). سوپای پاسداران لەژێر دەسەڵاتی عەلی خامنەیی دایە؛ خامنەیی جگە لە دەسەڵاتێکی یاسایی یەکجار زۆر، هەروەها فەرماندەی سەرجەم هێزە چەکدارەکانی ئێرانە، سەرۆکی دەزگای دادوەری و دەزگای دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامیش دیاری دەکا. شورای نیگابان کە وەک فیلترێک بۆ ڕێژیم کار دەکا تا چاوەدێری بە سەر کاندیدەکان بۆ هەڵبژاردنەکان بکا، وەک ئامرازێک لە دەستی ڕێبەری دایە. عەلی خامنەیی شەش ئەندامی شورای نیگابان راستەوخۆ دیاری دەکا و شەش ئەندامی دیکەش لە ڕێگەی سەرۆکی دەزگای دادوەری، کە لە لایەن خامنەیی دیاری کردوە، دەستنیشان دەکرێن. دەسەلاتی ئیداری و یاسایی زۆری خامنەیی وادەکا کە هەر کات بیانهەوێ گۆشار بخەنە سەر نارازیان و بەشداری سیاسی زۆر کەم بکەنەوە.

محەممەد جەوادی زەریف، وەزیری دەرەوەی ئێران، لە کونفرانسێک لە سوئیس لە ٢٣ ژانویەی ٢٠١٥، ڕایگەیاند کە هێندێک

گرووپ لە نێو ئێران و دەرەوەی ئێران لە گەمارۆکانی سەر ئێران بەهرەمەند دەبن (Karami). بێگومان گەمارۆکان قازانجی بە سوپای پاسداران گەیاندوە چونکە بە هۆی گەمارۆکان، کۆمپانیا دەرەکییەکان بە تایبەت کۆمپانیاکانی ئوروپایی ناچار بوون بازاری ئێران چۆل بکەن. بەشێکی زۆری ڕێکەوتنی ئەتۆمی ئێران و رۆژئاوا دەکرێ لە دەلاقەی شەڕی ئابووی و گەندەڵی نێو باڵەکانی نێو ڕێژیم سەیر بکرێ.

## ئاکام گیری

چەندین سەرمایەدار و سیاسەتمەداری ئێرانی بە هۆی گەندەڵی دادگایی و سزا دراون. زۆربەی ئەو فایلە گەورانەی گەندەلی بە هۆی ململانێی سیاسی نێو باڵەکانی ڕێژیم ئاشکرا بوون. بە هۆی ئەوەی یاسا و سیستمی سیاسی ئێران نادێموکراتیکە دەرەتانی ئەوە نیە کە بە شێوەیەکی بەرفراوان بە دژی گەندەلی خەبات بکرێ. سیستمی سیاسی ئێران، لە لایەک بە هۆی دانی دەسەلاتی زۆر بە کەسانێک وەک ڕێبەر و گرووپگەلێک وەک سوپای پاسداران و لە لایەکی دیکە بە هۆی لاوازبوونی دەنگ و خواستی خەڵک لە ساختاری سیاسی، پۆتانسیەلی گەندەڵبوون و خراپ بەکارهێنانی دەسەلاتی زۆرە.

:Sources
The Rand Corporation. “The Rise of the Pasdaran,” published on 2009 by National Defense .Institute
E.Torbat, Akbar. “Financial Corruption in Iran,” published on March 2, 2013 by “Information .”Clearing House
.Sadjadpour, Karim. “The Supreme Leader,” published 20 June, 2015, Web
Rezaian, Jason. “Iran hangs key figure in banking scandal,” published on May 24, 2014 on the .Washington Post
Karami, Arash. “Zarif: Some in Iran don’t want sanctions to end,” published on February 2, .2015 on the al-Monitor
Ansari, Ali. “Moral crisis threatens Iran’s Revolutionary Guards,” published on 11 June, 2010 .on the Guardian
Merat, Arron Reza. “Iran’s webs of corruption prevalent, but hidden,” published on September .30, 2014 on al-Monitor
Nooryani, Bunny. “Statoil Admits Iran Bribe; U.S sets $21 Million Fine,” published on October 13, 2006 on www.bloomberg.come

لە ژمارە ٦٦٥ی رۆژنامەی کوردستان دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١١ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٥

-----------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

# ئێعدامی کەمینەکان، بەشداری چالاک، بێدەنگی و گومان

**شاهید عەلەوی**

**وەرگێڕان بۆ کوردی**

لە ولاتێک کە ئاماری ورد و بەڵگەمەند بووە بە شتێکی نایاب، ناکرێ چاوەڕوانی ئەوەی بی کە ئامارێکی جێگەی متمانە لە ئێعدامی هاووڵاتیان بە هۆکاری سیاسی و عەقیدەتی دەست بکەوێ. حیزبەکان، گرووپگەلی سیاسی، ڕێکخراوە مەدەنی و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ بە پشتبەستن بە هەواڵەکان و سەرچاوە نافەرمی یەکان، ئاماری جیاواز لە ڕێژەی ئێعدامی سیاسی-عەقیدەتی بڵاو دەکەنەوە. لەو بارودۆخەدا دانی ڕاپۆرتێکی ئاماری لە ئێعدامی خەڵکی سیاسی-عەقیدەتی وەک هەنگاوهەڵێنان لە تاریکی دایە.

کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئێعدام لەدایکبووە، لەگەڵ ئێعدام گەورە بووە و ئێستا ئەوەندە خووی بە ئێعدام گرتووە کە زەحمەتە بتوانێ بە ئاسانی دەستبەرداری بێ. قوربانییەکانی ئێعدام، توێژگەلی جۆراوجۆر لە هاووڵاتیانن هەر لە ڕەخنەگران، دژبەران یا ئەوانەی تەنانەت "جیاوازن"، دەگرێتەوە. ئەو سیستمە ئایین تەوەرە، ڕەخنەگران و دژبەران بە دوژمنی لەگەڵ خودا تاوانبار دەکا و دوژمنانی خوداش بە پێی یاساکانی ڕژیم، بە "موحاریب" دەناسرێن، سزای مردنیان بەسەردا دەسەپێ.

دەزگای دادوەری و دەزگا ئەمنیەتی و تەبلیغاتییەکانی کۆماری ئیسلامی تاکوو ئێستا هەزاران کەس لە هاووڵاتیانی ئێرانیان بە موحاریبە بوون تاوانبار کردوە و زۆرێک لە تاوانبارانە ئێعدام کراون.

لەو ڕاپۆرتەدا، بە چاولێکردنێک لە ڕەوتی ئێعدامی هاووڵاتیانی سەر بە کەمینە ئێتنیکی و ئایینییەکان، هەوڵ دەدرێ وێنەیەکی گشتی هەرچەند تاڕادەیەک ناروون لە ڕەوتی ئەو ئێعدامانە نیشان بدرێ.

## شەپۆلی یەکەم، ئێعدامەکان لە ساڵەکانی سەقامگیری

ئێعدامی ئەوانەی لە نێو ڕێژیمی پێشووی پاشایەتی دابوون، لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ١٣٥٧، تەنیا پێنج ڕۆژ لە دوای ئەو ڕۆژەی لە ئەدەبیاتی فەرمی ئێران بۆ ڕۆژی سەرکەوتنی شۆڕش دەناسرێ، دەستی پێکرد. تا کۆتایی بەهاری ساڵی ١٣٥٨، سەدان کەس لەوانەی لە بەشی ئیداری و نیزامی ڕێژیمی پەهلەویدا پۆستیان هەبوو، بە تاوانێک کە "مفسد فی الارض" ناوی دەبەن، ئێعدام کران. بەڵام شەپۆلی یەکەمی ئێعدامەکان کە لە ڕێبەندانی١٣٥٧ تا جۆزەردانی ١٣٦٠ بوو،



سەرچاوە Serchawe

تەنیا تایبەت بە بەرپرسانی ڕێژیمی پاشایەتی نەبوو. لەو قۆناغەدا، جگە هیندێک ئێعدامی کەمی لایەنگران و کادرەکانی گرووپە سیاسییەکانی چەپ، ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامەکانی کەمینە ئێتنیکی و مەزهەبییەکان، چ هاووڵاتیانی ئاسایی و چ کادری حیزبی و کەسایەتییە مەزهەبییەکان، بە تاوانی جۆراوجۆر ئێعدام کران. کوردەکان، تورکمەنەکان و بەهاییەکان، ئەو کەمینانەن کە لەو قۆناغەدا بە توندی سەرکوت کران و ژمارەیەکی بەرچاویان ئێعدام کران.

**بەهاییەکان**: ئەزموونی سەرکوتی بەهاییەکان، ئەزموونێکی تایبەتە، چونکە سەرکۆنەکردنی کەمینەی عەرەب، بەلووچ، یەهوودی و ئەرمەنی بە بەراورد لەگەڵ سەرکوتی کوردەکان و تورکمەنەکان ، نیشان دەدا کە لەو قۆناغەدا کەمینەکان (بەدەر لە بەهاییەکان) تەنیا کاتێک سەرکوت کران کە کردەوەگەلێکی سیاسی یا کۆمەڵایەتیان ڕێکدەخست کە لە دژ یا جیاواز لە فەزایەکی گشتی بوو کە جێی ڕەزامەندی دەسەلاتدارانی نوێنەر بوو. بەڵام ئەندامانی کۆمەڵگەی بەهایی ئێران کە سیستمی سیاسی، ئەوانی وەک کەمینەیەکی ئایینی بەفەرمی نەدەناسی، لەو قۆناغەدا تایبەت بوون، چونکە تەنیا بە هۆی بەهایی بوونیان ڕووبەڕووی ئازار و سەرکوت بوون و ژمارەیەکیان ئێعدام کران. بەو پێی دەکرێ بڵێین کە تەنیا بەهایی بوون بە واتای نکۆلی و هەڕەشەیەک بوو کە دەسەڵاتداران و زانایانی شیعەی والێدەکرد بۆ لەنێوبردنی بەهاییەکان هەوڵ بدەن.

لەو قۆناغەدا، ٤١ هاووڵاتی بەهایی بە فەرمی ئێعدام کران و نزیک ٢٥ بەهایی دیکەش بێسەروشوێن یان تێرور کران کە لە نێو ئەو کەسانەدا جگە لە ٩ ئەندامی گرووپی بەهاییان و دوو ڕاوێژکاری ئەو گرووپە، ئەوانی دیکە هاووڵاتی ئاسایی بەهایی بوون و هیچ بەرپرسیارەتییەکیان لە نێو کۆمەڵگەی ئایینی بەهاییەکاندا نەبوو. زۆرێک لە بەهاییەکان ناچار کران بە بڵاوکردنەوەی ڕاگەیندراو لە ڕۆژنامەکانی سەراسەری، بێبەری بوونی خۆیان لە ئایینی بەهاییەت ڕابگەیەنن تا گیان و مالی خۆیان لە دەستدرێژی حکوومەت و هێندێک خەڵکی دەمارگرژ بپارێزن. بێ دەنگییەکی ڕەزامەندانە و لە هێندێک حالەتیش دا هاوکاری هێندێک ڕەوت و حیزبی سکۆلار بە نیسبەت سەرکوتی بەهاییەکان، کاری سەرکوتی بۆ ڕێژیمی شۆڕشگێر ئاسانتر کرد.

**عەرەبەکان**: تاوانی جیایی خوازی و هاوکاری لەگەڵ ئیدارەی ئەمنیەتی عێراق چەند هەفتە پێش و دوای دەستپێکردنی شەری ئێران و عێراق (هەرەک شاهیدەکان لە ناوەندی بەڵگەکانی مافی مرۆڤی ئێران ڕاپۆرتیان داوە) بووە هۆی ئەوەی بەلانیکەم لە دوو حالەتدا ژمارەیەک هاووڵاتی عەڕەب بە شێوەیەکی خێرا و هەرەمەکی لە دێزفوول و سووسەنگرد ئێعدام بکرێن.

خەرمانانی ساڵی ١٣٥٨، هەشت شارۆمەندی عەرەبی شاری دێزفوول دەستبەسەر و دوای تاوانبار بوون بە جیایی خوازی، یەکسەر ئێعدام کران. لە ڕۆژانی دەستپێکی شەڕیش، ١٧ شارۆمەندی عەڕەبی شاری سووسەنگرد دوای گیران لەبەرچاوی هاوشاریانی خۆیان و لە باخی پارێزگاری ئەو شارە، تیرباران کران. قسەی یەکێک لە شاهیدانی ئەو ڕووداوە: خەڵخالی کە لە لایەن خومەینییەوە وەک حاکمی شەرع دیاری کرا و حوکمی ئێعدامی ئەو ١٧ کەسەی دا لە وڵامی داوای پێداچوونەوەی

یەکێک لەو ١٧ کەسەدا، وڵامی بەناوبانگی خۆی دا: "ئەگەر بێ تاوان بن، ئەوە شەهید دەبن و ئەگەر تاوانبار بن، ئەوە بە سزای کارەکەتان دەگەن".

**تورکمەنەکان**: دامەزرانی شووراي گەڵی تورکمەن لە کۆتایی ساڵی ١٣٥٧، سەرەتای هەستیاربوونی "دەسەڵاتدارانی شۆڕشگێڕی" تاران لەهەمبەر کەمینەی تورکمەنەن لە ئێراندا بوو. ڕووبەڕووبوونەوەی هێزەکانی سەر بە ڕێژیمی پێشوو، کۆمیتەکانی شۆڕش و هێزەکانی بەستراوە بە خان و یاخاکانی خۆماڵی (کە لە دابەشکردنی زەوییەکانیان لە نێو وەرزێران دا تووڕە بوون) لەگەڵ شووراي گەڵی تورکمەن، لە نەوروزی ساڵی ١٣٥٨ دەستی پێ کرد و بە خێرایی پەرەی سەند. هەیئەتی نێردراوی دەوڵەتی کاتی توانی پێش کۆتایی نەورۆز لە نێو لایەنەکان دا ئاگربەس پێکبێنێ، بەڵام دواجار بەردەوامی چالاکی شووراي گەڵی تورکمەن کە بە واتای چەشنێک لە خۆبەڕێوەبەری جیاواز لە ڕێژیمی دەسەڵاتدار بوو، تەحەمول نەکرا. هێرشی بەرفراوانی ئەرتەش و سپای پاسداران بۆ سەر تورکمەن سەحرا کۆتایی ڕێبەندان ساڵی ١٣٥٨ دەستی پێ کرد و تا کۆتایی مانگی ڕەشەممە، کە تەواي ناوچەکانی تورکمەن سەحرا لە لایەن هێزەکانی ناوەند کونترۆل کرانەوە، بەردەوام بوو.

سادقی خەڵخاڵی لە تورکمەن سەحرا، بە پێی ئەو قسانەی بۆ خۆی لە وتوویژ لەگەڵ ڕۆژنامەی "صبح" کردنی، ٩٤ هاووڵاتی تورکمەن، لەوانە توماج، واحیدی، مەختووم و جورجانی (لە ڕێبەرانی شووراي گەڵی تورکمەن)ی ئێعدام کرد. هۆکاری کوشتنی تورکمەنەکان لە زمان خەڵخالی ئەوە بوو: "... من ئێعدامم کرد. ٩٤ کەسم ئێعدام کرد نەک تەنیا کەسێک ... من بە لێبڕاوەیی ئیسلامی تەواو چوومە نێو گونبەد و گەڵی تورکەمەنم لەوێ سەرکوت کرد. دەڵێن کوشتنی ڕێبەرانی تورکمەن بە ئەنقەست بوو، بەلێ بە ئەنقەست بوو. من توماج، واحیدی، مەختووم و جورجانی زیندوو بێڵمەوە کە چ بێ؟"

**کوردەکان**: چالاکبوونی حیزبەکانی کوردستان پاش شۆڕشی ١٣٥٧ و داخوازی کوردەکان بۆ خودموختاری جێی پەسندی شۆڕشگێرانی دەسەڵاتدار لە تاران نەبوو، هەر بۆیە گرژی نێوان ناوەند و کوردستان زۆر زوو پەرەی سەند. بایکۆتی ڕیفراندۆمی کۆماری ئیسلامی لە لایەن کوردەکان و زیاتربوونی نفووزی حیزبە کوردییەکان لە کوردستان و دانیشتوانی کوردی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا و دواجار ئەوەی خومەینی "بە ترس لە یاساکانی ئیسلام" و ئەوەی کە "لە سەر بابەتی ئیسلام و بەرژەوەندی موسلمانان سازان ناکەن" ناوی دەبرد، بووە هۆی دەرکردنی فتوای جیهاد کە خومەینی لە کۆتایی گەلاوێژی ١٣٥٨ دەریکرد و شەری فەرمی حکوومەتی ناوەندی لەگەڵ کوردستان کە ماوەیەک پێشتر بە کردەوە دەستی پێکردبوو، چووە نێو قۆناغێکی نوێ. لە کۆتایی گەلاوێژ و چەند هەفتەی یەکەمی مانگی خەرمانانی ١٣٥٨، ئێعدامەکانی سادقی خەڵخالی دەستی پێکرد و لە زۆربەی شارەکانی کوردستان خەڵکانێک ئێعدام کران. ڕاپۆرتێکی تێروتەسەل لە ناوەندی بەڵگەنامەکانی مافی مرۆڤی ئێران نیشان دەدا کە لە ماوەی سێ هەفتەدا، بە لانیکەم ٨٠ کەس لە کوردستان ئێعدام کران. ئەو ئێعدامانە لە پاوە دەستی پێکرد و لە کرمانشان، مەریوان، سنە، سەقز، بانە و مەهاباد درێژەی کێشا. دادگایی خێرای چەند سەعاتی، ئێعدامی مندالان (لەوانە دوو منداڵی ١٢ و ١٥ ساڵان لە سەقز)، ژنان و هاووڵاتیانی مەدەنی و ئێعدام بە کۆمەڵ لە تایبەتمەندییەکانی ئەو شەپۆلە لە ئێعدامەکانی خەلخالی لە کوردستاندا بوون.



سەرچاوە
Serchawe

ئێعدامەکان تەنانەت دوای لابردنی خەڵخالی و لە نەبوونی ئەویش دا لە تەواوی ساڵەکانی ۱۳۵۸، ۱۳۵۹ و بەهاری ساڵی ۱۳٦۰ هەر بەردەوام بوو. بەڵام پاش سەردەمی خەڵخالی زۆربەی ئێعدام کراوەکان تایبەت بە ئەندام و کادرەکانی دوو حیزبی دێموکرات و کۆمەلە یا کەسانێک بوو کە بە ئەندامی حیزبە کوردییەکان وەک خەبات تاوانبار دەکران. لەسەر یەک لە ڕەزبەری ۱۳۵۸ تا بەهاری ۱۳٦۰، زیاتر لە ۱۰۰ کەسی دیکەش لە گرتووخانەکانی سنە، مەهاباد، سەقز، بانە، کامیاران، دیواندەرە، قوروە و چەند شارێکی دیکەی کوردستان ئێعدام کران. جگە لەو ئێعدامانە، پاسدار و بەسیجەکانی سەر بە دەوڵەتی ناوەندیش لەو بەینەدا بە شیوەی تایبەت بە خۆیان، هاووڵاتیانی مەدەنیان لە دێهاتەکانی کوردستان دەکوشتو کۆمەڵکۆژیان دەکرد.

لە سالەکانی ۵۸ و ۵۹، هەر وەک لە راپۆرتی "۳۰ ساڵ کوشتن و ئێعدامی سیاسی لە کوردستان" لە نووسینی شەهابەددینی شێخیدا هاتووە، ٦۸ کەس لە گوندی قارنا، ۳۵ کەس لە گوندی ئیندرقاش، ۱۳ کەس لە گوند سوفیان و ۱۳ کەس لە گوند قەڵاتان کۆمەڵکوژ کران. هەموو کۆژراوەکان خەڵکی مەدەنی بوون. هەڵبەت ئەو کۆمەڵ کوژییانە دوای ئەو قۆناغەش هەر بەردەوام بوو.

**شەپۆلی دووهەمی ئێعدامەکان، ۳۰ی جۆزەردانی ۱۳٦۰ تا سەرەتای دەیەی ۷۰**

ڕووداوەکانی ڕۆژی ۳۰ی جۆزەردانی ۱۳٦۰ کە دەستپێکی تۆڵەسەندنەوەی بەرفراوان و خوێناوی کۆماری ئسلامی لە ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی بوو، قۆناخێکی نوێی لە سەرکوت و ئێعدام پێکهێنا. ئاکامی ڕووبەڕووبوونەی نیزامی موجاهیدینی خەڵق لەگەڵ کۆماری ئیسلامی تەنیا سەرکوتی موجاهیدین نەبوو. لە هەفتەکان، مانگەکان و ساڵەکانی دوای ۳۰ی جۆزەردانەوە بەرەبەرە و بە نۆرە هەموو ئۆپۆزیسۆن لە چەپەوە هەتا ڕاست لە ڕوانگەی کۆماری ئیسلامی بە دوژمن لەقەڵەم دران. بە پێی لیستێک کە ئێران تریبۆنال بڵاوی کردەوە، لە دەیەی ٦۰ وە هەتا پێش کۆمەڵکۆژی ساڵی ۱۳٦۷، نزیک بە ۱۱ هەزار کەس لە ئێران ئێعدام کران و لە کۆمەڵکۆژی ساڵی ۱۳٦۷ نزیکەی ۵ هەزار کەس تەنیا لە ماوەی دوو مانگ دا ئێعدام کران. سەرکوتی کەمینەکانیش لەو قۆناغەدا زیاتر بوو و ئێعدامی کوردەکان و بەهاییەکانیش ڕەوتێکی خێراتری پەیدا کرد، بەڵام هیچ ئامارێکی ورد لە ژمارەی زیندانییە ئێعدامییەکانی عەرەب، بەلووچ، تورکمەن و کەمینە ئایینییەکانی ئەندامی هێزە سیاسییە سەرانسەرییەکان لەبەردەست دا نیە.

**بەهاییەکان**: لەو قۆناغەدا (۳۰ی جۆزەردانی ٦۰ هەتا سەرەتای دەیەی ۷۰)، ۱٤۱ هاووڵاتی بەهایی ئێعدام و شەش کەسی دیکەش تیرۆر کران. ئەو بەهاییانە زۆرتر بە سیخوڕی بۆ ئیسرائیل، "افساد فی الارض" یا داهێنان لە ئایین تاوانبار کران و هەروەک قۆناخی پێشوو، تەنیا بە هۆی بەهایی بوون ئێعدام کران یان کوژران. بەڵام بە کۆتایی ئەو قۆناغە، کوشتن و ئێعدامی بەرفراوانی بەهاییەکان جگە لە چەند حالەتدا (دوو نموونەی ئێعدام و کوشتنی هەشت کەس) ڕاوەستا. هەڵبەت گوشاری سیاسی و کۆمەڵایەتی بۆ سەر کۆمەڵگەی بەهاییەکان بەردەوامە و زیندانی کردنی ڕێبەران و چالاکانی بەهایی، ڕێگریی لە خوێندن، زەوتکردنی ماڵ و خرابکردنی خانوو و گۆڕستانی ئەوان هەروا درێژەی هەیە.

کوردەکان: بە گشتی توونددتربوونی سەرکوتی هێزە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە ئێران و بەردەوامی خۆراگری چەکدارانە لە کوردستان بووبە هۆی ئەوە کە ڕەوتی ئێعدامەکان و کوشتنەکان لە کوردستانی ئێران لەو قۆناغەدا زیاتر بێ. کۆشتنی بە کۆمەڵی خەڵکی گووندەکان لە لایەن پاسدار و بەسیجەکان لەو قۆناغەدا بە کوشتنی ١٢ کەس لە خەڵکی گوندی باییزئاوا لە نەغەدە لە خەزەڵوەری ساڵی ٦٠ دەستی پێکرد و بە کوشتنی ١٨ کەس لە کرێکارانی کوورەخانەی ساروقامیشی مهاباد، ١٨ کەس لە گوندی قەرەگولی مەهاباد، ٩ کەس لە دێی سەوزی مەهاباد، ٤٠ کەس لە گووندەکانی کۆیکان، دیلانچەرخ، حەڵبێ، کەرێزەی شکاکان و یونسڵیانی نەغەدە، ٩ کەس لە دێهاتەکانی دێمەسوور، جەعفەرئاوا و مەرجان ئاوێی مەهاباد، ١٣ کەس لە دێهاتەکانی هەڵقووش و گێجەی ورمێ، ٢١ کەس لە دێهاتەکانی چەقەڵ مستەفا، خەلیفەلیان و گوورخانە و ٦ کەس لە گووندەکانی سریلئاوا، گوندەوێڵە و دوانی شنۆیە لە خەرمانانی ساڵی ١٣٦٢ هەر بەردەوام بوو (بە پێی راپۆرتێک لە نووسینی شەهابەددینی شێخی کە لە "روز آنلاین" بڵاوی کردۆتەوە).

لەو قۆناغەدا بە گشتی نزیک بە ٧٠٠ کەس لە هاووڵاتیانی کورد ئێعدام کران کە نزیک بە ٣٥٠ کەسیان وەک لایەنگر یا کادری حیزبی دێموکرات و ٢٠٠ کەسیان وەک لایەنگر یا کادری کۆمەڵە ناسران و ١٥٠ کەسەکەی دیکەش لایەنگری حیزبەکانی دیکە یان هاووڵاتیانی بێ لایەن و ناحیزبی بوون.

تەنیا لە ساڵی ١٣٦٢، زیاتر لە ١٦٠ کەس لە زیندانیانی سیاسی کورد ئێعدام کران. ئێعدامی ٥٩ هاووڵاتی مەهابادی لە ١٢ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٢ دا ڕوویدا. ئەو ٥٩ کەسە کە لە مانگەکانی خاکەلێوە و گوڵانی ساڵی ٦٢ لە سەردەمێک دا کە محەممەدرەزا جەلایی پوور فەرمانداری مەهاباد بوو دەسبەسەر کرابوون، بۆ تەورێز بەرێ کران و دوای دادگاییەکی کورت هەموویان تیرباران کران.

لە ڕەوتی ڕەشەکۆژی زیندانیانی سیاسی لە ساڵی ٦٧دا جگە لە ژمارەیەکی نادیار لە کوردەکانی زیندانی سەربەخۆ یا تاوانبار بە ئەندامەتی لە هێزە سیاسییە سەرانسەرییەکان، بەگشتی زیاتر لە ٦٠ کەس لە زیندانیانی سەر بە حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە لە گرتووخانەکانی شارەکانی کوردستان ئێعدام کران.

لە ساڵی ١٣٦٩ هەشت زیندانی سیاسی کورد کە لانیکەم ٣ کەسیان تاوانبار بە ئەندامەتی حیزبی دێموکرات بوون، لە زیندانەکانی کوردستان ئێعدام کران.

### شەپۆلی سێهەمی ئێعدامەکان، لە سەرەتای دەیەی ٧٠ وە تا ئێستا

لە سەرەتای دەیەی ٧٠ تا سەرەتای دەیەی ٨٠، بەو پاکسازییەی لە دژبەرانی سیاسی لە ڕەوتی کۆمەلکوژی ساڵی ١٢٦٧ ڕوویدا، جگە لە ئێعدامی چەند زیندانی سیاسی کورد بە شێوەیەکی گشتی ئێعدامی سیاسی ڕووی نەدا. بەڵام لە ساڵی ١٣٧٠ نزیک ٢٥ زیندانی سیاسی کورد ئێعدام کران کە تەنیا ٣ کەسیان زانراوە کە سەر بە کۆمەڵە بن. جگە لە چوار حالەتی دیکە لە ئێعدامی زیندانیانی نزیک لە کۆمەڵە لە چەند ساڵی سەرەتای دەیەی ٧٠، تا ساڵی ١٣٨٣ هیچ ئێعدامێکی سیاسی



سەرچاوە
Serchawe

یان ڕانەگەیەندراوە کە بە واتای ڕاگرتنی ئێعدامی سیاسی لە نێو کۆماری ئیسلامی لەو سەردەمە دایە یان ئەوە کە ئێعدامی سیاسی بە شێوەیەکی نهێنی ڕووی داوە.

لە ساڵی ١٣٨٣ بەملاوە دیسان ژمارەیەکی بەرچاو ئێعدام کران کە جگە لە چەند کەسێکی سەر بە چالاکانی سەلتەنەت خواز، موجاهیدینی خەڵق یا تاوانباران بە سیخوڕی، ئێعدام کراوەکان سەر بە کەمینەکانی کورد، بەلووچ و عەرەب بوون.
بەلووچەکان: ئێعدامی بەلووچەکان ساڵانێکە کە بە تاوانی بەشداری لە قاچاخی مادده سڕکەرەکان بەڕێوە دەچی. جگە لە دادپەروەرانە نەبوونی ڕەوتی بەرێوەچوونی دادگای تاوانبارانی قاچاخی مادده سرکەرەکان، کەسانێک لە چالاکانی سیاسی دژبەر یا کەسانێک کە سەر بە هێزە چەکدارە ئیسلامی‌یەکانی بەلووچ بوون، لە ژێر ناوی قاچاخچی مادده سڕکەر ئێعدام کران.

بەڵام لە ساڵی ١٣٨٨ بەملاوە ئێعدامی چالاکانی سیاسی بەلووچ بە ئاشکرا و بە تاوانی هاوکاری - ئەندامەتی لە هێزە چەکدارەکانی بەلووچ، زیاتر بووە و هەروا بەردەوامە. بەگشتی لە ساڵی ١٣٨٨ دا نزیک بە ٥٠ چالاکی سیاسی بەلووچ لەوانە وێبلاگنووسێکی ناسراو لە بەڵووچستان، بە تاوانی ئەندامەتی یا هاوکاری لەگەڵ هێزە چەکدارەکانی بەڵووچ ئێعدام کراون.

**عەرەبەکان**: لە قۆناغی دووهەمی ئێعدامەکان دا، عەرەبەکانی باشووری ئێران لە ئێعدام بەدوور بوون، بەڵام بە ڕوودانی چەند تەقینەوە کە بە وتەی هێندێک لە چاوەدێران بە ئامانجی دروستکردنی پاساو بۆ سەرکوتی چالاکانی بەشدار لە خۆپێشاندانی بەرفراوانی عەرەبەکان لە خاکەلێوەی ساڵی ١٣٨٤ ئەنجام درا، سەرکوت و ئێعدامی چالاکانی عەرەب دەستی پێکرد. هێندێک لەو کەسانە لە زیندان و لەژێر ئەشکەنجە ناچار کران لە دژی خۆیان قسە بکەن و دواتر لەبەرچاوی خەڵک یان بە نهێنی ئێعدام کران. تا ساڵی ١٣٨٦ نزیک بە ١٩ کەس لە چالاکانی عەرەبی دەسبەسەرکراو، بە ئێعدام مەحکووم کران. لە ساڵی ١٣٨٦ بەملاوەش هەموو ساڵێک هێندێک چالاکوان ئێعدام کراون کە لەوانە دەکرێ ئاماژە بە ئێعدامی پێنج کەس لە دامەزرێنەرانی "مؤسسه الحوار" کە گرووپێکی کولتووری عەرەبە بکەین. لەو قۆناغەدا بەگشتی نزیک بە ٦٠ کەس لە عەرەبەکانی ئەهواز بە تاوانی هاوشێوە و پێوەندیدار بە تەقینەوە، ئێعدام کران.

**کوردەکان**: کرانەوەیەکی ڕێژەیی لەسەردەمی ڕیفۆرمخوازان و مەیلی دەسەڵات بۆ کۆنترۆلی دووبارەی کاروبارەکان، لە تەنیشت چالاکی چەکداری پرشوبلاوی پەژاک، کوشتنی کوردەکان بۆ ترساندنی چالاکان لە ناوچەکانی دیکە، بووە هۆی ئەوە کە شەپۆلێکی تازە لە ئێعدامی کوردەکان دەست پێ بکاتەوە.

ئێعدامی کوردەکان لەو قۆناغەدا لە خاکەلێوەی ٨٣ و بە ئێعدامی شەش کەس لە زیندانیانی گرتووخانەی سەقز کە سەر بە حیزبی دێموکرات لەقەڵەم دەدران دەستی پێکرد و بە ئێعدامی دوو زیندانی دیکە لە ساڵی ١٣٨٤ لە زیندانەکانی ورمێ و سنە، زیندانی یەک لە ساڵی ١٣٨٦ و دوو زیندانی دیکە لە ساڵی ١٣٨٨ درێژەی کێشا.



سەرچاوە Serchawe

ئەو ئێعدامانە لە سێ زیندانی سەقز، سنە و ورمێ روویاندا، بەڵام لووتکەی ئەو ئێعدامانە کە نارەزایەتی بەرینی خەڵکی کوردستانی لێکەوتەوە، ئێعدامی فەرزادی کەمانگەر و هاورێیانی لە بانەمەڕی ١٣٨٩ بوو.

بەرەبەیانی ١٩ی بانەمەڕی ساڵی ١٣٨٩، دوای بڕینی خەتی تەلەیفون و دیداری گرتووخانەی ئەوین، پێنج زیندانی سیاسی بە ناوەکانی فەرزاد کەمانگەر، فەرهاد وەکیلی، عەلی حەیدەریان، شیرین عەلەم هولی و مەهدی ئیسلامیان لەسێدارە دران. بەڵام ئێعدامی کوردەکان لە دوای نارەزایەتی بەرفراوانیش هەر بەردەوام بوو. سێ کەس لە ساڵی ٩٢، شەش زیندانی کوردی سوننی لە ساڵی ٩٣ و شەش زیندانی لە ساڵی ٩٤ ئێعدام کران و واپێدەچی ئەو رەوتە هەر بەردەوام بێ.

وەرگیراو لە سایتی رادیۆ زەمانە: http://www.radiozamaneh.com/240767

لە ژمارە ٦٦٦ی رۆژنامەی کوردستان دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٥

---------------------------------------------

## لە نێوان کوردبوون و تورک بووندا (لەپەراوێزی دووبارەبوونەوەی هەڵبژاردنی پارلمانی تورکیە)

دوێنێ ١ی نوامبەری ساڵی ٢٠١٥، هەڵبژاردنی پارلمانیی سێ مانگی پێشووی تورکیە دووبارە کرایەوە. حیزبی داد و گەشەپێدان (AKP) کە لە ساڵی ٢٠٠٢وە حیزبی دەسەڵاتداری تورکیەیە بە هۆی سەرکەوتن لەو هەڵبژاردنەدا دەتوانێ بۆ ٥ ساڵی دیکە حیزبی دەسەڵاتدار بێ. حیزبی دێموکراتیکی گەلان (HDP) کە حیزبێکی نزیک لە کوردەکانە، بە بەراورد لەگەڵ هەڵبژاردنی پێشوو، نزیکەی ٢٠ کورسیی پارلمانی لەدەست دا و لە ٨٠ کورسییەوە بۆ ٥٩ کورسی دابەزی. لەم وتارەدا هەوڵ دەدەین باس لە کاریگەریی ئەو هەڵبژاردنە لە داهاتووی پرسی کورد لە تورکیە و هەروەها کاریگەری لەسەر پێگەی تورکیە بکەین.

### پرسی کورد و هەڵبژاردنی پارلمانی

دوای دابەزینی کورسییەکانی هەدەپە، رەنگە لە دوو روانگەوە لێکدانەوە بۆ داهاتووی ئەو حیزبە بکرێ. روانگەیەک خەستتربوونی شوناسی کوردیی هەدەپە بە ڕێگای چارەسەر دەزانێ. واتە کەسانێک باس لەوە دەکەن کە باشترە هەدەپە زیاتر جەخت لەسەر کوردستانی و کوردبوونی خۆی لە تورکیە بکاتەوە و زیاتر وەک حیزبێکی لۆکاڵی رۆل بگیرێ،نە وەک

حیزبێکی کورد ـ تورک و سەراسەری. ئەو ڕوانگەیە ڕاست بوو ئەگەر دەنگی هەدەپە لە پارێزگا کوردنشینەکانی وەک دیاربەکر، وان، مێردین، ئاگری و... کەمی نەکردبا. بە پێی ماڵپەڕی حورییەت، هەدەپە لە هەڵبژاردنی پێشوودا لە دیاربەکر زیاتر لە ٧٩%ی دەنگەکان بەڵام ئەمجارە دەوری ٧٣%ی دەنگەکان؛ لە وان جاری پێشوو زیاتر لە ٧٨%ی دەنگەکان بەڵام ئەمجارە دەوری ٦٦%ی دەنگەکان و لە مێردین جاری پێشوو زیاتر لە ٧٤%ی دەنگەکان و ئەمجارە تەنیا ٦٨%ی دەنگەکانی هێناوەتەوە.

ڕوانگەی دووهەم ئەوەیە کە پێویستە هەدەپە بە شێوەیەکی بنەڕەتیتر ببێ بە حیزبێکی سەراسەری. دەنگەکانی هەدەپە لە زۆر لە پارێزگاکانیش کە زۆرینەی تورکیان هەیە دابەزیوە. بۆ نموونە دەنگەکانی هەدەپە لە ئیستانبۆل بە بەراورد بە هەڵبژاردنی پێشوو نزیک لە ١,٥ % کەمی کردوە. هەروەها دەنگەکانی هەدەپە لە ئانکارا نزیک 1% کەمی کردوە.

کەوایە دەنگەکانی هەدەپە لە سێ مانگی ڕابردوودا بە هۆی هەلومەرجی ئەمنییەتی لە زۆرینەی پارێزگاکانی تورکیە دابەزیون. ئەوەش واتای ئەوەیە کە ژمارەیەکی بەرچاو لە لایەنگرانی هەدەپە ئامادەن لە هەلومەرجی جیاوازدا لایەنگری و دەنگیان بگۆڕن. بەشێکی ئەو بارودۆخە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەدەپە دەسەڵاتی سیاسی و ئابووریی نیە هەتا پێوەندی و بەستراوەییەکی ریشەییتر لە نێوان خۆی و لایەنگرانیدا دروست بکا. بەشێکی دیکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەدەپە لە کەمپەینی هەڵبژاردنەکان و میدیاکاندا زیاتر بە دژایەتی دەگەڵ حیزبی دەسەڵاتدار بۆ خەڵک ناسراوە. هەدەپە دەتوانێ لە چەند ساڵی داهاتوودا بە پرۆژەی جۆراوجۆر و بە کەڵکوەرگرتن لە پێگەی یاسایی و سیاسیی خۆی لایەنگر پەیدا بکا. بردنەوەی جاری پێشووی هەدەپە بۆ زۆربەی خەڵک چاوەڕواننەکراو بوو، هەڵبەت دابەزینی ئەمجارەی دەنگەکانیشی هەر چاوەڕوانکراو نەبوو. هەدەپە پێویستە حیزبێک بێ کە بە چالاکیی زیاتر ئاسۆی سیاسیی خۆی سەقامگیرتر بکا و زیاتر لەوەی کاردانەوەی سیاسەتی حیزبەکانی دیکە بێ، خۆی بەرهەمهێنەری جیهانبینی، هەڵسوکەوت و ڕێگەچارەی سیاسیی نوێ لە تورکیە بێ. بوێربوونی دەمیرتاش و هەدەپە بۆ زۆر لە خەڵکی تورکیە دڵخۆشکەرە، بەڵام زیاتر لە کەسێکی بوێر، خەڵکی تورکیە پێویستییان بە کەسانێکە کە بەڵێنی قازانجی ماددی و داهاتووی باشتر بدەن.

## حیزبی دەسەڵاتدار و تورکیە

نە خەڵک و نە خودی ئەندامانی ئاکەپەش، دۆڕاندنی جاری پێشووی ئەو حیزبە لە یاد ناکەن. حیزبی دەسەڵاتدار هەوڵ دەدا گەرانتیی ئەوە بکا کە ئەو حیزبە بۆ جارێکی دیکە و ٥ ساڵی داهاتوو زۆرینەی پارلمان لەدەست نەدا. لە لایەکی دیکە ئۆپۆزیسیۆنیش چالاکتر دەبێ بۆ ئەوەی جارێکی دیکە ئاکەپە شکست بدا. دەگەڵ ئەوەی وا وێدەچێ کە کۆمەڵگەی تورکیە و سیاسەتی تورکیە بەرەو پلووڕالیزەبوونی زیاتر بچێ، بەڵام سیاسەت لەو وڵاتە جگە لە بابەتی هەڵبژاردنی ئەو حیزبە یان ئەو کەسە، بۆتە دژایەتی و ڕق لە فلانە حیزب و فلانە کەس. لە بریتانیا ئەگەر کەسانێک دەنگیان بە دێڤید کامێرۆن نەدابێ نەفرەتیان لە کامێرۆن نیە و تەنیا ئەویان بۆ ئەو پۆستە پێ باش نەبووە. بەڵام لە تورکیە ئەگەر کەسێک دەنگی بە ئاکەپە نەدابێ بە ئەگەری زۆر ئەو کەسە نەفرەتی لە ئەردۆغان و داوودئۆغڵوو هەیە. هەروەک تورکیە



سەرچاوە
Serchawe

بەسەر بەشی ئاسیا و بەشی ئورووپـا، بەرەی ئیسلامییەکان و بەرەی سیکۆلارەکاندا دابەش بـووە ، کۆمەڵی تـورکیەش پلووراڵیزە دەبێ و حیزبایەتی دەبێ بە بەشێک لە شوناسی هاونیشتمانێکی تورکیە.

هۆکاری پلووراڵیزەبوونی کۆمەڵگە و سیاسەتی تورکیە زۆرن، بەڵام یەک لەوان ئەوەیە ئاکەپە ئاڵتێرناتیوی سیاسی نیە و حیزبەکانی دیکە زیاتر لەوە ئاڵتێرناتیو بن (بە واتای هەبوونی بەرنامەی جیاواز)، دژبەری ئاکەپەن. بۆ نموونە سیاسەتی دوو حیزبی گەورەی دیکە، مەهەپە و جەهەپە، بەنیسبەت پرسی کورد چی بووە؟ ئەو دوو حیزبە بە شێوەی گشتی جگە لە دژایەتیی سیاسەتی ئاکەپە بە نیسبەت کورد، خۆیان هیچ ئاڵتێرناتیو و ڕێگەچارەیەکیان بۆ مەسەلەی کورد نەبووە.

ئەکەپەش ئەگەرچی ١٤ کورسیی کەمە بۆ ئەوەی بتوانێ بە تەنیایی ڕیفراندۆم بەڕێوە بەرێ و سیستمی سیاسیی تورکیە لە پارلمانیڕا بۆ سەرکۆماری بگۆڕێ، بەڵام نەبوونی دەسەڵاتی یاسایی پێویست، نابێتە هۆی ئەوە کە ئەو حیزبە دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری بۆ خزمەت بە ئایدیاکانی خۆی تەرخان نەکا.

## ئاکام گیری

هەدەپە پێویستە بە کەڵکوەرگرتن لە دەرەتانی یاسایی و پێگەی پارلمانیی خۆی زیاتر لە نێو کۆمەڵگەی تورکیە جێی خۆی بکاتەوە و ببێ بە وەزنەیەکی سیاسی لە کۆمەڵگەی تورکیەدا. ئاکەپە بە بێ دەستبەرداربوون لە ئەردۆغان زۆر دژوارە بە سیاسەتی نێوخۆیی خۆیدا بچێتەوە، کۆمەڵگەی تورکیە زیاتر چەند جەمسەری دەکا. ئاکەپە چەند ساڵە ئیتر بە مۆدێلی سەرکەوتووی حیزبێکی ئیسلامی لە ناوچە لەقەڵەم نادرێ و هەر بۆیە لەمەودواش بۆ گارانتیکردنی دەسەڵاتدارێی خۆی زیاتر پشت بە ئیمکاناتی ئابووری و سیاسی دەبەستێ.

**سەرچاوە**:

http://www.hurriyetdailynews.com/reelection/results

لە ژمارە ٦٦٧ی ڕۆژنامەی کوردستان دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی نۆڤەمبەری ٢٠١٥

--------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## ورمێ و کوردایەتی

لە چەند هەفتەی ڕابردوو دوو ڕوودا باسی ناسیۆنالیزمی تورکی لە ئێران هێنا ئاراوە. یەکێک لەو ڕووداوانە سووکایەتی بەشێک لە لایەنگرانی تورکی یارییەکی والیبالٚ بە خزم و بنەمالەی وەرزشوانی کوردی، فەرهاد پیرۆت پوور، بوو. ئەو لایەنگرانە خزمەکانی پیرۆت پووریان کە بە جلی کوردی ئامادەی یارییەکە ببوون، بە بێشەرەف ناو دەبرد. ڕووداوەکەی دیکە خۆپێشاندانی تورکەکان لە چەند شارێک بە تایبەتی لە تەورێز و ورمێ، دژی بەرنامەی "فتیلە"ی کاناڵی دووی ئێران بوو، کە لەودا کاراکتێری تورکەکانیان بە گەمژە نیشان دابوو. کاردانەوەی تورکەکان بەو بەرنامەیە ئارستەی زۆر بەرینتر لە نارەزایەتی تەنیا بە خۆدی بەرنامەکەی گرتەوە و لە شونیزم ناوبردنی فارس هەتا "ورمێ کوردستان نیە"ی گرتەوە. لە کاردانەوە بە خۆنیشاندانی تورکەکان، کوردەکانیش لە فەزای مەجازی دا کاردانەوەیان هەبوو، زۆربەیان بەرگریان لە کوردستانی بوونی ورمێ دەکرد- هێندێک وێنەی پرۆفایلیان بە وێنەی سمایل ئاغای سمکۆ دەگۆری و هێندێکیشیان نەخشەی کورستانی بوونی ورمێ یان نیشان دەدا. هەر بەم هۆیە لەو وتارەدا هەوڵ ئەدەم خوێندنەوەیەکی واقعیانە و بەدوور لە هەست لە پێگەی کورد لە شاری ورمێ بدەمە بەردەست و باس لە کۆمەڵێک ڕێگەچارە بۆ بەهێزتربوونی پێگەی کورد لەو شارە بکەم.

### پێگەی کورد لە ورمێ

موقعیەت ٩ لەسەر ١٠ یاسایە. ئەو وتەیەکی بەناوبانگە لە نێو سیاسی یەکان و واتاکەی ئەوەیە کە گرینگ نیە ڕابردوو و مێژووت چی یە، گرینگ ئەوەیە ئێستا چی و چت هەیە. ڕەنگە باشترین نموونەش بۆ دیتنی راستی ئەو ڕستەیە ئەوە بێ کە دوای شەری یەکەمی جیهانی بەسەر کورد و ئەرمەنی لە دوای ڕووخانی ئیمپراتووری عوسمانی هات.

لە ساڵی ١٩٢٠ پەیماننامەی سێڤر (sevres) لە دوای شەری یەکەمی جیهانی لە نێوان تورکەکان و هێزەکانی براوەی شەر واژۆ کرا. لەو پەیماننامەیەدا بەشێکی گەورە لە خاکی ئیمپراتووری عوسمانی درابوو بە ئەرمەنەکان و باسی دامەزراندنی ئەرمەنستان کرابوو. بەشێکیش دیاریکرابوو وەک ناوچەی خودموختاری کوردی کە دواتر ڕێفراندوم بۆ سەربەخۆیی و بوونی بە وڵاتی کوردستان بەرێوە بەرێ.

لە ساڵی ١٩٢٣پەیماننامەی سێڤر وەلانرا و پەیماننامەی لۆزان لە نێوان تورکەکانی پاشماوەی ئیمپراتوری عوسمانی و هێزەکانی براوەی شەری یەکەمی جیهانی پەسند کرا. لەو پەیماننامەدا هیچ باسێکی وڵاتی ئەرمەنستان و کوردستان نەبوو. هۆکارەکەشی ئەوە بوو ئاتاتۆرک و لەشکری تورک هەر دوو گرووپ، واتە کورد و ئەرمەنی، تێکشکاندبوو. ئیتر ئەوەی هێزی هەبوو، تورک بوو و هێزەکانی براوەی شەری یەکەمی جیهانی واقعبینانە سەیری هێزیان دەکرد. ڕەنگە نموونەی دیکە، بە عەرەبکردنی مووسڵ بێ. مووسڵ ئەگەر لە ڕابردوو کوردستان بوو یا نەبوو، ئەگەر نەخشەیەک هەبێ یا نەبێ، گرینگ

ئەوەیە ئێستا کەس باسی کوردستانی بوونی مووسڵ و وەک بەشێک لە سیاسەتی کوردی ناکا. شاری وان ئەگەر کاتی خۆی و پێش شەری یەکەمی جیهانی حەشیمەتێکی زۆری ئەرمەنی هەبوو، گرینگ نیە. گرینگ ئەوەیە ئێستا زۆرینەی کوردە. ورمێش گرینگ نیە ئەگەر لە ڕابردوو لەسەر خاکی کوردستان بووە یان نا، ئەگەر نەخشەیەک هەبێ یان نا، گرینگ ئەوەیە موقعیتی کورد لەو شارە ئێستا چی یە. بالانسی هێزی مرۆیی، ئیداری، ئابووری و سیاسی کورد لە شاری ورمێ چۆنە؟

شاری ورمێ لە سەرەتای دامەزرانی کۆماری ئیسلامی ئێران سەرجەم ٢٨ نوێنەری بۆ ٩ خۆلی پارلمانی ئێران ناردوە کە لەو ٢٨ نوێنەرە، کورد تەنیا ٣ نوێنەر و تورک ٢٥ نوێنەری ناردوە. واتە ڕێژەی بەشداری کوردی ورمێ لە پارلمانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ تاکوو ئێستا ١١% و بەشداری تورکی ورمێ ٨٩% بووە.

زانکۆی ورمێ لە ساڵی ١٣٥٧ بەملاوە لە قۆناخی جیاوازدا چوار کەس بە ناوەکانی جەواد فەرهوودی، ڕەحیم حوبی نەقی، گودەرزی سادقی و حەسەن سدقی سەرۆکایەتی زانکۆی ورمێ یان کردوە کە هەر هەموویان تورک بوون. لە ساڵی ١٣٥٧ بەملاوە، ئازەربایجانی ڕۆژئاوا ١٣ پارێزگاری هەبووە کە هیچیان کورد نەبوونە و زۆربەیان تورک بوون و تەنانەت هێندێکیان وەک وەحید جەلال زادە، قوربانعەلی سەعادەت (پارێزگاری ئێستای ورمێ) تورکی خۆدی ورمێ بوون کە پۆستی پارێزگاریان وەرگرتووە. زمانی زال لە بازاری ورمێ، لە زانکۆی ورمێ، لە دەنگ و ڕەنگی ورمێ، لە ئێستادا تورکی یە. هەمووی ئەو نموونانە دەرخەری ئەوەن کورد بە بەراورد لەگەڵ تورک، دەسەڵاتێکی کەمتری لە ورمێ هەیە. هێنانەوەی نەخشەیەک یان وتنەوەی ژمارەی حەشیمەتیش چارەی دەردی بێ هێزی کورد لە ورمێ ناکا.

## ورمێ و ڕێگەچارەکان

لێرەدا باس لەوە نیە کە چ شتێکە باشە کە بکرێ، بەڵکوو باس لەوەیە چ شتێک دەکرێ. باس لەوە نیە ڕێگەچارەیەک بدرێ کە زۆر دشوار و ئایدیالیستی بێ و هاوکاتیش باس لە ڕێگەچارەگەلێک نیە زیاتر لەوەی سیاسی بێ، مرۆڤدۆستانە بێ. وڵاتان و گرووپەکان و بگرە تاکەکانیش بۆ ئەوەی بەردەوام بن جاری وایە ناچارن هاوپەیمانێتی شەیتانیش بکەن. بۆ نموونە کۆماری ئیسلامی بە ئەمریکا دەڵێ شەیتان بەڵام لە هێندێک بواردا هاوپەیمانێتی شەیتانیش دەکا. سیاسەتی کوردیش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە تایبەتی لە ورمێ پێویستی بە سیاسەتکردنێکی لەوچەشنەیە.

١- لەو ئایدیایە واز بێنین کە موکریان یا موکریانی دەبێ ورمێ ڕزگار بکا. لە چەند دەیەی ڕابردوودا ڕووداوگەلێک نیە کە نیشان بدا ورمێ لەگەڵ ناوچەی موکریان هاوپێوەندی نەتەوەیاتی نیشان داوە. بۆ نموونە لە جەریانی نارەزایەتی یەکان بە نیسبەت کوژرانی شوانەی سەید قادر لە ساڵی ١٣٨٤، لە ڕەوتی لە سێدارەدانی فەرزادی کەمانگەر و هاوڕێیانی لە ساڵی ١٣٨٩، لە ڕەوتی کوژرانی گوماناوی فەریناز خوسرەوانی لە مەهاباد لە ساڵی ١٣٩٤، ورمێ لەگەڵ وەخۆکەوتنی موکریان وەخۆ نەکەوت. بە واتایەکی دیکە ورمێ تەنیا بە کوردانی ورمێ وەخۆ دەکەوێ و ناسیۆنالیزمی کوردی دەبێ جێگەیەکی گەورەتر بۆ کوردانی ورمێ بکاتەوە نەک ئەوەی لە جیاتی ئەوان و بە نوێنەرایەتی ئەوان کوردایەتی بکا. ئەوەش لە ڕێگەی کۆمەڵێک ڕێگە دەکرێ کە ڕەنگە یەک لەوان بەهادان بە فرەچەشنی زاراوەیی، کەلتووری و مێژووی هەموو ناوچەکانی

کوردستان بێ.

٢- لە دەرفەت و ئیمکاناتی دەوڵەتی بۆ بەهێزکردنی بالانسی هێزی ئیداری، سیاسی و ئابووری کورد لە ورمێ کەڵک وەربگرین. لە هەڵبژاردنەکانی شوورا و پارلمان بۆ هوشیارکردنەوەی کوردایەتی لە نێو کوردانی ورمێ کەڵک وەربگرین. لە دەولەتێک و سیستمێک دا کە هەیە هەوڵ بدەین بالانسی هێز لە نێوان کورد و تورک لە ورمێ بە قازانجی کورد بگۆڕین و کوردان بۆ ستاندنی مافی رەوای خۆیان لە بەشداری لە دام و دەزگای ئیداری ئەو شارە هان بدەین. کوردەکان لە ورمێ پێویستە بۆ بوون بە شارەدار، فەرماندار، شورای شار، نوێنەری پارلمان، سەرۆکی زانکۆ و پارێزگار هەوڵ و خەبات بکەن.

٣- خاوەنداریتی لە کێشەکانی شاری ورمێ بکەین زیاتر لەهەر نەتەوەیەکی نیشتەجێی ورمێ. لەسەر ورمێ و بۆ ورمێ زیاتر بنووسین و بەرنامەی تەلەڤیزیۆنی دروست بکەین. لەو چالاکی یانەی بۆ وشکبوونی گۆلی ورمێ بەرێوەچوون، تورکەکان چ وەک نووسین و چ وەک خۆپێشاندان و نارەزایەتی دەربرین خەمخۆرتر و چالاکتر دەرکەوتن. کورد بەنیسبەت ورمێ دەبێ زۆر چالاک بێ و وابکا لە وێناکردنی داهاتووی ئەو شارە رۆلی گەورەی هەبێ. لە درێژخایەندا ئەکتیوبوونی رۆلی کورد پێویستی بە کۆمەڵێک هێزی مرۆیی پسپۆر لە مێژووی تورک - کورد، لە زمانی تورکی، لە کولتووری تورکی لەو شارە هەیە بۆ ئەوەی ئاراستە ببەخشێتە جەماوەری کورد لەو شارە.

٤- لە مێژوو بۆ قازانجی ئێستامان کەڵک وەربگرین. ناسیۆنایزم کاری ئەوەیە بگەرێ بە رابردوودا و باشترین وێنە لە نەتەوەکەی نیشانی ئەوانی دیکە بدا و بە پێی هەلومەرجیش کەڵکی جیاواز لە رابردوو وەربگرێ و هێندێک کەس و لایەن زیاتر بەرجەستە بکاتەوە. بۆ نموونە ئەمریکا ئەگەرچی خاوەنی گەورەترین هێزی نیزامی جیهانە بەڵام نایەت شانازی بە کوشتنی سوورپێستەکانی ئەمریکا لە سەرەتای دامەزرانی ئەو وڵاتە یان شانازی بە دەستدرێژی بۆ سەر ڤیتنام لە نێوان ساڵەکانی ١٩٧٥ - ١٩٥٥ بکا و وەک ئەمریکایی بوون وەبیر نەتەوەکانی دیکەی بێنێتەوە. کوردیش پێویستە لە مێژووی پێوەندی خۆی لەگەڵ تورک لە ئێران بە قازانجی ئێستای کەڵک وەربگرێ و رۆلی قازی محەممەد وەک رێبەرێکی ئاشتیخواز لە نێوان کورد و تورک بەرجەستە بکاتەوە. کەڵک وەرگرتن لە مێژوو نابێ هەر بەوە رابوەستێ و پێویستە بە پێداچوونەوە بە هێندێک رووداوی رابردوو، وێنەیەکی دیکە لە روانینی نەتەوەکانی دیکە بەنیسبەت کورد دروست بکەین. کورد پێویستە رەخنە لە کردەوەی کەسانێک وەک سمایل ئاغای سمکۆ بگرێ و لۆمەیان بکا بۆ ئەوەی نەیانتوانیوە خەڵکانی غەیری کورد بەشێوەی ئاشیخوازانە و لەژێر چەتری کورد کۆ بکەنەوە. کورد و بەتایبەتی حیزبی دێموکرات پێویستە پێداچوونەوە بە شەری نەغەدە بکا و بەرپرسیارەتی خۆی لەو شەرەدا قبوول بکا و داوای لێبوردن لە قوربانیانی مەدەنی کورد و تورکی ئەو شەرە بکا. کورد بەمشێوە پێویستە هەم پاشەکشە بە توندرەوانی تورک بکا و هەم گۆتاری کوردی لە روانگەی کەمینەکانی دیکەی ورمێ بەهێزتر بکا.

سەرچاوەکان:

- نمایندگان ادوار مختلف مجلس ایران از سایت http://knam.ir/



سەرچاوە Serchawe

- استانداران اذربایجان غربی، از ابتدا تاکنون http://dana.ir/News/7000.html
- استانداری اذربایجان غربی http://www.ostan-ag.gov.ir/
- لیست نمایندگان هشت دوره مجلس http://www.ostan-ag.gov.ir/

سەرچاوە: ماڵپەڕی ناوەندی نووچە شرۆڤەی ڕۆژ - ڕێکەوتی: ٢٤ی نۆڤەمبەری ٢٠١٥

---------------------------------------------

## میرە کوردەکان: جۆغرافیا و ژینۆپۆلیتیک

زۆربەی لێکۆلەران و مێژوونووسان لەسەر مێژووی ئیمپراتووری و دەوڵەتەکان لێکۆلینەوەیان کردوە بەڵام کەمتر بایەخیان بە مێژووی گرووپگەلی بێ ئیمپراتووری و بێ دەوڵەت داوە. مێژووی کوردەکانیش بە هۆی نەبوونی ئیمپراتووری و دەوڵەتی کوردی کەمتر سەرنجی مێژوونووسان و لێکۆلەرانی ڕاکێشاوە. هەر بۆیە مێژوو زۆرتر مێژووی دەسەڵاتدارانە، بە دەستی دەسەڵاتداران و لەبارەی دەسەڵاتدارانەوە نووسراوە. لە سەدەی شازدە و حەڤدەی زائینیدا، گرووپگەلی جیاواز کە لە خۆرهەڵاتی نێوەراست دەژیان چوونە ژێر دەسەڵاتی یەکێک لە ئیمپراتووریەکانی عوسمانی یان سەفەوی. بەڵام میرە کوردەکان لەو سەردەمەدا چەشنێک لە سەربەخۆیی و خۆبەڕێوەبەریی خۆیان ڕاگرت. ڕادەی سەربەخۆیی ئەو میرنشینە کوردانە جیاواز بوو؛ هێندێکیان زۆرتر وەک هاوپەیمانێکی عوسمانی و سەفەوی هەڵسوکەتیان دەکرد و هێندێکیشیان سەربەخۆییان کەمتر بوو و دەبا لە کاتی شەڕدا هێزیان بۆ یارمەتیی ئیمپراتوور ناردبا و باجیان دابایە. لەبەر ئەوەی کوردستان سروشتێکی شاخاویی هەبووە، دانیشتووەکانیشی وەک خەڵکانێکی شەڕکەر و بەهێز راهاتوون. هەروەها ناوچەی کوردستان لە سەدەی شازدە و حەڤدەدا لە نێوان ئیمپراتووریی عوسمانی و ئیمپراتووریی سەفەویدا ئەمبەرئەوبەری دەکرد ؛ ئەگەر هێزی یەکێک لەو ئیمپراتووریانە زیادی کردبا، هێزی میرنشینە کوردەکان کەمی دەکرد و بۆ ئەوەی سەربەخۆیی و دەسەڵاتی خۆیان بپارێزن روویان لەو ئیمپراتوورییە وەردەگێڕا و لایەنگرییان لە ئیمپراتووریەکەی دیکە دەکرد. ئەم وتارە باس لەوە دەکا کە میرنشینە کوردەکان لە سەدەی شازدە و حەڤدەدا بە هۆی هێندێک تایبەتمەندیی جۆغرافیایی و هەروەها تێگەیشتن لە ژیئۆپۆلیتیکی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست لەو سەردەمەدا، لە ڕادەیەک لە دەسەڵات و خۆبەڕێوەبەری بەهرەمەند بوون. ئەم وتارە جەخت لەسەر سیاسەتی میرنشینە کوردەکان لە سەردەمی ئیمپراتووریی عوسمانی و ئیمپراتووریی سەفەوی دەکا.

### میرەکان و گرینگیی جۆغرافیا

ئەگەرچی جۆغرافیا و ژینگە لە پێوەندی لەگەڵ کورددا رۆڵی یەکلاکەرەوەی نەبووە بەڵام کاریگەریی گەورەی لەسەر داڕشتنی مێژووی سیاسیی کورد هەبووە. کوردستان بە ناوچە سەخت و شاخاویەکانی هەمیشە هێزە داگیرکەرەکانی

سڵەماندۆتەوە و پەناگەی هێزە راپەڕیو و لاوازەکان بووە. هەر بەم هۆکارەیە کە هێندێک ئایینی بچووک وەک ئایینی ئێزەدی لە کوردستان جێگایان بۆتەوە و خۆیان حەشار داوە. هەروەها سروشتی کوردستان دانیشتووانی کوردستانی بەهێز و شەڕکەر بار هێنابوو. لە باری ئابوورییشەوە کوردستان لەو سەردەمەدا بۆ کشتوکاڵ زۆر باش نەبوو. هەر بۆیە سپای داگیرکەران هێرش بۆ سەر کوردستانیان زۆر بە دژوار و کەم سوود لەقەڵەم دەدا. شەڕی نێوان محەممەد بەگی ئوستاچلو، حاکمی قزڵباشی دیاربەکر، لەگەڵ میر شەرەف، میری جەزیرە نیشان دەدا کە چۆن جوغرافیای کوردستان وای کردوە کە میرە کوردەکان بە بەردەوامی بۆ سەربەخۆیی و خۆبەڕێوەبەریی خۆیان هەوڵ بدەن. محەممەد بەگی ئوستاچلو فەرماندەیەکی قزڵباش بوو کە شا عەبباسی سەفەوی بۆ بەڕێوەبەریی دیاربەکر ناردبووی بەڵام میر شەرەف لەگەڵ هێزەکەی لە شاخەکان دەمایەوە و هەر کات دەرفەتیان وەگیر دەکەوت یان بۆیان دەردەکەوت کە ئیمپراتووریی سەفەوی تووشی گیروگرفت بووە هێرشیان دەکرد و دیسان دەگەڕانەوە بۆ شاخ. (ئاغا، شێخ، دەوڵەت، ١٤١ - ١٤٢).

هەر بۆیە جۆغرافیای کوردستان و بە تایبەت شاخە سەختەکانی، هاوپەیمانێکی گەورەی میرە کوردەکان بوون. عوسمانییەکان کە پراگماتیستتر بوون و توانەوە و کۆنترۆڵی راستەوخۆیان کەمتر بەلاوە گرینگ بوو، هەوڵیان دا کوردستان بکەن بە ناوچەیەکی لەمپەر لە نێوان خۆیان و ئیمپراتووریی سەفەویدا. داواکاریی عوسمانی یەکان لە کورد تەنیا ئەوە بوو لە دژی سەفەوی شەڕ بکەن و قووڵایی ئەمنییەتیی عوسمانی بەرفراوان بکەن و بیپارێزن. ئەو سیاسەتەی ئیمپراتووریی عوسمانی لە نووسراوەکانی ئەولیا چەڵەبی بە روونی دەردەکەوێ. ئەولیا چەڵەبی(١٦٨٢ - ١٦١١) تورکێکی گەڕیدە بوو کە سەفەری بۆ زۆر لە پارێزگاکانی عوسمانی و لەوانە میرنشینە کوردەکان کرد.

چەڵەبی بەم شێوەیە باسی کوردستان دەکا: "ناوچەیەکی زۆر بەرفراوانە. لە باکوور لە ئەرەزەرووم دەست پێدەکا و دەگاتە وان، هەکاری، جەزیرە، ئامەدیە، مووسڵ، شارەزوور، هەریر و ئەردەڵان تا دەگاتە بەغدا، سێ رۆژ سەفەر بە نێو کوردستانی شاخاویدا. ئەگەر شەش هەزار کەس لە عەشیرەی کورد لەو ناوچە بەرز و شاخاوییانە بەربەستێکی پتەویان لە نێوان عێراقی عەرەبی و عوسمانییەکان دروست نەکردبا، بۆ فارسەکان (سەفەوی یەکان) زۆر ئاسان دەبوو کە ئاسیای نێوەڕاست داگیر بکەن." (سەفەرنامەی ئەولیا چەڵەبی، ٥).

هەڵبەت سەفەوییەکانیش دواتر پراگماتیستانەتر سیاسەتیان کرد و هەوڵیان دا چەشنێک لە سەربەخۆیی و ئۆتۆنومی بدەن بە میرنشینە کوردەکان و بەلای خۆیاندا ڕایانبکێشن. بۆ نموونە خانەدانی ئەردەڵان بە پێتەختی سنە، فێدراسیۆنی میرنشینەکانی موکری، عەشیرەکانی بڵباس و هەکاری لە ناوچەی نفووزی ئیمپراتووریی سەفەوی لە خۆبەڕێوەبەرییەکی زۆر بەهرەمەند بوون. (مەک دۆناڵد، ٢٧).

## میرەکان و ژێئۆپۆلیتیک

سەرۆکعەشیرە کوردەکان لە کێشە و ململانێی نێوان ئیمپراتووریی عوسمانی و ئیمپراتووریی سەفەویدا بۆ دەستەبەرکردن و بەردەوامیی دەسەڵاتی تارادەیەک سەربەخۆی خۆیان کەڵکیان وەردەگرت. بۆ نموونە ئەگەر هەر یەک لەو ئیمپراتوورییانە

تووشی لاوازی ببا، سەرۆکعەشیرە کوردەکان هەوڵیان دەدا وەفاداریی خۆیان بۆ لایەنی بەهێز دەرببڕن و لە بەرامبەردا داوای بەردەوامیی دەسەڵاتی خۆماڵیی خۆیان دەکرد. پاش دامەزراندنی ئیمپراتووریی عوسمانی لە ساڵی ١٥٠١دا، شا سمایل زۆر لە سەرکردە کوردەکانی کوشت و فەرماندە قزڵباشەکانی خۆی کردنە بەڕێوەبردنی میرنشینە کوردەکان. ساڵی ١٥١٠، گرووپێکی ١٦ کەسی لە سەرۆکعەشیرە کوردەکان بۆ دیتنی شا سمایل چوونە شاری "خۆی"، بۆ ئەوەی وەفاداریی خۆیان بۆ شا دەرببڕن. شا سمایل فەرمانی دا کە هەر هەموویان دەستبەسەر و زیندانی بکەن. (باجەلان، ٨٠٢).

بە هۆی ئەم هەڵسوکەوتەی شا سمایلی سەفەوییەوە، سەرکردە کوردەکان بە شوێن دەرفەتێکدا گەڕان بۆ ئەوەی دەسەڵاتی خۆیان دیسان دەستەبەر بکەنەوە. بە پێی شەرەفنامە، ٢٥ میری کورد بە هۆی زیرەکی و یارمەتیی ئیدریس بەتلیسی کە دیپلۆماتێکی کارامەی کورد بوو، نامەیان بۆ سوڵتانی عوسمانی نارد و پەیمانی هاوکاری و وەفادارییان پێ دا. کاتێک شەڕی نێوان ئیمپراتووریی عوسمانی و ئیمپراتووریی سەفەوی لە چاڵدێران لە ساڵی ١٥١٤دا ڕووی دا، میرە کوردەکان پشتیوانیی عوسمانییان کرد، ئیمپراتووریی سەفەوی دۆڕا و میرەکان دەسەڵاتی خۆیان مسۆگەر کردەوە. (بروئینسێن، ١٤٣). دوای تێکشکانی ئیمپراتووریی سەفەوی، سوڵتان لە ئیدریس بەتلیسی دەپرسێ کە کام لەو میرانە وەک نوێنەری خۆی لە ناوچە کوردنشینەکان دیاری بکا، بەتلیسی وەڵام دەداتەوە کە باشترە سوڵتان کەسێک لە فەرماندەکانی خۆی بنێرێ چونکە هیچ کام لەو میرانە دەسەڵاتی ئەوانی دیکە قبووڵ ناکەن. (برووئینسێن، ١٤٤). دیارە هێندێک لە میرە کوردەکان زیرەک بوون لەوەی نە تەنیا ئۆتۆنۆمیی خۆیان بپارێزن بەڵکوو هێژمۆنییان بەسەر میرەکانی دیکەشدا هەبێ. ئەحمەد خان، خانی ئەردەڵان، بووە بە دۆستی نزیکی شا عەبباس؛ ئەحمەد خان لەگەڵ خوشکی شا عەبباس زەماوەندی کرد و لەو ڕێگەیەوە سەرکردەکانی بلباس و موکریی سەرکوت کرد. (مەک داول، ٣٢).

ئەگەر لە لایەک شاخەکانی کوردستان یارمەتیی میرە کوردەکانیان دا بۆ ئەوەی چەشنێک لە دەسەڵاتی خۆیان بپارێزن، لە لایەکی دیکە سیاسەتی کوردی بە ناوچەیەکی جۆغرافیایی دیاریکراو سنووردار کرد. ئیمپراتوورگەلێک وەک ئیمپراتووریی عوسمانی و ئیمپراتووریی سەفەوی بەرهەمی بەرفراوانکردنی دەسەڵات لە لایەن عەشیرە و گرووپگەلێکی بچووک بوون. بەڵام میرە کوردەکان تەماع و ئیرادەی گەورەبوون و دامەزراندنی ئیمپراتوورییان نەبوو. میرە کوردەکان بەردەوام لە پەراوێزی ناوەندەکانی سیاسی، ئابووری و کەلتووریی عوسمانی و سەفەویدا بوون بەڵام خۆیان قەت نەبوون بە ناوەند. هەروەها سیاسەتی میرە کوردەکانیش پاسیڤ بوو بەو واتایە کە کاریان کاردانەوە بە ئاڵوگۆڕ لە نێو ئیمپراتووری و زلهێزەکانی دیکەدا بوو. هاتنەسەردەسەڵاتی ئیمپراتوورییەکی بەهێز لەهەر یەک لە ئیمپراتووریی عوسمانی یان سەفەوی دەیتوانی کاریگەریی گەورە لە سەر چارەنووسی میرنشینە کوردەکان دابنێ. بۆ نموونە کاتێک شا عەبباس بووە شای سەفەوی، سەرجەم میرە کوردەکانی تێکشکاند و هێندێک لە عەشیرەکانی بۆ خوراسان تەبعید کرد. ئەو کوردانەی خوراسان بەرهەمی سیاسەتی تەبعیدکردنی دەورانی شا عەبباسی سەفەوین. (بروئینسێن، ١٣٤).

ئەو سیاسەتە پاسیڤەی میرە کوردەکان وای لە ئەحمەدی خانی کرد کە لە "مەم و زین"ی خۆیدا کە ساڵی ١٦٩٥ چاپ کرا ئاوا ڕەخنەیان لێ بگرێ:

"ئەگەر کوردەکان پاشایەکیان هەبا ...

ئەو ڕوومی‌یانە [عوسمانی/تورکانە] نەیاندەتوانی تێکمان بشکێنن،
"ئێمە تووشی چارەڕەشی و سەرگەردانی نەدەبووین،
بە هۆی تورک و تاجیک تێک نەدەشکاین و دیل نەدەکراین (ئیپێل، ١٦ - ١٧).

سەرچاوەکان:


Bruinessen, Martin Van. Agha, Shaikh, and State: The Social and Political Structures of .Kurdistan. London: Zed, 1992. Print

Bajalan, Djene Rhys. “Şeref Xan’s Sharafnama : Kurdish Ethno-Politics in the Early Modern .World, Its Meaning and Its Legacy.” Iranian Studies45.6 (2012): 795-818. Web

.McDowall, David. A Modern History of the Kurds. London: I.B. Tauris, 1996. Print

Bruinessen, Martin Van. “Kurdistan in the 16th and 17th Centuries.”Journal of Kurdish Studies .3.0 (2000): 1-11. Web

”Eppel, Michael. “Historical setting: Roots and Modern Kurdish Nationalism
.n.d.): n. pag. Web) (פורום) דיין מרכז לסמינר חוקרים



لە ژمارە ٦٦٩ی ڕۆژنامەی کوردستان دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٨ی دێسەمبەری ٢٠١٥


--------------------------------------------

## ئەمنیەتی نەتەوەیی لە بەرامبەر ئەمنیەتی مرۆیی‌دا

زۆرلەو چەمکانەی کە ئێمە ژیانی خۆمانیان پێ پێناسە دەکەین، بەرهەمی گۆتارێکی تایبەتن. گۆتاری نەتەوەیی یەکێک لەو گۆتارانەیە کە ژیانی مۆدێرنی مرۆڤەکانی داگیر کردوە. هەرکەس لە سنووری نەتەوەکەی خۆی و بۆ نەتەوەی خۆی بیر دەکاتەوە و خەم دەخوا؟ لای مرۆڤی نەتەوەیی کوژرانی هاونەتەوەیەک لە کوژرانی چەند کەس لە نەتەوەیەکی دیکە پرئازارتر دەردەکەوێ. ئەم وتارە باس لەوە دەکا کە ئەمنیەتی نەتەوەیی چیە؟ ئێمە چ کاتێک پێمان وایە ئەمنیەتی خۆمان یان وڵاتەکەمان کەتۆتە ژێر مەترسی؟ چ جۆر ڕوانینێک بۆ ئەمنییەت دەتوانێ ڕێڕەوی خەبات و پراکتیکی سیاسیمان لە ڕۆژهەڵات باشتر بکا؟

### ئەمنیەتی نەتەوەیی لە ئاستی جیهانی‌دا

ئەمنیەتی نەتەوەیی وەک پاراستنی خەڵکێکی دیاریکراو لە جۆغرافیایەکی دیاریکراودا جێی خۆی کردۆتەوە. بۆ نموونە لە

ڕابردوودا کە باس لە تەناهی دەکرا زۆرتر مەبەست رۆڵی سوپا و پۆلیس لە دابینکردنی ئەمنیەتی فیزیکی و گیانیی خەڵکدا بوو. سوپا دەبوا هاونیشتمانانی لەبەرامبەر هێرشی دەرەکیی وڵاتێکی دیکەدا بپارێزێ و پۆلیسیش دەبوا گیانی هاونیشتمانانی لە بەرامبەر چەتە و مرۆڤکوژەکان لە نێو سنووری نەتەوەیی‌یەکاندا بپارێزێ. شەڕ جێگایەکی تایبەتیی لە ئەمنیەتی نەتەوەییدا هەیە. لە یادەوەریی خەڵکدا شەڕی یەکەم و دووهەمی جیهانی شەڕێکی خراپ بوون، نەک هەر بە هۆی ئەوەی ژمارەیەکی زۆر خەڵک لەو شەڕانەدا کوژران بەڵکوو زۆر نەتەوە، هاونەتەوەیی‌یەکانی خۆیان لەو شەڕانەدا لە دەست دا. بەڵام کەمتر خەڵک دەزانن کە لەساڵی ١٩١٨دا، نزیکەی ١٨ میلیۆن کەس، واتە زۆر زیاتر لە ژمارەی قوربانیانی شەڕی یەکەمی جیهانی، بە هۆی نەخۆشیی ئانفلۆنزاوە گیانیان لەدەست دا. ڕوانینی مرۆڤ بۆ ئەمنیەت لە ڕابردوودا ڕوانینێکی نەتەوەیی بوو نەک ڕوانینێکی جیهانی و مرۆیی. ئێستا دەوڵەتان ناچارن لە بواری لەشساغی و پزیشکیدا هاوکاریی یەکتر بکەن، تا پێش بە بڵاوبوونەوەی هێندێک ڤایرۆس بگرن. لە ساڵی ١٩١٨ بەملاوە کە ڤایرۆسی ئایدز (**HIV**) ناسرا، زیاتر لە ٢٠ میلیۆن کەس بە هۆی تووشبوون بە ئایدز گیانیان لە دەست داوە و ٤٠ میلیۆن کەسیش گیرۆدەی ئەو ڤایرۆسە بوون (**Nye**).

بەو پێیە پێناسەی ئەمنیەت لەسەردەمی بەجیهانیبووندا پێناسەیەکی زۆر ئاڵۆزتر و جیهانی‌تری بەخۆیەوە گرتوە. بە هۆی لێکگرێدراوی، وڵاتێک دەبێ ئەمنیەتی خۆی لە پانتایی ناوچەیی و جیهانییشدا پێناسە بکا و بۆ بردنەسەری ئەمنیەتی خۆی لە ئاستی ناوچەیی و جیهانییشدا چالاک بێ.

### ئەمنیەتی نەتەوەیی لە ئێران

کۆماری ئیسلامی هەوڵ دەدا مردنی مرۆڤەکان لە ئێران هەرچی زیاتر بە فیلتێری ئیدئۆلۆژی‌یەکی تایبەتدا بروا. بە واتایەکی دیکە کۆماری ئیسلامی لە ڕێگەی میدیاکان و سیستمی پەروەردەوە، هەوڵ دەدا بۆ مردنی خەڵک بەها دیاری بکا و دەستەبەندی‌یان بکا. لە شەڕی ٨ ساڵەی نێوان ئێران وعێراقدا نزیک بە یەک میلیۆن کەس کوژران. ئەو شەڕە و کوژراوانی ئەو شەرە بوون بە بەشێک لە یادورریی گشتیی خەڵکی ئێران. شەری هەشت ساڵە بوو بە دەیان فیلم و چووە نێو لاپەڕەی کتێبەکانی خوێندکاران.

ئەوە لە حاڵێکدایە کە مردن بە هۆی ڕووداوی هاتووچۆوە لە ئێران نابێتە جێی سەرنجی گشتی. لە ساڵی ١٣٨٠وە هەتا ١٣٩٤، زیاتر لە ٣١٥،٠٠٠ کەس واتە بە شێوەی نێونجی رۆژانە ٦١ هاونیشتمان لە ئێران گیانی خۆیان لە ڕووداوی هاتوچۆدا لە دەست داوە؛ تەنیا لە پێنج مانگی یەکەمی ساڵی ١٣٩٤دا، زیاتر لە ٧،٠٠٠ کەس بە هۆی ڕووداوی هاتوچۆوە کوژراون (مهر، آمار سازمان پزشکی قانونی کشور). بە وتەی جێگری وەزیری لەشساغیی ئێران تەنیا لە ٩ مانگی ساڵی ٢٠١٢دا، زیاتر لە ٤،٠٠٠ هەزار کەس تەنیا لە شاری تاران بەهۆی پیسیی کەشوهەوا گیانیان لە دەست داوە (**Asgari**).

هیچکام لەو ئامارانە بە بەردەوامی نابنە تایتڵی ڕۆژنامەکان، سیمینارێان لەسەر ناگیرێ و لە فەزای مەجازیدا کەمپینیان بۆ دروست نابێ. ئەوەش تەنیا بە هۆی میدیاکانی کۆماری ئیسلامی‌یەوە نیە، بەڵکوو بیرکردنەوەی بەشێکی زۆر لە خەڵکی

ئێران چ ئەوانەی لەگەڵ ڕێژیمن و چ ئەوانەی لە دژی ڕێژیمن، بە ئیدئۆلۆژی نەتەوەیی ڕاهاتوە. مردن بە هۆی نەبوونی لەشساغی و بە هۆی ڕووداوی هاتووچۆوە لە نێو بیرکردنەوەی گشتیدا وەک کێشەی ئەمنیەتی پێناسە ناکرێ.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش کوژرانی مۆرەیەکی ڕێژیم دەبێتە جێی سەرنجی زۆر کەس بەڵام مردنی سەدان و بگرە هەزاران هاونیشتمان بە هۆکارگەلی دیکە نابێتە جێی بایەخ و تێرامانی گەورە. ئێمە لە دەلاقەی ڕوانینێکی ئەمنیەتی بەرتەسکەوە دەستەبەندی مردنی هاونیشتمانانمان دەکەین. گرتنەبەری ڕوانینێکی نەتەوەیی بەرفراوانتر بۆ چەمکی ئەمنیەت دەبێتە هۆی ئەوەی تێرامان بۆ کێشە و گیروگرفت و ژیان و مردنی خەلکێکی زۆرتر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەین.

**سەرچاوەکان**:


جدول مرگ و میر جاده‌ای، خبرگزاری مهر، مهر ١٣٩٤)٣١٥ هزار کشته در ١٤ سال تصادفات رانندگی(

**Asgari, Mohsen. "Iran Pollution Worsens as Thousands Die." BBC News. BBC, 7 Jan. 2013. .Web. 19 Dec. 2015**

**Nye, Joseph S, David Welch, and Joseph S Nye. 2014. Understanding Global Conflict and Cooperation : an Introduction to Theory and History**


لە ژمارە ٦٧٠ی ڕۆژنامەی کوردستان دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٤ی دێسەمبەری ٢٠١٥

---------------------------------------------

## هەڵبژاردن و جەمسەرەکانی ناو بزووتنەوەی کورد

خوێندنەوەیەکی سوننەتی بۆ پرسی کورد هەیە کە پرسی کورد تەنیا بە دوست و دوژمن، کورد و ناکورد دابەش دەکا و کوردەکان وەک یەکەیەکی سیاسی - فیکری یەکگرتوو لە بەرامبەر ئەوانی دیکەی (غەیرە کوردەکان) پێناسە دەکا. خاڵی لاوازی ئەو لێکدانەوەیە ئەوەیە کە گرووپ و بەرژەوەندییە جیاوازەکانی نێو بزووتنەوەکە لەبەرچاو ناگرێ. بە واتایەکی دیکە ئەو خوێندنەوەیە دینامیزمی نێوخۆیی نێو بزووتنەوەکە تا ئاستی نەبوون دادەبەزێنێ و پرسی کورد تەنیا وەک وێککەوتن و ململانێیەک لە نێوان ئێمە (کورد) و ئەوانی دیکە (غەیرە کورد) دەبینێ. بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە لە نێو خۆدی بزووتنەوەی کوردیشدا، گرووپ و ڕوانگەی فیکری - سیاسی جیاواز هەیە و ئەو گرووپانە لە ململانێیەکی بەردەوام بۆ بەدەستەوەگرتنی "چارەسەریی پرسی کورد" دان. هەر یەک لەو گرووپانە پشتگیری لە شێوازێک لە خەبات دەکەن کە زیاتر لە بەرژەوەندی گرووپی ئەوان دایە و زیاتر خۆیان لەو شێوازە لە خەباتدا دەبیننەوە.

لە هەر گۆرانکارییەکدا، لە هەر ریفۆرم و شۆرشێکیشدا، هێندێک گرووپ قازانج و هێندێک گرووپ تووشی خەسار دەبن. لە نێو ئەو گرووپانەشدا کە لە گۆرانکارییەک بەهرەمەند دەبن، هێندێک گرووپ قازانجی زیاتر و هێندێک گرووپ قازانجی کەمتر دەکەن. لە شۆرشی ١٣٥٧دا زۆر گرووپ لەو شۆرشەدا بەشداریان کرد بەڵام ئاخوندی شیعەی زیاترین قازانجی کرد. لە بزووتنەوەی کوردیشدا، لە نێو خودی خەباتەکەدا، ململانێیەک هەیە لەسەر ئەوەی کێ و کام گرووپی سیاسی - کۆمەڵایەتی ڕێبەرایەتیی پرسی کورد بکا و کێ رۆلی زیاتری لە چۆنییەتی چارەسەرکردن و بە ئاکامگەیشتنی ئەو پرسە هەبێ.

خەباتی چەکداری وەک مێتۆدێک بۆ چارەسەری پرسی کورد لە نێو توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەی کوردی، بە قەد یەک پێشوازیی لێ نەکراوە و ناکرێ. لە خەباتی چەکداریدا زۆرتر کەسانی نەخوێندەواری دێهاتەکانی کوردستان بوون بە قارەمان. هێزی سەرەکیی خەباتی چەکداری لە دێهاتەکان، لە نێو خەڵکی کەمداهات و نەخوێندەواردا بوو. خدرە سوورەکان لە کانتێکستی خەباتی چەکداریدا بوون بە قارەمان و پێشەنگ.

هەڵبەت تێگەیشتن لە "کۆمەڵناسیی سیاسیی بزووتنەوە نەتەوایەتی"، یارمەتیمان دەکا کە تێگەیشتنێکی کەمتر حەماسی و لۆژیکیترمان هەبێ بۆ خەباتی پارچەکانی دیکەی کوردستانیش. لە باکوور دوو شێوازی چەکداری و مەدەنی بوونی هەیە؛ لە شێوازی مەدەنیدا پ.ک.ک رۆلی پێشەنگ و ناوەند دەگێرێ و لە شێوازی مەدنیشدا، HDP رۆلی پێشەنگایەتی و بەرجەستەتر دەگیرێ. لە خەباتی شاخ و چەکداریی باکوور، گرووپگەلێکی کۆمەڵایەتی یان کاراکتێری تایبەت- موراد قەرەیەلانەکان و جەمیل بایکەکان - بوونەتە پێشەنگ و ڕێبەر. لە حالێکدا لە خەباتی مەدەنی و پارلمانی باکووردا دمیرتاشەکان و لەیلا زاناکان بوونەتە ڕێبەر و پێشەنگ. لەگەڵ ئەوەدا کە هەردووک لەو دوو گرووپە کوردانە دەیانهەوێ پێگەی کورد لە بەرامبەر دەوڵەتی تورک و شوناسی تورکیدا بەرنە سەرێ، بەڵام لە نێو خۆشیاندا چەشنێک لە ململانێ لە ئارادایە. هەرچەند کە ڕەهەندی یاسایی و سیاسیی پرسی کورد لەو پارچەیە و لە چارەسەری پرسی کورد لە باکوور پررەنگتر بێ، کەسایەتیگەلێک وەک دمیرتاش زیاتر دەرفەتیان بۆ دەرەخسێ و کەسایەتیگەلێک وەک جەمیل بایەکیش رۆل و کاریگەریان کەمتر دەبێتەوە.

**ئێستا لەهەمبەر هەڵبژاردنی پارلمانی ئێران چ دەستەبەندییەک لە نێو بزووتنەوەی کوردی لە رۆژهەلاتی کوردستان هەیە؟**

## جەمسەری تاراوگە

جەمسەرێک هەیە کە کۆمەڵێک حیزبی دانیشتووی باشوور لەخۆ دەگرێ کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران (حدکا) رێبەرایەتیان دەکا و ئەوان لە ئێستاوە دەهۆلی بایکۆت دەکوتن. من ناوی ئەو جەمسەرە دادەنێم جەمسەری تاراوگە. ئەو جەمسەرە خەمی سەرەکی ئەوە نییە کە ئاخۆ کەسانێکی باش خۆیان کاندید دەکەن یان چ کەسانێک لە فیلتێری شوورای نیگابان دەردەچن. خەمی سەرەکیی جەمسەری تاراوگە ئەوەیە سەرکردایەتیی پرسی کورد لە ئێران - لە تاراوگە و لە باشوور- لە دەستی ئەواندا بمێنێتەوە. ئەگەر کۆمەڵێک کەسایەتیی خۆشناو و چالاک بتوانن فراکسیۆنی نوێنەرانی کورد لە پارلمانی ئێران پێکبێنن و هێندێک لە داواکارییە سیاسی و ئابوورییەکانی خەڵکی کوردستان دابین بکەن، چیدیکە

خەباتکارانی تاراوگەنشین و بە شێوەیەکی ڕاشکاوانەتر دەفتەر سیاسییەکانی دانیشتووی کۆیە و ئوروپپا ناتوانن ڕێبەرایەتیی "چارەسەریی پرسی کورد" لە ئێران بکەن. بە واتایەکی دیکە ئەگەر پرسی کورد لە پرسێکی ئەمنییەتی بەرەو پرسێکی حقووقی - سیاسی بچێ، ناوەندی سەرەکیی چارەسەریی پرسی کوردیش لە باشوورەوە بۆ نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگوازرێتەوە و بۆ خەباتکارانی تاراوگە تەنیا ڕابردوو دەمێنێتەوە و داهاتوو بە دەستی کۆمەڵێک کەسایەتیی دیکە دەخولقێ. کەسایەتییەکانی جەمسەری تاراوگە کەمتر بە کتێب و خەباتێکی مەدەنی و مەیدانی دەناسرێن و زیاتر پشتئەستوورن بە هێزی چەک و چاوەڕوانن بۆ جارێکی دیکە بۆشایی دەسەڵات لە ئێران دروست بێ و ئەوان ببن بە ڕزگاریکەری نەتەوەکەیان. کەسایەتییەکانی جەمسەری تاراوگە پێویستیان بە ڕوودانی شۆڕشە بۆ ئەوەی خۆیان ببن بە قارەمان و ڕۆلی یەکلاکەرەوە لە چارەسەریی پرسی کورددا بگێرن. زیاتر لەوەی شۆڕش پێویستی بە کەسایەتییەکانی تاراوگە بێ، ئەوان پێویستیان بە شۆڕشە. ئەگەر فەزای ئێران بکرێتەوە و پرسی کورد بە ڕیفورم نەک بە شۆڕش چارەسەر بکرێ، چیدیکە کەسایەتییەکانی جەمسەری تاراوگە هەم ڕابردوو و هەم داهاتوویان نابێ. لە گۆڕینی پرسی کورد لە پرسێکی ئەمنییەتی بۆ پرسێکی زیاتر حقووقی-سیاسی، کاراکتێرەکانی جەمسەری تاراوگە پەراوێز دەخرێن و تەنیا ڕابردوویان جێگەی ڕێز دەبێ. باشترین کار لە نێو حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی دانیشتووی باشووردا کە کردبێتیان و دەیکەن، ئەوەیە کە هەوڵ دەدەن تەشکیلاتی نێوخۆی خۆیان چالاکتر بکەن و پێوەندیی بەرفراوانتر لە گەڵ چالاکانی نێوخۆ دابمەزرێنن و لە "سیاسەتی چاوەڕوانی" شۆڕش بوون واز بێنن.

## جەمسەری ڕاست

جەمسەرەکی دیکەی نێو بزوتنەوەی نەتەوەیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەو کەسانەن کە کۆمەڵێک بەڵێنی گەورە و خەیاڵی وەک ڕووخانی کۆماری ئیسلامی نادەن و چاوەڕێی شۆڕشێکی دیکەش ناکەن، بەڵکوو باس لە خەباتێکی مەدەنی و مەیدانی لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەن. ئەو جەمسەرە وەک جەمسەری ڕاست لەقەڵەم دەدرێن، بە هۆی ئەوەی لە هەوڵ دان لە ڕێگەی یاسایی و ڕیفورمیستی چارەسەری پرسی کورد بکەن و دەیانهەوێ پێوەندییەکی لۆژیکیتر لە نێوان تێچووی خەبات و دەسکەوتی خەبات دروست بکەن. ئەو کەسانە زۆرتر لە چینێکی شاریی خوێندەوار پێکهاتوون کە لەو بڕوایە دان کە کورد دەبێ هاوسەنگی لە نێوان دەسەڵات و داواکارییەکانیدا هەبێ و واز لە کۆمەڵێک دروشمی قەبە بێنێ. سیاسەت بۆ جەمسەری ڕاست بریتی نییە لەوەی بە شەو و ڕۆژێک ڕزگاری و ئازادی کورد دەستەبەر بکەی، بەڵکوو بریتییە لەوەی سبەینێ یەک هەنگاو بۆ پێشەوە بڕۆی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ناوەندی نووچە شرۆڤەی ڕۆژ - ڕێکەوتی: ٢٨ی دێسەمبەری ٢٠١٥

---------------------------------------------

# بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٦

-----------------------------------

## ژنان و بەشداری لە هەڵبژاردندا

بۆ هەڵبژاردنی خولی دەیەمی پارلمانی ئێران ١٢١٢٣ کەس ناونووسی‌یان کردوە کە لەو ژمارەیە ١٤٣٤ کەسیان ژنن؛ واتە نزیک ١٢%ی کاندیدەکان ژنن. بە گشتی ناونووسی بۆ هەڵبژاردنی پارلمانیی خولی دەیەم زیاتر لە دوو قات بووە و لە ٥٣٩٥ کەس لە خولی نۆیەمدا بۆتە ١٢١٢٣ کەس. ڕێفورمخوازان رایانگەیاندوە کە بە هەبوونی کاندیدێکی زۆر دەیانەوێ تێچووی رەتکردنەوەی کاندیدەکان بۆ شوورای نیگابان بەرنە سەرێ. هەروەها چالاکانێکی سیاسی وەک "حشمت اللە طبرزدی" هاتوونەتە مەیدان بۆ ئەوەی تا ئەو جێگایەی دەکرێ لە دەرفەتی هەڵبژاردن بۆ شوێندانان لەسەر فەزای سیاسیی ئێران کەڵک وەربگرن. ژنانیش چ وەک بەشێک لە ڕێفورمخوازان و چ وەک کاندیدای سەربەخۆ بە شێوەیەکی بەرچاوتر هاتوونەتە مەیدان بۆ ئەوەی پیاوانەبوونی پارلمانی ئێران و بە گشتی پیاوانەبوونی سیاسەت لە ئێران بخەنە ژێر پرسیار. ئەم وتارە بەشێکی باس لە رۆلی ژنان لە هەڵبژاردنەکانی ئێران دەکا و بەشێکی دیکەشی جەخت لەسەر چالاکبوونی ژنانی رۆژهەلاتی کوردستان لە هەڵبژاردنەکاندا دەکا.

### بەشداریی ژنان لە پارلمانی ئێران

لە ٩ خولی پارلمانی ئێران بە هەمووی تەنیا ٧٨ ئەندام پارلمانی ژن هەبوون؛ لەو ژمارەیە ٢٨ کەسیان زیاتر لە جارێک بوونەتە ئەندامی پارلمان. واتە تەنیا ٥٠ ژن لە ٩ خولی ڕابردوودا بوونەتە ئەندامی پارلمان. زیاترین ڕێژەی بەشداریی ژنان لە پارلمانی ئێراندا دەگەڕێتەوە بۆ خولی پێنجەم کە ئەویش تەنیا ١٤ کەس هەبوون. تەنانەت پارلمانی خولی شەشەم کە ڕیفورمخوازان لە پارلماندا زۆرینە بوون و ڕێژەی بەشداریی ژنان لە دەنگداندا ٦٠% بوو، تەنیا ١٣ ژن بوون بە ئەندامی پارلمان. ڕێژەی بەشداریی ژنان لە پارلمان هەمیشە لە ٥% کەمتر بووە و ئەوە لە ئاستی جیهانی و تەنانەت ناوچەییدا ڕێژەیەکی زۆر کەمە. هەڵبەت بەرچاونەبوونی رۆلی ژنان لە پارلماندا بەشێکی لەبەر کەمیی ژمارەیان بووە و بەشێکی دیکەشی دەگەڕێتەوە بۆ چۆنیەتیی بەشداریی ئەوان لە پارلماندا. پارلمانتارانی ژن لە خولی پێنجەمدا بۆ یەکەم جار وەک دەستەی سەرۆکایەتیی پارلمان هەڵدەبژێرێن و"سهیلا جلودارزادە" وەک سکرتێری دەستەی سەرۆکایەتی پارلمان هەڵبژێردرا (٤).جێگەی سەرنج ئەوەیە کە زۆر لە پارلمانتارانی ژنی ئەو ٩ خولەی پارلمانی ئێران لە پارێزگای تاران و بە تایبەتی خەڵکی شاری تارانن؛ لە ٥٠ ژن کە تاکوو ئێستا بوونەتە پارلمانتار، ٢٧ نوێنەر لە تاران هەڵبژێردراون. لە



سەرچاوە
Serchawe

ناونووسیی ئەمجارەش لە کۆی ١٤٣٤ ژن کە ناویان بۆ خولی دەیەمی پارلمان نووسیوە، ٥٠٨ کەسیان لە پارێزگای تارانن. دوای پارێزگای تاران، پارێزگاکانی ئیسفەهان، خوراسانی رەزەوی و فارس بە تەرتیب بە ١١٩، ١٠٨ و ٧٧ کەس، زیاترین بەشداریی ژنانیان لە ناونووسیی خولی دەیەمی پارلماندا هەیە. ئەمە دەرخەری ئەوەیە لە شارە گەورەکان ڕێژەی بەشداریی ژنان لە سیاسەتدا زیاترە و ئەوەش رەنگە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە دەرەتانی خۆپێگەیاندن و دەرکەوتنی ژنان لە شارە گەورە و پێشکەوتووەکان زیاترە. هەروەها ڕیفورمخوازان بۆ هەڵبژاردنی ئەمجارە هەوڵیان داوە ژنان هان بدەن بۆ ناونووسی بۆ ئەوەی دەنگی ژنان بۆ لای خۆیان ڕابکێشن. ئەمجارە هەڵبژاردنی پارلمان و خوبرەگان پێکەوە بەڕێوە دەچێ و ژمارەیەک ژنیش خۆیان بۆ ئەو پارلمانە کاندیدا کردوە. بە گشتی ئەمجارە ژنان زیاتر هەنگاویان بۆ بەشداری لە هەڵبژاردندا هەڵێناوەتەوە و رەنگە لە سەر بردنەسەری ڕێژەی دەنگدانیش کاریگەر بێ.

### بەشداریی ژنانی خۆرهەڵاتی کوردستان لە پارلمانی ئێراندا

بەشداریی ژنانی خۆرهەڵاتی کوردستان لە ٩ خولی پارلمانی ئێراندا زۆر کەم بووە. لە خولی چوارەمدا ئەختەر درەخشەندە لە پارێزگای کرماشان بۆتە نوێنەری پارلمان. لە پارێزگای سنە و ئیلام هیچ ژنێک تاکوو ئێستا نەبۆتە پارلمانتار. لە پارێزگای ورمێ، تەنیا شەهربانوو ئەمانی لە خولی پێنجەم و شەشەم دا بۆتە نوێنەری پارلمان کە ئەویش لە نەتەوەی تورک بووە. واتە لە ٩ خولی ڕابردوودا تەنیا یەک ژنی کورد ئەندامی پارلمانی ئێران بووە.لە چوار پارێزگای ئازەربایجانی خۆرئاوا، سنە، کرماشان و ئیلام بۆ ئەم خولەی پارلمان بە تەرتیب ٣٨، ٢١، ٢٠ و ٧ ژن ناونووسییان کردوە. هەرچەند ڕێژەی بەشداریی ژنانی کورد لەو چوار پارێزگایە زۆر کەم بوو، بەڵام سەرنجێکی زۆری بۆ لای خۆی ڕاکێشا. کۆمەڵێک لە ژنانی کاندیدای کورد بە جلی کوردییەوە چوون بۆ ناونووسین کە هەم رەهەندی ژنبوونی ئەوان و هەم رەهەندی کوردبوونی ئەوانی بەرجەستە کردەوە. لە مەهاباد، عایشە عەبداڵی و لە ورمێ، راحیلە ئەمینی بە جلی کوردییەوە چوون بۆ ناونووسی. هەر ئەو دەرفەتە سادانە یارمەتیی ئەوە دەکەن کە ژنان بەردەنگ بن و بتوانن پەیامی خۆیان بە کۆمەڵگە بگەیەنن.

ژنان بە خۆکاندیداکردن و بەشداری لە ململانێکانی هەڵبژاردندا و بوون بە ئەندامی پارلمان دەرفەتێکی ماددی ـ ئیداری واقیعیتریان دەبێ بۆ ئەوەی لە فەزای سیاسیدا چالاکتر بن. کەسانێک وەک حاسڵ داسە، عەبدوڵڵا سوهرابی و جەلال جەلالیزادە بە بوون بە نوێنەری پارلمان، بوون بە چالاکێکی دیاری نێو فەزای سیاسیی کوردستان، لە کاتی پارلمانتارنەبوونیشدا چالاک بوون و ئێستاش بۆ جارێکی دیکە هاتوونەتەوە نێو گۆڕەپانی هەڵبژاردن. هەر بە شێوەی ئەو کەسانە، ژنانێکیش دەتوانن لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە فێری سیاسەت بن و لە مەیدانی سیاسەتدا چالاک بن. دیارە ژنانی وریا دەتوانن پرسی فێمێنیزمیش باشتر ببەنە پێش ئەگەر پێگەیەکی قانوونی ـ ئیداریی باشتریان هەبێ. شاراوە نیە کە لە کەلتووری کوردەوارییشدا پیاوسالاری هەیە، هەر بۆیە دیتنی ژنان لە پێگەی بەهێزدا کارئاسانی دەکا بۆ ئەوەی کوردستان زیاتر ببێتە خاوەنی کەلتوورێکی مرۆڤتەوەر کە لەودا ژنان بە سووک سەیر ناکرێن و بە پێی لێهاتوویی هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکرێ.



سەرچاوە Serchawe

سەرچاوەکان:

- نامزدهای زن انتخابات مجلس: ١٠ درصد، سایت رادیو زمانه
- کرسی زنان ایران در ٩ دوره مجلس شورای اسلامی، سایت باشگاه خبرنگاران جوان
- دلایل ضرورت مشارکت سیاسی زنان در انتخابات مجلس، سایت افتاب
- زنانه ترین انتخابات خبرگان - مشارکت زنان فقیه برای اولین بار در مجلس خبرگان، سایت گولان سقز

لە ژمارە ٦٧١ی ڕۆژنامەی کوردستان دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی جانێوێری ٢٠١٦

---------------------------------------------

## کوردایەتی کردن لە فەزای هەڵبژاردندا

تاکوو ئێستا زۆربەی کاندیداکانی خولی دەیەمی پارلمانی ئێران لە پاڵوێنەی شۆڕای نیگابان تێپەڕ نەبوون. جێگەی ئاماژەیە کە لێوەشایی زۆربەی کاندیدەکانی ریفورمخوازان لە ئاستی ئێران و کاندیدەکانی بەرەی یەکگرتووی کورد لە ئاستی کوردستان ڕەت کراوەتەوە.

جێگەی ئاماژەیە کە لێوەشایی زۆرینەی پالێواراوانی بەرەی یەکگرتووی کورد ڕەت کراوەتەوە. پالێوراوانێکی بەرەی یەکگرتووی کورد وەک حاسڵ داسە لە ناوچەی سەردەشت - پیرانشار، عەبدوڵڵا سوهرابی لە ناوچەی مەریوان - سەوڵاوا و دوکتور ڕەئووف کەریمی لە شاری سنە ڕەت کراونەوە. هەروەها لێوەشایی خالید تەوەککولی پالێوراوی ڕێفورمخوازی شاری سەقزیش ڕەت کراوەتەوە. ڕەتکردنەوەی ئەو پالێوراوانە وای کردوە کە بەشێک لە چالاکانی سیاسی باسی بایکۆتی هەڵبژاردن بێننە ئاراوە. ئەو وتارە جەخت لەسەر چۆنیەتیی پێکهاتنی فەزایەکی کوردانە لە ڕەوتی هەڵبژاردنی پارلمانی ئێران دەکا.

### خەباتی پارلمانی و گیروگرفتەکانی

کۆماری ئیسلامی بۆ بەشداریی سیاسیی کەسانێک وەک ڕەفسەنجانی کە لە دامەزرێنەرانی ئەو ڕێژیمە بووە، لەمپەر و گرفت دروست دەکا. ئەگەر سەیرێکی باکووری کوردستانیش بکەن، دەوڵەتی تورکیە لەمپەری ١٠%ی دەنگەکانی بۆ هەر حیزب یان قەوارەیەکی سیاسی داناوە و کورد پاش ساڵانێک ئەو لەمپەرەی تێپەڕاند. ئەمەش بە ئاسانی بەدەست نەهاتوە،

پارڵمانتارێکی کوردی وەک لەیلا زانا لەسەر لێدوان و کردەوەیەک ١٠ساڵ چۆتە زیندان بەڵام کوردی باکوور وازیان لەوشێوە خەباتە نەهێناوە تا بەم ئاکامە گەیشتوون. خەباتی پارڵمانی وەک بەشێک لە خەباتی مەدەنی و سیاسی بێ کێشە و گیروگرفت نابێ. ڕەتکردنەوەی چەند پالێوراوێکیش نابێ ببێتە هۆی ئەوەی کورد لە ئێران واز لەوە بێنێ کە لە ڕێگەی هەڵبژاردن پێگەی ئیداری، حقوقی، سیاسی و ئابووری کورد بەهێزتر بکا. فەزای هەڵبژاردن پێویستە دەرفەتێک بێ بۆ ئەوەی پرس و داخوازییەکانی کورد بێنە بەر باس. بە واتایەکی دیکە چالاکان و پالێوراوانی کورد پێویستە فەزای هەڵبژاردن بە باسکردن لە ماف و گرفتەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان گەرم بکەن. لە ڕوانگەی ستراتژیکیش فەزای هەڵبژاردن دەبێ دەرفەتێک بێ بۆ ئەوەی خەباتی مەدەنی پەرە پێ بدرێ و ببێتە شێوازی زاڵی خەبات لە خۆرهەڵاتی کوردستان.

## هەڵبژاردن و مەشرووعیەتی کۆماری ئیسلامی

ئێران لەخۆیدا ڕێژیمێکی نادێموکراتیکە، بەڵام ئاخۆ کاری سیاسیکارێک تەنیا ئەوەیە ئەو قسەیە بەردەوام دووبارە بکاتەوە. سیاسەتی دەرەوەی ئێران گۆڕانهەڵگرە و هەر کات پێویست بێ، لەگەڵ وڵاتانی دیکە دەست بە سازان و ڕێککەوتن دەکا. وتووێژەکانی ئێران و ئەمریکا باشترین نموونە ئەو «انعطاف» و گۆڕانهەڵگربوونەی سیاسەتی دەرەوەی ئێرانن. کەوایە چالاکانی کورد نابێ بە هیوای دەستی دەرەکی و دووپاتبوونەوەی سناریۆی عێراق لە ئێراندا بن. لە باسی نێوخۆشدا، کورد لە نێو چەند نەتەوەی دیکەدا تەنیا ماوەتەوە و پێوەندی یەکی خەباتگێرانەی تووندوتۆل لە نیوان ئەو نەتەوانەدا نیە.لە بارودوخێکدا کە داهاتووی کورد لە دوای ڕووخانی کۆماری ئیسلامییش ڕوون نیە، پێویستە کوردی خۆرهەڵات دەستەوستان دانەنیشێ ولە بوونی کۆماری ئیسلامییشدا هەوڵ بدا پێگەی خۆی بەهێزتر بکا. کەسانێک وەک عەبدوڵڵا سوهرابی، حاسڵ داسە، جەلال جەلالیزادە و... لە فیلتێری کۆماری ئیسلامی تێپەر بوون بەڵام پێگەیەکی کۆمەلایەتیی باشیشیان بەدەست هێناوە. لەراستیدا ئەو کەسانە لە ڕێگەی بوون بە پارڵمانتار بوون بە چالاکێکی سیاسیی کورد. با ئەو دەرفەتە لەدەست نەدەین کە کۆمەڵێک پارڵمانتاری باشمان لە تاران هەبێ و هاوکات داوا لەو پارلمانتارانەش بکەین کە پرسی کورد لە ڕێگەی تریبۆنی پارڵمانی ڕێژیمەوە بۆ سەرانسەری ئێران شۆڕ بکەنەوە.

## کەمایەسییە کانی بەرەی یەکگرتووی کورد

بەرەی یەکگرتووی کورد لە نێوخۆی وڵات دامەزراوە و لە نێوخۆی وڵاتدایە؛ واتە ئەو ڕێکخراوەیە مەیدانێکی واقیعیی بۆ سیاسەتکردن لەبەر دەستدایە و ئەوە گرینگترین خاڵی جیاکەرەوەی ئەو بەرەیە لە حیزبەکانی دیکەی خۆرهەڵاتی کوردستانە. بەرە لەو ساڵانەی دواییدا نەیتوانیوە بە شێوەیەکی بەربڵاو روخساری تازە و گرووپی کۆمەڵایەتیی تازە - بەتایبەتی لە ژنان و خەڵکی ئاکادێمیک ـ بێنێتە نێو فەزای سیاسەت. هەروەها بەرە کەمتەرخەم بووە لەوەی سیاسەتێکی جەماوەریی هەبێ و لەجیاتی ئەوەی لەسەر سایت و فەزای مەجازی بێ زیاتر لەگەڵ دەرد و خەمەکانی خەڵک بێ و ببێتە سووژەی میدیایی،نەک ئەوەی شەقام چۆڵ بکا. بە واتایەکی دیکە سیاسەتی بەرە لاقێکی کۆمەڵایەتی و جەماوەریی بەهێزی نەبووە. با نموونەیەک بۆ ئەو ڕەخنەیەم بێنمەوە. لە جەریانی سووتانی هوتێل تارا لە مەهابادا، نارەزایەتیی مەدەنیی

خەڵک بەرەو توندوتیژی و سووتاندنی هوتێل تارا رویشت. هۆکارێک کە ئەو نارەزایەتییە نەیتوانی هەر ئاشتیخوازانە و سیاسی بمێنێتەوە، ئەوە بوو کە بەرەی یەکگرتووی کورد - ئەندامەکانی دیاری ئەو رێکخراوەیە لە مەهاباد ـ نەچوون بۆ خۆپێشاندان و نەیانتوانی خۆپێشاندانیش رێبەری بکەن. دەبێ بەرە لەوە تێبگا کە خەباتی مەدەنی مانای هەزینەنەدان و نەوێربوون نیە. وێنەیەکی ئەحمەد تورکم قەت لە یاد ناچێ کاتێک لە ریزی پێشەوەی خۆپێشاندان لووتی پر ببوو لە خوێن. بەرە دەبێ لە ئەرزی واقیعدا بێ و بوێرانە شەقامی کوردی بکاتە پشتوانەی سەرەکیی سیاسەتکردنی خۆی.

جگە لەوە باسی سیاسەت باسی زانیارییە، واتە دەبێ دەرد و گرفتەکانی وڵات و چارەسەرەکان بزانی. بەرە تاکوو ئێستا راپۆرتێکی لەسەر کارنامەی شووراکانی شار بڵاو نەکردۆتەوە کە لەودا باسی ئەو کاریگەری و خزمەتگوزارییانە بکا کە ئەو شوورایانە پێشکەشیان کردوە. بە نیسبەت هەڵبژاردنیش تاکوو ئێستا بەرە نەیتوانیوە گۆتارێکی هاوبەش یان لانیکەم هەر دروشمێکی هاوبەش لە نێو کاندیداکانی دروست بکا. کاندیداکانی بەرە نیشانیان نەداوە کە دەرد و گرفتەکانی حەوزەی خۆیان دەزانن و کۆمەڵێک رێگەچارەشیان هەیە.

بەرە ئەگەر لە حەوزەیەکدا نوێنەریشی نەبێ، پێویستە هەڵبژاردن بە هێند بگرێ. مەسەلە تەنیا چەند نوێنەر نیە، مەسەلە گۆرینی شێوازی خەبات و ئەقڵانییەتی خەباتگێریی کوردیە. بەرەی یەکگرتووی کورد ئەگەر لە حەوزەیەکی هەڵبژاردنیشدا کاندیدی نەبێ، پێویستە لە سەر فەزای هەڵبژاردن و لە چوونی کاندیداکانی دیکە بۆ پارلمان کاریگەریی هەبێ. ئامانجی سەرەکی و ستراتژیکی بەرە پێویستە ئەوە بێ کە شێوازی خەبات و ئەقلانیەتی خەباتگێریی کورد بگۆڕێ و لە هەر فەزایەک بۆ هێنانەئارای داخواز و گرفتەکانی کۆمەڵگەی کورد کەڵک وەربگرێ.

**سەرچاوەکان**:

- صلاحیت ۳۹۷ نفر از داوطلبان انتخابات مجلس در آذربایجان غربی تایید شد، سایت خبرگزاری جمهوری اسلامی ایران
- آخرین وضعیت کاندیداهای مجلس دهم، خبرگزاری دانشجویان ایران

لە ژمارە ٦٧٢ی رۆژنامەی کوردستان دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٤ی جانێوێری ٢٠١٦

---------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

# هەڵبژاردن و کۆتایی سیاسەتی چاوەڕوانی

هەڵبژاردنی پارلمانی و خوبرەگانی ئێران کەمتر لە مانگێکی ماوە و فەزای سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەمجارە بە پێچەوانەی ڕابردوو نەک بەسەر سیاسەتی بایکۆت و دەنگدان، بەڵکوو بەسەر سیاسەتی چالاکبوون و بایکۆت کردندا دابەش بووە. سیاسەتی بایکۆتکردن، کارێکی ئاسانە چونکە دەکرێ چەند خاڵی نادێموکراتیک لە قانوونی بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی ریز بکرێ و دواتر هەر چەشنە هەڵبژاردنێک لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ئەو ڕێژیمەدا بە شانۆ و بێ سوود لەقەڵەم بدرێ. واتە حیزبێک دەکرێ پێش لەوەی شووڕای نیگابان کاندیدەکان ڕەت بکاتەوە و لیستی پاڵێوراوانی هەڵبژاردنی پارلمان دیار بێ، قانوونی بنەڕەتیی ئێران لە پێش چاوی خۆی دابنێ و بایکۆتی هەڵبژاردن بکا. بەڵام کەڵکوەرگرتن لە فەزای هەڵبژاردن بۆ چالاکترکردنی کوردستان، کارێکی دژوارە و پێویستیی بە بەدواداچوونی بەردەوام و ورد لە هەر حەوزەیەکی هەڵبژاردندا هەیە. لەگەڵ هەموو ئەو ڕەتکردنەوە بەربڵاوەی کە شووڕای نیگابان کردوویەتی، بە شێوەی نێونجی بۆ هەر کورسی‌یەکی پارلمانی ئێران، ١٥ کاندید هەیە. بۆ نموونە لە کرماشان ١٥ کەس کاندید و لە مەهاباد ١٦ کاندید هەن. هەبوونی زانیاری لەسەر هەر یەک لەو کاندیدایانە و دانی بەرچاوڕوونی بە دەنگدەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەک کارێکی دژوارە بەڵام لە لایەکی دیکە دروستترین کارە. حیزبێکی بەرپرسیار لەبەرامبەر خەڵکدا، ئەرکی ئەوەیە کە هەر هەوڵێک بدا بۆ ئەوەی زیاتر خزمەت بە خەڵک بکا. کاندیدەکانی هەر حەوزەیەک توانایی و دنیابینیی جیاوازیان هەیە و ئەرکی حیزبێک ئەوەیە بە زانیاری و بەڵگە، ڕوشنگەری لەسەر هەر یەک لەو کاندیدایانە بدا.

ڕەخنەیەکی دیکە کە لەو کەسانە دەگیرێ کە باس لە چالاکبوون لە فەزای هەڵبژاردندا دەکەن ئەوەیە کە دەیانەوێ ڕۆژهەڵات بکەن بە باکوور یان سیاسەتی بەباکووڕکردنی ڕۆژهەڵات ڕەچاو دەکەن. ئەگەر مەبەست لە "بە باکووڕکردنی ڕۆژهەڵات" ئەوەیە کە خەڵکی ڕۆژهەڵات لە شەقام ئامادە بێ و خەباتی جەماوەری و مەدەنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتینتر بێ، ئەوە شتێکی باش و دروستە. فێربوون لە ئەزموونی خەباتی نەتەوە و گرووپی دیکە نە شەرمە و نە تاوان. بەڵکوو کارێکی پێویستە. هەروەها کورد زۆربەی چەمک و پێناسە سیاسی‌یەکانی وەک حیزب، دێموکراسی و سۆسیالیزم لە نەتەوەکانی دیکە وەرگرتوون. کەوایە فێربوون لە خەباتی نەتەوە و گرووپی دیکە پێویستە وەک کارێکی ئاسایی و تەنانەت وەک بەشێک لە بەرۆژکردنەوەی سیاسی لەقەڵەم بدرێ. دیارە هەوڵدان بۆ کەڵکوەرگرتن لە هەڵبژارن بۆ چالاکترکردنی فەزای سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێ بە پێی تایبەتمەندی‌یەکانی ئەو پارچەیە بێ. ئەگەر لە کوردستانی باکوور، کوردەکان پاش ساڵانێک خەباتی جەماوەری و پارلمانی توانیان بەربەستی ١٠% تێپەڕێنن، لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتیش دەبێ بە ڕەتکردنەوەی بەشێک لە چالاکانی ناسروا، بە پشوودرێژی، بەرنامە و بوێریی سیاسی، دەنگی مافخوازیی کورد لە شەقامەکانی ڕۆژهەڵات و پارلمانی ئێران بەرز بکرێتەوە. لە چالاکترکردنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە کەڵک وەرگرتن لە دەرفەتی جۆراوجۆر وەک هەڵبژاردن نابێ ڕاوەستین بەڵام هاوکات دەبێ تایبەتمەندی‌یەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێرانیش لەبەرچاو بگرین.



سەرچاوە
Serchawe

بەشێک لە لایەنگرانی بایکۆتی هەڵبژاردن باس لە ئیعدامەکان دەکەن و دەڵێن خەڵکی کوردستان نابێ لە ژێر دەسەلاتی ڕێژیمێک کە ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ ناگرێ، بەشداری هەڵبژاردن بن. پشێلکردنی مافی مرۆڤ لە لایەن کۆماری ئیسلامی‌یەوە مەحکوومە بەڵام ئاخۆ بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی پێشوو بارودۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران و کوردستانی باشتر کردوە؟ ئاخۆ بە سیاسەتی بایکۆتو دوورەپەرێزی ڕەوشی مافی مرۆڤ و ژیانی خەڵک لە ئێران باشتر دەبێ؟ ساڵانێک سیاسەتی بایکۆتکردنی ڕێژیم هیچ قازانجێکی بە باشترکردنی ڕەوشی مافی مرۆڤ نەگەیاندوە و دەنگدەر دەبێ ڕەچاوکردنی مافی مرۆڤ و هاونیشتمانان وەک بەشێک لە ئەرکی نوێنەرانی پارلمان چاو لێبکا. کەمپەینێک بە هەوڵی کۆمەڵێک چالاکی سیاسی و مەدەنی لە سنە و بە ناوی کەمپەینی داخوازەکانی کوردستان دەستی پێکردوە و کۆمەلێک داخوازیی ڕووبەرووی پارلمانتارانی کورد کردۆتەوە. ئەو کەمپەینە پێویستە ڕەهەندی مەیدانیی بەرفراوانتر بەخۆیەوە بگرێ و لە هەر حەوزەیەک کۆمەڵێک داخوازی دیاریکراو ڕووبەرووی کاندیدەکان بکرێتەوە و ئەرکدار بکرێن. بەرنامەی هەر کاندیدایەک دەبێ دیار بێ و ڕێکخراوەکانی مەدەنی و خەڵک بەردەوام لێپرسینەوە لە پارلمانتارانی کورد بکەن بۆ ئەوەی ئەرکی خۆیان دەرهەق بە خەڵک بەڕێوە بەرن.

بە پێچەوانەی هەڵبژاردنی سەرکۆماری کە زۆرتر باسی گەورەی سیاسی وەک پێوەندی لەگەڵ ڕۆژئاوا و باسی ڕیفۆرمخوازی و ئوسوولگەرایی دێتە ئاراوە،هەڵبژاردنی پارلمانی ئێران تایبەتمەندیی لۆکاڵیی هەیە و تایبەتمەندیی تاکەکەسیی هەر کاندیدێک ڕۆلی گرینگ دەبینێ. واتە دەکرێ کاندیدێک لە شارێک دەنگ بێنێتەوە بە بێ ئەوەی سەر بە ڕەوتێکی سیاسیی تایبەت بێ و خەڵک تەنیا بە تایبەتمەندیی شەخسی و بەرنامەکانی ئەو دەنگ بدەن. لە شارەکانی کوردستان و بۆ هەڵبژاردنی پارلمانی، خەڵک کەمتر بە پێی ڕەوتێکی سیاسی-فیکری وەک بەرەی یەکگرتووی کورد یان ڕیفۆرمخوازی دەنگ دەدەن و ئەوەش هۆکارەکەی بۆ لاوازبوونی کاری سیاسی لە ئێران دەگەڕێتەوە. لە بارودۆخێکی لەو چەشنەدا، حیزبێکی بەپرسیار پێویستە پڕوپاگەندەی چەواشەکارانەی بەشێک لە کاندیداکان پووچەڵ بکاتەوە و ڕاگەیاندنەکەی لەسەر کاندیداکانی هەر حەوزەیەک ببێتە سەرچاوەی زانیاریبەخشین بە خەڵک.

**تێبینی**: زانیارییەکانی تایبەت بە حەوزەی بۆکان و کرماشان لە کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان وەرگیراون.

لە ژمارە ٦٧٣ی ڕۆژنامەی کوردستان دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٨ی فێبریوێری ٢٠١٦

--------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## قۆناغی دووەمی هەڵبژاردنی پارڵمانی ئێران

قۆناخی یەکەمی هەڵبژاردنی پارلمانی ئێران کۆتایی پێهات و بەپێی ئاکامەکانی قۆناخی یەکەم پارلمانی ئێران پارلمانێکی یەکدەست نیە - نە زۆرینەیەکی ڕیفورمخوازی هەیە و نە زۆرینەیەکی کۆنەپارێز. ڕیفورمخوان لە تاران سەرجەم کورسییەکانیان بەدەست هێنا و ئەمەش ئەوە دەردەخا کە توانای پارلمانتارانی ڕیفورمخواز لە کۆنەپارێزان زیاتر دەبێ. بۆ یەکەمجار کورد لە تاران کورسیی بەدەست هێنا و سێ کورد بەناوەکانی پەروانە مافی، فەریدە ئولاد قوباد و بێهرووز نێعمەتی لەسەر لیستی کوردەکانی تاران و لیستی ڕیفورمخوازان چوونە مەجلیس. کوردایەتیی ئەو سێ نوێنەرە تاکوو ئێستا خەست و بەرجەستە نەبووە، بەڵام کوردایەتی پرۆسەیە و کەس لەسەرەتای لەدایکبوونیەوە فێری کوردایەتی نەبووە. بە پێی سەرچاوە فەرمییەکانی ئێران زیاتر لە نیوەی خەڵک بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردن بوون، بەڵام گرینگ ئەوەیە چ کەسانێک دەنگیان هێناوەتەوە.

بە پێی ماڵپەری «مهر نیوز» لە ناوچەی شنۆ - نەغەدە، عەبدولکەریم حوسێنزادە زیاتر لە ٥٠%ی دەنگەکانی بەدەست هێناوە و بە ٦١٩٧٢ وەک نوێنەری ئەو حەوزەیە هەڵبژێراوە. خاڵی جێگەی سەرنج ئەوە بوو کە زیاتر لە ٨٠%ی خەڵک لە شاری شنۆ لە هەڵبژاردندا بەشدار بوون، بۆئەوەی لەو حەوزەیە نوێنەرێکی کورد بچێتە پارلمان. بەداخەوە کوردەکان لە شاری ورمێ لە دەوری یەکەمدا سەرکەوتوو نەبوون. نادر قاضی پور بە هێنانەوەی ٣٩%ی دەنگەکان چووە پارلمان و چارەنووسی دوو کورسیی دیکە لە قۆناخی دووهەمدا دیاری دەکرێ. لە چوار کاندیدا کە لە قۆناخی دووهەمدا لە ورمێ ململانێ دەکەن، دوو کەسیان بەناوەکانی حاکم ممکان و مەجید دودکانلوی میلان کوردن. هەرچەنە هەڵبژاردن لە کۆماری ئیسلامیدا پێوانەیەکی جێگەی متمانە نیە،چوونی دوو نوێنەری کورد لە شاری ورمێ بۆ باسکردن لە دێموگرافیی ئەو شارە گرنگیی تایبەتیی هەیە و شوێنەواری دەروونی، حقووقی، سیاسی و برۆکراتیکی ڕاستەوخۆ لەسەر دانیشتووانی کورد و تورکی ئەو شارە دادەنێ. شاری ورمێ لە سەرەتای دامەزرانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە سەرجەم ٢٨ نوێنەری بۆ ٩ خولی پارلمانی ئێران ناردوە کە لەو ٢٨ کەسە، تەنیا سێ نوێنەر کوردبوون و ٢٥ نوێنەری دیکە لە تورکەکان بوون. واتە ڕێژەی بەشداریی کوردی ورمێ لە پارلمانی ئێران لە سالی ١٣٥٧ەوە تاکوو ئێستا ١١% و بەشداریی تورکی ورمێ ٨٩% بووە. کورد پێویستە هەموو هەوڵی خۆی بدا تا لە قۆناخی دووەمدا نوێنەرانی کورد بنێرێتە مەجلیس و بۆ بەرەوپێشبردنی پێگەی کورد لەو شارە تێبکۆشێ.

لە قۆناخی یەکەمی هەڵبژاردنی دەورەی دەیەمی مەجلیسدا ٢٢١ کەس چوونە پارلمان و چارەنووسی ٦٩ کورسی لە قۆناخی دووەمی هەڵبژاردندا دیاری دەکرێ. چارەنووسی سێ کورسی لە پارێزگای ئیلام، چارەنووسی کورسیی مەریوان لە پارێزگای سنە،چارەنووسی دوو کورسیی ورمێ و لە پارێزگای کرماشان یش چارەنووسی سێ کورسی لە قۆناخی دووەم دیاری دەکرێ. کەوایە قۆناخی دووەم گرنگیی خۆی هەیە.



سەرچاوە
Serchawe

## دۆڕاوی گەورەی ئەو هەڵبژاردنە چ رەوتێک بوو؟

دەتوانین بڵێین بەرەی یەکگرتووی کورد دۆڕاوی سەرەکیی ئەو هەڵبژاردنە بوو. چونکە هەرچەند ئەو ڕێکخراوە لە نێوخۆی وڵات دامەزراوە و لە نێوخۆی وڵاتدایە، واتە مەیدانێکی واقیعی بۆ سیاسەتکردن لەبەر دەست دایە، نەیتوانی بەشێوەی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ کاریگەری لەسەر ئاکامەکانی ئەو هەڵبژاردنە دابنێ. بەرە لەو ساڵانەدا نەیتوانیوە بە شێوەیەکی بەربڵاو رۆخساری تازە و گرووپی کۆمەڵایەتیی تازە - بەتایبەتی ژنان و خەڵکی ئاکادێمیک - بێنێتە نێو فەزای سیاسەت. هەروەها بەرە لەئاست دانانی سیاسەتێکی جەماوەریدا کەمتەرخەم بووە و نەیتوانیوە ئەوەندە لەگەڵ دەرد و خەمەکانی خەڵک بێ کە بێتە سووژەی میدیایی، ئەو بەرەیە زیاتر لەسەر سایت و فەزای مەجازی دەرکەوتوە. بە واتایەکی دیکە سیاسەتی بەرە پێگەکی کۆمەڵایەتی و جەماوەریی بەهێزی نەبووە. دەبێ بەرە لەوە تێبگا کە خەباتی مەدەنی مانای هەزینەنەدان و نەوێربوون نیە. وێنەیەکی ئەحمەد تورک قەت لە یادم ناچێ، کاتێک لە ریزی پێشەوەی خۆپێشاندان لووتی پر ببوو لە خوێن. بەرە دەبێ لە ئەرزی واقعدا بێ و بوێرانە شەقامی کوردی بکاتە پشتوانەی سەرەکیی سیاسەتەکانی خۆی.لە لایەکی دیکە سیاسەت باسی زانیاری یە - واتە دەبێ دەرد و گیروگرفتەکانی وڵات و ڕێگە چارەسەرەکانیان بزانێ. بەرە تاکوو ئێستا راپۆرتێکی لەسەر کارنامەی شووراکانی شاری سەربە بەرە بڵاو نەکردۆتەوە کە لەودا باسی ئەو کاریگەری و خزمەتگوزاریيانە بکا کە ئەو شوورایانە پێشکەشیان کردوە. بە نیسبەت هەڵبژاردنیش تاکوو ئێستا بەرە نەیتوانیوە گۆتارێکی هاوبەش یان لانیکەم دروشمێکی هاوبەش لە نێو کاندیدەکانی دروست بکا. کاندیدەکانی بەرە، چ پێش ئەوەی شوورای نیگابان رەتیان بکاتەوە و چ دوای رەتکرانەوەیان،نەیانتوانی نیشان بدەن کە گیروگرفتەکانی حەوزەی هەڵبژاردنی خۆیان دەزانن و کۆمەڵێک ڕێگەچارەشیان هەیە. ئەگەر ئەو ڕێکخراوە پێداچوونەوەی بنەڕەتی بە بنەما فکری و سیاسیيەکانی خۆیدا نەکا، بۆ خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان دەبێ بە ئەزموونێکی سیاسیی دۆڕاو و بیرەوەرییەکی ناخۆشی سیاسی. ئەو ڕێکخراوە پێویستە لە پاوانی چەند کەسێکدا نەبێ و دروشمەکانی لە کۆمەڵێک داخوازی خزمەتگوزاری - ئابووریدا کورت نەبنەوە.

**سەرچاوەکان**:


- عبدالکریم حسین زاده نماینده مردم نقده و اشنویه در مجلس شد، خبرگزاری مهر
- ترکیب نمایندگان مجلس دهم: سهم اصولگرایان ٤٣ و اصلاح‌طلبان ٣٩ درصد، سایت خبری - تحلیلی پایش
- ورمێ و کوردایەتی، https://rebwarmahrufzadehblog.wordpress.com/
- نتایج دهمین دوره انتخابات مجلس به تفکیک گرایش سیاسی، سایت ایران جیب


لە ژمارە ٦٧٥ی رۆژنامەی کوردستان دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٠ی مارچی ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

## قۆناخی دووەمی هەڵبژاردن و ئەرکی پارلمانتارانی کورد

لە قۆناخی یەکەمی دەیەمین دەورەی هەڵبژاردنی مەجلیسی ئێراندا،٢٢١ کەس چوونە پارلمان و چارەنووسی ٦٩ کورسی لە قۆناخی دووەمی هەڵبژاردندا دیاری دەکرێ. چارەنووسی سێ کورسی لە پارێزگای ئیلام، چارەنووسی کورسیی مەریوان لە پارێزگای سنە، لە پارێزگای کرماشان-یش چارەنووسی سێ کورسی لە قۆناخی دووەمدا دیاری دەکرێ. کەوایە قۆناخی دووەمیش گرینگیی خۆی هەیە.

لە قۆناخی یەکەمدا ئەگەرچی زۆربەی کاندیدە ناسراوەکانی ڕیفۆرمخوازان لە لایەن شووڕای نیگابانەوە ڕەت کرابوونەوە، بەڵام ئەوان هەر بەردەوام بوون و توانیان لە زۆر ناوچەی هەڵبژاردن سەرکەوتنی بەرچاو بەدەست بینن. ڕەنگە دیارترین سەرکەوتنی ڕیفۆرمخوازان لە تاران بێ کە توانیان سەرجەم ٣٠ کورسیی ئەو شارە بۆخۆیان دەستەبەر بکەن. وانەیەک کە لەو ئەزموونەی ڕیفۆرمخوازان وەردەگیرێ ئەوەیە کە لە خەباتی سیاسی‌دا پێویستە لە لانیکەمی دەرفەتەکانیش کەڵک وەربگیرێ، چونکە زۆرجار سەرکەوتن بەرهەمی کۆمەڵێک هەنگاوی بچووکی ڕۆژانە و بەردەوامە. لە ناوچەی شنۆ ـ نەغەدەش کە ژمارەی کاندیدە تورکەکان زۆر زیاتر لە ژمارەی کاندیدە کوردەکان بوو، سێ کاندیدی کورد پێکەوە ڕێککەوتن و لە ئاکام دا عەبدولکەریم حوسێن‌زادە بە هێنانەوەی زیاتر لە ٥٠%ی دەنگان و ٦١٩٧٢ دەنگ بەسەر کاندیدەکانی دیکەدا سەرکەوت.

کەسی سیاسی نابێ بە لۆژیکی ڕەش و سپی سەیری سیاسەت بکا. لۆژیکی ڕەش و سپی ئەوەیە هەڵبژاردن لە ئێران بە تەواوەتی بە بابەتێکی فۆرمالیتە و شانۆ لە قەڵەم بدەی. پێویستە ڕوانینێکی واقعیتر بۆ هەڵبژاردن لە ئێران هەبێ کە لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵێک ئۆرگان و دامەزراوەی هەڵنەبژێراو وەک شووڕای نیگابان لەئارادا هەن، لە دیتنی کاریگەریی هەڵبژاردن لە سەر فەزای سیاسیی ئێران غافڵ نەبین. بۆ نموونە پێویستە لە دەرفەت و ئیمکاناتی دەوڵەتی و هەڵبژاردنەکانی شووڕا و پارلمان بۆ بەهێزکردنی بالانسی هێزی ئیداری، سیاسی و ئابووریی کورد لە ورمێ و بەرزکردنەوەی وشیاریی نەتەوایەتی لە نێو کوردانی ئەو دەوەرە کەڵک وەربگیرێ. لە دەوڵەتێک و سیستمێک دا کە لەسەر بناخەی جیاوازی‌دانان دامەزراوە، هەوڵ بدەین بالانسی هێز لە نێوان کورد و تورک لە ورمێ بە قازانجی کورد دەرکەوێ و کوردان بۆ ستاندنی مافی ڕەوای خۆیان لە بەشداری لە دام و دەزگای ئیداریی ئەو شارەدا هان بدەین. کوردەکان لە ورمێ پێویستە بۆ بوون بە شارەدار، فەرماندار، شووڕای شار، نوێنەری پارلمان، سەرۆکی زانکۆ و پارێزگار هەوڵ و خەبات بکەن. لە چوار کاندیدا کە لە قۆناخی دووهەمدا لە ورمێ ململانێ دەکەن، دوو کەسیان کوردن. ناردنی دوو نوێنەری کورد لە شاری ورمێ بۆ باسکردن لە دێموگرافی ئەو شارە گرنگیی تایبەتیی هەیە و شوێنەواری دەروونی، حقوقی، سیاسی و بیروکراتیکی ڕاستەوخۆ لەسەر دانیشتووانی کورد و تورکی ئەو شارە دادەنێ.

شاری ورمێ لە سەرەتای دامەزرانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە سەرجەم ٢٨ نوێنەری بۆ ٩ خولی پارلمانی ئێران ناردوە کە لەو ٢٨ کەسە، کورد تەنیا سێ نوێنەر و تورک ٢٥ نوێنەری هەبووە. لە قۆناخی یەکەمی هەڵبژاردنی پارلمانی خولی دەهەمیش تەنیا نادر قاضی پوور بە هێنانەوەی ٣٩%ی دەنگەکان چۆتە پارلمان و چارەنووسی دوو کورسیی دیکە لە قۆناخی دووەمی هەڵبژاردندا دیاری دەکرێ. واتە هەمیشە تورکەکان زۆرترین نوێنەریان لە شاری ورمێ بۆ پارلمانی ئێران ناردوە کە دەکرێ هەر ئەو بابەتە بۆ زۆرینەبوونی تورکەکان لە ورمێ بەکاربێنن. کورد پێویستە هەموو هەوڵی خۆی بدا کە لە قۆناخی دووەمدا نوێنەرانی کورد بنێرێ بۆ مەجلیس و بۆ بەرەوپێشبردنی پێگەی کورد لەو شارە هەوڵ بدا. بە ناردنی دوو نوێنەری کورد لە ورمێ، کۆماری ئیسلامی ناڕووخێ، بەڵام هەست و شوناسی کوردی لە شاری ورمێ بەهێزتر دەبێ. هەروەها زیاتربوونی نوێنەرانی کورد لە پارلمانی ئێران ئەگەری پێکهاتنی فراکسیۆنی نوێنەرانی کورد بەهێزتر دەکا.

## کەمپەینێک بۆ پێکهێنانی فراکسیۆنی نوێنەرانی کورد

دەکرێ لە پارێزگای ورمێ ٤ تا ٦ نوێنەر، لە پارێزگای کرماشان ٨ نوێنەر، لە پارێزگای سنە ٦ نوێنەر، لە پارێزگای ئیلام ٣ نوێنەری کورد هەبن. لە شاری تارانیش ٣ کورد دەنگیان هێناوەتەوە، کەواتە کوردەکان دەکرێ ٢٤ تا ٢٦ نوێنەریان هەبێ. ڕەنگە ئەو ژمارەیە زیاتریش بێ بەوەی نوێنەرانێک لە کوردەکانی خوراسان، هەمەدان یا لوڕستان هەبن. پێش بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن بە هەوڵی کۆمەڵێک چالاکی سیاسی و مەدەنی لە سنە، کەمپەینی داخوازەکانی کوردستان دەستی پێکرد و کۆمەڵێک داخوازیی ڕووبەڕووی پارلمانتارانی کورد کردەوە. ئەو کەمپەینە پێویستە ڕەهەندی مەیدانیی بەرفراوانتر بەخۆیەوە بگرێ و لە هەر حەوزەیەک کۆمەڵێک داخوازی دیاریکراو ڕووبەڕووی کاندیدەکان بکرێتەوە و ئەرکدار بکرێن. بەرنامەی هەر کاندیدایەک دەبێ دیار بێ و ڕێکخراوەکانی مەدەنی و خەڵک بەردەوام لێپرسینەوە لە پارلمانتارانی کورد بکەن بۆ ئەوەی ئەرکی خۆیان دەرهەق بە خەڵک بەڕێوە بەرن. ئێستا کاتی ئەوە هاتوە خەڵکی دەنگدەری کوردستان داوا لە نوێنەرانی کوردی هەڵبژێردراو بکەن کە بۆ پێکهاتنی فراکسیۆنی نوێنەرانی کورد لە پارلمانی ئێران هەوڵ بدەن. چالاکانی مەدەنی و سیاسیی کورد دەبێ لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە نوێنەرانی کورد بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکە نەتەوەیی و سیاسییەکانی خۆیان هان بدەن. ڕۆژنامەنووسان و میدیاکارانی کورد پێویستە چاوپێکەوتن لەگەڵ پارلمانتارانی هەڵبژێردراوی کورد بکەن و بابەتی پێکهاتنی فراکسیۆنی نوێنەرانی کورد لەگەڵ ئەو پارلمانتارانە باس بکەن. بەگشتی دەنگدەری کوردستان پاش کۆتاییهاتنی هەڵبژاردن پێویستە داواکاریی خۆی لە پێکهێناتنی فراکسیۆنی نوێنەرانی کورد کانالیزە بکا.

لە ژمارە ٦٧٦ی ڕۆژنامەی کوردستان دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٩ی مارچی ٢٠١٦

------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

# بێ ئاکامی بێنەملاونەولای بەڵگەنامەی ئاسۆی ٢٠ی ساڵەی ئێران

موختار نەقشبەندی

وەرگێڕان بۆ کوردی

ئەگەرچی ١١ ساڵ لە دەستپێکردنی پلانی ٢٠ ساڵە و یەکساڵ لە ڕاگەیاندنی پرۆگرامی گەشەی شەشەم تێدەپەری و هەموو نیشانە و بەڵگەکان دەرخەری ناسەرکەوتوویی ڕێژیمن لەگەیشتن بە ئامانجە کورتخایەن و درێژخایەنە ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی‌یەکانی ئەو پلانە، بەڵام ڕێبەرانی ڕێژیم هەروا جەخت لە سەرکەوتوویی ئەو پلانە و گەیشتن بە ئامانجەکانی دیاریکراو لە بەڵگەنامەی ئاسۆی ٢٠ ساڵە دەکەن. هۆکاری ڕوون بۆ سەرنەکەوتنی ئەو ستراتژییە ٢٠ ساڵەیەی ڕێژیم، بەرنامەی شەش ساڵەگەی گەشەی ئێرانە کە ساڵی ڕابردوو لە لایەن ڕێبەری کۆماری ئیسلامی درا بە پارڵمان و بە پێی ڕاپرتی هەواڵدەری ئیرنا ئێستا پارڵمان سەرقاڵی تاوتوێکردنی ئەو بەرنامەیە. ئەنجامدانی ٨٠ خاڵی ناو ئەو بەرنامەیە زۆر دژوار و ئەستەمە. بۆ نموونە لە خاڵی یەکەم ئاماژە بە گەیشتن بە گەشەی ئابووری ٨ لەسەد کراوە و لە خاڵی ٣٩ش ئاماژە بە کەمکردنەوەی گەندەڵی ئیداری و ئابووری و شەر لەدژی گەندەڵی کراوە. جێگای ئاماژەیە کە ڕێژیم بە هۆی نەبوونی ئازادی ڕادەربڕین و بەکەڵک وەرگرتن لە میدیا و هەندێک خەڵکی کارناسی خۆی و بەدانی ئامار و داتای ناراست هەوڵ دەدات پاساو بۆ گرفتەکانی وڵات بێنێتەوە و ئاسۆیەکی ڕوون لەبەرچاوی خەڵک وێنا بکات. ئەگەر خەڵک لە گەندەڵی و ناکارامەیی ڕێژیم بەتەواوەتی ئاگادار بن و دڵنیا بن لەوەی هیچ داهاتوویەکیان لە ئێران نیە، هیچ شتێک تەنانەت ترس لە کوژرانیش ناتوانێت پێش بە ڕوودانی شۆرشێکی جەماوەری بگرێت. لەو وتارەدا بە پشتبەستن بە هێندێک ئامار و داتا لە چەند سەرچاوەی بڕواپێکراو هەوڵ ئەدەم بەشێوەی گشتی ناسەرکەوتووی بەرنامەکانی گەشەپێدانی ڕێژیم بەتایبەتی ناسەرکەوتووی سەندی ئاسۆی ٢٠ ساڵەی ئێران باس بکەم.

١١ ساڵ لەمەوبەر مەجمەعی تەشخیسی مەسلەحەتی ڕێژیم بەرنامەیەکی ٢٠ ساڵەی بە دەستووری خامنەیی و بۆ گەیشتن بە کۆمەڵێک ئامانجی ئابووری، سیاسی، زانستی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی ئامادە کرد و بڕیاربوو لە چوارچێوەی چوار پلانی گەشەی پێنج ساڵە ئەنجام بدرێت. ئەو ئامانجانە بریتی بوون لە گەیشتنی ئێران بە پلەی یەکەمی ئابووری و زانستی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست، قەفقاز و ئاسیای ناوەراست، دابینکردنی هەلی کار و دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی ئەمن و تەندروست کە ئەمنیەتی خواردن و کۆمەڵایەتی هەبێت و کۆمەڵگەیەکی بە ئەخلاق بێ و ئیلهامدەری جیهانی ئیسلامی بێت. ئێستا کە ١١ ساڵ لە ڕاگەیاندنی ئەو بەرنامەیە تێدەپەرێت، ئامارەکان ناسەرکەوتوویی ئەو بەرنامەیە نیشان دەدەن. بە پێی ئاماری بانکی جیهانی، وڵاتی تورکیە بە هەبوونی بەرهەمهێنانی نێوخۆیی (GDP) زیاتر لە ٨٠٠ میلیارد دۆلار و عەرەبستان بە هەبوونی GDP زیاتر لە ٧٤٠ میلیارد دۆلار، ئابوورییەکی گەورەتریان لە ئابووری ئێران هەیە و تەنانەت داهاتی بەرهەمهێنانی نێوخۆیی زۆر وڵاتی ڕۆژهەڵاتی نێوەراست وەک کوەیت، قەتەر، ئیمارات، تورکیە، عەرەبستان و

ئیسرائیل لە ئێران زیاترە و گەشەی ئابووری ئەو وڵاتانەش لە ئێران زیاترە. ئێران تەنانەت ئەگەر گەشەی ٨ لەسەدیشی هەبێت ناتوانێ لە کاتی دیاریکراو پلەی یەکەمی ئابووری لە ڕۆژهەڵاتی نێوەراست هەبێت. هەروەها ناوەندی لێکۆڵینەوەکانی ئێران بەراوردی کردوە کە ئەگەر تا ٦ ساڵی دیکە ڕێژەی گەشەی ئێران ٥ لەسەد بێت، ڕێژەی بێکاران بە ٤ میلیۆن دەگات. بە پێی ناوەندی لێکۆڵینەوەکانی ئێران ڕێژەی گەشەی ئێران لە ساڵی ڕابردوو یەک لەسەد بووە. بەو پێیە ڕێژەی بێکاران لە ئێران هەروا زیاد دەبێت و نەهێشتنی بێکاری لە ئێران لەو ماوە دیاریکراوەدا کارێکی زۆر ئەستەمە. سازمانی بەهزیستی ئێران لە ساڵی ١٣٩١ ڕایگەیاند کە ٨٠٠ هەزار لە کەمی خواردن ڕەنج دەبەن و دوو ساڵ لەمەوبەریش وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی ئێران باسی لە ١٢ میلیۆن کەسی هەژار لە بواری خواردندا کرد. بە پێی ئەوەی کە ڕێژەی گەشەی هەڵاوسان لە دوو ساڵی ڕابردوو لە ڕێژەی گەشەی بەرهەمهێنانی نێوخۆیی زیاتر بووە، ڕێژەی هەژاری لە ئێران زیاتر بووە و ئەوەش دەرخەری ناسەرکەوتوویی بەرنامەکانی ڕێژیمە. کۆماری ئیسلامی لە حاڵێکدا دەیهەوێت ئێران بگەیەنێتە پلەی یەکەمی زانستی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەراست کە دوو ساڵ لەمەوبەر سەرۆکی ڕێکخراوی «سواد اموزی» ئێران ڕایگەیاند کە زیاتر لە ٩ میلیۆن نەخوێندەوار و ١١ میلیۆن کەمخوێندەوار لە ئێران هەیە. بە وتەی جێگری فەرهەنگی کۆمیتەی ئیمداد، ساڵانە ٤٣٠٠ قوتابی واز لە خوێندن دێنن کە ٨٠ لەسەدی بەهۆی هەژاری یە.

لە بەرنامەی ئاسۆی ٢٠ ساڵە ئێران وادانرابوو کە کۆمەڵگەی ئێران ببێ بە نموونە و مودێلێک بۆ وڵاتانی دیکەی ئیسلامی و تا ساڵی ١٤٠٤ ئێران ببێ بە یەکێک لەو وڵاتانەی کە تەناهی کۆمەڵایەتی و یاسایی هەیە و ڕێز لە کەرامەت و مافی مرۆڤەکان دەگرێت. ئێستا کە ساڵانێک لە ڕاگەیاندنی بەرنامەی ٢٠ ساڵە تێپەڕیوە، بە پێی ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی ئێران لە ریزی گەندەڵترین وڵاتانی جیهان دایە و لە نێوان ١٧٤ وڵاتدا پلەی ١٣٠ هەیە لەحاڵێکدا عەرەبستان پلەی ٤٨ و تورکیە ٦٦ و پاکستان لە ریزی ١١٧ دان. بەهۆی دەستێوەردانی دامەزراوە نیزامییەکان وەک سوپای پاسداران لە ئابووری و نەبوونی ڕاگەیاندنی ئازاد، نەتەنیا بنبڕکردنی گەندەڵی ناکرێک بەڵکوو ڕەنگە ڕێژیمیش تووشی ڕووخان بکات. کۆمپانیاکانی سوپای پاسداران نزیک ٤٠ لەسەدی ئابووری ئێران کۆنترۆڵ دەکەن. هەروەها بانکی جیهانی ساڵانە ئامارێک لەسەر گەشەی مرۆیی وڵاتان بڵاو دەکاتەوە کە بەپێی پێوەرەکانی بەرهەمهێنانی نێوخۆیی، پەروەردە، تەندروستی، ئازادی تاکەکەسی و... دەبێت. لە ریزبەندی ئەمساڵی بانکی جیهانیدا، ئێران پلەی ٦٩ هەیە لەحاڵێکدا عەرەبستان پلەی ٣٩، قەتەر پلەی ٣٢ و ئیسرائیل پلەی ١٨ هەیە. هەموو ئەو ئامارانە نیشان لە ناسەرکەوتوویی بەرنامەکانی گەشەندنی کۆماری ئیسلامین. هەڵبەت ئێران لە بواری ڕێژەی لەسێدارەدان پلەی دووەمی لە جیهاندا هەیە، ڕێژەی سووتان ٨ قاتی ڕێژەی نێونجی سووتان لە جیهان دایە و هەزاران پەروەندەی شەری سەر شەقام لە ئێران بوونی هەیە. ئێران نەتەنیا ناتونێک نموونەیە بۆ وڵاتانی دیکەی جیهان بێت، بەڵکوو پێویستی بە فێربوون لە وڵاتانی دیکە بۆ گەشەی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی هەیە.

بەپێی ئەو ئامارانە و بارودۆخی ئێران، ئامانجەکانی سەندی ئاسۆی ٢٠ ساڵە بە هیچ شێوەیەک بەدینایەت، بەڵام ئێران بە کەمکردنی دەستێوەردانی دامەزراوەکانی نیزامی وەک سوپای پاسداران لە ئابووری و شەر لەگەڵ گەندەڵی، بەڕێوەبردنی ماددەی ٤٤ی یاسای بنەڕەتی و پێکهێنانی پێوەندی دوستانە لەگەڵ وڵاتانی ناوچە و جیهان، دەستبەرداربوون لە درووشمەکانی دژە ئیسرائیل و دژایەتیکردنی ڕۆژئاوا، دەتوانێت بەستێنی ڕاکێشانی سەرمایەی دەرەکی بۆ ئێران دروست بکات



سەرچاوە
Serchawe

و رەنگە هیوا بە ژیانێکی باشتر و هەژاری کەمتر لە ئێران زیاتر بێت. هەرچەند ڕابردووی کۆماری ئیسلامی ئەوەمان پێدەلات کە چاوەروانی بوونی سیاسەتی دروست و دوستانە لەگەڵ ولاتانی ناوچە و جیهان لەو ریژیمە چاوەروانیەکی گونجاو نیە.

لە ژمارە ٦٧٧ی رۆژنامەی کوردستان دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٨ی ئەپریلی ٢٠١٦

-----------------------------------------

## روسیە و دیپلۆماسی گاز

وڵاتانی عەرەبی خاوەن نەوت لە ساڵی ١٩٧٣ هەناردەکردنی نەوتیان بۆ ئەمریکا ڕاگرت تا گۆشار بخەنە سەر ئەمریکا بۆ ئەوەی پشتگیری ئیسرائیل نەکات. خەڵکی ئەمریکا لەو گەمارۆیەی نەوت خەساری بەرکەوت بەڵام ئەمریکا کۆمەڵێک ریکاری گرتبەبەر تا بارودۆخێکی لەمچەشنە دووبارە نەبێتەوە. ئەمریکا هەوڵی دا برێکی بەرچاو نەوت پاشەکەوت بکات و هەروەها نەوت لە چەند وڵات هەناردە بکات ۆ ئەوەی هەناردەکردنی نەوت لە هەر یەک لەو وڵاتانە تووشی گرفت، خەسارەکەی بۆ ئەمریکا کەم بێتەوە. ئێستا وڵاتانی ئەندامی یەکیەتی ئوروپا گرفتێکی هاوشێوەیان لەگەڵ روسیە هەیە. لە مانگی بەفرانباری ساڵی ٢٠٠٦، روسیا هەناردەکردنی گازی بۆ وڵاتانی ئەندامی یەکیەتی ئوروپا ڕاگرت بەهۆی ئەو گرفتەی لەگەڵ ئۆکراین لەسەر نرخی هەناردەکردنی گاز هەیبووی. هەربۆیە گۆڤاری ئیکۆنۆمیست وێنەی ڤلادیمیر پوتین-ی لە بەرگەکەی چاپ کرد لەحالێکدا پوتین لە جیاتی چەک، پۆمپی گازی لەدەست گرتبوو. گاز چەکێکی گەورەیە لەبەردەست روسیە بۆ گۆشارخستنەسەر وڵاتانی کریاری گازی روسیا و بەتایبەتی وڵاتانی یەکیەتی ئوروپا کە پێویستیان بە گازی روسیا هەیە. روسیە لە سەردەمی یەکیەتی سوڤیەتیش گازی بە نرخێکی کەم بە ولاتانی دراوسێی کۆمۆنیستی دەفرۆشت بەڵام بە نرخێکی گرانتر بە ولاتانی بەرەی کاپیتالیستی دەفرۆشت. لەو وتارە جەخت لەسەر گرنگی گاز وەک چەکێکی سیاسی لە دیپلۆماسی روسیە دەکەم.

### داینامیکی ناوخۆیی پیشەسازی گاز لە روسیە

نزیک ٢٤ لەسەدی گازی جیهان لە خاکی روسیە دایە و روسیە گەورەترین وڵاتانی خاوەن گاز لە جیهان دایە. ئێران بە زیاتر لە ١٥ لەسەد و قەتەر بە ١٤ لەسەدی گازی جیهان پلەی دووەم و سێهەمیان لە ریزبەندی وڵاتانی خاوەن گاز لە جیهان دا هەیە. کۆمپانیای گازپرۆم گەورەترین کۆمپانیای وزەی روسیایە و ٧٢ لەسەدی سەرچاوەکانی گازی روسیە کۆنترۆل دەکات. خالی گرینگ ئەوەیە کە کۆمپانیای وزەی گازپرۆم ١٧٠,٧ هەزار کیلۆمیتر ریگای گواستنەوەی گاز کۆنترۆل دەکات و

تەنیا ئەو کۆمپانیایە دەتوانێ گازی روسیا هەناردە بکات. ئەگەرچی چەند کۆمپانیایەکی دیکە
http://www.kurdistanukurd.com/files/13295351_10208713507369469_81222550 9_n.jpg لە
دۆزینەوە، دەرهێنان و پاکردنەوەی گاز بەشدارن بەڵام تەنیا کۆمپانیای گازپرۆم مافی هەناردەکردنی گازی روسیای هەیە. گازپرۆم ٥٠ لەسەدی گازی بەرهەمهاتووی روسیە بۆ ناوخۆی روسیە تەرخان دەکات و ئەوی دیکەی بۆ زیاتر لە ٣٠ وڵاتی جیهان لەوانە دراوسێکانی روسیە و وڵاتانی ئەندامی یەکیەتی ئوروپا هەناردە دەکات. ڤلادیمیر پوتین لە ساڵی ١٩٩٩ بەسەر سیاسەتی روسیە زاڵ بووە و کۆنترۆلی زۆری بەسەر ئابووری روسیە و بەتایبەتی کۆمپانیای گازپرۆم هەیە. ئەو تایبەتمەندییە وادەکات برینی گاز خێراتر ئەنجام بدرێت و ئاسایشتی وزەی وڵاتانی بەکارهێنەری گازی روسیە کەمتر بێت. لە وڵاتێکی دێموکراتیک راگرتنی هەناردەکردنی گاز دژوارە و کاتێکی زۆر دەبات چونکە دەبێ پارلمان و کەسانێکی زۆر بریار بدەن بەلام لە روسیە پوتین و چەند ڕاوێژکاری دەتوانن خێرا بریاری ڕاگرتنی هەناردەکردنی گاز بۆ هەر یەک لە ولاتانی بەکارهێنەری گازی روسیە بدەن بۆ ئەوەی گۆشاری سیاسی بخەنەسەر.

گاز وەک سەرچاوەیەکی گاز چەند جیاوازییەکی لەگەڵ نەوت هەیە. نەوت کالایەکی جیهانییە واتە دەکرێ نەوت لە هەر شوێنێکی جیهان بۆ شوێنێکی دیکە هەناردە بکرێت، بەڵام گاز کالایەکی ناوچەیی یە واتە زۆربەی گاز لە رێگای وشکایی هەناردە دەکرێت. گاز دوو شێوازی بەرچاوی هەیە کە بریتین لە گازی وشک و گازی شل (مایع) ناسراو بە LNG. گۆرینی فۆرمی گاز لە گازی وشک بۆ گازی شل (مایع) پێویستی بە تەکنۆلۆژی پێشکەتوو هەیە و تێچوویەکی زۆرتر هەڵدەگرێت. لە هەناردەکردنی گاز نزیکی وشکایی زۆر گرینگە چونکە دروستکردنی بۆری گواستنەوەی گاز پێویستی بە سەرمایەی زۆر هەیە و زۆرجار پێنج تا دە ساڵ دەگرێت تا بۆرییەکی گواستنەوەی گاز دروست بکرێت.

## رۆلی گاز لە پێوەندی دیپلۆماسی روسیە و یەکیەتی ئوروپا

روسیە گەورەترین رووبەری وشکایی لە ناو ولاتانی جیهان دا هەیە. روسیە چواردە ولاتی دراوسێی هەیە کە بریتین لە ئازەربایجان، بلاروس، ئیستۆنیا، فینلاند، گورجستان، قەزاقستان، لیتوانی، لێتۆنی، مغولیستان، کوریای باکوور، نورویژ، لەهەستان و ئۆکراین. بەشێکی بەرچاوی گازی روسیا لە رێگای وشکایی ئۆکراین بۆ ولاتانی ئوروپا هەناردە دەکرێت. ولاتانی ئوروپا بۆ دابینکردنی ٥٣ لەسەدی وزەکەیان پشت بە سەرچاوەکانی وزەی روسیە دەبەستن. روسیە ٢٦ لەسەدی خەلووز، ٣٢ لەسەدی نەوت و ٣١ لەسەدی گازی ئوروپا دابین دەکات. بەشێک لە ولاتانی ئوروپا وەک فنلاند، لێتۆنی و مولداوی بە تەواوەتی واتە پشت بە گازی روسیە دەبەستن واتە ١٠٠ لەسەدی گازی پێویستیان لە ریگای روسیە دابین دەکەن. ولاتانی دیکەی ئوروپا بە رێژەیەکی کەمتر پشت بە گازی روسیە دەبەستن. بۆ نموونە لەهەستان بۆ نزیک ٨٠ لەسەدی گازی، ئالمان بۆ دابینکردنی نزیک ٣٥ لەسەدی و فەرانسە بۆ دابینکردنی نزیک ١٥ لەسەدی گازی پێویستی پشت بە هەناردەکردنی گاز لە روسیە دەبەستن.

روسیە لە ساڵی ٢٠٠٩ و ٢٠١٢ بۆ چەند رۆژێک هەناردەکردنی گازی بۆ ولاتانی ئوروپایی ڕاگرت. لە ساڵی ٢٠١٤ روسیە، کرایمیای کە بەشێک لە خاکی ئورکراین بوو جیاکردەوە بەڵام ولاتانی ئوروپایی بەهۆی بەستراوەیی بە گازی روسیە جگە لە



سەرچاوە
Serchawe

قسەکردنی نەیانتوانی کاردانەوەیەکی دیکە لەخۆیان نیشان بدەن. ولاتانی یەکیەتی ئوروپا لە ساڵی ٢٠١٢ بریاریاندا کە کار بکەن بۆ ئەوەی بەستراوەیان بە گازی روسیە کەم بکەن و سەرچاوەی وزەی دیکە پەیدا بکەن. ولاتانی دیکە خاوەن گاز وەک قەتەر و ئێران لە ناوچەیەکی قەیراناوی هەڵکەوتوون و پشتبەستن بە وزەی ئەو ولاتانە لە درێژخایەندا دژوارە. لە لایەکی دیکە ئەگەر تەنانەت ولاتانی یەکیەتی ئوروپاش بیانهەوێت گاز لە ئێران یا قەتەر هەناردە بکەن، ئەو کارە پێویستی بو دروستکردنی بۆری گواستنەوەی گاز هەیە کە بەلانیکەم چەند ساڵێک کات دەبا و پیویستی بە تەرخانکردنی سەرمایەی ماددی زۆر هەیە. روسیە ئەگەرچی دەتوانێت بە برینی گاز گۆشار بخاتە سەر ولاتانی ئوروپا بەڵام بەکردەوە روسیەش ناتوانێت ئەو کارە بۆ ماوەیەکی درێژخایەن ئەنجام بدات بەهۆی ئەوەی بەشێک لە داهاتی روسیە پشت بە هەناردەکردنی وزە بۆ ئوروپا دەبەستێ و روسیە نایهەوێت وڵاتانی ئوروپایی ناچار بە دیتنەوەی جێگرەوەیەک بۆ گاز و وزەی روسیە بکات.

**سەرچاوەکان**:


**Soltanov, Elnur. A Political Economy of Russian Foreign Policy: The Effects of the Natural Resource Sector and the Military Industrial Complex on Russia's Foreign Relations. .Saarbrücken: VDM, 2009. Print**

**Bahgat, Gawdat. "Russia's Oil and Gas Policy." OPEC Energy Review 34.3-4 (2010): 162-83. .Web**

**Monaghan, Andrew, and Vol. 7, No. 2, June 2007, Pp. 275–2. "Russia's Energy Diplomacy: A Political Idea Lacking a Strategy?" Vol. 7, No. 2, June 2007, Pp. 275–288 Russia's Energy Diplomacy: A Political Idea Lacking a Strategy? (n.d.): n. pag. Www.tandfonline.com. .Southeast European and Black Sea Studies, June-July 2007. Web**

**Boguszewski, Lucasz. "Russia's Energy Relationship with the Baltic States." Polish Navy, .2014. Web**

**Lough John. " Russia's Energy Diplomacy".Chatham House Organization. May 2011. PDF .Version. April 2016**


سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٦ی مای ٢٠١٦

------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## کەبوودوەند، فەرزادێکی دیکە

محەممەد سەدیق کەبوودوەند، سەرۆکی ڕێکخراوی بەرگری لە مافی مرۆڤی کوردستان لە هەشتی مانگی گولانەوە مانی لە خواردن گرتووە و بەو هۆیەوە بارودۆخی تەندروستی زۆر خراپە. کەبوودوەند داوای پێداچوونەوە بە بارودۆخی زیندان و هەلوەشاندنەوەی ئەو پەروەندە تازەیە دەکات کە لە دژیان کردۆتەوە. کەبوودوەند لە ساڵی ٢٠٠٧وە بە تاوانی تێکدانی ئاسایشی نەتەوەیی دەستگیر و زیاتر لە دە ساڵ زیندانی بەسەردا سەپا. ئەوە لەحالێکدابوو کە کاری کەبوودوەند تەنیا ڕۆژنامەگەری و گەیاندنی زانیاری لەبارەی پشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە. لەو وتارەدا جەخت لەسەر کاردانەوەی خەڵک لەمەر مانگرتنی کەبوودوەند دەکەم و هەوڵ دەدەم ولامی ئەو پرسیارە بدەمەوە کە بۆ مانگرتنی کەبوودوەند پاش ٩ ساڵ زیندانی، شەقامی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەدەنگ نایەنێت.

### کەسایەتی کەبوودوەند

ڕۆلی کەبوودوەند لە بە ڕێکخراوکردن و بەرفراوانترکردنی چالاکی مەدەنی و مافی مرۆڤ زۆر پربایەخ بووە. کەبوودوەند لە ڕێگای گۆڤاری "پەیام مردم"، دەنگی مافخوازی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بوێرانە و بەشێوەیەکی بەرفراوان بەرجەستە کردەوە. دامەزراندنی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٥ نەک هەر وەرچاخێک لە چالاکی مەدەنی کەبوودوەند بوو، بەڵکوو نوێنەرایەتی قۆناخێکی نوێ لە کاری مەدەنی و ڕێکخراوەیی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان دەکات. سەردەمانێک بوو کاری مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە چالاکی بێ کاریگەری و کاری خەڵکی کۆنەپارێز و نەوێر دەناسرا. بەڵام کەبوودوەند لەسەر مافی مرۆڤ لە ڕۆژهەلاتی کوردستان پەیوەندی بە بان کی مۆن، سەرۆکی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوەکانی نێودەوڵەتی مافی مرۆڤ وەک ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی گرت و هاووڵاتیانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی لەمەر مافەکانیان هوشیارتر کردەوە. کەبوودوەند لە چەند ساڵی ڕابردوودا، بە بۆنەی جیاواز پەیامی ئاراستەی خەڵکی کوردستان کردوە و نێوئاخنی زۆربەی پەیامەکانی بانگهێشت بۆ خەباتی ناتوندوتیژ، پاراستنی مافی مرۆڤ و بەڕێوەبردنی دێموکراسی بووە. کەبوودوەند لە ساڵی ٢٠١٢ دا بە نیسبەت تیرۆری دکتور قاسملوو پەیامێکی بڵاوکردەوە و تیرۆریزمی دەوڵەتی مەحکووم کرد. ئەو لە ساڵی ٢٠١٤ بە بۆنەی ٦٨ مین ساڵرۆژی کۆماری کوردستان، پەیامێکی بڵاو کردەوە و لە پەیامەکەیدا لە مافی خۆبەڕێوەبەری و سیستمی فێدراڵی وەک شێوازێک بۆ بەجێگەیاندنی مافی خەڵکی کوردستان و ئێران داکۆکی کرد. ئەو پەیامانەی کەبوودوەند لە لایەک پانتایی ئازادی ڕادەربرینی وەک مافێکی بنەرەتی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرفراوان کرد و لە لایەکی دیکە حیزب و چالاکانی سیاسی ڕۆژهەڵاتی لە سەر داکۆکردنی لە کەیسی کەبوودوەند یەکگرتوو کرد.

زیندان لە سیستمە دیکتاتۆرەکاندا بۆ ئەوەیە کەسانی بوێر و مرۆڤدوست تەسلیم و دەستەمۆ بکات و پێش بە بەردەوامی کاری خەباتکاران و ئازادیخوازان بگرێت. بەڵام لە چەند ساڵی ڕابردوو دوو زیندانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

بەشیوەیەکی زۆر تایبەت و لە ڕێگەی نووسین و نامەکانیان لە زیندانەوە توانیان فازێکی دیکە لە خەباتی نێو زیندان بێننە ئاراوە. فەرزادی کەمانگەر و محەممەد سەدیقی کەبوودوەند لەڕێگەی پەیام و نامەکانی زیندانیان توانیان لە بڵاوکردنەوە دەنگی ئازادیخوازی و مافخوازی خۆیان بەردەوام بن. کەمانگەر و کەبوودوەند توانیان ئەدەبیاتێکی زیندانی پتەو بەرهەم بێنن کە هەڵگری ڕەخنە، دیالۆگ، ئازادیخوازی و مرۆڤخوازیەکی بێ وێنە بووە.

کەمانگەر گیانی خۆی لە پێناو مافخوازی بەخت کرد و کەبوودوەندیش زیاتر لە ٩ ساڵە لە زیندان دایە. ئەو دوو کەسایەتیە کاریگەری گەورەیان لە سەر گۆڕینی ئەقلانیەتی شۆرشگێری تاکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە. وانەی ئەو دوو چالاکە بە چالاکانی سیاسی و مەدەنی لە ڕۆژهەڵات ئەوە بووە کە خەباتی مەدەنی مانای کۆنەپارێزی لە هەڵویست و کرداردا نیە و چالاکێکی مەدەنی پێویستە بوێرانە دەنگی مافخوازی و مرۆڤخوازی خۆی بەرز بکاتەوە و لەو پێناوەدا ئامادەی هەزینەدان بێت. داخستنی دوکان و بازار لە لایەن خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ دەربرینی نارەزایەتی لەهەمبەر لەسێدارەدانی فەرزاد و هاوڕێیانی نیشاندەری پێگەی جەماوەری فەرزاد لە نارەزایەتی لەهەمبەر لەسێدارەدانی فەرزاد و هاوڕێیانی و پێگەی جەماوەری فەرزاد لە نێو خەڵکی کوردستاندا بوو.

### پشتیوانی لە کەبوودوەندەکان

حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە مەجالی چالاکی ئاشکرایان نیە، بە دەرکردنی ڕاگەیەندراو و ئەنجامدانی کۆبوونەوە لە وڵاتانی دەرەوە هەوڵیان دا پشتگیری لە مانگرتن و داواکاری کەبودوەند بکەن. کاتێک فەرزادی کەمانگەر لە ساڵی ٢٠١٠ لەگەڵ چەند کەسێکی دیکە لەسێدارە درا، بەشێک لە پەرلەمانتاران و چالاکانی سیاسی نێوخۆ بە ئاشکرا و بوێرانە داکۆکایان لە کەمانگەر نەکرد و هۆکارەکەشیان بۆ ئەوە دەگەڕاندەوە کە گویا کەمانگەر بە چەکەوە گیراوە. کۆماری ئیسلامی هەوڵیداوە کەبوودوەند بە زۆر تاوان تۆمەتبار بکات، بەڵام هیچ گومانێک لە ناتوندوتیژبوون و مەدەنی بوونی خەباتی کەبوودوەند نیە. دیار نییە پارلمانتارانی کورد و ئەو چالاکانەی لایەنگری لە خەباتی مەدەنی و ئاشتیخوازانە دەکەن، بۆ پشتگیری لە کەبوودوەند ناکەن. ئەندامانی بەرەی یەکگرتووی کورد، پارلمانتارانی کورد و سەرجەم چالاکانی مەدەنی و سیاسی نێوخۆی وڵات پێویستە لە خەباتی مەدەنی کەبوودوەند ئەزموون وەرگرن و بە ئاشکرا و بوێرانە داکۆکی لە کەیسی کەبوودوەند بکەن. سەفەری ڕوحانی بۆ مەهاباد و پارێزگای ورمێ دەیتوانی دەرفەتێکی باش بێ بۆ چالاکانی سیاسی و مەدەنی تا پشتیوانی لە ئازادی کەبوودوەند بکەن.

ئەوەی شەقامی ڕۆژهەڵاتی کوردستان زیاتر بۆ مەرگی ڕێبەرانی سیاسی و مەدەنی دەهەژێت تا بۆ پشتگیری و داکۆکردن لەوان لە لایەک دەرخەری دیوی نەرێنی سایکۆلۆژی شۆڕشگێرانەی تاکی کوردە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە لایەکی دیکە دەرخەری گەشەنەکردنی مافخوازی و ئازادیخوازی لە نێو بەشێکی بەرچاو لە چالاکانی سیاسی و مەدەنی کوردستانی ڕۆژهەڵات دایە - چونکە مافخوازی دەبێ وامان لێبکات هەموو هەوڵمان بۆ پاراستن و ڕێزگرتن لە ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگە بێت نەک تەنیا بۆ مردنیان.

لە ژمارە ٦٨١ی ڕۆژنامەی کوردستان دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٩ی جوونی ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

# دەرفەت و مەترسی‌یەکان بۆ ئابووریی ئێران دوای لاچوونی گەمارۆکان

**رۆبێرت هۆرماتس**

**وەرگێڕان بۆ کوردی**

لە ١٦ی بەفرانباری ئەمساڵ، ئاژانسی وزەی ئەتۆمی رایگەیاند کە ئێران ئەو مەرجانەی بەرێوە بردوە کە لە رێکەوتنی ئەتۆمی ناسراو بە بەرجام باس کرابوو و بەم هۆیەوە گەمارۆی پێوەندیدار بە پرۆگرامی ئەتۆمیی ئێران کە لە لایەن ئەمریکا، یەکیەتیی ئوروپا و نەتەوە یەکگرتووەکان دانرابوو، لابردرا. لابردنی ئەو گەمارۆیانە کۆمەڵێک دەرفەتی بۆ سەرمایەگوزاری لە ئێران و بازرگانی لەگەڵ ئێران دروست کردووە.

گەشبینی‌یەکی زۆر لە ناو خەڵکی ئێران و بازرگانانی دەرەکی هەیە کە لاچوونی گەمارۆکان کێشە ئابوورییەکانی ئێران چارەسەر دەکا و کۆمەڵێک دەرفەتی سەرمایوگوزاری لە ئێران دەرەخسێنێ، بەڵام ئەو گەشبینی‌یە پێویستە واقعبینتر بکرێ بەوەی کە کۆمەڵێک گرفتی دارایی و ئابووریی ئێران بە شێوەیەکی بنەڕەتی چارەسەر بکرێن تا گەشەی ئابووریی ئێران گارانتی بکرێ. جێبەجێکردنی بەرجام بێگومان کۆمەڵێک دەرفەت بەڕووی ئابووریی ئێراندا دەکاتەوە کە لەوانە دەکرێ ئاماژە بە ئازادکردن و دەستڕاگەیشتنی ئێران بکرێ بەو سەرمایانە کە لە بانکەکانی دەرەوە بلۆک کرابوون و هەروەها ئێران دەتوانێ هەناردەی نەوتی زیاد بکا و رێژەی بازرگانی و سەرمایەگوزاری زیاد بکا. بەڵام بەردەوامی و بەرفراوانکردنی گەشەی ئابووریی ئێران تارادەیەکی زۆر پێوەندی بە بڕیار و ریسکی رێبەرانی کۆماری ئیسلامی‌یەوە هەیە کە هەنگاوی جیددی هەڵبگرن بۆ کۆمەڵێک چاکسازی لە ئابووریی ئێراندا، لەوانە زیاترکردنی شەفافیەت، بەهێزکردنی دامەزراوەکانی دارایی، بەستێن رەخساندن بۆ گەشەی کەرتی تایبەت و رێگەدان بە بەشداری هەموو خەڵکی ئێران لە دەرفەتەکانی ئابووریدا. رێبەرانی ئێران دەبێ بریار بدەن کە دەتوانن یا دەیانهەوێ تا چ ڕادەیەک لەدەستێوەردان و نفووزی ئاخوندەکان و نیزامییەکان لە ئابووریی ئێراندا کەم بکەنەوە. ڕێبەرانی ئێران هەروەها دەبێ بریار بدەن کە تا چ ڕادەیەک دەرگا بۆ سەرمایەگوزاری دەرەکی دەکەنەوە بەتایبەت ئەگەر ئەو سەرمایەگوزاریانەی خەسار بە بەرژەوەندی ئابووریی ئەوان بگەیەنێ و مۆنۆپۆلی سەرمایەگوزاری لە دەست وان بێنێتەدەر.

شێوازی چاکسازیی ئابووری و زیاتربوونی سەرمایەگوزاریی ولاتانی رۆژئاوا بەتایبەت ئەمریکا لە ئێران، کۆمەڵێک مشتومڕی لە نێو رێبەرانی کۆماری ئیسلامی ئێراندا دروست کردووە. عەلی خامنەیی، رێبەری ئێران، لە یەکێک لە خوتبەکانی رۆژی جومعە دژایەتی سەرمایەگوزاریی ئەمریکای لە ئێران کرد و وتی کە سەرمایەگوزاریی ئەمریکا، لەسەر سیستمی ئیسلامی ئێران هەرەشە دروست دەکا. ئەوە لە حالێکدایە کە حەسەن روحانی، سەرۆک کۆماری ئێران، لە کاتی سەردان بۆ نیۆیۆرک و قسەکردن لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەگەڵ کۆمەڵێک بازرگانی ئەمریکایی دانیشتووە و دڵنیای کردوونەوە کە

دەرگای سەرمایەگوزاری لە ئێران بەڕوویاندا دەکرێتەوە. بازرگانانی دەرەکی بەدەر لە ناڕوونی سیاسەتی ئێران لەهەمبەر سەرمایەگوزاریی دەرەکی دەبێ بریار بدەن لە چ بوارێکدا و لەگەڵ چ کەسانێکدا کار بکەن و چ ریسکگەلێک بکەن. ئێران کۆمەلێک دەرفەتی گەورە بەڕووی بازرگانانی دەرەکی دەکاتەوە بەهۆی ئەوەی هێزی مرۆیی خوێندەواری هەیە، ئابوورییەکی گەورە و سەرچاوەی وزەی زۆری هەیە. هەروەها بازرگانانی دەرەکی پێویستە لە باری کۆمەڵایەتی، سیاسی و مێژوویی لە ئێران تێبگەن بۆ ئەوەی کارکردنیان لە ئێران تووشی گرفت نەبێ و بە وردی ئاگاداری ئەو گەمارۆیانەی ئەمریکا بن کە لە دوای لاچوونی گەمارۆکانی پێوندیدار بە پرۆگرامی ئەتۆمی هەر بەردەوام دەبێ.

## ڕێنماییەکانی خەزانەداریی ئەمریکا لەمەڕ بازرگانی لەگەڵ ئێران

لە دوای جێبەجێکردنی ڕێکەوتنی ئەتۆمی، ئیدارەی خەزانەداریی ئەمریکا کۆمەڵێک ڕێنمایی بۆ بازرگانی لەگەڵ ئێران بڵاو کردەوە. بە پێی ئەو ڕێنماییانە ئیدارەی خەزانەداریی ئەمریکا زۆربەی گەمارۆکانی لابرد کە ڕێگەی بە بازرگانەکان و کۆمپانیاکان نەدەدا کە لە ئێران دا سەرمایەگوزاری بکەن و لەگەڵ ئێران بازرگانی بکەن. لەمەوبەدوا ئیدارەی خەزانەداریی ئەمریکا رێگە بە کۆمپانیاکان دەدا کە لەگەڵ بەشی دارایی، بانکی، وزە، پێترۆکیمیکال، کەشتیرانی و پیشەسازیی ماشێن کار بکەن. ئەمریکا ئەو گەمارۆیانەشی لابرد کە ریگای بە فرۆشتنی فرۆکەی گەشت و گوزار و پارچەکانی فرۆکەی گەشتوگوزار بۆ ئێران نەدەدا. ئەمریکا قەت گەمارۆی نەخستە سەر کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنەری خۆراک، دەرمان، کەلوپەلی مرۆڤدوستانە و هێندێک ئامرازی پێوەندیگرتن، بەڵام ئەو کۆمپانیانە بەهۆی گەمارۆ لەسەر سیستمی بانکی و ئالۆگۆڕی دۆلار، نەیاندەتوانی پووڵی فرۆشتنی بەرهەمەکانیان بە ئاسانی وەدەست بێنن. ڕێنمایی ئیدارەی خەزانەداری ئەمریکا ڕێگە بە دەستپێکردنەوەی هەناردەکردنیفەرش، خاویار و پستەی ئێران بۆ ئەمریکا دەدات. ئیدارەی خەزانەداریی ئەمریکا مۆڵەتی کارکردن بۆ ئەو کۆمپانیانە دەردەکا کە لە لایەن کۆمپانیا یا هاووڵاتیەکی ئەمریکی کۆنترۆل یا خاوەنداریتی دەکرێ بۆ ئەوەی کاری بازرگانی لە ئێران بکا بە مەرجێک لە چوارچێوەی ماددەکانی ڕێکەوتنی ئەتۆمی و یاساکانی ئەمریکادا بێ. ئیدارەی خەزانەداری ئەمریکا بە شێوەیەکی گشتی رێگای بە کۆمپانیا و بازرگانانی ئەمریکی داوە کە لقی کۆمپانیا بۆ بازرگانی لە ئێران بکەنەوە بەڵام ڕوون نیە کە بە کردەوە ئەو مولەتی کارکردنانە چۆن دەبێ و لقی ئەو کۆمپانیانە چەندە دەتوانن لە کۆمپانیای سەرەکی-ئەمریکی جیا و جیاواز بن. کۆمەلێک گەمارۆی ئابووریی ئەمریکا کە پێوەندیدارە بە بابەتی مافی مرۆڤ، تیرۆریزم و تاقیکردنەوەی مووشەکی باڵستیک هەروا بەردەوام دەبن و هیچ هاووڵاتی یا کۆمپانیایەکی ئەمریکی ناتوانێ لەگەڵ وڵات و حکوومەتی ئێران لەو بوارانەدا بازرگانی بکات. کۆمپانیا و هاووڵاتیانی ئەمریکا ناتوانن لەگەڵ ئەو کەسانە کاری بازرگانی بکەن کە لە لیستی رەشی ئەمریکا دان. کۆمەلێک لە هاووڵاتیانی ئێران بە هۆی پشێلکردنی مافی مرۆڤ، پشتیوانی لە گرووپگەلی تیرۆریستی و چالاکی سەربازیی لە دەرەوەی ئێران لە لیستی رەشی حکوومەتی ئەمریکا دان و هەرچەشنە بازرگانییەک لەگەڵ ئەو کەسانە قەدەغەیە. لە دوای جێبەجێکردنی ڕێکەوتنی ئەتۆمی ئێران، ئیدارەی خەزانەداری ئەمریکا ناوی زیاتر لە چوارسەد هاووڵاتی ئێرانی لە لیستی رەش دەرهێنا، بەڵام هەروا نزیک ٢٠٠ سەد ئێرانی لە لیستی رەشی حکومەتی ئەمریکادا ماون. بە پێی ڕینمایی خەزانەداری ئەمریکا، بانکەکانی ئەمریکا دەتوانن پووڵ لە ئێران وەربگرن یا بۆ ئێرانی بەرێ بکەن، بەڵام ئەو ئالۆگۆڕی دراوە ئەو کۆمپانیانە ناگرێتەوە کە لقی کۆمپانیایەکی ئەمریکین لە ئێران. بە واتایەکی دیکە کۆمپانیاکانی ئەمریکا کە بنکەیان لە ئەمریکا هەیە دەتوانن لە سیستمی بانکی



سەرچاوە
Serchawe

ئەمریکا کەڵک وەربگرن بۆ بازرگانی و سەرمایەگوزاری لە ئێران بەڵام لقەکانی ئەو کۆمپانیانە لە ئێران و دەرەوەی ئەمریکا بۆ بازرگانی لەگەڵ ئێران ناتوانن لە سیستمی بانکی ئەمریکا کەڵک وەربگرن.

### بارودۆخی ئێران بۆ سەرمایەگوزاری

لە لێکدانەوەی ئەگەری هاتنی سەرمایەی دەرەکی بۆ ئێران پێویستە ئەوە لەبەرچاو بگرین کە ئێران حەشیمەتێکی گەنج و خوێندەواری هەیە. نزیکەی ٦٦ لەسەدی حەشیمەتی ئێران تەمەنیان لە خوار ٣٥ ساڵ دایە. ڕێژەی خوێندەواری لە ئاستی ئێراندا زیاتر لە ٨٧ لەسەدە و بەشێکی بەرچاو لە خوێندکارانی ئێران لە بەشەکانی بیرکاری، تەکنۆلۆژی زانیاری، ئەندازیاری و پزیشکی زانکۆیان تەواو کردوە کە ئەو بابەتە کارئاسانی بۆ کۆمپانیاکانی دەرەکی دەکا کە هێزی کاری باش و هەرزان دەستەبەر بکەن. ژنانی ئێران نزیکەی ٧٠ لەسەدی قوتابیانی بەشەکانی زانست و ئەندازیاری ئێران پێکدێنن. زیاتر لە ٤٠ لەسەدی حەشیمەتی ئێران ئینتێرنێت بەکاردێنن و ئەوە ڕێژەیەکی زۆرە لەناو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست، بۆ نموونە تەنیا ١٠ لەسەدی حەشیمەتی عێراق بەکارهێنەری ئینتێرنێتن.

ئێران ئابوورییەکی فرەچەشن و گەورەی هەیە و بەم هۆیەوە سەرمایەگوزارانی دەرەکی مەجالی زۆریان هەیە بۆ سەرمایەگوزاری. سەرمایەگوزارانی دەرەکی دەتوانن لە بەشەکانی نەوت و گاز، پیشەسازیی پێترۆشیمی، پیشەسازیی بەرهەمهێنانی ماشێن و تەکنۆلۆژیی زانیاری چالاک بن.

### لاوازییەکانی ئابووریی ئێران بۆ ڕاکێشانی سەرمایەی دەرەکی

ئابووریی ئێران خاوەنی کۆمەڵێک یاسا و ڕێسای ئاڵۆزە و بەم هۆیە کارکردن بۆ سەرمایەگۆزارە دەرەکییەکان دژوارە. هەروەها نزیک ٢٠ لەسەدی حەشیمەتی ئێران کە دەتوانێ کار بکا، بێکارە و ڕێژەی هەڵاوسانی ئابووری زۆرە. ئابووریی ئێران بۆ هەبوونی گەشەیەکی بەردەوام پێویستی بە کۆمەڵێک چاکسازیی بنەڕەتی هەیە. بانکی جیهانی لە هەڵسەنگاندنی ١٨٩ وڵاتی جیهان بۆ ئاسانبوونی کاروباری بازرگانی، ئێرانی لە پلەی ١٣٠ داناوە. لە ئێراندا بازرگانان بۆ بەدەستهێنانی کارکردن لە پرۆژەکانی بنیاتسازی، مافی وەک یەک و دەفەتی وەک یەکیان نیە و ململانێیەکی یەکسان لە ئابووریی ئێراندا بوونی نییە. سوپای پاسداران و بونیادەکانی وەک بونیادی شەهید و بونیادی موستەزعەفین خاوەنی سەرمایە، چەندین کارخانە و کۆمپانیا و دەرفەتی سەرمایەگوزاریی بەرفراوان لە ئابووریی ئێران دان. بەروارد دەکرێ کە سۆپای پاسداران نزیک ١٢٥ هەزار کەسی لە هێزەکانی وشکایی، ئاسمانی و دەریایی ئێراندا هەبێ. گەمارۆکانی سەر ئێران مەیدانی بۆ بەرفراوانبوونی ڕۆلی سوپای پاسداران لە ئابووریی ئێراندا رەخساند و بەرتەسکردنەوەی ڕۆلی سۆپا لە ئابووریدا دژوارە. هەروەها یاساکانی ئێران بۆ کاروباری دارایی پێویستیان بە چاکسازی هەیە و بۆ گەشەی کەرتی تایبەت، پێویستە ڕۆلی دەوڵەت لە بەکارهێنانی بودجە و سەرچاوەکانی وزە کەم بکرێتەوە.

بەگشتی ڕێکەوتنی ئەتۆمی ئێران کۆمەڵێک دەرفەت و مەترسی ڕووبەڕووی ئابووریی ئێران کردۆتەوە و دەوڵەت دەتوانێ لە



سەرچاوە
Serchawe

ئاراستە بەخشین بەو دەرفەت و مەترسیانەدا رۆلی گرینگ بگیرێت. تێبینی:

ئەو وەرگێرانە بەشێکە لە لێکۆنەوەی رۆبێرت هورماتس کە لە سایتی شووڕای ئاتلانتیک بڵاو کراوەتەوە. لینکی بابەتەکە:

(Atlantic Council)
http://www.atlanticcouncil.org/publications/issue-briefs/post-sanctions-economic-opportunities-and-risks-in-iran

لە ژمارە ٦٨٢ی رۆژنامەی کوردستان دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی جوونی ٢٠١٦

-------------------------------------------

## سیاسەتی نەوتی ئیران دەگاتە هەرێمی کوردستان

**بیژن خواجە پور**

**و: رێبوار مەعرووف زادە**

لە دوو دەیەی رابردوودا پێکبەستراوەیی لە بواری وزە یەکێک لە کوڵەکەکانی سیاسەتی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ناوچەکەدا بووە. لە سەرەتای پێکهاتنی تۆرێکی لولەی گاز لە نێوان ئێران و ئاسیای نێوەڕاست لە ساڵەکانی ١٩٩٠ بەملاوە، تا گەشەی گواستنەوەی بەرق لە رێگای ئێران، ئێران بەرەبەرە بۆتە گرینگترین ناوەندی گواستنەوەی وزە لە ناوچەکە. ئێران تەنیا هەوڵی نەداوە کە وزەی خۆی بۆ وڵاتانی دیکە هەناردە بکا، بەڵکوو هەوڵیداوە کە پێکبەستراوەیی ناوچەکە لە بواری وزە زیاتر بکا. لە دوایین پلاندا بڕیارە لولەیەکی گواستنەوەی نەوت لە هەرێمی کوردستان بۆ ئێران دروست بکرێ و نیشان دەدا کە ئێران وەک هابێکی وزە بۆ ناوچەکە کار دەکا.

بە پێی راپۆرتەکان ئێران و حکوومەتی هەرێمی کوردستان رێککەوتوون لە سەر دروستکردنی لولەیەکی هەناردەی نەوت لە هەرێمی کوردستان بۆ ئێران کە رۆژانە توانای هەناردەکردنی ٢٥٠ هەزار بۆشکە نەوتی هەبێ. ئەو لولە نەوتە لە کۆیەی سنجەق لە هەرێمی کوردستان دەست پێدەکا، لە سنوورەکانی پەرویز خان تێدەپەرێ و دەگاتە کرماشان کە لەوێدا نەوتی هەرێمی کوردستان بە سیستمی لولەی نەوتی ئێران پێوەند دەدرێ و رەنگە لە پاڵاوگەکانی نەوتی باکووری ئێران کەڵکی

لێوەربگیرێ.

بیرۆکەی دروستکردنی لولەی گواستنەوەی نەوت لە هەرێمی کوردستان بۆ پاڵاوگەکانی نەوت لە باکووری ئێران، لە ساڵی ٢٠١٤ پەیدا بوو کە حکوومەتی ناوەندی عێراق لە بەغدا ناردنی مووچەی بۆ هەرێمی کوردستان ڕاگرت بەهۆی فرۆشتنی نەوتی هەرێمی کوردستان لەڕێگەی بەندەری نەوتی جەیهان لە تورکیا. ناکۆکی نێوان بەغدا و ئانکارا لە سەر هەڵسوکەوتی حکوومەتی تورکیا دەرهەق بە داعش و هەروەها ئاڵۆزتربوونی ڕەوشی سوریا وایکرد کە کورد لە هەرێمی کوردستان بەشوێن ڕێگایەکی دیکەی گواستنەوەی نەوت بێ. بەڵام کۆماری ئیسلامی ئێران پێویستە بە شێوەیەک هەڵسوکەوت بکا کە ڕێککەوتن لەگەڵ هەرێمی کوردستان لە بواری وزە، نەبێتە هۆی ئەوەی بەغدا، هاوپەیمانێکی گرنگی ناوچەیی خۆی، لە دەست بدا. ئێران هەوڵ دەدا کە باڵانسێک لەنێوان تاران، بەغدا و هەولێر دروست بکا و بە وردی هەڵسەنگاندن بۆ ئەوە بکا کە چ گرووپگەلێک لە پرۆژەی گواستنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان-ئێران بەهرەمەند و چ لایەنگەلێک تووشی خەسار دەبن.

لە ڕوانگەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێکهێنانی ڕێگایەکی دیکەی گواستنەوەی وزە جگە لە خەتی لولەی جەیهانی تورکیا، لەمێژە وەک پێویستییەک لە قەڵەم دەدرێ. لەڕاستیدا لە دوو ساڵی ڕابردوو ڕێژەیەکی زۆرتر لە نەوتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگای تانکەرەکان بۆ ئێران نێردراوە. لەگەڵ ئەوەدا کە هەناردەکردنی زیاتری نەوتی هەرێمی  کوردستان بۆ ئێران، بیرۆکەی دامەزراندنی خەتی لولەی هەرێمی کوردستان-تارانی بەهێز کردوە، بەڵام پێوەندیداربوونی ئەو پرۆژەیە بە کۆمەڵێک ئەکتەری دەوڵەتی وەک ئێران، تورکیا، عێراق و کۆمەڵێک ئەکتەری نێودەوڵەتی وەک هەرێمی کوردستان و بازرگانانی نەوت، وێنەی پێکهاتنی خەتی لولەی هەرێمی کوردستان-ئێرانی ئاڵۆز کردوە.

بەغدا لە لایەک بە باشی دەزانێ کە لە ڕێگای پرۆژەی خەتی لولەی نەوتی هەرێمی کوردستان-ئێران بەستراوەیی هەرێمی کوردستان بە تورکیا کەمتر بێ، بەڵام دواجار دەرچوونی کۆنترۆلکردنی سەرچاوەی دارایی هەرێمی کوردستان لە دەست بەغدا وەک گرفتێک لەقەڵەم دەدا. هەولێر دەیهەوێ لە ڕێگەی خەتی لولەی هەرێمی کوردستان - ئێران، سەرچاوەیەکی دارایی سەربەخۆ لە حکومەتی ناوەندی عێراق دروست بکا. بە پێی قسەکانی نازم دەباغ، نوێنەری حکومەتی هەرێم لە تاران، بەغدا ڕەزامەندی لەسەر خەتی لولەی هەرێمی کوردستان-ئێران دەردەبڕێ بەو مەرجەی بەرهەمهێنانی نەوت لە کەرکوک بەشێک لەو پرۆژەیە بێ. جێگای ئاماژەیە ئێستا بەرهەمهێنانی نەوتی کەرکوک لە ڕێگای خەتی لولەی جەیهان دەفرۆشرێ.

ئێران بە پرۆژەی خەتی لولەی نەوتی هەرێمی کوردستان-ئێران بەستراوەیی وزە لە ناوچەکە  و بەستراوەیی وڵاتانی دیکە بە ئێران زیاتر دەکا  و هەروەها ئاستی کارامەیی پیشەسازی نەوتی ئێران لە بەرهەمهێنان و گواستنەوەی نەوت زیاد دەکا. زۆربەی نەوتی ئێران لە باشووری ئێران و پارێزگای خوزستان بەرهەمدێ، بەڵام زۆربەی ناوەندەکانی بەکارهێنەری نەوت و وزەی ئێران لە باکووری ئێران هەڵکەوتوون. نەوتی هەرێمی کوردستان دەتوانێ بۆ کرماشان، تەورێز و تاران بنێردرێ و پێویست نەکا کە نەوت لە باشووری ئێران بۆ ئەو ناوچانە بگواسترێتەوە. ئێران دەتوانێ نەوت لە هەرێمی کوردستان بکرێ و لە بەرامبەردا پووڵ بە هەولێر یا بەغدا بدا یا نەوتەکە لە ئێران پاک بکاتەوە و دیسان بە دانیشتوانی هەرێمی



سەرچاوە
Serchawe

کوردستان یا عێراقی بداتەوە. لە هەر دوو سناریۆدا ئێران قازانج دەکات بەهۆی دروستکردنی سیستمێکی کارامەتر بۆ بەکارهێنانی وزەی نەوت لە ئێران. ئەو پرۆژەیە دەتوانێت ئەنجامدانی پرۆژەکانی ژێربەنایی لە پارێزگای کوردستان زیاتر بکا و حکوومەتی ئێران بەجۆرێک هەوڵ بۆ گەشەی زیاتر ئەو پارێزگایە بدا و نارەزایەتیەکانی ئەو پارێزگایە کەم بکاتەوە.

ئەو بابەتە لە سایتی www.al-monitor.com بڵاو کراوەتەوە.

لینکی بابەتەکە:
http://www.al-monitor.com/pulse/originals/2016/06/iran-kurdistan-regional-government-pipeline-energy-deal.htm

لە ژمارە ٦٨٣ی ڕۆژنامەی کوردستان دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٤ی جوولای ٢٠١٦

----------------------------------

## پاش ساڵێک، روحانی هەروا ڕێککەوتنی ئەتۆمی بە خەڵکی ئێران دەفرۆشێ

**ئارەش کەرەمی**

(وەرگێڕان بۆ کوردی)

یەکساڵ پاش ڕێککەوتنی ئەتۆمیی نێوان ئێران و شەش وڵاتی زلهێزی جیهان و شەش مانگ پاش بەڕێوەبردنی ئەو ڕێککەوتنە، بەشێکی زۆر لە خەڵکی ئێران هەست بە قازانجە ئابوورییەکانی ئەو ڕێککەوتنە ناکەن. کەمتر لە یەکساڵ کات ماوە بۆ بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریی ئێران و بەرپرسانی کابینەی حەسەن روحانی لە ژێر گوشاردان بەهۆی ئەوەی هەروا خەریکن باسی قازانجە ئابووری یەکانی ڕێککەوتنی ئەتۆمی بۆ خەڵک دەکەن لەحاڵێکدا خەڵک خەریکە متمانەی بە ئەمریکا بۆ بەردەوامبوون لە پابەندبوون بەو ڕێککەوتنە لەدەست دەدا. ڕێککەوتنی ئەتۆمی گەورەترین دەستکەوتی کابینەی روحانی لە سیاسەتی دەرەوەدا بووە، بەڵام ئەو سەرکەوتنە لە سیاسەتی دەرەوەدا نەیتوانیوە ڕەزایەتێکی جەماوەریی بەرفراوان لەنێو خەڵکی ئێران بەتایبەتی لەنێو خەڵکی هەژاری ئێران دروست بکا.

ڕۆژی دووشەممە ٢١ی پووشپەر، عەباس عێراقچی جێگری وەزیری دەرەوەی ئێران و بەرپرسی چاوەدێری لە بەڕێوەچوونی

بەندەکانی ڕێککەوتنی ئەتۆمی لە دەرەوەی ئێران لەگەڵ تەلەڤیزیۆنی ئێران چاوپێکەوتنی کرد تا نوێترین زانیاری لەسەر ڕێککەوتنی ئەتۆمی بە خەڵکی ئێران بدات. بەشێک لە گەمارۆکانی ئەمریکا لەوانە گەمارۆی ئاڵوگۆڕی دۆلار هەروا لە سەر ئێران لا نەبراوە و یەکێک لە گرفتە سەرەکی‌یەکانی بەردەم سەرمایەگوزاریی دەرەکی لەنێو ئێران دایە. ئەمریکا هێندێک گەمارۆی خستۆتە سەر ئێران لەمەڕ بەکارهێنانی سیستمی بانکی ئەمریکا و، ئەو بابەتە وایکردوە ژمارەیەکی زۆر کۆمپانیا لە ئێران سەرمایەگوزاری نەکەن. عێراقچی لە وتووێژەکەی لەگەڵ تەلەڤیزیۆنی ئێران رایگەیاند کە گەمارۆکانی پێوەندیدار بە ئاڵوگۆڕی دراو و کەڵکوەرگرتن لە سیستمی بانکی ئەمریکا بۆ پێش لەو گەمارۆیانە دەگەڕێنەوە کە بەهۆی پرۆگرامی ئەتۆمی دانراون، هەر بۆیە دوای ڕێککەوتنی ئەتۆمیش لاناچن.

عێراقچی ئاماژەی بەوە کرد کە ئەگەرچی بانکی ناوەندیی ئێران بە تیمی دانۆستانکاری ئەتۆمی وتووە کە گەمارۆکانی ئەمریکا لە بواری سیستمی بانکی زۆر گرینگن و پێویستە نەمێنن، بەڵام ئەمریکا رازی نەبووە ئەو گەمارۆیانە لابەرێ. عێراقچی ئاماژەی بەوە کرد کە ئەگەر ئەمریکا ئەو گەمارۆیانەی لابردبا، داوای ئیمتیازی زیاتری لە ئێران دەکرد. عێراقچی وتویەتی دادگای ئەمریکا چەند حوکمی بۆ دەستبەسەرگرتنی دارای ئێران هەیە و هەربۆیە ئەوان بە باشتری دەزانن لە دەرەوەی سیستمی بانکی ئەمریکا بن.

بە وتەی عێراقچی بەهۆی ڕێککەوتنی ئەتۆمی ڕێژەی هەناردەکردنی نەوتی ئێران بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کردوە، بەڵام خەڵک دەبێ بۆ دیتنی باشتربوونی دۆخی ئابووری سەبریان هەبێ. عێراقچی وتی "ئابووری ئێران بە شەو و ڕۆژێک ناگەڕێتەوە سەر دۆخی پێشووی. کەس چاوەروانی ئەوە ناکا کە ڕێژەی فرۆشی نەوتی ئێران لە شەو و ڕۆژێکدا لە یەک میلیۆن بۆشکە نەوت بۆ دوو و نیو بۆشکە نەوت بەرز بکرێتەوە. کڕیارەکانی پێشووی نەوتی ئێران ڕۆیشتوون و فرۆشیاری دیکەیان پەیدا کردوە".

بە پێی قسەی عێراقچی ئێران ئێستا ڕۆژانە دوو میلیۆن بۆشکە نەوت دەفرۆشێ کە ٥٠٠ هەزار بۆشکە کەمترە لەو ڕێژەیەی پێش لە گەمارۆکان دەیفرۆشت. عێراقچی باشتربوونی دۆخی ئابووریی ئێران دوای ڕێککەوتنی ئەتۆمی بە بنیاتنانەوەی ئێران دوای شەری ئێران-عێراق شوبهاند کە کاتێکی زۆری خایاند.

وتووێژی عێراقچی نەیتوانی قەناعەت بە هەموو نارازیانی ڕێککەوتنی ئەتۆمی بێنێ. سایتی ڕەجانیوزی سەر بە کۆنەپارێزان، چاوپێکەوتنی عێراقچی بە هەفتا و پێنج خوڵەک پاساوهێنانەوەی دووبارە و بێزارکەر ناوزەد کرد. فواد ئیزەدی، شرۆڤەکاری سیاسی سەر بە بەرەی کۆنەپارێزان ڕەخنەی لەوە گرت کە تیمی دانۆستانکاری ئەتۆمی هەمان تیمە کە ئێستا چاوەدێری بەسەر بەڕێوەچوونی ڕێککەوتنی ئەتۆمی دەکا و شتێکی ئاساییە کە ئەوان هەوڵ بدەن پاساو بۆ کەموکوڕی‌یەکانی ئەو ڕێککەوتنە بێننەوە.

هەروەها سایتی فارسنیوز قسەکانی عێراقچی لەمەڕ لانەچوونی هەموو گەمارۆکانی ئەمریکا لەسەر ئێران بە ناڕاست و ناتەبا لەگەڵ قسەکانی پێشووی ڕیفۆرمخوازان لەقەڵەم دا بە هێنانەوەی قسەیەک لە روحانی کە ئاماژەی بەوە دەکا کە

دوای ڕێککەوتن هەموو گەمارۆکان لادەچن. بەشێک لە سایتەکانیش وتارێکی پێگەی ڕۆیتێرزیان کردبوو بە فارسی کە باسی لە هەوڵی نوێنەرانی کۆنگرەی ئەمریکا دەکرد کە دەرکردنی هێندێک یاسا هەوڵ دەدەن ئاراستەی ڕێککەوتنی ئەتۆمی ئێران-ئەمریکا بگۆڕن و گۆشاری زیاتر بخەنە سەر ئێران. لە مانگی ڕابردوو، کۆنگرەی ئەمریکا یاسایەکی پەسەند کرد کە بە پێی ئەو یاسایە گەمارۆی زیاتر دەخرێتە سەر ئێران ئەگەر ئەو وڵاتە پشتیوانی تیرۆریزم بکا و مافی مرۆڤ پشێل بکا. کۆنگرەی ئەمریکا لە یاسایەکی دیکەدا پێشی بەوە گرتووە کە ئێران بتوانێ ئاوی قورس کە لە ڕیاکتۆری ئەتۆمی بەکاردێ، بکرێ. هەروەها کۆنگرەی ئەمریکا ڕێگە بە ئێران نادا لە سیستمی بانکی و ئاڵوگۆری دراوی ئەمریکا کەڵک وەربگرێ.

تەنانەت عەلی ئەکبەریساڵحی، سەرۆکی ئاژانسی وزەی ئەتۆمی ئێران و بەرپرسیار لە بەڕێوەچوونی بەشی تەکنیکی ڕێککەوتنی ئەتۆمی بە ئاشکرا ڕەخنەی لەسەر گەمارۆکانی بواری سیستمی بانکی لەسەر ئێران گرتووە و لەگەڵ حەسەن ڕوحانی تووشی ناکۆکی بوون کە ئەو بابەتە مایەی خۆشحالی کۆنەپارێزان بوو.

ئەگەر پرۆسەی بەڕێوەبردنی ڕێککەوتنی ئەتۆمی بەخێرایی بەڕێوەناچێ و کۆنەپارێزان بە بەردەوامی ڕەخنە لە حکوومەت دەگرن، بەڵام میدیاکانی سەر بە ڕیفۆرمخوازان بە گەشبینی باسی یەکساڵەی ڕێککەوتنی ئەتۆمیان کرد. ڕۆژنامەی "اعتماد" لە وتارێکی ژمارەی ٣٥٧٢دا ڕەخنەگرانی نێوخۆیی ڕێکەوتنی ئەتۆمی بە شەڕخوازانی نێو ئەمریکا و ئیسرائیل شوبهاند و جەختی لەسەر هەڵسەنگاندنی واقعبینانەی ئەو ڕێککەوتنە کرد. ئەو وتارە ئاماژەی بەوەش کردوە کە کەس نەیوتووە کە ڕێککەوتنی ئەتۆمی پاشەکشە بە دوژمنانی ئێران لە هەموو بوارەکان دەکا و بەشێک لەو وڵاتانەی ڕێککەوتنی ئەتۆمییان لەگەڵ ئێران ئەنجام داوە دوژمنی ئێرانن و هەوڵ دەدەن لەمپەر لە هەمبەر سەرکەوتنی ئەو ڕێککەوتنە دروست بکەن. بە پێی ئەو وتارە دەستکەوتی گەورەی ڕێککەوتنی ئەتۆمی ئەوە بووە کە مافی ئێران بۆ پیتاندنی ئۆرانیۆم دانپێدانراوە و گەمارۆکانی تایبەت بە پرۆگرامی ئەتۆمی لابردران.

ئەو وتارە لە ٢٣ی پووشپەر لە سایتی www.al-monitor.com بڵاو کراوەتەوە.

لینکی بابەت:

http://www.al-monitor.com/pulse/originals/2016/07/iran-nuclear-deal-banking-sanctions-us-araghchi.html

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی جوولای ٢٠١٦

-----------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## بۆ ئێران لە کاتی ڕوودانی کوودتاکەی تورکیە بەخێرایی پشتگیری ئەردۆغانی کرد؟

نووسەر: سەعید جەعفەری

(وەرگێڕان بۆ کوردی)

ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆککۆماری تورکیە، تا ماوەیەک لەمەوپێش ڕەخنەگرێکی بەردەوامی سیاسەتەکانی ئێران لە ناوچەکە بوو. ئەو ڕەخنانە پڕڕەنگتر بوون بە تایبەت دوای ئەوەی سیاسەتی ئێران و تورکیە لە قەیرانی سوریادا جیاواز بوون. بەڵام ئاخۆ کوودتایەک لە تورکیە دەتوانێ پێوەندی تورکیا و ئێران بگۆڕێ؟

گومانێک لەوەدا نیە کە پێوەندییەکانی ئێران و تورکیە لە دوای هاتنەسەر دەسەڵاتی حەسەن ڕوحانی و گەڕانەوەی ئێران بۆ پێوەندی نێونەتەوەیی وەک ڕابردوو توندوتۆڵ نەبووە. ساردی پێوەندییەکانی ئێران و تورکیە لە چەند ساڵی ڕابردوو دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی ڕوانینی ئەو دوو وڵاتە بۆ داهاتووی گۆڕانکارییەکانی وڵاتانی عەرەبی کە وەک بەهاری عەرەبی ناوبانگی دەرکرد. زیادبوونی جیاوازیی ڕوانینی سیاسیی ئێران و تورکیە کاریگەری لەسەر پێوەندی ئابووری نێوان ئەو دوو وڵاتە داناوە. لە سێ ساڵی ڕابردوودا ڕێژەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان تورکیە و ئێران بە شێوەیەکی بەرچاو دابەزیوە. لە یازدە مانگی ساڵی ٢٠١٥ ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان تورکیە و ئێران بە بەراورد بە ساڵی ٢٠١٤، سی لەسەد دابەزی و بوو بە تەنیا ٩ میلیارد دۆلار. بەڵام ئاخۆ جیاوازیی ڕوانینی سیاسی بۆ داهاتووی گۆڕانکارییەکانی وڵاتانی عەرەبی و کەمبوونەوەی ڕێژەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان تورکیە و ئێران مانای ئەوەیە کە ئێران لەسەر لاچوونی ئەردۆغان لە ڕێگەی کوودتایەکی نیزامی خۆشحاڵ دەبوو؟

کاتێک لە ١٥ی پووشپەڕ کوودتای نیزامی لە تورکیە سەرنەکەوت، ئێران بە تایبەتی محەممەد جەواد زەریف، وەزیری دەرەوەی ئێران، لە یەکەمین وڵاتان بوون کە ئەو هەوڵانەیان مەحکووم کرد. بەڵام هۆکاری پشتگیری خێرای ئێران لە ئەردۆغان، لەگەڵ ئەوەدا کە لە ناوچەکەدا و بەتایبەتی سوریە ناکۆکیان هەیە، چییە؟

ئەگەرچی ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان تورکیە-ئێران لەو چەند ساڵەی دواییدا دابەزیوە بەڵام لە وێنەیەکی ئابووریی گەورەتر بە هاتنەسەر دەسەڵاتی ئەردۆغان و حیزبی داد و گەشەپێدان ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان ئەو دوو وڵاتە گەشەی بەرچاوی هەبووە بە بەراورد بە سەردەمی دەسەڵاتدارێتی پێش ئەردۆغان. تورکیە لە سەردەمی پێش ئەردۆغان کۆمەڵێک گرفتی جیددی ئابووری و سیاسی هەبوو کە بەستێنی ئەوە نەبوو تورکیا وەک شەرێکی بازرگانی گەورەی ئێران لەقەڵەم بدرێ.

ئەردۆغان ئەگەرچی هێندێک تایبەتمەندیی ئیسلامی سیاسیی نەجمەدین ئەربەکان و ئیسلامی ئیدئۆلۆژیکی فەتحوڵا گۆلەنی

تێکەڵکێش کردوە بەڵام توانیویەتی مۆدێکی تایبەتی حکوومەتداری بنیات بنێ. ئەو مۆدێلە وایکردوە تورکیە بەردەوام بێ لە هەوڵدان، بۆ ئەوەی ببێتە ئەندامی یەکیەتیی ئورووپا و هەروەها هەوڵ بۆ دروستکردنی پێوەندیەکی باش لەگەڵ وڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەڵات و وڵاتانی ئیسلامی ناوچەکە بدا. تەنانەت ئەردۆغان لە سەرەتا ددەسەڵاتداریێتی دەیویست پێوەندی زۆر پتەو لەگەڵ ئێران دابمەزرێنێ.

سەرکەوتنی کوودتای نیزامی تورکیە سێ کێشەی سەرەکی بۆ ئێران دروست دەکرد. یەکەم گرفت ئەوە بوو کە کوودتای نیزامی وڵاتێکی دراوسێی ئێران و ناوچەکانی کوردنشینی ئەو وڵاتەی ناسەقامگیر دەکرد. ناسەقامگیری ناوچە کوردنشینەکانی تورکیە ڕەنگە لە نێو سنوورەکانی ئێران ناسەقامگیری پێکهێنابا.

دووهەم هۆکار بۆ پشتگیری نەکردنی ئێران لە کوودتای نیزامی لە تورکیە ئەوەیە کە لە ڕوانگەی ئێران هیچ ئالتێرناتیوێکی سیاسیی باشتر لە حیزبی داد و گەشەپێدان بوونی نیە. فەتحوڵا گوولەن، ئەو کەسەی ئەردۆغان تاوانباری دەکا کە لە داڕێژەرانی کوودتاکەی تورکیایە، لە دژی ئێران، لە دژی شیعە و بە تایبەتی لە دژی شۆرشی ۱۳۵۷ ئێرانە. ئەگەر گوولەن بەڕاستی لە پشت کوودتاکە بێ، گرتنەدەستی دەسەڵاتی تورکیە لە لایەن ئێران لە بەرژەوەندی ئێراندا نیە. هەروەها ئەگەر کوودتاکە لە لایەن کۆمەڵێک ئەفسەری ئەرتەش ئەنجام درابێ، لە ڕابردوودا هەر کات ئەفسەرەکان بەسەر سیاسەتی تورکیەدا زاڵ بوونە، پێوەندی بازرگانی ئێران و تورکیە خراپتر بووە.

هۆکارێکی دیکە کە دەبێتە هۆی ئەوەی حیزبی داد و گەشەپێدان باشترین بژاردە بێ بۆ ئێران کاراکتێری حیزبە سیاسیەکانی دیکەی تورکیەیە. حیزبی CHP و MHP دوو حیزبی نەتەوەگەرای سیکۆلارن و حیزبی HDP حیزبێکی ئیتنیکیە. هیچ یەک لە حیزبە سیاسیەکانی تورکیە پێوەندیەکی باشتر لە حیزبی داد و گەشەپێدان لەگەڵ ئێران نەبووە.

هۆکارێکی دیکە کە دەتوانێ لە پشت پشتگیری ئێران لە ئەردۆغان و دژایەتی ڕوودانی کوودتا لە تورکیە بکا ئەوەیە کە پێش لە کوودتاکە بەخاتری کەوتنەخوارەوەی فرۆکەیەکی ڕووسیە لە سوریە داوای لێبووردنی کرد و ئەو بابەتە ئاماژەیەک بوو بۆ ئەوەی ڕەنگە سیاسەتی تورکیە لەهەمبەر قەیرانی سوریا بگۆڕێ و ئەوە بۆ ئێران زۆر گرنگە. هەرچەند ئێستا بەو پاکسازیەی ئەردۆغان لەنێو سوپادا دەستیپێکردوە ڕوون نیە کێ بەرپرسی جێبەجێکردنی ستراتیژی نیزامی تورکیە لە سوریە دەبێ. لە ۳٦۰ ژەنراڵی تورکیە، ۱۲۷ ژەنراڵی تورکیە بە تاوانی بەشداری لە کوودتاکە دەستگیر کراون و دوو ژەنراڵی دیکەش دەستیان لەکار کێشاوەتەوە.

سەعید لەیلاز، شرۆڤەکاری سیاسی و ئابووریی ئێران، جەختی کردەوە کە سەرنەکەوتنی کوودتا لە تورکیە باشترین بژاردە بۆ ئێران بووە چونکە لە ئەگەری سەرکەوتنی کوودتادا تورکیە ناسەقامگیر دەبوو و ناوچەکە هەرچی زیاتر ئاڵۆز و ناسەقامگیر دەبوو. لەیلاز ئاماژەی بەوەش کرد کە ئەردۆغان باشترین بژاردەیە بۆ ئێران و مێژووی پێوەندیەکانی ئەو دوو وڵاتە ئەوە دەردەخات هەرچەند دەکرێ سیاسەتی دەرەوەی تورکیە باشتر بێ و نیشانەکانی ئەو باشتربوونە دەرکەوتووە.



سەرچاوە Serchawe

ناسر هادیان، ماموستای پێوەندی نێودەوڵەتی زانکۆی تاران لەسەر بارودۆخی تورکیە بە ئەلمۆنیتەری ڕاگەیاند کە ئەگەرچی ئێران گرفتی لەگەڵ ئەردۆغان هەیە بەڵام سەرکەوتنی کوودتا بە قازانجی ئێران نەبوو. هادیان لەو بڕوایە دایە کە ئێستا بە لاوازبوونی ئەرتەشی تورکیە، پێگەی تورکیە لاواز بووە و بالانسێکی هێز و پێوەندییەکی باشتر لە نێوان ئێران و تورکیە دروست دەبێ.

ئەو وتارە هەشتی گەلاوێژی ساڵی ١٣٩٥ لە سایتی www.al-monitor.com بڵاو کراوەتەوە.

لینکی بابەت:

http://www.al-monitor.com/pulse/originals/2016/07/iran-turkey-coup-attempt-erdogan-rouhani.html

لە ژمارە ٦٨٥ی ڕۆژنامەی کوردستان دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٤ی ئاگۆستی ٢٠١٦

کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی

بەفرانباری ٢٧١٩ی کوردی - جانیوێری ٢٠٢٠ی زایینی






# سپاس و پێزانین

بۆ هاوڕێ ڕێبوار مەعرووف زادە بۆ نووسین و ئامادەکردنی  دیمانە و وتارەکان.

دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.

ڕەحمان نەقشی


